میرگەکانی باوەڕ

عبدالحمید البلالی

وەرگێڕانی: بەدریە عەزیز

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي
===========
www.iqra.ahlamontada.com

مێرگەکانی باوەڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

* ناوی کتێب: مێرگەکانی باوەڕ
* نووسینی: عبدالحمید البلالي
* وەرگێڕانی: بەدریە عەزیز قادر
* تیراژ : ١٠٠٠ دانە
* نۆبەی چاپ: یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٩٢٥)ی ساڵی(٢٠١٠)ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە
بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ARA Media Center
ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
هەنگاوێك بەرەو راگەیاندنێكی كوردیی ئیسلامیی هاوچەرخ

ناونیشان: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد

0770 358 7100
0750 106 9589
0748 013 4669

ara.m@hotmail.com

مێرگەکانی باوەڕ

نووسینی

الشيخ عبدالحميد البلالي

وەرگێڕانی

بەدریە عزیز قادر

چاپی یەکەم

١٤٣٢ ك - ٢٠١١ ز

پێشکەشە بە

* دایــك و بــاوکم کــە زۆر بــە پەرۆشــی و دڵســۆزییەوە پەروەردەیانکردم.

* هــەموو ئــەو دایــك و باوکانــەی بەخــەم ئاینــدەو قیامــەتی منداڵەکانیانەوەن و بە شێوازێکی ڕاست و دروست پـەروەردەیان دەکەن.

زۆرسوپاس بۆ:

١- هاوسەرو هاوکاری خۆشەویستم (مامۆستا نەوزاد).

٢- برای بەڕێز مامۆستا (ئیبراهیم بەرزنجی) کە دوای ئەوەی زۆر بەدوای دەقە عەرەبی‌یەکەی بەرگی یەکەمی (واحات الإیمان)دا گەڕام و نەبوو بەڵام لای ئەو دەستم کەوت و بۆی ناردم.

٣- برای بەڕێز مامۆستا (کاکە ڕەش سەید مینە) کە (دەقی وەرگێڕدراوە کوردیەکەی) بەرگی یەکەمی پەڕاوەکەی خوێندەوە و پیاچوونەوەیەکی تەواوی کردو سەرنج و پێشنیاری لەسەر خستنەڕوو، وتەیەکیشی لە لایەن خۆیەوە بۆ نووسی.

٤- برای بەڕێز مامۆستا (ئەحمەد سەید مەحمود) کە پیاچوونەوەیەکی وردی بەرگی دووەمی پەڕاوەکەی کردو بەڕاستی زۆر خۆی بۆ ماندووکرد و سەرنج و پێشنیاری تەواوی لەسەر خستەڕوو.

٥- هەموو ئەوانەی تەنانەت بەوشەیەکیش یارمەتیدەرم بوون و لێرەدا ناویان نەهاتووە.

دووبارە زۆر سوپاسیان دەکەم، خوای میهرەبان پاداشتیان بداتەوە و نموونەیان زیاد بکات.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحَمد لله ثمَ الحَمد لله و الصلاة و السَلام على رَسول الله وَمَن والاه....

سوپاس و ستایش بۆ خوای بالاّ دەستی پەروەردگاری جیهانیان و لێزمە بارانی درووود و ڕەحمەت بۆ سەرگیانی پێغەمبەری پێشەوای مۆرڤایەتی و هاوەڵ و شوێن کەوتووانی...... .

نیعمەت و چاکە و بەخششەکانی خوای گەورە لە ژمارە نایەن ﴿ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ ﴾[1]، واتە: (ئەگەر بتانەوێ نیعمەتەکانی خوا بژمێرن ئەوا بۆتان لە ژمارە نایەن...) ژیان و تەمەنمان و یەکە یەکەی سات و کاتەکانمان لەش ساغی و هەبوونمان تافی لاوێو دەست بەتاڵیمان، زەوی و ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان، کانیو ڕووبارو کەژو کێوو دەشت و بیابان، ئاوو هەواو گیانەوەرو ڕووەکەکان و هەرچی لە دەورو پشتمان هەیە نیعمەت و بەخششی خولقێنەری گەورەمانن و پاڵپشت و یارمەتیدەری درێژەپێدانی کاروانی ژیانمانن، یەکێکی دی لەو بەخششە مەزنانە ئیمان و باوەڕە کە خوای گەورە لەڕێگەی پەیامی پاك و پیرۆزی خۆیەوە بە نێرراوانیدا بۆی ناردووین و، هۆش و بیری ساغ کە ئەویش لە نیعمەتە هەرە مەزنەکانی خوایە وەری دەگرێ و خاوەنەکەی خۆی پێ دەڕازێنێتەوە......

بەڵێ، ئیمان و باوەڕ بنەمای دینەو سەرجەم پەرستشەکان (شایەتمان و نوێژو ڕۆژوو و، زەکات و حەج) وتەو کردەوەو هەڵوێستەکان زادەو لق و پۆپ و بەروبوومی درەختی ئیمان و باوەڕن....

ئیمان و باوەڕ مرۆڤ لەناخەوە دەگۆڕن دووبارە ژیانێکی تازەی پێ دەبەخشنەوەو دەیکەنە مرۆڤێکی زۆر جیا لەوەی جاران هەبوو...

١- إبراهيم: ٣٤.

ئەوەتا باوەڕ (عومەری کوڕی خەطاب – ڕەزای خوای لێبێ) لەکەسایەتی‌یەکی توندو تیژو ئازاردەرەوە دەگۆڕێ بۆ عومەرێك کە دوای باوەڕهێنانی لەسایەی کارو کردەوە جوان و بەجێکانییەوە سیفەتی دادپەروەری پێوە لکاوەو بەعومەری دادپەروەر ناودەبرێت و هێندە لە خەم دەورو بەرو ژێردەستەکانیدا بووەو ترسی خواو ڕۆژی دوایی لە دڵدا بەئەندازەیەك بووە کە لەیەکێك لە وتە بەنرخەکانی‌دا دەڵێت: ئەگەر ئێسترێك لە عێراق سەرسمێك بدات، دەترسم لە ڕۆژی دوایی دا لەسەر ئەوە لێپرسینەوەم لەگەڵدا بکرێت کە بۆچی ڕێگاکەم بۆ خۆش نەکردووە..

بەڵێ، پێغەمبەرﷺ هاوەڵانی لە سایەی ئیمان و باوەڕەوە بوو بەخوای پەروەردگار کە پشتیوانی هەرەمەزنەو هەروەها ئیمان و باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی کە مرۆڤ پاداشتی هەموو چاکەو خراپەکانی تێدا وەردەگرێتەوە دەبێ کردارو گوفتارەکان مۆری نیەت ساغی و دڵسۆزی بۆ خوای گەورەیان پێوەبێت تا لای ئەو وەربگیرێن، ئەوانە توانیان مرۆڤایەتی لە تاریکستانی نەفامی ڕزگار بکەن. بەڵێ، ئەو باوەڕو نیەتە پاکە بوو ئەوانی گۆڕی و ئەوانیش توانیان گەورەترین گۆڕانکاری لە ڕێگەی پەیامی خوایی‌یەوە لەماوەی تەنها چارەکەسەدەیەك دا لە جیهاندا بەرپا بکەن.

لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا کە ژەنگی ماددە پەرستی لەسەر دڵەکان نیشتووەو تەمومژی خۆ پەرستی بەرچاوی خەڵکی گرتووەو لاوازی ڕووی لە بیرو باوەڕی زۆریان کردووە، ئەرکێکی دینی و مرۆڤایەتی و نەتەوەیی یە کە هیممەتێك بکرێت بۆ بووژاندنەوەی درەختی سیس بووی بەها ڕۆحی‌یەکان و ئەو تەرازووەی کە بەلای بەها مادییەکاندا لاسەنگ بووە ڕاست بکرێتەوە کەدیارە ئەوە دەستەبەری کۆمەڵگایەکی پاك دەکات و لەبەرژەوەندی گەل و وڵاتدایە....

پەڕاوی(واحات الإیمان) کە لەنووسینی (عبد الحمید البلالي)یەو بۆ بەهێزکردنی لایەنی باوەڕ بەخواو بەڕۆژی دوایی‌و بەخۆدا چوونەوەی مرۆڤەکان بەمەبەستی دوورە پەرێزی لەتاوان و بێ فەرمانی خواو بۆ خۆڕازاندنەوە بەپۆشاکی تەقواو پارێزکاری نوسراوە، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی‌و پڕکردنەوەی

کەلێنێکی گەورەی کتێبخانەی کوردیو ڕاژەو خزمەتێکی بەرچاوە بەکۆمەڵگای کوردەواریمان.

لەکۆتاییدا داوای پاداشت لەخوای گەورە دەکەم بۆ نوسەرو دەست خۆشی لەوەرگێڕ دەکەم و هیوادارم درێژە بەو پرۆژە بەسوودە بدات و لەداهاتوودا بەکاری بەسوودتریش هەستێ بەرامبەر بەهاوزمانەکەمان.

کاکە ڕەش سەید مینە

پێشەکی وەرگێڕ

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان، درودی خوا بڕژێتە سەر گیانی پاکی پێغەمبەر محمد ﷺ، سوپاس بۆ ئەو خوایە کە بەهرەو بەخشش و نیعمەتەکانی ئەوەندە زۆرن هەژمار ناکرێن، زمانیش یەکێکە لەو بەهرەو بەخششانەی خودا بۆ بەندەکانیو سەدەها جۆرو لەهجەو شێوازی جۆراوجۆری هەیەو بەگوێرەی شوێن و سەردەم دەگۆڕێت ئەوەش لە ڕەحمەتی خوایە هەروەکو (جل جلاله) دەفەرموێت:

﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّلْعَـٰلِمِينَ ﴾[1]، واتە: (یەکێکی تر لە نیشانەو بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوییە (کە زاناکانی ئەستێرەناسی لەئاستیدا سەرسام و سەرگەردانن) و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە، ڕەنگی هیچ کەس لە کەسی تر ناکات، سەرەڕای سەدەها جۆر زمان، کە جۆری قسەکردن و داڕشتنی هەر گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لەهەزاران شێواز کە لەوزمانە سەرەکیانە دەبێتەوە، بەڕاستی لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ زانایان و شارەزایان).

کەواتە زمان بەڵگەو ئایەتێکی خودایە لەسەر بەشەریەت و یەکێکە لەبنەماکانی نەتەوە و تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە بەهۆیەوە لەدروستکراوانی تر جیادەبێتەوەو دەتوانێ لە ڕێگەی زمانەکەیەوە هەست و نەست و بیرو بۆچوون و تەعبیرەکانی بخاتە ڕوو چ بەگوفتارو چ بەنووسین، نووسینیش کارێکی پیرۆزە ئەوەتا خوای پەروەردگار سوێندی پێ دەخوات و دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ ﴾[2]، واتە: (سوێند بەپێنوس و ئەوەی کە دەینوسن) ئەوەش نیشانەی نرخی زانست و خوێندنە لای خوای گەورە.

١- الروم: ٢٢.

٢- القلم: ١.

نووسین عیبارەتە لە ڕاو سەرنج و بۆچوون و هێماو بەهاو بیروباوەڕو زانست و زانیاری نوسەر یان کۆمەڵگە، کەوابوو نوسەر بەرپرسە لە نوسینەکانی، چونکە زۆرجار خوێنەر بەجۆرێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکەی کە ئاراستەی دەکات و ڕاو بیرو بۆچوونی دەگۆڕدرێت. هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ نووسین وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر وەرگێڕ وەکو (سپاردەیەك) مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و ئاگاداری تام و چێژو ئەدەبیات و ئاراستەی نوسینەکە دەبێت تا بەڵکو هەم چاکەیەك پێشکەش بە نووسەرەکە بکات و هەم چاکەیەك لەگەڵ خۆی و نەتەوەکەیدا بکات و خزمەتێك بە زمانەکەی خۆی بکات کەخودا وەکو بەهرەو نیعمەتێك پێی بەخشیوە.

هیوادارم بە پشتیوانی خوا ئەم وەرگێڕانە بەم نیەت و شێوەیەبێت و لای خودا وەرگیراوبێت، وە مشتێ بێ بۆسەر خەرواری خەرمانی زمانی شیرینی کوردی و، کوردزمانان سوودی لێ ببینن.

وەرگێڕ

بەدریە عەزیز قادر

پێشەکی نووسەر

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان دروودو سەلام برژێتە سەر گیانی پاکی پایە بەرزترینی پێغەمبەران —سەلامی خوایان لێ بێ— (موحەممەدﷺ) ئەو پێغەمبەرەی نێردراوە بۆ پاککردنەوەی دەروونەکان لەژەنگ و ژاری نەزانیو نەفامیو تاریکیو دووبارە بیناکردنەوەی ئەودڵ و سینە وێرانانەی جاڵجاڵۆکەی گومرایی هێلانەی تێداکردوون و لەرو لاوازیکردوون، تا ڕووناکیان بکاتەوە بە نووری ئیسلام و، لە ژێر باری کەڵەکەبووی پوچ و بەتاڵ دەریان بهێنێ و رزگاریان بکات، مرۆڤەکان پەروەردە بوون و توانیان لە سەرپێی خۆیان ڕاوەستن و پاکیەتیان بۆ بگەڕێتەوەو خۆشیو خۆشگوزەرانی دەروونەکان بگرێتەوە، ئەوەی نەیان دەزانی فێری بوون و کاریان بەو زانستە کرد کە فێری کرابوون و فێری گەلانێکیان کرد کە نەیان دەزانیو بوون بەگەورەو سەرکردەی ڕۆژگارو سەردەمانێك، دواتر کەسانێك هاتوون کە دنیا بەرچاوی گرتوون لە ئاستی بینینی ڕۆژی دواییو کارکردن و هەوڵدان بۆی کوێری کردوون، دڵەکانیان ڕەق بووە وەك بەرد بەڵکو لە بەردیش ڕەقتر، ئەو خۆشەویستیو بەبیابانکردنە ماددیەیەی هێرش دەکاتە سەر هەموو چێنراوو سەوزاییەك و پەلاماری دەدات، گەیشتۆتە هەموو ماڵێکی بەرزو دای پۆشیون. زۆر بەخێرایی کەپری وێرانەو چۆڵەوانی لەسەر گەورەترینی ماڵەکان هەڵداوەو، چێنراوو سەوزاییەکان بەتیشکی خۆری ئەو ماددە سوتێنەرە زەرد هەڵگەڕاون و سوتاون، بوونە وشك هەڵاتوویەکی زیانبەخشی سەرسوڕهێنەر، ئەو وشك بوونە زەنگێکی مەترسیدارە، ئەویش مەترسی مردنی ڕۆحەکانە دوای وشك بوونەوەیان و نەمانی ڕەحمەت و میهرەبانی خوایە لەسەریان ئیللا مەگەر لەناو ئەو بیابانە وشك و چۆڵ و سامناکەدا چەند مێرگ هەبن و ئەو تینوێتییەیان بشکێنێ کە ڕوحی وشك کردوون و، دڵەکانیان کە بەهۆی ئەو ماددە سوتێنەرە ڕەق بوون نەرم دەکات، ئەو مێرگانەش بریتین لە (مێرگەکانی باوەڕ).

ئەوەی دەچێتەناو ئەو مێرگانە دەبینێ بەهۆی ئەوانەوە چۆن دەروونی پاك دەبێتەوەو گەشەدەكات و گەورە دەبێت، ئەو ئاوە سازگارو زولاڵە دەبینێ چەند ڕوون و پاكە لەخەوش و لادان و زیادەڕۆییو داهێنراوی نادروست و سەر پێچییەكان دەبینێ چۆن تینوویەتی ناهێڵێو سەرلەنوێ گیانی بەبەردادەكاتەوە، دوای ئەوەی زۆری لەئاوی ژەنگاویو تێكەڵ بەبێ فەرمانی قورئان و سوننەت بینی. دەبینێ چۆن ئەومێرگانەی باوەڕ بەڕێنمایی پیاو چاكانی پێشین لەبواری (پاك كردنەوەی دەروون) ئاشنای دەكات.

داوا لە خوای گەورە دەكەین كە ئەم پەرتووكەی (مێرگەكانی باوەڕ) هۆیەك بێت بۆ بەئاگاهێنانەوەو ڕاچڵەكانی ئەوانەی بێ ئاگان لە ڕۆژی دواییو بیری لێ ناكەنەوە، وە هۆیەك بێت بۆ بەهێزكردنی دڵە سیس و وشكهەڵاتووەكان كە نزیكە بمرن بەهۆی ئەوەی دنیایان بەسەر قیامەتدا هەڵبژاردووە، بەوەی گومانی هەڵەیان دەبرد كە دووركەوتنەوە لەقورئان و سوننەت و پاككردنەوەی دەروونەكان نابێتە هۆی گومڕاییو سەر لێشێوانی گەل و نەتەوە، وە داوا لەخوای پەروەردگار دەكەین ئەم كتێبە ببێتە هۆی دروستكردن و پێكهێنانی بنەماو بناغەیەكی توندو پتەوی پەروەرشیاران لەسەر باوەڕێكی بەهێزو گێڕانەوەو گیان بەبەردا كردنەوە بۆ گەل و نەتەوە جیاجیاكان، وە پایە زۆر كارەكانی جیهان بهەژێنێ بەوەی خاوەنی سەنگەرو سوپێری باوەڕێكی قوڵ بن.

نووسەر

عبد الحمید البلالي

مێرگی (١)

پیاوانی بەرەبەیان[1]

بەرەبەیان هێمای لەدایك بوونی هەموو خێرو چاکەیەکە، هێمای سەرکەوتنە، هێمای ژیانە، نیشانەی لاوێتیو جووڵەو بزاوتنە، هەروەکو بەڵگەی هەق و دادوەرییە، کاتی سپێدەو بەرەبەیان لە کش و مات ترینی کاتەکانە، چرکە ساتەکانی پاکیو بێ گەردییەو، کاتی دابەشی رزق و رۆزییە، وە نوێژی بەیانی بەڵگەیە لەسەر بەهێزی ئیمان و پاکی لە دووڕوویی، بەهۆی ئەوەی هەستان لەو کاتەدا لەسەر کەسەکان قورس و ناخۆشە، لەبەرئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت:

((إن أثقل الصلاة على المنافقين صلاة العشاء و صلاة الفجر، ولو يعلمون مافيها لأتوهما ولو حبوا...))[2]. واتە: ((قورسترین نوێژ لەسەر (مونافیق – دووڕوو) نوێژی خەوتنان و بەیانییە، ئەگەر بیان زانیایە چ پاداشتێکیان تێدایە ئەگەر بەگاگۆڵکێش بوایە دەهاتن...)).

شنەبای سەحەر:

دکتۆر (عەبدولحەمید دیاب) دەڵێت: "بەڕاستی ئەو سوودە تەندروستییەی مرۆڤ بەهۆی هەستانی بەیانیانەوە دەستی دەکەوێت یەکجار زۆرن لەوانە:

بەرزترین رێژەی غازی (ئۆزۆن O3) لەهەوادا لەوکاتەی بەیانیاندایەو، وردە وردە کەم دەکات تاکاتی گزنگ و دەرکەوتنی خۆر، ئەو غازەش کاریگەرییەکی بەسوودی لەسەر کۆئەندامی دەمار (الجهاز العصبي) هەیەو، چالاك کەرەوەی کردەی فیکریو ماسولکەییە، بەجۆرێك کاتێ مرۆڤ ئەو شنە بایە جوانەی بەیانیان

١– پیاوانی بەرەبەیان: رجال الفجر.

٢– البخاري ٢/ ١١٨ و مسلم ٦٥١ / ٢٥٢ في المساجد.

هەڵدەمـژێ کەبـە (شـیبای سـەحەر) ناودەبرێـت هەسـت بەلـەزەت و گەشـەدەکات کەوێنەو هاوتای نییە لە هیچ کات لەکاتەکانی تری شەوو ڕۆژدا [1].

دوو ڕکاتی بەرەبەیان:

دووڕکـاتی بەرەبـەیان ئـەو دووڕکاتـە سـوننەتەی پـێش نوێـژی بەیانییـەو، لەخۆشەویسترینی کارەکـان بـووە بـەلای پێغەمبـەرەوەﷺ، ئـەوەتا دەفـەرمووێت: ((رکعتا الفجر خيرٌ من الدنيا وما فيها))[2]. واتە: ((دوو ڕکاتی سپێدەی بەیان خێرترە لەدنیاو هەرچیش لە دنیادایە)). هەروەها دەفەرمووێت: ((لهما أحبُّ إلي مـن الـدنيا جميعـا))[3] واتـە:(دووڕکاتـە سـوننەتەکەی پـێش نوێـژی بـەیانی لـە هـەموو موڵـك و سامانی دنیا باشترن).

ئەگەر دنیا بەخۆی و ئەوەی تیایدایە لە بەرچاوی پێغەمبەرﷺ یەکسان نەبێ بـەدوو ڕکاتی نوێژە سوننەتی سپێدەی بەیان بەڵکو کەمتریش بێـت، ئـەی کەواتـە فـەرزێ و نوێژی فەرزی بەیانی بۆ خۆی دەبێ چەندەبێت؟!

ناچێتە ئاگرەوە:

پێغەمبەرﷺ باس لەوە دەکات هەرکـەس ئـەو نوێـژەو نوێـژی عەسـر بپارێزێـت دەچـێتە بەهەشـتەوەو لـەئاگر دووردەکەوێتـەوە لەفەرموودەیـەك دا کـە بوخـاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:

((من صلى البردين دخل الجنة))[4]، واتە: ((هەرکـەس دوو نوێـژی فێنکـی -واتـە بەیانی و عەسر- بکات دەچێتە بەهەشتەوە)).

هەروەها دەفەرمووێتﷺ: ((لن يلجَ النارَ أحدٌ صـلى قبـل طلـوع الشـمس و قبـل غروبها))[5]، واتە: ((ئاگر بەر ئەو کەسە ناکەوێت کە نوێژی پێش خۆر کەوتن و پـێش خۆر ڕۆیشتن بکات)). وە (البردان) واتە: -فێنکەکان- کـە هـەردوو نوێـژی بـەیانیو

١- مع الطب في القرآن الكريم، ص ١٠٨.

٢- مسلم ٧٢٥.

٣- مسلم ٧٢٥.

٤- البخاري: المواقيت ٢/ ٤٣ ، و مسلم: المساجد ٦٣٥.

٥- مسلم ٦٣٤.

عەسرە (إمام المناوي) دەڵێت: (ئەوانە جیاکراونەتەوەو تایبەت کراون بەهۆی پیرۆزی زیاتریان جا یا لەبەر ئەوەیە بینراوی فریشتەکانی شەوو ڕۆژن کاتێ شوێنیان دەگۆڕن شاهید دەبن بۆیان، یا لەبەرئەوەیە لەسەر نەفس قورس و ناخۆشن، چونکە لەکاتی ئیش و ناڕەحەتین و هەرکەس ئاگادارییان بکات و بیان پارێزێت ئەوا دەتوانێت جگە لەوانیش چاکتر بپارێزێو ئاگاداریان بێت، ئەگەر لە شتێکی تردا کەوتبێتە کەم تەرخەمیەوە ئەوانە دەبنە کەفارەت بۆیو خودا بەهۆیانەوە لێی خۆش دەبێو دەچێتە بەهەشتەوە)[1].

بەڕاستی سەرمان سوڕ دەمێنێ لەوکەسانەی خۆیان لەو بانگخوازانە دادەنێن کە بەڵێنیان بەخودای خۆیان داوە بۆ هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتەو بەڵام لە زۆرێك لە خەڵکانی تر زیاتر تەمبەڵی دەکەن لە نوێژی بەیانیداو دوای دەخەن، هەتا بەدڵ لەسەر ئەوە ڕادێن و هیچ لێپرسینەوەو سەرزەنشتێکی نەفسی خۆیان ناکەن لەسەر ئەم کەم و کورتیو کەم تەرخەمیەیان، ئەی چۆن دەتوانن خۆیان ناو بنێن بانگخواز، بەوەی کە بانگ دەکەن بۆ خێرو بۆ خۆیان خاوەنی ئەو دەروونەن و هیچ ئینکارییەکی ناکەن، هەقی ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی ئیسلام بەتەواوی نادەن و بەئەرکی خۆیان هەڵناستن؟؟ ئایا ئەو کەسەی بەم جۆرەیە ناترسێ وەسفی بکرێت بەوەی دووڕووەکانی پێ وەسف دەکرێت؟!!

قورئانی بەرەبەیان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ ۖ إِنَّ قُرْءَانَ ٱلْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ﴾[2].

واتە: (نوێژی بەیانی کە قورئانی زۆری تێدا دەخوێنرێت فەرامۆشی مەکە چونکە فریشتەی شەوو ڕۆژ دەیبینن).

قورئانی بەیانیان نوێژی بەیانیانە کە فریشتەکان دەیبینن و شاهیدی بۆ دەدەن، ئەوەتا پێغەمبەرﷺ ئەوەی باس کردووەو ڕوونی کردووەتەوە کە

١- فیض القدیر ٦/١٦٤.

٢- الإسراء: ٧٨.

دەفەرمووێت: ((يتعاقبون فيكم، ملائكة بالليل، و ملائكة بالنهار، و يجتمعون في صلاة الفجر و صلاة العصر، ثم يعرج الذين باتوا فيكم فيسألهم و هو أعلم بهم: كيف تركتم عبادي؟ فيقولون: تركناهم وهم يصلون و أتيناهم و هم يصلون))[1].

واتە: (چەند فریشتەیەك بەشەو و چەند فریشتەیەكی تر بەڕۆژ بەدوای یەكدا بەدیارتانەوەن و بەسەرە ئێشكتان لێ دەگرن، وە هەردوولایان لە نوێژی بەیانیو نوێژی عەسردا یەك دەگرن و یەكتری دەگۆڕن، جاكاتێ ئەو تاقمە فریشتەیەی كەوا لەدیارتان بوون سەردەكەونەوە بۆ خزمەتی خوای گەورەو پەروەردگار لێیان دەپرسێ -هەرچەند كەخۆشی باشتر حاڵیان دەزانێ- دەفەرمووێت: كە ئێوە هاتنەوە ئەو بەندانەی من چییان دەكرد؟ دەڵێن: كە ئێمە چووین بۆ لایان ئەوان نوێژیان دەكرد كە ئێمەش هاتینەوە لەلایان ئەوان هەر نوێژیان دەكرد. دەبێ كێ لەوانە بەختەوەرتربێت كە لەگەڵ نەفسی خۆیاندا تێ دەكۆشن و ناو نوێن و جێگەی گەرم و نەرم و نۆڵ و خۆش وازلێ دەهێنن و بەرگری دەكات لەو هەموو پاڵنەرو ڕاكێشەرانەی بەرەو نوێن و جێگەی نوستن دەیبەن، تا بەڵكو بەڵگەنامەی پاكیو بەرائەتی لە دووڕوویەتی بەدەست بهێنن و ببن بەئەهلی مژدە پێدراوی پێغەمبەرﷺ بەچوونە بەهەشتەوە و، بەو شەرەف و پیرۆزییەی ببنین و شایەتی فریشتەكان و پرسیاری پەروەردگاریان پاراوبن، ئەوەتا بەهۆی گەورەیی (سپێدە و بەیانە)وەیە كە خوای پەروەردگار سوێندی پێ خواردووەو دەفەرمووێت ﴿وَالْفَجْرِ ۝١ وَلَيَالٍ عَشْرٍ﴾[2]. واتە: (سوێند بەبەرەبەیان، سوێندم بەو شەوانەی كە دە شەون (هەندێك دەڵێن: دە شەوی كۆتایی مانگی ڕەمەزانە، هەندێكیش دەڵێن: دە شەوی سەرەتای مانگی (ذي الحجة)یە كە كاتی حەجە، هەردوو بۆنەكەش پیرۆزن).

بەرەبەیان پێوەرو تەرازوویە:

١- البخاري و مسلم.

٢- الفجر: ١-٢.

هاوەڵان (خودایان لێ ڕازی بێت) ئامادەبوونیان بۆ نوێژی بەیانی‌یان بەپێوەرو تەرازوویەك دادەنا بۆ لە(سەنگی مەحەك) دانی پیاوان، جاهەركەسێ ئامادەی ئەو نوێژە بووایە ئەوا متمانەیان پێدەكرد، ئەوەش كە ئامادە نەبووایە گومانی خراپیان پێ دەبرد، لەسەر ئەوەیش ئیبنو عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: (ئێمە ئەگەر كەسێكمان لە نوێژی بەیانی‌و خەوتنان دا نەدیتبا گومانی خراپمان پێ دەبرد)[1].

ئایا ئەم وتانە بانگخوازانی ئەمڕۆ دەهەژێنی‌و وایان لێ دەكات پێشبڕكێی كەسانی تر بكەن بە هەڵمژینی شیبای سەحەرو لە یەكەمینەكان بن كە لەقایمەی فریشتە چاودێرەكان باس دەكرێن لەبەردەم پەروەردگارداو لە پیاوانی سپێدەو بەرەبەیان دابنرێن؟؟.

١- صحيح ابن خزيمة.

مێرگی(٢)

پشتیوان بە خوا

واتاکەی....

وتەیەکە زۆرینەی خەڵکی لەهەموو بەیانییەك و لە زۆر لە بۆنەکاندا دەیڵێن، بەڵام کە من ئەوانەی لە واتاو ماناکەی زاناو شارەزان، کەمێکیش لەو کەمانە کاری لەسەر دەکەن و بەجێی دەگەیەنن و لە وتەو واتاوە دەیگۆڕن بۆ ئەو ڕاستییەی بەردەوام ژین و زیندوویی دەداتە نێوان ئەوو نەفسی خۆیو نێوان خۆیو خوداو نێوان خۆی و خەڵك.

تەوەککول و پشت بەستن بەخودا بریتییە لە دەسەڵات دانە دەست خودا لەهەموو کارو بارەکانداو، باوەڕو متمانە بوونە بەهێزو تواناو زانایی‌و دانایی خودا، کەواتە بریتییە لە پشت پێ بەستنی تەواوو خۆدانە دەست خودایە بەتەواوی ئەمەش دەمانگەیەنێتە باوەڕی تەواوی کردەیی بەناوو سیفاتە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار، بۆ ئەوەش ئیمام (ئیبنولقەیم) دەڵێت: (تەوەککول و پشت بەستن بەخودا نیوەی دینەو نیوەکەی تریشی گەڕانەوەیە بۆلای خودا، بەڕاستی دین بەندایەتی‌و خۆدانە دەست خودایە، تەوەککول و پشتیوان بەخوا، خۆدانە دەست خودایەو گەڕانەوەش بۆلای پەرستش و بەندایەتییە)[١]، پشت بەستن بەخوداو داوای یارمەتی‌و کۆمەکیت لە خودا دان نانە بەلاوازی‌و نەزانی خۆت و باوەڕبوونتەوە بەزانایی‌و دانایی‌و بەتوانایی خوا، داوای یارمەتی و کۆمەکیت لە خوداو ملکەچ بوونت بۆی خۆشویستنی خوایەو هەموو ئەمانەش واتای بەندایەتین.

١- تهذيب مدارج السالكين: ٣٣٦.

یوسف (سەلامی خوای لێ بێ)و هاوەڵانی...

ئیمام (ئیبنولقەیم) لەتەفسیری (القیم) دا وای هەڵدەسەنگێنێ کە سزای خودایی بۆ یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) بەمانەوەی لەزینداندا لەماوەی ئەو هەموو ساڵە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی کەداوای یارمەتی لە (کەسێك) کردو پشتی پێ بەست پێش ئەوەی داوای یارمەتیو کۆمەکی لەخوا بکات، بەو وتەیەی کە بەو کەسەیانی وت کە گومانی دەبرد ڕزگاری دەبێو دەبێتە ساقی پاشا پێی وت: (أذكرني عند ربك)[1]، واتە: (لای پاشات باسم بکە کە بەبێ تاوان من بەندکراوم). ﴿فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيْطَـٰنُ ذِكْرَ رَبِّهِۦ﴾[2]، لێرەدا (ئیبنولقەیم) لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا دەڵێت: شەیتان بیری یوسفی بردەوە لە جیاتی داوای یارمەتیو کۆمەك لەپەروەردگاری بکات داوای یارمەتی لە(مرۆڤێك) کرد. ﴿فَلَبِثَ فِى ٱلسِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾[3]، واتە: (ئیتر چەند ساڵێك یوسف بەبێ تاوان لەزینداندا مایەوە). خوای پەروەرگار نایەوێت پشت بەغەیری خۆی ببەسترێت لەبەرئەوەی هیچ هەوڵ و توانایەك بۆ هیچ کەس نییە تەنها بەهۆی خوداوە نەبێت، هەرچەندە ئەوکەسە خاوەنی هێزو دەسەڵات و کۆمەڵ و کەرەستە و کەل وپەل و ئامێری جۆراوجۆربێت، بەڕاستی ناتوانێت جوڵەو چپەو ویست و ئیرادەی هیچ بەندەیەك لەبەندەکانی خوا لەناوبەرێت یان لای بدات، بەڵکو هەموو ئەوانە لەژێر ویست و خواستی تواناو دەسەڵاتی خودایی دایە.

مریەم دارخورماکە ڕادەوەشێنێت:

سەرمان سوڕدەمێنێت لەو وتەیەی پەروەردگارمان لەسورەتی مریم ﴿وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَـٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا﴾[4]، واتە: (ئەو دار خورمایە کە (پاڵت پێوە داوە) کەمێك ڕابوەشێنە خورمای گەییوت بەسەردا دەبارێت).

١- یوسف: ٤٢.
٢- یوسف: ٤٢.
٣- یوسف: ٤٢.
٤- مریم: ٢٥.

ئـەوە بـۆ مریـەم (سـەلامی خـوای لێبـێ) چـۆنە! کـاتێ ئـەو لـە حاڵـەتی زەیستانیدایەو شەکەت و لاوازو ماندوو بووە لە دوای ژان و منداڵ بوون، لەبارێکدایە ناتوانێت بجوڵێتەوە، ئەی چۆن دەتوانێ داری خورما ڕابوەشێنێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا کەدەزانین داری خورما یەکێکە لەوشك و ڕەقترین و پتـەوترین درەختـەکان، قـەدی خورمـا لـەزبرترین و سـەختترینی قـەدی دارەکانـەو، هێشـووی خورمـا پێویسـتی بەڕاوەشاندن هەیە تا ئەو خورما پێگەیشتووەی پێوەیەتی بەربێتەوە، گومانی تێدا نییە کە زۆریش بەرزن و دوورە لەوەی کە دەست بیگاتێ، ئەی چۆن (مـریم)ێك کـە ئافرەتەو هەر بەسروشتی خۆی لاوازەو بێهێزەو، کفتیو بێهێزیو ئازاری زەیستانیو کاریگەری سك و منداڵ بوونیشی بۆ زیاد بووە، ئەوە جگـە لـەو حاڵەتەدەروونیـەش کە هەموو جەستەی داگرتووەو دەترسێت لەوەی تاوانی بەدڕەوشتیو کاری خراپـی بدرێتە پاڵ لەلایەن خزم و کەس و ئەهلی شوێنەکەی لەکاتێکا ئەو پاك و پاکیزەیـە، دەی چۆن بتوانێت ئەو دارخورمایە ڕابوەشێنێ؟! کەوابوو ئەوە سوننەتی خوایە بۆ بـەکارهێنانی هۆیـەکان بـۆ ئـەوەی مانـای ڕاسـتەقینەی تـەوەککول و پشـت بـەخوا بەستن بەتەواوی دەرکەوێت، گومانی تێدا نییـە بـۆ هەرکەسـێ تـەوەککولی لەسـەر خوابێت ئەوا هۆیەکان بەکاردەهێنێو ئەوەش سـوننەتی خـوای پـەروەردگارە، ئـەو مانایــەش لــەزۆر لــە شــوێنەکانی قورئــان و ژیــانی پێغەمبــەرﷺ ڕاســتییەکەی دەردەکەوێت، دەبا ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگار بخوێنینـەوە: ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ﴾[1]، واتە: (تۆش ئـەی موحەمـەدﷺ کاتێك مشتێك خۆڵت ڕوو بەکافران فڕێدا ئەوکارە تـەنها تۆنـەت کـرد، بـەڵکو خـوا فڕێیـداو (خـۆڵی کـردە چاوی کافرانەوە).

ئەوە لەکاتێکدابوو کە پێغەمبەرﷺ چنگێ لە خـۆڵی هـەڵگرت و بـەرەوڕووی بـێ بڕواکـان فڕێـی داو بـڵاوی کـرد لەیـەکێك لـە شـەڕەکان هـەرتۆزقاڵێکی چووەچـاوی یەکێکیانەوەو ئەوەش بوو بەهۆیەك بۆ سەرکەوتن، دەبینین کـە خـوای پـەروەردگار

١- الأنفال:١٧.

له پێغەمبەرەکەیﷺ دەوێت ئەو هۆیە بەکاربهێنێت کە چنگێ خۆڵە فڕیێداو بەرەو ڕوویان بڵاوی بکات، بەڵام سەرخەری ڕاستەقینە خوایە، لەبەر ئەوەیە خوای پەروەردگار فڕێدانەکەی پێغەمبەرﷺ نەفی دەکاو بڕیار لەسەر فڕێدانەکەی خۆی دەدات (سبحانه و تعالی) هەڵبەتە پێغەمبەرﷺ دوای پشتیوانیو تەوەککول بەخوا شتەکانی وەك و هۆیەك بەکارهێناوە، هەروەکو دار گۆچانەکەی حەزرەتی موسی (سەلامی خوای لێبێ).

ئای خۆزگە لەگەڵیاندا باین:

پیرۆزبێت لەو کەسەی بەو واتا گەورە ئیمانییە –تەوەککول و پشت بەستن بەخوا– لە هەموو بەشێك لە بەشەکانی ژیانیدا جێ بەجێ دەکات، بەڕاستی مژدەکان دێن و دەیانبینێت:

یەکەمیان: میواداره لەو حەفتا هەزارەبێت بەبێ لێ پرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە هەروەکو لە هەردوو (صحیح)دا هاتووە یەکێك لە سیفاتەکانیان: ﴿ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴾[1]، واتە: (ئەوانە بەڕاستی پشت بەخوای خۆیان دەبەستن).

دووەمیان: بەهۆی جێبەجێکردنی کردەیی ناوو سیفاتە پیرۆزەکانی خوداوە وەکو: (تواناو دەسەڵات و ڕۆزی دەریو ژیێنەرو مرێنەر) زیاتر نزیك دەبێتەوە لەخوای خۆیو دەیناسێت.

سێیەمیان: تەرکی شیرك و هاوەڵگەراییو وازهێنان لەئاوڕدانەوە بۆ جگە لەخواو بەو هۆیەوە عیززەت و سەربەرزی زیاد دەبێت.

چوارەمیان: زیاتر ڕازی دەبێت بەقەدەری خوا، ئەوەش بریتییە لە (بەڕاستیو بەتەواوی دڵ تەسلیم بوون و خۆدانەدەست خوای پەروەردگار).

پێنجەمیان: هەرچی کاریگەری ترس لە دروستکراوانە لە دڵیدا نامێنێت و ئەوانەن پێیان دەڵێن: ﴿ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدۡ جَمَعُواْ لَكُمۡ فَٱخۡشَوۡهُمۡ

---

[1]– الأنفال: ٢.

﴿فَزَادَهُمۡ إِيمَٰنٗا وَقَالُواْ حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴾[1]، واتــه: (بەڕاستی خــەڵکی بــێ باوەڕو خوا نەناس خۆیان بۆ ئێوە کۆکردۆتەوەو خۆیان بۆ ئێوە مــەڵازداوە، لێیـان بترسن (خۆتان توشی بەڵا مەکەن) بەڵام ئەوان (واتە ئیمانداران بەو پڕوپاگەندەیـە) باوەڕیان زیاتر دامەزراوو، وتیان: (خوامان بەسە کە یاریدەدەرو یارمـەتی دەرێکـی چاکە).

شەشەمیان: زیاتربوونی ڕێنمایی‌و پاراستنی لەهەموو شـەڕێك و بـەس بـوونی بــۆ هــەموو پێداویســتییەکان، ئــەویش بــەو فەرموودەیــەی حــەزرەت ﷺ کــە دەفەرمووێت: (من قال –يعني إذا خرج من بيته– بسم الله توكّلت على الله ولاحـول ولاقوة إلا بالله، يقال له – هديت و وقيت وكفيت، فيقول الشيطان لشيطان آخر: كيف لك برجل قد هدى وكفي و وقي)[2]، واتە: (هەرکەسێ کە لەماڵ دەچێتە دەرەوە بڵـێ: بەناوی خودا، پشتیوان بە خوا، خۆم دایە دەست خوا، هیچ هەوڵ و هێـزو توانایـەك نییە جگە لە خوا، پێی دەگوترێت –هیدایەت درایت– ڕێنمایی کرایت و پارێزرایـت و ئەویش بەسە واتە خودات بەسە، شەیتانێك بە شەیتانێکی تر دەڵێت: چـی دەڵێیـت بەکەسێك کە ڕێنمایی کراو خودا لە پشتییەتی پاراستوویەتی).

١– آل عمران: ١٧٣.

٢– رواه الترمذي و صححه الألباني، ص ج ص/ ٦٢٩٥.

مێرگی (٣)

﴿لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡ﴾[1]

(سوێند بەخوا ئەگەر سوپاسگوزاربن ڕزق و ڕۆزیو نازو نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم)

شەیتان ڕاستەقینە دەزانێت:

کاتێ خوای پەروەردگار فەرمانی پێکرد (سوژدە) بەرێت بۆ حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) ئەویش فەرمانەکەی بەجێ نەگەیاندو سەرپێچی کرد، خوای گەورە دەری کردو نەفرینی لێکردو پێی فەرموو کەدەچێتە ناو ئاگر، بەلاّم تەنها بەوە واز ناهێنێ بەڵکو کە گوێ بیستی ئەو دەرکردن و لە ڕەحمەت بێ بەشکردنە بوو، بەهەموو بێ شەرمیو چەقاوە سوییەوە درێژە بەهەڵەو تاوانەکەی خۆی دەدات تانەوەکانی ئادەم لەخشتە بەرێو بێ ئاگایان بکات، چونکە ئەو بوو بەهۆی دەرکردنیو دەڵێت: ﴿لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ﴾[2]، واتە: (بەهۆی ئەوەی کەمنت گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێندبێت منیش لە ڕێگە ڕاستەکەتدا بۆیان دادەنیشم (لایانبدەم).. پاشان سوێند بەخوا لە بەردەمیانەوە، لە پشتیانەوە، لەلای ڕاستیانەوە، لەلای چەپیانەوە بۆیان دێم و (دنیایان لا خۆشەویست دەکەم و گومانیان دەربارەی قیامەت لەلا دروست دەکەم) و دەستت ناکەوێت زۆربەیان سوپاسگوزاربن).

١- إبراهيم: ٧.

٢- الأعراف: ١٦ – ١٧.

ئالێرەدا (ئیبلیس) ڕاستییەکی لا ئاشکرایەو دەزانێت کەلای زۆرینەی خەڵکی شاراوەو نادیارە ئەویش ئەوەیە کە بەشی زۆری خەڵك سوپاسگوزارو شوکرانە بژێرنین، بەدڵنیاییەوە لەناویاندا ئەو کەسە سەر فرازو ڕزگار دەبێت کە سوپاسگوزارەو شوکرانەی خوای پەروەردگار دەکات.

﴿ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرًا ﴾[1]:

((ئەی نەوەو شوێنکەوتووانی داود، ئێوە بەکردارو گوفتار سوپاسگوزاربن و چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن)).

خوای گەورە لە خستنە ڕووی ئەم ئایەتەدا نەی فەرموو: (قولوا آل داود شکرا) کە بەواتای گوفتار دێت واتە بەزمان بڵێن، بەڵکو فەرموویەتی (إعملوا) واتە بەکردار، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە شوکرو سوپاسگوزاری تەواو نابێت ئیللا مەگەر بەکردەوەو جێبەجێکردنی ئەوەی کە خوا فەرمانی پێ کردووەو، دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێ کردووەو لێی قەدەغە کردوون. کەواتە سوپاسگوزاری بریتییە لە بەجێهێنانی پەرستش و بەندایەتی بەکردەوە، نەك ئەوە کەوا گومان دەبەن تەنها حەمدو سەنایەکی وتەیی بێت و بەزمان بیڵێیت لە دوای نوێژەکان یادوای تێر خواردن.

پێغەمبەرﷺ سوپاسگوزاری بەکردەوە دەکرد..

ئائەوەتا دایکی ئیمانداران سەری سوڕدەمێنێ لەشەونوێژی پێغەمبەرﷺ کە ئەوەندە بەپێوە وەستاوە پێیەکانی ئاوساوەو، بەسەرسوڕمانەوە لێی دەپرسێت: (تفعل هذا وقد غفر الله لك ماتقدم من ذنبك وما تأخر؟) واتە: (بۆ وادەکەیت، ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت، ئەی ئەوە نییە خوا لەگوناهی لەمەوبەرو لەمەودوات خۆش بووە؟) ئەویش دەفەرمووێت: (أفلا أكون عبداً شكورا)[2]. واتە: (ئەی نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزاربم). ئەوﷺ وا لە سوپاسگوزاری تێ نەگەیشتبوو کەتەنها

١- السبأ:١٣.

٢- البخاري (٨/ ٤٤٩) و مسلم (٢٨١٩).

سـوپاس و ستايشـێكى وتـەيى بـىَو بـەزمان بيكـات، سوپاسـگوزارى كـردارە بەئەندامـەكانىو بەهـەموو ڕەزامەندييـەكى لـەو نيعمەتانـەى خـواى پـەروەردگار. لەبەرئەوەيە ئيمام (ئيبنولقەيم) ئەو مانايە بەم جۆرە كۆدەكاتەوەو وەسفى دەكات: (دەرخستن و پيشـاندانى شـوێنەوارو كاريگـەرى بەخششـەكانى خـوا لەسـەر زمـانى بەندەكەى بە حەمدو سوپاس و، لەسەر دڵى بە خۆشويستن و، لەسـەر ئەندامـەكانى بە پابەندبوون و گوێ ڕايەڵى كردنى)[1]. ستايشـكردنى غـەيرى خـوا بەسـەر زمـانىدا نەيەت، جگە لەخوا خۆشەويستێك لەدڵىدا نەبێت، ئەگەر كەسێكى لەدروسـتكراوانى خـوا خۆشويسـت ئـەوا لەبـەر خـوا خۆشـى بوێـت، ئينجـا ئـەو خۆشەويسـتييە ڕاستەقينەيە وەدەست دێنىَو لە دڵييەوە دەگوازرێتەوە بۆ هەموو ئەندامەكانىو ئەو كاتـە ئەندامـەكانى جىَبـەجىَكارى هـەموو فەرمانـەكانى خۆشەويسـتەكەى دەبـن و دەسـت هەڵـدەگرن و بەرهەڵسـتى دەكـەن لـە هـەموو حـەرام و قەدەغـەكراوەكانى، هەرئەوەيە سوپاسگوزارى ڕاستەقينە.

﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾[2]:

(بەڵكو هەميشە دەربارەى نازو نيعمەتەكانى پەروەردگارت بدوێو باسيان بكـە لەجێى خۆياندا بەكاريان بهێنە).

مەبەست لە قسەكردن (التحديث) لـەم ئايەتـە پـيرۆزەدا ئائەوەيـە: (ئـەو باسـى نيعمەت و بەخششەكان بكات و بيانڵێـت) وەك بڵێـت: خـواى گـەورە ئـەوەو ئـەوەى پێـداوم يـا دەبـىَ بـەو واتايـە بێـت، (قسـەكردن بەنيعمـەتى ئـەو بەجێهێنــەرو پێسـپێردراوەكەى بىَ لـەو ئايەتـەدا: ئـەويش بـانگ خـوازى بـۆلاى خـوا، گەيانـدنى پەيامەكەى، فێركردنى خەڵك، وە ڕاستىيەكەى هەردوو واتايەكان لەخۆ دەگرێت).

مرۆڤ بيربكاتەوەو باس لەڕۆژانى گومڕايىو نەفامى خۆى بكـات، چـۆن خـوا لـەو تاريكىيەوە گواسـتىيەوەو هێنايـە نـاو ئـەم ڕووناكىيـە، هـەروەكو ئيمـامى عومـەر

١- تهذيب مدارج السالكين، ٣٨٤.

٢- الضحى: ١١.

(سەلامی خوای لێبێ) دەیکرد باسی لەرۆژانی نەزانیو نەفامی خۆی دەکرد چۆن ئەو خوایەی دەخوارد کە بۆخۆی لە خورما دروستی کردبوو، ئنجا بەو رۆژانە پێدەکەنی.

موسڵمان باس لە رۆژانی هەژاری خۆی بکات دوای ئەوەی خوا دەوڵەمەندی کرد، وە بیر لەرۆژە ناخۆش و تاڵ و تەنگەکانی بکاتەوە پێش کۆچکردنی بۆ جێگەیەکی ئارام و ئەمین یا گۆڕانی بارودۆخ و، باس لەرۆژە پڕ کارەساتەکان بکات کە رۆیشتن و پاشان خوای گەورە دەرووی لێ کردەوەو خەمی رەواندەوە هەروەها بەم جۆرە باس لەو نازو نیعمەتانە بکات و بدوێ لەسەریان و، ئەوەش تەواوتر بکات بەبانگەوازی بۆ لای خوا لەناو خەڵکیدا.

سوپاسگوزاری گشتیو سوپاسگوزاری تایبەتی:

دوای ئەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە سوپاسگوزاری دوو جۆرە:

گشتی ئەوەیانە کە تایبەتە بەدنیاوە بەجل وبەرگ و خواردن و ماڵ و سامان و تەندروستیو گیانەوەر، تایبەتیش ئەوەیە تایبەتە بەرۆژی دوایی، ئەوەیش دروست دەبێ لەسەر ئیمان و یەکتاپەرستیو رێنماییو تەوفیقی خوداییو پەرستش و بەندایەتیو چاکیەتی ژن و منداڵەکانیو کاروباری تری قیامەتی جێگای داخ و حەسرەتە کەزۆرینەی خەڵکی ئەو سوپاسگوزارییە ناکەن جگەلە گشتییەکە، ئەوەش لەبەرئەوەیە سوودەکەی لەبەرچاوو هەست پێکراوەو بەدەست دەهێنرێت، ئەوە سروشتی مرۆڤە.

پایەکانی سوپاسگوزاری:

پوختەی ئەوە بەو قسەیەی ئیمام (ئیبنولقەیم)ە کە دەڵێت: (سوپاسگوزاری بەندە لەسەر سێ پایە بەرێوە دەچێت و ناتوانێ بەندەیەکی سوپاسگوزار بێت ئیللا بەهەرسێکیان نەبێت).

یەکەم: دان نان بە نازو نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار کە پێی بەخشیوە.

دووەم: سوپاس و ستایشی خوای لەسەر بکات.

سێیەم: چاکەی پێ بکات و یارمەتیو کۆمەکی خەڵکی پێ بکات لەسەر ڕەزامەندی خوا.

دان نان بەنازو نیعمەتەکان نەدەینە پاڵ نەسەب و زیرەکیو تێکۆشان و هەوڵی خۆمان، یا پلەو پایەو خانەدانیو هێزی خۆمان، بەڵکو بیگێڕینەوە بۆ دەسەڵات و بەخشندەیی خوای تاقانەو پەروەردگار، کاتێ قارون ئەو نیعمەتانەی خودا پێی دابوو دایە پاڵ زانین و زانیاری خۆی خوای گەورە دای ڕوخاندو بەناخی زەویدا بردە خوار، بەم جۆرە دەگەینە دەرئەنجامی سروشتی ستایشکردن بۆ بەخشەر لەسەر ئەو نیعمەت و بەخششانە، وەپاشان ئەوەش لەکەسێك ناوەشێتەوە کەیەقینی تەواوی هەیە بەخوا کە بەخشندەیەو ئەو نیعمەت و بەخششانەی پێ دراوەو سوپاس و ستایشی لەسەر بکات، بەڵام نیعمەتەکەی بەکاربهێنێ لەسەرپێچیو بێ فەرمانی خوا کە پێی بەخشیوە، بۆنموونە (سوو-ریبا) بەماڵ و سامانەکەی بکات، یا کە تەندروست و لەش ساغە بچێ زوڵم و ستەم لە خەڵکی بکات و تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

جا کاتێ ئەو پایانەمان جێبەجێ کرد گومانی تێدا نییە کە خوای گەورە نیعمەت و بەخششی خۆیمان بۆ زیاد دەکات و لێمان پیرۆز دەکات بۆ ڕاستیو سەلماندنی ئەو بەڵێنەی لە قورئانی پیرۆزدا پێی داوین، ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ﴾[1].

١- إبراهیم: ٧.

مێرگی (٤)

بەئاگاهاتن و بەئاگاهاتووان

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ ۝١ مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ ۝٢ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُوا هَلْ هَٰذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴾[١].

واتە: (موحاسەبەو لێ پرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوان بێ ئاگاو غافڵن و پشتیان لە ئایینی خوا کردووەو ڕوو وەردەگێڕن لە بەرنامەکەی، هیچ یاداوەرییەکی تازەیان لە لایەن پەروەردگاریانەوە بۆ نایەت کە ئەوان گوێ بیستی نەبووبن و لەوکاتەدا یاریو گەمەی پێنەکەن... دڵەکانیان بێ ئاگاو سەرگەردانە، ئەوانەش کە ستەمیان کرد، قسەکانیان شاردەوە (بەنهێنی دەیان وت) ئایا ئەمە تەنها بەشەرێك نییە وەك ئێوە؟! ئایا ئێوە بەدەم جادووگەرییەوە دەچن؟! لەکاتێکدا ئێوە چاوتان هەیەو دەبینن! !). بەڕاستی لێ پرسینەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە هەروەکو (حەسەنی بەصری) وتوویەتی: هەرچەند ڕۆژێك دەڕوات بەشێك لەتۆ لەگەڵیدا دەڕوات، بەڵام خەڵکی لەبێئاگاییەکی سەرسوڕهێنەردان لەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دروست بوون، وە بێ ئاگان لە هەست کردنێکی تەواوو کردەیی لەواتاکانی ناوو سیفاتە پیرۆزەکانی خوا. هەمووان دەزانین (الرزاق- ڕۆزیدەر) یەکێکە لە ناوەکانی خوا، بەڵام زۆرێك لەئێمە دەترسین کاتێ کەسێك هەڕەشەی بڕینی ڕزقمان لێ دەکات، وە هەمووشمان دەزانین (الضار و النافع - زەرەر هێنەرو خێرو خۆشی بەخش و بەخشندە) لە ناوە پیرۆزەکانی خودان، بەڵام زۆرینەمان دەترسین و هیوامان بەغەیری خوایە، بەڕاستی

١- الأنبياء: ١-٣.

خەڵك لە بێ ئاگاییدان لەو ڕۆژەی کەتیایدا لەم دنیایە دەڕۆن و لێی غافڵن، وە بێ ئاگان لەوەی کە لەناو گۆڕدا تووشیان دێت و غافڵن لە مەترسییەکانی قیامەت و زۆر شتی تر کە خۆشەویستی دنیا لێی داپۆشیون و لە زانین و هەست پێکردنی بێ ئاگای کردوون.

تەمەن دەرفەتە:

تەمەن هەروەکو دەرفەت و وەرزێکە لەوەرزەکانی بازرگانی، تیایدا کەل و پەلی زۆرو جۆراوجۆر دەخرێتە ڕوو تیایدا هەیە خراپ و تیاشیدا هەیە بەبایەخ و گران بەهایە، مرۆڤی ژیر ئەوکەسەیە سووربێ لەسەر کڕینی شتە نایاب و بەبایەخەکان ئەگەر نرخیشی گران بێت، چونکە چاکتر و بەرچاوترو بەهادارترە لەشتی خراپ هەرچەندە هەرزانتریش بێت، بۆئەوەش ئیمام (ئیبنولجەوزی) دەڵێت: (پێویستە ئەو کەسەی سەروکارەو بەهای شتەکان دەزانێو دەناسێ دەبێ چاکترینی شتەکان هەڵبژێرێو بەدەستیان بێنێ، ئەو تەمەنە وەرزێکە و، بازرگانییەکانیش جیاوازن، پێشینان وتوویانە: ئەو شتە هەڵگرن وەزنی سوکەو نرخی گرانە، کەواتە پێویستە ئەو کەسەی هۆشیارو بەئاگایە تەنها شتە نایاب و بەنرخەکان داوا بکات و بیەوێت، وە نایابترین و بەنرخ ترینی شتەکانیش لەدنیادا ناسینی خودای پەروەردگارە)[1].

بەئاگابوون نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خۆشەویستی خودا بۆ بەندەو ویستی خێر بۆی، بۆئەوەش شوێنکەوتووی بەشکۆ (موحەمەد کوڕی سیرین) دەڵێت: (ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەی خۆی ویست ئامۆژگارێك دەخاتە دڵیەوە فەرمانی چاکەی پێ دەکات و قەدەغەی خراپەی لێ دەکات)[2]. هەرجارێ سنووری بەزاندو غافڵ بوو لەوەی کە خوا لە پێناویدا دروستیکردووە، ئەو ئامۆژگارەی لە دڵیدایە بەبیری دێنێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕاستە شەقامەی کە لەبێدارییەکی بەردەوامدا دەیهێڵێتەوە.

١- صيد الخاطر: ٢٥٩.

٢- صفة الصفوة ٣/ ٢٤٣.

بەئاگابوونی بەردەوام:

ئیمام (ئیبنولجەوزی) لەوەسفی ئەو کەسە بەئاگاو هۆشیارەدا دەڵێت: (هەمم و غەمی بڕوادار پەیوەستە بەقیامەتەوە، هەموو ئەو شتانەی لە دنیادا هەن دەی جوڵێنن بۆ بیرکردنەوە لە قیامەت، بەهەر شتێکەوە مەشغوڵ بێت ئەو هەممەی مەشغوڵی دەکات.

نابینی ئەگەر خاوەن پیشەکان بچنە خانەیەکی ئاوەدانکردنەوەوە، دەبینی بازرگان بۆ کەل وپەل و رایەخ دەڕوانێت و نرخەکەی وەدەست دێنێ، دارتاش دەڕوانێتە سەربان و دارەڕاکەی‌و وەستا بۆ دیوارەکان و تەونکەر بۆ چنین و جل وبەرگ، وە بڕوادار کەتاریکی‌یەك دەبینێ تاریکی ناو گۆڕی بیر دەکەوێتەوە، کە ئازاردەرێك دەبینێ سزاو تۆڵەی قیامەتی بیردەکەوێتەوە، کە دەنگێکی ترسناکی بیست فووکردن بەکەڕنای بەبیردێتەوە، کاتێ دەبینێت خەڵك نوستوون مردووی ناو گۆڕی بیردەکەوێتەوە، کە هەست بە خێروخۆشی دەکات بیر لەبەهەشت دەکاتەوە، هەمم و بیرکردنەوەی بەوانەوە پەیوەستەو هەرئەوەش خەریکی دەکات بۆ هەر شتێك. ئەوکەسە بەم جۆرە بەردەوام هۆشیارو بەئاگایەو، هەرچی لەسەر زەوی دەبینێت دەی بەستێتەوە بە قیامەتەوەو، هەرشتێك تەنانەت بۆ ماوەی چرکەیەکیش بێ‌ئاگای بکات لەوەی لە پێناویدا دروست کراوە، ئەو نایەوێت، بەم شێوەیە لە پەرستش و بەندایەتی‌یەکی بەردەوامدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکەسانەی کە بەئاگاو وریان لەقیامەتدا لەیەك ئاستدانین و یەکسان نین بەڵکو دابەش دەبن بۆ چەند بەش و کۆمەڵێك:

بەشەکانی بەئاگایان:

(ئیبنولجەوزی) لەباسی چینەکانی بەئاگایاندا دەڵێت:

(هەیانە هەواو ئارەزوو بەسەریاندا زاڵ دەبێت و، ئەوەی حەزی لێ بێ دەیکات، تاوای لێ دێت خووی پێوە دەگرێت و بەم جۆرە توشی پاشەکشێ دێت و دەبەزێت، ئەو ئاگابوونەی هەیبووە هیچ سوودی پێ ناگەیەنێ، بەڵکو هۆشیاری و بەئاگابوونی لەم شێوە زیاتر بەڵگەی دەخاتە سەر).

وه هەیانە لەتێکۆشاندایە لەنێوان دوو هێڵدا:

أ- ژیرییەك كە فەرمانی پێ دەكات پارێزكاربێت.

ب- هەواو ئارەزوویەك: ویست و حەزەكانی پێ جێبەجێ دەكات، ئەگەر بەناڕەواش بێت.

تیایاندا هەیە دوای هەوڵ و كۆششێكی زۆرو درێژخایەن دەگەڕێتەوە سەر شەڕ و خراپەو بەم جۆرە كۆتایی دێت، هەشیانە هەندێ جار سەردەكەوێو هەندێ جاریش تێك دەشكێت و برینەكانی ئەوەندە كوشندە نین. بەشێكی تریان دوژمنەكەی دەبەزێنێو زیندانی دەكات بەشێوەیەك ئەو دوژمنەی ناتوانێ هیچ فێڵێكی لێ بكات تەنها وەسوەسە نەبێت.

لە پاك و چاكترینی ئەو چینانە ئەوان هەمیشە بێدارو بەئاگان، ماوەیەكی زۆر ڕادەكەن و ناوەستن، هەمم و غەمیان بەرزبوونەوەو بەرەو پێش چوونە هەرجارێ پلەیەك دەبڕن و بەرەو پلە و مەقامێكی تر دەڕۆن و دەبینن كەم و كورتیان هەیە خێرا تۆبە دەكەن و داوای لێ خۆشبوون لە خوای گەورە دەكەن[1].

ئەوانە ئەو پیاوە چاك و پاكانەن كە نەفسی خۆیان وابەستە دەكەن بۆ مەبەست و ئامانجێكی گەورەو بەرزتریان ڕاگرتووە لە هەموو ئەو شتانەی بەو قوڕەوە نوساوە یا پەیوەندی پێوە هەیە، ئەوانە هەموو شت وازلێ دێنن هەتا ئەو خەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، دەی با ئێمە گوێ بدەینە قوتابییەكەی (ئیبنو عەباس) شوێنكەوتووی بەڕێز (طاوس) كە دەڵێت: (باس و بیركردنەوە لە دۆزەخ خەوی خوا پەرستانیان زڕاندووە)[2].

١- صيد الخاطر / ٣٠٦ - ٣٠٧.

٢- صفة الصفوة ٢/ ٢٨٩.

مێرگی (٥)

هۆیەکانی بەهێزکردنی بەئاگابوون

حاڵی غافڵ و بێ ئاگایان:

ئیمام (ئیبنولجەوزی) لەوەسفی حاڵی غافلاّندا دەڵێت: (نازانن بۆچی دروست بوون و مەبەست لەوان چییە، ئەوپەڕی مەبەستیان گەیشتنە بەحەزو ویست و ئارەزووەکانیان، هیچ ناپرسن لەوەی دەستیان دەکەوێت و وەگیری دەهێنن و، بەهۆیەوە سەرزەنشت دەکرێن یاتووشی زەم کردن دەبن، زۆر خۆ دەرخەرن و لەپێناویدا تێدەکۆشن بێ ئەوەی بزانن مەبەستیان چییەو بۆچی وادەکەن، دەکەونە ژێر کاریگەری چێژو ڕابواردنی کاتیو هەل پەرستن تەنانەت ئەگەر بەهۆیەوە زەمانێك توشی نەخۆشی ببن، لە کڕین و فرۆشتن و بازرگانیدا بەرگی فرۆفێڵ دەپۆشن و خۆمەڵاس دەرن، لە سەوداو رەفتاریاندا گزیکارو تەڵەکەبازو ساختەچین و بەو شێوەیەش ئەو حاڵەیان پەردە پۆش دەکەن، بەحەزو تامەزرۆییەوە خواردن دەخۆن و، بەدرێژایی شەو دەنوون، ئەگەرچی لەڕۆژیشدا هەر نوستوو بێئاگابوون لەڕاستیدا، کەڕۆژیان کردەوە بەدوای دەست کەوتنی هەواو ئارەزووەکانیان دەکەون هەروەکو بەرازی چڵێس و کلکە لەقێی سەگ و دڕندەیی شێرو جۆش و خرۆش و پەرۆشی گورگ و ڕێوی فێڵاویو تەڵەکەباز، لەکاتی مردن حەسرەت دەخۆن لەسەر لەدەست چوونی هەواو هەوەسیان، نەك لەسەر نەبوونی تەقواو پارێزکاریان، ئەوە چەند زانیارییەك بوو لەسەر حاڵی ئەوانە)[١]. ئەو وەسفە چەند جوانە بۆ حاڵی ئەو بێئاگایانەی وابەستەو گەوزاوی قوڕو چڵپاوو زەلکاوی دنیان، ئەوەی درەوشاوەو پەسەندە وەلای دەنێن و ئاشقی تاریکین و ڕقیان لە نوورو ڕووناکییە، دژی هەرشتێکن فێریانکات و ڕێیان نیشان بدات، هەرکات ئەو

١- صيد الخاطر ٣١٠ / ٣١١.

سیفاتانەی کە (ئیبنولجەوزی) باسیکردوون وازیان لیّ هیّنا ئەوا بنەمای هەستان و بەئاگابوون لە ناخ و نەفسیاندا دیّتەبوون و بیّداردەبنەوە، هەرکەسیش بیەویّت بیّداربیّت و بەئاگابیّ ئەوا هۆکاری زۆر هەن بۆ بەهیّزکردنی ئەو هەستان و بیّداربوونەوە، لەگرنگترین ئەو هۆکارانە:

تەوبەو پەشیمانی: مەرجەکانی تەوبە سیانن:

أ- پەشیمانی. ب- وازهیّنان لە گوناه. ت- سووربوون و بریاردان لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو گوناهەو مەرجی چوارەمیشی بۆ زیاد دەکات کە هەق و مافی کەسانی ترە، دەبیّت هەر هەق و مافیّکی هەرکەسی لەسەرە بیگێڕیّتەوە بۆی. گرنگترین مەرجەکانی تەوبە بریتییە لەپەشیمان بوونەوەیەکی وا هانی بدات بۆ وازهیّنان لە گوناهو سەرپیّچیو بریاردان و سووربوون لەسەر ئەو تەوبەیە (ئیمام گەیلانی) بەغولامە گەنجەکەی دەڵیّت: (هانابۆ خوا بەرەو پەنای پیّ بگرە، بگەڕیّوە بۆلای بەزوویی‌و، بەپەشیمان بوونەوەو داوای لیّبوردن و لیّخۆش بوون تا ڕزگارت بکات لەدەستی دوژمنەکانت و لەشەپۆلی دەریای بەهیلاك چوون دەربازت بکات بیربکەوە لەو کۆتاییەی تیّی دەکەوی، بەڵکو تەرککردن و وازهیّنان لەگوناهت بۆ ئاسان بکات، تۆ کەوتوویە ژیّر سیّبەری درەختی بیّ ئاگایی، لەسیّبەرەکەی بڕۆدەرو کاتیّ تیشکی خۆرت بینی، ئەوا ڕیّگاکەت ناسیوەو دەزانیت کە درەختی بیّ ئاگایی بەئاوی نەزانی و نەفامی پاراو دەبیّت و، درەختی بیّداربوونەوەو بەئاگاهاتن و زانیاری بەئاوی بیرکردنەوە پاراوو پەروەردە دەبیّت و داری تەوبە بەئاوی پەشیمانی پەروەردە دەبیّ و، درەختی خۆشەویستی بەئاوی ڕازی بوون و ڕالیّ بوون پەروەردە دەبیّت)[1]. ئاسانترین ڕۆیشتن بەڕیّگای هەقدا بۆ ڕیّبوارانی هەست کردنە بەچۆنیّتی ئەو ئاوەی ئەو چوار درەختەی لەسەر پاراوو پەروەردە دەبن، بیّ ئاگایی گەشە دەکات بەنەزانی‌و نەفامی لەڕاستی‌یەکانی ڕیّگا نەزانینی کۆسپەکانی ڕیّگاو کۆتایی ڕیّگا، دوای کۆتایی هاتنی ڕیّگە چی لیّدیّت وە بیّدار

١- الفتح الرباني / ١١٢.

بوونەوەو ڕاچڵەکان گەشەدەکات تەنها بەتەوبەو پەشیمان بوونەوەو بیرکردنەوە لەهەموو ئەو شتانە، تەبەو گەڕانەوە گەشەناکات و قەدی بەهێز نابێ‌و لقەکانی زیادناکەن و گەڵای چرۆ ناکاو گوڵەکانی ناکرێنەوە مەگەر تەنها بەپەشیمان بوونەوە لەو گوناهانەی کردوویەتی، خۆشەویستی گەشەناکا مەگەر تەنها بەپەیمان دان و ڕازی بوون بەو کردارەی خوا فەرمانی پێ کردووەو ئەوەی بۆ پێغەمبەرﷺ هاتووە.

بیرکردنەوە لە تێشکێنەری خۆشی‌یەکان:

پێغەمبەرﷺدەفەرموویت: ((أكثروا من ذكر هادم اللذات)) واتە: (زۆر بیربکەنەوە لە ڕوخێنەرو تێشکێنەری خۆشی‌یەکان) بیرکردنەوە لەمردن کە بەتێشکێنەری خۆشی‌یەکان دادەنرێت، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بیرکردنەوە لەمردن لەکاتی لەزەت و خۆشی‌یەکاندا ئەو بێ ئاگایی‌یە تێکدەشکێنێ و بێ‌ئاگا وەخەبەر دێنێ‌و لەو حەقیقەتە ئاگاداری دەکات کە ڕۆژێ لەڕۆژان پێوەی خەریک بووەو مەبەستی بووە، هەرجارێك و هەر چەندە یادو بیری مردن دەکاتەوە ڕادەچڵەکێت و بێدار دەبێتەوە هەوڵ دەدات هەرچی زووترەو هەتا بتوانێ کردەوەی چاك ئەنجام بدات بۆ سەر بەرزی‌و ڕووسوری خۆی لەکاتی گەیشتنەوەی بە خوای پەروەردگار.

بیرکردنەوە لە عاقیبەتی ئەو هەل و ماوە پێدانەی ژیان

مۆڵەت و ماوە پێدانی خوا بۆ دروستکراوانی وەکو مۆڵەت و ماوە پێدانی کەسێك بۆ کەسێکی تر نییە، لە سۆزو بەزەیی خۆیەتی بۆ بەندەکانی کەمۆڵەتیان پێ دەدات و هەل دەداتە دەست بێ ئاگایان بۆ گەڕانەوەیان و دەیانخاتە نارەحەتی‌و تەنگانەوە تا بەڵکو بەئاگا بێنەوە، خۆ ئەگەر ئەوە سوودی نەبوو لەو هەموو ماوەو هەل و مۆڵەتە گەورەی ژیانی‌دا ئەوا خوای گەورە وێڵی دەکات و مۆردەنێت بەدڵی‌دا، نەدەگەڕێتەوەو نەدەبینی‌و نەدەبیستی‌و نەبەهۆش دێتەوە﴿ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ وَعَلَىٰ أَبْصَـٰرِهِمْ غِشَـٰوَةٌ ﴾[1]. واتە: (خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیانداو پەردەی

١- البقرة: ٧.

بەسەر چاویاندا هێناوە، نەبیردەکەنەوە، نەئامادەن هەق ببیستن و ڕاستییەکان نابینن، خەتەرو مەترسی لە دەرەنجام و کۆتایی ئەو مۆڵەتەیە وا لەئامۆژگار (أبا الفضل جبرائیل بن منصور) دەکات و دەڵێت: (هەتاکەی درێژە بەغافڵیو بێئاگایی دەدەیت، وات لێهاتووە ئەمین و بێ ترسی لەکۆتاییەکانی تەمەنت، تەمەنی گاڵتەو گەپ بەسەر چوو ڕابوورد، وە تەمەنی لاوی تەواوبوو کۆتایی پێهات، چیت بەدەست هێناوە لە ڕازی بوون و متمانەی پەروەردگارت بەڕاستی کارت تەواو بوو لە تەمەنی دۆڕاوو کاتەکانی تەمبەڵیت، بەتاڵیو ناڕەواییو نابەکاری چی پێداوی بە چی گەیاندیت)[1].

بیرکردنەوە لە گوناهان:

هەرکەسێك بیرلە گوناهەکانی بکاتەوە لە نەنگیو ناتەواویەکانی بێزار دەبێ وە بڕیاردەدات جارێکی ترو لە ئایندەدا بەم جۆرە نەکەوێتەوە ناو گوناه و تاوان، ئەوەش کارێکە وای لێدەکات بەردەوام بەئاگابێو لە بێدارییەکی هەمیشەییدا بێ و، لەو کەسانە دەبێ کە بیر لەگوناهەکانیان دەکەنەوە، وەکو خواپەرستی زاهید (کهمس بن الحسن). (عمارە بن زادان) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (کهمس بن الحسن) پێی وتم: ئەی ئەبو سەلەمە گوناهێکم کردووەو ئەوە ماوەی (٤٠) ساڵە لەسەر ئەو گوناهە دەگریم، وتم: ئەبو عەبدوڵلا ئەو گوناهە چییە؟ وتی: برایەك سەردانی کردم، ماسی یەکم بۆ کڕی بە دانقێك، کاتێ خواردی هەستام بەرەو دیواری دراوسێکەمان چووم و پارچەیەك قوڕم لێکردەوە میوانەکەمان دەستی پێ شۆرد، بەڕاستی منیش ئەوە چل ساڵە لەسەر ئەو گوناهە دەگریم)[2]. پارچە قوڕێك ماوەی چل ساڵ بتگریەنێت، ئەی ئەگەر بمایەو بینیبای کە بەقەد شاخی (توهامە) دزی دەکرێ چۆن دەبوو. ئەوەیە ئەو بەئاگاییەی سوربوون لەسەریو خوای گەورە کۆمەکی کردوون لەڕەفتارو ڕێکردنیان لەو ڕێگایەدا.

١- البدایة و النهایة ١٣ / ١٢٦

٢- صفة الصفوة ٣/٣١٤ ، ٣١٥.

مێرگی (٦)

هەستکردن بەتاوان

بنەماکانی سەرپێچیو تاوان:

ئیمام (ئیبنولقەیم) دەڵێت: (بنەماکانی سەرپێچیو تاوان هەرهەمووی بەگەورەو بچووکەوە سێ جۆرە):

أ- وابەستەبوونی دڵ بەغەیری خواوە.

ب- گوێڕایەڵبوونی هێزێکی تووندو ڕقاوی.

ت- هێزی هەواو هەوەس و ئارەزووبازی. ئەمانەش بەواتاکانی: هاوەڵگەراییو شەریك بۆ خوا بڕیاردان، ستەم و زۆرداری، خراپەکاریو بەدڕەوشتیو کاری ناشیرین و نادروست، دێن.

ئەوپەڕی پەیوەست بوون بە جگە لەخواوە (شەریك و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خودا، وە بانگەوازە بۆ بوونی خوایەکی تر)، وە ئەوپەڕی گوێڕایەڵی کردنی هێزی ڕقاویو توندڕەوی (کوشتنە)، وە ئەوپەڕی گوێڕایەڵی بوونی هێزی هەوەس بازی (زینایە)، بۆئەوەیە خوای پەروەردگار ئەمانە هەمووی لە سێ جۆردا کۆدەکاتەوە لەو ئایەتەیدا کەدەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَ ﴾[1]. واتە: (ئەوانەی هیچ خوایەکی تر لەگەڵ خوادا ناپەرستن، کەسیش ناکوژن کە خوا کوشتنی حەرام کردبێت، مەگەر بەحەق و ڕەوا، هەروەها زینا ناکەن و نزیکی ناکەون).ئەو بنەچەو بنەمایانە ڕوون و ئاشکران و چەند لقێکیان هەیە کەلە زۆرینەی خەڵکی شاراوە و نادیارن بەجۆرێك هەر هەست بەگوناهەکەی ناکەن، لەکاتێکدا پێویستە وازیان لێ بهێنرێ لەڕیشەوە هەڵ بکێشرێن، وە خەڵکی واهەیە لەئاست ئەو گوناهەدا هەستیان مردووە هەتا

١- الفرقان: ٦٨.

لەسەرپێچی‌یە ڕوون و ئاشکراکانیشدا، هەرگیز هەست بەهیچ شتێك ناکەن، ئەوە دڵانێکن بە گوناە ڕەش بوون و داپۆشراون، وایان لێهاتووە هیچ نابینن، هەست و نەستیان لامردووەو ئیتر ناگەڕێنەوەو فێرنابن و هەست بەهیچ شتێ بکەن.

ڕاهاتن لەسەر خراپەکاری:

دەشێت هۆی سەرەکی گرفتی هەست نەکردن بە گوناه، ئالودەبوون و ڕاهاتن بێ لەسەر خراپەوگوناە لەبەر زۆری تاوان کردن، ڕێك وەکو ڕاهاتن و هۆگریمان بۆ دروستکراوانی خوای گەورە وەکو ئاسمان و ئەوەی تیایدایەتیو زەوی‌و ئەوەی لەسەریەتی لە دروستکراوی سەیرو سەرسوڕهێنەر بەهۆی ئەوەی بەردەوام دەیان بینین و لەبەر چاومانن، بەڵام سەرمان سوڕدەمێنێ کاتێ مرۆڤێك دەچێتە سەر مانگ و لەوێ دادەبەزێت. بەردەوام لامان سەیرە کە داهێنانێك یادۆزینەوەیەکی نوێ دێتەکایەوە، ئەوەمان لەبیر کردووە کە ئەوان وردترو جێگەی سەلیقەو تێڕامان و کارامەیی زیاترن لەوداهێنراوە مرۆییانە، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە ڕاهاتووین و بەردەوام ئەو دروستکراوانەی خوا دەبینین.

هەروەهایش کاتێ گوناە و تاوان زۆرو بەردەوام ئەنجام درا ئەوا خووی پێوە دەگیرێت و دڵ گیرۆدەی دەبێت و ناگەڕێتەوەو ڕێگری لێ ناکات، هەر ئەمەیە (أبالحسن الزيات) (سەلامی خوای لێ بێ)ی ترساندووە دەڵێت: (وەڵڵا لەزۆری خراپە و داهێنراوی خراپ باکم نییە، بەڵام ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە دڵ گیرۆدەی بێو لەسەری ڕابێت، لەبەرئەوەی کاتێ شتەکان ڕاستەوخۆ دڵیان گرتەدەست ئەوا نفس بەخۆیانەوە گیرۆدەو ئالودە دەکەن، بەڵام بەتەنها ئالودە بوونی نەفس بەشتێکەوە کاریگەری کەمتری لەسەر دەبێت.

ڕاهاتن لەسەر تۆڵە و سزا:

لە ئالوودەبوون و ڕاهاتن لەسەر گوناە مەترسیدارتر ڕاهاتنە لەسەر تۆڵە و سزا، بەڕادەیەك هەست بەوە ناکات کە ئەو بەڵاو نارەحەتی‌یەی دەیچێژێ سزای ئەو گوناهەیە ئەنجامی داوە.

ئەوکەسەی گەیشتووەتە ئەو پلەیە باگوێ بگرێ بۆ وتەکەی (ئیبن الجەوزی) کاتێ دەڵێت: (بزانە گەورەترین بەڵاو کارەسات لەخۆبایی بوون و مەغروریە بەسەلامەتی دوای تاوانکردن، کاتێ سزاکەی دوای دەکەوێت، وەگەورەترین سزاو تۆڵەش ئەوەیە مرۆڤ هەستی پێ ناکات وەکو داماڵینی لە دین، کوێربوونی دڵ، هەڵبژاردنی خراپە لەلایەن نەفسەوە، لەبەرامبەردا سەلامەتی جەستەو گەیشتنی بەویست و مەبەستەکانی)[1].

نموونەی ئەوانەش: هەندێك ناتوانن نوێژی بەیانی بکەن بۆ ماوەیەکی درێژ هەتا خوو بەو گوناهەوە دەگرن و بەو تۆڵەیە ئالوودەدەبن و هەست بەئازاری ئەو تاوانەی ناکات و ویژدانی ناجولێو هەست بە پەشیمانی ناکات، لەکاتێکا خەڵکانی پێشووتر لە پیاو چاکانی پێشین بەدوای ئەو کەسانەدا دەچوون و لێیان دەپرسینەوە کە نوێژی جەماعەتیان بچوویا، هەرکەس گەیشتە ئەو پلەیەی هەست بەتۆڵەی گوناهەکانی نەکات ئەوە بەڕاستی لە مەترسی‌یەکی گەورەدایە، لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوخانیو گەڕانەوەی بۆ ڕێگای گومڕابوون و سەر لێشێواوی وەکو ئەوەی کە (ئیمام ئیبنولقەیم) بە (کوشتن) ناوی بردووە، کە دەڵێت: گوناهەکان برینن، ڕەنگە برینێك ببێتە هۆی کوشتنی)[2].

دەترسان هەتا لەسەر چاکەکانیشیان:

پیاوچاکانی پێشین و سەردەمی یەکەم لەڕادەبەدەر هەستیان بە گوناه دەکرد، گەیشتبوونە پلەیەك کە لەناو ئێمە زۆر کەمن بگەنە ئەو ئاستە. ئەوان دەترسان لەوەی چاکەکانیان لێ وەرنەگیرێت، ئەوەتا شوێنکەوتووی ڕێزدار (حەسەنی بەصری) بۆ ئەوانەی لەگەڵ خۆیدابوون باس دەکات و هەواڵیان پێ دەدات و دەڵێت: (من بەکەسانێك گەیشتووم کەخۆیان لە حەڵاڵ دەپاراست زیاتر لەوەی ئێوە خۆتان لەحەرام دەپارێزن، کەسانێکم بینیوە بەتەنگ چاکەکانیانەوە بوون

١- صيد الخاطر ١٦٩، الطنطاويان.

٢- الفوائد: ٥٤، النفائس.

لێیان وەرنەگیرێ زیاتر لەو خراپانەی ئێوە)[1]. بەڕاستی ئەوانە بەرەو نەوەیەکی تاقانە بوون و دووبارە نابێتەوە، ئەوان وەکو هەریەکێك لە ئێمە نەبوون دووڕکات نوێژ لە شەودا بکات یا چەند درهەمێکی کەم لە پێناو بانگەوازیدا ببەخشیت و وابزانیت ئیتر تەواو گەیشت.

دڵە بێدارەکان:

ئەوانە ئەو خاوەن دڵە بەئاگایانەن کەنازانن پەردەو داپۆشەری گوناه چییە و هەرگیز بەسەر دڵیاندا نەهاتووەو دڵی دانەگرتوون وەخراپترین شت بەلایانەوە خۆشویستنی دنیایە کە ببێتە هەست و نەستی دڵیان، هی وایان هەیە هەستیاریو بەئاگایی دەگاتە ئەو پلەیەی بۆماوەی چل ساڵ باسیان لە گوناهێك کردووەو لەبیریان نەچووەتەوەو بەردەوام هەستیان بەکاریگەرییەکەی کردووە، وەکو (عبدالله إبن سيرين) وتەیەکی شوێنکەوتووی پێشەنگ (ئیبن سیرین) دەیگێڕێتەوە کەدەڵێت: (من نازانم ئەو گوناهەی ئەو قەرزەی خستە سەرم چی بوو، چل ساڵ لەمەوپێش بەپیاوێکم وت: ئەی موفلیس)[2]. کێ هەیە گوناهێکی لەبیربمێنێ دوای ڕۆیشتنی ئەو هەموو ساڵە جگە لەکەسێك کە گوناهەکانی ئەوەندە کەمن دەتوانێ بیان ژمێرێ. ئەوەتا کاتێ (عبدالله بن سيرين) ئەوە بۆ (أباسليمان الداراني) دەگێڕێتەوە دەڵێت: (گوناهیان ئەوەندە کەم بوو دەیانزانی لە کوێوە کردوویانە، بەڵام گوناهی من وتۆ ئەوەندە زۆرن کە نازانین لە کوێ کردوومانن و لە کوێڕا هێناومانن)[3]. ئەوان بەم جۆرە بیریان لە گوناه کردۆتەوەو بەستویانەتەوە بە نەهامەتییەك کە بەسەریاندا هاتبێ، وەکو (ئیبنولجەوزی) دەگێڕێتەوە دەڵێت: (لەپیاوچاکانی پێشیندا کەسی واهەبووە کە قسەیەکی ناشیرینی پێ وتراوە ڕوومەتی خۆی خستۆتە سەر زەوییو وتوویەتی خودایە لەو گوناهەم خۆشبە کە بەهۆیەوە ئەوەم بەسەرهات). هەتا ئەگەر لەگوێڕایەڵیو فەرمانبەرداری خوادا

١- صفة الصفوة ٣/ ٢٢٧.

٢- صفة الصفوة ٢٤٦.

٣- صفة الصفوة ٢٤٦

سەرکەوتوو نەبوونایە دەیانبەستەوە بەگوناهێکەوە کە لەوانەیە ئەنجامیانـدابێ، لـە (ئەبی داود الحفري) دەگێڕنەوە کە دەڵێت: (چوومەژوورەوە بۆ ماڵی (کـرز بـن بـرة) دیتم دەگریا، پـێم وت چـی دەت گریـەنێ؟ وتـی: دەرگاکـەم لـێ داخـراوە، بـەرگ و پۆشاکەکەم کەوتوونە سەر زەوی لێم پیس و خۆڵاویو قوڕاوی بوون، ئـەو جوزئـەی دەبوو دوێنێ بمخوێندبا بۆم نوخوێندرا، ئەوە چـی دەگەیـەنێ جگـە لـەگوناهێك كـە ئەنجامم دابێت)[1].

خواپەرستترین کەس:

کەسانێك ئەوە حاڵ و باریان بێت، ویسـت و خواسـت و مەبەسـتیان بـەم جـۆرە بێت، مافی خۆیانە کە شەهیدی موفەسیر (سەعید کوڕی جوبەیر) بەخواپەرسـتترینی کەس وەسـفیان بکـات، کـاتێ پێـی دەڵـێن: (کـێ خواپەرسـتترین کەسـە؟ دەڵێـت: کەسێك گوناهێك بیریندارى کردبێت و هەرجارێ بیر لەو گوناهەی دەکاتەوە کردەوە چاکەکانی هەرهەمووی لـەلا بـێ نـرخ و بـێ بایـەخ دەبێـت)[2]. ئـەوە بـۆ کەسـێك کـە گوناهێك دەکات ئەی ئەو کەسە دەبێ چۆن بێت کەهیچ گوناه و تاوانێکی نەکردووە بەڵام دەگریا لەترسی ئەوەی کاتێ کردەوەیەکی چاکی بۆ ناکرێو لەدەستی دەچـێ گومانی بۆ ئەوە دەچێت نەکا تۆڵەی گوناهێکی خۆی بێ کەڕەنگە ئەنجامی دابێـت، دڵ ڕەقی بانگخوازی ئێستا لەکوێو ئەوانە لەکوێ؟! داوای سـەرکەوتنیش دەکـەین بەسەر ناڕەواییدا لەکاتێکا لەسەر ئەم حاڵەین؟؟.

١- صفة الصفوة ٣ / ١٢٢.

٢- الزهد لأحمد / ٣٨٧.

مێرگی (٧)

لەخۆتان بپرسنەوە بەرلەوەی لێتان بپرسنەوە

لەو ڕۆژە گەرمەدا کە تیایدا: ﴿ يَوۡمَ تَرَوۡنَهَا تَذۡهَلُ كُلُّ مُرۡضِعَةٍ عَمَّآ أَرۡضَعَتۡ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمۡلٍ حَمۡلَهَا وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ ﴾[١]. واتە: (لەو ڕۆژەدا هەموو شیردەرێك لە شیرەخۆرەکەی بێ ئاگادەبێت و فەرامۆشی دەکات، هەموو سك پڕو دووگیانێکیش کۆرپەلەکەی دادەنێت، خەڵکی دەبینیت وەکو سەرخۆشن لە ڕاستیدا سەرخۆشیش نین بەڵکو سزای خوایی زۆر سەخت و سامناکەو سەری لێ شێواندوون).

لەو ڕۆژەدا کە ساوای لەدایك بوو تیایدا پیر دەبێت و، پاکترین خەڵکی تیایدا ڕادەچڵەکێت و هاوار دەکەن کە پێغەمبەران و ڕەوانەکراوانی خودان: (یارب سلم یارب سلم)– ئەی پەروەردگار سەلامەتمان کە ئەی پەروەردگار سەلامەتمان کە – لەڕۆژێکی وادا کە زەوی تیایدا شەق دەبێت و ئاسمان لەت وپەت دەبێت و ئەستێرەکان دەترازێن و پەرش و بڵاو دەبن و ڕژێم و ڕێڕەویان تێك دەچێت و بەیەکدا دەدەن و وردو خاش دەبن، لەوڕۆژەدا کە زەمین تیایدا دێتە قسەو ﴿ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ﴾[٢]. واتە: (زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە بەهۆی ئەوەی کە پەروەردگارت ڕای گەیاندووە، فەرمانی بۆ دەرکردووە –ئەی مرۆڤ– کاتی کۆتایی هاتنیەتی).

ئەوە ڕۆژێکە خەڵکی تیایدا بەڕووت و قووتیو خەتەنە نەکراویو لەنێو زەوییەك حەشر دەکرێن، لەڕۆژێکدا تیایدا خۆر دادەبەزێت و نزیك دەبێتەوە تەنها میلێك

١– الحج: ٢.

٢– الزلزلة: ٤–٥.

بەرزەو خەڵکی ئارەق دەکەنەوەو، هەیە بەهۆی ئارەقی زۆرەوە حەفتا باڵ بەزەویدا ڕۆدەچێ و هەیانە عەرەق بەتەواوی لەغاوی دەکات تا بناگوێی، لەو ڕۆژەدا خەڵکی لەهەموو ئەوەی لە دنیادا کردوویانە لێیان دەپرسرێتەوە کەچی‌یان کردووە بۆ ئەو ئامانجەی لە پێناوی دا دروستکراون، بەڵێ: لێیان دەپرسرێتەوە بەلێ پرسینەوەیەکی وردی وا بەبیری مرۆڤدا نەهاتووە، کاتێ نامەی کردەوەکانی دەبینێ پڕ بووە بەشێوەیەك کە بەبیری‌دا نەهاتووەو چاوەڕوان نەبووە: ﴿ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ﴾[1]. واتە: (هاوار لە ئێمە ئەم نامە و دۆسیەیە چی‌یە؟! هیچ گوناهێکی وردو درشت بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو هەمووی تۆمار کردووە). هەتا لەسەر گەردیلەیەکیش پرسیاری لێ دەکرێت: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴾[2]. واتە: (ئەوەی بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێرو چاکەی ئەنجامدابێت دەی بینێتەوە، ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك شەڕو خراپەی هەبێت دەیبینێتەوە).

لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت:

کاتێ مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەتا لێی دەپرسرێتەوە، لەسەر چوار شت پرسیاری لێ دەکرێت، وەکو ترمذی دەگێڕێتەوە: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (لاتزول قدما عبدٍ يومَ القيامة حتى يسأل عن أربع: عن عمره فيما أفناه، وعن علمه ما عمل به، وعن ماله من أين اكتسب وفيم أنفقه، وعن جسمه فيما أبلاه)[3]. واتە: (لەڕۆژی قیامەتدا هیچ بەندەیەك پێی ناترازێت هەتا لەچوار شت پرسیاری لێ نەکرێت: لەتەمەنی لە چی‌دا تەواوی کرد، لە زانست و زانیاری‌یەکەی لەچی‌دا بەکاری هێناوە، لەماڵ و سامانەکەی لە کوێوە پەیدای کردووەو لەچی‌دا خەرجی کردو چۆن تەواوی کرد، لە جەستەی لە چی‌دا ماندووی کردو بەچی‌یەوە گیرۆدەی کردووە). وەیەکەم شتێ کەلە ڕۆژی قیامەتدا بەندە لەسەری

١- الكهف: ٤٩.

٢- الزلزلة: ٧- ٨.

٣- الترمذي، وصححة الألباني، ص ج ص ٧١٧٦.

موحاسەبەدەكرێت (نوێژە)، ئەبوداود لە فەرموودەیەكدا دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەرﷺ دەفەرموویێت: (إن أول مايُحاسَب الناس به يوم القيامة، من أعمالهم الصلاة، يقول ربنا – عزَ وَ جَل– لملائكته: أُنظروا في صلاة عبدي، أتمها أم نقصها؟ فإن كانت تامة كتبت له تامة، و إن كان إنتقص منها شَيئا، قال: أُنظروا هل لعبدي من تطوع؟ فإن كان له تطوع، قال: أتِمّوا لعبدي فريضته من تطوعه ثم تؤخذ الأعمال على ذلك)[1]. واتە: (یەكەم كردەوە كە خەڵك لەسەری لێی دەپرسرێتەوە (نوێژە) جاخوای پەروەردگار هەرچەند خۆشی باشتر دەزانێ بەڵام لەبەر حیكمەتێك بەفریشتەكانی دەفەرموویێت: سەیری دەفتەری نوێژی بەندەكەم بكەن، ئایا تەواوە یاناتەواویو كەم و كورتی هەیە؟ ئەگەر بەتەواوی نوێژی كردبێ ئەوا بەتەواو بۆی دەنوسرێ، وەئەگەر كەموكورتی هەبوو ئەوا خوا دەفەرموویێت: سەیركەن بزانن ئەو بەندەیەی من نوێژی سوننەتی هەیەو سوننەتەكانی نوێژی بەجێ گەیاندووە؟ جا ئەگەر نوێژی سوننەتی هەبوو ئەوا دەفەرموویێت: ناتەواوی فەرزەكانی لە سوننەتەكانی بۆ تەواو بكەن، پاشان هەموو كردەوەكانی تری بەم پێیە وەردەگیرێن).

شایەتی ئەندامەكان:

كاتێك بەندە كردەوەكانی دەخرێتەوە ڕوو نكوڵی لێ دەكات، خوای پەروەردگار ئەندامەكانی دێنێتە قسەو شایەتی لەسەر كردەوەكانی دەدەن، هەتا یەكێك دەڵێت: (يارب آمنتُ بك، وبكتابك، و برُسُلِك، و صلَيتُ وَصمتُ و تصدقت و يُثني بِخَيرٍ ما استطاعَ، فيقول: ها هنا إذن، ثم يقول: الآن نَبعثُ شاهداً عليك، فيتفكر في نفسهِ، من ذا الذي يَشهدُ عَليه؟ فَيختمُ على فيه، ويقال لفخذهِ: انطقي، فتنطق فخذه و لحمه و عظامه بعمله، وذلك ليعذر من نفسه)[2]. واتە: (ئەی پەروەردگار باوەڕم هێنا بەتۆو، بە كتێبی تۆو، بە پێغەمبەرانی تۆو، نوێژم كردو ڕۆژووم گرت و خێرم كردو، بەچاكترین شێوە چەند بتوانێ ستایشی خۆی دەكات، دەڵێ: دەفەرموویێت: كەوابوو ئالێرەدا ڕاوەستە. پاشان پێی دەوترێت: هەرئێستە شایەتی خۆمانت لەسەر

١– أبو داود (٨٦٤)، وصححه الأرناؤوط في شرح السنة ٤ / ١٥٩.

٢– مسلم ٢٩٦٨ في الزهد.

دەنێرین، دەکەوێتە بیرکردنەوە لەخۆی: داخۆ کێ بێت شایەتیم لەسەر بدات؟ ئینجا مۆر ئەنرێ بەسەر دەمیداو، بەڕان و ئێسك و گۆشتی دەوترێت: بێنەگۆ، ئینجا ڕان و ئێسك و گۆشتی دێنە قسەو شایەتی لەسەر دەدەن لەسەر کردەوەکانی، ئەمەش بۆ ئەوەی بڕوبیانووی نەمێنێت). خوای پەروەردگار لەبارەی شایەتی ئەندامەکان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾[1]. واتە: (لەڕۆژێکدا کەزمان و دەست و قاچیان لێیان دەبێتە شایەتێکی گۆیا، لەبەرامبەر ئەو کردەوانەوە کەئەنجامیان دەداو (ئەو بوختانانەی دەیانکرد). وەدەربارەی ئەوەی کەئەوان لۆمەو سەرزەنشتی پێستی خۆیان دەکەن کاتێ شایەتی یان لەسەر دەدات خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ ﴾[2]. واتە: (ئەوسا بە غەمبارییەوە بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لەسەردایین خۆزەرەرتانە؟ لەوەڵامدا دەڵێن: ئەوخوایە ئێمەی هێناوەتە گوفتار کەدەتوانێت هەموو شتێك بهێنێتە قسەو گفتوگۆ).

لەنەفسی خۆتان بپرسنەوە بەرلەوەی لێتان بپرسرێتەوە:

هەرکەس دەیەوێت لەشەرمەزاریو پرسیاری ڕۆژی قیامەت ڕزگاری بێت بالەدنیادا لەنەفسی خۆی بپرسێتەوە پێش ئەوەی لەڕۆژی دواییدا لێی بپرسنەوە، ئەوەتا خوای گەورە یادمان دەخاتەوەو بۆمان باس دەکات کاتێ دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ﴾[3]. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خواناس و پارێزکاربن و لە سنوورەکانی مەترازێن، باهەموو کەسێك سەرنج بدات و بزانێت چی بۆ سبەی دەست پێشکەری کردووە).

١- النور: ٢٤.

٢- فصلت: ٢١.

٣- الحشر: ١٨.

ئەوەیە فاروق کە بەجوانی لەو ئایەتەی خوا تێگەیشتووەو بەرەعیەتەکەی دەڵێت: (حاسبوا أنفسَكم قبل أنْ تُحاسَبوا وزِنُوا أنفسَكم قبل أنْ تُوزَنوا، و تَزَيَّنوا للعرض الأكبر)[1]. واتە: (لەنەفسی خۆتان بپرسنەوە بەرلەوەی لێتان بپرسرێتەوە لەرۆژی قیامەتدا، کاروکردەوەی خۆتان کێشانەو پێوانە بکەن بەرلەوەی لە قیامەتدا بۆتان کێشانەو پێوانە بکەن، خۆتان بەپاکی و چاکی برازێننەوە بۆ ئەو پێشانگە گەورەیە). ئەوە داب و رەوشتی هاوەڵان بووە (خوا لێیان رازی بێت) لەبەر ترسانی زۆر توندیان لەپرسیارو لێ پرسینەوەی رۆژی قیامەت، (عامر بن عبدالله) دەڵێت: (هاوەڵێکی پێغەمبەرمﷺ بینی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا قسەی بۆکردین و وتی: چاکترین کەس لەرۆژی قیامەت دا ئەو کەسەیە لەهەمووان زیاتر لەنەفسی خۆی پرسیوەتەوەو موحاسەبەی کردووە)[2]. کە بەرەی شوێنکەوتووان هاتن هەرئەوەی هاوەڵان دەیان کرد ئەوانیش هەمان کردەوەیان دەکردو دووبارەیان دەکردەوە ئەوەتا (حەسەنی بەصری) لەشەودا ئەوەندە دەگری دراوسێکەی دەخاتە گریان، بۆ بەیانی یەکێکیان دێتە خزمەتیو دەڵێت بەڕاستی شەوێ ئێمەت هەموو خستە گریان، ئەویش پێی دەڵێت: بەخۆمم دەگوت: (ئەی حەسەن گریمان خوای گەورە لەکاتی کەم تەرخەمیو دڵخۆشییەکانتدا بۆت دەڕوانێ دەفەرمووێت: چی دەکەی بیکە من هیچ کام لە کردەوە باشەکانت لێوەرناگرم)[3]. ئەوان بەوهەستەوە دەژیان، بەو باوەڕە قوڵ و پتەوە دڵخۆش و بەختەوەر بوون، دەیانزانی پەروەردگار چی لێ داوا کردوون و چی لێیان دەوێت، بەڕاستی ئەوان کاراو وریاو بەجووڵە بوون، هەریەکێك لەوان بەرامبەر هەزارکەس یا زیاتریش لە ئێمە دەبوون.

ئەگەر بمانەوێ ئەو سەربەرزیو سەروەرییە بۆ ئێمەش بگەڕێتەوە، چار نییەو گومانی تێدا نییە دەبێ شوێن پێی ئەوان هەڵبگرین و ئەوەی ئەوان دەیانکرد بیکەین. ئایا ئێمە ئەوە دەکەین؟.

١- تأريخ عمر – لإبن الجوزي، ص ٢٠١.

٢- الزهد لأحمد، ص ٢٢٦.

٣- الزهد لأحمد، ص ٢٨٠.

مێرگی (٨)

نهێنکاران

ئەو نهێنکارانە کێن؟

ئەوانەن کە دەزانن یەکێك لە مەرجەکانی قبولّ بوونی کردەوەکان (دڵسۆزییە بۆ خوا) دەزانن پێویستە مرۆڤ هەرکارێك ئەنجامی دەدات تەنها بۆ خواو لەبەر خوا بێت، کاتێ ئەوەیان زانی سوورن لەسەر شاردنەوەی کردەوەکانیان بەهیوای قبوولّ بوونیان و ڕاکردن لە مەترسی ڕیاو ڕووپامایی، دوای ئەوەی هەواڵی ئەو سێ کەسە دەخوێننەوە دەزانن لەڕۆژی قیامەت دا ئاگری دۆزەخ دەیانسووتێنێ کە یەکێکیان قورئان خوێنەو یەکێکی تر خێری زۆری کردووەو ماڵی بەخشیوەو، سێ یەمیان تێکۆشەرێکە لەڕێگەی خوادا گیانی بەخشیوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ویست و مەبەستیان بۆ خوا نەبووەو هەریەکە بۆ مەبەستێکی دنیایی بووە)[1].

زێدەڕۆیی لە شاردنەوەی کردەوەکانیان دەکەن لەترسی تۆڵەو سزای قیامەت، پەیڕەوو شوێنکەوتووانیشیان لەسەر ئەو ڕێگایە پەروەردە دەکەن، ئەوە ئیمامی (گەیلانی)یە بەیەکێك لە قوتابییەکانی دەڵێت: (کاریکەو دڵسۆزبە مەڕوانە زۆری کردەوەکانت کەچەندن، دڵنیابە تەنها ئەوەت لێ وەردەگیرێت کە نەت ویستووە کەس بیبینێ جگە لەخوا، هاوار لەخۆت کاردەکەیت بۆ ڕووپامایی خەڵك و دەتەوێت خوای پەروەردگار لێت وەربگرێت ئەوە خۆ گێل کردن و سەر لەخۆ تێکدانە)[2]. وە موفەسیری قورئان شوێنکەوتووی بەشکۆ (أبو العالية) دەڵێت: (یەکێك لەهاوەڵانی موحەمەدﷺ پێی وتم: کار بۆ غەیری خوا مەکە خوا دەتداتە دەست ئەو کەسەی کاری بۆ دەکەی)[3]. کەسانێك دێن لە ڕۆژی قیامەت بەکردەوەی زۆری بەقەد کێوان بەڵام خودا (جله جلاله) دەیکاتە تەپ و تۆزو پەرش و بڵاوی دەکات، لە دنیادا

١- فەرموودەی سێ کەسەکەی فڕێ دەدرێنە ناو ئاگرەوە، مسلم ١٩٠٥.

٢- الفتح الرباني، ص ٢٦.

٣- صفة الصفوة ٣ / ٢١٢.

بەبێ هوودە خۆی هیلاك كردووەو لەڕۆژی دواییشدا توشی ماندووبوونی زیاترو توندتر دەبێت. بۆئەوەیە (نهێنكاران) بەڕووی ئەوانەدا هاواردەكەن كە دڵسۆز نین لەكارو كردەوەیانداو پێیان دەڵێن تەنها خۆ ماندوو دەكەن بەبێ هوودەو هیچیان پێ نابڕێ، قوتابی‌یەكی پێشەوا (حەسەنی بەصری) كەناوی (مالیك بن دینار)ە دەڵێت: (بەوكەسەبڵێن كەناتوانێ لە كردەوەكانی‌دا دڵسۆزو ڕاستگۆبێ باهیچ خۆ ماندوو نەكات)[1].

ئیبنولجەوزی وەسفیان دەكات:

ئیمام (ئیبنولجەوزی) جیاوازی نێوان نهێنكاران و كەسانی تر ڕوون دەكاتەوەو دەڵێت: (ملكەچانەو لەخوا ترسانە خۆ پەروەردە دەكات بۆ ئەوەی دیندارانە قسە بكات، بێدەنگ دەبێت تا بەترسەوە قسە بكات، دنیاگەری وازلێ دێنێت تا دنیا نەویستانە قسەبكات، بەهۆی دڵسۆزی‌و نیەت دروستی‌یان لە ئاشكرایی‌و دیاركەوتنیشی‌دا هەروەكو لەخەڵوەتدابێ، ئەوەندەی بتوانێ بەسادەیی‌و خەندەوە هەڵس وكەوت دەكات تاناوی زاهیدی بەسەردا نەبڕن، ئەوەتا (ئیبن سیرین) لەڕۆژدا پێدەكەنی‌و كاتێ شەویش دەهات و تاریك دەبوو هەروەكو ئەهلی دێی كوشتبێ وابوو)[2]. ئەوان بەم شێوەیە بوون، هیچ شتێ بۆ خەڵك لەحسابیاندا نەبوو بۆ بەردەمی خەڵك كاریان نەدەكردو بەهۆیەوە دوو دڵ و ڕاڕا نەدەبوون، تەنها ویستیان بۆ خوای گەورە بوو، زۆر نیگەران و ماندوو دەبوون كاتێ خەڵك بەتێڕامانەوە بۆی دەڕوانین، ئەوەیە ئیمام (ئیبنولقەیم) داوای دەكات و دەڵێت: (كردەوەت بەسوودو قازانج بكە بەوەی لەخەڵكی ون دەكەیت و بەدڵسۆزی‌یەوە ئەنجامی دەدەیت، وە لەنەفسی خۆشتی ون بكە بەوەی بڕوانیتە چاكەو پیاوەتی‌و ئەنجامی بدەیت و منەت نەكەیت، هەوڵبدە با نە نەفسی خۆت ببینی‌و نەخەڵكی ببینن)[3].

١- صفة الصفوة ٣ / ٢٨٣.

٢- صيد الخاطر / ٣٥٩.

٣- الفوائد / ٧٦، النفائس.

چەند وێنە و نموونەیەك لەشاردنەوەی پەرستش و بەندایەتیان:

شوێنکەوتووی بەڕێز (ئەییوبی سەختیانی) دەڵێت: وەڵڵاهی بەندە ڕاست ناکات جگەلەوەی بەنهێنی ئەنجامی دەدات و هەست بەچاکەو جێگەی ناکات)[1]. وە (حەمماد بن زەید) لە متمانە بوونی بەو قسەیەی دەڵێت: (ئەییوب کاتێ فەرموودە یاقسەیەك کاری تێ دەکرد، یا فەرموودەو قسەیەکی باس دەکردو فرمێسکی دەهات، فمی دەکردو تفی دەکردەوەو دەی وت ئای کە (هەڵامەتێکی توندە)[2].

خۆی وانیشان دەدا هەڵامەتی گرتبێ، ئەوەش بۆ شاردنەوەی گریان و فرمێسکەکانی‌و بەهیوای ئەوەی لەو کەسانەبێت کەخودا دەیانخاتە ژێر سێبەری ڕەحمەتی خۆی لەو ڕۆژەدا کە هیچ سێبەرێك نییە جگە لە سێبەری ڕەحمەتی خوا.

کاتێ یەکێکیان لەدروستکردنی نەخۆشی بۆ شاردنەوەی فرمێسکەکانی سەر نەدەکەوت، ئەوا لەو شوێنە هەڵدەستا لەترسی ئەوە کارەکەی ئاشکرا نەبێت.

ئەوەیە پێشەوا (بەصری) باسی دەکات و دەڵێت: (ئەگەر پیاو لە کۆڕێکدا دانیشتبوو هەنسك و فرمێسکەکانی زۆریان بۆ هێنا بابیان گێڕێتەوەو هەوەڵبدا نەیەنە خوار ئەگەر ترسی ئەوەی هەبوو فریا نەکەوێت و ئاشکرا بێت با لەو شوێنە هەستێ)[3]. ئەوان بەردەوام لەسەر ئەو سیفەتە سوور بوون، ئەوەتا شوێنکەوتووی بەشکۆ (محمد بن واسع) باسی یەکێك لەوان دەکات و دەڵێت: (ئەو پیاوە توانیویەتی ماوەی بیستساڵ بگرێت و خێزانەکەی کە لەگەڵیدا ژیاوە پێی نەزانیوە)[4]، بەڕاستی ئەوە زیادەڕۆیی‌یە لە دڵسۆزیدا، شاردنەوەو پەنهان کردنی کاریان تا ئەو پلەیە بووە، توانیویەتی وابکات کە ژنەکەی کە نزیکترین کەسە لێیەوە بەگریانەکەی نەزانێت لەکاتێکا ئەو شەوانە موناجاتی لەگەڵ پەروەردگاردا کردووەو گریاوە بۆ ماوەی (٢٠ ساڵ) ئەوە لەترسی تووشبوونی بەڕیاو ڕووپامایی.

١- صفة الصفوة / ٢٩٤.

٢- صفة الصفوة / ٢٩٥.

٣- الزهد لأحمد ٢٦٢.

٤- صفة الصفوة ٣ /٢٦٩.

لە تەرجەمەکەی ئیمام (الماوَردي)دا هاتووە هیچ شتێ لەو بابەتە هەمە جۆرانەی ژیانی خۆی دەرنەخستووە، بەڵکو هەمووی لەجێگەیەك داناوە وەکاتێ مردنی نزیك دەبێتەوە بەکەسێك کە متمانەی پێی هەیە دەڵێت: ئەو پەڕاوانەی لە فلان جێگە دانراون هەمووی لەئامادەکردنی خۆمە، کاتێ مەرگ زۆری بۆ هێنام و کەوتمە گیانەڵا دەستت بخەرە ناو دەستم ئەگەر دەستم داخست و گرژ بوو توند گرتم و گوشیم بزانە کە خودا هیچی لێ وەر نەگرتووم، پەڕاوەکان هەڵگرەو لە شەودا بیانخەرە ناو دیجلەوە، بەڵام ئەگەر دەستم درێژ کردو کردمەوەو دەستی تۆم بەسەرمدا توند نەکرد ئەوا بزانە خودا لێی وەرگرتوم و من بەڕاستی سەر کەوتوم لەوەی کە بەهیوای نیەت پاکیو دڵسۆزی بووم، ئەو کەسەش دەڵێت: (لەکاتی سەرەمەرگدا دەستم لەناو دەستیدا بوو، بەڵام ئەو دەستی کردەوەو هیچ دەستی بەسەر دەستم دا دانەخست و نەی گرت و نەی گوشی، ئینجا زانیم ئەوە نیشانەی قبوڵکردنی کتێبەکانیەتی، پاشان کتێبەکانم بۆ بڵاوکردەوە لە دوای مردنی)[1]. ئەو کتێبانەی کە هەموو تەمەنی لە نوسینیاندا خەرج کردووەو شەونخونی لەسەر کێشاوە و نەفسی خۆی لەخەو حەرام کردووە، ئینجا دوای ئەو هەموماندووبوونەی داوادەکات بخرێتە ڕووباری دیجلەوە لەترسی ڕیا.

پێش ئەوەیش ئیمام (الشافعي) دەڵێت: (چەند حەزدەکەم کەخەڵکی فێرین هەرگیز هیچ شتێکی ئەو زانستە نەدەنە پاڵ من و پێم خۆشە هیچ پاداشتێکی لە سەر وەرنەگرم و هیچ سوپاسم نەکرێت)[2].

بەڵێ ئەو واگومان دەبات کە سوپاسی خەڵکی لەئەجرو پاداشتی کەم دەکاتەوەو لەو سیفەتی نهێنکارییەی کە ئەو عەشقییەتی کەم دەبێتەوە.

١- وفيات الأعيان ٣ / ٢٨٢.

٢- البداية و النهاية ١٠ / ٢٥٣.

مێرگی (٩)

خواپەرستانی شەو

ئەوە سیفەتی ئەوەی یەکەم بوو (سوارچاکی ڕۆژو خواپەرستی شەو)بوون، ئەوان کەسانێك بوون نەفسی خۆیان پاك کردبووەوە تا بتوانن بەئاسانی بەسەری زاڵبن دەبوونە گەورەو سەرداری نەفسی خۆیان، ئەوان لێ نەدەگەڕان ببنە بەندەی نەفسی خۆیان چۆنی بوێت وا ئاراستەیان بکات، بەڵکو دەیان ویست بەجۆرێکبن جیاوازبن لەوانەی نەفسیان (الأمارة بالسوء - فەرمانکاری خراپە) کارن، خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ﴾[1]. واتە: (بەڕاستی نەفس ئەگەر بەنووزی خواناسی ئاوەدان نەبێت زۆر فەرماندەرە بە گوناه و هەڵەو تاوان، مەگەر نەفسێك کە پەروەردگارم میهرەبانی پێ کردبێت). ئەوان نەفسیان بەخوێندنی ویردەکان ڕادەهێناو لەژێر ویست و بڕیاری خۆیان دەبوو تاوایان لێدەکرد قورسترین پەرستش بەلایانەوە خۆش و خۆشەویست تر دەبوو، زۆر لەوان دەگێڕنەوە کە بەداخ و پەرۆشی هیچ شتێکەوە نەبوون لە دنیادا بەقەدەر (شەونخونی شەوان و تینویەتی نیوەڕوان) کەبریتین لە هەستان بۆ شەو نوێژ لەشەواندا و بەڕۆژووبوون لە ڕۆژدا، چونکە هەستان لە شەواندا بۆ شەونوێژ لە قورسترینی پەرستشەکانە کە پیشەو کاری ئەوان بووەو پێوەی خەریك بوون، هیچ تام و چێژیان لە پەرستش و موناجات نەکردووە جگە لەو کاتەی شەو داپۆشیون، هەتا قوتابییەك لە قوتابییەکانیان (عطاء بن أبي رباح) والێ دەکات بەم جۆرە وەسفی بکات: (زیندووکەرەوەیە بۆ جەستەو نوورو ڕۆشنایییە بۆ دڵ، شەوق و گەشەیە بۆ ڕوخسار، هێزە بۆ بینین و هەموو ئەندامەکان، کاتێ کەسێ هەڵدەستێ بۆ شەو نوێژ بەڕاستی شادو دڵخۆش دەبێت، ئەگەر لە

١- يوسف: ٥٣.

جێگاکەیدا دەنوێت بەڕاستی دڵ تەنگ و خەمین و دڵشکاوەو هەروەکو شتێکی ون کردبێت و لەڕاستیشدا گەورەترین قازانج و کاری سود بەخش و بەنرخی ون کردووە)[1].

دوای ئەوە ئەو پەرستشە گرانە هیچ قورس و نامۆ نییە لەسەر نەفس، ئەوە پەرستش و عیبادەتێکە خوای پەروەردگار پێغەمبەریﷺ تیادا پەروەردەکرد، پێش ئەوەی ڕەوانەی بکات، لەسەرەتادا فەرزی کرد لەسەر خۆیو شوێنکەوتووانی ئەوەش لەبەرئەوەی بەرەی دامەزرێنەرو بناغە دانەر ناتوانێ بەو ئەرکی بانگەوازە گەورەو گرنگە هەستێ ئەگەر بنچینەیەکی پتەوو توندی نەبێت، ئەگەر لەسەر بناغەیەکی قایم و جێگیر بنیات نەبووبێت، ئەوەبوو (محمد إبن سيرين) داوای دەکرد لە پێشەنگ و پێشەوایانی بەتواناو دامەزرێنەر، دەیوت: (گومانی تێدانییە دەبێت شەونوێژ بکەن تەنانەت ئەگەر بەقەد ماوەی شیر دۆشینێکیش بێت)[2].

عاشقانی شەو:

خۆشەویستیان بۆ هەستان لەشەوداو شەونوێژ گەیشتبووە ڕادەیەك کە شەو تەواو دەبوو دڵیان بۆی تەنگ دەبوو، ئەوەتا ئیمام (سوفیانی ثەوری) دەڵێت: (کاتێ شەو دێ دڵخۆش دەبم پێی، وە کە ڕۆژدێ دڵم تەنگ دەبێت)[3].

چۆن عاشقی شەو نابن کەتیایدا خوای پەروەردگار دادەبەزێتە ئاسمانی دنیاو، ئەوان هەست بەلێ نزیك بوونەوەی زیاتری دەکەن و زیاتر تام و چێژ لە موناجات دەکەن، چۆن عاشقی نابن کەیەکێکە لەو ڕێگایانەی بەسەلامەتی دەیانگەیەنێتە بەهەشت ئەوەش بەفەرموودەی پێغەمبەرﷺ: ((ياأيُها الناس أفشوا السلام، وأطعموا الطعام، وصلوا بالليلِ والناس نيام تدخلوا الجَنة بالسَلام))[4]. واتە: (ئەی خەڵکینە سەلام لەیەکتر بکەن، خواردنی هەژاران بدەن، لەشەودا نوێژبکەن ئەوکاتە

١- البداية و النهاية ٩ / ٢٩٤.

٢- الزهد لأحمد / ٣٠٦.

٣- الجرح والتعديل ١/٨٥.

٤- الترمذي ٢٤٨٧ وصححه الأرناؤوط، الرياض ١١٦٦/٧.

خەڵکی نوستوون، بەسەلامەتی دەچنە بەهەشتەوە). چۆن شەیدای شەو نەبن کە پێشەنگ و خۆشەویستیانﷺ (تیایدا هەستاوەو ئەوەندە شەو نوێژی کردووە تا پێیەکانی ئاوساون). ئەوان بڕیاریان داوەو سوورن لەسەر ئەوەی کە شوێنکەوتووی ئەوبن تا لەگەڵ ئەودا حەشر بکرێن.

وادەو بەڵێنی نەوەکان:

لەبەر سووربوونیان بۆ ئەو پەرستشە، نەوە دوای نەوە وادەو پەیمانی لەسەر دەبەستن، باوکان لە دەروونی ڕۆڵەکانیاندا دەیچێنن، لە (معاوية بن قرة) دەگێڕنەوە کەباوکی لەکاتێکا کوڕەکەی نوێژی خەوتنان دەکات پێی دەڵێت: (بخەوە کوڕم بەڵکو خودا لەشەودا خێری زۆرت پێ ببەخشێت)[1]، وەلە (ئەبی هورەیرە) دەگێڕنەوە کەکۆتایی شەوی دابەش کردبوو، (بۆ خۆی سێ یەکی شەو هەڵدەستا، خێزانەکەی سێیەکی تری شەوو کوڕەکەی سێ یەکی دوایی هەڵدەستا، ئەگەر ئەمیان دەنووست ئەوی تریان هەڵدەستا بەم جۆرە)[2].

هەروەکو فەرموودەکەی پێغەمبەرﷺ بەجێ بهێنێت کە دەفەرمووێت: ((رحم الله رَجُلاً قام من الليل، فصلّى و أيقظ امرأته، فإن أبت نضح في وجهها الماء، رحم الله امرأةً قامت من الليل فصلت، و أيقظتْ زوجها فإنْ أبى نضحتْ في وجهه الماء))[3].
واتە: (ڕەحمەتی خوا لەو پیاوەبێ کە بەشەو هەڵدەسێ شەو نوێژ دەکات و ژنەکەشی هەڵدەسێنێ، خۆئەگەر ژنەکەی بەگوێی نەکردو هەڵنەستا با ئاو بپرژێنێ لە دەم و چاوی، ڕەحمەتی خوا لەو ژنەبێ کەبەشەو هەڵدەستێ شەو نوێژدەکاو مێردەکەشی هەڵدەستێنێ، خۆ ئەگەر مێردەکەی بەگوێی نەکردو هەڵنەستا با ئاو بپرژێنێ لە دەم و چاوی).

١- الزهد لأحمد ١٨٧.

٢- الزهد لأحمد ١٧٧.

٣- أبو داود ١٣٠٨.

کۆت و بەندی هەڵە و تاوانەکان:

کاتێ کابرایەك دێتە خزمەت (حەسەنی بەصری) کەوازی لە شەونوێژ هێناوەو نایکات، ئەویش دەیگێڕێتەوە بۆ کۆت و بەندبوونی بە گوناه و دەڵێ لەبەرئەوەیە لەو خێرە گەورەیە بێ بەش بووەو کە تیایدا گفتوگۆو موناجات لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەکات و تیایدا بەسەر نەفسدا سەر دەکەوێت، وەتیایدا لە کێشهێزی ئەو قورە بەرزدەبێتەوە، لەوێدا هاوار دەکات و پێی دەڵێ: (ئەگەر ناتوانی لەشەودا بۆشەونوێژ هەستی و لەڕۆژدا بەڕۆژوویی چاك بزانە کە تۆ بەش براو بوویت و هەڵەو تاوانەکانت کۆتیان کردوویت)[1].

وە گوناه و تاوان بەکۆت و زنجیر دادەنێت کەڕێگری دەکات لە ڕەخساندن و سەرکەوتنی بۆ ئەنجامدانی ئەو خێرەو گومانی تێدا نییە کە دەبێ تەوبەیەکی دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە بکات، داوای پاك بوونەوەو لێخۆشبوون لەخوا بکات تابەڵکو دڵی بۆ ئەو پەرستشە بکرێتەوەو بەهۆیەوە خۆشحاڵ و بەختەوەر بێت، ئەوەتا پیاوێك دێتە خزمەتی (حەسەنی بەصری)و پرسیاری لێ دەکات: (ئەی باوکی سەعید: ناتوانم شەوانە هەستم و شەو نوێژ بکەم! پێی دەڵێت: ئەی کوڕی برام داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەو بگەڕێرەوە بۆلای ئەو، ئەوە نیشانەی خراپەکارییە)[2]. وە وتی: (کاتێ مرۆڤ تاوانێك دەکات بەهۆیەوە لەشەو نوێژ بێبەش دەبێت)[3].

جابەڕاستی کێ دەیەوێت لە کۆمەڵی ((خواپەرستانی شەو بێت)) هیچی لەبەردەمدا نییە تەنها ئەوەنەبێت دوور بکەوێتەوە لەگوناه و تاوان و بەسەر نەفسی خۆیدا سەرکەوێت.

١- حەسەنی بەصری – لإبن الجوزي، ص ١٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ص ١٤.

٣- حەسەنی بەصری – لإبن الجوزي، ص ١٤.

مێرگی (١٠)

ئەو ملکەچی و لەخواترسییەی ونە

ئەو دیاردانەی لەسەر زۆر کەس دەست بەدیارکەوتن دەکەن وەکو ڕەقیـەتی دڵ و وشـك بـوونی چـاوەکان و شـپرزەیی‌و پەشـێوی جەسـتەو نـەمان و لـەناو چـوونی سەرنج و تێڕامان و وردبوونەوە بەهۆی ئەو مـاددەو سـامانەوەیە کـە دڵمـانی داگیر کردووە، وای لێهاتووە:

((بەشداری کردنمان لە نوێژەکانمان و قورئان خوێنـدن و سـەردانی گۆڕسـتان و نەخۆشخانەکان و هـەتا کۆچـی دوایـی یەکێکیشـمان)) هـیچ لـە قورئـان خوێنـدنمان زیادناکەن وە ئەگەر زیادیشی بکەن بەدڵ هۆشیاری خوێندنەوەکەی نییەو بیری لـێ ناکاتەوە، وەستان لەشەوداو شەونوێژ لەسەر زۆری نەفسەکان قورس و گرانەو کاتێ بۆ نوێژگردن هەڵدەستن زۆر بەخێرایی تەواوی دەکەن و بەپەلـە هـەڵی دەپـرووکێنن، ئەوە ئەو ماددەیە نـاخی دڵـەکانی پـیس و ژەنگـاوی کـردووە، وە دڵـەکان توانایـان نییە بگەڕێتەوە باری ڕاست و تەندروستی خۆیان هەتا پاك نەکرێنەوە لەهەموو ئـەو ژەنگ و پیسی‌یەی پێوەی پەیوەستن.

ئەوەتا ئەمیری ئیمانداران (عوسمانی کوڕی عەفان) دەست لەسەر ئەو دیاردەیە دادەنێ‌و دەڵێت: (ئەگەر بێت و دڵەکانتان پـاك بکەنـەوە ئـەوا هـەرگیز لـە وتـەکانی پەروەردگار تێر نابن)[١]. پـاك کردنـەوەی جەسـتە بـەئاو بـەس نیـەو پێویسـت نییـە بەقـەد پاکردنـەوەی دڵـەکان لـە وابەسـتە بوونیـان بـەدنیاوە بـۆ گەیشـتن و وەدەستهێنانی ئەو ملکەچیو لەخوا ترسی‌یەی ونیان کردووەو لەدەستیان چووە.

١- الزهد لأحمد / ١٢٨.

لەنێوان ملکەچی ڕاستەقینە و خۆ ملکەچ کردندا:

ملکەچیو لەخوا ترسانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئیمام (ئیبنولقەیم) باسی لێ کردووەو ناوی ناوە: (ملکەچ بوون و خۆبەکەم زانینی باوەڕ) و بەم جۆرە دەیان ناسێنێ: (بەدڵ ترسانە لە خواو بەگەورەو خاوەن دەسەڵات و شکۆو ویقارو شەرم و سام و هەیبەت زانینی خوا، دڵی دەشکێنێتەوە بۆ خوا شکانێکی کۆگیرو پڕ لەترس و شەرم و خۆشەویستیو ڕێز لێنانی، وە دیتن و داننان بە نیعمەتەکانی خواو داننان بەهەڵەو تاوانەکانی خۆیدا، ئەوەیە بەدڵ ترسان و ملکەچ بوون کەگومانی تێدا نییە بەم جۆرە ئەندامەکانیش وا لێ دەکات ملکەچ بن و شوێنەوارو کاریگەری ئەو بەدڵ ترسانەیان پێوە دیار بێت. ئەوەیە هەستکردن بە دەسەڵات و گەورەییو فەرمانداریەتی خواو، هەست کردن بەوە کە تۆ لەنێوان دەستیدا وەستاویت و هەروەکو چۆن ئەو نازو نیعمەتانە دەبینیو دانیان پیا دەنێی کە پەروەردگار پێتی بەخشیوەو ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا باسی کەم و کوڕیەکانی خۆت دەکەیت لەبەردەم ئەو چەند نیعمەتەی کە شەرم و حەیای بۆ هێشتوویەوەو پێی داوی، لەوێدا دڵ والێ دەکات بشکێتەوەو دەگاتە لوتکەی شکاندنەوەو خۆ بەکەم گرتن، هەرکاتێ بیرلە تاوان و سەرپێچیو خراپەو کەم و کوڕیەکانی خۆی دەکاتەوە لەگەڵ ئەو هەموو ڕەحمەت و میهرەبانییەی خوا بەرامبەری هەیبووە، ئەوا بەدڵ دەترسێو ملکەچ دەبێت و ئەندامەکانی ئاگادار دەکاتەوە بەڵام ملکەچیو خۆبەکەم گرتنی فێڵاویو ئەنقەست ئەوەیە کە ئیمام (ئیبنولقەیم) ناوی ناوە (ملکەچی دووڕوویی)و بەم جۆرە وەسفی دەکات: (دەست بەدروست کردنی دەکات لەسەر ئەندامەکانیو ترسی خوای لە دڵدا نییە، هەروەکو هەندێ لە هاوەڵان دەیان فەرموو: (پەنادەگرم بەخوا لە ملکەچ بوونی دووڕوویی) وترا: ملکەچی دووڕوو چۆنە؟ وتی: دەبینی جەستەی دەترسێ بەڵام هیچ ترس و ملکەچ بوونێك لە دڵیدا نییە)[1].

١- الروح / ص ٢٣٢.

ترس و ملکەچی نەویستراو و ناپەسەند:

کەسانێك هەن وادەزانن ملکەچیو خۆ بەکەم گرتن و لەخوا ترسان بریتییـە لـە: سەردانەواندن و بەهێواش ڕۆیشتن و دەنگ نزم کردنەوە) ئەوەیان لـەبیرکردووە کـە ملکـەچ بـوون و خـۆ بەکـەم زانـین لەدڵەوەیـە، ئـەوەتا ئـەمیری بـاوەڕداران ئیمـامی (عومەر–سەلامی خوای لێبێ) دەبینێ، پیاوێك لە نوێژەکەیدا ملی دانەواندووە، پێی دەڵێـت: ئـەی خـاوەن گـەردن گـەردنت بەرزکـەوە لەخواترسـی و ملکەچـی لـەمل و گەردنەکاندا نییە بەڵکو لەدڵەکانداییە)[1]. خۆ عومەر (سەلامی خـوای لێـبێ) بەڕاسـتی لەخوا ترس و خوا پەرست بوو، وەکو (عائیشە سەلامی خوای لێبێ) وەسفی دەکات کاتێ دەبینێت: (کۆمەڵێك لاو بەخاویو بەهێواشی بەڕیدا دەڕۆیشتن لەهاوەڵـەکانی دەپرسێت ئەوانە کێن؟ ئـەوانیش دەڵـێن: صـۆفیو لـەخوا ترسـن ئـەویش دەڵێـت: عومەری کوڕی خەطاب کە بەڕێگادا دەڕۆیشت بەخێرایی دەڕۆیشت، کـە قسـەدەکرا گوێی دەگرت، لەکەسێکی دابا ئێش و ئازاری زۆری پـێ دەگەیانـد ئەگـەر خـواردنی دەخوارد تێری دەخوارد بەڕاستی صۆفیو لەخوا ترس و خوا پەرستیش بوو)[2].

لەگـەڵ ئـەوەش ئـەو گـەردنی دانەدەنەوانـدو لـە ڕۆیشـتنیش دا خاوخلیچك و هێواش نەبوو، (حەسەنی بەصری) لەوەسفیدا دەڵێ: (عومەری کـوڕی خـە طـاب – سەلامی خوای لێبێ– لەویردەکانیدا ئایەتێکی خوێنـدەوە هەنسـکی دەداو هەناسـە برکێی پێکەوتبوو، بۆ ماوەی چـەند ڕۆژێك لەماڵدا مایـەوەو بـەجۆرێ تاسـابوو کـە وایاندەزانی نەخۆش کەوتووە)[3].

بەردەوامی کۆمەڵی لەخواترس و ملکەچان:

بەرەی خەلیفەو هاوەڵانی بەڕێز بەشوێن یەکداو یەك بەدوای یەکدا شـوێن پـێی ئەوانیان هەڵدەگرت، ڕۆڵەکانی هـاوەڵان کـە ناودارترینیـان (ئیبنوزوبـەیر –سـەلامی خوای لێبێ) بوو، ئەو کەسەی کە(یحیی بن وثاب) لەبارەیەوە دەڵێت:

١– مدارج السالكين ١ / ٥٢١.

٢– مدارج السالكين ١ / ٥٢١.

٣– الزهد / ١١٩.

(ئیبنـو زوبـەیر کـاتێ سـوژدەی دەبـرد چۆلەکەکان دادەبارینـە سـەر پشـتیو لەسەری دەنیشتنەوە وایان دەزانی دیوار یان کۆتەرە دارێکە)[1]. ئەو ڕۆدەچووە نـاو سـوژدەکانیو موناجـاتی لەگـەڵ پـەروەردگاریدا دەکـرد، دڵـی وابەسـتەی بـەدی هێنەرەکەی دەبوو هەروەکو بەچاوی ببیبنێ، چی لـەو چرکە ساتانە جوانترە کـە بەنــدە ئەوەنــدە بەرزدەبێتــەوە تــا ئــەو جێگەیــە هەرچــی وابەســتەی دنیــاو ڕاکێشــەرانییەتی بــەری دەداو لــەبیری دەباتــەوە، وەبــەرەی شــوێنکەوتووانیش فێردەبوون لەوانە، ئەوە (مەسروق)ە بە (سـەعیدی کوڕی جوبـەیر) دەڵێـت: (ئـەبا سەعید هیچ شتێ نییەو نەماوە ڕەغبەت و ئارەزوو بۆی هەبێ جگـە لـەوەی ڕوومـان بەو خۆڵە تۆزاوی بکەین)[2]. ئـەو حەسـرەت و خەفـەت بـۆ هـیچ شـتێکی ئـەو دنیایـە ناخوات کەبەجێی دەهێڵێت، جگە لەو چرکەساتانەی کە تیایدا لـەخوای خـۆی نزیـك دەکاتەوە، دەڵێت: (هیچ شتێ لەدنیا نییە جێگای ئەسەف بێ، جگـە لەسـوژدەکان کە بۆ خوای دەبەین)[3].

ئەوانــە کەســانێك بــوون کــاتێ لەبــەر دەســتی خــوای خۆیــان ڕادەوەســتان هەستەکانیان لەکاردەکەوتن هیچیان لـە دەسـت نـەدەماو نـەدەهات جگـە لەملکـەچ کردن و خۆبەکەم گرتن لەبەر دەمیـدا، لەتەرجەمەکـەی (محمـد بـن نصـر المـروزی) وتەیەکی (ئەبی بەکر ئەحمەد بن ئیسـحاق) هـاتووە دەڵـێ: (دوو پێشـەوام ناسـیوە لەوان بەختەوەرترم نەدیوەو نەناسیوە ئەوانیش (ئەبا حاتـەم ئـەلرازی و موحەمـەد بن نەصرلمەروزی) بوون، بەڵام کەسێکم نـەدیوە نوێـژی لـە(موحەمـەد بـن نەصـر) چاکتر بووبێ، ئەو پێی ڕاگەیاندم کە زەردەواڵەیـەك لەسـەر ناوچـەوانی نیشـتۆتەوە تاوای لێکردووە خوێن بەڕوخساریەوە تنۆك تنۆك ڕێچکەی گرتـووە بـەڵام جوڵـەی نەکردووە)[4].

١- ئەوەش لەزۆری مانەوەو درێژکردنەوەی سوژدەکان.

٢- الزهد / ٣٤٩.

٣- الزهد / ٣٤٩.

٤- طبقات الشافعية ٢ /٢٢.

فرمێسکە بەرزو بەنرخەکان:

ئەوەئاگری گوناه و سەرپێچی‌یە دەچێتە دڵی مرۆڤەوەو دەیکاتە خەڵوزێکی ڕەشی وشك هەڵاتوو، هیچ شتێ دانامرکێنێتەوەو تینویەتی ناشکێنێ جگە لەو فرمێسکانەی لەکاریگەری ترس لەلێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت هەڵدەقوڵێن و دادەبارن و، هەست کردن بەچاودێری خودایی لەسەر هەموو قسەو وتارو کردەوەیەك، لەبەرئەوەیە ئیمام (حەسەنی بەصری) لەسەر ئەو فرمێسکە بەرزو بەنرخانە دەڵێت:

(هیچ چاوێك فرمێسك نارێژێو دانابارێنێ لەترسی خوا ئیلاخوا ئاگر لەسەر جەستەی حەرام دەکات ئەگەر هاتنە خوار بۆ سەر ڕوومەتی ئەوا ئەو دەموچاوە هەژاری‌و سوکایەتی ناشیرینی ناکات، هیچ کارێ نرخ و بەهاو پاداشتی بەقەد ئەو فرمێسکانە نییە کە لەترسی خوا دێن و بەویستی خوا گەرمی ئاگر دادەمرکێنن و دەیکوژێننەوە، ئەگەر پیاوێك لە ئوممەتێکدا لەترسی خوا بگری ئومێدم وایە خوای گەورە ڕەحم بەو ئوممەتە بکات بە تێکڕایی بەهۆی فرمێسکەکانی ئەو پیاوەوە)[1].

ئەوەیە بڵێسەی سەر پێچی‌و بێ ئاگایی کە بەسەر دڵەکانماندا دێن و دەگۆڕێن لەنێوان ئەوو لەنێوان ملکەچی‌و لەخوا ترساندا، ئایا بەو فرمێسکە بەرزو بەنرخانە دەیکوژێننەوەو بەم جۆرە وەڕێ دەکەوین؟؟.

١- حەسەنی بەصری/ ص ٩٦.

مێرگی (١١)

شوانی دەوری پاوان

پێغەمبەرﷺ وەسفی ئەوانە دەكات كە دەكەونە ناو (شبهات- گومانلێكراوەكانەوە) بەو شوانانەی مەڕەكانیان لەدەوری پەرێزو پاوانەكان دەلەوەڕێنن و نزیكە بكەونە ناوییەوە، مادام لەدەوروبەریدا دەلەوەڕێنرێن. هەرئەوەندە یەكێك كەوتە گومان لێكراوەكان، كە لەنێوان حەلاڵ و حەرامدایە، گومانی تێدا نییە ڕۆژێك دەبێ بكەوێتە حەرامەوە لەبەرئەوەی (كاروبارە گومان لێكراوەكان هەیە حەلاڵەو هەشیانە حەرامە. پێشەوا (قەسطەلانی) لەسەر ئەو فەرموودەیە باسێكی هەیە تیایدا دەڵێت: (سوێندت دەدەم بەخوا هەرشتێ یاكارێك لەحەلاڵییەكەی دڵنیانەبووی وازی لێ بهێنە، چۆن پێغەمبەرﷺ وازی لە دەنكە خورماكە هێناو ترسا لەوەی زەكات یان (صدقە - خێر) بێت، بەرزترین پلەی وەرع ئەوەیە وازلە حەلاڵ بهێنی لەترسی ئەوەی بتخاتە حەرامەوە، هەروەكو ئەوەی (إبراهیم كوڕی ئەدهەم) كرێی ئیشەكەی خۆی وەرنەگرت چونكە گومانی هەبوو كارەكەی بەچاكی ئەنجام دابێ‌و، لەبەر توندی برسێتییەكەی نوشتابووەوە)[١].

(مەیموون كوڕی مەهران) دەڵێت: (پیاو لەحەلاڵدا سەلامەت دەرناچێت هەتا لەنێوان ئەوو حەرامدا پەردەیەك لەحەلاڵ دروست نەبێت)[٢]. هەر ئەو هۆیەش بوو (هاوەڵانی بەڕێز - ڕەزای خوایان لێبێ) والێكردبوو زۆر لەكاروباری حەڵاڵیان وازلێهێنابوو لەترسی ئەوەی بكەونە حەرامەوە.

كۆچی وەرع:

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێ- هیچ گوناهێكیان بەبچووك نەدەزانیو هەرگیز نەدەكەتنەوە گومانلێكراوەكان، بەڵكو ئەوەی لەبەرچاوی ئێمە زۆر وردو بچوكە لای

١- إرشاد الساري: ١ / ١٩١.

٢- الورع لأحمد / ٤٤.

ئەوان لەگوناهە گەورەکان بوو، ئەوە (عوبـادە یـە – ڕەزای خـوای لێبـێ) قسـە بـۆ شوێنکەوتوان دەکات وەك پێشەواو ڕابەرێك و دەڵێت: (ئێوە کاری وادەکەن کـە لـە بەرچاوتان لە تاڵە موویەك کەمترو بچوکترە، بـەڵام ئێمـە لەسـەردەمی پێغەمبـەری خواداﷺ بەگوناهە گـەورەکان و تـاوانی وێرانکارمـان دەزانـی)[1]. ئـەوە لەسـەردەمی شوێنکەوتواندا ئەوە دەڵێت، ئەی ئەگەر ئەو سەردەمەی ئێستای ئێمەی دیتبـا چـی دەگوت؟؟.

تێڕوانین و بیرکردنەوەیان بۆ تێڕوانینی خودابوو:

غەم و پەژارە بـۆ ئـەو کەسـەی لەسـەردەمی ئێمـەدا بەموسـڵمانانی سـەردەمی یەکەم دەڵێت:

(ئەوان پیاو بوون و ئێمەیش پیاوین) نەخێر نەوەڵا قسـەی ئەوکەسـە نەڕاسـتەو نەدادگەرانەیـە، پیـاوەتی تـەنها بـەمانای نێرینـەیی نایـەت، بـەڵکو بـەمانای چـەند سیفەتێکی ڕەسەن و بنچینەیی دێت کـە هـیچ سـەردەمێك وەکـو سـەردەمی یەکـەم تێرو تەواو نەبووە، ئەوان کەسانێك بوون توانایان هەبوو بەسەر دنیاوە بەڵام نـەیان دەویست و تیایدا تەنها ئەوەیان دەویست کەلای خوایە، نموونـەش بـۆ ئـەوە خـوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الْأُولَىٰ﴾[2]. واتە: (بێگومان قیامـەت و دوارۆژ چـاکترە بـۆ تـۆ لـەدنیا). بەڕاسـتی ئیمـام (ئیبنولجـەوزی) چـاکی وتـووە کەدەڵێت: (وەڵلاهی بەو کەسە دەڵێن پیاو کاتێ حـەزی لـە حەرمکراوێکـەو توانـای هەیە بیکات و بۆی تینوو دەبـێ، بـەڵام کـە بـۆی دەڕوانـێ دەزانـێ حەرامـەو نـەهی لێکـراوە، ئەوەنـدە شـەرم دەکـات بکەوێتـەناوی، تالەبەرچـاوی دەبێـزرێو تینوێتییەکەی دەڕوات و وازی لێ دێنێ)[3].

١– الورع (١٥).
٢– الضحى: ٤.
٣– صيد الخاطر / ١٣٧.

فاروق وەرع دەزانێ و فێرمان دەکات:

ئەوە ئەمیری باوەڕداران ئیمامی (عومەر – ڕەزای خوای لێبێ) کە توانای هەیە لەسەر دنیاو بەڵام نایەوێ، دەستی لێ هەڵگرتووەو کاریگەری قیامەتی لەسەرە، لەترسی لێپرسینەوەی خودایی لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر هەر فلسێك کەبەناڕەوا وەری گرتبێ، باشترین نمونە لە (وەرع)ی ئەو کەلە سەردەمی ئێمەدا لە ئەفسانەو خەیاڵ دەچێت و دەگێڕدرێتەوە، لەو نموونانەش (ڕەزای خوای لێبێ) کەلەسەری باسکراوە (عەتر –بۆنێك– لەبۆنی موسڵمانانی دەداتە دەست خێزانەکەی، خێزانەکەشی دەی فرۆشێت– عەتارەکە ئەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێی فرۆشتم لێی کەم و زیاد دەکردو سەرەکەی بەددانەکانی شکاندو هەندێ لەبۆنەکەی بەپەنجەیەوە کردو دواتر بەسەر سەرپۆشەکەیدا هێنا–، عومەر هاتەوەو وتی: ئەو بۆنە چییە؟ ئەوەی ڕوویدا بوو بۆم گێڕایەوە، ئەویش بەخێزانەکەی وت: بۆنی موسڵمانان وەردەگریو خۆتی پێ بۆن خۆش دەکەی! سەرپۆشەکەی لەسەری کردەوەو ئاوی پێداکردو پاشان لەخۆڵی وەرداو ئینجا بۆنی پێوەکرد، ئەئاوای دەکرد ماشاءالله[1]. بەم جۆرە لە پرسیاری خوا ترساوە لەڕۆژی قیامەت لەسەر ماڵی موسڵمانان. خۆزگەلەسەردەمی ئێمەدا ژیابا و دیتبای گەورەو سەرۆکەکانی چی بەماڵ و سامانی موسڵمانان دەکەن.

خوشکەکانی بیشری حافی و ئیمامی ئەحمەد:

هەواڵی ژیان و بەسەرهاتی عومەرو (ڕەزای خوای لێبێ) هاوەڵە بەڕێزەکان (ڕەزای خوایان لێبێ) نەوەیەك لەدوای خۆیان پەروەردە دەکەن کە جیابوون لەهەموو نەوەکانی تر لە (عیزەت و ورد بینیو بەتوندگرتنی ئیمامی ئەبوبەکرو وەرع و لەخواترسی ئیمامی عومەرو حەیای ئیمامی عوسمان و زرنگ و ژیریو زیرەکی ئیمامی عەلی – ڕەزای خوای لێبێ). وە ئیمامی ئەحمەد کەناوبانگی وەرعی ئەو زۆری لێ دەگێڕدرێتەوە لەهەموو گومان لێکراوەکان هەتا پەرتوکێك لەسەری

١– الورع ٣٧ / ٣٨.

دانراوەو تیایدا هاتووە: ژنێك پرسیاری لێ دەكات و دەڵێت: ئێمە لەبەر ڕووناكی چرای پاسەوانەكان تەشی دەڕێسین، ئایا دەشێ‌و ڕێگە دراوە ئێمە سوود لە ڕووناكی چرای ئەوان وەربگرین؟ ئیمام ئەحمەد لە توندی وەرعی ئەو ژنەو وردی پرسیارەكەی سەری سوڕ دەمێنێ‌و حەزدەكات بزانێ ئەو ژنە كێیە؟ پرسیاری لێ دەكات: (تۆ كێیت خوا عەفوت بكات؟) ئەویش دەڵێت: خوشكی بیشری حافیم، ئیمام ئەحمەد دەگری و دەڵێت: لەماڵی ئێوەدا بەڕاستی وەرعێكی ڕاستگۆیانە هەیە)[1]. ژنێك پرسیار لەسەر ڕێپێدانی ڕستن دەكا كاتێ ڕووناكی چرای پاسەوانەكان لێیان دەدات، ئەی ئێمە چی بڵێین لەكاتێكا ڕێگە بەخۆمان دەدەین هەموو هۆیەك و وەسیلەیەك بۆ ئەنجامدانی كاری خۆمان بەكاربهێنین ، بەكار هێنانێكی (كەسی – شخصی) و تیایاندا هەیە كەیەكێك ڕادەسپێرێ بلیتی كاری لەسەرەتای كارەوە بۆ ببڕێت بەڵام بەچەند سەعات دواتر بۆی دەبڕێ‌و وانازانێ كەئەوە دزییەو هەست بەئازاری ویژدان و دەروونیش ناكات.

ڕۆڵەكانیان فێردەكرد:

دەگێڕنەوە (سولەیمان كوڕی حەرب) وتی: گوێم لە(حەماد كوڕی زەید) بوو دەیوت: (لەگەڵ باوكم دا بووم و پارچەكایەكم لە دیواری خانوویەك دەرهێنا، ئەویش پێی وتم: بۆچی دەرتهێناو لێتكردەوە؟ وتم: ئەوە تەنها چڵە پوشێكە! وتی: ئەگەر بێت و هەركەسێ پوشكە پوشكە یا چڵ چڵ ئەو كایە لەو دیوارە بكاتەوەو دەری بهێنێ ئایا دیواری ئەو خانووە هیچی پێوە دەمێنێ؟)[2]. ئەو كوڕەكەی خۆی فێركرد كە چڵە پوشێك كەم و بچوك نییە، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا نەكەوێتە گوناهی لەو پارچە كایە گەورەتر، نموونەی ئاوازۆزن كەئەوان چۆن منداڵەكانیان پەروەردەكردووە لەسەر وەرع و چاندنی ترسی خوا لە دڵ و دەروونیاندا.

١– إرشاد الساري ١/١٩١.

٢– الورع: ١٤.

مێرگی (١٢)

خۆشەویستی دنیا

پیری سەربۆز- بەساڵاچوو:

(عەلاء کوڕی زیاد) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەخەودا بینیم خەڵکی بەدوای شتێ دەکەوتن، منیش شوێنی کەوتم، کاتێ دەرکەوت پیرێژنێکی بەساڵاچووی ڕووتی بەرەڵا بەهەموو شیرینیو جوانییەکەوە، لێم پرسی تۆ کێیت؟ وتی: من دنیام، وتم: داوا لەخوا دەکەم لەلای من بێزراوو ناشیرینت بکات، وتی: بەڵێ، ئەگەر درهەم و دینار لەلات بێزراوو ناشیرین بێ)[١].

خۆشەویستی بۆ پارەو سامان ڕەگەزێکی سەرەکیە بۆ دنیا خۆشویستن، نەفسیش بەسروشتی خۆی پارەوسامانی خۆش دەوێت، خاوەن پارە چۆن حەزدەکات پارەکەی زیاد بکات هەروا حەزدەکات هیچی لێ کەم نەبێتەوە چونکە وادەزانێ ئەو سامانەی موڵکی ڕاستەقینەی ئەوەو تەنها هی خۆیەتی، ئەوەی لەبیر کردووە، یا شەیتان لەبیری بردۆتەوە کە ئەو ماڵ و سامانە موڵکی خوایە دەیبەخشێت بەهەرکەسێك بیەوێت و، وەری دەگرێتەوە لە هەرکەسێ بیەوێت، هەروەکو فیتنەو گێچەڵە بۆ مرۆڤ، جگە لەوانەی کە هەست بەحەقیقەتی ماڵ و سامان دەکەن و، خوای گەورە ماڵێکی زۆری پێ بەخشیون و دەسەڵاتی پێداون لەسەر بەکارهێنانی لەکاری خێردا، ئەو ماڵەی هەیانە لەدەستیاندایە و ناچێتەناو دڵیانەوە لەبەر ئەوەیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەمەدحیاندا دەفەرمووێت:

﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾[٢].

واتە: (ئەوەی خۆی لەنەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵبێت بەسەریدا، ئائەوانە هەر سەرفرازن).

١- زهد: ٢٥٥.

٢- حشر: ٩.

بەڵێ: ئەوانە ناهێڵن ببنە بەندەی نەفسی خۆیان و گوێی پێ نادەن هەتا دەبنە کەسانێك کەلە کۆت و بەندی ڕزگار دەبن و سەرفرازی دنیاو قیامەت بەدەست دەهێنن.

خۆڕاگری لەبەردەم فریوخواردن بەپارەو سامان:

ئەوە ئیمام (ئەبو حەنیفەیە) کە یەکێکە لەوانەی بەسەر نەفسی خۆیاندا سەرکەوتوون و هیچ خۆشەویستی‌یەك نەچووەتە دڵیانەوە جگە لە خۆشەویستی خوا، وەهەموو زەبوونی‌و چاو شۆڕی‌یەکی بۆ جگە لەخوا وەلاناوەو نەی‌کردووە، کاتێ (مەنصور) فەرمان دەدات:

(دەهەزار درهەمی پێ بدرێت، ئەو کەسەی فەرمانەکە بەجێ دەگەیەنێ (حەسەن کوڕی قحطبە)یە، کە (ئەبو حەنیفە) هەستی پێ‌دەکات ئەوەی بۆ دەنێرن، قسەلەگەڵ کەسداناکات هەروەکو بووراببێتەوەو لەهۆش خۆی چووبێت، لەو ڕۆژەدا پارەکەی بۆ دەنێرن، کاتێ نێردراوەکە (حەسەن کوڕی قحطبە) دێت دەچێتە ژووری بۆلای، پێی دەڵێن: ئەمڕۆ هیچ قسەیەکی نەکردووە، وتی: چۆن دروستی کەم؟ وتیان: ئەوە دەیبینی، ڕات چی‌یە؟ ئەویش پارەکەی لە سوچێکی ماڵەکەیدا لە جێگە نوێژەکەیدا بۆی داناو ڕۆیشت، ئەو پارە زۆرە لەو شوێنەدا مابووەوە، کاتێ (ئەبو حەنیفە) وەفاتی کرد (حمادی) کوڕی لەماڵ نەبوو، کەگەڕایەوە لە دوای وەفاتی باوکی (بڕەپارەکەی) هەڵگرت و چووە بەردەرگای(حەسەن کوڕی قحطبە)و داوای ڕوخسەتی کرد، ڕوخسەت دراو چووە ژوورەوە، وتی: من لە ڕاسپاردەکەی باوکم دا ئەوەم دۆزی‌یەوە:

(ئەگەر منت ناشت ئەو بڕە پارە زۆرەی کە لە فلان شوێنەیە لە سوچی ماڵەکەدا هەڵی بگرە و بیبە بۆ (حەسەن کوڕی قحطبە)، ئنجا وتی: ئەوەش ئەو پارە (بارمتە کراوە ئەمانەتەیە کە لەلای ئێمە دانرابوو)[1].

١- أخبار أبي حنيفة/ ص ٦٣.

ئەو لەو پیاوانە بوو کەحەقیقەتی ماڵ و سامان بەتەواوی دەزانن و تێدەگەن و مامەڵەی بەم جۆرە لەگەڵدا دەکەن.

حەقیقەتی ئەو ماڵەی هەتە:

دەبینین (حەسەنی بەصری) هاوار لەو کەسانە دەکات کە چاوچنۆکی کوێری کردوون و پەردەی بەسەردڵداداون، ناگەڕێنەوەونایانەوێت حەقیقەتی پارەو سامان و گێچەڵەکانی ببینن و، واگومان دەبەن هەرچی ماڵ و سامانێك کۆیان کردۆتەوە بەتەنها موڵکی خۆیانە، ئالێرەدا پێیان دەڵێت:

(ئەی ئەوەی ئادەم، ماڵەکەم پارە و سامانەکەم، ئایا ئەوە ماڵ و سامانی تۆیە کە دەیخۆیت و لەناوی دەبەیت، یائەوەی لەبەری دەکەیت و کۆن و شڕی دەکەیت، یائەوەی دەیبەخشیت و تەواوی دەکەیت)[1].

ئەوانەی هەست بەو حەقیقەتە دەکەن هەرئەوانەن کە نایانەوێت نەفسیان بخەنە سەر شتی بۆش و بۆگەن، لەبەرئەوەی خۆیان لەسەر کاروباری ڕاست و بەرزڕاهێناوە، نەفسیان وابەستەی بەرهەمی ئەو باڵندە سەوزانەیە لەحەوش و باخەکانی بەهەشت دا دەفڕن، دنیا لە تێڕوانینی ئەواندا هیچ نییە جگە لە کەلاکی بۆگەن، بۆ کەسانێك کەداواکاری قیامەتن گونجاو نییە هیچ نرخێکی بۆ دانێن و تینووی بن و ئەوداڵی بن و خۆشیان بوێت، بەم جۆرە ئیمام (ئیبنولقەیم) بەزمانحاڵی ئەوان قسە دەکات و دەڵێت: (دنیا کەلاکی بۆگەنەو شێریش ناکەوێتە سەر کەلاکی بۆگەن و ڕزیو)[2].

چێژەکانی دنیا:

ئەوانەی هەست بەحەقیقەتی دنیاو بەلاو تاقیکاری‌یەکانی دەکەن، قیامەت بەسەر دنیادا هەڵ دەبژێرن، کاتێ لەڕاستی نەمان و بەجێهێشتنی ئەم دنیایەو، نەمریو مانەوەی بەهەشت و نازو نیعمەتەکانی تێ دەگەن، بەراووردی نێوان

١- الزهد/ ٢٧٤.

٢- الفوائد/ ص ٦٨.

ئەمەدەکەن و، نەمریو مانەوە هەڵدەبژێرن بەسەر لەناوچوون و نەمان و، دەزانن ئەوەی لە دنیادا هەیە هەمووکاتین، هیچت بەبێ هەوڵ و کۆشش و ڕەنج و ماندووبوون تیادا دەست ناکەوێت، ئیمام (ئیبنولجەوزی) ئەو ڕاستی‌یە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (لەدنیادا کەس لەوە گێلتر نییە کە کۆتا چێژی دنیا داوادەکات، لەڕاستیشدا لە دنیادا هیچ چێژێك نییە، بەڵکو تەنها پشوویەکی کەمە لەو ئازاردەرە)[1].

١- صيد الخاطر/ ص ٣٢١

مێرگی (١٣)

ئەوە دنیاکەتانە
کە بایەخی پێدەدەن

(ئیمام ئەحمەد) لە کتێبی (الزهد) باس دەکات کە ئەمیری باوەڕداران (ئیمامی عومەر- ڕەزای خوای لێبێ) بەلای سەرئوێلکێکدا تێپەڕی لەسەری وەستا هەروەك ئەوەی هاوەڵان بخاتە نارەحەتی‌یەوەو بەهۆیەوە ئازار بکێشن، پێی وتن: (ئەوە دنیاکەتانە کە ئەوەندە لەسەری سوورن بایەخی پێ دەدەن)[1]. (فاروق) بەم جۆرە شوێنکەوتووانی پەروەردەدەکات.

لە حەقیقەتی دنیا ئاگاداریان دەکاتەوەو بیریان دەخاتەوە ئەو دنیایەی خەڵك زۆری بۆ تینوون لەبەرچاویان هیچ نییە جگە لە سەر زبڵێکی پڕ لەهەموو ڕەنگێکی جیاوازو هیچی وای تێدانییە سوودێکی هەبێ یا بۆ کاریێ بشێ، هەموو ئەوەی تیایدایە بۆگەن و ڕزیوو خراپە لە سیپاڵی کۆن و شڕو ونجڕو، گیانداری خواردنی کەڕوواوی‌و بۆنکردوو، لەکانزاو ئاسنەواڵەو تەختە شکاوو شەق بوو ژەنگاوی‌و، پاشماوەو بەجێماوی مرۆڤ و گیانەوەرانە کەواتە بایەخدان بەدنیایەك کەئەوە نمونەکەیەتی سوودی چی‌یە، بۆ ئەو ڕاستی‌یەش خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ وَإِنَّا لَجَٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا ﴾[2].

واتە: (بێگومان ئێمە هەرچی لەسەر ڕووی زەوی‌دا هەیە کردوومانە بەهۆی ڕازاندنەوەی، تاتاقیان بکەینەوە کامیان کارو کردەوەی چاکترو ڕێك وپێکتر ئەنجام دەدات. (نیعمەتەکان بۆ چاکە بەکاردەهێنێت). بێگومان ئێمە سەرەنجام هەرچی

١- الزهد لأحمد ص ١١٨.

٢- الكهف: ٧-٨.

لەسەر ئەم زەوییەدا هەیە تەختی دەکەین و دەیکەینە گۆڕەپانێکی وشك و برنگ و ساف).

سڕبوان و نوستووانی ناو سوژدە:

دوای ئەمیری باوەڕداران (عومەر – ڕەزای خوای لێبێ) یەکێك لەگەورە شوێنکەوتوانی هاوچەرخی ئیمام عومەر هات، کە پەروەردە ببوو بەکاریگەری ڕێبازەکەی ئەو بۆ شوێنکەوتنی، وەگوازرایەوە بۆ ولاتی (مصر) تا پەروەردە عومەرانییەکەی بگوازێتەوە ئەو ولاتە، ئەوەتا یەکێك لە شوێنکەوتووەکانی کە (ئیبراهیم کوڕی محمد کوڕی المنتشر)ە دەڵێت:

(هەموو ڕۆژێکی هەینی (مەسروق) سواری هێسترێك دەبوو منیشی لەدوایەوە هەڵ دەگرت پاشان دەچوو بۆ سەر زبڵێك پڕ لە گۆزە شکاوی کۆن، ئنجا هێسترەکەی بەناودا دەبردو دەیوت: دنیا لە ژێر پێمانە).

ئەوە بۆچوونی (مەسروق) بوو لە حەقیقەتی دنیا. دەترسا لەوە کە هەندێ لەکاتی خۆی لەیادی غەیری خوادا لەدەست بچێت، ئەوە خێزانەکەیەتی دەڵێت:

(مەسروق ئەوەندە نوێژی دەکرد هەتا پێیەکانی دەئاوسان، تاوای لێدەهات من دادەنیشتم و دەگریام کاتێ ئاوای لەنەفسی خۆی دەکرد)[1].

هاوەڵێکی ئەو دەبینین (سەعیدی کوڕی جوبەیر) کە موفەسیری قورئانە پێکەوە بوونی ڕۆژی هەینیان باس دەکات و دەڵێت: مەسروق پێی وتم:

(شتێ نەماوە دڵ ئارەزووی بکات جگە لە خۆڵاویو تۆزاوی کردنی ڕواڵەتی خۆمان بەو خۆڵەو، هیچ جێگای خەفەت و ئاخ هەڵکێشان نییە جگە لەسوژدە بردن بۆ خوای پەروەردگار)[2]. ئارەزووی چی ئەم دنیایە بکات کە ئەو بەسەر زبڵێکی دەچووێنێ لەژێر پێیەکانی هێسترەکەی، لەڕۆژێکی گەرمی هاویندا بەڕۆژوو دەبێو لەتووندی گەرمالەهۆش خۆی دەچێت، کچەکەی کە ناوی عائیشەیە دێت و دەڵێت:

١- سير أعلام النبلاء ٤ / ٦٥.

٢- سير أعلام النبلاء ٤ /٦٦

(بابەگیان ڕۆژووەکەت بشکێنەو ئاوێك بخۆوە، ئەویش وتی: چیت لەمن دەوێ کچەکەم؟ کچەکەی وتی: سۆزو بەزەیی‌یەك، باوکی لەوەڵامی‌دا دەڵێ: کچی خۆم بەڵکو دەمەوێ لەگەڵ نەفسی خۆمدا میهرەبان و بەبەزەیی بم لەڕۆژێکدا کەماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە)[1].

ئەو گەرماو برسێتی‌و ئازاری نەدەناسی کاتێ بیری لەگەرماو برسێتی‌و ئازاری ئەو ڕۆژە درێژە دەکردەوە، حەقیقەتی ئەم دنیایەی چاك دەزانی‌و لەلای زۆر بێ نرخ و کەم بایەخ بوو، نەدەبووە بەندەو دیلی دنیا، چ هیلاکی‌و ماندوو بوونێك لە ماندوو بوونی ڕۆژەکانی (حەج) زیاترە، کە پێغەمبەرﷺ بەجیهادو تێکۆشانێکی بێ‌درك و داڵی لێکداوەتەوە، دەبینین مەسروق یەك شەوی لێ ناڕوات بەبێ هەستانی بۆ شەونوێژ هەتا (ئەبو ئیسحاق) لەبارەیەوە دەڵێت:

(مەسروق حەجی دەکردو وەڵاهی نەمانـدیوە بەخەوتوویی جگە لەکاتی سوژدەبردنی لەسەر ڕوو هەتا دەگەڕایەوە)[2].

حەسانەوە نییە جگە لەژێر درەختی (طوبا):

هەرکەس قیامەتی بوێت و لە پێناوی‌دا تێبکۆشێ، بێگومان دەبێ شەکەت و ماندوو بێت لەبەرئەوەی دنیا بۆ پشوودان و حەسانەوە دروست نەبووە، خانەی مانەوەو جێگیربوون نییە، بەڵکو گومانی تێدا نییە کە بانگخوازان دەبێ ئەوە بزانن کە دنیا خانەی تاقیکاری‌یەو پردێکە بۆ قیامەت بۆئەوەیە (ئیبنولقەیم) هاواردەکات و، دەڵێ کێ هەیە لەدنیادا ئاسوودەیی‌و حەسانەوەی بوێت و ئەمڕۆو سبەی پەیڕەو بکات هەتا تەمەنی کۆتایی دێت و هیچی پێشکەش نەکردووەو لە پێش خۆیدا بەڕێی نەکردووە.

(بۆ خوا پەرست هیچ جێگایەکی بۆ حەسانەوەو پشوودان نییە جگە لە ژێر درەختی (طوبا) و بۆ خۆشەویست هیچ جێگیرییەك و خۆڕاگرییەك نییە جگە لەڕۆژی

١- سير أعلام النبلاء ٤ / ٦٨.

٢- سير أعلام النبلاء ٤/ ٦٥.

(قیامەت– زیادکردن) لەدنیادا ئەوەندە خەریکبەو کاری تێدا بکە تا بۆ دوای مردنت بەست بێت)[1].

ئــەوە ئاگاییدانــە بەهــەر بانگخوازێــک کــەوا گومــان ببــات ئەوەنــدە کــاتی لەبەردەستە کە هەرچی حەزبکات دەتوانێ بیکات و جێبەجێی بکات، بەڵکو کات وەکو تیخ وایە ئەگەر نەیبڕیت دەتبڕێت، وە ئەهلی بەهەشت هیچ ئاخ و حەسرەتیان بۆ هیچ شتێ نییە لەقیامەتدا جگە لەو ساتانەی لەدنیادا بەبێکارو کردەوە لەدەستیان چووە، لەکۆنەوە بەخواپەرستێکیان وتووە:

(چەند نەفست ماندوو دەکەیت؟ ئەویش دەڵێ: دەمەوێ ئاسوودەی بکەم).

١– الفوائد/ ص ٩٠ ، النفائس.

مێرگی (١٤)

حەقیقەتی بەختەوەریو خێر لەخۆ نەدیوی

موسلیم لە(صحیح)ەکەیدا دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((يُؤْتَى بأنعم أهل الدنيا من أهل النار فيصبغ في النار صبغة فيقال له يا ابن آدم هل رأيت خيراً قط؟ هل مرَّ بك نعيمٌ قط؟ فيقول: لا والله يارب. ويُؤتي بأشد الناس بؤساً في الدنيا من أهل الجنة فيصبغ صبغة في الجنة فيقال له: يا ابن آدم هل رأيت بؤساً قط؟ هل مرَّ بكَ شدَّة قَط؟ فيقول: لا والله مامَرَّ بي بُؤسٌ قَط. ولا رأيتُ شدَّةً قَط))[١].

واتە: (بەختەوەرترین کەس لەدۆزەخیەکان لەڕۆژی قیامەت دەهێنرێت، یەکجار هەڵدەژەنرێ لەئاگر پاشان پێی دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم ئایا هەرگیز خێرو خۆشیت دیوە؟ ئایا هەرگیز نیعمەتی خوا بەسەرتا تێپەڕیوە؟ ئەویش دەڵێت: نەبەخوا ئەی پەروەردگار. ئنجا خێر لەخۆ نەدیوترین کەسیش لەدنیادا لەبەهەشتیەکان دەهێنرێت یەکجار لەبەهەشتا هەڵ دەژەنرێت پاشان پێی دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم ئایا هەرگیز ناخۆشیت بەخۆتەوە دیوە؟ ئایا هەرگیز سەختی بەسەرتا تێپەڕیوە؟ ئەویش دەڵێت: نەبەخوا هەرگیز ناخۆشیم لەژیانمدا نەدیوە، هەرگیز سەختیم نەدیوە).

خێر لەخۆنەدیوترین کەس:

لەناو خەڵکی دنیادا باوەڕداری وادەیە لەژیانێکدایە پڕیەتی لە بەدبەختی، لەهەژارییەکی پڕ لەداماویو بێ چارەیی، لەئازارو دەربەدەریو چەوسانەوە لەدەست کەسانی قەومەکەی نەك لەسەر گوناه یائەنجامدانی تاوان بەڵکو لەسەر وتنی (لا إله إلا الله محمد رسول الله)، یا لەسەر نەبردنی سوژدەو رکوع بۆ غەیری

١- مسلم: ٢٨٠٧، صفات المنافقين.

خوا، یالەسەر نەدانە پاڵی هیچ ناوو سیفاتێکی خوایی بەجگە لەخوا، ئەوانە لەبەهەشتی‌یەکانن لەڕۆژی قیامەت دا دەخرێنە بەهەشتەوەو لە نازو نیعمەتی بەهەشت هەڵدەژەنرێن و دوای ئەوە لێی دەپرسن ئایا هەرگیز ناخۆشیت دیوە؟ ئایا هەرگیز سەختی بەسەرتدا تێپەڕیوە؟ سەرەڕای تەنگ پێ هەڵچنینی دیمەنە بەدبەختی‌و کەساسی‌یەکانی کەلەدنیادا بەسەری هاتووەو تیایدا ژیاوە بەهەموو جۆر و قەبارەکانییەوە، سەرەڕای ئەوەی تەنگەتاوی‌و داماوی زۆری بۆ هێناوە لەبەڵاو گێچەڵ و کارەسات و تاقیکردنەوەی زۆر لەدنیادا، بەڵام لەو چرکە ساتانەدا کەئەو بەهەشتە دەبینێ سوێند بەخودا دەخوات کە هیچ بەدبەختی‌یەکی نەدیوە، کەئەو بەسروشتی خۆی لەدنیادا درۆی نەکردووە، ئایا لەو ڕۆژە ترسێنەرەدا چۆن درۆ دەکات؟!

ئەوە درۆ نییە، بەڵام ئەوە هەستێکە وای لێ دەکات ئەو کاتەی لەبەهەشت هەڵدەژەنرێت و کۆشك و تەلارەکانی بەهەشت دەبینێ خشتێ لەزێڕو خشتێ لەزیو، ئەو ڕووبارانە دەبینێ بەژێریاندا دەڕۆن، لە ڕووبارەکانی شیرو هەنگوین و شەراب و ئاو لەدیمەنێکدا کەهەرگیز لەدنیادا نەی دیوەو نەبووە، خاکەکەی دەبینێ لەزەعفەران و قوڕی لە میسك و بەردو چەوی لۆلۆ و، حۆریەکانی دەبینێ کە ئەگەر هەر یەکێکیان ببینی لەئاسمان تیشك و ڕووناکی خۆر دادەپۆشن و تەلارەکانی لەشێوەی خەیمە دروستکراون هەموو وەك شوشەو ئاوێنە بەندن خێزانەکانی بڕوادار لەناویدان و، باڵندەکانی بەو هەموو ڕەنگە جوان و گەشانەوە دەبینێ‌و،.... دەبینێ‌و....دەبینێ‌و.... ئەوە وای لێدەکات هەموو ئەو بەدبەختیانەی لەدنیادا بینیویەتی لەبیری دەکات و سوێند بەخوا دەخوات کە هەرگیز سەختی بەسەریدا تێ نەپەڕیوەو هیچ ناخۆشی‌یەکی نەدیوە.

چۆن دەژین و گوزەران دەکەن؟

مرۆڤ کە لەدنیادا دەژی کاتێ لەحەقیقەتی دنیا تێدەگات کە بزانێ سەرزەمینی تاقیکاری‌یەو ڕاڕەوە بۆ قیامەت بەجۆرێ تیایدا دەژی کە غەریب بێت، وەکو

پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردووە لەکاتێکا بە (ئیبنو عومەر) دەڵێت: (كن في الدنيا كأنك غريبٌ أو عابِر سبيل)[1]. واتە: (وا لەدنیادا بژی هەروەکو غەریبێك یا ڕێبوارێك).

هەروەها ئیبنو عومەر دەڵێت: (کە ئێوارەت لێهات چاوەڕوانی بەیانی مەبەو ئەگەر بەیانیت کردەوە چاوەڕێ مەبە ئێوارەت لێ دابێت لەکاتی تەندروستیتدا بەشی کاتی نەخۆشیت وەرگرەو لەژیانیشتدا بەشی مردنت)[2].

بەم شێوەیە دەژیو بەتەواوی هەستی بەماناى ژیانی کردووە، غەریب ئەو ڕاستیەیە دەزانێ کە ئەو زەوییەی لەسەری دەژی دەبێ هەر بەجێی بهێڵێ جالەهەرکاتێکدا بێت، وەکو نیشتەجێیەك هەڵس وکەوتی تێداناکات، ڕێبواریش هەر بەم جۆرە بیردەکاتەوە لەبەرئەوە بەڕێبوار ناوبراوە چونکە لەو شوێنەدا نامێنێتەوە کە پێیدا تێدەپەڕێت، بەڵکو بەخێرایی تێدەپەڕێت بەرەو نیشتمانە ڕەسەن و ڕیشەییەکەی، کەواتە بەم هەستەوە گوزەران دەکات، هەمیشە لەڕۆیشتندایەو ئەو توێشووە هەڵدەگرێو لەگەڵ خۆیدا دەیبات کە یارمەتی دەدات بەگەیشتن بەو ڕێگایەی دەیگەیەنێتە نیشتیمانە ئەصڵیەکەی کە بەهەشتە، نەفسی خۆی پڕچەك دەکات بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لەوەی لە ڕێگا لای دەدات یارێگای پێ دەبڕێ یائەوەی هەیەتی لە دەستی بدات.

بەختەوەرترین کەس:

بەڵام ئەوانەی ناتوانن ئەو هەستەیان هەبێت و بەم جۆرە لێی تێبگەن، ئەگەر هەریەکێکیان خاوەنی چەندین نازو نیعمەتی دنیایی بێ لەماڵ و سامان و پلەوپایەو ناوبانگ و تەلارو زیندەوەرو خانەدانیو دەسەلات و هۆزو خزمەتکارو سەربازو چەك و هتد..

ئەگەر تەنها یەکجار لەئاگری دۆزەخ هەڵژەنرێت و هەست بەوگەرمییەی بکات کە شەست و نۆ جار لەئاگری دنیا گەرمترەو ئەو درەختی (زەقنەموت)ەی کە

١- الترمذي/٢٣٣٤.

٢- البخاري/ الفتح ٦٤١٦.

لەناخی دۆزەخدا ڕوواوەو لق و پۆپی بەناو دۆزەخ دا بڵاو بۆتەوەو بەرو بوومەکەی خۆراکی دۆزەخی‌یەکانەو سك و ڕیخۆڵەکانیان دەکوڵێنێت و ئەگەر یەك دڵۆپ لەو بتکێتە دنیاوە ژیان لە ئەهلی سەر زەمین تێکدەدات، وە ددانی بێبڕوایان دەبینیٚ هەریەکێکیان بەقەد شاخی (ئوحود) دەبێت و ئەو پێستە ئەستوورەیان دەبینیٚ، ئەو ئاوە گەرمە دەبینیٚ دۆزەخی‌یەکان لێی دەخۆنەوەو ڕیخۆڵەکانیان لەت و پەت دەکات و ئەو کانزا تواوە دەبینیٚ دەڕژێتە سەر سەریان وەگریان و ناڵەو هاوارو پەشیمانی دۆزەخیەکان دەبینیٚ.... دەبینیٚ...و..... دەبینیٚ.... کە نەچاو بینیویەتی‌و نە گویٚ بیستوویەتی لەوجۆرە سزایانەی کە هەر بەخەیاڵی مرۆڤدا گوزەری نەکردووە، کەئەوانە دەبینیٚ هەرچی بەختەوەری‌و نازو نیعمەت و خۆشگوزەرانی جوان و فراوانی دنیا هەیە لەبیری دەکاو سوێند بەخوای پەروەردگار دەخوات کە هەرگیز خۆشگوزەرانی نەدیوەو مانەوەی لەدنیادا لەبەر چاو ون دەبیٚ تاکەمترین ماوەی حەقیقەتی سەرزەمین.

مێرگی (١٥)

زوهدێکی ناتێگەیشتوانە

زۆر لەخەڵکی باوەڕیان وایە (زوهد و دنیانەویستی) کورت هەڵدێ لە بەرگ و خواردن و پۆشاك و تەرکی کارو تیمارکردن و شتی تر، ئەوانە زیانیان زیاترە لەکەڵکیان و، وێنەیەکی ناشیرین و شێواو لە حەقیقەتی زوهد لە ئیسلامدا پێشکەش دەکەن، بەجێبەجێ کردنی هەندێ نەریت و ڕەفتاری ئایینە لارو لەوێرەکانی وەك بوذیو ڕەهبەتە کە خوای گەورە فەرمانی نەکردووە لەسەر بەندەکانی، ئەوان بەو کارو کردەوانەیان لە دین دوور دەکەونەوەو بەشێکی زۆریش لەخەڵکی دەتۆرێنن و دەترسێنن لە پابەند بوون بەدینەوە.

زوهد بە فالودە:

(روح کوڕی قاسم) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پیاوێك لەناسیاوەکانی لەسەر شێوەی ئەوانەی کە لەحەقیقەتی زوهد بێ ئاگان خواپەرستی کردووەو گوێ ی لێ بووە کە وتوویەتی: بەلای منەوە (چێشتی تێکەڵە)[1] یا (فالودە) حەڵاڵ نییە، لەبەرئەوەی ناتوانم لەسەری سوپاس گوزاری خوا بکەم)[2].

(روح) دەچێتە لای ئیمام (حەسەنی بەصری)و داوای لێ دەکات ئەم تێگەیشتنە نەشیاوەی بۆ ڕوون کاتەوەو لەڕووی شەرعییەوەو لەژێر ڕێنمایی پێغەمبەرﷺ هاوەڵە بەڕێزەکانی، ئیمامی حەسەن دەڵێت:

(ئەو مرۆڤێکی ناتێگەیشتو گەوجە، وەلەسەر ئاوی ساردیش سوپاسی خوا ناکات)[3]. وە ئەوەی ئیمامی حەسەن وتی حەق و ڕەوایەو ڕاستە، لەکاتێکدا ئاو گەورەترینی نیعمەتەکانی خوایە کە بەخوڕ بەسەر مرۆڤەکانیدا باراندووەو هەموو

١- لە کوردەواری خۆماندا دەڵێن (چێشتی مجێور).

٢- الزهد لأحمد/ ص ٢٦٤.

٣- الزهد لأحمد/ ص ٢٦٤.

شتێ بەزیندوویی دەهێڵێتەوەو بەراورد ناکرێ لەگەڵ (فالودە) لەسەری سوپاس گوزار نەبێ ئایا ئەوە مانای ئەوەیە بەگوێرەی ئەو بەهەڵە تێگەیشتنەی ئەوان بێ دەبێ ئاوی ساردیش تەرك کەین.

لەنێوان زوهدی پێغەمبەر ﷺ و زوهدی داهێنراودا:

کەسانێك هەن بوونە داهێنەری جۆرەها شێواز بۆ زوهدو، زۆر جیاوازن لەڕێنمایی پێغەمبەرﷺ ئەو داهێنانەیش تەنها لەسەردەمی شوێنکەوتوواندا نەبووە کە ئیمام (بەصری) ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بەڵکو لەسەردەمەکانی دوای ئەوانیشدا دووبارە بووەتەوە، بەردەوام دووبارە بووەتەوە هەرکاتێ شوان نقومی دنیا بووەو وازی لە ڕەعیەتی هێناوەو بێ ئاراستەیەکی دینی ماوەتەوە، هەل دروستبووە تاخاوەنی ئەو داهێنراوە پڕو پوچانە یاری بەئاوەزو ئەقڵی ساویلکەی هەندێ کەس بکەن شتێ بەبەریان ببڕن کەلە ئایینەکەیاندا نییە، ئەوەش زیاتر لەسەردەمی لاوازبوونی دەوڵەتی عەباسیدا بەدیارکەوت، کە خەلیفەکان بەدنیاو ڕابواردنی دنیاوە خەریك بوون، زاناکان هەوڵیان دەداو پەیڕەوو بەرنامەی دروستیان بۆ ناو خەڵك دەگێڕایەوە، لەناودارترینیان ئیمام (أبو الفرج بن الجوزي) کە بەردەوام وە ئاگای دەهێنانەوەو باسی حەقیقەتی زوهدی (پێغەمبەرﷺ دەکردو باسی ئەو داهێنراوە ناپەسەندەشی دەکرد کەهێناویانەو گۆڕیویانە، پێغەمبەرﷺ هەر خواردنێ هەبووایە دەیخوارد، ئەگەر گۆشتی لێبوایە دەیخواردو گۆشتی مریشکی دەخواردو، حەزی لەخواردنی شیرنەمەنیو هەنگوین بووەو، هیچ باسێ لەو نەگێڕدراوەتەوە کەڕێگری کردبێ لەشتی شیاو و ڕێگە پێدرا و، (جارێك (فالودە) یان هێنا بۆ ئیمامی (علی- ڕەزای خوای لێبێ) ئەویش لێی خواردو وتی: ئەوە چییە؟ وتیان: نەورۆزە، ئەویش وتی: هەموو ڕۆژێکمان نەورۆز بێت).

بەلام خواردن لەسەر تێری نەویستراوەو ناپەسەندەو، بەرگ و پۆشاك بۆ فیزو لەخۆبایی بوون و خۆ هەڵکێشان بەهەمان شێوە ناپەسەندو نەویستراوە، پێغەمبەرﷺ پۆشاکێکی لەبەر کردووە بەبیست و حەوت وشتر کڕیویەتی، (تەمیمی داری) پۆشاکێکی بەهەزار درهەم کڕیو شەونوێژیشی پێوەکردووە، کەسانێك هاتن،

وایـان پیشـان دەدا زوهـد دەکـەن و ڕێبازێکیـان داهێنـابوو ئـارەزووی خۆیـان پـێ دەڕازانـدەوەو پاشـان بـەدوای بەڵگـەدا بـۆی دەگـەڕان و داوایـان دەکـرد، لـەکاتێکا پێویستە مرۆڤ شوێن بەڵگە بکەوێت، نەك ڕێبازێك دابێنیو بـەدوای بەڵگەهێنانـەوەدا بۆی بگەڕێت و داوای بکات[1]، زوهدی ڕاستەقینە ئەوەنییە واز لەخواردن بهێنرێت، یا بە کەنارگرتن لە خەڵکی نییەو، لەبەرکردنی پینەکراو نییـە، بـەڵکو لەڕاسـتیدا زوهـد بریتییە لە تێگەیشتن لە حەقیقەتی دنیاو، دانانی لەناو دەستدا نەك لەناو دڵ، هـەتا ئەگەر شتێکمان لەدنیادا لەدەست چوو خەفەتی بۆ نەخۆین.

دوای ڕوودانی (زوهد بە فالودە) حەسەنی بەصری (فرقد السبخی) بینی کە لـەو کەسـانەبوو زۆر خوانـاس بـوون و بەصـۆفی ناویـان دەبـردن، جبەیـەکی خـوری لەبەردابوو، حەسەن جبەکەی گرت و پێی وت:

(ئەی کوڕی فرقد –دووجار یا سێ جار– تـەقوا و لـەخوا ترسـان لـەو بـەرگ و پۆشاکەدا نییـە، بـەڵکو تـەقوا ئەوەیـە لـەدڵ دا ڕەواو جێگیرەو ڕاسـت گۆییـە لـەو کارەدا)[2].

١- صيد الخاطر، المكتبة العلمية/ص ٢٧.

٢- الزهد / ٢٦٧

مێرگی (١٦)

کێشانەی ڕۆژی دوایی

(کێشانەی ڕۆژی دوایی) تەواو جیاوازە لە(کێشانەی دنیا) لەبەر ئەوەی مامەڵەو کاروباری خەڵکی سەر دنیا بە شتومەکی دەست لێ دراوو هەست پێکراوو بەرچاوو بەردەمیان لەدنیادا پێوانە دەکەن، نەك ئەوەی لێیان نادیارو شاراوەیە لەبەرامبەردا (کێشانەی ڕۆژی دوایی) بەو کاروبارە نادیارانە دەکرێت کە پەیوەندیان بە قیامەتەوە هەیە، هەرچی قازانجی دنیایی بێ مانای وانییە کە بۆ (کێشانەی قیامەت) قازانج بێ، هەروەها زیانیشی بەمانای زیانی قیامەتی نییە، بەڵکو ڕەنگە ئەوپەڕی قازانجیشی بێ، هەروەها ڕووخان و سەرکەوتن و، مردن و ژیان، بەختەوەریو کەساسی، بەهێزی و لاوازی، زۆری و کەمی، تاریکیو ڕووناکی، عیزەت و زەلیلی، دەوڵەمەندیو هەژاری،.... وەهەروەها لەبەرئەوەیە پێغەمبەرﷺ هاوەڵانی (ڕەزای خوایان لێبێ) لەسەر کێشانەو پێوانەی قیامەت) پەروەردە دەکرد.

مایە پووچ لە ڕۆژی قیامەتدا:

جارێك پێغەمبەرﷺ لەناو هاوەڵان دانیشتبوو پرسیاری لێ کردن: ((أتدرونَ ما المُفلِس؟ قالوا: المفلس فينا من لا درهمَ له ولا متاع)).

واتە: فەرمووی: (ئایا دەزانن مایە پوچ کێیە؟ وتیان: لەناو ئێمەدا مایەپوچ کەسێکە نەدراوی هەبێ نەکەلوپەل و دارایی).

ئەوەیە (ترازووی دنیا) بۆ (مایە پوچ). بەڵام ترازووی قیامەت تەواو لەوە جیایەو، داراییو سامان هیچ پەیوەندی نییە بە دیاریکردنی کێشەی (مایە پوچ)یو (دەوڵەمەندی) لەبەرئەوە پێغەمبەرﷺ وەڵامی دانەوەو فەرمووی: ((إن المفلِس مِن أُمَّتي مَن يأتي يوم القيامة بصلاةٍ و صيامٍ وزكاةٍ، ويأتي قد شَتَم هذا و قَذَف هذا، و

أَكَلَ مـالَ هـذا، و سَفَكَ دَمَّ هـذا، وضـرب هـذا، فيَعْطِـي هـذا مِـن حسـناته و هـذا مِـن حسناته، فإن فنيتْ حسناتُه، قبل أنْ يقضي ما عليه، أخـذَ مِـن خطايـاهم فطرحـتْ عليه، ثم طُرِحَ في النار))[1]. واته: (مایـه پـوچ لەئوممـەتی مـن ئـەو کەسـەیە لـەرۆژی قیامەت بەنوێژو ڕۆژوو و زەکاتی زۆرەوە دێت، بەڵام جوێنی بـەفڵان داوەو، قسـەی ناشیرین و نابـەجێی بەفیسـار وتـووەو، مـاڵی فڵانـی خـواردووەو، خـوێنی ئـەوی بەناهەق ڕشتووەو، لەفڵانی داوەو ئازاری پـێ گەیانـدووە، بـەم جـۆرە لەچاکەکانی هەڵدەگرن و دەیدەن بەو کەسـانەی هـەقیان بەسـەریەوەیەتی‌و سـتەمی لێکـردوون، هەتا هەموو چاکەکانی تەواو دەبێت پێش ئەوەی ئەو مافەی بەسەریەوەیەتی تـەواو ببێت، ئنجا لەگوناھ و تاوانی ئەوان هەڵ دەگرن و دەدرێتە ئەو کەسەو پاشـان فـڕێ دەدرێتە ناو ئاگر).

ئەو هەموو کردەوە زۆرانەی لە نوێژو ڕۆژوو و زەکات هیچ سوودی پێ ناگەیەنن، بەهۆی ئەو کردەوە خراپ و ستەمانەی کردوونی تووش دەبێت.

قازانـج و زیان:

هاوەڵی بەشـکۆ (صـوهەیبی ڕۆمـی) یـەکێك بـووە لـە سـاماندارو دەوڵەمەنـدانی مەککە، لەکاتی کۆچ کردنی‌دا بـۆ مەدینـە، بـێ بڕواکـانی قـوڕەیش هەرچـی هـەیبوو دەستیان بەسـەردا گـرت، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوکاتـەی ئـەو لەمەککە بوێرانـە کـۆچ دەکات گوێبیستی پێغەمبەری خواﷺ دەبێت دەفەرمووێت: (ربح صوهيب)[2].

واتە: صوهەیب قازانجی کرد.

بەڕاستی لە(ترازووی قیامـەت)دا ئـەوە بـەقازانج بـۆ صـوهەیب لێـك دەدرێتـەوە لەبەرئـەوەی دنیـای لـەناو چـووی بەقیامـەتی هـەتا هـەتایی فرۆشـت، لەکاتێکـدا لە(ترازووی دنیادا) بەزەرەر بۆی دادەنرێت لەبەرئەوەی شتێکی دیارو بەدەستەوەی فرۆشتووە بەشتێکی ونی نادیاری نەبینراو..

١- مسلم (٢٥٨١) كتاب البرّ و الصلة.

٢- الحاكم و صححه الألباني، فقه السيرة (١٦٦).

دەوڵەمەندو هەژار:

هەروەکو پێغەمبەری خواﷺ باشترین نموونە لەسەر (مایە پوچ)ی ڕاستەقینە دەهێنێتەوە، هەروەها دەبینین هاوەڵە بەڕێزەکانیش-ڕەزای خوایان لێبێ- فێری تەرازوویەکی تر دەکات بۆ (کێشانەی ڕۆژی دوایی) ئەویش پەیوەندی بەو (دەوڵەمەندیو هەژارییەوە نییە)، پێغەمبەرﷺدەفەرموویێت: ((ليس الغِنَى عَن كَثْرَةِ العَرْض، ولكنَّ الغنى غني النفس))[1].

(ئیبنو بطال) دەڵێت: (ئەو فەرموودەیە مانای ئەوەیە: حەقیقەتی دەوڵەمەندی لەزۆری دراوو ساماندا نییە، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەوانەی کە خوا ماڵێکی زۆریان پێدەدات قەناعەتیان نییەو هەوڵی پەیداکردنی ماڵ و سامانی زیاتر دەدەن و گوێ نادەنە ئەوەی لە کوێوە دێت، هەروەکو ئەوە وایە هەژارین ئەوەندە بەتوندی سوورن لەسەر گرنگی دان بەسامان و پەیدا کردنی، بەڵکو حەقیقەتی دەوڵەمەندی بریتییە: لە دەوڵەمەندی دڵ و دەروون، ئەو کەسەی قەناعەتی هەیە بەوەندە ماڵەی هەیەتی، پێی ڕازییەو ئەوەندە پێ داگری ناکات لەسەر زیادکردنیو بەردەوام لەهەوڵی داواکردنیدا نییە بۆیە وەکو ئەوە وایە دەوڵەمەند بێت).

وەرناگرێت جگە لە دەوڵەمەندەکان:

لەبەر ڕۆشنی حەقیقەتی ئەو تەرازووە لەلای دنیانەویستی ڕاستگۆ (ئیبراهیمی ئەدهەم) هیچ بەخشش و دیارییەکی لەکەس وەرنەدەگرت جگە لەوکەسانەی کە بەدەوڵەمەند وەسف دەکران لە تەرازووی (ڕۆژی دوایی)دا ئەوەتا لەتەرجەمەکەیدا هاتووە کە پیاوێك پێی دەڵێت: (ئەو جبەیەم بەدیاری بۆتۆ هێناوە حەزدەکەم لێم وەربگریت، ئەویش دەڵێت: ئەگەر دەوڵەمەند بیت لێت وەردەگرم، بەڵام ئەگەر هەژاریت وەری ناگرم، پیاوەکەش دەڵێت من دەوڵەمەندم، ئەویش وتی: چەندت هەیە؟ پیاوەکە دەڵێت: دوو هەزار.. (ئیبراهیمی ئەدهەم) دەڵێت: دەتەوێت

١- البخاري: الفتح (٦٤٤٦).

بیکەیتە چوار هەزار؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ. ئەویش دەڵێت: کەواتە تۆ هەژاریت لێت وەرناگرم)[1].

ئەوان بەم جۆرە لەدنیادا دەژیان و، بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد، هیچ کامیان نەیان دەویست ببنە بەندە بۆ (کێشانەو پێوانەی دنیایی)یەکی لەناو چووی گۆڕاو، بەڵکو بەردەوام ڕوویان دەکردە (کێشانەو پێوانەی ڕۆژی دوایی) تا لەسەر ڕاستە شەقامی دنیا بەردەوام بن و لێی لانەدەن هەتا بەسەلامەتی دەگەنە خانەی ڕۆژی دوایی.

١- البداية و النهاية: ١٠ / ١٣٨.

مێرگی (١٧)

شوێنکەوتووان ترازووەکان هەڵدەهێنجن

لەدوای سەردەمی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێ- بەرەی شوێنکەوتووان هاتن و، بەڕێگاڕاستەکەی ئەواندا دەڕۆیشتن، (پێوانەو هەڵسەنگاندنەکانیان) لەفەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ و وتەی هاوەڵاندا -ڕەزای خوایان لێبێ- دەدۆزییەوەو هەڵیان دەهێنجا بۆئەوەی ببێتە چرا بۆ هەرکەسێك بیەوێت و لەسەر ڕێگای (ڕۆژی دوایی) بەردەوام بێت و ببێتە ڕێساو بنەمایەکی ڕێك پێك و توندوتۆڵ تالەدنیادا لەسەری بڕۆن لەترسی ئەوەی نەکا لەڕێ لابدەن.

خەمەکانی دنیاو ڕۆژی دوایی:

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: ((مَن كانت الآخرة هَمَّهُ، جعل اللهُ غناه في قلبه، وجَمَع له شَمْله، وأتَتْه الدُّنيا و هي راغمة، ومَن كانت الدنيا هَمَّه، جعل الله فَقْرَه بين عينَه، و فرق عليه شمله، ولم يأْته من الدنيا إلا ماقُدرَ له))[1]. واتە: (هەرکەسێك دواڕۆژ خەم و خولیای بێت، ئەوا خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و هەرچی چاکەو سوودی هەیە لێی کۆدەکاتەوە، دنیا بۆلای دێت لەکاتێکدا لای ئەو نەویستراوە، وە هەرکەسێك دنیا خولیاو هەممی بێت ئەوا خوای گەورە هەژاری دەخاتە ناوچاوانیو باشیو چاکی لێ پەرش و بڵاو دەکات و لەدنیاشدا تەنها ئەوەی بۆی دیاری کراوە لەقەدەردا بۆی دەبێت).

هەرکەسێك پەی بەو مەبەست و ئامانجە بەرێت کە خوا لەپێناویدا درووستی کردووە کە ئەویش (بەندایەتی خوایە)، ئەوا بەردەوام لە خەم و هەممی ئەو مەبەستەدا دەبێت و خۆی بۆ خەریك دەکات، وەهەر کارێ لەدنیادا دەیکات تەنها

١- الترمذي -وصححه الألباني- ص ج ص (٦٣٨٦).

بۆ ئەو مەبەستە دەیکات، خوای پەروەردگاریش کاروباری پوختی دنیایی بۆ ئاسان دەکات و سەختیو دەردەسەری لەدوای ئەودا لەسەر لادەبات، بەلام ئەو کەسەی کە ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دروستکراوە لەبیری کردووەو هەمم و خەم و خولیاکانی سەرەتاو کۆتایی تەنها بۆ دنیایە، ناگەڕێتەوەو بیری بەلای هیچ دا ناچێت جگە لە سکیو هەواو ئارەزووەکانی دەبینین کە دنیا لەبەری ڕادەکات و ئەویش لەشێوەی هەڵخەڵەتاوێکی ماندووی تینوو بەدوای دەکەوێت.

بەو پێوانەو هەڵسەنگاندنە پیاوچاکان ئامۆژگاری کەسانی تر دەکەن، شوێنکەوتووی بەڕێز (عون بن عبدالله) ئەوەمان بۆ باس دەکات و دەڵێت: (ئەهلی خێر هەندێ بۆ هەندێکی تر چەند وتەیەکیان دەنووسی یا کە دەگەیشتنە یەك دەیان وت: (١- هەرکەسێ بۆ قیامەت کارو کردەوەکانی ئەنجام بدات، خوای گەورە دنیاشی دەداتێ.٢- هەرکەسێ نێوان خۆیو خوا چاك بکات، خوا نێوان ئەوو خەڵکی چاك دەکات. ٣- هەرکەس نهێنی یەکانی چاك بکات، خوا دیارو ئاشکراییەکانیشی بۆ چاك دەکات)[1]. بەڕاستی هەرکەس بەخاڵی یەکەم کارنەکات کە کارکردنە بۆ ڕۆژی دوایی ئەوا لە خاڵەکانی دووەم و سێیەمدا سەرکەوتوو نابێت.

لەنێوان مانەوەو مەبەستەکانیدا:

شوێنکەوتووان کە داواکاری ڕۆژی دوایی بوون هەڵسەنگاندنێکی تریان لە تەرازووی یەکەمدا زیاد دەکرد، تیایدا چەند بنەمایەکی ڕەفتارو ڕێکردنیان لەسەر (ڕێگای دوا ڕۆژ) ڕووندەکردەوە، وەکو شوێنکەوتووی بەشکۆ (حارث بن قیس الجعفي) دەڵێت: (ئەگەر لەکارێکدابووی بۆ قیامەتت بوو ئەوا تیایدا بمێنەوەو بەردەوام بە، وە ئەگەر کارێکیشت هەبوو بۆ دنیا ئەوا بەمەبەستەوە بێت و، ئەگەر مەبەستەکەی خێر بوو ئەوا دوای مەخە. ئەگەر لە نوێژدا بوویو شەیتان هات و وتی: سەیری من کە، ئەوا نوێژەکەت زیاتر درێژ بکەوە)[2].

١- صفة الصفوة ٣ / ١٠٤.

٢- صفة الصفوة ٣ / ٧٣ .

مادام بۆ نیازو مەبەستی دوارۆژە باهەڵەشەیی‌و پەلە پەلی تێدا نەبێت. هەرکارێ بۆ قیامەت دەکرێ وەکو: نوێژ، یادی خوا، شەونوێژ، یا هەرکارێکی تر بۆ مەبەستی دوارۆژ تیایدا بمێنەوەو بەردەوام بە، ئەگەر کەسێ لـەگوناه و کۆتـاخراپی دەترسـێ بۆچی کاروباری دنیایی درێژ دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەزانێ مۆیەکە لەمۆیەکانی کۆتـا خراپی.

کەواتە شك و گومانی تێدا نییە کە داواکارانی قیامەت نابێت لـەو هەڵسـەنگاندنە بێئاگابن.

کامەیە ماڵ و سامان؟

ئەگەر کەسانێك ماڵ و سامان بەوە پێناسە بکەن کەمرۆڤ هەیـەتی لـەزێڕو زیـوو دراوو خانووشـتی تـر، بـەڵام شـوێنکەوتووی چـاونەترس (أبـا حـازم) کەلەلایـەن خەلیفەکانی بەنی ئومەییە بانگ دەکرا، هەق و ڕاستی دەگوت و لەلۆمەی لۆمەکاران نەدەترسا، ماڵ و سامانی بە پێناسەیەکی تر لەهەڵسـەنگاندنی بـە تـەرازووی دوارۆژ دەناساندو ڕوونی دەکردەوە، کاتێ پرسیاری لێدەکەن کامەیە مـاڵ و سـامانەکەت؟ لەوەڵامدا دەڵێت: متمانـەم بـە خـوای پـەروەردگارو، بـێ هیوابوونیشـم لـەوەی کـە لەدەستی خەڵکیدایە)[1].

بەڵێ، لەڕاستیدا ئەوەیە ماڵ و سامانی ڕاستەقینە بۆ کەسـانێك کـە مەبەسـتیان دوارۆژ بێـت، لەبـەر ئـەوەی چـاك دەزانـن هـەموو ئەوانـەی تـر کەبـەماڵ و سـامان دەزانرێت ئەوا موڵکی ئەو نین بەڵکو موڵکی خوای پەروەردگارن.

خاوەن و فەرمانڕەوا کێیە؟

نـەوەکانی فـاروق دەهـاتن و خەلیفـەکانی سـەردەمی خۆیـان فێـری کێشـانەو هەڵسەنگاندنی دوارۆژ دەکرد بەحەقیقەتی (موڵك و خاوەن و فەرمانڕەواکەی) وەکـو (سوفیانی کوڕی عەیینە) لەوتەیەکیدا دەگێڕێتەوە: (هیشامی کوڕی عەبدولمـەلیك) چووە ناو کەعبەی پیرۆزەوەو، (سالم کوڕی عەبدوللای کوڕی عومـەر)ی لەگەڵدابوو

١- صفة الصفوة ٢ / ١٦٥.

پێی وت: (ئەی سالم چ پێویستی یەکت هەیە داوام لێبکە، ئەویش وتی: بەڕاستی من شەرم لە خوادەکەم لەماڵی خوادا داوا لە غەیری خوا بکەم.

کاتێ لەوێ هاتنە دەر پێی وت: ئێستا کەهاتووینە دەرەوە چیت پێویستە داوام لێ بکە، سالم پێی وت: لەپێداویستی‌یەکانی دنیا یان لە پێداویستی‌یەکانی ڕۆژی دوایی؟ هیشام وتی: بەڵکو لەپێداویستییەکانی دنیا، سالم پێی وت: بەڵکو من لەو کەسەم داوا نەکردووە کە خاوەن و فەرمانڕەوایەتی، چۆن لەکەسێك داوادەکەم کە خاوەن و فەرمانڕەوای نییە)[1].

بڕوانە سەرپێچی لەفەرمانی کێدا دەکەیت:

ئەوان بەم جۆرە و بەردەوام لە هەموو کارو جوڵانەوەیەکی دنیادا بۆ پەروەردگاری خۆیان دەڕوانن تا بەڵکو خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا بینینیی خۆیان پێ ببەخشێت، کەبەلایانەوە جوانترین و بە چێژترین خۆشیو شادی یە پێیان دەدرێت، ئەو هۆیە وای لێ کردبوون لە خوای خۆیان نزیك بن و لە هەڵەو تاوان دوور بن، هەرکەس دەست پێشخەری لەتاوانێکدا دەکات و گوناهێك ئەنجام دەدات لەچرکە ساتی سەرپێچی‌یەکەیدا چاودێری خوایی لەبیردەکات، ئەوەش ئەو بێ فەرمانییەی لائاسان دەکات.

بۆئەوەیە کە(بیلال کوڕی سەعد) کێش و هەڵسەنگاندنێك بۆ داواکاران و هەوادارانی ڕۆژی دوایی دادەنێت و پێیان دەڵێت: (بۆ بچوکی سەرپێچیو تاوانەکەت مەڕوانە، بەڵکو بڕوانە بۆ ئەوکەسەی سەرپێچی لە فەرمانەکانی‌دا دەکەیت)[2].

١- صفة الصفوة ٢ / ٩١.

٢- الزهد لأحمد ٢٨٤.

مێرگی (١٨)

ڕۆژەکانی دنیا لە ڕۆژی دواییدا

باسی ئەو بەختەوەرەی ئەهلی دنیامان بۆکرا، ئەوکەسەی کاتێ یەك جار لەئاگر هەڵدەژەنرێت هەرچی خۆشیو چێژی دنیایە لەبیری دەچێتەوەو، سوێند دەخوا کەهەرگیز هیچ خۆشی‌یەکی نەدیوە، لەگەڵ ئەوەی بەختەوەرترین کەس بووە لە دنیاداو دەبێتە ئەهلی ئاگرو لەتووندی سزاو ئازاری ڕۆژی قیامەت هەرهەموو ئەوەی لەدنیادا ئەنجامی داوەو مامەڵەیان تیادا کردووە لەبیریان دەچێتەوە، یەکێك لەشێوەی ئەو لەبیرچوونەوانە، جیاوازن لەزانینی حەقیقەتی ماوەی مانەوەیان لەسەر زەوی‌و، دەکرێن بە پێنج بەشەوە:

بەشی یەکەمیان دەڵێن: دەڕۆژ لەسەر زەوی مارنەتەوە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت: ﴿ يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ ۚ وَنَحْشُرُ الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَافَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴾[1]. واتە: (ڕۆژێك دێت فوودەکرێت بە-صور- دا، ئەوڕۆژە تاوانباران چاویان کوێرەو شین هەڵگەڕاوە (دیمەنێکی ناشیرین و سامناکیان هەیە) بەچپەو سرتەیەك دەڵێن: تەنها دە شەو نەبێت: (لەدنیادا یان لەجیهانی بەرزەخدا) هیچی ترتان پێ نەچووە).

ئەو تاوانبارانە بەبێ هیچ ڕۆشنایی‌یەك حەشریان دەکرێت ڕەنگە دەم و چاویان لەتوندی ئەو هەموو ترس و شپرزەیی‌و بێ ئارامی‌یە شین هەڵدەگەڕێت و دەرئەنجامی تاوانیان هیچ ڕووناکی‌یەك لە دەم و چاویاندا ناهێڵێتەوە، وەکو ئێمە لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە بۆیان بڕوانین، هەندێ دەچن بۆلای هەندێکی تریان و لەو دیمەنە زەلیلی‌و ڕیسوایی‌یەدا جەستەیان ڕووتە هەروەکو چۆن یەکەمجار خوای

١- طه: ١٠٢-١٠٣.

گەورە دروستی کردوون، تۆقیوو زارەترەك باسی حەقیقەتی ئەو ماوەیە دەکەن کەلەدنیادا بەسەریان بردووە بەچپەو سرتەوە بەیەکتر دەڵێن:

(جگە لە دەڕۆژ هیچ نەماونەتەوە) دیاری کردنی ئەو ماوەیە لەلایەن هەندێکیانەوە زیادەڕۆیی تێدا کراوە لەچاو ئەوەی بەشی دووەم دەیڵێن، کە کەسانی لەوان زیرەکترو داناتریان لەگەڵدان، ئەو ماوەیە ڕەت دەکەنەوەو پێ داگری لەوە دەکەن کە ئەو ماوەیە زۆر لەوە کەمترە.

بەشی دووەم دەڵێن: تەنها یەك ڕۆژ بووە:

خوای گەورە لەسەر هەواڵی ئەو بەشەیان دەفەرمووێت:﴿ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا ﴾[1].

واتە: (ئێمە چاك دەزانین سەرئەنجام چی دەڵێن چونکە ژیرترین و وردترینیان دەڵێت: تەنها ڕۆژێك نەبێت هیچی ترتان پێ نەچووە ! !).

دە ڕۆژ دادەبەزێنن بۆ تەنها یەك ڕۆژ، ئای لەکەمیو بێ نرخی ئەم دنیایە کە تیایدا غەیری خوا دەپەرستن! ، ئای لەم دنیا قەڵب و پڕ لەساختەیە کە بەهۆیەوە دەفەوتێن و بەهیلاك دەچن و، وادەزانن کە تیایدا نەمرن، بێ باوەڕی دەکەن، ڕیبا وەردەگرن، عەرەق دەخۆنەوەو زینادەکەن و حوکم بەغەیری ئەوە دەکەن کەخوا ناردوویەتی، ژنەکانیان خۆدەڕازێننەوەو ئارایشت دەکەن، هەموو ئەو کارانە دەکەن کەخوا حەرامی کردووەو نەهی لێ کردووە، ئەوان بیرناکەنەوەو گومان نابەن کە ڕۆژێ دێ دەگەنەوە بەپەروەردگاریان و ئەو پرسیارەیان لێ دەکرێت، هەرگیز واچاوەڕوان نەبوون کە ئەوان بەنەفسی خۆیان لەپایەو بایەخی ئەم دنیایە ئەوەندەکەم دەکەنەوە هەتا وای لێ دەکەن ماوەی مانەوەیان تیادا دەکەنە تەنها (یەك ڕۆژ)و بەدیاری کردنی ئەو (دە ڕۆژە) ڕازی نین کەهەندێکیان وادەڵێن. ئەوەیش بەهۆی توندی ئەو سزاو ئازارەیەو لەبیرچوونەوەیان ئەوەندە زیادە دەکات

١- طه: ١٠٤.

و جیاوازی نێوانیشیان لەدیاری کردنی بڕی مانەوەیان لەدنیادا بەهەمان شێوە زیاد دەکات.

بەشی سێیەم دێن و زیادەڕۆیی لەم کەمکردنەوەیەش دەکەن بەجۆرێکی زۆر خێراو نەفی ئەو ماوەیەش دەکەن و بڕیاری کەمتری لەسەر دەدەن و ماوەی مانەوەیان لەدنیادا دەگێڕنەوە بۆ کەمتر لە (یەك ڕۆژ).

بەشی سێیەم دەڵێن: کەمتر لەڕۆژێك:

خوای گەورە دەربارەی ئەم پۆلەیان دەفەرمووێت:

﴿ قَٰلَ كَمۡ لَبِثۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٍ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ لَّوۡ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١٤﴾ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴾[1]. واتە: (ئەوسا خوای گەورە) لێیان دەپرسێت، ئەوە چەند ساڵ لەزەویدا ژیانتان بردەسەر، (دۆزەخیان) دەڵێن: ڕۆژێك یاکەمتر لەڕۆژێك، لەوکەسانە بپرسن کەبیرو هۆشیان لای خۆیانەو حسابی ژمارەو کات دەکەن، (خوای گەورە) پێیان دەفەرموێت: لەڕاستیدا مانەوەتان لەدنیادا هەرزۆر کەم بووە، ئەگەر بەڕاستی دەتانزانی؟ ئایا گومانتان وادەبرد کەبە ڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروست کردووەو ئێوە بۆلای ئێمە ناهێنرێنەوە؟!)

(سەید قوطب –رەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێت:

خوای پەروەردگار کە بۆ خۆی زۆر چاك دەزانێ– بەڵام پرسیاردەکات بۆ بچوککردنەوەی کاروباری سەر زەمین و کورتکردنەوەی ڕۆژەکان تیایدا، کە ئەوان ژیانی نەمرییان پێ فرۆشتووە، ئەوان ئەو ڕۆژە هەست بەکورتی ئەو ژیانەو سەرلێ شێواوییان تیایدا دەکەن و، بێ هیواو نائومێدو دڵتەنگ دەبن، حساب و ژمارەیان لەلا ڕوون نییەو دەڵێن ﴿ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٍ فَسۡـَٔلِ ٱلۡعَآدِّينَ ﴾[2]، واتە: (ڕۆژێك یا کەمتر

١– المؤمنون: ١١٢–١١٥.

٢– المؤمنون: ١١٣.

لەڕۆژێك تیایدا ماوینەتەوە لەوکەسانە بپرسن هۆشیان لای خۆیانەو حساب و ژمارە دەکەن).

ئەمــە وەڵامێکــی نائومێدانــەو تەنگــەتاو بــوون و ڕەنجەڕۆیی‌یــە، وەڵامیــان دەدرێتەوە: ئێوە نەماونەتـەوە تـەنها ماوەیـەکی کـەم نـەبێت، بـەو پێوانـەی ئێـوە هەتانـە لەسـەرێو هاتۆتـە پێشـتان، ئەگـەر بەباشـی دەتـانزانی دیـاری بکـەن. دەفەرموێت: ﴿ قَٰلَ إِن لَّبِثۡتُمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ لَّوۡ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾[1]، لەڕاستیدا مانـەوەتان لەدنیادا هەر زۆر کەم بووە، ئەگەر بەڕاستی دەتان زانی؟).

پاشان دەگەڕێتەوە سەر هەڕەشەو سەرزەنشـتیان لەسـەر بـەدرۆ زانینـی ڕۆژی دوایـی، لەگـەڵ تێڕامـان و سـەرنج دان و وردبوونـەوەی ژیرانـە لەبـەتوانایی لەسـەر ژیانەوەو زیندوکردنەوەیان لەسەرەتای دروستبوونیانەوە. ﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴾[2]، ئایا بەڕاستی واگومانتان دەبرد ئێمە ئێوەمان بـەبێ مەبەست دروستکردووەو ئێوە بۆلای ئێمە ناگەڕێنەوە).

بـەوەش وازنـاهێنن کـە مـاوەی مانـەوەیان بەوڕادەیـە کـەم دەکەنـەوە بـەڵکو کۆمەڵی چوارەم دێن و ئەوانەی پـێش خۆیـان بەدرۆدەخەنـەوەو مـاوەی مانـەوەیان لەدنیادا کەم دەکەنەوە بۆ کەمتر لەبەشێکی ڕۆژیش..

١- المؤمنون: ١١٤.

٢- المؤمنون:١١٥.

مێرگی (١٩)

چەند دیمەنێکی پەشیمانی لەڕۆژی دواییدا

دوو نیعمەت..

بوخـاری لـە (صـحیح)ەکەیـدا دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەرﷺ دەفـەرموێت: ((نِعْمَتـان مغبـونٌ فیهمـا کثیرٌ مـن النـاس: الصحة والفـراغ))[١]. واتـە: (دوو بـەهرەی گـەورەو گرانبـەها هـەن، زۆرکـەس لـەو دوو بەهرەیـەدا بەهەڵـەدا چـوون و هـەرزان فرۆشیان کردووە، وەك کەسێ لەسەودایەکدا تێبشکێ ئاوا، یەکەمیان لـەش سـاغیو تەندروستییە، دووەمیان دەست بەتاڵیو بێئیشییە).

کەسێ لەش ساغ بێو دەست بەتاڵ بێو، تێنەکۆشێ بۆ ڕەزای خوا، بۆسـوودی هەردوو جیهان، ئەوە ئەو دوونیعمەتـەی تـاڵانفرۆش کـردووە. (ابـن بطـال) دەڵێـت: مانای ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ بـێ ئـیش نـابێ ئەگـەر جەسـتەی ساغ و سەلامەت نەبێ، هەرکەس ئەو دوو بەهرەیەی دەسـت کـەوت و بڕیـاریدا لـێ یان خەسارەتمەند نەبێت بەوەی کە سوپاسگوزاری خوا نەبێ لەسەر ئەونیعمەتانەی کـە پێـی بەخشـیوە، بـەڵکو سوپاسـگوزاری خودابکـات بـەوەی کـە فەرمانـەکانی جێبەجێ بکات و لەنەهییەکانیشی دوور بکەوێتەوە، وەهەرکەس ئەوەی لەبیربچێو لەدەستی بدات ئەوا خەسارەتمەندە).

ئیبنولجەوزی دەڵێت: (لەوانەیە لەش ساغ و تەندروست بێت بەڵام کـاتی نـەبێت بەهۆی خەریك بوون بەژیان و گوزەرانەوە، یا خاوەن داراییو سـەروەت بێـت بـەڵام تەندروست نەبێت، لەڕاستیدا ئەگـەر هـەردووکیان هـەبوو تەمبـەڵیو کەمتەرخـەمی بەسـەریدا زاڵ بـوو لەگوێڕایـەڵیو جێبـەجێکردنی فەرمانـەکانی خـودا ئـەوا زەرەرمەنـدە، کورتـەی ئەوەیـە تـەواو دنیـا کێڵگـەی قیامەتـە تیایـدا بازرگانییـەك

١- البخاري (الفتح – ٦٤١٢).

دەکرێت کە قازانجەکەی لەڕۆژی دوایی‌دا دەردەکەوێت هەرکەس کات و تەندروستی‌یەکەی لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوادا بەکارهێنا ئەوا بەڕاستی بەختەوەرو شادمانەو، هەرکەس لەسەر پێچی‌و بێ فەرمانی خوادا بەکاری هێنان ئەوا زەرەرمەندو پەشیمانە)[1].

دیمەنی یەکەم: قیامەتی یەکەم:

قیامەتی یەکەم کەمرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتییە لە (مردن)و، پەشیمانی لەچرکە ساتەکانی کۆتایی تەمەنی دەست پێ دەکات، ئەو کاتەی دڵنیادەبێ کە ڕوح لەلاشەی دەچێتەدەر ﴿ وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ ﴿٢٨﴾ وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ ﴿٢٩﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ ﴾[2]. واتە: (لەوکاتەدا ئەو کەسەی لە سەرەمەرگدایە دڵنیایە لەوەی کە ئیتر هیچ شتێك فریای ناکەوێت و کاتی ماڵ ئاوایی‌یە، ئیتر قاچ و لولاق بەیەکدا دەئاڵێن، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بۆلای پەروەردگارت ڕاپێچ دەکرێت و دەبرێت). وەلەو کاتەدا بیر لەو هەزاران سەعاتە دەکاتەوە کەلە گوێڕایەڵی فەرمانی خوادا بەکاری نەبردووە، خۆزگە دەخوازێت و داوادەکات بگەڕێتەوە بۆ دنیا تاکردەوەی چاکی تێدابکات.

﴿ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ﴾[3].

واتە: (خوانەناسان بەردەوام لەسەر ڕێبازی چەوتیانن). هەتا ئەو کاتەی مردن یەخەیان دەگرێت، ئەسا هەریەکەیان دەڵێت: پەروەردگارە بمگێڕەوە بۆ دنیا... بەڵکو چاکە ئەنجام بدەم و کاری باش بکەم و ئەو هەلانەی لەدەستم چووە لەمەولا لەدەستی نەدەم، ئەوە لەیەکەم دڵنیابوونی‌دا مرۆڤ تیایدا ئەو خۆزگەیە دەخوازێت کە هەلی گەڕانەوەی پێ بدەن تا کرداری چاکەی تێدا ئەنجام بدات، ئەوەی لەبیرکردبوو کەدەگاتەوە بەزاناو شارەزای هەموو نهێنی‌و ئاشکرایەك، ئەوکەسەی کەخیانەتی چاوو شاراوەی ناو سینەو دڵەکان دەزانێت و پێیان ئاگادارەو زانایە

١- فتح الباري ١١ / ٢٣٠.

٢- القيامة: ٢٨ - ٣٠.

٣- المؤمنون: ٩٩ - ١٠٠.

بەبێ وەعدیو درۆیەکانی، ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە بۆ دنیاش دیسان هەر دەگەڕێتەوە سەر کردەوەی خراپ و سەرپێچی‌یەکانیو تەمبەڵیو کەمتەرخەمی لەسەر کردەوەی خێرو چاکەکاری، لەسەر ئەوە وەڵامێکی وای دەدرێتەوە کەبێدەنگ و هیوابڕاوی بکات بۆ هەرتروسکەی ئومێدێك لەو هەموو وتەخەڵەتێن و لەخشتەبەرانەی بەکاری دەهێنێ بۆ ڕاکردن لەسزای گۆڕ. ﴿كَلَّآ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾[1]. واتە: (نەخێر ئەوە قسەیەکە ئەو بۆخۆی دەیڵێت، بەڵکو دەبێت لەجیهانی بەرزەخدا، لەنێوان مردن و زیندوو بوونەوەدا تاکاتێك زیندوو دەکرێنەوە چاوەڕێ بێت).

دیمەنی دووەم: گەستنی دەستەکانی:

بریتییە لە چرکەساتەکانی حەسرەت و پەشیمانی، کاتێ مرۆڤ دڵنیادەبێت وا لەسەر زەمینی قیامەتە، ئەو هاوڕێیەی هاوڕێیەتی دەکرد ئێستا وازی لێهێناوەو، هیچ شتێکی بۆ خودا لێ دەست نەکەوتووە، ئەو هەموو پێکەوە دانیشتنانەو قاقای پێکەنینانەو، شەوە سوورەکان و، پێکەوە بەشداری لەسەر سفرەی عەرەق و قومار، هیچ کام لەوانە تکاو شەفاعەت ناکەن بۆ ڕزگاربوونی ئەو لەوەی تێی کەوتووەو لەبەردەم خۆیدا دەیبینێ. ((إنَّ أهونَ أهلِ النارِ عذاباً يومَ القيامةِ لَرجلٌ يُوضَعُ في أخمصِ قَدَمَيه جَمْرَتان، يغلي منهما دماغُه، وفي رواية: له نعلانِ و شراكان من نارٍ يغلي منهما دماغه- كما يغلي المرجل، مايرى أنَّ أحداً أشدُّ منه عذاباً، وإنه لأهْوَنهم عذاباً))[2]. واتە: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((سووکترین سزای ئەهلی دۆزەخ سزای کەسێکە دووپشکۆ دەخرێتە چاڵایی بنە پێیەکانی، مێشکی سەری پێیانەوە دەکوڵێت، لەگێڕانەوەیەکی تردا: جوتێ نەعلی ئاگرینی لەپێدایە مێشکی سەری پێیانەوە دەکوڵێ وەك چۆن مەنجەڵی ئاو دەکوڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وانابینێت کە کەس لەو سزای سەختتربێت، کەچی لەهەموویان سزای سوکترە)). لەکاتێکا:

١- المؤمنون: ١٠٠.

٢- البخاري ١١ / ٣٧٢ الرقاق.

﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِي ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴾[1].

واتــه: (ڕۆژێـك دێـت سـتەمكار قـەپ دەكـات بەهـەردوو دەسـتی خۆیـداو گـاز لەهـەردوو دەسـتی خـۆی دەگرێـت لەپەشـیمانیداو دەڵێـت: خۆزگـە لەگـەڵ پێغەمبـەرداﷺ ڕێبـازی ئیمـانم بگرتایـە، مـەرگ بـۆ خـۆم، خۆزگـە فـلان كەسـم نەكردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم، (چونكە سەری لێ شێواندم) بەڕاستی گومڕاو وێڵیكردم لەبەرنامەی خوا دوای ئەوەی كە پێم ڕاگەیەندرابوو، شەیتان هەمیشەو بەردەوام هـانی مـرۆڤ دەدات بـۆ گونـاه و تـاوان، لـەكاتی تەنگانەشـدا پشـتی بەردەدات). (سەید) (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێت:

(یەك دەست بەتەنها بەس نییە بیانگەزێت بەڵكو بەنۆرە دەیانگەزێت جارێك ئەم دەست و جارێك ئەوی تر یاهەردووكیان بەیەكەوە لە توونـدی ئـەو پەشـیمانییە تەواو سووتێنەرەدا كە دەیكێشێو پێوەی دەتلێتەوە قەپ بەهەردوو دەستی خۆیدا دەكـات، كەبریتییـە لـەو جووڵەیـەی هێمایـە بـۆ حاڵـەتێكی دەروونـیو خـۆی ڕێـك دەهێنێو وێك دەهێنـێ تیـك دەسمڕێنـێ). ئـەوەش دەرەنجامێكی سروشـتی‌یە بـۆ ئەوانەی دۆستایەتی هاوڕێی خراپ دەكەن و دوژمنایەتی هاوڕێی چاك دەكەن.

دیمەنی سێیەم: كاتی پیشاندانی كردەوەكان:

كـاتێ دۆسـیەی كردارەكـان دادەنرێـت، هـەموو مرۆڤێـك هـەموو كردەوەكـانی سەرەتاو كۆتایی خۆی دەبینێتەوە، سەرپێچی كار زۆر لەناكاو بەسـەردا دەكـەوێ و ئەوەی لەنامەو دۆسیەكەیدایە دەبینێ بەجۆرێك تاكە وشەیەك كەلەو دەیـان سـاڵەدا وتبێتی بەجێی نەهێشتووە یاكردەوەیەك كە لەناو دەرگا داخراوەكانـدا كردبێتـی یـا لەتاریكی شەودا ئەنجامی دابێ لەهەمووی پەشیمان دەبێتەوە:

١- الفرقان: ٢٧ – ٢٩.

﴿ مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحْصَىٰهَا ﴾[1]. واتــە: دەڵــێن: هــاوار لەئێمــە ئــەم نامــەو دۆسـیەیە چــی‌یە؟! هــیچ گونــاهێکی وردو درشـت بــەجێ ناهێڵێت بەڵکو هەمووی تۆمارکردووە بەدەنگ و ڕەنگەوە ئامادەیە).

ئەوەی لەبیرکردووە یا لەبیر خۆی بیردۆتەوە کە دوو فریشتە بەسـەریەوە بـوون و هەرهەموو کردەوەکانیـان تەنانـەت سـەنگی گەردیلەیـەك لـە خێـرو چـاکەو شـەڕو خراپەی بۆتۆمار کردووە، حەسرەت و پەشیمانی کـار لـەدەروونی دەکـەن، خۆزگـە دەخوازێـت کـە ئـەو نامـەو دۆسـیەیەی هـەر وەرنـەگرتباو حسـاب و لێپرسـینەوەی نەزانیباو نەکرابا، بـەڵکو ئـاواتی بـۆ (مـردن) دەخوازێـت لەسـەر دیتنـی ئـەو سـزا و ئازارە، پاشان بیردەکاتەوە کەئەو ماڵ و پلەوپایەو دەسەڵاتەی ئەو واگومانی دەبرد کەلەڕۆژی دوایی‌دا سوودی پێ دەگەیەنن و، تائەوڕادەیـە کوێریـان کردبـوو لەئاسـت بینینی ماف و حەق و خاوەنەکانیان وابەئەنجامی خۆی گەیشت و سەرپێچی‌یەکانی هیچـیان پــێ نــەدا، تــەواو تێـدەگات کەتاکـە ڕزگارکـار لــەو چرکەسـاتانەدا تــەنها کردەوەی چاکەکانییەتی لەگەڵ ڕەحمەتی خـوادا، ﴿ يَٰلَيْتَنِى لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَٰنِيَهْ ﴾[2]. واتـــــە: (دەڵێت: خۆزگە نامەی کردەوەکانم پێ نەدرایە، هەر نەمزانیایە لێپرسینەوەم چۆن دەبێت، خۆزگە مردنەکەم یەکجاری بووایە (ئاوازیندوو نەکرامایـەوە)، ئەوەتـە، ئـەو مــاڵ و ســامانەی کــە بــووم، فریــام نەکــەوت (بــەڵکو نــەماو تــەفرو تونــابوو) ئــەو دەسەڵاتەی کە بووم لەدەستمدا نەماو لەدەستم چوو). بەڵکو خۆزگە دەخوازێ هەر خــاك و خــۆڵ بووایــەو پێیــەکان بەســەریدا ڕۆیشــتبان بــەڵام ئــەم ســزاو ئــازارەی نەچەشـتبا: ﴿ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا ﴾[3]. واتــە: (خوانـەناس دەڵێـت: خۆزگـە هــەر خــاك بوومایە، ئاوا زیندوونەکرامایەتەوە و گیرم نەخواردایە).

١- الكهف: ٤٩.

٢- الحاقة: ٢٥ – ٢٩.

٣- النبأ: ٤٠.

لەگەڵ ئەو هەموو سووربوونەی لەسەر ژیانی دنیادا، دەبینی لەقیامەتدا خۆزگە بەمردن دەخوازێت، بەڵکو ئەوە جوانترین ئارامیو دڵنیابوونیەتی، دیمەنەکانی پەشیمانی لەوڕۆژەدا یەك بەدوای یەکدا دێن هەرجارێ سەرپێچی کار جۆرێ لە سزا دەبینێ بیرلەکاریگەری ئەوکاتەدەکاتەوەکە بەخۆڕایی لەدەستی داوەو بەهەدەر چووە، بەبێ ئەوەی بەکاری بهێنێ لەگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواداو پێکانی ئەو ئامانجەی لەپێناویدا دروستبووە کەبریتییە لە (بەندایەتی بۆ خودا).

دیمەنی چوارەم: کاتی هاتنی ئاگر:

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((يؤتَى بالنار يومئذٍ لها سبعون ألف زمام، مع كل زمام سبعون ألف مَلَكٍ يجُرُّونَها))[1]. واتە: (دۆزەخ دەهێنرێت حەفتاهەزار جڵەوی هەیە، لەگەڵ هەرجڵەوێکدا حەفتاهەزار فریشتە هەن ڕایدەکێشن).

کاتێ ئاگر لەم دیمەنەگەورەیەدا دەبینێ کەچوارهەزارو نۆسەد ملیۆن فریشتە ڕایدەکێشن و زمانی بەرزو زەبەلاح تیایدا بەرزو بڵند دەبێتەوەو، گەردنی خاوەن چاوی تیژبین وەکو لەو فەرموودەیەی ترمذي گێڕاویەتەوە هاتووە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((يَخرج عنقٌ من النارِ يومَ القيامة، له عينانِ تبْصِران، وأذنان تسمعان، ولسانٍ يَنطق، يقول: إني وُكِّلْتُ بثلاثةٍ، بمَن جعل مع الله إلها آخر وبكل جبار عنيد، وبالمصورين))[2]. واتە: (لەڕۆژی قیامەتدا گەردنێك لەو ئاگرە دێتەدەرەوە دووچاوی تیژ بین و دووگوێی بیسەرو زمانێکی قسەکەری هەیە، دەڵێت: من سێ کەسم پێ سپێردراوە، کەسێك هاوەڵی بۆ خوا دانابێ، وە بەهەموو زەبرەبەدەستێکی کەللەڕەقی یاخیو بۆ وێنەگران).

ئەو کە گوێبیستی تووڕەبوون و ناڵەو بۆنی هەناسەدانەوەی دەبێ کاتێ هاواردەکات بەدەنگێکی تۆقێنەر﴿ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ﴾﴿ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ﴾[3]، (ئایا کەسی

١- مسلم ٢٨٤٢، صفة الجنة.

٢- الترمذي -وحسنه الأرناؤوط- جامع الأصول ٨٠٦٥.

٣- ق: ٣٠.

ترماوه خەڵكی زیاترماوه- ئایاكەسی تر ماوه خەڵكی زیاتر ماوه). هەرچەند مرۆڤ بیر لەوكاتانە دەكاتەوە كەتەمبەڵی‌و سەرپێچی كردووە خۆخلافاندن و ئەمڕۆو سبەی‌و فێڵ كردن لەخوا بەتەوبەو، ئەو هەموو سەعاتە زۆرانەی لەدەستی داوە، بەڵام ئەم بیرەوەرییانە هیچ سوودی پێ ناگەیەنن، ئەو ڕۆژەدەزانێ چ پەندێكی بەخۆی داوە ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ﴾[1]. واتە: (بەڵام تازە بەخۆداهاتنەوەو پەشیمان بوونەوە هیچ سوودێكی نییەو دادی نادات؟!) ئەو بەو حەسرەتە بڕەندەو كەساسی‌و هەناسەی ساردەوە دەڵێت: ﴿يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي﴾[2]. واتە: (خۆزگە بۆ ئەم ژیانەم دەست پێشخەریم بكردایە). (سەید) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (بەڵام تازەكاتی خۆزگە و پەشیمانی‌و بەخۆداچوونەوە تێپەڕیوەو ڕابردووەو سوودی نییە ﴿وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ﴾كاتی بیرەوەری ڕابورد هیچ كەس ئەو هەوڵ و كۆششانەی لەخانەی سزاو پاداشتەكان نایگێڕێتەوە ئەوی‌و هیچی بۆ ناكرێ جگە لە حەسرەت و هەناسەی سارد لەسەر لەدەست دانی ئەو هەلەی لەشوێنی كارو كردەوەكانی لەدنیادا. كاتێ ئەو حەقیقەتەشی بۆ ڕوون بووەوە: ﴿يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي﴾. خۆزگەیەكی پڕ لەكەساسی‌و حەسرەتێكی ئاشكرا ئەویش ئەوەیە كەمرۆڤ لەقیامەتدا ڕقی لەهەموو ئەوانە دەبێتەوە لەدنیادا هەیبووە!) ئەوەش توندترین حاڵەتی پەشیمانییە كەبەسەر مرۆڤدا دێت بەبێ هەبوونی هیچ تروسكایی‌و ئومێدێك بۆ چاككردنی ئەوەی ڕابوردووەو لەدەستی چووە.

دیمەنی پێنجەم: كاتێ لە لێواری ئاگر دەوەستێنرێت:

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾[3]. واتە: (جائەگەر ئەوانە ببینی (لەقیامەتدا) لەسەر

١- الفجر: ٢٣.
٢- الفجر: ٢٤
٣- الأنعام: ٢٧

لێواری دۆزەخ ڕاوەستێنراون (بەدەم حەسرەت و ئاه و ناڵەوە) جادەڵێن: خۆزگە جارێکی تر بیان گێڕاینایەتەوە بۆ دنیاو (لەم سەرئەنجامە شوومە ڕزگارمان دەبوو). ئەوسا هەرگیز نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەزانیو باوەڕی بەتینمان پێی دەبوو...). (ئیبنو کە ثیر) دەڵێت: (خوای گەورە باسی حاڵی بێ باوەڕان دەکات کە لەڕۆژی دوایی لەسەر ئاگری دۆزەخ ڕادەوەستێنرێن و کۆت و زنجیرو ئاگری هەڵگیرساوی ناوی دەبینن، وە بەچاوی خۆیان هەموو ئەو سام و ترسە گەورەو تۆقێنەرە دەبینن، ئالەوێ دا دەڵێن: (یاویلتنا)[1].

جێی سەرسووڕمانە لەکاتی خۆزگە خواردنەکانیاندا دەڵێن: (ئێمەش باوەڕمان هێناباو لە بڕواداران باین). لەکاتێکا هەرئەوان بوون لەگەڵ بانگخوازاندا شەڕیان دەکردو دژایەتی وتەی یەکتاپەرستی‌یان دەکرد گاڵتەیان بەو کەسانە دەکرد کە بانگەوازیان بۆ دەکرد، دەبێ کەواتە بۆچی ئێستا خۆزگەو ئاواتی ئەوە دەخوازن کە لەباوەڕداران بان؟؟ وە بۆچی ئێستاکە لەدنیادا ئەوە ناکەن؟! ئەوە دووڕوویی‌یە، بەردەوام دوای دەخەن هەتا دەچنەوە بەردەم ئاگرو ترسە زل و سامناکەی دەبینن، ئەوان وا گومان دەبەن کە خۆیان لەخوا دەشارنەوەو دەتوانن فێڵ لەخوا بکەن، بۆئەوەش درۆ بەکاردەهێنن و هەرچی دەیزانن و هەیانە لەڕازاندنەوەی قسەو ڕازی کردن بۆ خۆڕزگارکردن لەو سزاو ئازارە حەتمی‌یەی لەسەریانە، دیمەنێکی سەیرو سەمەرەیە کەهەناسە ساردیو پەشیمانییەکی تێکەڵە لە فێڵ و خەڵەتاندن یافێڵ و تەڵەکەیەکی پڕ لەکەساسیو پەشیمانی کەهەردوو دیمەنەکە سامناك و تۆقێنەرە.

دیمەنی شەشەم: دوای ئەوەی خرانە ناو ئاگرەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَوۡمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ

١- تفسير القرآن العظيم ٢/ ١٢٨.

ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴾[1]. واتـه: (ڕۆژێـك دێـت ڕووخسـاریان ئەم دیو دیوی پێ دەکرێت لەناو ئاگردا (تـا چـاك بـبرژێن و بسـوتێن) بـەدەم ئـاه و نالـەوە دەڵـێن: پـەروەردگارا بەڕاسـتی ئێمـە ملکـەچ و فەرمانبـەرداری ئاغـاو گـەورەکانمان بـووین، هەرئـەوان ڕێگـەو ڕێبـازی ڕاسـتیان لەئێمـە شـێوان و سەرگەردانیان کـردین، پـەروەردگارا دووبەرابـەرو دوو چـەندانە سـزای ئەوانـە بـدەو نەفرینێکی گەورەو زۆر بێئەندازەیان لێ بکە)[2].

(ئیبنو کەثیر) دەڵێت: (واتە لەسەر ڕوو ڕادەکێشرێنە نـاو ئـاگرو دەم و چـاویان بەم دیودیودا لاردەبێتـەوە لەسـەر دۆزەخ و خۆزگـەو ئـاواتی ئـەوە دەخـوازن کەلـە دنیادا گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایان بکردایە)[3].

ئەوان ئالەوێدا دەری دەخەن کـە ئـەو ڕێگایـەی گرتبوویانەبـەر ڕێبـازێکی هەڵـە بوو، بەهۆی شوێنکەوتنیان بەدوای گەورەو ئاغاکانیان لەوانەی کەڕێگای شـەیتانیان گرتووە، ئـەوان لەوێداو لـەو چرکەسـاتانەدا زاتـی ئـەوە دەکـەن نـەفرین لەگـەورەو ئاغاکانیان بکەن.

بەزاراوەیەکی ئازایانـە دەیانـدوێنن، دوای ئـەوەی لـەدنیادا ڕیسـواو ترسـنۆکانە دەژیان و لەڕاستگوتنی هەق و ڕاسـتیو بـەرگری لەخراپـەو خـووی ناشـیرین زەلیـل بوون، دوای ئەوەی فرێدرانە نـاو ئـاگرو سـزاو ئازارەکـەیان چەشـت ئنجـا هەسـت و نەستە گێلانەکەیان بەئاگادێتەوەو پەشیمانی دەردەبڕن لە شوێن نەکەوتنی ڕێبـازی خواو پێغەمبەرەکەیﷺ بەڵام دوای لەدەست چوونی کات و ساتەکانی.

١- الأحزاب: ٦٦.

٢- تەفسیری ئاسان.

٣- مختصر تفسير إبن كثير: ٢ / ١١٦.

مێرگی (٢٠)

شاهیدەکانی ڕۆژی قیامەت

شاهیدەکانی دنیا.....

شاهیدەکانی دنیا لەهەر کێشەیەك لەکێشەکان ڕەنگە بتوانن درۆ بڵێن، یاشایەتی فێڵ و ساختەبن و، زێدەڕۆیی لەڕاستییەکان بکەن، دەتوانن لەسەر بەڵگەکانی شایەتییەکە بەرگری بکەن لەترسی هەڕەشە لێکردنیان یا بۆ چاوتێبڕینی ئەوەی مەبەستیانەو دەیانەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن، لەوانەیە شایەتی دانەکەیان تێکەڵ و پێکەڵ و نادیاربێت و پێویستی بەڕاڤەو لێکدانەوە بێت، ڕەنگە جاری وابێ ئامادەبن بۆ شایەتیو جاریش هەبێ ئامادەبن لەبەر خۆخەریك کردنیان بەکارو فرمانەوە، یاکۆسپ و تەگەرەیەك دوایان بخات، بەڵام شاهیدەکانی قیامەت چینێکن لەدروستکراوان تەواو جیاوازن لەشاهیدەکانی دنیا، ئەوان لەلایەن کردگاریانەوە فەرمانیان پێ دەکرێت و دێنە قسەو نەلێی کەم دەکەن و نەلێی زیاددەکەن، درۆو دەلەسە دروست ناکەن و بەرگریش ناکەن، شایەتی دانەکەیان ڕوون و ئاشکرایە و هیچ پێویستی بەڕاڤەو لێکدانەوە نییەو لە دەربڕینیان تێدەگەن، پێویست بەدرێژکردنەوەی وتەکانیان ناکات، هەموو یەك ئاڵایان بەرزکردۆتەوە: ﴿أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىۡءٍ﴾[1]، واتە: (ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە گوفتار کە دەتوانێت هەموو شتێك بهێنێتە قسە و گفتوگۆ).

شایەتی لەکاتی سەرەمەرگدا:

یەکەم شایەتی دان ئەوەیە مرۆڤ لەسەرە مەرگدا شایەتی لەسەر خۆی دەدات، لەو کاتەدا پەشیمانی هیچ بایەخی نییەو نەخۆزگەو ئاواتەکان سوودی پێ دەگەیەنن و نەتۆبەو داوای لێخۆشبوون، ئەو چرکەساتانەن کە خوای پەروەردگار تیایدا

١- فصلت: ٢١.

دەرگاكانی تەوبەو لێخۆشبوون دادەخات، ئەوكاتانەن مرۆڤ تیایدا بەئاواتەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ژیان و زیندەگیو كردەوەی چاكی تێدا بكات. ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ۝٩٩ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ ﴾[1]. واتە: (خوانەناسان بەردەوام لەسەر ڕێبازی چەوتیانن)، هەتا ئەوكاتەی مردن یەخەیان دەگرێت، ئەوسا هەریەكەیان دەڵێت: پەروەردگارا بمگێڕەوە بۆ دنیا.. بەڵكو چاكە ئەنجام بدەم و كاری باشە بكەم و ئەو هەلانەی لەدەستم چووە لەمەودوا لەدەستی نەدەم). كت و پڕو زۆر لەناكاو بەسەر ئاوات و خۆزگەیەكی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆكدا دەكەوێت و، لەبەرئەوەی خوای گەورە داناو زانایە بەدرۆكانیو زاڵبوونی هەواو ئارەزووەكان بەسەریدا، بەڵام لەوێدا ئەوە دەڵێت بۆ ڕاكردن لەو بارودۆخەی تێی كەوتووە. ﴿ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾[2]، واتە: (بەڵام تازە كار لەكار ترازاوە، شتی وا مەحاڵە، بۆیە بەتووندی پێی دەوترێت: نەخێر، ئەوە قسەیەكە ئەو بۆ خۆی دەیڵێت، بەڵكو دەبێت لەجیهانی بەرزەخدا، لەنێوان مردن و زیندووبوونەوەدا تاكاتێك زیندوو دەكرێتەوە چاوەڕێ بێت). ئەو هیچ شوێن و ڕزگاركارێكی دەست ناكەوێت بەو پێداگرتنەی لەسەر دانپیانان و شاهیدی دانە لەسەر خۆی، بەوەی كە ئەمرۆ سبەی كردەوەو كەم وكورتی بووەو سوودی لەكاتەكانی ژیانی كەخودا پێی بەخشیوە وەرنەگرتووەو بەكاری نەهێناوە تا ئەو (پەرستش و بەندایەتی‌یەی) لەپێناویدا دروستكراوە ئەنجامی بدات، ئەو ببوە بەندەی درهەم و دیناری خواردن و جل و بەرگ و، لەبیریكردبوو كە بەندەی خوایە، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوۡنَهُمۡ قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ أَنَّهُمۡ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴾[3].

١- المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠

٢- المؤمنون: ١٠٠

٣- الأعراف: ٣٧

واتە: (هەتا ئەوکاتەی فریشتە نێردراوەکانمان بۆیان دێن گیانیان دەکێشن، ئەوسا پێیان دەڵێن: کوا ئەوانەی جگە لەخوا هاناو هاوارتان بۆ دەبردن و دەتان پەرستن؟! (بەسەرسامی‌یەوە) دەڵێن: (نازانین) لێمان ون بوون. (ئەوسا بەناچاری) شایەتی لەخۆیان دەدەن کەبەڕاستی ئەوان هەر بێ باوەڕ بوون).

(سەید قوطب) ڕەحمەتی خوای لێ بێ – دەڵێت: (ئەوەتا ئێمە ئەو کەسانەین لەبەردەم دیمەنی ئەوانەداین کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن یان بڕوایان بەئایەتەکانی نەهێناوە کاتێ فریشتە نێردراوەکان بۆیان دێن و گیانیان دەکێشن لەنێوان ئەوان و ئەمان گفتوگۆیەك دەکرێت: ﴿قَالُوٓاْ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ؟﴾[1]، پێیان دەڵێن: (کوا ئەوانەی جگە لە خوا هاناو هاوارتان بۆدەبردن و دەتان پەرستن). کوا ئەو پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسانەی بەدەم خواوە هەڵتان دەبەستن؟ کوا ئەو خوایانەتان کەلەدنیادا پشتتان پێ دەبەستن و بەلاو گێچەڵتان بەهۆیانەوە دروست دەکرد لەسەر ئایەت و نێردراوی خوا کە بۆتان دەهات لەسەر زمانی پێغەمبەرانی خوا؟ کوا ئەوانە لەکوێن؟ ئێستاو لەوکاتە یەکلایی کەرەوەدا کە ژیانتان لێ دەسەنرێتەوە بەڕاستی ناتوانێ هیچ پشتیوانیتان لێبکات و لەمردن ڕزگارتان بکات یاسەعاتێك دواتانبخات لەو کاتەی کە خوا بۆی بڕیارداون؟

بەلام تەنها یەك وەلامە نەهەلەکاری تێدایەو نەدژایەتی: ﴿قَالُواْ ضَلُّواْ﴾، دەڵێن: (نازانین لێمان ون بوون، لێمان بزربوون و چەواشە بوون، نەئێمەدەزانین جێگای ئەوان لەکوێیەو نەئەوانیش لە ڕێگای ئێمەوە هاتوون!.. چ بەندە گەلێکی فەوتاون، کە خواکانیان نەڕێنماییانکردوون و نەلەو چرکەساتە یەکلایی کەرەوانەشدا فریایان دەکەون! چ خودا گەلێکی نەدارو نومێد بڕاوبوون کەهیچ ڕێنمایی‌یەکی بەندەکانی خۆیان پێ نەکراوە، لەوکاتانەدا.

١– الأعراف: ٣٧.

﴿ وَشَهِدُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَٰفِرِينَ ﴾[1]. (ئەوسا بەناچاری شایەتی لەخۆیان دەدەن کە بەڕاستی ئەوان بێ باوەڕ بوون). ئائەوەیە قیامەتی هەموو مرۆڤێك بەڵام کاتێ خوای پەروەردگار ڕوخسەت بەهەستانی قیامەتی گەورە دەدات و زەوی دەشڵەقێت و تێك دەچێت، ئەستێرەکان بەیەکدا دەدەن و یاسای گەردوون بەتەواوی دەهەژێو دەشێوێت، ئەوکاتە دەرچوونی شاهیدەکان لە شێوەیەکی تازەدا دەستپێدەکات، کە مرۆڤ لە پێشتر نەیدیوەو نەیزانیوە، یەکەم شاهید لەو شاهیدانە (زەمین)ە.

شایەتیدانی زەوی:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴾[2]. واتە: (کاتێك زەوی دەهێنرێتە لەرزەو بوومەلەرزە زۆریەهێزەکەی بۆ پێشهات، هەرچی لەزەویدا هەبوو لەماددە سەنگینەکانی ناوی دەریپەڕاندو هێنایە دەرەوە، (ئەوکات) ئادەمیزادیش دەڵێت: ئەوە چییەتی، بۆ وای لێهات (ئیماندار هەست دەکات کۆتایی دنیایەو بەرپابوونی ڕۆژی قیامەتە، بێئیمانیش سەری لێ دەشێوێت و نازانێت بەرەو کوێ ڕابکات). لەوڕۆژەدا زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە بەهۆی ئەوەی کە پەروەردگارت ڕایگەیاندووە (ئەی مرۆڤ) فەرمانی دەرکردووە (کاتیکۆتایی هاتنیەتی). ئەبی هورەیرە فەرمووی: (قرأ رسول اللهﷺ هذه الآيـة: – يومئذٍ تحدث أخبارها–؟ قال: أتَدْرونَ ماأخبارَها؟ قالوا: الله و رسولُه أعْلَم، قال: فإنَّ أخبارَها أنْ تَشْهَد على كلِ عبدٍ وأمَّة بما عَمِل على ظهرِها، أنْ تقول عملت على كذا وكذا يوم كذا وكذا قال فَهُوَ أخبارُها))[3]. واتە: (پێغەمبەرﷺ ئەوئایەتەی خوێندەوە

١– الأعراف: ٣٧.

٢– الزلزلە: ١– ٥

٣– مسند الإمام أحمد ٣٧٤/٢، وقال الترمذي حديث حسن غريب، وقال البخاري له شاهد بمعناه أخرجه الطبراني من حديث ابن لهيعة.

﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴾[١]، و فەرمووی: دەزانن ئەو هەواڵ و دەنگ و باسانەی کە زەوی دەیانگێڕێتەوە چییەو چی‌نیە؟! عەرزیانکرد: خواو پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: هەواڵی زەوی ئەمەیە: کەشایەتی دەدا لەسەر هەموو بەندەیەك– چ پیاو و چ ژن– بەوەی لەدنیادا کردوویەتی لەسەر پشتی زەوی، دەڵێ: فلانەکەس لە فیسارە ڕۆژدا لە فیسارە شوێندا فلانەکردەوەی کردووە). ئای لەو دیمەنە پڕ ترس و سامناکە. زەوی! ئەو دروستکراوە گەورەیەبوو کە مرۆڤ بەپێیەکانی دەی شێلاو لەسەر پشتی‌دا بێ فەرمانی خوای دەکرد بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەو بێگیان و بێ دەنگە دواترو لەڕۆژی قیامەتدا خوای پەروەردگار وەقسەی دێنێ تاشایەتی بۆ بدات یاشایەتی لەسەر بدات، شایەتی دەدات بەهەموو ئەوانەی کە بینیویەتی لەزینا، خۆدەرخستن و خۆڕازاندنەوە، ڕیباو کوشتن و ستەم و دوورکەوتنەوەو کارنەکردن بەکتێبی خواو درۆکردن و غەیبەت و دووزمانی‌و قسە هێنان و بردن و قسەی نابەجێ‌و ناشیرین و، هەرشتێکی تر کەدەبێتە هۆی خەشم و تووڕەیی خوا هەروەها شایەتی دەدات بەهەرچی لەسەری ڕوودواوەو لەخێرو چاکە لەهەموو شێوەیەکدا، بەڕاستی دیمەنێکی سامناك و تۆقێنەرە! دوای ئەوەی مرۆڤ لەشوێنی خەوتنەکەیەوە هەڵدەستێ‌و دەبینێ ئەستێرەکان چۆن بەردەبنەوە خوارو زەوی لەتوپەت دەبێت و هەرچی مادده سەنگینەکانی لەناویدایە فڕێیان دەداتە دەرەوەو دەریان دەپەڕێنێ، بەترسەوە دەپرسن (مالها؟ مالها؟ بۆ وای بەسەر هات؟ بۆ وای بەسەر هات؟) کاتێ بەدەنگەکان لەهەموو جێگەیەك هاتنە دەرو لەگۆشەو کەنارەکان دەرپەڕین هەرچی هەواڵ و دەنگوباسەکان هەیە دەیگێڕێتەوە هەرچی لەسەر پشتی ڕوویداوە لە خێرو چاکەو گوناه و تاوان. ئایا مرۆڤ هیچ پەندو ئامۆژگاری لێ وەردەگرێت، کاتێ بەسەر زەوی‌دا دەڕوات هیچ کاری لەسەر پشتی‌دا نەکات جگە لەوەی جێگای ڕەزامەندی خوایە بۆئەوەی لەسەر ئەوە شایەتی بۆ بدات؟!.

١– الزلزلة: ٤.

مێرگی (٢١)

شایەتی دانی پێغەمبەران و فریشتەکان

شاهێدی پێغەمبەرﷺ:

لەوڕۆژەدا کەتیایدا ئەم زەویە دەگۆڕێو دەبێتە سەر زەمینێکی تر، هەروەها ئاسمانەکانیش.. هاوسەنگی دنیا تێکدەچێت و هەموو کێش و تەرازوویەك لەناودەچن و تەنها کێش و تەرازووی ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوەو حوکمی ئەو وێستگەیەدەکات ئەوپایەو شکۆیە دەدرێت بە پێغەمبەری خواﷺ تا شاهیدی بدات لەسەر درۆزن و ساختەچیو سەرپێچی کارو یاخیبووەکان لە ئوممەتی خۆی، خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍۭ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَعَصَوُا۟ ٱلرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾[1]. واتە: (دەبێت حالی ئەو خەڵکە چۆنبێت کاتێك لە هەرمیللەتێك شایەتێکمان هێناو تۆشمان هێنا ئەی (موحەمەد-ﷺ) بەشایەت بەسەر هەموو خەڵکەوە (کەپەیامی خوات پێ ڕاگەیاندوون) ئەو ڕۆژە ئەوانەی بێ باوەڕ بوون و لەپێغەمبەرﷺ یاخی بوون، ئاواتەخوازن کە زەوییان پێ تەخت بکرایەو (هەر لە توێی خاکدا ون بوونایەو زیندوو نەکرانایەتەوە)و ناتوانن هیچ گوفتارێکی پەنهانیان لەخوا بشارنەوە).

خاوەنی (الظلال)[2] دەڵێت: (ئەوکاتە وێناو دیمەنێکی بەرچاو ڕێکدەخرێت.. مەیدانی پیشاندان و خستنە ڕوو گەورەو فراوانە، هەموو ئوممەت ئامادەیەو، لەسەر کردەوەی هەموو ئوممەتێك شاهید هەیە.. هەموو ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕو لووت

١- النساء: ٤١ - ٤٢

٢- سید قطب.

بەرزو خۆهەڵکێش و ڕژدو چاو چنۆك و حەسوودانەی کە لوتف و نازو نیعمەت و بەخششی خوایان دەشاردەوەو مەرایی کاریوون و مەبەستیان ڕەزامەندی خودانەبوو، کارو کردەوەیان لەپێناوی خوادا نەبووە، ئەوانن ئەوکەسانەی وا ئێمە خەریکە دەیانبینین لەکاتی لێکۆڵینەوەیانداو لەو مەیدانە وەستێنراون، ئەرکی شایەتی دان دەدرێتە پێغەمبەرﷺ! بۆ ئەوانە بە هەموو ئاشکراو دیارو نهێنیو شاردراوەکانیانەوە ئەوانە وان لەبەردەم ئەو کردگارەیان کە باوەڕیان پێی نەبوو، ئەو ڕۆژیدەرەی نیعمەت و بەخششەکانیان دەشاردەوەو لەبەخشیندا ڕژدیو چاو چنۆکیان دەکرد لەوەی کە پێیان درابوو، لەوڕۆژەدا کە قیامەتەو ئەوان باوەڕیان پێی نەبوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەیﷺ لێی یاخی بوون و سەرپێچییان دەکرد دەبێ حاڵیان چۆن بێت؟؟.

بەڕاستی ڕیسوایی‌و سەرشۆڕییە، شەرمەزاریو پەشیمانییە.. لەگەڵ دان پیانان و درکاندنێك کەناتوانرێت ئینکاری بکەن)[1].

لەوێ ئەو یاخی بووانە لەڕیبا خۆرو ستەمکارو خۆدەرخەرو خراپەکاران ئەوانەی داوێن پیسیو کاری نابەجێیان بڵاو کردووەتەوەو پەرەیان پێداوەو دووزمان و غەیبەت کارو هاوەڵ بۆخوا پەیداکاران و زۆری تر لەگوناهکارو بێباوەڕان خۆزگەو ئاوات دەخوازن کەزەوی قوتیان بدات و ژێرخاك بن تا لەگەڵ زەویدا یەکسان دەبن، یا بەڵکو تەمەننا دەکەن کە هەر خۆڵ بوونایەو هیچ بایەخێکیان نەباو پێیەکان بیانشێلابان وەکو چۆن ئەوان بە خۆهەڵکێشان و لەخۆبایی بوونەوە بەسەریدا دەڕۆیشتن و دەیانشێلاو بەسووکی سەیری خەڵکیان دەکردو دەیانکردن بەبەندەی خۆیان لەکاتێکا بەئازادی لەدایك بوون، بەڵێ ئەوان هەموو ئەو ئاواتە دەخوازن تا لەو وێستگە ڕیسواییەدا نەوەستێنرانایە لەبەردەم پێغەمبەرداﷺ ئەویش شایەتی لەسەر یاخی بوونیان بدات.

١- الظلال ٢ /٦٦٢.

شاهیدی دانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ):

هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺ شایەتی لەسەر نەتەوەی خۆی دەدات هەروایش هەموو پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) شاهید دەبن بەسەر نەتەوەکانیانەوە بە هەرشتێ کردوویانە لە خراپە و تاوان، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لَا يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴾[1]. واتە: (ڕۆژێك دێت لەهەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێك بۆ شایەتی دەهێنێتە مەیدان، لەوەودوا بەهیچ جۆرێك مۆڵەت بەوانە نادرێت کە بێ باوەڕبوون و پاکانەیان لێ وەرناگیرێت). لەو کەش و هەوا پڕ لەنەنگیو پیشاندانەدا بێبڕواو یاخی بووان دەکەونە خۆزگە خواستن و بیانوو هێنانەوە لەسەر کردەوە و کەم و کورتی یەکانیان و، هەوڵدەدەن پەروەردگار ڕازی بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێ نادرێت و، هیچ هەل و ماوەی ئەوەیان نییە تا خۆدواخەن و بڕوبیانوو بهێننەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی لێپرسینەوەیەو، ڕۆژی کردەوە نییە.

شایەتی شاهیدەکان:

ئەو شاهیدانە فریشتە و پێغەمبەران و -سەلامی خوایان لێبێ- زانایانن، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ۚ أُولَٰئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمْ وَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ ﴾[2]. واتە: (کێ لەوە ستەمکارترە کەدرۆ بەناوی خواوە هەڵبەستێت (بەوەی بڵێ خوا هاوەڵ یا کوڕی هەیە) ئەوانە نیشانی پەروەردگاریان دەدرێن شایەتەکانی قیامەت، کەفریشتەو پێغەمبەران و بانگخوازانن دەڵێن: ئەوانە ئەوکەسانەن درۆیانکرد بەدەم پەروەردگاریانەوە، ئاگادارین! نەفرەتی خوا لەسەر ستەمکارانە)... ئەوە شایەتی بەکۆمەڵی فریشتەکانە لەسەر ئەوانەی بەندایەتییان

١- النحل: ٨٤

٢- هود: ١٨

بۆ جگە لەخوا کردووەو، شایەتی پێغەمبەرانە لەسەر ئەوانەی کە ئەوەی لەلایەن خواوە بۆیان هێناون ئەوان بەدرۆیان زانیوەو باوەڕیا پێ نەهێناون، شایەتی بانگخوازان لەسەر ئەوانە کە بەدرۆیان خستوونەتەوەو سزاو ئازاریان داون و ئاوارەو دەربەدەریان کردوون ستەمیان لێیان کردووە، ئەوانە لەڕۆژی قیامەتدا دەکەونە ئەو بارودۆخەوەو ئەوان ئەو شاهیدانە شایەتیان لەسەر دەدەن و، بێ باوەڕو دووڕوو ئەوانەی بەئاشکرا یاخیو سەرپێچی کار بوون دەردەکەون و نەنگیو ڕیسواییان لەبەردەم هەموو دروستکراواندا دەردەکەوێت، وەکو لە گێڕانەوەیەکی (بوخاری)دا هاتووە (وأمّا الآخرون –أو الكفار– فينادي على رؤوس الاشهاد: هؤلاء الذين كذبوا على ربهم)[1].واتە: بەڵام ئەوانی تر –یا بێ باوەڕان– لەسەر سەری شایەتەکان بانگ دەکرێت: ئەوانە ئەو کەسانەن کە درۆیان بەدەم خواوە هەڵبەستووە).

شایەتی مرۆڤ و جنۆکە:

پاشان ئەو مرۆڤ و جنۆکە یاخی بووانە لەبەردەم ئەم هەموو شاهیدە یەك لەدوای یەکانە هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی خۆیشیان شاهیدی لەسەر نەفسی خۆیان بدەن کاتێ خوای گەورە دەیان دوێنێ: ﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ ﴾[2].

واتە: (لەڕۆژی قیامەتدا خوا دەفەرموێت): ئەی دەستەی پەریو ئینسان، ئایا پێغەمبەرانتان لەخۆتان بۆ نەهات کە ئایەتەکانی من و ڕووداوەکان بەسەرتاندا بخوێننەوەو ئاگادارتان بکەن و بتان ترسێنن لەوەی کەئەم ڕۆژەتان بۆ پێش دێن؟! (هەموو بەیەك دەنگ) دەڵێن: ڕاستە، ئێمە خۆمان شایەتی لەسەر خۆمان دەدەین (بەڵام ئەوانە کاتی خۆی) ژیانی دنیا سەری لێ شێواندن و هەڵی خەڵەتاندن و شایەتیان لەسەر خۆیاندا کەبەڕاستی کاتی خۆی بێ باوەڕ بوون).

١– بەشێکە لە فەرموودەیەکی بوخاری (الفتح:٤٦٨٥).

٢– الأنعام: ١٣٠

ئەوە شایەتی‌یەکی گشتی‌یە لەیاخی بووانی پەرێو مرۆڤ لەسەر نەفسی خۆیان بەگومڕایی‌و سەرلێ شێواویان، بەوەی کەهۆی ئەو گومڕایی‌یەیان بێ ئاگاییو هەڵخەڵەتاوی‌یان بووە بەجوانی‌و ڕازاوەیی دنیاو نەجوڵانی هەست و نەست و دەرك نەکردن بەنەمان و لەناوچوونی دنیا.

شایەتی دوو فریشتەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ﴿٢١﴾ لَّقَدۡ كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ﴿٢٢﴾ وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ﴾[1].

واتە: (ڕۆژی قیامەت دێت و هەموو کەسێك دوو کەسی لەگەڵدایە یەکێکیان دەیگەیەنێت و ئەوی تریشیان شایەتە بەسەریەوە بەیەکەیەکەی بێ باوەڕان دەوترێت: سوێند بەخوا بەڕاستی تۆ لەم بەسەرهاتانە نائاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمڕۆ چاوەکانت تیژە، فریشتەی هاوەڵ و چاودێری ڕوو بەپەروەردگار دەڵێت: هەرچی کارو کردەوەی ئەم ئادەمی‌یە هەیە هەمووی ئەوەتەلای من و یاداشت و تۆمارم کردووە)[2].

(ئیبنو کەثیر) دەڵێت: (واتە فریشتەیەك دەیبات بۆ مەیدانی حەشرو لێپرسینەوەو فریشتەیەکیش شایەتە بەسەر کارو کردەوەکانییەوە).

ئەو بەهیچ جۆرێك چاوەڕوانی ئەم ڕووداوە نەبووەو بەڵکو غافڵ و بێ ئاگابووە لەسەر ئەو بەسەرهات و وێستگەیەی تێی دەکەوێت، کاتێ شاهیدەکە دەست پێدەکات کە ئەو بەدرێژایی ژیانی هاوەڵی بووەو پێوەی پەیوەست بووە هەر وتەیەك وتوویەتی‌و کردەوەیەك ئەنجامی داوە هەر هەمووی لەسەر نوسیوەو ئەویش نائاگابووە هەم لەوو هەم لەو نوسینە وردەی لەسەری نوسراوە، دەست دەکات

١- ق: ٢١ - ٢٣.

٢- تەفسیری ئاسان.

بەشایەتی لێدانی لەبەردەم خوای پەروەردگاردا ﴿ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ﴾[1]، هەرچی کارو کردەوەی ئەم ئادەمی‌یە هەیە هەمووی ئەوەتە لای من و یاداشت و تۆمارم کردووە).

(موجاهید) دەڵێت: (فریشتەی گەیەنەریش دەڵێت: ئەو ئادەمی‌یەی پێم سپێردرابوو ئەوا گەیاندم و ئامادەم کرد).

فریشتەکانیش هیچیان درۆناکەن و درۆ ناڵێن ئەوەتا یەکێك لەوان شایەتی‌یەکەی دەخاتە ڕوو لەبەردەم کردگاردا لەسەر ئەو مرۆڤە بێ ئاگایە لەشێوەی ئەو ڕووداوو بەسەرهاتەی کەئەو هەموو شاهیدانەی لەسەرە لەهەموو جۆرێك و ناتوانێت تەنها یەکێکیشیان بەدرۆ بخاتەوە.

١- ق: ٢٣.

مێرگی (٢٢)

شایەتی دانی ئەندامەکان

لەگەڵ بوونی ئەو هەمووە شاهیدانەی قیامەت، لەوێ چینێك لەگومڕایان هەن لەڕێگای ڕاست لایانداوەو، نەدان بەتاوانەکانیاندا دەنێن و نە شایەتی دەدەن و نەشایەتی ئەوانی تریشیان قبووڵە خوای گەورە ئەندامەکانیان دەخاتە قسە تا شاهیدیان لەسەر بدەن ئەوەش بۆ ئەوان شتێکی زۆرو لەپڕو لەناکاوە:

شاهیدی گوێو چاوو پێستەکان:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴾[1]. واتە: (ڕۆژێك دێت دوژمنانی خوا تێکڕا کۆدەکرێنەوەو کێش دەکرێن بەرەو ئاگری دۆزەخ، بەرودوا یان پاڵەپەستۆیانە، هەتا کاتێك دەگەنە ئاستی ئاگرەکە گوێیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان شایەتیان لەسەر دەدات کە چ کاروکردەوەیەکی نادروست و خراپیان ئەنجام دەدا، ئەوسا بەغەمبارییەوە بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لەسەردایین خۆزەرەرتانە؟ لەوەڵامدا دەڵێن: ئەو خوایەی ئێمەی هێناوەتەگوفتار کەدەتوانێت هەموو شتێك بهێنێتە قسەو گوفتار، هەرئەو زاتەشە کە یەکەمجار بەدی هێناون و هەربۆلای ئەویش دەبرێنەوە، (بێگومان کارێکی ئاسانە بۆخوا) ئێوە کاتی خۆی ئەوەندە غەڕرابوون، گوناه و تاوانەکانتان نەدەشاردەوە، چونکە مەترسیتان نەبوو کەگوێتان و چاوتان و

---

[1] فصلت: ١٩ – ٢٢.

پێستتان شایەتیتان لەسەر بدات، بەڵام گومانتان وابوو کەبەڕاستی خوا زۆر ئاگادار نییە بەو کارو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن).

هەرکەس بێ فەرمانی خوای گەورە بکات دەچێتە ژێر ناوی (دوژمنانی خوا)و هەرکەس ببێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی بانگەوازی بۆلای خوا ئەو کەسە لە (دوژمنانی خوایە) و هەرکەس خراپەکاربێت بەرامبەر بانگخوازانی خوا ئەوە لە (دوژمنانی خوایە)، بەم جۆرە بە ملیۆنان کەس لەمرۆڤ و پەری لەژێر ئەو ناوەدا کۆدەبنەوەو خوای گەورە بەهێزو دەسەڵاتی خۆی دەیان هێنێ‌و دەیانباتە ئەوێ، کە لەوڕۆژەدا جگە لەهێزو دەسەڵاتی خوا هیچ هێزو دەسەڵاتێکی ترنییە، دەیانگەیەنێتە سەرزەمینی مەحشەر بۆئەوەی دوای ئەوە بیانخاتە ناو ئەو ئاگرەی زۆر دەمێکە پەرۆشی ئەو جەستەیەیانە کە هیچ بەیادو زیکری خوا ئارام نەبوونەوە بەڵکو بەیادی زکری شەیتان ئارام بوونەوە پەرۆشیانە بۆ توانەوەی دڵەکانیان کەبە بەڵگەو ئایەتەکانی قورئان نەرم نەدەبوون و بەهیچ ناتوێنەوە جگە لەئاگر، دەیهێنن و پاڵی دەنێن ﴿ يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا ﴾[1]، ڕۆژێك دێت بەتووندی پاڵیان پێوە دەنرێت بۆ ناو دۆزەخ (دەنگ لەسنگیانەوە دێت ئەوەندە پاڵەکە توندە) بەڕیسوایی‌و سەرشۆڕی‌و شەرمەزاری‌یەوە یەکەمیان بەکۆتا کەسیانەوە بەندە بۆئەوەی بەیەکەوە بەو چارەنووسەیان بگەنەوە کە لێی دوور نەدەکەوتنەوەو خۆیان لێ نەدەپاراست. (حتى إذا ما جاءوها: تادەگەنە ئاستی ئاگرەکە)و دەگەیەنرێنە ئاگرو ئامادەی لێپرسینەوە دەبن پێش ئەوەی فڕێ بدرێنە ناویەوە، خوای پەروەردگار پرسیاریان لێ دەکات لەسەر ئەو بەخشش و نیعمەتانەی لەدنیادا بەسەریدا ڕشتبوون و پێی بەخشیبوون ئاخۆ چی‌یان پێ کردووە، وەکو لەگێڕانەوەیەکی (صحيح ى مسلم)دا هاتووە لێپرسینەوەی خوای پەروەردگار لەیەکێ لەو یاخی‌بووانە پێش ئەوەی هەڵی بدەنە ناو ئاگر، خوای گەورە پێی دەفەرمووێت:(أي قُل، ألم أُكْرِمْك وأسودك، وأُزَوِّجك وأُسَخِّر لك الخيل و الإبل، و اذرك

١- الطور: ١٣.

ترأس وتربع؟ فيقول: بلى يارب، فيقول: أظننت أنك ملاقي؟ فيقول: أي رب: آمنتُ بك وبكتابِك وبرسلِك، و صلّيتُ وصمتُ و تصدَّقتُ، و يثني بخيرما استطاع، فيقول: هاهنا إذن، ثم يقول: الآن نبعث شاهداً عليك، فيتفكر في نفسه: مَن ذا الذي يشهد عليه؟)[1]، واته: (ئەی فلان! ئایا ڕێزم لێنەناویت و سەروەریم پێ نەبەخشیویت و هاوسەرم پێنەدایت، ئەسپ و وشترم بۆ نەهێنایتە ژێر بار. لێتنەگەڕام ببیتە سەرۆك و باج و خەراج بستێنی؟ دەڵێ: بەڵێ ئەی پەروەردگار. دەفەرمووێت: ئایا بەئومێدی ئەوە بوویت بەدیداری من بگەیت؟ ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگار باوەڕمهێنا بەتۆو بەکتێبی تۆو بەپێغەمبەرانی تۆو، نوێژم کردو، ڕۆژووم گرت و، خێرم کرد، بەچاکترین شێوە چەندە بتوانێ ستایشی خۆی دەکات. دەفەرموێت: کەوابوو ئالێرەدا ڕاوەستە، پاشان پێی دەفەرمووێت هەرئێستا شایەتی خۆمانت لەسەر دەنێرین، دەکەوێتە بیرکردنەوە لە خۆی: داخۆ کێ بێت شایەتیم لەسەر بدات؟).

ئەو وای بۆ دەچێت کە دەتوانێت فێڵ لەخوا بکات بەوەڵامی لەم جۆرەو وەگومان دەبات ئێستا هەر ئەو مرۆڤەیە کەدەتوانێ شایەتی خەڵکی تر بکڕێت و بەقامچی بیانترسێنێو بەحەزو ئارەزوویان بۆ ماڵ و دارای تاوان و خراپەکانی خۆیان پێ پەردەپۆشکاو بۆی بشارنەوە، ئەو هەر بیردەکاتەوە لەدڵی خۆیداو دەڵێ: داخۆ کێ بێت شایەتی لەسەر بدات؟ لەڕوانگەو بۆچوونی خۆیدا دەڵێ کەس ناتوانێو ناوێرێ شایەتیم لەسەر بدات بەهۆی ئەو پلەوپایەی کە هەیبووە وادەزانێ ئێستاش بەردەوام خاوەنی ئەو پلەوپایەو دەسەڵاتەیە، تائێستاش کە لەبەردەم کردگار وەستاوەو پرسیاری لێدەکات، هەروا بیرلەو شایەتە دەکاتەوەو باخیو سەرکێش خۆزگە دەخوازێ بزانێ کێیە؟! هەتا لەپڕو لەناکاو مۆر دەنرێت بەسەر دەمیداو ئەندامەکانی دەهێنرێنە قسە. (فيختم على فيه، و يُقال لِفَخْذِه انطقي، فتنطقُ فَخْذُه و لحمُه و عظامُه بعملِه، وذلك ليعذَرَ مِن نفسِه، وذلك المنافقُ الذي

---

[1]- مسلم ٢٩٦٨.

يسخطُ اللهُ عليه)[1]. واته: (وه مۆر دهنرێت بهسهر دهمی‌داو بهڕان و ئێسك و گۆشتی دهگوترێت: بێنهگۆ! ئنجا ڕان و ئێسك و گۆشتی دێنه گۆ شایهتی لهسهر دهدهن لهسهر کردهوهکانی، ئهمهیش بۆ ئهوهی بڕوبیانووی نهمێنێت، ئهویش دووڕووه ئهو کهسهیه که خوا خهشم و قینی لێ ههڵدهگرێت).

خوای گهوره دهفهرمووێت: ﴿ ٱلْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰٓ أَفْوَٰهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَآ أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴾[2]. واته: (ئهمڕۆ مۆر دهنێین بهدهمیانداو قسهیان بۆ ناکرێت، بهڵکو دهستیان قسهمان بۆ دهکات، قاچیشیان شایهتی دهدات بهو کارو کردهوانه که ئهنجامیان دهدا (دهربارهی ئهو تاوانانهی که ئهنجامیان داوه) کاتێ شریتی کاسێت و ڤیدیۆو سیدیو دیسك قسهمان بۆ دهکهن باوهڕبوون بهقسهکردنی دهست و قاچ و هتد، ئاسانه).

ناکۆکی لهگهڵ ئهندامهکانی خۆیاندا:

خوای گهوره دهفهرمووێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾[3]، ههتا کاتێ دهگهنه ئاستی ئاگرهکه گوێیان و چاویان و پێستهکانیان شایهتی‌یان لهسهر دهدهن کهچ کارو کردهوهیهکی نادروست و خراپیان ئهنجام دهدا). کاتێ که لهههموو جێگایهکی جهستهی ئهو یاخی بووه دهنگهکان بهرزدهبنهوهو بهچاوی خۆی شتێك دهبینێ که نهچاوهڕێی دهکردو نهپێی دهزانیو، ناتوانێ هیچ قسهیهکیش بکات مۆر نراوه بهسهر دهمیدا، دهستهکانی شایهتی دهدهن، گوێ یهکان و چاوهکانی شایهتی دهدهن، ئهویش شپرزهو شێواوهو ناتوانێ هیچ بڵێ، لهترس و سامناکی ئهو دیمهنهی دهیبینێ خهریکه باوهڕی پێ نهکات، ههتا دێتهوه گوفتارو دهکهوێته قسهو بهپێستهکهی

١- مسلم

٢- يس: ٦٥

٣- فصلت: ٢٠.

دەڵێ: ﴿لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا﴾؟؟[1]، بەغەمبارییەوە بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لەسەردابن خۆ زەرەرتانە؟؟ پێستیان لەوەڵامیاندا دەڵێت: ﴿أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ﴾[2]، ئەوخوایەی ئێمەی هێناوەتە گوفتار کەدەتوانێت هەموو شتێك بهێنێتە قسەو گفتوگۆ).

پاشان هەڵوێستەکە خراپترو مەترسی دارتر دەبێ، کاتێ گوێبیستی ئەو هەڕەشەی پێستی خۆیان دەبن﴿وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾[3]، ئێوە کاتی خۆی ئەوەندە غەڕرابوون، گوناه و تاوانەکانتان نەدەشاردەوە چونکە مەترسیتان نەبوو کەگوێتان چاوتان و پێستتان شایەتیتان لەسەر بدات، بەڵام گومانتان وابوو کەبەڕاستی خوا زۆر ئاگادار نییە بەو کاروکردەوانەی ئەنجامی دەدەن. ئێوە کردەوەکانتان لەدنیادا نەدەشاردەوە لەو شاهیدانە کاتێ سەرپێچیتان دەکردو بەردەوام یاخی دەبوون (البیضاوی) دەڵێت: (ئێوە گوناه و تاوانەکانتان لەخەڵکی دەشاردەوە لە ترسی ئەوەی ئاشکرابێو ئابڕووتان بچێ، نەتاندەزانیو گومانتان نەدەبرد کەئەندامەکانتان شایەتیتان لەسەر دەدات کە ئێوە لەوانتان دەشاردەوە)[4]. لەکاتێکا کەناتوانن هیچ وەڵامێکی ئەو ئەندامانەیان بدەنەوە جگە لە بڕوبیانوویەك کە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێ لەو ڕۆژەدا. بەئەندامەکانی خۆیان دەڵێن (بۆچی شایەتیتان لەسەر داین خۆ ئێمە بەرگریمان لە ئێوە کردو لەپێناو ئێوەدا درۆو دەلەسەمان ڕێکدەخست)[5]، زانین و دەرك پێکردنی مرۆڤ بەشایەتەکانی

١- فصلت: ٢١.

٢- فصلت: ٢١.

٣- فصلت: ٢٢.

٤- تفسير البيضاوي ٢/١٥٦.

٥- بەشێك لە فەرموودەیەکی (موسلیم)ە (٢٩٦٩)، سەرەتاکەشی بریتییە لە: (ئەزانن بە چی پێئەکەنم؟...).

ڕۆژی دوایــی ڕاســتەقینەیەکن والــەمرۆڤ دەکــەن بــاوەڕی پــێ بهێنــێو بڕوابکــات کەچاودێرێکی بەردەوام چاودێری دەکات و، ئەو ئەندامانەی لەدنیادا لەژێر فــەرمانی خۆمانــدان لــەڕۆژی دوایــیدا هــیچ دەســەڵاتێکمان لەســەریان نابێــت، ئنجــا یادەبنــە شایەت بۆمان لەسەر ئەنجامدانی کارو کردەوەی خێرو چاکە، یائــەوەتا شــایەتیمان لەسەردەدەن بۆ کارو کردەوەی خراپ و گوناه و تاوانەکانمان.

مێرگی (٢٣)

پێکهێنانی هەمم و غەمی ڕۆژی دوایی

لەفەرموودەیەکی پێغەمبەرداﷺ هاتووە: ((مَن كانت هَمُّه الآخرة، جمع الله له شمله، وجعل غِناه في قلبه، وأتَتْه الدنيا راغمةً، ومَن كانت هَمُّه الدنيا، فَرَّق الله عليه أمره و جعل فقرَه بين عينيه، و لم يأتِه مِن الدنيا الاّ ما كَتَبَ الله له))[1].

واتە: (هەرکەس هەموو مەبەستەکانی بۆ ڕۆژی دوایی بێت، خوای گەورە هەموو خێرێکی لەدەور کۆدەکاتەوەو، دەوڵەمەندی دەخاتە دڵیەوەو دنیا بەزۆر بۆی دێو لەبەرچاوی ئەو سوك و داماوە، هەرکەسێکیش ویست و هەممی دنیای بێت، خوای گەورە کاروبارەکانی پەرش و بڵاو دەکات و هەژاریو نەداری دەخاتە چاویەوە دنیاشی بۆ نییە تەنها ئەوە نەبێ کە خوا بۆی نوسیوە).

هەرکەس خۆخەریك کردنی بەهەرکارێکەوە بۆڕۆژی دوایی بێت و بەردەوام لە غەم و هەممیدا بێت، یەك ڕۆژ بەسەریدا ناڕوات بەبێ بیرکردنەوە لەچارەنووسی خۆی، هەرچی دەبینێ پەیوەستی دەکات بەڕۆژی دوایی‌یەوە، هیچ قسەو باسێك ناکات جگەلەوە کەبەشی ڕۆژی دوایی تێدابێت، هیچ شتێ دڵخۆشی ناکات جگە لەوەی بۆ قیامەتە، دڵتەنگی تەنها بۆ قیامەتە هەرشتێ بۆ ڕۆژی دوایی نەبێت پێی ڕازی نییە، تووڕەبوونی تەنها لەسەر قیامەتە، هیچ جوڵەیەکی بەبێ بیرکردنەوە لە قیامەت نییە، هەوڵ و کۆششی بۆ قیامەتە، هەرکەسیش بەم جۆرەبێت ئەوا خوای پەروەردگار سێ نیعمەتی پێ دەبەخشێت ئەگەر پاشاو مەلیکەکان ئەوەیان زانیباو ناسیبا بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی شەڕەشمشێریان لەسەر دەکرد، بەڵام ئەوە منەتی خوایە بەسەر ئەو بەندانەیەوە کە پێیان دەبەخشێت، ئەوکەسانە کەنەفسی

١- أخرج ابن ماجه وصحَحَّه الألباني (ص ج ص ٦٣٩٢).

خۆیان بۆ خوا یەکلایی کردۆتەوەو هیچ کام لەبتەکانی دنیاو خشڵ و جوانیو ڕازاوەییەکەی نەچووەتە دڵیانەوە.

یەکەم لەو نیعمەتانە

کۆکردنەوەی پێکهاتە خێرەکان لەدەوری:

پێکهاتەکان کۆی هەموو شتەکانە لەوانەی کەدەوری مرۆڤیان داوە، خوای گەورە ئارامی پێ دەبەخشێو دڵنیای دەکاو بیرو هزری کۆ دەکات و، لەبیرچوونەوەی زۆر کەم دەکات، ئەهلەکەی لەسەر کۆدەکاتەوەو دۆستایەتی لەنێوانیان زیاد دەکات و منداڵەکانی لەدەور کۆدەکاتەوەو ڕام و گوێڕایەڵیان دەکات بۆی، خزم و نزیکانی لەسەر کۆدەکاتەوەو گێچەڵ و نیگەرانیيان لەسەر دووردەکاتەوە، ماڵ و دارایی بۆ جەم دەکات و بەهۆی بازرگانی زەرەرمەندانە یاهەر ڕەفتارێکی گێژانە لێی پەرش و بڵاو ناکات و دڵەکان لەسەری کۆدەکاتەوە دوای ئەوە بۆی دەنوسێ کەلەسەر زەمین خۆشەویست بێت، کەسێ نابینێ خۆشی نەوێت، هەرچی کاروباری گوفتارو کرداری خێر هەیە لەدەوری لەسەری کۆدەکاتەوە.

دڵ دەوڵەمەندی:

نیعمەتی دووەم لەوانەی منەتی خوایە لەسەری بریتییە لە(دەوڵەمەندی دڵ و دەروون) ئەوەتا پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکی (صحیح)دا دەفەرمووێت: (لیس الغِنى عن كثرة العرض، ولكن الغِنى غِنى النفس)[1]. واتە: (دەوڵەمەندی بەشتی زۆر نییە، بەڵکو دەوڵەمەندی ئەوەیە کەدڵ و دەروون دەوڵەمەند بێت).

ئیمام (المناوي) دەڵێت: (واتە ئەو دەوڵەمەندیيەی شایانی پیاهەڵدان و ناسینە بەزۆری شت ومەك دەست ناکەوێت لەبەرئەوەی زۆرن ئەوانەی کەخوا دەوڵەمەندی کردوون و دارایی پێ داون، هیچ سوودێکیش لەو داهات و دارایییەیان نابینن کە پێیاندراوە، بەڵکو تەنها لەبیری زیادکردنیدان و گوێ نادەنە ئەوەی لەکوێوە دێت و

١- موسلم ١٠٥١ (كتاب الزكاة).

چۆن دەستیان دەکەوێت، ئەوان هەر وەکو هەژارو نەدارێکن لەبەر توونديو سووربوونیان لەسەر چاك پەیداکردنی ماڵ و دارایيو چاو تێرنەبوونیان، چاوبرسیش بەردەوام هەژارو نەدارە، بەڵام دەوڵەمەندی پاك و پیاهەڵدراو لەلای ئەهلی تەواو بێ کەم و کوڕی بریتییە لەدەوڵەمەندی دڵ و دەروون لەگێڕانەوەیەکا هاتووە (دەروون ڕازیيە بەوەی پێی دراوەو خۆی بەدەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو دەزانێ، ڕازيو بەقەناعەتە ئەوەندە پێ داگری ناکات لەپەیداکردنی ماڵ و هەتەر نابێ بەدوایداو لەسەری ناڕوات، هەرکەسێ نەفسی خۆی واڕابهێنێ چاوبرسيو چاو لەدوو نەبێت ئەوا بەمەرامی خۆی گەیشتووەو دامەزراوو بەڕێزەو هەنگاوی پاکی چوونەپێشی هەڵهێناوەو شکۆمەندی دەست کەوتووە زۆر زیاتر لەو کەسەی دڵ و دەروونی هەژارو کەوتووەتە کاروباری ڕەزیليو نامەردانە بەهۆی نزمی هەمم و مەبەستەکەیەوە لەچاواندا بچووك بووەتەوەو لەبەردڵاندا سووك و ڕیسوایەو سوکتر دەبێ لەهەموو سوکێك، خاوەن سامان و دارایی هەرچەندە سامانەکەی بگاتە ملیۆنان ئەگەر قەناعەتی بەوەنەبوو کەخوا پێی داوە، هەرماندوويەو هەناسە بڕکێیەتی وەکو دڕندەو ماڵ و سامانەکەی لێ دەبێتە خودا لەجیاتی (خوای پەروەردگار) لەڕاستیدا ئەوکەسە هەژارو نەدارە، چونکە هەژار ئەو کەسەیە واهەست دەکات هیچی نییەو زۆر پێویستی بەماڵ و دارایيیە، وەکو لەتەرجەمەکەی خواپەرستی زاهید (ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم)دا هاتووە کە پیاوێك پێی دەڵێت: ئەوە جبەیەکەو حەزدەکەم وەك دیارییەك لێم وەربگری ئەویش دەڵێ: ئەگەر دەوڵەمەندیت لێت وەردەگرم بەڵام ئەگەر هەژاری ئەوا قبوڵی ناکەم، پیاوەکە دەڵێت: من دەوڵەمەندم. پێی دەڵێ: چەندت هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: دووهەزار. دەڵێت: دەتەوێ بیکەی بەچوار هەزار؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ. (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم)یش دەڵێ: کەواتە تۆ هەژاریت و لێت وەرناگرم)[1].

١- البداية والنهاية ١٠ / ١٣٨.

هاتنی دنیا:

ئـەوەش نیعمـەتی سـێیەمەو منـەتی خوایـە لەسـەر بەنـدەی، ئـەو لەبـەر دنیاڕادەکـات بـەڵام دنیـا بـەداماویو ڕیسـوایی بـەرەو ڕووی دێـت، تـەواو وەك ئـەو نموونەی ئیمام (إبن الجوزي) هێناویەتی کەدەڵێت: (دنیـا سـێبەرە، کـاتێ خـۆتی لێ لادەدەیت سێبەرەکەت شوێنت دەکەوێت، بەڵام ئەگەر بتـەویو دوای بکـەویت ئـەوا کورت دەبێتەوە، خواناسی دنیا نەویست ئاوڕ لەسێبەرەکەی ناداتەوەو سێبەرەکەی شوێنی دەکەوێت چاوبرسیش هەرچەندە لادەکاتەوە بەلایدا نایبینێ).

هەرکەسێ دنیا هەممی بێت و بیرلە هیچ نەکاتەوە جگە لەدنیاو کارەکانی تـەنها بۆ دنیا بکات گرنگی بەهیچ نەدا جگە لەوەی بـۆ دنیایـەو تـەنها بـەوە دڵخـۆش بـێ، دۆستایەتیو دوژمنایەتی تەنها بۆ دنیا بێت، ئەوا خوای گەورە تۆڵەی لێ دەستێنێو بەم سێ سزایە سزای دەدات:

پەرش و بڵاوی پێکهاتەکان:

خوای پەروەردگار هەموو خێرو بێرکانی لێ جیا دەکاتەوەو هیچ شتێ لـەدەوری نـامێنێو پـەرش و بـڵاو دەبێـت بـیرو هۆشـی پەرتـەوازەدەبێو نەفسـی پەشـێوو شـپرزەیەو لەسـەر هـەموو کـارێکی دوو دڵ و ڕاڕا دەبـێ تەنانـەت ئەگـەر ئـەو کـارە زۆریش بێ بایەخ بێ، ماڵ و سامانی پەرت و بڵاو دەبێو لەهیچ پرۆژە یابازرگانییەك سەرکەوتوو نابێت و ژن و منداڵەکانی بەردەوام سەرەڕۆو یاخی دەبن لێیو لە غەم و هەممی ئەودا نابن و، تەنها خەفەت و نیگەرانی لەخێزانی دەست دەکەوێو هەمیشـە شەکوا لەحاڵی خۆی دەکات و لەناخۆشی دانابڕێت، خۆزگـەو ئـاوات بـۆ تـەواوبوونی لەو دنیایەدا دەخوازێت بەهۆی ئـەو هـەموو خـەم و خەفەتـەی دەیخـوات، هـەروەها خوای گەورە خەڵکی لەسـەر بـڵاو دەکـاو کـەس خۆشـی ناوێـت و کەسیشـی خـۆش ناوێت.

هەژاری لێی جیا نابێتەوە:

ئەوەش دووەم سزایە کە بەهۆیەوە سزادەدرێت، وای لێدەکات، هەرگیزو بـەهیچ شـتێ قەناعـەتی نییـە، هەرچـەند خـاوەنی مـاڵ و سـامان بێـت، بـەردەوام هەسـت

بەهەژاریو نەداری دەکات و هەمیشە ماندووەو بەدوای ماڵ و ساماندا هەناسە برکەیەتی، تا زیاتر هەست بەو فەقیریو هەژارییە دەکات زیاتر ماندوو و هیلاك و دووڵەو هەمم و غەمی زیاتر دەبێت.

ڕاکردنی دنیا:

بەردەوام دنیا لەبەری ڕادەکات، ئەو داوای دەکات و دنیاش لێی دووردەکەوێتەوە، بەدوایدا دەڕوات و ڕادەکات هەروەکو ئەو کەسەی بۆسەرابێك ڕادەکات کەوادەزانێ ئاو هەیە لەوێداو کەدەگاتە ئەویش هیچ شتێکی لێ نییە، هەمیشە هەوڵ دەدات، تێدەکۆشێ بۆ پلەوپایەو دەسەڵات و مەدح و ستایش و ناوبانگ و سیفەتی گەورە گەورە، زۆر خۆی ماندوو دەکات لەپێناوی وەدەست هێنانیدا.... بەڵام هەرهەموویان لێی دووردەکەونەوە ئەوەش سزاو تۆڵەی خودایییە بۆی، هەرئەوەیە والە خاوەنی (دووڕووناکی یەکە) – عثمان کوڕی عەفان– دەکات لەسەر ئەو بابەتە دەڵێت: (هەممی دنیا تاریکی یە بۆ دڵ و هەممی ڕۆژی دواییش ڕۆشنایییە لەدڵدا)[1].

١– الإستعداد ليوم المعاد، ص ٩.

مێرگی (٢٤)
سیفاتی خاوەنانی هەممی ڕۆژی دوایی

سێ بەش...

خەڵکی لەو بارەوە دەکرێنە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم:

ئەوکەسانەن هەمم و غەمی قیامەت بەسەریاندا زاڵەو هەموو کارێکیان لەدنیادا بەتێڕوانینیان بۆ قیامەت ئەنجام دەدەن، تێگەیشتوون کەدنیا پردێکە دەیانگەیەنێتە قیامەت، هەموو ئەو ئامرازو هۆیانەی خوا دروستی کردوون بۆ هاوکاریو یارمەتیدانی مرۆڤ لەبەدەستهێنان و گەیشتن بەو ئامانجەی لەپێناویدا دروستبووە کە (بەندایەتی کردنە) بەکاریان دەهێنێو لەناو دەستیدا دایاندەنێ، لێناگەڕێ ئەوان ئەو بەکاربهێنن و چۆن حەزکەن ئاوا ئاڕاستەی بکەن، بۆئەوەش دنیاو ئەوەی لەدنیادایە واز لێ ناهێنن و لەخەڵکی جیانابنەوە گۆشەگیرنابن، لەبەرئەوەی کارو ڕاسپێریەکانی خۆیان زۆر بەڕوونی دەزانن کە(چاککردنی خودو چاککردنی غەیری خۆیان و بەکارهێنانی ئامرازو هۆیەکانی دنیا بۆ گەشتنیان بەڕۆژی دوایی بەسەلامەتی).

بەشی دووەم:

ئەوکەسانەن خۆشویستنی دنیا بەسەریاندا زاڵە هەتا بەتەواوی قیامەتیان لەبیردەباتەوە، هەست ناکەن و لەوە تێناگەن کەدنیا پردی گەیاندنە بەقیامەت، بەڵکو واحساب دەکەن کەدنیا سەرەتاو کۆتاییە، نازانن و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە کە ئەوەی لەدنیادایە یارمەتی دەری مرۆڤە بۆ گەیاندنی بەو ئامانجەی لەپێناویدا دروستبووە ئەویش (بەندایەتی کردنە). بەڵکو یەقینیان وایە کە ئەو هەموو ئامرازو هۆیانەی کەلەدنیادامەن ئامانجی دروستبوونی ئەون و بەندایەتی بۆ ئەوشتانەدەکەن

لەجیاتی بەندایەتی بۆ خوا بکەن، وەلەناو دڵیاندا دایاندەنێن و چۆن حەزیان لێبێ بەوجۆرە بەکاریان دەهێنن و لەپێناویاندا ژیانیان دەدۆڕێنن و دەفەوتێن ماڵ و سامان و ژن و کوڕو پلەوپایەو دەسەڵات دەبێتە ئامانجیان، خواردن و جل و بەرگ و هەواو ئارەزوو شەهەوات دەبێتە ئامانجی ئەوان لەجیاتی ئەو ئامانجە بەرزەی لەپێناویدا دروستبوون.

بەشی سێیەم:

ئەو سەرلێشێواوو هەڕەمەکیو تێکەڵ و پێکەڵانەن کەحەزناکەن لەبەشی یەکەم بن و لەبەشی دووەمیش نین، بەڵکو دەیانەوێت بەشیان هەم لەوان و هەم لەوان هەبێت، سەعاتێك بەندایەتی هەواو ئارەزووەکانیان دەکەن لەجیاتی خواو لەپێناو بەدەستهێنانیاندا کاتی خۆیان دەکوژن، سەعاتێکی تر بەندایەتی خوا دەکەن و دەکەونەوە بیری هەمم و غەمی قیامەت، ئەوانە وەکو شوانێکن ڕان لەدەوری پاوان دەلەوەڕێنن و زۆرجار دەکەونە ناوی، ئەگەر بێتو لەسەر ڕێگە دامەزراو نەبن و ئەو هەڕەمەکیە وازلێنەهێنن ئەوا لەمەترسییەکدا دەبن کەس لێی ئەمین نییە، ئیمامی خواناسی دنیا نەویست (یەحیا کوڕی مە عاذ) لەوەسفی ئەو سێ بەشەدا دەڵێت: (خەڵکی سێ بەشن: پیاو هەیە لەژێر کاریگەری ڕۆژی قیامەتدایەو پێوەی خەریك دەبێت، پاشان خەریکی ژیان و گوزەرانی دەبێ، پیاو هەیە لەژێر کاریگەری ژیان و گوزەرانیدایەو پێوەی خەریکە پاشان ڕۆژی دوایی، پیاو هەیە بەهەردوولایانەوە خەریکەو لەژێر کاریگەری هەردووکیاندایە. کەسی یەکەم لەپلەی براوەکانە، دووەمیان لەپلەی فەوتاوو لەناوچوواندایە، سێیەمیان لەپلەی مەترسیو خەتەرەکانە)[1].

خاوەنانی هەممی قیامەت لەبەشی یەکەمەکانی ناو خەڵکن و لەناو هەرسێ بەشەکاندا لەپلەی براوەکانن، لەبەرئەوە پێویستە لەسیفاتیان بکۆڵینەوەو فێری ببین بۆئەوەی شوێنیان بکەوین، لەناودارترینی ئەو سیفاتانە:

١- صفة الصفوة ٤ / ٩٣

خەفەت خواردن بۆ قیامەت:

لەگەڵ ئەوەش کەباوەڕیان بەڕەحمەت و لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار هەیە بەڵام پاڵی لێنادەنەوە بەڵکو لەسەر هەموو زیادەڕۆیی یان کەم و کوڕی‌یەك خەفەت دەخۆن، هەموو گوناهێك بەتاوان دەزانن هەتا ئەگەر زۆر وردیش بێ، ئەوان دڵتەنگ دەبن و خەفەت دەخۆن لەسەر هەرشتێ تووشی موسڵمانان دەبێ لەهەر ستەم و زۆر داری‌یەك لێیان بکرێ یا لەهەر بەڵاو نەهامەتی‌یەك کەتوشیان دەبێ، ئەوانە خاوەنی دڵ و دەروونێکن پڕیەتی لەڕەحمەت و هەستەوەری چونکە هەمم و غەمی قیامەت بەتەواوی بەسەریاندا زاڵە. (مالك کوڕی دینار) کەیەکێکە لەقوتابی‌یەکانی شوێنکەوتووی خواناس (حەسەنی بەصری) نموونە دەهێنێتەوە بەم جۆرە: (ئەو دڵەی هیچ خەفەتی تێدا نەبێ وێرانە هەروەکو ماڵێك کەهیچ کەس تیایدا نیشتەجێ نەبێت وێرانە)[1].

خەفەت دڵ زیندوو ڕادەگرێو چالاکی دەکاو هەست و نەست و توانا شاردراوەکانی دەجوڵێنێ، نەمانی خەفەت هەست و نەست دەمرێنێو، دڵ تەپ و گەلۆر دەکات هەتا دەیمرێنێ هەروەکو نموونەکەی مالیك وەکو (ماڵی وێرانە) کەبەجێ هێڵرا دەبێتە مۆڵگەی ئاژەڵ و جانەوەران و جێگای شەیتانەکان و شوێنێك بۆ پێشاوو پاشەڕۆو پیسایی‌و، پڕ دەبێت لەکەڕوو هەرچی بۆنی ناخۆشەو بۆگەنە، هەتا هەموو خاوەن سروشتێکی تەندروست و سەلیم لێی دووردەکەوێتەوە.

خەفەتیش پلەی هەیە، بەگوێرەی ئەو خەمەی بۆ قیامەت دەیخوات لەخەم و هەممی دنیا دەچێتەدەر ئەوەش کردەیەکە بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون بەردەوام هاوەڵایەتی دەکات لەگەڵ دڵێکی هۆشیار و بەئاگا، ئیمام (مالك کوڕی دینار) دەڵێت: (بەقەدەر ئەوخەفەتەی بۆ دنیا دەیخۆیت خەم و هەممی قیامەت لەدڵت دەچێتەدەرو بڕی ئەو خەفەتەی بۆ ڕۆژی قیامەت دەیخۆیت بەهەمان جۆر خەم و هەممی دنیا لەدڵت دەچێتە دەرەوە). هاوڕێ لەگەڵ ئەو خەفەتەدا ترسان

١- صفة الصفوة ٣ / ٢٨٣.

لەخودایش لەسەر لێپرسینەوەی قیامەت لەگەڵ نەفسی خۆیاندا لێپرسینەوە دەکەن پێش ئەوەی لێیان بپرسنەوە.

لێپرسینەوەی بەردەوام:

ئەمیری ئیمانداران (عومەر– ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: (لەنەفسی خۆتان بپرسنەوە پێش ئەوەی لێتان بپرسنەوە، کردەوەکانتان کێشانە بکەن پێش ئەوەی بۆتان کێشانە بکەن، خۆتان برازێننەوەو ئامادەبن بۆ ئەو خستنە ڕوو پێشانگە گەورەیە). دەبینی بەردەوام لێپرسینەوە لەگەڵ نەفسی خۆیدا دەکات لەسەر هەموو وتارو کردارێك، ئەوەیە ئەو نەفسە لۆمەکارەی خودا سوێندی پێ خواردووە کە دەفەرمووێت: ﴿لَآ أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴿١﴾ وَلَآ أُقْسِمُ بِٱلنَّفْسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾[1]. واتە: (سوێندەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، سوێند دەخۆم بەویژدانی زیندوو نەفسی ڕەخنە لەخۆگر کە لۆمەی خۆی دەکات). لە تەفسیری (القرطبي)دا هاتووە: (حەسەن دەڵێ: وەڵڵاهی ئەوەنەفسی بڕوادارە، بڕوادار دەبینی بەردەوام لۆمەی نەفسی خۆی دەکات، چیم وت؟ ئەو قسەیە چی بوو کردم؟ ئەوە چ بوو خواردم؟ تاوانباریش لێپرسینەوەی نییە لەگەڵ خۆیدا).

شوێنکەوتووی خواناس (بیلال کوڕی سەعد) لەسەر نەمانی خەفەت و دڵتەنگی بۆ ڕۆژی قیامەت لەنەفسی خۆی دەپرسیەوەو دەیوت: (ئای لەو خەفەتەی دەیخۆم لەسەر ئەوەی خەمم نییە بۆ قیامەت).

کاری بەردەوام بۆ ڕۆژی قیامەت:

ئەو خەم و خەفەتەی بەهۆی ویست و هەممی قیامەتەوە تووشیان دێت لەگۆشەی مزگەوتدا کۆتیان ناکات و، لەماڵەکانیاندا بەندو ئەسیریان ناکات و وایان لێ ناکات تەنها بۆ خودی خۆیان بگرین و خەڵکی سەرلێشێواویش وازلێ بهێنن و لەگومڕاییدا بەجێیان بهێڵن لەجیاتی نکوڵیو ئینکاری کردنیان، بەڵکو ئەو خەم و خەفەتە دەبێتە گەورەترین جوڵێنەر نەفسیان ڕووەو چاکە خوازیو پاککردنەوەو

١– القيامة: ١–٢

دەستپێشخەری دەبات پێش لەدەست چوونی کاتی پێویست، هەوڵدەدەن غەیری خۆیان بەرەو چاکە ببەن و بانگیان بکەن و ئارام دەگرن لەسەر ئەو بەڵاو نەهامەتی‌و گرفتانەی لەبانگەوازیدا دێتە ڕێگایان و توشیان دەبێ، (مالك کوڕی دینار): دەڵێت: (هەموو شتێ تۆوی هەیە، خەم خۆریش تۆوی کردەوەی چاکەو کەس ناتوانێت لەسەر ئەو کاروبارو چاکیانە بەردەوام و خۆڕاگر بێت ئیللا بەخەمخۆری نەبێت)[1].

نوێژو ڕۆژوو و قورئان خوێندن و ذکر واتای هەموو کردەوەیەکی چاك نین بەڵکو کردەوەی چاك هەمووکارێکە کەخوا خۆشی بوێت و خۆشەویستترین شتیش بەلای خواوە جیهادو تێکۆشانە لەپێناویدا، بەرزترین پلەی جیهاد ڕشتنی خوێنە لەپێناوی خوا، نزمترینیش نکوڵی‌و ئینکاری کردنی خراپەیە بەدڵ و، لەنێوان ئەو بەرزترین و نزمترینەش چەندین پلەی تر هەیە.

کاریگەری دیمەنی مردن لەسەریان:

بەهۆی زیندوویەتی دڵیان هەرچی لەدنیادا دەبینن دەیبەستنەوە بەڕۆژی دوایی، ئەوەی لەهەموو شتێ زیاتر دەیانترسێنێ دیمەنی مردنە، دیمەنی مردن بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەریان دەمێنێ‌و ئەوەش دەبێتە جوڵێنەریان بەرەو ڕۆژی دوایی لەترسی گەیشتنیان بەهەناسەکانی کۆتایی پێش ئەوەی کارێك پێشکەش بکەن کەبەرزترین پلەی پێ بچننەوە وەکو لەشوێنکەوتوو (ئیبراهیم النخعي) دەگێڕنەوە دەڵێت: (ئێمە کاتێ لەسەر جەنازەیەك ئامادەدەبین یاگوێ بیستی مردنی ناسیاوێك دەبین، ڕۆژانێکی زۆر باسی لێوە دەکەین و لەبیرمان ناچێتەوە، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئاگاداریکردین کە ئەو بڕیاری کۆتایی بۆ دابەزی بۆ بەهەشت یا بۆ ئاگر)[2]. ئەوە هەندێ لەدیارترینی سیفاتی خاوەنانی هەممی ڕۆژی دوایی بوون کەزۆری تریشیان هەن.

١- صفة الصفوة ٣/ ٣٧٨.

٢- صفة الصفوة ٣ / ٥٧.

میرگی (٢٥)

کۆسپەکانی بەردەم هەمم و ویستەکانی قیامەت

١- دونیا ویستی:

گومانی تێدا نییە ئەوەی کەبەرامبەرە لەگەڵ قیامەتدا، دنیایە، هەربۆیە سروشتییە کە داواکردن و خۆشویستنی دنیا لەگرنگترینی کۆسپەکانی (چاندنی هەممی قیامەت بێت) خۆشویستن و داواکردنی دنیا بەو مانایە نا هەوڵ بدرێت لەپێناو پەیداکردنی ڕۆزیو بنیاتنانی خانوو پێکهێنانی هاوسەرگیریو خێزان و دڵخۆشی بەمندالی زۆر، بەڵکو بەو مانایەی کەئەو کاروبارە دنیایی‌یانە لەماڵ و سامان و ژنان و کوران و کۆشک و تەلارو پلەوپایەو بکرێنە ئامانج و هەمم و مەبەست و، بکرێنە خوداو لەگەڵ خودادا بپەرسترێن یا لەجیاتی خوا بپەرسترێن و بەندایەتی‌یان بکرێت. بەقەدەر گرنگیدانت بەجولان و هەوڵدان لەپێناو وەدەستهێنانیاندا خوای گەورە ویست و هەممی ڕۆژی دواییت لەدڵ دەباتەدەر، وەکو (مالك کوڕی دینار) لەباسی ئەوەدا دەڵێت:

(وەڵڵاهی هەرگیز هەردووکمان بەیەکەوە لە دڵدا بۆ کۆنابنەوە: خەفەت بۆ ڕۆژی دواییو خۆشنوودی بەدنیا، ئیللا یەکێك ئەوی تریان دەردەکات)[١]. چەندە دنیات بوێت و داوای بکەیت ئەوەندەش ئەو پەردەیەی ڕێگری هەست و نەستت دەکات بۆ قیامەت گەورەتردەبێت، (یەحیا کوڕی مە عاذ) سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەو کەسەی بەندایەتی بۆ دنیا دەکات و لەبەرامبەردا ڕۆژی قیامەت لەدەست دەدات، لەوبارەیەوە دەڵێت: (ئەی ئەوەی ئادەم دنیات بەجۆرێ داواکرد کە زۆر بۆی

١- صفة الصفوة ٣ / ٢٧٨

ناچاریو زۆرت پێویست پێیەتی، بەڵام ڕۆژی دواییت بەو جۆرە داواکرد کە هیچ پێویستت پێی نییە)[1].

٢- بیرنەکردنەوە لەمەترسییەکانی ڕۆژی قیامەت:

ئەو خەتەرو مەترسیانەی بەبیرو زیهندانایەت هەتا لەکاتی نوێژو دانیشتنەکانیو خەڵوەتەکانی لەویارەیەوە شوێنکەوتووی خواناس (حرم بن حیان) سەرسام دەبێ لەو کەسانەی کە ترس و بیم دەردەبڕن لەئاگرو دۆزەخ و پەرۆشبوونیان بۆ چوونە بەهەشت، بەڵام تەمبەڵی دەکەن لەبەجێگەیاندنی پەرستش و بەندایەتیو نزیکبوونەوە لەخواو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی، تەمەنیان بەخەو بەسەردەبەن و لەدەستی دەدەن، ڕووی قسەیان تێ دەکات و ئاگاداریان دەکات، پێیان دەڵێت: (کام ئاگرەت دیوە ئەوەی لەبەری ڕادەکات خەوی لێکەوتبێو کام بەهەشتە دیسان داواکارەکەی خەوتبێ)[2].

ئەگەر ئەوان هەستیان بەمەترسییەکانی دیمەنەکانی قیامەت کردبا ئەواخۆیان لێ دەپاراست بەوەی ئەو هەموو کاتانەی خۆیان لەدەست نەدەداو نەفسی خۆیان نەدەکوشت بەکوشتنی کاتەکانیان. ئەوکەسانەی خاوەنی ویست و هەممی ڕۆژی دوایی بن، خاوەنی هەست و نەستێکی ناسکن و، دیمەنی بێ ئاگابوون و بێ ئاگایان زۆر کاریان تێ دەکات، دیمەنی ئەو بێ ئاگایانەی پێکەنین و قۆشمەو گاڵتە بەسەر ژیان و گوزەرانیاندا زاڵەو لەژیانیاندا هیچ شوێنەوارو کاریگەرییەکی ڕۆژی قیامەت بوونی نییە، کارتێکردنی ئەو بێ ئاگایانە لەژیانی (حەسەنی بەصریدا) زۆر بەڕوونیو ئاشکرایی دەبینین وەکو لەباسی ژیانەکەیدا هاتووە، ئەوەتا بەلای پیاوێکدا تێدەپەڕێت کەبەجۆرێك پێدەکەنێت، حەسەن پێی دەڵێت: کوڕی برام پردی(صراط)ت بڕیوە؟ دەڵێ: نەخێر.........ئەویش دەڵێ: ئایا دەزانیت چارەنووست بۆ بەهەشتە یا بۆ ئاگر؟ پیاوەکەش دەڵێت: نەخێر، ئنجا ئیمامی

١- صفة الصفوة ٤ / ٩٣.

٢- صفة الصفوة ٣ / ٢١٣.

حەسەن دەڵێت: ئەی ئەو پێکەنینە چی‌یە خوا عەفوت بکات؟ نازانی کارەکە مەترسی دارو تۆقێنەرە)[1]. هەر ئیمامی حەسەن بەوپیاوەو کەسانی هاوشێوەی ئەو دەڵێت: (ئەی نەوەی ئادەم پێکەنینت کەم بکەوە، ئەگەر زۆر بوو دڵ دەمرێنێ، ئاسوودەیی ناهێڵێت، جوامێریو پیاوەتی لەناو دەبات، بەم جۆرە ڕەخنەی لێ دەگرت و نوکوڵی ئەو کارەی دەکردن).

٣- داواکردنی میرایەتی‌و سەرۆکایەتی:

گومانی تێدا نییە ئەوەی بەدوای سەرۆکایەتی‌و میرایەتی کردندا وێڵ بێو پێوەی خەریك بێت، زۆرینەی کاتەکانی ژیانی بەهەوڵدان لەپێناوی پێگەیشتنی‌دا تەواو دەکات چ لەڕۆژەکانی‌و چ لەشەوەکانی، دەست لەهەمووشت هەڵدەگرێت و وازی لێ دەهێنێت هەتا لەدینەکەشی لەپێناوی وەدەست هێنانیدا، هەست و نەستی ڕۆژی دوایی بەهیچ جۆر لەدڵیدا جێگیر نییەو نابێت (ئەبو جەعفەر ئەلمحولی) لەبارەیەوە دەڵێت: ئەو نەفسەی حەزکردن بەسەرۆکایەتی‌و پێشەوایەتی کردنی خەڵکی بەسەریدا زاڵ بێت، شیرینی ئیمان و باوەڕ ناچێژێو لێی حەرام دەبێ)[2]. ئەوە بۆ کەسێکە گەیشتووەتە پلەوپایەی ئەو سەرۆکایەتی‌یە، ئەی ئەوەی پێی نەگەیشتووەو شەوو ڕۆژ لەهەوڵ و کۆششی وەدەست هێنان و پێگەیشتنی‌دایە دەبێ چۆن بێت.

٤- مەغرور بوون بەلەش ساغیی و تەندروستی:

لەکاتێکا خوای گەورە تاقی دەکاتەوە بەتەندروستی‌یەکی باش و لاوێتی‌و هێزو توانای پێ دەدات، بەڵام ئەو لە خۆی بایی دەبێت و بێ ئاگا دەبێت هەتا لەبیری دەچێتەوە کە پەناگە و ئارامی ئەو بۆ کرمەکانی ناو زەوی‌یە لەگۆڕدا بەتایبەت کەئەو خاوەنی تەندروستی‌یە جۆرێك بێ لەجۆرەکانی میرو فەرمان ڕەوایەتی شوێنکەوتووی خواناس (زر بن حبیش) سەرنجی خەلیفەی موسڵمانانی داوە کە بێ ئاگابوون لەڕۆژی قیامەت و هۆیەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ لاوێتی‌و تەندروستی‌یەکەی،

١- الحسن البصري ص ٨٧.

٢- صفة الصفوة ٢ / ٣٩٠.

دەیـــەوێت ئـــەو بـــەڵاو کۆســـپانە لاببـــات و نـــەیهێڵێ و بـــۆ ئـــەمیری ئیمانـــداران (عەبدولمەلیکی کوڕی مـەڕوان) نوسـراوێك دەنێرێـت کـە لەکۆتاییەکەیـدا هـاتووە: (چـاوبڕینە ئەمیرایـەتی ئیمانـداران لەخشـتـەت نـەبات و وابزانیـت ژیانـت زۆر درێـژ دەبێتـەوەو ڕواڵـەتی ئـەو تەندروسـتی‌یەی جەسـتـەت لـەخۆبایی‌و بێئاگـات نـەکات، بۆخـۆت زانـاتری بـەدەروونت، بیربکـەوە لـەو قسـانەی کەیەکەمینـەکان دەیڵـێن و وتویانە).

إنَّ الرجـــال ولـــدت أولادهـــا　　　وبليـــت مـــن كـــبر أجســـادها

وجعلـــت أســـقامها تعتادهـــا　　　فـذلك زروع قـد دنـا حصـادها

واتە: کە نـەوەکان دەوریـان دان و...بـەرەو پـیری چـوو تەمـەنتان!...جەستە کەوتە بەر لێشاوی تاقیکاری‌و...نەخۆشی‌و دەرد وردە وردە سەریان لێـدان...بـزانن وەك چێنراوێکن پێگەیشتوون...نزیك بووە دروونەوەتان.....

کاتێ خەلیفە نووسراوەکەی خوێنـدەوە زۆر گریـا تافرمێسـکەکانی کەوتـە سـەر بەرگ و پۆشاکی‌و، پاشان وتی: (زۆر) ڕاست دەکات ئەگەر زیاتریشی بـۆ نووسـیباین کاری باشی دەکرد)[1].

وای لێهات تیرێکی کوژەر پێکای، (زۆر) دەرمانێکی لەباری دیـاری کـرد بـۆ ئـەو پێکانەی خەلیفە تووشی ببوو، دوای ئەوەی سێ نیشانەی نزیك بوونەوەی مردنی بۆ باسکردو بیری هێنایەوە: دیتنی نەوەکانی‌و چوونە تەمەنەوەو تووشبوونی جەستە بـەدەردو نەخۆشـی، هەرچـەندە خـاوەنی تەندروسـتی‌یەکی چـاکیش بێـت، ئـەو هـەروەکو چـێنراوێکی سـەوزبوو وایـە کـاتێ پێـدەگات کـاتی لێکردنـەوەی نزیـك بووەتەوە). ئەوانە چەند کۆسپێکی سەر ڕێگابوون بۆ چاندنی هەممی ڕۆژی دوایی و زۆری تریش هەن.

١- صفة الصفوة ٣ / ٣٢.

مێرگی (٢٦)

چەند نموونەیەك لە خاوەنانی هەمم و مەبەستی ڕۆژی دوایی

چەند نموونەیەك لە هاوەڵان:

هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) بەرەیەكی تاقانە بوون و هاوشان و ئاستی ئەوان پەیدا نەبووەو دەرنەكەوتووە بەو هەموو نەوەو بەرەیەی كەبەدوای سەردەمی ئەواندا هاتوون. ئەوان بەجۆرێك وابەستەی ڕۆژی قیامەت بوون تیایدا دەژیان و غەم و هەممی ڕۆژی دوایی داگیری كردبوون و بەسەریاندا زاڵ ببوو، لەناویاندا هەبوو دەهات ڕوخسەتی لەپێغەمبەرﷺ دەخواست كە خۆی بۆ پەرستش و بەندایەتی تەرخان بكات، بەڵام پێغەمبەرﷺ ڕێگای پێ نادات و بەرپەرچی دەداتەوە، ڕێنمایی دەكات بۆئەوەی ئیسلام لەمرۆڤی داوادەكات، هەتا ئامۆژگارو وتاربێژەكان لەدوای ئەنجامدانی نوێژەكان باسی ڕەغبەتی دنیایان بۆ دەكردن، لەبەر ئەو هەموو دەست هەڵگرتن و پشت كردنە دنیایەیان، ئەوان كاتێ گوێبیستی فەرموودەكانی پێغەمبەرﷺ دەبوون كەلەسەر بەهەشت و نازو نیعمەتەكانی ئەوەندە پەرۆشی گەیشتنی دەبوون هەیانبوو حەزی دەكرد هەر لەو كاتەدا شەهید بێت تابگات بەو بەهرەو بەخششە خوداییە، لەوانەش:

عومەیر كوڕی ئەلحەمام:

عومەیر گوێی لە پێغەمبەرﷺ بوو لەجەنگی بەدردا باسی بەهەشتی بۆ دەكردن، چەند دەنكە خورمایەكی بەدەستەوە بوو هەرئەوكاتە فڕێیدان و دەیوت: بەخ، بەخ لەنێوان من و بەهەشتدا تەنها ئەوەندەیە ئەوان بمكوژن)[1]. جەنگا هەتا كوژراو شەهید بوو.

١- أسد الغابة ١/ ١٣٢، ط: دار أحياء التراث.

ئەنەس کوڕی ئەلنەضر:

ئەنەس ئەوەندە وابەستەی ڕۆژی دوایی بوو هەتا بۆن و بەرامەی بەهەشتی دەکرد، ئەوەتا لە جەنگی ئوحود کەدەگات بە (سەعد ی کوڕ مەعاذ) دەڵێت: (ئەی سەعد ئەوە بەهەشتەو سوێند بەپەروەردگاری ئەنەس بەجۆرێ بۆنی بەهەشت دەکەم کەس نایکات)[1].

جەعفەری کوڕی ئەبی طالب:

شاهیدێکی دیاری سەردەمی خۆی کە (أحمد کوڕی مەڕڕەی کوڕی عەوف)ە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەغەزایەك کەغەزای موئتە بوو سەیری جەعفەرم کرد ئەوکاتەی بۆمدەڕوانی خۆی هەڵدەدایە سەر ئەسپێکی سورباو ئنجا بەم لاو لادا کوشتاری دەکردو برینداری دەکردن و دەجەنگا هەتا کوشتیان و شەهیدیان کرد، لەوکاتەدا دیوت: (ئای چەند چاکە ئای لەو بەهەشتە خۆشەی وا نزیك دەبێتەوە خواردنەوەکانی چەند خۆش و ساردو فێنك و بەتامن....).

عەبوڵڵای کوڕی مەسعود:

ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێبێ) هەروەکو باقی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێبێ) هەرچی لەدنیادا دەیبینی پەیوەستی دەکرد بە قیامەتەوە، دەگێڕنەوە: کاتێ بەلای ئەو کوڕانەدا ڕەت دەبوو ئەوانەی دەبینی کەفوو دەکەن بەو ئامێرەی کەفووی پێ بەکوورەی ئاگرەکەدا دەکەن تا ئاگرەکە هەڵگیرسێت و خۆش بێت، ئەو هەر لەوێدا بەردەبێتەوە)[2]. کاتێ بەلای ئاسنگەرانیشدا دەڕۆیشت ئەو ئاسنەی دەبینی چۆن داخی دەکەن دەستی دەکرد بەگریان)[3].

حوممەی کوڕی ئەبی حوممە:

لەتەرجەمەی ئەو هاوەڵە بەڕێزەداهاتووە، شەوێك شوێنکەوتوی خواناس (هەرم بن حیان) لەماڵیاندا دەمێنێتەوە دەبینێ کەئەو تەواوی ئەو شەوە دەگریت، (هەرم)

١- البداية و النهاية ٤/٢٤٤.

٢- الزهد لأحمد / ١٦٠.

٣- الزهد لأحمد / ١٦٣.

لێی دەپرسیّ ئەوە چیيە بەم جۆرە دەتگريەنیّ؟ ئەويش لەوەلامدا دەلّێت بیری شەوێکم کردەوە کە بەيانييەکەی گۆڕەکان والآ دەبن، (هەرەم) شەوێکی تریش لای دەبیّ ديسان دەبينیّ ئەو شەوەش بەگريان بەسەردەبات، بۆيە بەيانی (هەرەم) لێی دەپرسێت دەربارەی ئەو هەموو گريانەی؟ حوممە لەوەلامیدا وتی: بیری شەوێك دەکەمەوە کەبەيانييەکەی ئەستێرەکان پەرش و بڵاودەبن و بەسەر يەکدادەن)[1].

حوممە زۆر وابەستەی قيامەت بووە دەگێڕنەوە: کاتیّ لە ئەصفەهان غەزا دەکات لەسەردەمی (عومەری کوڕ خەطاب (ڕەزای خوای لیّبیّ) بۆخۆی دەپاڕێتەوەو دەڵیّ: (پاڕەبی خوايە حوممە واخۆی نيشان دەدات کەحەز دەکات بەتۆ بگاتەوە، خوايە ئەگەر ڕاست دەکات ئەوا ڕاستگۆيیيەکەی نيشان بدە، ئەگەر درۆ دەکات هانيدە لەسەری ئەگەر حەزيشی پیّ نەکات، پاڕەبی خوايە حوممە لەو سەفەرە مەگەڕێنەوە، ئەوەبوو لە ئەصفەهان وەفاتی کرد)[2]. (مطر الوراق) دەڵێت: (حوممەو هاوڕێکەی (هرم بن حيان) هەردووکيان زۆرجار بەڕۆژا پێکەوە دەچوونە بازاڕی بۆنفرۆشان و لەخوا دەپاڕانەوە بۆ بەهەشت و داوايان دەکرد خوای گەورە پێيان بگەيەنێت، پاشان دەچوونە بازاڕی ئاسنگەران و پەنايان بەخوا دەگرت لەئاگر، ئنجا يەکتريان بەجێدەهێشت و دەگەڕانەوە مالّیّ)[3]. ئەوە چەند نموونەيەکی هاوەڵان بوون ئەو بەرە تاقانەيەی کەقەلّەم دەهەژێنیّ کاتیّ لەبارەيانەوە دەنووسێت لەبەر سام و شکۆمەنديان. دوای ئەوان بەرەی شوێنکەوتووان هاتن و شوێن پێی ئەوانيان هەڵگرت بۆ گەيشتنەوەيان بەوان و پێشکەشکردنی نموونەی تری وەکو هاوەڵان (ڕەزای خوايان لیّبیّ) بەنەتەوەکەيان، لەوانە:

حەسەنی بەصری:

حەسەنی بەصری وەکو قوتابیيەکی هاوەڵان (ڕەزای خوايان لیّبیّ) هات، کەسێك بوو هەموو ژيانی بەقيامەتەوە پەيوەست بوو. (صالح کوڕی حەسان) لێی

١- أسد الغابة ٢ / ٥٣.

٢- أسد الغابة ٢ / ٥٣.

٣- صفة الصفوة ٣ / ٢١٥.

دەگێڕێتەوە دەڵێت: (ئێوارەهات، حەسەن بەڕۆژوو بوو، کاتی بەربانگ خوارنیان بۆ هێناو ئەویش لێی نزیکبووەوەو ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴿١٢﴾ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴾[1]. واتە: (بەڕاستی ئێمە کۆت و زنجیرو دۆزەخمان ئامادە کردووە، هەروەها خۆراکێك کە لەگەروو دەگیرێت، سەرەڕای سزای بەئێش و ئازار). ئنجا دەستی گێڕایەوەو کێشایەوە وتی: (لایبەن، ئێمەش لامانبرد، ڕۆژی دواتر بەڕۆژوو بووەوە کاتێ کە ڕۆژووی شکاند دیسان هەمان ئایەتی خوێندەوەو هەروەکو ئێوارەی پێشتری کرد ڕۆژی سێیەم کوڕەکەی چووەدەرێ بۆلای (ثابتی البنانی و یحیا البکاء) کەلەهاوڕێیانی حەسەن بوون پێی وتن: ئێوە دەزانن کە باوکم سێ ڕۆژەتامی خواردنی نەکردووە هەرجارێ خواردنی بۆ دەبەین لێی نزیك دەبێتەوەو بیرلەو ئایەتە دەکاتەوە ﴿ إِنَّ لَدَيْنَآ أَنكَالًا وَجَحِيمًا ﴿١٢﴾ وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا ﴾[2]. دەیانخوێنێتەوە، ئنجا ئەوانیش هاتن بۆ ماڵیان و بەجێیان نەهێشت و وازیان لێنەهێنا تاتێر شەربەتیان پێنەدا)[3].

ئیمام حەسەن کەوازی لەخواردن دەهێنا بۆئەوەنەبوو زوهد بکات بەڵکو بەدەستی خۆی نەبوو هەمم و غەمی ڕۆژی قیامەت بەسەریدا زاڵ دەبوون، بیری لە مەترسیو ناخۆشی‌یەکانی دەکردەوە ئەو بیرکردنەوانە هیچ ئارەزووی خواردنیان لەلا نەدەهێشت و نەفسیان دەتۆراند).

سوفیانی ثەوری:

ئیمامی (الزهبی) لەبارەیەوە دەڵێت: (ئەو شێخی ئیسلام بوو پێشەواو پارێزەرو بیرخەرەوە بوو، گەورەی زانایانی بانگخوازی سەردەمی خۆی بوو)[4]. سوفیان– خوا لێی خۆش بێ – بەهۆی توندی وابەستەبوونی بەڕۆژی قیامەتەوە هەمم و غەمی

١– المزمل: ١٢ – ١٣.
٢– المزمل: ١٢ – ١٣
٣– الزهد لأحمد ٢٨٤
٤– سیر أعلام النبلاء ٧ / ٤٠

قیامەت بەسەریدا زاڵ ببوو هەروەکو ئەوە وابوو کەلەوێوە هاتبێ، کاتێ قسەی لەسەر دەکرد وەکو بەچاوی سەر دیتبێتی وابوو، (ئەبو نەعیم) دەڵێت: (کاتێ سوفیان بیری لەمردن دەکردەوە بۆماوەی چەندین ڕۆژ هیچی بۆ نەدەکراو هیچی بۆ نەدەخورا). (ئیبنو مەهدی) دەڵێت: (ئێمە لەلای بووین، هەروەکو بۆ لێپرسینەوە وەستێنرابێت وابوو)[1]. خواناسی دنیا نەویست (یوسف بن أسباط) کەیەکێك بوو لەشوێنکەوتووانی لەبارەی وابەستەبوونی سوفیان بەقیامەتەوە دەڵێت: (سوفیان پێی وتم، نوێژی خەوتنانمان بەجێگەیاند، کوا ئەو پاککەرەوەیەم پێبدە، منیش پێمدا بەدەستی ڕاستی وەریگرت و دەستی چەپی لەسەر ڕوومەتی دانا، خەوتم کاتێ خەبەرم بووەوە بانگی بەیانی دابوو بینیم هەر بەم جۆرەیە پاککەرەوەکە لەدەستی ڕاستیداو دەستی چەپی لەسەر ڕوومەتیەتی وتم ئەبو عەبدوڵڵا ئەوە بانگی بەیانی داوە، وتی: لەوکاتەوە لەجێی خۆم نەجووڵاوم تائێستا بیرلەقیامەت دەکەمەوە)[2].

شوێنکەوتووانی تەنها بەوەندە وازیان نەدەهێنا گوێ بۆ قسەکانی بگرن و وتەو ئامۆژگاری لێوەربگرن، بەڵکو بەشوێن هەموو جووڵەو وردو درشتی ژیانیەوە بوون لەڕۆژو شەودا چونکە دەیانزانی ئەو حەزناکات کردەوەکانی دەرکەن و پێی بزانن، بەتایبەت لەشەودا کە ئەو لەگەڵ پەروەردگاری موناجاتی دەکردو دەدوا، یەکێکیان دەگێڕێتەوە کە بەئەنقەست خۆی لەخەو خستووە لەپێناو ئەوەی بەووردی چاودێری بکات بەڵکو ئەوەی لەوی دەبینێ بیگەیەنێت بەوانەی دەیانەوێت هەڵگری ئاڵای گەیشتن بەڕێبازی هاوەڵان و خاوەنانی هەمم و غەمی ڕۆژی دوایی بن، ئەوکەسەش (عەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدی) بووەو دەڵێت: (برادەری هیچ کەس نەبووم و تێکەڵاویم لەگەڵ هیچ کەس نەبووە لەناو خەڵکیدا لەسوفیان نەرمونیانتر بێ، من شەو لەدوای شەو چاودێریم دەکرد هیچ خەوی نەبووە تەنها لەسەرەتای

١- سير أعلام النبلاء ٧ / ٢٧٦.

٢- صفة الصفوة ٣ / ١٤٩.

شەودا نەبێ پاشان هەڵدەستا بەداچڵەکین و ترسانەوە هاواری دەکرد: ئاگر، ئاگر باس و بیری ئاگر خەریکی کردووم و لە خەوو ئارەزووەکانی کردووم، ئینجا دەستنوێژی دەگرت و لەدەست کردن بەدەستنوێژەکەدا دەیوت: (خوایە هەر بۆ خۆت زاناو داناى بەپێویستیەکانم بێ ئەوەی دیاریان بکەم، هیچ داوام نییە جگە لەڕزگارکردنی گەردنم لەئاگر، ئەی پەرستراوم بێ ئارامیو جیایی باریك و لاوازی کردووم، ئەوەش لەبەخششی تەواوی تۆیە لەسەرم، ئەی خوایە ئەگەر بیانوویەکم هەبا بۆ خۆتەرخانکردن ئەوا چاوتروکانێکیش لەگەڵ خەڵکیدا نەدەبووم، ئنجا دەستی بەنوێژ دەکرد، گریان نەیدەهێشت بیخوێنێ بەجۆرێك دەگریا من نەمدەتوانی قورئان خوێندنەکەی ببیستم لەبەر زۆری هەنسکەکانی، نەشم دەتوانی تەماشای بکەم و بۆی بڕوانم لەشەرمی ئەو سام و هەیبەتەی ئەو هەیبوو)[1].

مەنصوری کوڕی زازان:

ئیمام (ئیبنو حەجەر) وەسفی دامەزراویو خواناسیو بەمتمانەیی دەکات. بۆمان دەگێڕێتەوە: (شێخێکی خەڵکی واسط کە نازناوەکەی ئەبا سەعیدەو دراوسێی (مەنصوری کوڕی زازان) بووە باسی دەکات و دەڵێت: ڕۆژێك مەنصور بینی دەستنوێژی دەگرت کەتەواوی کرد چاوەکانی فرمێسکیان لێهات و گریا هەتا دەنگی گریانەکەی بەرز بووەوە، پێم وت ڕەحمەتی خوات لێبێت چیت بەسەر هاتووە؟ وتی: جا چ شتێ لەو کێشەیەی من گەورەترە؟ من دەمەوێت بووەستم لەبەردەستی ئەو کەسەی نەوەنەوزدەداو نەدەخەوێ خۆزگە لێم دەگەڕا، وەڵڵاهی بەو وتەیەی گریاندمی)[2].

ڕابیعەی شامی:

ئەوە ئەو ڕابیعەی عەدەویە نییە کەخواناسێکی بەناوبانگە، ئەم ڕابیعەیە لەو بچوکترەو، خێزانی خواناسی زاهید (ئەحمەد کوڕی ئەبیلحەواری)بووە ئەوکەسەی (یەحیا کوڕی مەعین) دەربارەی دەڵێت: (گومانم وایە خوای پەروەردگار بەهۆی ئەم

١- صفة الصفوة ٣ / ١٤٩

٢- صفة الصفوة ٣ / ١٢.

خواناسەوە بەهانای خەڵکی شامەوەدێت و تێراویان دەکات)[1]. ڕابیعەی شامی ئەو ئافرەتە خواناسە بوو زۆر وابەستەی قیامەت بوو دەیوت: (گوێم لەهەر بانگێك دەبێت بانگی قیامەتم بیر دەکەوێتەوە، هەرجارێ بەفر دەبینم والآبوون و پەرش بوونی نامەی کردەوەکانم بیردەکەوێتەوە، هەر ڕووتەنێکی بێ گژوگیا دەبینم حەشرم بیردەکەوێتەوە)[2].

هاوەڵان (ڕەزای خوای لێبێ) بەم شێوەیە گەیشتنە شوێنی خۆیان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووی ئەوانیش بەدوایاندا تاببنە زنجیرەیەك و نەپسێنەوەو نەپچڕێن و بۆ هەموو سەردەمێك هاوەڵ و خاوەنانی هەمم و ویستی قیامەت دروستکەن و پێبگەیەنن، هەتا قیامەت بکەنە چرایەکی بلێسەدار لەدڵی بڕواداراندا.

١- صفة الصفوة ٤ / ٢٣٧.

٢- صفة الصفوة ٤ / ٣٠٢.

مێرگی (٢٧)

ئامۆژگارێکی بێدەنگی خامۆش

ئەو ئامۆژگارەیە بێدەنگ و خامۆشەو هیچ قسەیەك ناکات، بەڵام دەنگی ئەو لەناخی خەڵکیدا زۆر بەرزترە لەدەنگی ئەو وتار بێژو ئامۆژگارەی دەنگی زوڵاڵ و ئاشکرایە، ئامۆژگارە خامۆشەکە خاوەنی ڕاڤەو دەستەواژەی ڕێك و ڕازاوەو ڕیزکراو نییە، بەڵام دیمەنی ئەو لە هەموو ڕاڤەو دەستەواژەیەکی ئامۆژگاری ڕاسپاردەکان قوڵترو ڕۆچووترە، دەستەکانی ناجووڵێنێو ڕووی بەڕاست و چەپدا ناسوڕێنێ تاسەرنجی بینەرو بیسەر بۆ وتارو ڕاسپاردەکەی خۆی ڕابکێشێت، لەبەرئەوەی چەق و کۆگەی ڕاکێشەری سەرنجەکانەو جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنەو، دڵەکان لەپێش جەستەکان ڕادەکێشێت، ئەو ئامۆژگارە لە(چاڵێك) زیاتر نییە، ئەو چاڵەی مرۆڤ تیایدا دەنووێت دوای ئەوەی لەبەجێگەیاندنی ئەو تاقیکاری‌یەی پێویست کرابوو لەسەری تەواوبوو کۆتایی هات، بۆ دیتنی ئەنجامەسەرەتایی‌یەکانی ئەو تاقیکاری‌یە لەو چاڵەدا دوای نیشتەجێ بوون تیایدا، ئەو ئامۆژگارە بێدەنگە دەبێت چی بێت جگە لەو (چاڵە)ی بە (گۆڕ) ناودەبرێت.

بانگ و هاواری (الرافعي):

(مصطفى صادق الرافعي– ڕەزای خوای لێبێ) هاوار لەو چاڵەدەکات دەڵێت: (ئای لەتۆ ئەی (قەبر– گۆڕ)! تۆ بەردەوام بانگی مرۆڤ دەکەیت و دەڵێی وەرە، تۆ هیچ کام لەو ڕێگایانە بەچێ ناهێڵی کەبەتۆمان دەگەیەننەوە، هیچ لەوان لێت دانابڕێن، ئەوەی پێیاندا هات بۆلات گەڕانەوەی نییەو هەموویان لەلای تۆ یەکسانن، هەرگیز مەلیکێك دانابەزێتەناوت ئێسقانەکانی زێڕین و پاڵەوانێك نایەتە ناوت ماسولکەکانی ئاسن بن، یا میرێك پێستی ئاوریشم بێ، یاوەزیرێك ڕوخساری لە بەرد

بێت، یادەوڵەمەندێك هەناوی گەنجینە بێ، یاهەژارێك تورەکەی ئالیك بەهەناویەوە هەڵواسرابێ)[1].

پێغەمبەرﷺ دایکی دەی گریەنێ:

بەهۆی توونديو بەهێزی ڕاسپاردەو ئامۆژگاری گۆڕەکانەوەیە پێغەمبەرﷺ لەزۆر شوێندا هانمان دەدات سەردانیان بکەین ئەبی هورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ((زارَ النبيﷺ قبرَ أُمه، فبكى و أبكى مَن حوله، فقال: استأذنتُ ربي في أن استغفرَ لها، فلم يأذن لي، وأستأذنتُه في أنْ أزور قبرَها، فأذِن لي، فزوروا القبورَ فإنَّها تذكر الموت))[2]. واتە: (پێغەمبەرﷺ سەردانی گۆڕی دایکی کرد، گریاو دەورو بەری هەموو کردەگریان، دوایی فەرمووی: داوام لەپەروەردگارم کرد مۆڵەتم بدا تاداوای لێخۆشبوون بۆ دایکم بکەم، بەڵام مۆڵەت نەدرام، ئنجا داوای سەردانی گۆڕەکەیم کرد بۆئەوە مۆڵەت درام، جا ئێوەش سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە مردنتان بیردەخاتەوە).

لەبیر چونەوە لەسروشتی مۆرڤەکانە، ئەو کۆتاییە چارەنووسیە لەبیردەکەن کە بۆ هەموو کەسێکە، بەهۆی وشکیو ڕەقی دڵیان و لاساریان وایان لێ دێت خۆیان بۆ قیامەت ئامادەنەکەن و سوود وەرنەگرن لەو ئامۆژگاریو ڕاسپاردانەی دەیبیستن چونکە ڕەقیەتی دڵی داگیر کردوون و بێ ئاگای کردوون لەحەقیقەتی بوونیان لەسەر ئەم زەمینە، وەکو شاعیر دەڵێت:

خەڵکی لە بێئاگایی دان و مردن بەئاگایان دێنێ
بەهیچ نازانن، تێناگەن تا تەمەنیان کۆتایی دێ
کەس و کار شوێنی دەکەون و کۆدەبنەوە لەسەری
سەیری دەکەن بۆی دەڕوانن چۆناو چۆن لەگۆڕ دەنرێ
دوایی ئەوانیش دێنەوە بۆسەر خەونی غافڵ کارو بێئاگابوون
هەروەکو هیچیان نەدیبێ و بۆ هیچیشیان نەڕوانیبێ[3]

١- كتاب المساكين ص ٦١.
٢- مسلم (٩٧٦)، (١٠٨) الجنائز.
٣- صيد الخاطر ١١٢ – الفكر.

هەڵبەتە مەبەستی سەرەکی لە سەردانی گۆڕستان بریتییە: لەبیرکردنەوە لەمردن و وەبیرهاتنەوەی ئەو مردنەی وای لێدەکات بیر لەڕۆژی دوایی بکاتەوە.

ئەوانەی لە مردن ڕادەکەن:

ئەو بێئاگاییو دڵڕەقییە دەبێتەهۆی ئەوەی کەزۆریان هەوڵ دەدەن گوێ نەگرن لەهەرشتێکی کە مردنیان بیربخاتەوەو، واگومان دەبەن بەو جۆرە لەمردن ڕزگاریان دەبێت، یالەو ڕێگایەوە ونی دەکەن، بەم جۆرە بەهەڵەدا دەچن، ئەو بیرکردنەوە مندالآنەیەی خوای گەورە وەلامی دەداتەوە بەو ئایەتە: ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ﴾[1]. واتە: (پێیان بڵێ: ئەی پێغەمبەرﷺ بەڕاستی ئەو مردنەی کەڕادەکەن لەدەستی هەریەخەتان پێ دەگرێت).

الرافعی دەڵێ: هەرکەس لەدەستی هەرشتێ ڕابکات لەدوای خۆیەوە بەجێی دەهێڵێت جگە لەگۆڕ کە هەرکەس چەندە لەبەری ڕابکات ئەوا هەر لەبەردەمیدا دەیدۆزێتەوە، ئەو بەردەوام و بەبێ ئەوەی بێزاربێ چاوەڕێ دەکات و تۆیش بەردەوام بەرەو پیری دەچیت بەبێ گەڕانەوە)[2].

خاك و خۆڵی بێدەنگی خامۆش:

سەردانی ئەو ئامۆژگارە لەگەورەترینی هۆیەکانی بەهێزکردنی دڵ و، لابردنی ئەو پەردەیەی سەریەتی، تۆکاتێ دەچیت بۆ مزگەوت لەڕۆژی هەینیدا تەنها گوێت لەیەك ئامۆژکارو وتاربێژ دەبێت، نوێژ خوێنان زۆرن و ئامۆژگاریش یەکێکە، بەلأم دیمەنەکە لەگۆڕستان پێچەوانەیە، لەوێدا هەر گۆڕێکی ئەو گۆڕستانە دەگۆڕێت بەئامۆژگارێك و تۆ لەیەك کاتدا گوێ لەهەموویان دەگریت، لەوێدا بیسەران کەمن و ئامۆژگارەکان زۆرن، ئەوەش حاڵێکی دەگمەنەو لەهیچ کارو باری دنیادا نییە جگە لەو شوێنە، (الرافعی) دەڵێت:

١- الجمعة: ٨.

٢- کتاب المساكين ص ٥٩.

(گۆڕێکمان هەڵکەندو مردوویەکی خۆشەویستمان تێهاویشت کەنەخۆشی و ژیان کەنەفتیان کردبوو، لەوێدا وەستا، بەڵکو ئەو خاکە قسە بێژە وەستا کەهۆش و ژیری لەو خۆڵە بێدەنگە وەرگرتبوو، لەوەوە فێرببوو کەتەمەن هەرچەند درێژبێ کاتی بۆ دیاری کراوە، هێزو توانا هەرچەندە زۆربێ بەهێمن بوونەوە دیاری کراوە، دارستانەکان چەند فراوانبن بەشوێن دیاری کراون، هەتا کیشوەرەکان دیاری کراون بە گۆڕ!...).

ئەگەر ڕەقێتی دڵ لێگەڕێو ئەوەندە خەریك نەبن بەو ئامرازو هۆیانەی کە خوای گەورە بۆ یارمەتی دانی مرۆڤ دروستی کردوون بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی لەپێناویدا دروستکراون مرۆڤ لەکاتی لەدایکبوونی هەموو ساوایەك بیری دەکردەوە لەو ڕۆژەی تیایدا دەنێژرێت، وەك ئیمام (ئیبنولجەوزی) دەڵێت: بێشکەی منداڵ پێناسەو نیشانەی لەگۆڕنانە).

هەروەکو چۆن منداڵی تازەلەدایك بوو لەپارچەیەك پۆشاکی سپییەوە دەپێچرێت و دەخرێتە بێشکەوە بەبێ جووڵە، هەر بەو شێوەیە مردوش لەپارچە پۆشاکێکی سپیەوە دەپێچرێت کەکۆتا بەرگە لەدنیادا لەبەری دەکات، وەلە بێشکەی زەمین دەخرێت بەبێ جووڵە تا ڕۆژی زیندووبوونەوە.

مێرگی (٢٨)

بیرکردنەوە لە تێکدەری خۆشی‌یەکان

تێکشکێنەرو تاڵکەری خۆشی‌یەکان بریتییە لە مردن، کەسانی وابەستە بەڕۆژی قیامەت لەهەموو شتێ زیاتر بیر لەمردن دەکەنەوەو ترسیان پێی زیاتر دەبێت، دەستپێشخەری لەکردەوەدا دەکەن پێش ئەوەی مردن بیانگاتێ، یارمەتیدەریش لەسەر بیرکردنەوە لەمردن ئەو گۆڕەیە بەبێدەنگی ئامۆژگاری زیندووەکان دەکات تابیربکەنەوە لەو جێگەیەی ناچارن هەردەبێ بۆی بڕۆن، هانیان دەدات زیاتر خۆیان ئامادەبکەن بۆ ڕۆژی گەڕانەوە بۆلای خوا، بۆئەوەیە پێغەمبەرﷺ فەرمان دەدات بەزۆر بیرکردنەوە لەمردن و دەفەرمووێت: ((أكثروا ذكرَ هادمِ اللذاتِ الموت))[1]. واتە: (زۆر یادی مەرگ بکەن، ئەو مەرگەی هەموو خۆشی یەك تێك دەدات!). لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێت: ((قد كنتُ نَهَيْتُكُم عن زيارةِ القبور، فقد أُذِنَ لمحمدٍ في ذيارةِ قبرِ أُمِّه فزوروها، فإنَّها تُذَكِّرُكم بالآخرة))[2]. واتە: (من سەردانی گۆڕستانم لێ قەدەغە کردبوون بەڵام (موحەمەد) مۆڵەت درا لەسەردانی گۆڕی دایکی ئێستە ئێوەش سەردانی گۆڕستان بکەن، بەڕاستی ئەوە ڕۆژی دواییتان بیردەخاتەوە).

باشترین دەرمان و چارەسەر:

(المناوي) لەسەر ئەو فەرموودەیە دەڵێت: (باشترین دەرمان بۆ ئەو کەسەی گوناهەکانی پابەندیانکردووەو دڵی ڕەق بووە، ئامادە بوونیانە لەلای ئەو کەسانەی لەسەرەمەرگدان تا بەچاوی خۆیان ئەو دیمەنە ببینن و زیاتر سوودمەند بن لێی، لەڕاستیدا بیستنی هەواڵ وەکو ئەوە نییە کە بەچاوی خۆت دەیبینی.

١- رواه الترمذي (٢٣٠٨) في الزهد، وصححه الألباني ص ج ص ١٢٢١.

٢- الترمذي ١٠٥٤ الجنائز، وصححه الألباني ص ج ص ٤٢٥٥.

(ئەبولعەتاهیـە) هەسـتی بـەوەکردووە کـە سـەردانی گۆڕسـتان زۆر پێویسـتە بۆئـەوەی پەنـدو ئامۆژگـاری لێ وەرگرێـت، لەگـەڵ خۆیـدا دەدوێو دەڵێـت: (ئـەی نەفسەکەم سەردانی گۆڕستان بکەو گرنگی پێ بدە لەبەرئەوەی پەندو ئامۆژگارییە بۆ هەرکەسێك سەردانی دەکات تێفکرە حاڵی ئەو کەسەی دەخرێتەناوی چۆنە، بـەم جۆرە لەنەفسی خۆی دەپرسێتەوە تاسەردانی گۆڕستان بکات و گوێ بیسـتی ئـەو ئامۆژگارە بێدەنگ و خامۆشە ببێ.

ئـەو ئامۆژگـارەی زمـانی هۆنینـەوەی شـیعرو ڕێکخسـتنی نازانێـت، بـەڵام زمانێکـە کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لەهەموو ڕوویەکەوە، ئنجا دەڵێت: سەردانی گۆڕسـتانم کـرد گۆڕسـتانی مـەلیك و سـەرۆکەکانی دنیـاو ئـەهلی تێـر لەهـەواو هـەوەس و خۆشگوزەرانی دنیا، ئەوان شاو سەرکردە بوون بۆ خـواردن و خواردنـەوەو بـەرگ و پۆشاکی گران بـەهاو بـۆن و عـەترو گـوڵاو، کـاتێ جەسـتەیان ڕووت بووەتـەوە لـەو پۆشاك و بەرگەو لەو خاك و خۆڵەدا تۆزاوی بووەو زەوی هیچی نەهێشتۆتەوە جگـە لەئێسك و پروسکەکانی ئەویش تێك و پێك شکاوەو زۆری پوکاوەتەوە.

گفتوگۆیەك لەگەڵ گۆڕ:

ئەو خاك و خۆڵە بێدەنگ و خامۆشە دەنگێکی هەیە کەس نایبیسـتێ جگـە لـەو کەسەی بیرلـە تێکـدەری خۆشـییەکان دەکاتـەوە، ئەوکەسـە لەبـەردەم ئـەو گـۆڕە بێدەنگە بەهیوایەو، بە گفتوگۆیەکەی خۆشنوودەو ئەوەش دەسـت کـەس ناکـەوێت جگە لەو کەسەی دەیـەوێت لـەکوڕانی ڕۆژی دوایـی بێـت و، پـەیڕەوی لەسـوونەتی ئیمـامی (عـەلی- ڕەزای خـوای لێبـێ) بکـات کـە دنیـای سـێ بەسـێ تـەڵاق دابـوو، (الرافعی) لەو کەسانە دەژمێردرێو یەکێکە لەو کەسانەی لەزمانی ئەو خۆڵـە مـات و خامۆشـە تێدەگـەن و گفتوگـۆی لەگەڵدادەکـەن، هـەر ئـەو خۆڵەیـە بـەو نزیکانـە دەیشـارێتەوە، ئنجـا لەبـەردەم گۆڕەکەیـدا دەوەسـتێو لەگەڵیـدا وتوێـژدەکات و بەوەڵامەکەی دڵخۆش دەبێ، دەڵێت: (لەگۆڕم پرسی لـەکوێن مـاڵ و سـامان و کـەل وپەل و شت ومەك؟ کوا جوانیو شەیدایی لەکوێن؟ لەکوێن هێزو تەندروسـتی؟ ئـەی

لاوازی‌و نەخۆشــی كــوان و لــەكوێن؟ كــوان توانــاو زۆر لێكــردن؟ ئــەی ســووكی‌و سەرشۆڕی لەكوێن؟ لەوەڵامدا وتی:

ئەوانـە دیمـەن و وێنەگـەلێكی هـزرو بـیرن نایـەن بـۆ ئێـرە، لەبەرئـەوەی لێـرە وەرناگیرێن، ئەگەر خەڵكی واتێگەیشتبان گۆڕ ئارامگەی دنیایانەو ڕزگاریـان دەكـات لەكێشـمە كـێش و ناكۆكی‌یـەكان و جێگـەی حەسانەوەو پشـوودانیانە لـە هیلاكـی‌و ماندوویەتی دنیا، ئەوا لەمردن نەدەترسان و گاڵتەیان بەمردن نەدەهات.

لـەپێش (الرافعـی)، (ئەبولعەتاهیـە) لەسـەر گـۆڕی یـەكێكیان ڕادەوەسـتی‌و بیردەكاتەوە لەو ئاسوودەیی‌و خۆشگوزەرانییەی خۆی پێوە دەنواندو لارو لەنجـەی پێـوەدەكردو جەسـتەیەكی نـەرم و شـلی نـاو نـازو نیعمـەت كەجوانییـەكی تریـان دەخستە سـەر جوانییەكـەیان و ئـەو عـەتر و بۆن و بەرامـە لەهەریەكـەیان پـەخش دەبـوو بـەدەورو بـەردا بـڵاو دەبـوو، لـەو گـۆڕە دەپرسـێ لـەدواییدا ئەوانـە چیان بەسەردادێ؟ ئەوەتا دەڵێت:

من لە گۆڕم پرسی دوای مـن چیدەكەی ڕوخسـارەكان لای تـۆ خـۆڵاوی دەبـن؟ وەڵامی دامەوە: ئەو بۆن عەترو گوڵاوەیان والێدەكەم كـە ئـازارت دەدەن لەمـەودوا، جەستەی نەرم و ناسكیان دەخۆم كە چاو لەدیتنیان دەهـەژاو دەگەشایەوە، جگـە لەچەند ئێسك و پروسكی ڕووتی سپی پووكاوەو كلۆر هیچی ترم لێ نەهێشتۆتەوە.

هیچی نامێنێ جگە لەكردەوەكان:

بـەم جـۆرە لـەوێ هەمووشـتێ دەوەسـتێ‌و نامێنێـت، لەوچاڵەدا زەردەخەنـەو قاقایەكان نامێنن، گفتوگۆو هات و هاوار دەوەستن، سەركێشیو یاخی بـوون و لـوت بـەرزی‌و خۆنوانـدن ڕادەوەسـتن، دڵسـۆزی‌و ڕیابـازی نـامێنن، هـیچ هیـواداری یاچاوچنۆكی‌یەك نامێنن و، شانازی كـردن بەپلەوپایـەو جـوانی‌و عەشـیرەت و هێـزو تواناو ژیری‌و دەست و پێوەند نامێنن، ستەمی ئەوانەی ستەم و زۆرداری دەكـەن و سەرشـۆڕی‌و بـێ نرخـی كەسـانی نـزم و زەلیـل و ڕواڵـەتی دەم و چـاوە جـوان و دڵڕفێنەكان و دەستە سـتەمكارو زمانـە درۆزنـەكان و چـاوە خیانـەتكارەكان و دڵـە ڕەقەكان نامێنن و هەموویان دەگـۆڕێن و دەبنـە ئێسـك و پروسـكێكی بێنـاوەڕۆك و

کلۆرو پوکاوە، کرم لەهەموو لایەکەوە بەسەریدا دەدات و تێك و پێکی دەدات، هیچی بۆ نامێنێ جگە لەو (کردەوانەی) کەخاوەنی ئەو گۆڕە پێشکەشی کردووەو لەپێش خۆیدا بەڕێی کردوون، (نەکیرو مونکەر) پرسیاری لەسەر لێدەکەن هیچی نامێنێ جگە لەپرسیارەکانی ئەوان.

(مصطفى الرافعي) دەڵێت:

(مرۆڤ بۆ هەرکوێ دەڕوات ڕوو بەڕووی پرسیاری زۆر دەبێتەوە: ناوت چییە؟ کارت چی بووە؟ تەمەنت چەندە؟ حاڵت چۆنە؟ چیت هەیە؟ مەزهەبت چییە؟ ئایینت چییە؟ ڕات چۆنە؟ ئنجا لەناو گۆڕدا ئەمانە هەمووی بەتاڵ و پووچە هەروەکو زمانەکانی بەشەریەتیش هەمووی بەتاڵەو لەوێدا دەمی لاڵ و بێ نقەیەو زمانی نەمری دێتە گۆو یەك پرسیار لەمرۆڤ دەکات ئەویش ئەوەیە: کردەوەکانت چی بوون؟ ئنجا یا کردەوەیەکن گۆڕەکەی دەگۆڕن بەباخێك لەباخەکانی بەهەشت، یا کردەوەیەکن گۆڕەکەی دەگۆڕن بۆ چاڵێك لەچاڵەکانی ئاگر..

مێرگی (٢٩)

دوای بیرکردنەوە چی‌یە؟

ئەنەس-خوای لی ڕازی بێ- دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((کنتُ نَهَیْتُکم عن زیارةِ القبور إلا فزوروها الآن فإنَّها تُرِقُّ القلبَ، وتدمعُ العین و تذکر الآخرة ولاتقولوا هجرا))[١].

واتە: (من سەردانی گۆڕستانم لێ قەدەغە کردبوون ئێستە سەردانی بکەن، بەڕاستی دڵ نەرم دەکاو فرمێسك لەچاوان دێنێ‌و ڕۆژی دواییتان بیردەخاتەوە.......).

ئەو فەرموودەیەو هاوشێوەکانی پاڵ بەمرۆڤی باوەڕدارەوە دەنێن و هانی دەدەن بۆ دەست هەڵگرتن لە پاڵدانەوەو نەجوڵان و ناهەستیاری و، ژیان دەگێڕنەوە بۆ جیهانی هەستەوەری‌و بیرکردنەوەو بەئاگایی، بیرکردنەوە دەبێ پاڵ بەمرۆڤەوە بنێ بۆ کردەوەی چاك کەبەڕاستی لەهۆیەکانی ڕزگار بوونە لەئاگرو لێڕازی بوونی خوای پەروەردگاری بەخشندە لەڕۆژی قیامەتدا، گریان و پەشیمانی‌و بیرکردنەوە لەمردن و ڕۆژی دوایی هیچ سوودێك بەخاوەنەکەیان ناگەیەنن ئەگەر کردەوەی چاکی لەگەڵدا نەبێت.

خەوتنی گەورە:

شاعیری خواناس و زاهید (ئەبولعەتاهیە) ئاگادارماندەکاتەوە لەگرنگیەتی کارو کردەوە لەدوای بیرکردنەوە بەڕووی ئەوانەدا کە زۆر بایەخ دەدەن بەبیناو تەلارەکان و ماڵی دنیاو جوان کردن و ڕازاندنەوەی بەڵام لەدروستکردنی ماڵی ڕۆژی قیامەتیان بێئاگان:

١- الحاکم في المستدرك، وصححه الألباني، ص ج ص ٤٤٦٠.

ئەی بیناکاری شەیدای خانەی مـاڵی دنیـایی... ! !

چیت کردوە بۆ ئەوماڵەی پێویستتە ڕۆژی دوایی؟

ڕاخەری فەرش و جێگای نەرم و شـل و لـەباری!

بێئاگـا لـە جێـی خـەوو پاڵدانـەوەی یـەکجاری!

بانگکرای وەڵامت دا بۆئەوەی بۆی بـانگ کرابـووی

بڕوانە ئاخۆ چی بوو ئەوەی تۆی بۆ بانگ کرابـوی

دەبینــی ئایـا ئـاخۆ بـەتۆ دێنـە ژمـاردن...؟!

ئەوانەی زیندووبوون و پاشانیش هەموو مـردن !

گەیشتن بەکەلاوەی مەرگ و نـەمان، لەناوچـوون..

خرانــە چــاڵی پــڕ مەترســیو، بــەهیلاك چــوون

ئەگەر بڕی ماوەی هەموو نوستنەکان نەگاتە ماوەی خەوی گـەورەی یـەکجاری، ئایا ژیرو بەئاوەزو ئاقڵ ئەوکەسە نییە کەفەرش و ڕاخەر بـۆ ئـەو خەوتنـە گەورەیـە بەباشترو ئەولاتر دەزانێت و لەخەمیدادەبێت؟!!

ڕێگری لەکردەوەی چاك:

گومـانی تێدانییـە خۆخـەریك کـردن بـەدنیاوە لەگـەورەترین هۆیـەکانی خـاویو سسـتیو بـێ هێزیـیە لـەخۆئامادەکردن بـۆ ڕۆژی قیامـەت و کـار نـەکردن بـۆ دوای مردن.

بەردەوام بوون لەسەر یادو بیرکردنەوەی ڕۆژی دوایـی، گـەورەترین پاڵنـەرە بـۆ کـردەوەی چـاك و وا لـەمرۆڤ دەکـات هـەمم و مەبەسـتەکانی بـۆ ئـەو ڕۆژەبێـت، لەبەرئەوەی هەسـت کردنێکـی کـاتی هـیچ سـەرەنجامی نییـە جگـە لەکردەوەیـەکی کاتیو وای لێ ناکات زۆرینەی کاتی بۆ کردەوەی چاك تەرخان بکات، لەگەڵ ئەوەش ئەگـەر کەسـێك هـەمم و ویسـتی سـەرەکی بـۆ قیامـەت بـیو هـیچ غـەم و هـەممی هاوشێوەی ئەوەی نەبێت، دنیـا بەهـەموو جـوانیو مەراییەکـەوە بـەرەو ڕووی بێـت تاوەکو ئەو کەسەیش وەری بگرێت و بەرەو پیری بچێت، لـەکاتێکا هـەر ئەودنیایـە

لەبەر کەسێك ڕادەکات ئەگەر بیەوێت و بەدوای بکەوێت، پێغەمبەرﷺ لەباسی ئەوەدا دەفەرمووێت: ((من کانت الآخرة همه، جعل الله غناه في قلبه و جمع له شمله، و أتته الدنيا و هي راغمة، ومن کانت الدنيا همه جعل الله فقره بين عينه، وفرق عليه شمله، ولم يأته من الدنيا إلا ماقدر له))[1]. واتە: (هەرکەس هەمم و ویست و مەبەستەکانی بۆ ڕۆژی دوایی بێت، خوای گەورە هەموو خێرێکی لەدەور کۆدەکاتەوەو دەوڵەمەندی دەخاتە دڵیەوەو دنیا بەزۆر بۆی دێ لەبەرچاوی ئەو سوك و داماوە، هەرکەسێکیش ویست و هەممی دنیابێت، خوای گەورە کارەکانی پەرش و بڵاو دەکات و هەژاریو نەداری دەخاتە چاویەوە دنیاشی بۆ نایەت تەنها ئەوە نەبێت کەخوا بۆی نووسیوە).

(شمیط بن عجلان) دەڵێت: (هەرکەسێ مردن بخاتە بەرچاوی خۆیو لەچاویدا بەرزبێت ئەوا گوێ نادات نە بە تەنگیو تەسکی دنیاو نەبەتەختیو فراوانییەکەی).

لەمەوە پوختەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە (بەردەوامی زیاتر) بیرکردنەوە لەمردن هەرکەس بیکات ئەوا شوێنەوارو کاریگەریەکەی دەردەکەوێت لە کردەوەو خۆئامادەکردنیدا بۆ قیامەت، هەربۆیەشە لەپێش ئێمەدا حەسەنی بەصری پوختەکەی هەڵهێنجاوەو دەڵێت: (بەندە هەتا زیاتر بیر لەمردن بکاتەوە، زیاتر کاریگەریەکەی بەسەریەوە دەبینرێت لەکردەوەکانیدا، وەبەندە هەتا زیاتر بیر لەتەمەن درێژی بکاتەوەو بەهیوای مانەوە بێت ئەوا کاری خراپتر دەبێت).

ئەمەش هۆیەکی ترە لەهۆیەکانی سستیو لاوازی لەخۆئامادەکردن بۆ قیامەت، کاتێ دەبینین هەندێ کەس تەمەنیان زۆر درێژ بووەو تێر تەمەن بوون، ئەوە لەبیردەکەن کەمردن جیاوازی ناکات لەنێوان گەنج و پیرو منداڵ و، شەیتان دەیان خەڵەتێنێو پێیان دەڵێت: (تۆش تەمەنت بەبەریەوە ماوە، تۆش وەکو ئەوانە کارو کردەوەکانت بخەرە کاتی پیریت). کەوابوو لەحیکمەتی خوایە کەکورتیو درێژی تەمەنی هەریەکێك لەئێمە نادیارو شاراوەیەو کەس نازانێ کەی کۆتایی بەتەمەنی

١- الترمذي، و صححه الألباني، ص ج ص ٦٣٨٦.

دێت و ڕوو بەڕووی مەرگ دەبێتەوە، هەر لەبەرئەوەیە دەبێت بەردەوام لەخۆ ئامادەکردندابین و کردەوەکانمان دوانەخەین.

ئیمام (ئیبنولجەوزی) دەڵێت: (ئەو کەسەی نازانێت کەی دەمرێت پێویستە بەردەوام ئامادەبێت بۆیو گەنجێتیو تەندروستیو لەشساغی لەخشتەی نەبەن، لەڕاستیدا کەمن ئەوانەی لەپیریدا دەمرن و زۆرینەی ئەوانەی دەمرن گەنجن و بەدەگمەن خەڵکی دەکەونە تەمەنی زۆرەوە، هەروەکو وتراوە:

یەکێ تێر تەمەن دەبێ، قەمومێ پێی دەخەڵەتێ
لەبیردەکەن زۆرینەی خەڵکی بەگەنجی دەمرێ

لافاوی مردن:

مردن هەر لەبۆران و لافاوێك دەچێت کاتێ وشکانی دادەپۆشێت شت لەدوای شت، کاتێ شوێنێ پڕدەکات دەچێ بۆ شوێنێکی ترو ئەویش پڕدەکات هەتا هەمووی دادەپۆشێت، ژیرو تێگەیشتوو ئەو کەسەیە لەوەممی کوڕەکەی حەزرەتی (نوح– سەلامی خوای لێبێ)دا نەژیاو، وەکو ئەو بیرنەکاتەوە، ئەو وا گومانی برد کەدەتوانێ لەلافاوەکە ڕزگاری ببێ بەهۆی لوتکەیەکەوەو، ویستی پەنای بۆ بەرێت، مردن بەو جۆرەیە هەرکەسێ خۆی بۆ ئامادەنەکات ڕای دەماڵێت و نوقمی دەکات لەپێش (بیرکردنەوەو خۆ ئامادەکردن).

وەکو (ئیبنولجەوزی) دەڵێت: (لافاوی مردن هات، دەی کەواتە سواری کەشتی تەقواو پارێزکاری بن)[1].

ئەو کەشتییەش کەشتی جوانی گەشت و حەسانەوە نییە، بەڵکو بریتییە لەکەشتی ڕزگاربوون لەو لافاوەی زەوی دادەپۆشێت، ئەو لافاوەیە خواناسی زاهید (سەعید کوڕی السائب) لێی دەترسا، لەتەرجەمەکەیدا هاتووە:

(فرمێسکی ئەو وشك نەدەبوو، بەردەوام فرمێسکی دەهات، لەنوێژدا دەگریا، لەکاتی گەڕان و ڕۆیشتندا دەگریا، کەدادەنیشت و قورئانی دەخوێند دەگریا، کاتێ

١– اللطف في الوعظ ٢١.

لەڕێگادا پێی دەگەیشتی دەگریا، لەگەڵ ئەوەشدا لێیان دەپرسی چی‌یە چۆن وات بەسەر هاتووە؟ دەیوت: چاوەڕوانی مردنێك وای لێکردووم کە لەکاتێکی نادیاردا دێت)[1].

ئەمەش ئەو مانایە ناگەیەنێ وا لە خۆمان بکەین لەڕەحمەتی خوا نائومێدبین و بێهیوابین لە فراوانی لێخۆشبوونی، بەڵکو خوا زۆر لەوە بەڕەحم و بەبەزەیی ترە لەدایکێك بۆ منداڵەکەی کاتێك لێی ون دەبێت، بەڵام نابێ وایش بین پاڵی لێ بدەینەوەو واز لەکارو کردەوەی چاك بهێنین تامردن پێماندەگات بەبێ خۆ ئامادەکردن.

١- صفة الصفوة ٢/ ٢٨٣.

مێرگی (٣٠)

کۆسپەکانی تەوبەو پەشیمانی

نایانەوێ بچنە بەهەشتەوە:

(ئـەبی هـورەیرە- ڕەزای خـوای لێبـێ) بۆمـان دەگێڕێتـەوە: پێغەمبـەرﷺ فەرموویەتی: ((كل أُمَّتي يدخلون الجنة إلا مَن أبى، قالوا: يارسول الله ومَن يأبى؟ قال: مَن أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى))[1]. واتـە: (گـەلی ئیسلامی مـن هەموو دەچـنە بەهەشـت مەگـەر ئەوانـەی کـە نایانـەوێو مـل نـادەن، عـەرزیانکرد: قوربان! ئەوانە کامانەن کە مل نادەن؟ فەرمووی: هەرکەسـێ بـەگوێی مـن بکـات و فەرمانی من جێ بەجێ بکات، لەبارەی کارو بـاری جۆراوجـۆری ئاییـنـەوە، دەچێتە بەهەشت، وە هـەرکەسێ لەمن یاخی بێو فەرمانی ئایینی ئیسلامی پـیرۆز جێبـەجێ نەکات، ئەو واتای ئەوەیە مل بەئیسلام نادات لەبەرئەوە ناچێتە بەهەشت).

ئەو فەرموودەیە مژدەیەکە بۆ هـەموو موسـڵمانان کەدەچـنە بەهەشـتەوە جگـە لـەو چـینەی نایانـەوێت بچـنە نـاوی نەویستنەکەشـیان ئـەوەنی یـە کـە زوهـدی تێدادەکـەن بـەڵکو نـەزان و نـەفامن بـەو ڕێگایـەی کەدەیانگەیەنێتـە بەهەشـت ، تەمبەڵی و خاوەخاو دەکەن لە چوونەناوی بەهۆی دنیا ویستیو پەسەندکردنی ئـەم دنیا لەناوچووە بەسەر ئەو نازو نیعمەتە نەمرانەی بەهەشتدا، چوونە بەهەشت وەکو پێغەمبـەرﷺ فەرموویـەتی جێبـەجێکردنی فەرمانەکانیـەتی و، یـاخی بـوون و دەرچوونیش لەفەرمانەکانی مانای ڕەتکردنەوەو ملنەدانە بەچوونە بەهەشت، بۆئـەو ڕەتکردنـەوەو ملنەدانەشـیان چـەند هۆیـەك هەیـە کەبوونەتـە کۆسـپ و دەروونـی ئەوانـەی کـۆت کـردووە لـە تەوبـەو پەشـیمانییەکی ڕاسـتەقینە کـەهۆی چـوونە

---

[1] ١- أخرجه البخاري، الفتح ٧٢٨٠.

بەهەشتیانە ئەو هۆیانەی وایان لێدەکات ملنەدەن و نەیانەوێت بچنەبەهەشتەوە لەگەڵ ئەوەی دەشزانن چ نازو نیعمەتێك لەو بەهەشتەدا هەیە:

١- تێکشکاندنی بتەکان:

هەواو هەوەس و ئارەزووەکان بوونە بت لەدەروونیاندا لەجیاتی خوا دەیان پەرستن بۆئەوەیش خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ﴾[١]. واتە: (ئایا نابینن ئەو کەسەی کەئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی (شوێن نەفسی بەدکرداری کەوتووە). ریبا– سوو– بتێکە، زینا بتە، فێڵ و تەڵەکەو غەش بتن، خۆڕازاندنەوەو خۆ دەرخستن بتن، خواردنی ماڵ و سامان بەناڕەوا بتە، هەرشتێ نەفس ئارەزووی دەکات و دەبێتە هۆی خەشم و توڕەیی خوا ئەو بتەو لەجیاتی خوا دەپەرسترێن. هەتا ئەو بتانە تێك نەشکێنن ناتوانن تەوبە و پەشیمانییەکی پاك و پوختە بکەن، تەوبە لەگەڵ مان و هەبوونی ئەو بتانە لەقوڵایی دەروونەکاندا تەوبەیەکی خۆ خەڵەتێن و فێڵاوییە چونکە نەفس فەرمان بەخراپە دەکات ئەگەر بتێك لەو بتانە بمێنێ‌و خاوەنەکەی لای نەباو تێکی نەشکێنێ ئەوا بەناخی دەروندا دەچێ‌و لەخشتەی دەبات و، ئەو پەرستشەی پێشتر هەیبووە بۆی دەڕازێنێتەوەو جوانی دەکات، هەرچەندە یاخی بوو ملی نەدا ئەواکەوتن بەدوای کەوتندا دەگەڕێتەوە تادەگاتەوە ئەو جێگەیەی لێوەی دەست پێکردووە واتە حاڵی پێش تەوبەکەی، ئنجا ئەو تەوبەیەی کردووشیەتی دەڕووخێت کەهەموو بتەکانی بەهۆیەوە نەشکاندووە، کەواتە گومانی تێدانییە هەرکەسێ دەیەوێت تەوبەیەکی ڕاستەقینە بکات دەبێت هەرچی پەیوەندی بەخراپەو تاوانەکانی ڕابردوویەوە هەیە تێکی بشکێنێ‌و لەناوی ببات، گەڕانەوەی زۆر لە تۆبەکارانمان بیستووەو بۆمان باسکراوە یابینیومانە گەڕاونەتەوە سەر گومرایی بەهۆی هێشتنەوەی هەندێ لەو شتانەی پەیوەندیان بەیاخی بوونەکەیانەوە هەبووەو سەرپێچیان لەفەرمانی خوا کردووە چونکە ئەو شتانەی لەناو نەبردوون و ئەو بتانەی تێکنەشکاندوون لەئامێری

١– الفرقان:٤٣

بەزم و ڕەزم و وێنەی ڕووت و ماڵی حەرام و هاوڕێیەتی ژنان و شوشەی شەراب و هۆشبەرو سەرخۆشکارو لەش گرانیو زۆری تر لەهۆیەکانی سەرپێچیو یاخی بوون، بەڵام زۆریش هەن لە تەوبەکاران کەهەر لەسەرەتای تەوبەکەیاندا هەموو ئەوەی پەیوەندیان هەیە بەتووڕەکردنی خواوە تێکیان شکاندووەو نەیان هێشتووە. گۆرانی بێژ ئامێری بەزم و گۆرانییەکەی شکاندووەو وێنەکێش لەوحەکانی شکاندوون و دڕاندوون و وێرانی کردوون، هەرزەکار هەموو گۆڤارو وێنە بێئابڕووییەکانی سووتاندوون، عەرەق خۆر شوشەی شەرابەکانی شکاندوون و هۆشبەرەکانی سووتاندوون، سووخۆر ئەو ماڵەی بەڕیبا وەریگرتووە دەی کشێنێتەوەو دابەشی دەکات بەسەر هەژاراندا، خۆدەرخەرو خۆڕازێنەر هەموو ئەو جل و بەرگە نالەبارانە دەسووتێنێ وێنەیەکی وەك حەزرەتی ئیبراهیم-سەلامی خوای لێبێ- دووبارە دەکەنەوە کاتێ بتەکانی هەموو تێك شکاندو، وەك حەزرەتی محمدﷺ کاتێ بتەکانی شکاندن بۆ چاندنی یەکتاپەرستی لەسەر زەمینی ئیسلامی نوێ.

٢- جێگەو زەمینەی سەرپێچیو بێ فەرمانی:

لەکۆسپە سەرەکیەکانی سەر ڕێی تەوبەیەکی ڕاستەقینە نەگۆڕینی زەمینەی سەرپێچیو بێفەرمانییەکان و ژینگەی یاخیبوونە، ئەو کەسەی دەیەوێت ڕزگاری بێ لەو شوێنەی تیایدا گیرۆدە بووە نیشتەجێ نابێو دانانیشێ، ڕەنگە میکرۆبی نەخۆشیەکەی دیسان توشی ببێتەوە یان دەرگاکەی لەسەر داناخات و لەهەمووانی دابڕێت و دەروونی وردە وردە توشی لەناو چون بکات، ئەوەتا لە فەرموودەیەکی پێغەمبەرداﷺ هاتووە: کەسێك(١٠٠)کەسی کوشتووە دێتەلای زانایەکی پیاوچاك تاتەوبەیەکی ڕاستەقینە لەسەر دەستی بکات، زاناکەش پێی دەڵێت: (إنطلق إلى أرض كذا و كذا، فإن بها أناساً يعبدون الله فأعبد الله معهم. ولاترجع إلى أرضك فإنها أرض سوء)[1]. (بڕۆ بۆ خاکی ئەویو ئەوێ، لەوێدا کەسانێك هەن خەریکی پەرستنی

١- جزء من حديث أخرجه مسلم (٤٧٦٦).

خوای باڵادەستن، تۆش برۆ لەگەڵیان خوای باڵادەست بپەرستە و، مەگەڕێرەوە بۆ خاکی خۆت، چونکە خاکێکی خراپە). ئەوکەسەی زینادەکات چۆن تەوبەکەی چاك و ڕاستە تا ئەو شوێنە بەجێ نەهێڵێت کەکاری سەمای تێدا دەکرێت، ئەوەی هاوەڵێتی ژنان دەکات چۆن تەوبەکەی ڕاست و تەواوە تائەو جێگایە بەجێنەهێڵێت کەژنان تیایدا کۆدەبنەوە یائەوکەسەی شەراب خۆرە تائەو شوێنە بەجێ نەهێڵێت کەشەرابی لێیەو تیایدا دەخورێتەوە، چۆن تەوبەکەی تەواوو پاکە، هەروەها هەموو ئەوانەی دەیانەوێت تەوبەیەکی چاك وپاك و ڕاستەقینە بکەن دەبێ ئەو جێگەو سەر زەمینە بەجێ بهێڵن کەگوناه و سەرپێچی‌یەکەی تێدا دەکرێت.

٣- گیرۆدەبوونی دڵ بە گوناهو تاوان:

ئیمام (ئیبنولقەیم) لەکتێبەکەیدا (مدارج السالکین) باس لەڕاستی‌و پێداویستی‌یەکانی تەوبە دەکات و، باس لە (بەهەڵەداچوون لەتەوبە)دا دەکات و دەڵێت: شێوەیەکە لەلاوازی و بەهەڵەداچوون لەتەوبەدا لەوانە: (لاوازی لەنیازو بڕیارداو بادانەوەی دڵ بۆسەر گوناه و تاوان کات لەدوای کات و یادی خۆشی و ڕابواردنەکانی دەکاتەوە، دەگونجێ هەناسەیەك بدات و پشوویەك بدات، ماوەیەك یاخی بێ‌و بجۆشێ‌و بخرۆشێ). کاتێ کەسێ هەست و نەستی تووشی خاوی‌و تەمبەڵی دەبێ لەدەرەنجامی لاوازی‌یەتی بۆ نزیك بوونەوە لەخوا. بەهۆی تەمبەڵی‌و سستی لەقورئان خوێندن و پابەند بوون بەویردو زیکرەکان و لەدەستدان و هەڵپرواندنی نوێژەکان و شەونوێژو ڕۆژووسوننەتەکان و خێرو بەخشین و لێپرسینەوەی نەفس و زۆری تر لەو کردەوانەی لەخوای گەورەی نزیك دەخەنەوە، ئەمەش وای لێدەکات تووشی ڕاڕایی و دوودڵی‌و مەترسی‌یەکان دەبێ بەهۆی شەیتان و سەربازەکانیەوە.ئەگەر هاتوو بەرامبەر ئەو مەترسیانە خۆی بەدەستەوەدا، بێئەوەی وازیان لێبهێنێ‌و دایان بمرکێنێتەوە ئەوا لەجیاتی ئەوەی بەهۆی بەئاگاهاتنەوەو بێداربوونەوە بگەڕێتەوە سەر ڕاستەشەقام، ڕەنگە بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەو گومان و مەترسیانە بیگێڕنەوە سەر گومڕایی و یاخیبوون، ئەوەی یارمەتی دەدات بۆ ڕزگاربوونی لەو مەترسیانەو لابردنی گومان و دڵەڕاوکێی

هەستکردنیەتی بەچاودێری خوایی‌و داوای لێخۆشبوون و خۆدانە پەنای خوا لەشەیتانی نەفرین لێکراوو لەڕەحمەت دەرکراو.

٤- بێ ئاگایی:

(ئەبی هورەیرە)دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: ((لایزني الزاني حين يزني وهو مؤمن، ولا يسرق السارق حين يسرق وهو مؤمن و لايشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن))[1]. واتە: (زیناکەر لەکاتێکدا زینادەکات ئیمانی نیە، دزیش لەکاتی دزی کردنەکەیدا ئیمانی نییە، ئارەق خۆریش لەکاتی ئارەق خواردنەوەکەیدا ئیمانی نییە). ئەو لە چاودێری خوایی بێئاگادەبێت لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا کاتێ ئەو چاودێری‌یە لای موسڵمان بزردەبێت ئەوا کارو کردەوەی نامێنێ‌و سستی‌و لاوازی ڕووی تێ دەکات و وای لێدەکات لەئەنجامدانی ئەو کارە ناڕەوایانە بێزارنابێ‌و لەتەوبەکردن و پەشیمان بوونەوەش لەوکارانە کەمتەرخەم و خاوە خاو دەکات و هیچ کارێکی واناکات یارمەتی بدەن بۆ تەوبەو پەشیمانی، ئیمام (ئیبنولقەیم) چەند نیشانەیەك لەتەوبەی هەڵەو فێڵاوی باسدەکات:(وشك بوونی چاوەکان، بەردەوام بوون لە بێئاگایی‌و، دوای تەوبەکەش هیچ کردەوەیەکی چاکی واناکات لەپێش هەڵە و تاوانەکەیدا نەیدەکردن)[2]. کردەوەی چاك وەکو سوتەمەنی وایە بۆ سەیارەو، بەبێ ئەو توانای ڕۆیشتن و بەردەوامی نامێنێ، بەخاوێنی ڕووکاری دەرەوەی نییە بەڕەنگی جوان و دڵڕفێنی نییە هیچی نابنە ئەو سووتەمەنییە، هەربەم جۆرەش تەوبەکار ئەگەر لەئەنجامدانی کردەوەی چاکە بێئاگابوو، ئەو بۆخۆی فەرمان بەسەر خۆیدادەدات بەوەستانێکی حەتمی‌و هیچ کارێك ناکات بۆ زیادکردنی توێشووەکەی ئەم کردەوانە بەرهەم نایەن بەبێ هەست کردن بەچاودێری خوایی لەهەموو کات و هەل و هەناسەیەکدا هەتا لەکاتی نوستن و لەخەو هەستان و دانیشتن و جوڵان و ڕۆیشتنیدا.

١- أخرجه مسلم: ١٠٠، كتاب الإيمان.

٢- تهذيب مدارج السالكين ص ١٢٥.

٥- نەگۆڕینی هاوڕێکان:

پێغەمبەرﷺ دەفەرموویت: ((المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل))[١].

واتە: (مرۆڤ لەسەر دینی هاوەڵەکەیەتی هەریەك لەئێوە بڕوانێ و بزانێ کێ دەکات بەدۆست و هاوەڵی خۆی). ئەوەش واتە: گومانی تێدانییە مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کەسەی هاوڕێیەتی دەکات و پەیوەندی پێوەهەیە، جا ئەو کاریگەرییە یاکاریگەریەکی باشە، یا کاریگەریەکی خراپە، ئنجا ئەگەر ئەو کەسەی دۆستایەتی دەکات مرۆڤێکی چاك بێت ئەوا شوێنەوارو کاریگەری چاکەی ئەو کەسەی پێوەدیارە خۆ ئەگەر بەپێچەوانەوەبێ ئەوا کاریگەریەکەشی پێچەوانەیە واتە: خراپ و زەرەرمەندی دەکات. ئەگەر هاوڕێ خراپ و لاسارەکانی نەگۆڕێت بەهاوڕێی چاك و گوێڕایەڵی فەرمانی خوا، ئەوا نەفسی خۆی لەبازنەی ئەو زیان و خراپەکاریانەدا قەتیس دەکات کە بەهۆی هاوڕێ خراپەکانیەوە توشی هاتووە، گاڵتە بەپابەند بوون و گەڕانەوەکەی دەکەن و یەکێکیان چێژی شەوە سوورەکانی بیردەخاتەوەو، یەکێکی تر لەبەردەمیدا قسە لەگەڵ ژنە هاوەڵەکانیدا دەکات و، لەبەردەمیدا قسەو باس لەسەر وڵاتەڕۆژئاواییەکاندا دەکەن، گوێ لەتاکە وشەیەکی ئەو ناگرن کەیادی خوای تێدابێت، هیچ شتێکیان لێ نابیستێ جگە لەتوانج و جنێو و قسەی ناشیرین، دەی تەوبەکاری لەم جۆرە تاچەندە خۆڕاگردەبێت چەند بەرگری کارو تەوژمی لاساریو گوناهکاری لە ئیبلیسەکانی مرۆڤ و جن بەرەوڕووی دەبنەوە، کەسێك نییە لەلای ئەو یادی خوابکات یاخوای بیربخاتەوە؟ لەڕاستیدا کەسانی لەو جۆرەمان زۆر بینیوە حەزیان نەکردووە هاوڕێکانیان بگۆڕن دوای ئەوەی خوای گەورە ڕێنمایی کردوون و، کار ڕاپەڕاندن و ڕۆیشتنیان لەگەڵ پیاو چاکاندا ڕەت کردۆتەوە بەهۆی ئەو گومانانەی لەسەری پەروەردەکراون لەڕێگای ئەو ڕاگەیاندنە دوژمنکاریانەی ڕوویان لەئیسلام کردووەو ئاڕاستەی موسڵمانان دەکرێت، هەڵبەتە چارەنووسیان هەرکەوتن و ڕووخان دەبێت دوای ئەوەش کەخوا بەمیهرەبانی خۆی

١- صحيح الجامع الصغير ٣٥٢٩.

هیدایەتی داون، بەڵکو ڕووخانێکی وادەڕووخێت زیاتر لەو ڕووخانەی پێشتر تێیدا بوون. وەکو پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکی دۆستایەتیو دانیشتن لەگەڵ کەسانی خراپ بەکوورەی ئاسنگەر دەچوێنێ (وکیر الحداد–یحرق بیتك أو ثوبك أو نجد منه ریحاً خبیثةً). واتە: کوورەی ئاسنگەر یاخانەو لانەت دەسوتێنێ یابەرگ و پۆشاکت دەسووتێنێ یانەوەتا بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەکەی). (ئیمامی عەلی– ڕەزای خوای لێبێ) دەفەرمووێت: هاوڕێیەتی گوناهکار مەکە، بەڕاستی ئەوکردەوەکانی لەبەرچاوت جوان دەکات، بەهیواو خۆزگەوەیە تۆش وەکو ئەو بیت). (المناوی) دەڵێت: (ووریابە خۆت بپارێزە لەکۆڕو مەجلیسی خراپەکاران، بەڕاستی بێئەوەی بەخۆت بزانی لێیان زەرەرمەند دەبیت دوورەپەرێزی لەوان هەر بەدانیشتن و قسەو کردەوە لەگەڵیاندا نییە. بەڵکو دەبێ دوورە پەرێز بی لەڕوانین و سەیرکردنیشیان، چونکە تێڕوانین لەدیمەنێك، ڕەوشت و ڕەفتارێك لەناخ و دەروونـدا دروستدەکات و بەجێی دەهێڵێت لەڕەفتارەکانی ئەو دیمەنەی بۆت ڕوانیوە.

٦- لەبیرچوونەوەی مردن و کۆتایی تەمەن:

بەهۆی لەبیرکردنی مردنەوە هەرکات هەوڵ دەدات پابەندی تەوبەیەکی ڕاست و درووست بێت هەست بەقورسی و گرانییەکی زۆر دەکات، هەرچەند دەیەوێت لەو تەوبەیەی بەردەوام بێت پەرۆشی ڕابردووی دەبێت و دەگەڕێتەوە سەری، لەهیواو خۆزگەکانیدا ڕۆدەچێت، ئەو تەندروستییەی خۆی پێوە بادەدات و لارو لەنجەی پێوە دەکات نەفسی والێدەکات ئاواتی زۆری هەبن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە پێناو نەفس و وەدیهێنانی ئاواتەکانیدا زیادەڕۆیی لەوکارانەدا دەکات. ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو مردنەی لەبیرکردووە کەهیچ کەسێك بەکاتەکەی ئاگادار نییەو هەواڵی لێ نییە، زۆر لەپڕ یەخەی دەگرێت لەو بێئاگایی‌یەدا کۆتایی بەژیانی دەهێنێت بەسەرەنجامێکی خراپ، لەکاتێکا ئەو لەڕاستیدا ئەو چرکەساتە سامناك و مەترسیدارەی لەبیرکردبوو لەژیانیداو لەبیرکردنی مردنیش لەگەورەترینی ئەو کۆسپانەیە کەدێتەسەر ڕێگای تەوبەو گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ هەرکەسێك بیەوێت بیکات.

مێرگی (٣١)

سەرەنجامێکی خراپ

ئیمام (القرطبي) لە کتێبەکەیدا (التذكرة) چیرۆکی بانگدەرێکی هێناوە، کە کەسێك بووە بە بەهای بەندایەتیو نوری گوێڕایەڵی دەستی پێکردووە، (القرطبي) دەڵێت: (هەروەکو عادەتی خۆی ڕۆژێك بۆ بانگدان بە منارەکەدا سەرکەوت و لەژێر منارەکەدا ماڵی (نەصرانی یەك) هەبوو، بانگدەرەکە بۆماڵەکەی ڕوانیو سەرنجیدا کچی خاوەن ماڵەکەی دیت، شەیدای بوو وازی لەبانگ هێنا، دابەزیيە خوارێو چوو بۆ ماڵەکەیان، کچەکە پێی وت: چیت دەوێت؟ ئەویش وتی: تۆم دەوێت، کچەکە وتی: بۆچی؟ ئەویش پێی وت: بەتۆوە ئاسوودەم هۆشم بۆت نەماوەو بەڕاستی هەموو دڵت داگیرکردووم، کچەکە وتی: گومانی تێدا نییە وەڵامت نادەمەوە، وتی: دەتخوازم، ئەویش پێی وت: تۆ موسڵمانی من نەصرانیم و باوکم نامدات بەتۆ، بانگدەرەکەش وتی: دەبم بەنەصرانی کچەکە وتی: ئەگەرتۆ ئەوەتکرد منیش بەدڵی تۆ دەکەم و شووت پێ دەکەم، بانگدەرەکە (پەنابەخوا) بووبە نەصرانی بۆئەوەی کچەکە شووی پێبکات، لەگەڵیان لەماڵەکەدامایەوە هەر لەوڕۆژەدا سەرکەوت بۆ سەربانی ماڵەکەو لەوێوە کەوتە خوارەوە مرد، لەکاتێکا نەدینەکەی ماو نەبەکچەکەش گەیشت)[١].

کۆتاساتی ژیان مەترسیدارترین وێستگەیە مرۆڤ پێش هاتنی ڕۆژی دوایی پیایدا ڕەت دەبێت، لەوساتەدا بۆی دیاریدەکرێت کەئایا ئەوکەسە لەئەهلی بەختەوەرانە یا لەئەهلی بەد بەخت و بەهیلاك چووەکانە، (چرکەساتەکانی کۆتایی) ئەوساتانەن کەڕاکشان و پاڵدانەوەی خەڵکی تەواودەکەن و لەخەوی ئارام بێ بەشیان دەکەن، زۆرنیین ئەوانەی ماڵی خۆیان لە ڕێگای خوادا خەرج کردووە، زۆرنین ئەوانەی

١- التذكرة ١ / ٥٤

لەقرچەی گەرمادا ڕۆژوویان گرتووە، لەسێ یەکی کۆتایی شەودا هەستاون و شەونوێژیان کردووە، ئەوانەی گوێبیستی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بوون ((إنما الأعمال بخواتيمها))[1]. واتە (بەڕاستی کاروکردەوەکان بەگوێرەی دەرەنجام و کۆتاییەکەیەتی). ئەوان بەهۆی ئەو فەرموودە تەقواو لەخواترسانیان زیاتر دەبێت.

ئەندازەی گەزێك بۆ بەهەشت:

(ئیبنومەسعود) دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((فإنَّ الرجلَ منكم ليعمل حتى مايكون بينه وبين الجنةِ إلا ذراع، فيسبق عليه كتابه، فيعمل بعمل أهل النار، ويعمل حتى مايكون بينه وبين النار إلا ذراع. فيسبق عليه الكتاب فيعمل بعمل أهل الجنة))[2]. واتە: (کەسی واتان هەیە کردەوەی بەهەشتی دەکات هەتا لەنێوان ئەوو بەهەشتا ئەندازەی گەزێکی دەمێنێ، کەچی نووسراوەکە پێشی دەکەوێو کاروکردەوەی دۆزەخی دەکات و دەچێتە دۆزەخ، هەروەها کەسی واتان هەیە کاروکردەوەی دۆزەخی دەکات، هەتا بەئەندازەی گەزێکی دەمێنێ و، نووسراوەکە پێشی دەکەوێت و کاروکردەوەی بەهەشتی دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە).

لەو کردەوانە زۆرن لەنوێژو ڕۆژوو و حەج و عەمرەو خێرو بەخشین و خەتمی قورئان و، هاوڕێیەتی پیاوچاکان و بەجێهێنانی سوننەتەکان، هەتا وای لێ دێت بەپەنجە ئاماژەی بۆ دەکەن و پێی دەگوترێ لەپیاوچاکانە، هەتا خوای گەورە کۆتایی بەئەنجامێکی خراپ دەهێنێو بێبەشی دەکات لەو بەهەشتەی کەتەنها باڵێکی مابوو بیگاتێو لەدوادوایی تەمەنیدایە، کەلەوانەیە ساڵی کۆتایی تەمەنی بێت، یا دوا مانگی، یا دوا هەفتە، یا ڕەنگە دواڕۆژی تەمەنی بێت، ئەوکەسە یەکسەر دەگۆڕێ بۆ کەسێکی ترو ئەو ڕووناکییە دەگۆڕێت بۆ تاریکیو، چاکییەکەی بۆ خراپەکاریو یاخیبوون، ئەو پاکێتییەی دەبێتە پیسیو، لەسەر خۆییو نەرم و نیانیەکەی دەگۆڕێ بۆ ڕقەبەرایەتیو دوورکەوتنەوەو پاکیزەییەکەی

١- البخاري، الفتح ٦٤٩٣.

٢- اللؤلؤ والمرجان ١٦٩٥.

بۆ داوێن پیسیو خووی ناشیرین، ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ ڕق لێبوونەوەو کۆتایی تەمەنی بەم جۆرەی لێدێت، ئەو کردەوەباشانەی پێشتر ئەنجامی دابوون دەبنە تەپ و تۆزو بەهەوادا پەرش و بڵاو دەبن. هەتا پێغەمبەرﷺ لەباسی ئەوانەی سەردەمێکی درێژ کردەوەکانیان لەکردەوەی بەهەشتیانە، پاشان تەمەنیان بەسەرئەنجامێکی خراپ کۆتایی دێت، ((إنَّ الرجلَ ليعمل الزمن الطويل بعمل أهل الجنة، ثم يختم له عمله بعمل أهل النار، وإن الرجل ليعمل الزمن الطويل بعمل أهل النار، ثم يختم له عمله بعمل أهل الجنة))[1]. واتە: (پیاوی واهەیە ماوەیەکی زۆر کاروکردەوەی بەهەشتی دەکات پاشان کۆتایی کردەوەکەی بەکردەوەی دۆزەخی دێت، پیاوی وایش هەیە ماوەیەکی زۆر کاروکردەوەی دۆزەخی دەکات، پاشان کۆتاییو کۆتایی کردەوەکەی بەکردەوەی بەهەشتی دێت).

هۆی خراپ بوونی کۆتایی کردەوەکان :

(سەهلی کوڕی سەعد الساعدی) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خواﷺ کاتێ دەیڕوانی بۆ پیاوێك کەلەمەدینەدا دەجەنگی لەگەڵ هاوەڵگەران و شەریك بۆ خوا بڕیاردەران و لێی دەکوشتن، لەناو موسڵمانەکاندا ناوبانگی پەیدا کردبوو، بەڵام پێغەمبەرﷺ فەرمووی: کێ حەزدەکات بڕوانێتە پیاوێك کەئەهلی دۆزەخ بێت، باسەیری ئەو پیاوە بکات، پیاوەکەش لەکوشتار بەردەوام بوو هەتا بریندارکرا، پەلەی بۆ مردن کردو نووکی شیرەکەی بەسنگی خۆیداکردو خۆی هەڵدا سەری هەتا لەنێوان هەردووشانی هاتەدەرو بەم جۆرە خۆی کوشت، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ((إنّ العبدّ ليعملُ– فيما يرى الناس– عمل أهل الجنة، وإنه لمن أهل النار، ويعمل– فيما يرى الناس– عمل أهل النار وهو من أهل الجنة، وإنما الأعمال بخواتيمها))[2]. واتە: (بەندەکار و کردەوە دەکات–خەڵکی وادەبینن– کردەوەکانی لەئەهلی بەهەشتیانە، بەڵام دەبێتەیەکێك لەئەهلی ئاگری دۆزەخ، یان کاروکردەوەی

١– مسلم / ٢٦٥١

٢– البخاري، الفتح: ٦٤ ٩٢.

وادەکات–خەڵکی وادەبینن– کردەوەکانی لەئەهلی ئاگرو دۆزەخیانە، لەکاتێکا ئەو کەسێك دەبێت لەئەهلی بەهەشت، کاروکردەوە بەسەر ئەنجام و کۆتاییانە). ئیمام (ئیبنورەجەبی حەنبەلی) لەلێکدانەوەی ئەم فەرموودەیەو ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەدەبێتە هۆی کۆتایی خراپی کردەوەکان دەڵێت: (... ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەنیەتی شاراوەی کاروبارو کردارەکان لەوە جیایەو ئەو سەرەنجام خراپی‌یە بەهۆی ئەو فێڵ و پیلانە شاراوەی بەندەوەیە کەبۆ خەڵکی دەرناکەوێت، ئەنجا لەڕووی ئەم کارە خراپەوەو بەم جۆرە ئەو خووە خراپە شاراوەیەی هەیبووە ئەو سەرەنجامە خراپەی بۆ مسۆگەر دەکات لەکاتی مردنیدا)[1]. (ئیبنورەجەبی حەنبەلی و ئیمام ئیبنولقەیم) لەسەر هەمان هۆی کە باسی کردووە هاوڕان کاتێ دەڵێت: (ئەگەر کردەوەکان بەسەر ئەنجام و کۆتایی‌یەکەیان بن ئەوکەسە ئارام ناگرێت لەسەر ئەو کارەی دەیکات تا تەواو بکرێت– بەڵکو بەلایەکی شاراوەی تێداهەیە و، خاڵێکەلەکۆتایی تەمەنی‌دا بەهۆیەوە شکست دێنێ‌و ئەو بەلاو کارەساتەی لەناخی دابوو لەو کاتە پێویستەدا ناپاکی لەگەڵدا دەکەن و دەیگێڕنەوەسەر ئەو ئەرك و نیەتەی کاری پێکردووە ئەگەر لەوێدا ئەودەردو فێڵە نەبێت خوای گەورە باوەڕەکەی وەرناگێڕێت)[2]. ئەو دەردەشاراوەیەی دەبێتە هۆی کوشتنی لەکۆتا کاتەکانی تەمەنداو لەجێبەجێ‌کردنی زۆرینەی پەرستشەکانی تەمبەڵی دەکات، وای لێدەکات حەزدەکات بۆ ژنان بڕوانێ‌و چاوی نەپارێزێ‌و گاڵتەو سووکایەتی بەکەسانی تردەکات و ڕقی لەپیاوچاکان و بانگخوازان و چاکەکاران دەبێتەوەو یاهەر شتێکی تر لەو بابەتانە، کە لێیان بەئاگانییەوە بەبچوکیان دەزانێت. بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەدەکەن و گەورە دەبن و دەگۆڕێن بۆ دەردو بەلایەك هێرشی بۆ دەهێنن و شڕی دەکەن و دەیخەنەگیانەلاو دەیکوژن لەبەر دەرگاکانی ژیانی بەرزەخدا.

١– جامع العلوم و الحكم، ص ٥٠.

٢– الفوائد ٢١٣، النفائس.

مێرگی (٣٢)

چەند دیمەنێك لەكۆتا ئەنجامی ترسێنەر

ئەوانەی لە فەوتان و بەهیلاك چوون ئەمینن:

لەڕاستیدا دڵێك كەترسی خوای تێدا نەبێت، گومانی تێدانییە ئەو دڵە تووشی سەرەنجامێكی خراپ دەبێ، لەبەرئەوەی بەڕاستی ترس بەردەوام پاڵ بەخاوەنەكەیەوە دەنێت تابگەڕێتەوەو هەمیشە پاك بێ لەهەموو ئەو خەوش و كەم و كورپیانەی لەكاتی بێئاگاییدا دەكەوێتە ناوی و، ترس پاڵنەریەتی بۆ ئەنجامدانی كرداری چاك، بەڵام لەو ناوەدا ئەو دڵنیایی‌و ئەمین بوونەی وای لێدەكات بەكارەكانی لەخۆبایی بێ و بێئاگابێ هەتا تەمبەڵی‌و خاوە خاوو ئەمڕۆو سبەی كردن بەسەریدا زاڵدەبێت و، وەرع و تەقوای كەم دەبێتەوەو بەهیوای لێخۆشبوون و لێبووردنی خوایی دەبێت، (حاتەمی ئەصەم) لەوباسەدا دەڵێت: (هەركەسێك دڵی لەچوار مەترسی خاڵی بوو و بیری لێنەدەكردنەوە، ئەو كەسە غافڵ و بێئاگایەو لەهیلاكی دۆزەخ ڕزگار نابێ:

یەكەم مەترسی: ڕۆژی دوایی كاتێ دەڵێت: ئەوانەلەبەهەشتن ئەو هیچ گوێی پێ نەداو لێی بێئاگاو بێباكە، وەئەوانە لەئاگری دۆزەخدان دیسان هەرگوێی پێنەداو بێباكەو، لەكاتێكدا ناش زانێت بۆخۆی لەكام دەستەیان دەبێت.

دووەم مەترسی: لەكاتێكا لەناو سێ تاریكیدا درووست بووە فریشتەیەك بانگی كردووە بەبەد بەخت یان بەختەوەر، ئەونازانێت لەبەد بەختەكانە یان بەختەوەرەكان.

سێیەم مەترسی: بیركردنەوەی لەمەترسی ئاگاداركردنەوەی كەنازانێ مژدەی دەدرێتێ بەوەی كەخودا لێی ڕازیە یالێی توورەیە.

چوارەم مەترسی: ئەو ڕۆژەی تیایدا بڵاو دەبنـەوەو پەراگەنـدە دەبـن، ئـەو نازانیٚ بەکامەڕێگەدا دەبرێت و دەڕوات.

ترسی پیاوچاکان:

بەڵام پیاو چاکان ئەمین و دڵنیـا نـین وەکـو ئـەو جۆرەکەسـانەی باسمـانکردن، بەڵکو ترسیان لەخوا دڵی بڕیون و چـاوی لەگریانـدا نـوقم کـردوون ئـەوان بەڕاسـتی لەسەرەنجام خراپی دەترسن، (سەفیان) بەردەوام دوودڵ و نائاسوودەبوو زۆر بیری دەکـردەوە لـەڕابردوویو داهـاتووی کۆتـایی تەمـەنی دەگریـاو دەیـوت: دەترسـم لەسەرەمەرگدا ئیمانەکەم لەدەست بدەم)[1].

(مالیکی کوڕی دینار) شەوانە هەڵدەستاو بەدرێژایی شەو ڕیشی خۆی دەگـرت و دەیوت: پەروەردگارادانیشتووی بەهەشـتم ناسـیو دانیشـتووی ئـاگری دۆزەخـیش، مالیك دەبیٚ هەواری تۆ لەکام لەم دووشوێنانەبێت)[2].

هێزی شەیتان لەسەر مرۆڤ:

بەهۆی توندی ئەو هەموو ترسـەی پیـاوچـاکان لەسـەرەنجامی خـراپ، شـەیتان هێزێکی زۆریان دەخاتە سەر لەچرکەساتەکانی تەمەنیاندا بۆلادانیان لەدینەکـەیان و تینیان بۆدێنیٚ، بەڵام خوای گەورە خۆڕاگریان دەکات بـە وتـەی دامـەزراوو جـێگیرو شەیتان هیچ توانایەکی نابیٚ لەسەریان.

وەکو لەوتەیەکی (عەبدوڵلاڕی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)دا هاتووە دەڵێت: (لـەلای بـاوکم بـووم لـەکاتی وەفاتیـدا دەسـتی خسـتەناو ڕیشـی و تونـد گرتـی و تاماوەیەك لەهۆش خۆی چوو، پاشـان هۆشـی هاتـەوەو هەنسـکیداو لەبەرخۆیـەوە دەیوت:

نـا ئـەوە ناکـەم ئـەوە دوورە لـەمن، نائەوەناکـەم ئەوەدوورەلـەمن، چـەندجار ئەوەی دووبارەکردەوە پێم وت: بابەگیان چیت لیٚ دیارە، وتی: شەیتان لەتەنیشـتم وەستاوە پەنجەکانی دەگەزیٚ و دەڵیٚ:

١- جامع العلوم و الحكم، ص ٥٠.

٢- جامع العلوم و الحكم، ص ٥٠.

ئەی ئەحمەد لەو ئایینەلادە، لەو ڕێبازە لادە، منیش دەڵێم: نا، ئەوە دوورە هەرگیز ئەوەناکەم ئەوەلەمن دوورە هەتا دەمرم)[1].

(ئەبوجەعفەر ئەحمەد قورطبی) دەگێڕێتەوەدەڵێت: (لەکاتی وەفاتیدامنیش لەلای بووم پێم دەگووت بڵێ: (لا إله إلا الله، ئەویش دەیوت: نا، نا، کاتێ هۆشی هاتەوە، ئەوەم بۆ گێڕایەوەو لێم پرسی: ئەویش وتی: دووشەیتان هاتنەلام بۆلای ڕاست و بۆلای چەپم، یەکێکیان دەیوت بە(جولەکەیی) بمرە بەڕاستی چاکترین دینە، ئەوی تریان دەیوت: بە(نەصرانی) بمرە چاکترینی دینە، منیش پێم دەگوتن: نەخێر، نەخێر، ئەوەچییە بەمنی دەڵێن؟)[2].

کۆتا و سەرەنجامە دڵتەزێنەکان:

بیستن و بنینی هەواڵی ئەو سەرەنجام و کۆتاییەیە خراپ و نالەبارانە والە پیاوچاکان دەکات کەئەوەندەی تر بترسن و زیاتر خۆیان بۆ قیامەت ئامادەبکەن. لەو هەواڵانەی دەگێڕدرێنەوە ئەوەتا (ئیبو ڕەجەب) دەڵێت: (عەبدولعەزیزی کوڕی ئەبی ڕەواد) گێڕایەوەو وتی: لای پیاوێك ئامادەبووم لەسەرەمەرگدا بوو دەمویست شایەتومانی پێ بهێنم وتم بڵێ: لاإلە إلا الله، بەڵام لەوکۆتاییەدا شتێکی وت کە بەهۆیەوە بێباوەڕ دەبوو بەم جۆرە لەسەر ئەو حاڵە مرد، وتی: پرسیارم لەبارەوەکرد بۆم دەرکەوت کەئەو گیرۆدەی عارەق خواردنەوە بووە، ئنجا (عەبدولعەزیز) وتی: خۆتان لەگوناه و تاوان بپارێزن بەڕاستی هەرئەو دەتانخاتە ئەو مەترسییەوەو گیرۆدەتان دەکات)[3].

(قورطبي) لە(التذکرة)دا دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

(ڕەبیعی سبرة کوڕی معبد الجهنی) کە عابیدێکی خواناس بووە لە بەصرە وتی: (کەسانێکم دەناسی لەشام، بەپیاوێکیان وت: ئەی فلان بڵێ: (لاإلە إلا الله) ئەویش وتی: دەیخۆمەوەو پاراودەبم، دیسان جارێك لەئەهواز بەپیاوێکیان وت: بڵێ: (لاإلە إلا الله) ئەویش دەیوت: دە، یازدە، دوازدە، دیاربوو کاری ئەو پیاوە نووسین و

١- التذکرة، ص ٥٠.

٢- التذکرة، ص ٥٠.

٣- جامع العلوم والحکم، ص ٥٠.

ژمارەو کێشانەو پێوانە بوو، ئەوەندە پێوەی خەریك بوو بەم جۆرە کارەکەی بەسەریدا زاڵ ببوو)[1].

ئیمام (ئیبنولقەیم) لەکتێبەکەیدا (الجواب الكافي) لەو چیرۆکانەمان بۆ باس دەکات کەلەسەرەمەرگدا چیان وتووە، دەڵێت: کەسی واهەبووە پێی دەگوترا بڵێ: (لاإله إلا الله) ئەویش دەیوت: ئاە، ئاە، ناتوانم بیڵێم، بەیەکێکی تریان وت: بڵێ: (لاإله إلا الله) وتی: ناشیرینە، شلە، بەسەرتدا زاڵە، پاشان تەواو بوو مرد، بەیەکێکی تریان وت: بڵێ: (لاإله إلا الله) دەستی کرد بە گۆرانی وتن و دەیوت: تەتەن، تەتەن، هەتا تەواو بوو، دیسان بەیەکێکی تریان وت: بڵێ: (لاإله إلا الله) لەوەڵامدا دەیوت: ئەوەی ئێوە دەیڵێن سوودی نییە بۆمن، تازە وازناهێنم لەیاخی بوون تاتەواو بووەو مردووە نەیتوانیوە شایەتومان بهێنێ، داوایان لەیەکێکی ترکردووە بڵێ: (لاإله إلا الله) وتویەتی: پێویستم بەوە نییە نازانم نوێژێك بۆ خوا بکەم، بەم جۆرە هەر نەی توانیوە شایەتمانەکە بهێنێ، بەیەکی تریان وتووە: بڵێ: (لاإله إلا الله) وتویەتی: هەرچەند دەمەوێ بیڵێم ناتوانم و زمانم دەگیرێت)[2].

دامەزراویو خۆڕاگری لەخوا داوا دەکەین:

ئەم جۆرەباس و خەبەرانە داوامان لێ دەکەن هەر ئەوە بڵێینەوە کە چاکترینی کەس—پێغەمبەری خواﷺ مژدەی بەبەهەشت پێ داوە کە دەفەرمووێت: ((یامقلب القلوب ثبت قلبي على دينك))[3]. واتە: (ئەی هەڵسوڕێنەری دڵەکان دڵم لەسەر ئایینەکەت دامەزراوبکە). هەرکەسێك دامەزراوی بوێت گومانی تێدانییە هۆیەکانیشی دەرەخسێنێو هەولی بۆ دەدات. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾[4].

١- التذكرة، ١/٥١.

٢- الجواب الكافي: ص ١٠٥ – ١٠٦.

٣- الترمذي و صححه الألباني.

٤- الرعد: ١١.

مێرگی(٣٣)

تەوێڵی سوژدەبەر

مامۆستا (عبدول حەلیم خەفاجە) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت:

(ئەڵمانیەك موسوڵمانێكی بینی سوژدەی دەبرد، بەڕادەیەكی زۆر لەم جوڵەیەی سەری سوڕما! تـاوای لێكـرد لیـی ڕامـاو چـاوەڕوانی كـرد هـەتا ئـەو موسـوڵمانە نوێژەكەی تـەواوكرد، ئینجـا بـەرەولای چـوو، دەربـارەی ئـەم جولانـەوە پرسـیاری لێكرد، بەتایبەتی لە– سوژدەكان– موسوڵمانەكەش زۆرجوان باسی نوێژو حیكمەت و كاریگەریـیـەكانی بـەوردیو تـەواوی بـۆ ڕوون كـردەوە، ئـەویش زۆر بەتاسـەو سەرسوڕمانیەكی تێكەڵ بەخۆشیو پەرۆشـی گـوێی بـۆ گرتبـوو، هـەروەكو ئـەوەی بەسەرخۆی هاتووە گەیشتۆتە ئـەو شـتەی چـەند ساڵە بەدوایـدا دەگـەڕێت، ئینجا هۆكاری ئەو هەموو سەرسوڕمانەی خۆی بۆ موسوڵمانەكە باسكرد: كە ئەو بەدەست نەخۆشیەكی دەروونیەوە دەناڵێنیو بەردەوام دڵتەنگ بووە، كاتێك ناوچەوانی خۆی بەزەویـەوە دەلكانـد هەسـتی بەئاسـودەییو پشـودان دەكـرد، لەبەرئـەوە هـەر كـە دڵتـەنگی زۆری بۆهێنـاوە تـەوێڵی خسـتۆتە سـەرزەویو تونـد پێـوەی لكانـدووە تاهەست بە حەسـانەوەو ئاسـودەیی بكـات و پشـوویەك بـدات، بـەم شـێوەیە هـەتا ئەوكاتەی ئەو موسوڵمانە دەبینێت نوێژدەكات و ناوچەوانی بەزەوییەوە دەلكێنێ، لەوێدا نهێنـی ئـەو حەسـانەوەو ئاسـوودەییەی خـۆی بـۆ دەركـەوت كـە هەسـتی پێدەكرد).

دوای ئەوە موسوڵمانەكە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ مەڵبەندێكی ئیسـلامی لەشـاری (میـونخ)، لێپرسـراوانی ئـەویش باسـی ئیسـلامیان بـۆكردو جـوان بۆیـان لێكدایـەوەو ڕونیان كردەوە، بەهۆی كاریگـەری ئەوسـەردانە بڕواهێنـانی بـەتاك و تـەنیایی خـوا ڕاگەیاندو موسوڵمان بوو، بـەڵێ ئـەو (سـوژدە) بـوو بـەهۆی موسـوڵمان بـوونی ئـەو پیاوە.

کەواتە سوژدە چییە؟ کاریگەری یەکانی چین؟ کامەیە ئاکارو سیفەتەکانی سوژدەبەران؟ شێوازو ڕێڕەوی ئەو سوژدەیە چۆنە کە مرۆڤ لە قوڕی زەوی دادەماڵێت و پەیوەستی دەکات بەئاسمانەوە لەپلەوپایە بەرزەکان و ڕاستی‌یەکانی دوارۆژ نزیکی دەکاتەوە؟

واتای سوژدە:

ئیمام(طبری) لە (ئیبنو عەباس)ەوە دەگێڕێتەوە لەسەر ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێت: ﴿وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا﴾[1] دەڵێت: فەرمانیان پێدراوە بەکڕنوش و پێزانینەوە بچنە ژوورەوە، طەبەری دەڵێت:

ئەصڵی سوژدە چەمینەوەو نوشتانەوەیە بۆ ئەو کەسەی (سوژدە)ی بۆ دەبرێت بەمەبەستی بەگەورە زانینی، هەموو چەمینەوەیەك بۆ هەرشتێك بەمەبەستی بەگەورە زانین (سوژدە)بردنە بۆی، ئینجا دەڵێت:

ئەوە لێکدانەوەی (ئیبنو عەباس)ە بۆ ئەو فەرمودەیەی خوای گەورە (سجدا- چەمینەوە)یە، چونکە چەمینەوە کووڕبوونەوەیە، سوژدەبەریش زۆر زیاتر لەکوڕبونەوە دەچەمێتەوە[2].

لەڕاقەکردنی ئەو فەرمودەیەی خوای گەورە﴿ فَمَا لَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٢٠ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقُرۡءَانُ لَا يَسۡجُدُونَ ﴾[3]دا (شیخ محمد صواف)دەڵێت: سوژدە خواستێکە ئەوپەڕی پارانەوەو ملکەچی‌و خۆبەکەم زانین و پابەندیە بۆ ئەم قورئانە پیرۆزە، وەمەبەست لە(سوژدە): نوێژەو، لکاندنی نوێژ بەباوەڕەوە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی‌و بەهاو بایەخ و پایەداری‌و لەئیسلامدا فەرمانی پێکراوە، نوێژ کۆڵەکەی دینەو ڕوکنێکی دامەزراوو جێگیرە، هەرکەس نوێژ بەگرنگ بزانێت و جێبەجێی بکات

١- البقرة: ٥٨.

٢- تفسير الطبري ٢/١٠٤،١٠٥.

٣- الإنشقاق: ٢٠-٢١.

ئەوادینی دامەزراوو جێگیرکردووە، هەرکەسیش وازی لێ بهێنێ ئەوا دینی وێران بووە[1].

بەهاو نرخی (سوژدە) لەومانا گەورە بەرزانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەگەورەدانان وملکەچیو پاڕانەوەو خۆبەکەم گرتن و خۆشکاندن چەند واتایەکن دەلالەت لەبەندایەتی بکەرەکەی دەکەن بۆ ئەوکەسەی پەرستش و بەندایەتی بۆدەکات، چونکە(سوژدە) ئەوپەڕی کوڕبونەوەو نوشتانەوەیە تا نزمترین ئاست، چ شتێ هەیە لە لکاندنی تەوێڵ و لووت بەزەویەوە نزمتربێ!!

لکاندنی تەوێڵ بەشوێنی پێیەکاندا، کەبەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ملکەچیو خۆشکاندنەوە بۆ ئەوکەسەی دەیپەرستێت، ڕێگە نەدراوە (سوژدە) بۆ هیچ کەس ببرێت جگە لەپەروەردگاری جیهانیان، هەموو چەمانەوەو (سوژدە)یەك بۆ غەیری خوا بەتاڵەو نەهی لێکراوە.

بنەچەی بەندایەتی

نارەزایی هود هود(پەپوسلێمانە):

لەبەرئەوەی دیمەنی (سوژدە) بەڵگەیەکە لەسەر ملکەچیو پاڕانەوەو پابەند بوون و خۆم بەکەم گرتن، کەئەویش لەدیارترین و بەرزترینی واتاکانی پەرستشن، هودهود وەڕس و بێزاردەبێت کاتێك لەیەکێك لەچوونە دەرو گەڕانەکانیدا قەومێك دەبینێت(سوژدە) بۆ غەیری خوای پەروەردگار دەبەن، ئەمەوای لێدەکات کە بەتوورەیی بدوێت، هەروەکو خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿ أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴾[2].

واتە: (شەیتان ڕێی لێگرتن بۆ ئەوەی سوژدە نەبەن بۆ ئەو خودایەی کەنهێنی دەردەکێشێت لەئاسمانەکان و زەویداو دەزانێت ئێوە چیدەشارنەوەو چیش ئاشکرادەکەن).

١- فاتحة القرآن- الصواف: ص٢٠٤.

٢- النمل: ٢٥.

شێخ (عەبدولحەمید کوڕی بادیس) دەڵێت: شەیتان کردەوەکانی خۆیانی لەلاجوان کردبوون بەتایبەتی(سوژدە) نەبردنیان بۆ ئەوخودایەی کەبەڵگەیە لەسەر گەورەیی و دەسەڵاتی خوای پەروەردگارو بەجوانکاری‌و میهرەبانی خۆی چواردەوری گرتوون بەو هەموو نیعمەتە ئاشکراو پەنهانانە((ئەوەی کەنهێنییەکانی پێ کەنارو شاراوەو داپۆشراودەکەن و ئەوەش کە بۆ هەموان دیارو ئاشکرایە)) [1]، ئینجا دەڵێت: ((سوژدە دیمەنێکە ئەوپەڕی زەلیلی‌و خۆبەکەم زانین و پابەندی‌و تەسلیم بوونە، ئەوەش بنچینەی بەندایەتی‌یە، هیچ کەسێك شایەنی سوژدە بۆبردن نیە تەنها ئەوکەسە نەبێ کە دەوڵەمەندو تەواو بێ کەموکوڕییەو بەهێزو دەسەڵاتدارو بەخشندەبێت لەیەك کاتدا، هیچ کەسیش بەم جۆرە نیە جگە لەبەدیهێنەرەکەی، شێخ عەبدولحەمید ئەمەدەکاتە بەڵگە بەوەی کەتەنها خودا شایانی(سوژدە) بۆبردنەو کەسی ترنا، بەوەی کەهەموو شاراوەکانی دەرخستووەو زانایی ئەو نهێنی وئاشکرا دەگرێتەوە)) [2].

هەروەها ئەو هەموودووری‌یەی بڕی تاگەیشتە ئەو شوێنە لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانی گوێ بگرێت و بزانێت، ئەوانە لەنێوان خۆیاندا چی دەڵێن و ئەو خۆرەی لەجیاتی خودا دەیپەرستن چی بۆدەڵێن و ئەو وتە هاوەڵگەراییانەی کە گوایە پێی نزیك دەبنەوە لێی چین دەیڵێن، بەڵکو تەنها ڕوانینی بۆیان کەبەم جۆرە(سوژدە) بۆ غەیری خودا دەبەن بەس بوو بۆ ئەوەی بڕیاری کوفریان بەسەردابدات، چونکە لەحەزرەتی سلێمان(سەلامی خوای لێبێ) فێربووە کەئەو ملکەچی‌و پاڕانەوەو خۆشکاندن و جوڵەیە(سوژدە)یەو بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەکردنی نەدراوە بۆ غەیری پەروەردگاری زەوی‌و ئاسمان.

١- تفسير بن باديس (٤٥٨،٤٥٩).

٢- تفسير بن باديس (٤٥٨،٤٥٩).

سوژدەی گشتگیر:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ ﴾[1].

واتە: (ئایا نەتبینیوەو نەتبیستووە کەبەڕاستی هەرکەس و هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە سوژدە بۆ خوا دەبەن، هەروەها خۆرو مانگ وئەستێرەو چیاکان و درەخت و ماڵات و زۆرێك لەخەڵکی، زۆرێکیش خۆی شایستەی سزاو تۆڵە کردووە، جائەوەی خوا قەدرو ڕێزی بشکێنێت و ڕیسوای بکات ئەوە هیچ ڕێز لێنەرێکی نییە بەڕاستی خوا ئەوەی بیەوێت دەیکات).

ئەگەر خۆبەکەم گرتن و پابەندیو زەلیلی لەواتاکانی (سوژدە) بن، لەڕاستیدا هەموو بەدیهێنراوێك بەبێ ویستی خۆی سوژدە دەباو لەسوژدەدایە، تەنها مرۆڤ جیاکراوەتەوە لەباقی بەدیهێنراوانی تر لەوەدا کەبەئازادانە سوژدەدەبات ئەویش بەو (ژیری)یەی کە پێی دراوەو خێرو شەڕی پێ لەیەك جیادەکاتەوە ویست و ئیرادەی پێ بەکاردێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو مەردومدا کەسی واهەیە سەرپێچی دەکات و (سوژدە) بۆ خوای پەروەردگار نابات، بەڵام بۆ هێنانەدی حەزو ئارەزووەکانیو کەمێك لەجوانی دنیا لە(ماڵ وسامان وپلەو پایە)ئامادەیە (سوژدە)بۆکەسێك بەرێت کەلە خۆی نزمترە لەستەمکارو سەرکەشە شەڕانییەکان جگە لەخوا، یالەترسی زیان و زەرەرێك کەهیچ لەدەستی ئەواندا نییە، یا(سوژدە)دەبات بۆ خۆر یامانگ یان ئاگر یان ئاژەڵ یاجانەوەر بەم شێوەیە مرۆڤ خۆی لەگەورەترین نازونیعمەت بێبەش دەکات کە خوا پێی بەخشیوە، ڕازی دەبێت بەوەی لەگەڵ ئاژەڵەکاندا یەکسان بێت بەڵکو نزمتریش لەوان، چونکە ئاژەڵان هەرهەموویان (سوژدە) بۆ خوا دەبەن.

---

[1]- الحج: ١٨.

(سەید قطب – ڕەحمەتی خوای لێبێت)دەڵێت: (ئەو ئایەتە دڵ ساز دەکات بۆ تێفکرین و لێ وردبونەوە، ئەگەر زیندەوەران هەرهەموویان کۆببنەوە، ئەوانەی مرۆڤ هەست بەبوونیان دەکات و ئەوانەش کەهەستیان پێناکات، ئەگەر گەردوون و هەسارەکان هەموو کۆببنەوە ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت و ئەوەش کەنایزانێت، ئەگەر چیاو کێوەکان و درەخت و گیانلەبەران کەلەسەر ئەم زەویە دەژین هەموویان کۆببنەوە، بەم کۆبوونەوەیە هەرهەموویان بەکۆمەڵ و لەکۆڕێکی ملکەچانەدا (سوژدە)بۆ خوابەن و بەیەکڕیزی بەدوای یەکدا ڕووله خوا بکەن، تەنها ئەو مرۆڤە جیادەبێتەوەو: ﴿وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيۡهِ ٱلۡعَذَابُ﴾[1]، وادەردەکەوێت ئەو مرۆڤە نامۆ بێت لەو کۆمەڵە ڕیز بەستووەدا).

لێرەوە بڕیار دەدرێت ئەوکەسەی شایانی سزاو تۆڵەیەو ون دەبێت و دەفەوتێت ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍ﴾[2]: (ئەوەی خوا قەدرو ڕێزی بشکێنێت و ڕیسوای بکات ئەوە هیچ ڕێز لێنیەرێکی نیە). هیچ ڕێزێکی نیە جگەلەڕێزنانی خواو، هیچ عیزەت و سەربەرزیەکی نییە جگە لەعیزەت و سەربەرزی لەلایەن خواوە، هەرپێدراوێك بۆ غەیری پێدەرو بەخشندەکەی ملکەچ بکات ئەوا سووك و زەلیل و نزم دەبێتەوە[3].ئەو بەدیهێنراوانەی لەگیانداو بێگیانەکان هەرهەموویان تەسبیحی خوادەکەن، بەڵام ئێمە لەتەسبیحاتەکەیان ناگەین ونازانین، وەکو خوای پەروەردگار هەواڵی بەمەداوە ئەوان (سوژدە)دەبەن، بەڵام وەکو (سوژدە)ی مرۆڤەکان نا.

لە ڕاڤەی ئەم ئایەتانەدا: ﴿وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ﴾[4]: (ئەستێرەو درەختەکان، ڕووەکە بێقەدو درەختە بەرزەکان هەموویان سوژدە دەبەن بۆ دروستکاریان لەنەخشەی دیاریکراو دەرناچن کەبۆیان دانراوە).

١– الحج: ١٨.

٢– الحج: ١٨.

٣– الظلال ٤/٢٤١٤.

٤– الرحمن: ٦.

ئیمام(الشوکانی) دەڵێت: مەبەست لەسوژدە بردنی ئەستێرەو درەختەکان، پابەندبوونیانە بەخوای پەروەردگار وەکو پابەندبوونی ئەو سوژدە بەرانەی داوایان لێکراوە. (الفراء) دەڵێت: (سوژدە)ی ئەوان پێشوازی کردنە لەخۆر کاتێ هەڵدێ ئینجا لەگەڵیدا لاردەبنەوە کاتێك سێبەرەکەیان دەشکێتەوە (الزجاج)دەڵێت: (سوژدە)ی ئەوان خولانەوەی سێبەرە لەگەڵیاندا، وەکو لەوتەیەکدا هاتووە– سێبەریان دەگەڕێتەوە لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەلات: (الحسن مجاهد) دەڵێت: مەبەست لەئەستێرەی ئاسمانەو(سوژدە)کەی هەڵهاتنیەتی. (ئیبنو جەریر)ئەوە بەپەسەند دەزانێت کەگوتراوە (سوژدە)کەی ئاوابوونیەتی و، (سوژدە)ی دارودرەخت: جێگیروگەورەبوون وبەتوانا بونیەتی بۆ سەوزبوون و وەبەرهاتن[1].

عن أبي ذر–رضي الله عنه– قال: (قال النبيﷺ لأبي ذرحين غربت الشمس: أتدری أين تذهب؟ قلت: الله ورسوله أعلم، قال: فأنها تذهب حتى تسجد تحت العرش، فتستأذن فيؤذن فلها، ويوشك أن تسجد فلا يقبل منها، وتستأذن فلا يؤذن لها، فيقال لها: ارجعي من حيث جئت فتطلع من مغربها، فذلك قوله تعالى﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾...))[2].

واتە: ئەبوذەر–خوالێی رازی بێت–وتی: لەکاتی ئاوابوونی خۆردا، لەمزگەوت بووم، لەخزمەتی حەزرەتداﷺ فەرمووی: ئەی ئەبو زەر دەزانی کە خۆرئاوا دەبێت دەچێ بۆ کوێ؟ وتم: خواو پێغەمبەری خواﷺ باش دەزانن. فەرمووی: ئەم خۆرە دەڕوات، هەموو ڕۆژێ ئەمە ئیشیەتی دەچێت لەژێر عەرشا کڕنوش دەبا داوادەکاتەوە لەخوا کە دیسانەوە ڕێگەی پێ بداتەوە تا لەشوێنی خۆیەوە جارێکی تریش هەڵبێتەوە، هەر لەکڕنووشدا دەبێ تا خوا ڕێگەی پێ دەداو سەرلەنوێ، وەك جاری جاران لە شوێنی خۆیەوە هەڵدێتەوە، بەلام هاکا ئەو ڕۆژە هات کە خۆر دەچێ وەك جاران کڕنوش دەبا و لێی قبوولێ ناکرێو داوای ڕوخسەت دەکا وەك

١– فتح القدير ١٣٢/٥.

٢– أخرجه البخاري (الفتح: ٣١٩٩). يس: ٣٨.

جاران لەشوێنی خۆیەوە هەڵبێتەوە خوا ڕێگەی ئەوەی پێنـاداو پێی دەفـەرموێ: بەسەرشوێنی خۆتا بگەڕێرەوە دواوە، لەو شوێنەوە هەڵبێ کەلێی ئاوابووی! ئـیتر خۆر لەخۆرئاواوە هەڵدێت، مەبەست ئەمەیە لەو فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێت:

﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴾[1].

واتـە: (خـۆریش لەگـەردش و سـوڕانەوەی خۆیـدا بـەردەوام و بـەرەو سـرەوت دەچێت. یـاخود بـەدەوری چـەقی خۆیـدا دەسـوڕێتەوە، وەبێگومـان ئـەوە توانـای زانسـتێکی باڵادەسـت و زانـا دەردەخـات (کـە هـەموو شـتێکی بـەڕێك و پێکـی دروستکردووە).

ئەو (سوژدە)یەی دارودرەخت و ئەستێرەکان دەیبـەن پێشـوازی کردنیـان بێـت لەخۆرو لاربونـەوە لەگەڵیدا یـا هـەر جۆرێکی تـر، ئـەوە سـوژدە بردنـە بـۆ خـوای پەروەردگارو تەسلیم بوون و پابەندبوونیانە، کەنازانین چـۆن وکـەی تـەواو دەبێـت، هەروەکو نازانین لەوەو پێش چۆن تەسبیحی خوایان بەجێهێناوە، بەڵام تەسبیحیان کردووە.

نزیکترین کاتی بەندە لە پەروەردگاری:

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خـوای لێبـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـواﷺ فەرموویـەتی: (أقرب مايكون العبد من ربه وهـو سـاجد، فـأكثروا الـدعاء)[2]. واتـە: نـزیکترین کـاتی بەندە لەپەروەردگاری، کاتی سوژدە بردنیەتی، کەواتە زۆر بپاڕێنەوە تیایدا.

ئیمام (نەوەوی)دەڵێت: مانای وایە نزیکترین کـاتی بەنـدە لەڕەحمـەت و فـەزڵی پەروەردگاریـەتی، کەتیایـدا هـانی دەدات لەسـوژدەکانیدا زۆر بپاڕێنـەوە، ئـەوەش بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی کە دەڵێت (سوژدە) لەهەموو وەستان و جوڵانەوەکانی تری پایەکانی نوێژ گەورەترە[3].

١- يس: ٣٨.

٢- مسلم ٤٨٢.

٣- شرح النووي ٤/٢٠٠.

(مەناوی)دەڵێت: نزیکترین کەس لەڕەحمەتی پەروەردگار ئەوکەسەیە بتوانێت ببێتە کەسێکی(سوژدەبەر)، هەروەکو زۆری تریش لەزانایان لەسەر ئەو ڕایەن، (الطيبي)دەڵێت: ئەم شێوازە لەڕەوانبێژی عەرەبیدا پێی دەوترێت (التركيب من الإسناد المجازي).

چونکە نزیکی پاڵ دراوەتە پاڵ کات نەك شوێن، ئەوەش زێدەڕۆی کردنە بۆ بەندە، وە لێرەدا –المفضل عليه– نەهێڵراوە کەواتە ماناکەی ئەوەیە: بەندە دووحاڵەتی پەرستشی هەیە حاڵەتی یەکەمیان ئەو کاتەیە کە لە (سوژدەدایە)، حاڵەتی دووەمیان ئەو کاتەی لە غەیری (سوژدە)دایە، ئەو کاتەی کە(سوژدە) دەبات زیاتر لەنەفسی خۆی لەپەروەردگاری نزیك دەبێتەوە[1].

(فأكثروا الدعاء– دوعای زۆری تێدا بکەن) چونکە (سوژدە) حاڵەتێکە ئەوپەڕی زەلیلییە، کاتێك بەندە نەفسی خۆی ناسیو زانی چەندە زەلیل و هەژارو بێدەسەلاتە، دەزانێت کە پەروەردگاری گەورەو باڵا دەست و دەسەلاتدارو خاوەن خێری بێسنوورە، لەبەرئەوە (سوژدە)کان شوێنی گومانی باشە بۆ وەلامدانەوەی دوعاو پاڕانەوەکان، ئینجا هاندان بۆ دوعا و پاڕانەوە تیایاندا بەفەرموودەکەی (فأكثروا......الخ)[2].

هەتا بەندە لەخوا نزیك بێتەوە خوای پەروەردگار زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە، بڕی ئەو نزیك بونەوەیە، پەیوەستە بەبڕی نزیك بوونەوەی بەندە لەپەروەردگاری، خوای گەورە لەگەورەییو بەخشندەییو ڕەحمەتی خۆی لەبەندە نزیك دەبێتەوە چەند جارەی ئەو نزیك بوونەوەیەی بەندە بەرەولای دەڕوات، ئەوەتا بوخاری لەئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ لە فەرمودەیەکی(قودسی)دا دەگێڕێتەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (إذا تقرَّبَ العبدُ إلي شبرا تقربت اليه ذراعا، وإذا تقرَّب إلي ذراعاً تقربت منه باعاً، وإذا أتاني يمشى

١– ئەوەی لەپەروەردگاری نزیك دەبێتەوە هەست بەئاسودەییو چێژێکی ئیمانی وادەکات لەو تام و لەزەتە نەفسی خۆی لەبیر دەچێتەوە.

٢– فيض القدير ٢/٦٨.

أتيتهُ هرولة)[1]. واته: (ئەگەربەندە بستێك لێم نزیك بێتەوە ئەوا من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر باڵێك لێم نزیك بێتەوە ئەوا من چواربال لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر بەپیادە بەرەو ڕووم بێت من بەڕاكردن بەرەو ئەو دێم).

بەندە هەتا زیاتر لەخوای پەروەردگار نزیك بێتەوە وەزیاتر لەئەصلی بەندایەتی تێدەگات و دەزانێ كە بریتییە لەملكەچیو خۆشكاندنەوەو تەسلیم بوون و خۆبەكەم گرتن و پابەند بوون، بەرزترین نموونەش (سوژدە)بردنی پارێزكارانەو لەخواترسانەیە، بۆ ئەوەیە خوای پەروەردگار زیاتر لەو بەندەیەی نزیك دەبێتەوە كەلە (سوژدە)دایەو، ئەوكاتەی هەلێكی گەورەو لەبارە بۆ پاڕانەوەو نزاكردن و، وەڵامدانەوەی، چونكە ئەو لەباری زەلیلیو خۆشكاندن و تەسلیم بوون و لاوازیدا داوا دەكات و لەسەر ڕوودەكەوێت و، بەرزترین شوێنی دەكاتە سەر خاك كە شوێن پێی بەدیهێنراوانە، ئەوە خۆ زەبوون كردنە بۆ خوا، دەی چۆن خوای گەورە لێی نزیك نابێتەوە كاتێك ئەو ئەم جۆرە بەندایەتیو پەرستشە ئەنجام دەدات!

ئەوە تام و چێژێكە ئارامی بەدوایدا دێت و هیچ چێژو ئارامیەكی تری لەم وێنەیە نیە، ئەو كاتەی مرۆڤ هەست بەلاوازیو كەمی خۆی دەكات لەبەرامبەر تواناو دەسەلات و دەوڵەمەندی خوادا، ئەو تام وئارامییە دەچێژێت و واهەست دەكات كەخوای گەورە لێی نزیكەو گوێبیستی دەبێت و چاودێری دەكات و وەڵامی دەداتەوەو نزاو پاڕانەوەكانی لێوەردەگرێت، لەبەرئەوە هەرچی ڕازو نیازی ناو دەروونیەتی هەمووی باس دەكات و لەبەردەم فەرمانڕەواكەیدا دانی پیادا دەنێت، ئەوە ئەو چێژەیە مرۆڤ هستی پێ دەكات كاتێك دڵنیا دەبێت كەپەنا دەبات بۆ پایەیەكی پتەوو بەهێزو بەتوانا بۆ جێبەجێكردنی پێداویستیەكانی لەدوای بێتواناییو بێدەسەلات بوونی مرۆڤ، بەڵێ، مرۆڤ كاتێ هەست بەو ئارامییە دەكات كەهەرچی نیگەرانیو نائارمیو هەمم و غەمەكانی هەیە لەبەردەم فەرمانڕەوای گەورەیدا هەڵیدەڕێژێت و بەتاڵی دەكات و، هیچ شتێ ناهێڵێتەوە دوایی دوودڵی

١- البخاري ١٣/١٤٢٧.

بکات، مادام خۆی داوەتە دەست خوداو کردوویەتیە وەکیل بۆدەرخستن و چارەسەرکردنی چونکە ئەو بەتواناو دەسەڵاتە لەسەر هەمووشتێك بەڕاستی هەستکردن بەو نزیکی‌یە دەبێتە هۆی دروستبوون و هێشتنەوەی ئەو چێژو ئارامی‌یە(سوژدەبەر) دەوروپشتی خۆی لەبیردەکاو تەسبیح و پەرستش و سوپاس و ستایشی خوادەکات دوور لەهەموو ئەو دانراوو پەیوەند دارانەی پەیوەندییان بەو قوڕەوە هەیە، هەرئەو چێژو ئارامی‌یە (سعیدی کوری جوبێر)ی والێکردبوو گەیشت بە(مەسروق)وتی: (ئەبو سعید) هیچ شتێ نیە ئەوەندە شەوق و ئارەزووی تێدابێ جگەلەوەی ڕوومان بەو خاکە خۆڵاوی بکەین[1] مەسروقیش لەدوای ئەوە وای لێهاتبوو هەرچی تام و خۆشیو لەزەتی دنیا هەیە لەلای بچوك بێ نرخ و بەهابوو دەستی لێبەرداو بۆ هیچی پەرۆش نەبوو کەلەم دنیایەدا دوای مردن بەجێی دەهێڵێت جگە لەخۆشیو لەزەتی یەك شت ئەویش چێژوئاسودەییو لەزەتی سوژدە بووە، دەیوت: هچ شتێ لەدنیادا جێگای هەمم و غەم لێخواردن نیە کاتێك دنیا بەجێ دەهێڵی جگەلە "سوژدە"بردن بۆ خوای پەروەردگار[2].

لەبەرئەوە نزیکترین بەندە لەخوای گەورە سوژدەبەرە، ئەوەتا فریشتەکان فەرمان بەمریم (سەلامی خوای لێ بێ) دەکەن کەسوژدە ببات، خوای گەورە لەسەر زمانی ئەوانەوە دەفەرموێت: ﴿ يَٰمَرۡيَمُ ٱقۡنُتِي لِرَبِّكِ وَٱسۡجُدِي وَٱرۡكَعِي مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴾[3]. واتە: (ئەی مریەم ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە سوژدەو کڕنوشی بۆ ببە لەگەڵ کڕنوشبەراندا).

شێخ عەبدولڕەحمانی دوسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، دەڵێت: (القنوت): واتە: گوێڕایەڵی، فریشتەکان ئامۆژگاری مریەمیان (سەلامی خوای لێ بێ) پێکردووە، یەکەم بەئامۆژگاریو ڕاسپاردەیەکی گشتی، کە بەردەوام بوونە

١- الزهد: لأحمد: ٣٤٩.

٢- الزهد ٣٤٩.

٣- آل عمران: ٤٣.

لەگوێڕایەڵی بەهەموو جۆرەکانییەوە، پاشان فەرمانیان پێکردو بەگەورەترین و بەرزترین جۆری بەندایەتیو پەرستش کە(نوێژە)، سیماو دیمەنی تایبەت دەکەن لە(سوژدەو کوڕنوش)دا، لەبەر بەرزیو گەورەییو بەهاوبایەخیان، وە(سوژدە) پێش (رکوع)دەخەن، چونکە نزیکترین کاتی نوێژخوێن لەخوای پەروەردگار ئەوکاتەیە (سوژدە)دەبات، (سوژدە) لەگەورەترین پایەکانی نوێژە.

سوژدە خێری زیاترە لەدنیاو ئەوەی لەدنیادایە:

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (والذي نفسي بيدِه، ليُوشَكنَّ أنْ ينزلَ فيكم ابنُ مريم حَكَماً عدلاً، فيكسر الصليب، ويقتل الخنزير، ويضع الحرب، ويفيض المال حتى لايقبله أحد، حتى تكون السجدة الواحدة خيراً من الدنيا ومافيها)، پاشان ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: ئەگەر حەزدەکەن بیخوێننەوە:﴿ وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا ﴾[1].

مانای فەرمودەکە ئەوەیە: (سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە زۆری نەماوە کوڕی (مریم) دادەبەزێت بەفەرمانڕەوایەکی دادوەر، خاچ دەشکێنیێو بەراز دەکوژێت و شەڕو ئاژاوە هەڵدەگرێت و نایهێڵێت، لێشاوی ماڵ و سامان ئەوەندە زۆر دەبێت کەس نایەوێت، هەتاوای لێ دێت یەك سوژدە خێری زیاتر دەبێت لەدنیاو ئەوەش کە لەدنیادا هەیە).

ئیمام (ئیبنوحەجەر) لە(الفتح)دا دەڵێت: بانگەواز دەکەن بۆ ماڵ و سامان کەس نایەوێت، هۆی زۆر بوونەکەشی دابەزینی بەرەکەت و زۆرخێرکردن بەهۆی دادپەروەری ونەمانی ستەم و زۆرداریيەوەیە.

لەوکاتەدا زەوی گەنجینەکانی دەردەخات و، حەزو ئارەزووی ماڵ و سامان پەنادان و کۆکردنەوەی زۆرکەم دەبێتەوەو نامێنێت، چونکە دەزانن کەتەنها بەپەرستش و بەندایەتی لەخوانزیك دەبنەو، نەك بە بەخشینی ماڵ و سامان، وتراوە مانای وایە کەخەڵك واز لەدنیا دەهێنێت و خۆی لێ لادەدەن هەتا سوژدەیەك لەلای

١- البخاري، الفتح ٣٤٤٨. (النساء: ١٥٩).

ئەوان پەسەندو خۆشەویستتر دەبێت لەدنیاو ئەوەش کەلەدنیادا هەیە)[1] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هۆیانەی ڕێگە دەگرن لەچێژو لەزەتی (سوژدە)بریتین لە:

١- بیرنەکردنەوە لەڕۆژی دوایی.

٢- جێبەجێکردنی پەرستشی تری جگەلە(سوژدە).

٣- هۆگریو ئالودەبوون بەڕازاوەییو جوانییەکانی دنیا.

کاتێ ئەو ڕێگرانە نەمان و، نیشانە گەورەکانی قیامەت دەرکەوتن، ئەوکاتەی مرۆڤ دڵنیادەبێ لەنزیکبوونەوەی قیامەت، ڕوو لەنوێژ دەکات، دەرفەت و ماوەی پەرستشەکانی تری نابێت، نوێژ دەکات بەتایبەتی(سوژدەکان) چونکە بەرزترین کارەتیایدا، پەرستشەکانی تری جگە لەنوێژ ڕێ لێگیراونین بەو مانایەی کارێکی نەویستراوبن، بەڵام مەبەست ئەوەیە نوێژی زۆرو درێژکردنەوەی(سوژدە) لەسەر دەروون قورس ودژوارە، لەبەرئەوەی پێویستی بەکاتێکی زۆرو دڵ ودەروونێکی ئارام هەیە کەزۆرکەس ونیان کردووە، لەحاڵێکدا بەخشینی ماڵیش هەرچەندە لەسەر دڵی هەندێ کەس هەرناخۆش و گرانە بەڵام کاتی زۆری ناوێت وپێویستیشی بەو دەروونە ئارام و دڵ ئاسوودەییە نییە کە (سوژدە) پێویستی پێیەتی.

﴿ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا ﴾[2] :

بەڕێزو کڕنوشی (پێزانینەوە) بچنە ژوورەوە:

(الحافظ کوڕی کثیر) دەڵێت: (ئەوەبو کەڕزگاربوون لەوون بوون و پەرتەوازەیی دوای چل ساڵ لەگەڵ (یوشع بن نون)-سەلامی خوای لێبێ-، خوای گەورە لە ئێوارەیەکی هەینیدا بۆی ڕزگارکردن و، لەو ڕۆژەدا بۆماوەیەکی کەم خۆری ڕاگرت تابتوانن فەتحی بکەن، وەکاتێ فەتحیان کرد فەرمانی پێدان کەلەدەرگای شارەکەوە بچنە ژوورێ بە(کڕنوش)ەوە بۆ پێزانین و سوپاسگوزاری ئەو بەخششەی خوای گەورە کە سەرکەوتووی کردن و شارو وڵاتی خۆیانی پێدانەوەو، ڕزگاری کردن لەگومڕاییو سەر لێشێوان و پەرتەوازەیی[3]).

١- فتح الباري ٤٩٣/٦.

٢- البقرة: ٥٨.

٣- تفسير القرآن العظيم ٩٨/١.

بەڵام ئەوان نەیان ویست سوپاسگوزاری خوابکەن و بەملکەچی بۆ خوای گەورە بچنە ژوورەوە ئەوان ڕازی نەبوون جگە لەخۆبەگەورەکرتن وگاڵتەکردن بەفەرمانەکانی خوا هەروەکو عادەتی هەمیشەییان، ئیمام (ئەحمد)لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: پێغەمبەری خواﷺدەفەرموێ: خوای گەورە بە بەنی ئیسرائیلی فەرموو:﴿ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا وَقُولُواْ حِطَّةٞ نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ خَطَٰيَٰكُمۡۚ ﴾[1].واتە: (لە دەروازەی شارەکە بەڕێزو کڕنووشی (پێزانینەوە)بچنە ژوورەوە بڵێن: خوایە لەتاوانەکانمان ببورە ئەوکاتە ئێمەش لەهەڵەو تاوانەکانتان دەبوورین). بە پێچەوانەوە لەبری ئەوەی بەملکەچیو کڕنووشەوە بچنە ژوورەوەو بەقنگە خشکێ چوونە ژوورەوەو لەبری ئەوەی بڵێن (حطە)زمانیان گۆڕیو وتیان: (حیططە، حبە ڨ شەعەرە)[2] کە قسەیەکی بێ مانایە فەرمانی خوایان گۆڕیو خوای گەورەش (طاعون)و جۆرەها سزای بۆ ناردن لەپاداشتی ئەو گاڵتە پێ کردنەیانەوە. ﴿ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ فَأَنزَلۡنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴾[3]، واتە: (کەچی ئەوانە ستەمیان کردبوو یەکسەر گوفتارەکەیان گۆڕی بەشتێك بێجگە لەوەی پێیان وترابوو(واتە بە لووت بەرزیەوە چوونە ژوورەوە) جائێمەش لەئاسمانەوە سزایەکمان دابەزاندە سەر ئەوانەی ستەمیان کرد بەهۆی ئەوەی لەفەرمانی خوا دەرچوون).

١- البقرة: ٥٨.

٢- أحمد ٣١٨/٢ والبخاري ٣١٢/٦.

٣- البقرة: ٥٩.

مێرگی (٣٤)

سیفاتی سوژدەبەران

خاوەنی تەویلّی (سوژدەبەر)سیفاتی زۆریان هەیەو بەهۆی ئەو ئاکارو سیفاتانەوە لەنوێژی خوێنانی تر جیان دەکرێتەوە لەبەرزترین ئەو سیفەتانە:

١- درێژکردنەوەی سووژدە:

پێشتر قسەمان کرد لەسەرئەو هەستە پڕ لەخۆشیو دڵنیاییو چێژە دەروونییەی لەکاتی (سوژدە)دا هەستی پێدەکرێت و هەرئەوەشە هۆی درێژکردنەوەی (سوژدە)، ئەوانەی ئەو هەستەیان ون کردووەو نیانە هیچ شتێ نییە وایان لێبکات کەسوژدەکانیان درێژبکەنەوەو تیایدا ڕۆبچن. (عوروە)لە (عائیشەوە – ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەری خواﷺ یانزە ڕکات نوێژی – لەشەونوێژدا– دەکرد، سوژدەیەکی وای دەبرد بەقەد ئەوەی هەریەکێکی لەئێوە (٥٠)ئایەت بخوێنێ پێش ئەوەی سەری بەرزکاتەوە. وەدوو ڕکات نوێژی لەپێش نوێژی بەیانیدا دەکرد، پاشان لەسەر لای ڕاستی پاڵ دەکەوت تابانگ دەردەهات بۆنوێژ[١].

ئەگەر واحیساب بکەین ئەو (٥٠)ئایەتە بە (تەرتیل)بخوێنن ئەوا نزیکەی (١٠)خولەك دەخایەنێت کەلە(سوژدە)داماوەتەوە، ئەوەش بێگومان ماوەیەکی درێژە، بەبەراورد لەگەڵ سووژدەکانی ئێمە.

ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەو ئاسوودەییە ڕۆحیو دڵئارامییەی کە پێغەمبەرﷺ لە سوژدەدا هەیبووە، زۆرجار سوژدەکەی زۆر لەوەش درێژتر دەکردەوە کاتێك ڕۆچووە لەمناجاتی خوای گەورە.

١– البخاري– الفتح/٩٩.

وەك دەگێڕنەوە دەربارەی(عبدوللای کوری زوبەیر)،(کاتێ سوژدەی دەبرد چۆلەکە لەسەرپشتی دەنیشتنەوە، واتدەزانی دیوار یاکۆتەرە دارێکە)[1].

لەتەرجەمەکەی شوێنکەوتووی ناودار(عەنبەس کوری عوقبەی حەضرەمی)هاتووە دەڵێت: (عەنبەس- سوژدەی دەبرد هەتا باڵندەکان دادەبارینە سەرپشتیو لەسەری دەنیشتنەوەو وایان دەزانی پەناو دیوارێکە)[2].

بەم شێوەیە ئەوەندە (سوژدە)کانیان درێژدەکردەوەو تیایدا دەمانەوە بە جۆرێ ئەوەی لەدەورووپشتیاندا هەیە هەموویان لەبیردەکردو، لەهەموو هەست ونەستی دنیایدا دادەبرێت و واتدەزانی ئەوان لەپێشوازی لێپرسینەوەکانی قیامەتدان، هەروەکو لەتەرجەمەی شوێنکەوتوو(موسلم کوری یەسار)دا (مەیمون کوری جابان) دەڵێت: هەرگیز موسلیم کوری یەسارم نەدیوە لەنوێژدا ئاگای لەدەوروبەری هەبووبێت و نوێژەکەی کورت و سووك بووبێ و درێژ نەبووبێ، جارێك لایەکی مزگەوتەکە ڕوخاو خەڵکی ناوبازاڕ لەدەنگ وڕووخانیدا ڕاچڵەکین و ڕژانە ناو مزگەوت لەبەر هێزی دەنگەکە، موسلم لەومزگەوتەدا لەنوێژدابوو ئاوڕی نەدایەوەو پێ نەزانیبوو[3].

(شەوذەب)دەڵێت: (موسلم کوری یەسار کەلەماڵەوە نوێژی دەکرد بەکەسوکاری دەگوت (قسەبکەن من قسەکانتان نابیستم)کەموسلیم دەچووە ماڵەوە ئەهلی ناوماڵ بێدەنگ دەبوون و قسەیەکت لێ نەدەبیستن، کاتێ ئەوهەڵدەستا بۆ نوێژکردن ئەوان قسەیان دەکرد و پێدەکەنین)[4].

گومانی تێدانیە ئەونەوەیە چاکترو نایابتربوون لەئێمە بەهۆی ئەو لەخوا ترسیو ملکەچیو پابەندبوونەیان بەهەموو بەشەکانی نوێژەوە بەتایبەت (سوژدە)کانیان،

١- الزهد لأحمد/ ٢٠٠.

٢- سوژدەکەی ئەوەندە بەرزدەکردەوەو تیایدا دەمایەوە وادەزانرا دیوارەو ناجوڵێ، صفة الصفوة ٧٢/٣.

٣- صفة الصفوة ٢٣٩/٣.

٤- صفة الصفوة ٢٤٠/٣.

زۆرمانــدوودەبوون بــەکردەی(پاکردنــەوەی دڵــەکانیان) لەهــەموو ئەوشــتانەی پەیوەستی دەکردن بە غەیری خواوە لەماڵ و سامان و ژن و پلەوپایەو پیاهەڵدان وخانووبەرەو زۆرشتی تری لەوێنەی جوانیو ڕازانەوەکانی دنیاو سەرپێچیەکان و ئەو شتانەی ئێمەی بێبەش کردووە لەوەی زیاتر بیربکەینەوە لە لەخواترسان وملکەچ بوون و پابەندبوون، ئەوەبوو کەئەمیری ئیمانداران خاوەن دوو ڕووناکی(عوسمانی کوڕی عەفان)ی (ڕەزای خوای لێبێ) والێکرد بۆنەوەکانی دوای خۆی ڕوون بکاتەوە بڵێت: (ئەگەر دڵەکانتان پاککردەوە هەرگیز لەوتەکانی خوای پەروەردگار تێرنابن)[1].

کەواتە مادام دڵەکانمان پڕین لەناتەواویوکەم وکوڕیوناپاکی، ئەوا هیچ ئاسوودەییو تام وشیرینییەك لەدرێژکردنەوەی (سوژدە)و بەشەکانی تری نوێژ ناچێژین، بەڵکو روکوع و سوژدەکانمان تەنها وەکو جووڵانەوەیەکی ئالیەو هیچ هەست بەواتاکانیان ناکەین و، هیچ لەهەمم وغەم و ڕاڕاییو دڵتەنگییەکانمان کەم ناکەنەوەو لای نابەن، لەبەرئەوە دەبێت دەست بکەین بەکردەیەکی پاك کردنەوە لەهەموو کەم وکوڕیو ناتەواوییەك و، ئینجا دڵەکانمان ئامادەبکەین بۆ پێشوازی لەوتە سروشیەکان–کلمات الوحی– وتام وشیرینی و لەزەتی گفتوگۆ لەگەڵ خوادا لەسوژدەکاندا هەست پێبکەین و هیچ پەرچ و بەربەستێك نەمێنێت تا بیرو هەست و هۆشمان دووربخاتەوە لەخاوەنی زەویو ئاسمانەکان.

٢- نزاو پاڕانەوە:

کاتێ ناوچەوان بەزەوییەوە دەلکێنرێت، هەست دەکرێت ئەو چرکانە نزیکترین کاتیەتی بەپەروەردگاریو، دەست دەکات بەچاکەکارییو بەجۆرێك پەرستشی دەکات کەچاوی لێیەتیو دەیبینێت خۆئەگەر ئەمیش ئەونەبینێ ئەوا پەروەردگاری ئەو دەیبینێت. بۆیە دەزانێ ئەوە ئەوکاتەیە تیایدا بپاڕێتەوەو بەملکەچیو بێدەسەڵاتیو زەبوونی داوا لەخودا بکات تابەڵکو وەڵامی بدرێتەوە، وەکو لە

١– الزهد لأحمد ١٢٨.

عائیشەوە(ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕنەوە کەدەڵێت: (پێغەمبەری خوا ﷺ لەڕوکوع وسوژدە)کانیدا دەیفەرموو: (سبوح قدوس، رب الملائكة والروح)[1] واتە: بێ نەنگ وپاك وخاوێنەو پەروەرگاری فریشتەکان و جوبرائیلە. لەگەڵ ئەوەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ پاکە لەگوناهو تاوان، بەڵام لەوکات وچرکانەدا کەزۆرنزیك بووەتەوە لەخوا بەبێدەسەڵاتیو لاوازییەوە داوای لێخۆشبونی لەخوا کردووە، وەکو ئەبوهورەیرە(ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە (سوژدە)کانیدا دەیفەرموو: (اللهم اغفرلي ذنبي كله، دقّه وجلّه، وأوله وآخره، وعلانيته وسره)[2].

واتە: (خودایە لەهەموو گوناهەکانم خۆش ببە، لەوردیو لەدرشتی، لەپێشینیو لەدواییني، لەئاشکرایو لەپەنهانی) پێغەمبەر ﷺ لەدوا ڕوانیندا کۆتا وتەی بۆ هاوەڵانی کەلەدوای (ئەبو بەکر)ەوە نوێژیان دەکرد ئەوەبوو لە(سوژدە)کانیاندا زۆربپاڕێنەوەو دوعابکەن. ئەوە ئەو ڕاسپاردەیە بوو کەخۆشەویست بۆ خۆشەویستەکانی ڕایگەیاند پێش جیابوونەوە لێیان، موسلم لە(صحيح)ەکەیدا گێڕاویەتەوە کە(عبدوڵڵای کوڕی عەباس)(خوای لێ ڕازی بێ)وتی:(كشف رسول الله ﷺ الستر، ورأسه معصوب في مرضه الذي مات فيه فقال اللهم! هل بلغت؟((ثلاث مرات)) انه لم يبق من مبشرات النبوة الا الرؤيا. يراها العبد الصالح. أو ترى له، ألا وإنّي نهيت أن أقرأ القرآن راكعا أو ساجدا، فأما الركوع فعظموا فيه الرب عزوجل. وأما السجود فأجتهدوا في الدعاء فقَمِنٌ أن يستحاب لكم)[3] واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ پەردەکەی لادا[4] سەری پێچ دابوو لەو نەخۆشییەی وەفاتی تیاکرد فەرمووی: پەروەردگارا ئایا گەیاندم؟(سێ جار لەسەریەك)ئینجا فەرمووی: (ئەی خەڵکینە لەمژدەکانی پێغەمبەرایەتی نەماوە جگە لەخەونی چاك کە موسوڵمان دەیبینێ یان پێوەی دەبینرێت، ئایانازانن من (نەهی)م لێکراوە کەلە رکوع و سجودا قورئان

١- مسلم ٤٨٧.

٢- مسلم ٤٨٣.

٣- مسلم ٢٠٨ كتاب الصلاة.

٤- لەفەرمودەیەکی تردا ئەوەشی لێ زیادکراوە ئەوکاتە خەڵکی لەدوای ئەبوبەکر ڕیزبیوون.

بخوێنم، لە ڕکوعدا پەروەردگاری تێدا بەگەورەو مەزن ڕابگرن لەسوژدەشدا کۆشش بکەن لەدوعا و پاڕانەوەدا، شایانی ئەوەیە لێتان وەربگیرێت).

لە گرنگترین ئەو هۆیانەی ڕەغبەت و ئارەزووی دوعاو پاڕانەوە زیادەکەن ئەمانەن:

أ- بیرکردنەوە لە تاوانەکانی ڕابردوو، بەهیوای لێخۆشبون، هەرچەندە مرۆڤ بڕوانێتە تاوانەکانی ڕابردوویو بیریان لێبکاتەوە، زیاتر دەپاڕێتەوە تالێی خۆشبێت.

ب- بیرکردنەوە لەگوناهەکانی ئێستاو، ترسان لەوەی کاریگەریی لەسەر کردەوە چاکەکانی هەبێت کەدەیانکات.

ج- بیرکردنەوە لەکردەوەی چاك و، ترسان لەوەی خوالێی وەرنەگرێت و، بترسێ کەنەکا تێکەڵ بەڕوپامایی نیمچە ڕیاییەك بێت، یان حەزکردن بەمەدح و پیاهەڵدان.

د- بیرکردنەوە لەکردەوەی پیاوچاکان و تێکۆشانیان و، هیواخوازی بۆ گەیشتنەوە پێیان.

هـ- داواکاری بۆ هەندێك لەکاروباری دنیاییو، دڵنیابوون لەوەی کەخوا بۆی جێبەجێ دەکات.

و- ترسان لەخراپی دواساتەکانی تەمەنیو ئاخرشەری، هەتا ئەوترسە زیاتربێت ئەوا دوعاونزاشی زیاتردەبێت تابەڵکو خوای گەورە دواییوکۆتایی تەمەنی بەخێر بگێرێت و بەرەوچاکی بچێت، بەتایبەتی کەبیردەکاتەوە لەدیمەنی ئەوانەی لەشەمەندەفەری بانگەوازی کەوتوونەتە خوارو دواکەوتون.

ز- ئاواتە خوازی بەمانەوەی لەسەرحاڵی چاکەو تەقواو پارێزگارییو نزیك بوونەوە لەخوا، وای لێدەکات کەدوعابکات و داوای جێگیربوون لەسەرهەق و ڕاستی بکات لەدوای خۆی. هەرچەندە ئەوهۆیانەی زیاتر کاری تێبکەن، ئەوا ئەوەندەش دوعاو نزاو پاڕانەوەکانی درێژترو زیاتردەبن، بێئەوەی هەست بەڕۆشتنی کاتەکەی بکات. کەچەندە ئەو دەپاڕێتەوە، لەوێدا شیرینیو لەززەتێك دەچێژێت کەپەیوەستە بەملکەچیو زەبونی بۆ خوای پەروەردگار.

٣- کاریگەری‌و گریان:

بوونی کاریگەری لەکاتی گوێ گرتن لەئایەتی قورئانی پـیرۆز، یاکـاتی بیسـتنی وتارو ڕاسپاردەو ئامۆژگارییەکان، یاکاتی خوێندنەوەی وتە سروشتی‌یەکان، یاکـاتی بینینـی دیمـەنێك کەقیامـەتی بیردەخاتـەوە، بەڵگەیـە لەسـەرپاکیەتی دڵ لـەلێڵی‌و وەڕزبوون وەزاڵ بوونی هـەمو وغـەمی قیامـەت بەسـەریدا، بـوونی ئـەو شـوێنەوارو کاریگەریە لەناوخەڵکدا لەیەکێکەوە بۆیەکێکی ترجیاوازە، هەڵبەتە بـەهۆی نـەرمی‌و ناسکی دڵەوەیە کاتێ گریان زاڵ دەبێ بەسـەریدا لـەکاتی قورئـان خوێندنـدا، یاهـەر گوێگرتنێك لێی، یاهەر دیمەنێك کەڕۆژی دوایی بیردەخاتەوە، هەروەکو (ئەبوبـەکر-ڕەزای خوای لێبێ).

لەبەرامبـەر ئـەوەدا ئەوکەسـەیش دڵـی ڕەقـە، کـەهیچ شـتێ کاریگـەری لەسەردروست ناکات هەتاکاتێ یـەکێ لـە خـزم و نزیکانیشـی دەمرێـت، یادەکەوێتـە گـەورەترین بـەڵاو کارەساتەوە، کـاتێ دڵـی ڕەش هـەڵ دەگـەڕێ‌و پـەردەی گونـاه دایدەپۆشێ ئەوا تەڵخ و تاریك دەبێ‌و چاك بەچاك نازانێ‌و خراپیش بەخراپ نـابینێ، تەنها ئەوەی دەوێت و ئەوە دەبینێت کە بەهەواو ئارەزووی ئەو دەخوات، لـەنێوان ئەو دوو چینەدا پۆل و چینی زۆرهەن لەناوخەڵکیدا، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەسەرباسی یەکێك لەوچینانە دەفـەرموێت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٖ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنۡ هَدَيۡنَا وَٱجۡتَبَيۡنَآۚ إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُ ٱلرَّحۡمَٰنِ خَرُّواْۤ سُجَّدٗاۤ وَبُكِيّٗا ﴾[1].

واتە: (ئـا ئەوانـە کەسـانێکن کـەخوای گـەورە نازونیعمـەتی بەسـەردا ڕشـتوون لەپێغەمبـەران، لەنـەوەی ئـادەم و ئەوانـەش (کەلـە کەشـتیەکەدا) لەگـەڵ نوحـدا سـوارمان کـردن و لەنـەوەی ئیـبراهیم و یـەعقوب و لەوانـەی کەهیدایـەتمان داون و هـەڵمان بـژاردوون، ئەوانـە هـەرکاتێك ئایەتـەکانی خـوای میهرەبانیـان بەسـەردا

[1] - مریم: ٥٨.

بخوێنرێتـەوە، بەپەلـە سـوژدە دەبـەن و ئەسـرین لەدیـدەیان دەبارێـت (لـە سـۆزو خۆشەویستی پەروەردگاریان دلآنی پڕ نورو ئیمانیان دەکولێ و دەگرین.).

ئیمام (الحافظ بن کثیر) دەڵێت: (کاتیێ گوێبیستی وتەکانی خودا دەبن بـاوەڕی تـەواویان هەیـە بەهـەموو بەڵگـەو مەبەسـت و نیشـانەو ڕینمایی‌یـەکانیو بەوپـەڕی ملکەچـی و بێدەسـەڵاتی‌یەوە (سـوژدە) بـۆ پـەروەردگاریان دەبـەن و سـتایش و سوپاسـگوزاری خوادەکـەن لەسـەرئەو نیعمـەت و بەخششـە گەورەیـەی پێیـداون، (البکی) کۆی (باك)ە لەبەرئەوە زانایان کۆکن لەسەرئەوە کە شـەرعیەتی (سـوژدە) لەوەدایە کەئەوانە بکرێنە ڕابەرووپێشەنگ و شوێنکەوتەی شێوەو ڕێبازەکـەیان بـن. (سوفیانی ثەوری) لـە (ئەعمـەش)ئـەویش لـە(ئـەبو عومـەر)ەوە دەڵێـت: (عومـەری کـوری خطـاب – ڕەزای خـوای لێبـێ)سـورەتی مریـەمی خوێنـدو سـوژدەی بـردو فەرموی: (ئەوە سوژدەیە، ئەی کوا گریانەکەی–گریانی دەویست)[1]. ئـەو قسـەیەی ئیمامی عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) نیشانەی لاوازیو وەڕزبوونی نیە، ئینجا دەلـێ: (ئەوە عومەرە وادەڵێت ئەی ئێمە دەبێ چۆن بین؟!) بەڵێ عومەر ئەو قسـەیەی بـۆ پاکانەو بۆ پینەی لاوازیو دلڕەقی خۆی نەبوو، بەڵکو ئیمـامی عومـەر(ڕەزای خـوای لێبێ)کەئەوەی فەرمووە لەوپەڕی هەست ناسکیو دڵنەرمیو دڵسۆزی بـووە، ئەگـەر نا عومەر(ڕەزای خوای لێبێ) یەکێك بووە لە (گریاوەکان)، کاتیێ گوێبیستی قورئـان دەبـوو دەگریـاو زەرد هەڵدەگـەڕا جـاری واهـەبوو ئەوەنـدە ڕەنگـی تێـك دەچـوو دەیانبردە ماڵەوەو نەیاندەزانی چی بەسەرهاتووە؟

شەو گوێی لەگریانی منداڵ بوایە دەگریا، کەگوێی لـەوتارو ڕاسپاردەیەك بوایـە دەگریا، کاتێ لێپرسینەوەی لەگەڵ نەفسی خـۆی دەکـرد دەگریـا(عەبـدوڵای کـوڕی عیسا) دەڵێت: (لەسـەر ڕووی ئیمـامی عومـەر(ڕەزای خـوای لێبـێ) دوو هێڵـی ڕەش لەشوێنی فرمێسکەکانی دروست ببون ئەوەندە گریابوو)[2].

١– تفسير القرآن الكريم: ١٢٧.

٢– تأريخ عمر بن خطاب– لابن الجوزي ص١٩٢، ط–دار الإحياء.

خوای پەروەردگار لەوەسفی ئەوانەی لەتوندی ئەو کاریگەریو گریانە بەسەر ڕوویاندا دەکەون و بەردەوام فرمێسکیان دەبارێت دەفەرموێت:﴿ قُلْ ءَامِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوْ لَا تُؤْمِنُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهِۦٓ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴿١٠٨﴾ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ﴾[1] واتە: پێیان بڵێ ئەی خوانەناسان باوەڕ بەقورئان بهێنن یاباوەڕی پێ نەهێنن (بەدەست خۆتانەو ئەمڕۆ سەربەستن بەڵام بزانن بەڕاستی ئەوانەی پێشتر زانیارییان پێدراوە دەربارەی تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو، چاک دەزانن کەئەم قورئانە لەهەمان سەرچاوەوەیە، هەربۆیە کاتێک بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە (خۆیان پێناگیرێ) خێرا سەری ڕێزو نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و سوژدە (بۆ نێرەری قورئان دەبەن) دەشڵێن پاکیو بێگەردی بۆ پەروەردگارمانە، بەڕاستی بەڵێنی پەروەردگارمان هەردێتە دی (بەسەرخستنی ئیمانداران لە دنیاداو سەرفرازیان لەقیامەتدا) ئەوانە سوژدەو کڕنوش دەبەن و دەگرین و ئەسرینی خۆشەویستی پەروەردگار لەچاوانیان دەبارێت، فرمێسکی ئیمان و شادی هەڵدەوەرێنن و تادێت زیاتر ملکەچ و فەرمانبەردارو دڵ پڕلەئیمان دەبن).

ئیمام (الشوكاني-رەحمەتی خوای لێ بێت)دەڵێت: (إذا يتلى عليهم) واتە: (قورئان)یان بەسەردا دەخوێنرێتەوە﴿ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴾[2] واتە: (لەسەر ڕوویان دەکەون و(سوژدە)بۆ خوای پەروەردگار دەبەن، واتە ئەو کەوتنە بریتییە لەکەوتن بەهەموو جەستەو توانایەوە بەسەر چەناگەدا، چونکە چەناگە شوێنی بەیەکگەیشتنی جەمسەری هەردوو شەویلگەیەو، یەکەم شوێنە کەدەگاتە زەوی. (الزجاج) دەڵێت: لەبەرئەوەی چەناگە شوێنی کۆبوونەوەی هەردوو شەویلگەکانە هەروەکو مرۆڤ لەوێوە دەست بەکەوتنی دەکات بۆ (سوژدە)بردن و یەکەم شوێن لە

١- الإسراء: ١٠٩-١٠٧.

٢- الإسراء: ١٠٧.

ڕوخساردا کەدەگات بەزەوی چەناگەیە، ﴿وَيَقُولُونَ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ﴾[1]، واتە: لە(سوژدە)کانیاندا دەڵێن: پاکیو بێگەردی بۆ پەروەردگارمانەو دوورو پاکە لەو درۆو دەلەسانەی نەفام و نەزانەکان دەیڵێن و دوورە لەلادان لەبەڵێنەکانی ﴿إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا﴾[2].

ئنجا زیکرو یادی خوا دەکەن و خۆیان دەخەن بەسەر چەناگەیانداو دەگرین. وەکو دەفەرموێت: ﴿وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ﴾[3]، لێرەدا کەوتن بەسەر چەناگەدا دووبارە دەکاتەوە بەهۆی جیاوازی هۆیەکەوە، یەکەم جار بەمەبەستی بەگەورەزانین و بەرز ڕاگرتن و پاکیو بێگەردی خوایەو، لەدووەم جاردا بۆ گریان و کاریگەری ئامۆژگارییەکانی قورئانە لەدڵیانداو، زیادبوونی لەخواترسان و ملکەچ بوونیانە)[4].

ئەوە تەنها جوڵانەوەو کردارێکی گریاوەکان نیەو بەکاریگەرییو لەخواترسییەوە دەری دەخەن، بەڵکو ئەو کاریگەریەکی ڕاستەقینەیەو بەبێ ویستی خۆیان لەسەر ڕوودەیان خات و(سوژدە)دەبەن بۆ پەروەردگارو لەبەردەستیدا دەگرین.

(سەید قوطب- ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە وەسفی ئەو دیمەنەیان دەڵێت: ئەوان لەتوندی ئەو کاریگەریەدا بەسەر ڕوودا دەکەون و(سوژدە)دەبەن ((بەڕاستی ئەوە دیمەنێکە هەست و ویژدان دەبزوێنێ، ئەوە دیمەنی خاوەن زانستەکانی پێش ئەوانەش بووە، بەڵێ ئەوانە کاتێ گوێ لەقورئانی پیرۆز دەگرن زیاتر لەخوادەترسن، ﴿يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا﴾[5]، ئەوان خاوەنی نەفسی خۆیان نین و،

١- الإسراء: ١٠٨.

٢- الإسراء: ١٠٨.

٣- الإسراء: ١٠٩.

٤- فتح القدير ٣/٢٦٤.

٥- الإسراء: ١٠٧.

تەنها (سوژدە)نابەن، بەڵكو ﴿ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴾[1]، ئینجا زمانیان بەگۆدێت و بەوەی كەهۆشی شڵەقاندوون لەهەست و نەست و بیركردنەوەیان لەگەورەیی و شكۆمەندی خواو ڕاستی پەیمان و بەڵێنەكانی ﴿ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴾[2]كاریگەریەكەی ئەوەندە زاڵە بەسەریاندا كە بەهیچ جۆرێ زمان ناتوانێ بەوتەكانی وێنەی ئەو هێرش و سوپایە دەرخات كەلەسنگیاندا ورووژاوە، هەربۆیە فرمێسكەكان سەرچاوە دەگرن وگوزارشت لەوكاریگەریە زۆرە دەكەن كەوشەكان ناتوانن وێنای بكەن)[3].

٤- بە پاك زانین و ستایش كردنی خوای گەورە:

كاتێك لە سوژدەكانیاندا هەست بەگەورەیی خوای پەروەردگاردەكەن، ترس دایاندەگرێت و هەست و نەستیان دەجولێت و فرمێسكەكانیان دادەبارێن، بەپاكی دەزانن و سوپاسگوزاری خوادەكەن لەسەر ئەو بەخشش و نیعمەتە زۆرانەی لەژمارە نایەن، هەرچەندە بیردەكەنەوە لەنیعمەتێك لەو نیعمەتانەی خوا بەسەریدا ڕژاندوون و پێی بەخشیون لەكاتێكدا خەڵكانێك لێی بێبەشن ئەوازیاتر سوپاس و ستایشی خوا دەكەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴾[4]. واتە: (بەڕاستی تەنها ئەوانە بڕوا بەئایەتەكانی ئێمە دەهێنن، كاتێك یادەوەری دەكرێن پێی، خێرا سوژدە دەبەن تەسبیحات و سوپاسگوزاری پەروەردگاریان دەكەن، لەكاتێكدا ئەوانە بەهیچ شێوەیەك فیزیان نیەو خۆیان بەگەورە نازانن)[5].

١- الإسراء:١٠٧.

٢- الإسراء: ١٠٨.

٣- في ظلال القرآن: ٢٢٥٤/٥.

٤- السجدة: ١٥.

٥- تەفسیری ئاسان.

(قــورطبی)دەڵێــت: (واتـــە تەســبیحات و ســتایش ئاوێتــە دەکــەن لەگــەڵ سوپاســگوزاری‌و پـــاك و بێگــەردی ڕادەگــرن لەهــەموو نــەنگی‌و کــەم وکوڕیــەك لەســوژدەکانیاندا دەڵــێن: ســوپاس و ســتایش بــۆ خــوا، پــاکی‌و بێگــەردی بــۆ پەروەردگاری بەرزو بێ هاوتا، سوپاسگوزارن، واتـە خـوا بـەدوورەو پاکـە لەوتـەی هاویەش پەیداکاران و هاوەڵ بۆ خوا دانەران).

٥- ترس و هیوا:

دووسیفەتن لەبەرزترین و دیارترین سیفەتی (سـوژدە)بـەرانن، ئـەوان بەڕاسـتی لەخوا دەترسن، بەڵام ئەوترسە بەرەو نائومێدیان نابات و بەهیوای سۆزو ڕەحمەتی خوان، بەڵام ئەم هیواو ئومێـدەش نایانبـات بـەرەو پاڵدانـەوەو وازهێنـان لـەکرداری چـاکە، لـەقورئانی پـیرۆزدا وەسـفی ئەوانـە کـراوە: ﴿ إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِهَا خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَسَبَّحُوا۟ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۝١٥ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾[1]، واتـە: بەڕاسـتی تـەنها ئەوانە بڕوا بەئایەتەکانی ئێمە دەهێنن، کاتێك یادەوەری دەکرێن پێی، خێرا سوژدە دەبـەن و تەسبیحات و سوپاسـگوزاری پـەروەردگاریان دەکـەن، لەکاتێکدا ئەوانـە بەهیچ شێوەیەك فیزیان نیەو خۆیان بەگەورە نازانن، ئەو (ئیمانـدارە بەختەوەرانـە) نێوانیان خـۆش نیـە لەگـەڵ ڕاکشـان لەجێگـەو ڕێگـەی گـەرم ونـەرما(واتـە بەنوێـژو خواپەرســتی بەشــێکی شــەو دەبەنەســەر)، هەمیشــە نــزاو پاڕانــەوەیان ڕوو بەپەروەردگاریانــە لەخەشــم و قــین و دۆزەخــی دەترســن، ئــاواتی ڕەزامەنــدی‌و بەهەشــتیان هەیــەو لــەو ڕزق و ڕۆزی‌و توانــایی‌و زانیاریــەی پێمــان بەخشــیون دەبەخشن.

(سـەید قوطـب –ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) دەڵێـت: (ئـەوە دیمـەنێکی پـاکو خاوێنی ڕۆحی بڕوادارانـە، دڵسۆزی‌و میهرەبانییـە، ڕۆشـن و هەسـتیارو موچـرکاویە لەترســی خــوای گــەورەو تــەقواو پارێزکــاری‌و، ئاراســتەیان دەکــات بــەرەو

١- السجدة: ١٦-١٥.

پەروەردگاریان و، بەهیواو ئومێدەوە فەرمانبەرداری دەکەن، بەبێ خۆ بەزل زانیو خۆبەرز ڕاگرتن. ئەوە ئەو (ڕۆح -گیان)انەن کەپڕ لەباوەڕن بەئایەتەکانی خوداو بەدڵێکی بەئاگاو دەروون و ویژدانێکی ڕووناك و درەوشاوەو، هەستێکی شپرزەو ڕاچڵەکاوەوە دەیانخوێننەوەو وەری دەگرن و لێی وردەبنەوە).

ئەوانە کاتێ بیر لەئایەتەکانی پەروەردگاریان دەکەنەوە دەکەونە ژێر کاریگەریان ﴿ خَرُّواْ سُجَّدًا ﴾[1] واتە: بەڕوودا دەکەون و سوژدە دەبەن بۆ بەگەورە زانینی خوداوبەرز ڕاگرتنی[2]. پاشان دەڵێ: (ئەوەندە بەترس و ملکەچییەوە ڕوودەکەنە خواو بەرەو لای دەڕۆن لەبەر ناکۆکی نێوان (ترس وهیوا)یان بەردەوام ترسیان هەیە لەسزای خوداو هیواشیان بەڕەحمەت و بەزەیی خودا هەیە، ترسیان لەخەشم و تووڕەیی خواو تەماعیان بۆڕازیکردنی خوا، ترسان لەسەرپێچی کردنیو تەماع و ئومێدیان بۆ پشتیوانیو یارمەتی خودایی)[3].

ئەوکەسەی بەم جۆرە ترس و هیوای بەڕەحمەتی پەروەردگاری هەیە. هەمیشە داوا لەخوا دەکات و پێداگری لەسەردەکات و، بەردەوام لە (سوژدە)کاندا لەخوا دەپاڕێتەوەو دوعا دەکات لەئاگرو لێپرسینەوە بیپارێزێت و، داوای گیرابوونی نزاو پاڕانەوەکانیو بەهەشت و لێ ڕازیبونی دەکات، ئەو کەسە یەکسان نییە لەگەڵ کەسێکی وڕو بێ ئاگاو وێڵ و گومڕا لەگێژاوی حەزو خولیاکانیدا کە بیرو هزری هەربەلای هەواو هەوەسەکانیدایەو بێ هەست و هۆشەو، لەگەڵ بێگیانەکاندا وەك یەکیان لێ دێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُواْ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾[4]، واتە: ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کەباسکران چاکترن) یا ئەو ئیماندارەی

١- السجدة: ١٥.
٢- الظلال ٢٨١٢/٥.
٣- الظلال ٢٨١٣/٥.
٤- الزمر: ٩.

کە لەدووتوێی شەوگاردا هەڵدەستێت بۆخوا پەرستی سوژدە دەبات و بەپێوە دەوەستێت. لەلێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و ئومێدو هیوای بەمیهرەبانی پەروەردگاری هەیە. ئەی پێغەمبەرﷺ بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کەدەزانن و شارەزان وەك ئەوانەن کەهیچ نازانن و شارەزاییان نیە؟ بەڕاستی تەنها خاوەن بیروهۆشەکان لەم جۆرە یادەوەریانە سوود وەردەگرن و تێدەگەن (لەحەقیقەتی دنیاو قیامەت، وەدڵنیان ژیانی دنیا فرسەتێکی بەنرخەو بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا بەکاری دەهێنن).

خۆیان بۆ قیامەت ئامادە دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی لێی دەترسن، ئەمەش سیفەتی لەخواترسانیانە، سەعیدی کوڕی جوبەیر وتی: (واتە سزای قیامەت). ئەو خۆی کەسێکی بەئاگابوو لەهەموو سزایەکانی ڕۆژی دوایی دەترسا، سزای زیندووبوونەوە، سزای حەشر، سزای خۆر کەدادەبەزێتە سەرسەری دروستکراوان لەکاتی حەشردا، سزای چاوەڕوانی لەمەیدانی حەشردا، سزای گەڕان بەدوای تکاکاردا، سزای لێپرسینەوە، سزای چاوەڕوانی دەرەنجامی کێشانەی چاکەوخراپەکانی لەتەرازووی خێروشەڕدا، سزای ڕەت بوون بەسەر پردی سیرات و قولاپە هەڵواسراوەکانی سەری، سزای ئاگری دۆزەخ، بەڕاستی ئەو دەترسا لەهەموو جۆرە سزاکانی ڕۆژی دوایی.

ئەو ئامادەگیو ئاگاداربوونە هەمەلایەنەو ترسان لەهەموو جۆرە سزاکانی ڕۆژی دوایی وای لێناکات ڕەش بین و بێهیوابێ لەڕەحمەتی خواو بەڵکو بەئومێدی ڕەحمەت و سۆزو بەزەیی پەروەردگاریەتی، بەهیوایە کەزیندوو دەبێتەوە نورو ڕووناکی خوای گەورە لەبەردەم و لای ڕاستی‌یانەوە بڕوات و، هیوادارە دووربێت لەگەرمای خۆرو بەڵکو لەژێر عەرشی خوادا حەشر بکرێت، هیوادارە لەوحەفتا هەزار کەسەبێت کەبەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت یا لەوکەسانە بێت کە نامەی کرداریان بەدەستی ڕاست دەدرێتەوە، بەهیوایە بتوانێ لەوکەسانە بێت کەلەحەوزی کەوسەری (پێغەمبەری خواﷺ) دەخۆنەوە، بەئومێدە بە خێرایی‌و وەکو هەورە بروسکە یا بایەکی هاتووی توند بەسەر پردی سیراتدا تێپەڕێت، بەهیوایە لەگەڵ

دەستەی یەکەم کە ڕوخساریان وەکو (مانگی تابان) شەوی چواردە دەدرەوشێتەوە بچێتە بەهەشتەوە، بەڵێ ئەو لەنێوان ئەو ترس و هیوایەدا دەبێتە خواپەرستێك بۆ خوا هەتا پێی دەگاتەوە.

٦- شەونوێژ:

سوژدە بردن لە شەودا دوای ئەوەی خەڵکی دەخەون، هەموو شتێك بێدەنگ و هێمنەو بەشێوازی تایبەتی خۆی لەزەتی تێدا دەبینیۆ ئاسودەیە، لەوکاتەدا گفت وگۆ لەگەڵ خوای پەروەردگاردا زۆر خۆش وشیرینتر دەبێت، کاتێ تاریکی چاوی خەڵکانی تری داپۆشیوە لەبینینی (سوژدە)بەران و چاودێری کردنیان، ئەو بەتەنها لەگەڵ خوای گەورەدا دەمێنێتەوەو هەست دەکات کەئەو بەتەنها لەگەڵ خوای پەروەردگارەو خوا گوێبیستی ئەوە کاتێ گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات و لەبەردەستیدا دان بە هەڵەو تاوانەکانیدا دەنێت، شەونوێژ یالەسەرەتای شەودا دەکرێت کەپێ دەگوترێت (شەونخونی-بەیات) یالەکۆتایی یا لەناوەڕاستی شەودا دوای نوستن هەڵدەستنەوەو دەیکەن بەوەش دەڵێن (شەوبێداری-تەهەجود)ئەوەتا دەربارەی (شەونخونی- بەیات) خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا ﴾[1]. واتە: (ئەوانەی کەشەوگار بۆ پەروەردگاریان بەسوژدەو وەستان و نوێژ دەبەنە سەر). (زوجاج)دەڵێت: پیاو شەونخونی کردووەو دەیکات کەشەو بەسەریدا تێدەپەڕێت، ئینجا ئەگەر تیایدا بنوێت یانەنوێت.

کاتێك پێڵووە خەواڵووەکانی زۆریان بۆدەهێنن وجێگەو پێخەفەکەیان بانگیان لێدەکەن، بەڵام لەڕاستیدا شیرینی (سوژدە) لەهێمنی شەوداو، بیرکردنەوە لەمردن و لێپرسینەوەی دوا ڕۆژ زاڵ دەبن و سەردەکەون بەسەر پێڵووە خەواڵووەکان و بانگەوازی جێگەو پێخەفەکەی خۆبەدەستەوە دەدەن و تەسلیمی لەخەو هەستان دەبن ئەو کاتە سوژدەکان زۆرشیرین دەبن، بەوە ئەو سرودە دەچڕن:

١- الفرقان: ٦٤.

مەهێڵە پێڵوەکانت تامی خەوتن بچێژن

باشەونم بدەنە ڕوو، بافرمێسکان بڕێژن

بزانە کەدەمریت و لێپرسینەوەت دەکرێت

واوەیلا بۆ کەسانێك خوداڵێیان دەڕەنجێت

هەندێ بۆ خۆشەویستی خودا دڵسۆزوکاران

بۆڕەزامەندی خوداپارێزکارو بەتەقوان

کەتاریکیان لێداهات، باڵی بەسەردا کێشان

شەوەکان بەسەردەبەن بەنوێژوسوژدە وەستان

سکیان پووکاوەو بەتاڵ، چاك و پاکوخاوێنن

ئەوان جگەلە حەڵاڵ، تامی خواردن ناچێژن[1]

(ئیبنو عەباس)دەڵێت: هەرکەس دووڕکات نوێژیان زیاتر بکات لەدوای نوێژی خەوتنان ئەوا بەسووژدە بردن و وەستانەوە شەونخونی بۆخواکردووە.

(الکلبي) دەڵێت: هەرکەس دووڕکات لەدوای نوێژی (ئێوارە–شێوان)بکات و چوار ڕکات دوای نوێژی (خەوتنان–عیشا)بکات ئەوا شەونخونی کردووە بەسووژدەو وەستانەوە[2]. ئەگەر پاداشت بەقەدەری ماندووبوون بێت، ئەوا (شەوبیداری)بارگرانیەکی لەسەردەروون هەیە چونکە مرۆڤ لەوجێگە گەرمە دەردەهێنێت و لەوخەوە خۆشە هەڵی دەستێنێت، خێری زیاترە لەشەونوێژی سەرەتای شەو بەتایبەتی ئەگەر ئەو بێداربونەوە لەسێیەکی کۆتایی شەودا بێت کەتایبەتمەندیەکی جیاوازی هەیە لەباقی کاتەکانی تری شەو ئەوەش بەهاتنە خواری پەروەردگار بۆ ئاسمانی یەکەم و مرۆڤ هەست دەکات ئەوکاتە لەهەموو کاتێك زیاترو زۆر نزیکترە لەخوای پەروەردگاری. ئەگەر مانەوە لەسوژدەدا بۆ خوا پێڵووەکان لەخەوبێبەش دەکات لەسەرەتای شەوداو، ئەوە مەیل و ئارەزوومەندی

١– تفسیر القرطبي: ٧/ ٤٧٨٧.

٢– تفسیر القرطبي ٧/ ٤٧٨٨.

بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خوادا لەسوژدەکاندا لەتاریکایی شەودا ئەوانە بێبەش دەکات لەو خەوە خۆش و بەلەزەتەی سەرەتای شەو، ئەمەش لەترسی لەدەست چوونی ئەوچەند چرکە ساتە بەنرخەی تەمەنیانە نەکا لەکیسیان بچێت.

هەرکە هەوڵی نووستن دەدەن و پاڵ دەکەون ئەوا حەزو خولیایان بۆمانەوەو تەنیا بوون لەگەڵ خودا ناهێڵێت پاڵ کەون و بخەون، ئەوەتا خوای گەورە وەسفیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴾[1]. واتە: ئەو ئیمانداره بەختەوەرانە نێوانیان خۆش نیە لەگەڵ ڕاکشان لە جێگەو نوێنی گەرم و نەرما واتە: بە نوێژوخواپەرستی بە شێکی شەو دەبەنەسەر، هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بەپەروەردگاریانە لەخەشم و قین و دۆزەخی دەترسن، ئاواتی ڕەزامەندیو بەهەشتیان هەیەو لەو ڕزق و ڕۆزیو توانایی‌و زانیاریەی پێمان بەخشیون دەبەخشن.

قورطبی دەڵێت: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ ﴾[2]، واتە: (بەرز دەبێتەوەو لەجێگەی نوستنەکەی دێتە دەرێ و بەجێی دەهێڵێت). سەید قوطب(ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێت: واتە هەڵدەستن بۆ نوێژی شەو کەسەرەتاکەی نوێژی خەوتنانەو کۆتاییشی نوێژی وەترە، ئینجا شەو بەئاگادێنەوە بۆ نوێژو، دوعاوپاڕانەوە، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەم هەستانەوەیە بەجۆرێکی تر دەردەبڕێت: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ ﴾[3]، دیمەنی جێگەی پاڵکەوتن لەشەودا بەجۆرێ وێنا دەکات کەداوا لەلاکەلەکەو تەنیشتەکان دەکات بۆ پاڵکەوتن و پشوودان و چێژی خەوتن، بەڵام ئەم لاکە لەکانە هیچ وەڵام نادەنەوەو توانایەکی زۆر بەکاردەهێنن بۆ بەربەرەکانی حەزو داوای پاڵکەوتن چونکە کاری پێویستتری هەیە

١- السجدة: ١٦.

٢- السجدة: ١٦.

٣- السجدة: ١٦.

لەپاڵکەوتن و خەوتن لەو جێگە خۆش و نەرمەدا، ئەوکاری بە پەروەردگاری هەیە، کاری بەوەستان لەبەردەمی‌دا هەیە.[1].

(ئیبنو عەباس)دەڵێت: هەرکەسێك حەزدەکات خوای گەورە وەستانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر سووك بکات، بالەتاریکایی شەودا خوا ببینێ هەستێ سوژدە ببات و بیر لەقیامەت بکاتەوە، بەهیواو ئاواتی ڕەحمەتی پەروەردگاری بێت[2].

٧- خۆزگەو ئاواتیان تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندیو پایە بەرزییە لای خوا:

ئەوان ئەوەندە (سوژدە)زۆر دەبەن ویست و ئاواتیشیان تەنها بۆخودای پەروەردگارەو نایانەوێ لەبەردەم خەڵکیو بۆ بەدیهێنراوان ئەو پەرستش و بەندایەتی‌یە بکەن، ئەوان دوای ئەوە لایان گرنگ نیە کەخەڵکی لێیان ڕازی بن یانارازی، مادام بەرەو ڕازی کردنی خۆشەویستەکەیان دەڕۆن کەخوای پەروەردگارە، ئەوان مەبەستیان لەو پەرستشە دڵسۆزانەیە تەنها ڕەزامەندی خوایەو، داوای بەهەشت دەکەن و ئەوەی لەناویدایە لەڕزقی هەڵڕژاوو بەهرەو بەخششەکانی خوا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا ﴾[3]. واتە: موحەمەد ﷺ ڕەوانە کراوی خوایە، ئەوانەش کەلەخزمەتیدان و شوێنی کەوتوون توندوتیژن بەرامبەر بێباوەڕان و بەبەزەییو میهرەبانن لەنێوان خۆیاندا، دەیانبینیت سەرگەرمی نوێژو خواپەرستین. کڕنوش و سوژدە دەبەن، هەردەم ئاواتیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیو پایەبەرزی‌یە لەلای خوا)[4]. (الحافظ بن كثير) دەڵێت: ﴿ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا ﴾[5] وەسفیان دەکات بەزۆری کردەوەی

١- الظلال ٥/٢٨١٢.

٢- تفسير القرطبي: ٨/ ٥٦٨٣.

٣- الفتح: ٩.

٤- تەفسیری ئاسان.

٥- الفتح: ٢٩.

چاك و نوێـژی زۆر كەئـەویش چـاكترین كردەوەیـەو، وەسـفیان دەكـات بەدڵسـۆزی تیایدا بۆخۆی (عزوجل)وبەهیوابوونی ئەجرو پاداشتی خوا كەبەهەشتی هەمەلایەن و ڕازاوەیە بەهەموو ڕزق و بەهرەو بەخششەكانیەوە، ئەوان مەبەستی هەرەگـەورەیان ڕەزامەنـدی خـوای گەورەیـە هـەروەكو (جـل وعـلا) دەفـەرموێت (ورضـوان مـن الله أكبر)[1].

٨- پشت بەستن بەخوا:

ئەوپشت بەستن و خودانە دەست خوایە جورێكی تایبەتـەو، جیایـە لـەو پشـت پێبەستنەی بۆ ڕۆزیو پێداویستـی‌یەكانی دنیـایی مـرۆڤن، بـەڵكو ئـەم جـۆرە پشـت بەستنە بەخوای گەورە لەكاروباری بانگخوازیدایە، لەبواری گەیاندنی ئەو ئەمانەتەی كە زەوی‌و ئاسمانەكان و چیاكان لەئاستـی‌دا بێتوانـابوون، ئـەم جـۆرە تـەوەككولـە متمانەو باوەڕی تەواوە بەخوا كـاتێ خـەڵكی ناهـەق و نادروسـت پـیلان بـۆ خـاوەن هـەق و ڕاسـتی‌یەكان ڕێـك دەخـەن تانـەهێڵن دەعـوەو بانگـەوازی بگەیـەنن، ئـەوە باوەڕپێبوون وخۆدانە دەست ئەو كەسـەیە كـە بـەهێزترو بـەتواناترەو چارەنووسـی هەمووكەسی بەدەستە، بەهەرشتێك بڵێ ببە دەبێت، بەدەسەڵات و خـاوەن موڵـك و سامانەو دەیداتـە هەركەسـێك خـۆی حـەزبكات و، هەركەسـیش خـۆی بیـەوێت لێـی دەگرێتەوە، ئەو بێ تواناو ناكارا نیە لەهەرشـتێ كەلـەزەوی‌و ئاسمانەكانـدا هەیـەو، بانگخوازەكانی دەبینێت كەبەرەولای دێنەوەو لێی نزیك دەبنەوەو لەسـوژدەكانیاندا داوادەكەن سەریان بخات و پشتیوانیان بێت لەگەیاندنی ئەو پەیام و سپاردەیە.

خوای گەورە كە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەدوێنێت دەفەرموێت:

﴿ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾[2]. واتە: ئەگەر خوانەناسان یـاخی بـوون و سەرپێچـیان كـرد، ئـەوەپێیان بڵـێ: كەبەڕاسـتی مـن بـەریم لەهـەموو ئـەو

١- الفتح: ٢٩.

٢- الشعراء: ٢٢٠،٢١٦.

کاروکردەوانەی کەدەیکەن، ئەی (موحەمەدﷺپشت بەخوای بالادەست ومیهرەبان ببەستە. ئەو زاتەی کەدەتبینێت کە چۆن لەڕیزی سوژدەبەراندا هەڵس وکەوت دەکەیت. بەڕاستی ئەو خوایە زاتێکی بیسەرو زانایە بەگوفتارو نیەتتان).

(سەید قوطب) لە (في الظلال) دا دەڵێت: وازیان لێبێنەو خۆیان و کردەوەکانیان و مەچۆ ژێرباری کردەوەکانیان و نکوڵیان لێ بکە، ڕوو لەپەروەردگارت بکەو بەرەولای وەرەو پشتی پێ ببەستەو. داوای کۆمەکیو پشتیوانی بۆ هەموو کاروبارەکانت لەوبکە. خوای گەورە وەسفی خۆی بەدوو سیفەتی دووبارە بووەوە دەکات لەوسورەتەدا: (العزة والرحمة: خوای گەورە خاوەن دەسەلات وبالادەست و بەسۆزو میهرەبانە). ئینجا پێغەمبەرﷺ لەدڵەوە هەست بەنزیك بوونەوەو هۆگری دەکات و هەست دەکات پەروەردگاری دەیبینێت لەهەستانەوەی بۆنوێژ بەتەنهاو دەیبینێت لەڕیزی کۆمەڵە سوژدەبەرەکان. لەتەنیایدا دەیبینێت و لەڕیزەکانی نوێژی جەماعەتدا دەیبینێ کەپەیمانیان پێدەدات و ڕێکیان دەخات و پێشەوایەتیان دەکات و لەبەینیاندا دێت و دەچێت)[1].

٩- خاوەن پەیمان و بەڵێنن:

خوای گەورە وەسفی سیفاتە بەرزەکانی ئەوانە دەکات کەپەیمانی لەگەڵدا دەبەستن بەفرۆشتنی (سەروماڵیان)، لەوانە سیفەتی سووژدە بردن وەکو لەسورەتی (التوبة)دا دەفەرموێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾ ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلْعَٰبِدُونَ ٱلْحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلْءَامِرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱلْحَٰفِظُونَ

١- الظلال، ٥/٢٦٢٠- الشروق.

﴿لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾[1].(واتە: بەڕاستی خوا، گیان و ماڵی لەئیمانداران کڕیوە بەوەی کەبەهەشت بۆ ئەوانەو بەشیانە بەڕاستی پەروەردگارێکی بەخشندەیە، هەرخۆی بەخشێنەری گیان و ماڵ و سامانە، کەچی ئاوا مامەڵە دەکات لەگەڵ ئیماندارانداو نرخێکی نەبڕاوە، نرخێکی زۆرگەورەی بۆ بڕیارداوە، کاتێك لەپێناوی ئەودا دەیبەخشن) ئەوانە دەجەنگن لەپێناوی ئایینی خوادا دوژمنانی ئاینی خوا دەکوژن لەگۆڕەپانی جەنگدا یان دەکوژرێن و شەهید دەکرێن، ئەو پاداشت و بەڵێنە بەڕاستی لەسەرخودایەو باس کراوە لەتەورات و ئینجیل و قورئاندا، جاکێ هەیە بەقەدەر خوا بەوەفاو بەئەمەك بێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، کەواتە زۆردڵخۆش و کامەران بن بەومامەڵەیەی کەئەنجامتانداوە بەوفرۆشتن و کڕینەی کەلەسەری ڕێکەوتون بێگومان هەرئەوەشە سەرفرازیو سەرکەوتنی نەبڕاوەو بێ سنوور.

(جا ئەوانەی ئەومامەڵەیە دەکەن پێشتر بەم سیفەتە پیرۆزانە خۆیان ڕازاندۆتەوە) تەوبەکاران لەهەڵەکانیان پەشیمانن، خواپەرستن (لەهەموو هەڵسوکەوتیاندا) سوپاسگوزارن (لەسەر هەموونازو نیعمەتێك)گەڕۆکن لە(سەرزەویدا، ئەندێشەو بیرو هۆش بەکاردەهێنن بۆبیرکردنەوە، لەبوونەوەرو دەوروبەر)، سوژدەبەرو کڕنوش بەرو نوێژخوێنن، فەرماندەرن بەهەموو چاکەیەك قەدەغەی خراپەو هەموو نادروستیەك دەکەن و پارێزەرن بۆ سنوورەکانی خواو قەدەغە کراوەکانی، ئینجا مژدە بدە بەئیمانداران (ئەوانەی ئەو سیفاتانە لەخۆیاندا دەهێننەدی).خاوەن تەوێڵی سوژدەبەر، ئەوان خاوەنی پەیمانێکن لەگەڵ خوادا بەستوویانەو سەروماڵیان هەرزان فرۆش کردووە لەپێناو ڕازیکردنی خۆشەویستەکەیان، ئەوەش پاداشتەکەی بەهەشتە، ئەوان تەنها بەسیفەتی سوژدەبردن وازناهێنن کە لە میحرابەکانیاندا بمێننەوە دوور لە کۆمەڵگاو مەیدان چۆڵ کەن بۆ خەڵکی ناڵەبارو خراپەکار تائەوەی دەیانەوێت لەخراپەکاریو تاوان

١- التوبة: ١١٢-١١١.

لەزەویدا بیکەن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانیان پێدەکەن بەچاکەو قەدەغەیان دەکەن لەخراپەو زانیاریەکانیان پێ دەگەیەنن، بەڵام خۆیان بەسەر بەندەکانی خوادا بەرز ناکەنەوەو خۆهەڵناکێشن بەوبڕواداریو زانست و زانیاریەی خوا پێی بەخشیون، بەڵکو دوای ئەوەی لێپرسینەوەیەکی وردی مەترسیەکانی نەفسی خۆیان دەکەن زیاتر تۆبە دەکەن نەبا بەهۆی ئەومەدح و ستایشەی دەکرێن تووشی لەخۆڕازی بوون و خۆبەرزکردنەوە بوبن بەسەر دروستکراوانی خوادا. ئەوان هەرگیز فەضل و میهرەبانی خوا لەبیرناکەن کەئەو هیدایەتی داون و ئەونیعمەت و بەهرەو بەخششانەی خوایان لەبیرناچێتەوە کە بەسەریاندا باراندوون، کە جوانترینیان نیعمەتی هیدایەت و حەمدو سوپاسگوزاریو ثەنای زۆرە لەسەریو ئەو هەموو سەرکەوتن و نیعمەت و بەخششانە بەهۆی پشتیوانیو کۆمەکی ئەودەزانن و نایدەنە پاڵ هۆو بۆنەوە بەڵکو دەیدەنە پاڵ هۆکاری ئەو هۆو بۆنەیەو بەدیهێنەرەکەی، ئینجا بەهۆی ئەو ڕەوشت و ڕەفتارەیان دەگەنە نرخ و بەهای ئەو پەیمان و بەڵێنە کەئەویش بەهەشتە.

مێرگی (٣٥)
کاریگەرییەکانی سوژدە

گومانی تێدا نیە نزیك بوونەوە لەخوای گەورە بەهۆی سوژدەی زۆرو درێژکردنەوەی سوژدەکانەوە، نزاو پاڕانەوەو گریان و کاریگەری تیایداو بەترس و هیواو بەپاك ڕاگرتن و سوپاسگوزاری خوای گەورە لەناوسوژدەکاندا پەیوەندی لەگەڵ خوادا بەهێزتر دەکات، ئەمەش وادەکات ڕەنگ دانەوەو کاردانەوەیەکی زۆرچاکی لەسەر دەروونی سوژدەبەر هەبێت و کاریگەریێت بۆتێڕوانینی لەژیان و هەڵوێستی لەکاتی بەڵاو نەهامەتی‌یەکانداو لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ڕەفتاری. ئەم کاریگەریەش کە لەئەنجامی ئەوپەیوەندی‌یە توندوتۆڵەی هەیەتی بەخوای خۆیەوە وای لێدەکات کەمرۆڤێکی جیاوازبێت لەباقی خەڵکانی تر، دەبێتە مرۆڤێك وەك قورئان لەناو خەڵکی‌دا دەجوڵێتەوەو، وەکو مرۆڤێك کە لەقیامەت هاتۆتەوەو باسی دیمەنەکانی بۆ خەڵك دەکات، مرۆڤێکە وەك دەستکەوتێك وایە بەجێمابێ لەنەوەکانی یەکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانەدا بژی کەلەدوای ئەوان دێن ئەوەی ئەو لەوان جیادەکاتەوە ئەوکاریگەری شوێنەوارەیە کە لەئەنجامی سوژدەکانیەوە دروستبوون کەلەگرنگترینیان:

١- نیشانەی پاکی‌و چاکی لەناوچەوانیاندا دەدرەوشێتەوە:

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا ۖ سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ﴾[١]، واتە: موحەمەدﷺ ڕەوانەکراوی خوایە، ئەوانەش کەلەخزمەتیدان و شوێنی کەوتوون توندوتیژن بەرامبەر بێباوەڕان و بەبەزەیی‌و

١- الفتح: ٢٩.

میهرەبانن لە نێوان خۆیاندا، دەیانبینێت سەرگەرمی نوێژو خواپەرستین، کڕنـوش و سوژدە دەبەن، هەردەم ئاواتیان بەدەست هێنانی ڕەزامەنـدی‌و پایەبەرزی‌یـە لـەلای خوا، نیشانەی چاکی‌و پاکییان لەناوچەوانیاندا دیاریـەو دەدرەوشـێتەوە لەئـەنجامی سوژدەبردن و خواپەرستیاندا.

أ- لەئیبنو عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) (سیماهم في وجههم)واتە: ڕێگـەوڕێبازی بۆچوونی چاکەو ئەوپەڕی چاکەخوازی

ب- موجاهیـدو جگـە لـەویش دەڵـێن: واتـە لەخواترسـان و خـۆ بەکـەم گـرتن و پابەندبوون و ملکەچی .

ج- (السعدی)دەڵێت: نوێژ ڕواڵەتیان جوان ودرەوشاوە دەكات.

د- هەنـدێکی تـر دەڵـێن: بەڕاسـتی چـاکەکاری ڕۆشـنایی‌یە لەدڵـداو درەوشـانەوەو ڕوناکی‌یــە لەڕواڵــەت و ڕوخســارداو فراوانییــە بــۆڕۆزی‌و خۆشەویســتی‌یە لــەدڵی خەڵکی‌دا.

هـ- ئەمیری باوەڕداران(عوسمان-ڕەزای خوای لێ بـێ): دەڵـێت هەرکـەس نهێنیـەك لەدڵی‌دا بەند بکات، خـوای گـەورە لـە ڕوومـەت و دیمـەنی‌و لەبـەرەڵابوونی زمـانی‌دا دەری دەخات.

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە هەرشتێك لەدەرووندا شاراوەبێت لەسەر ڕوومەتەکان و ڕواڵەتدا دەردەکەوێت، بـڕوادار ئەگـەر نیـازو مەبەسـت و نهێنیەکـەی لەگـەڵ خـوای خۆیدا ڕاست بێت ئەوا خـوا ڕواڵـەت و دیمـەنی‌و ئاشـکرای بـۆ خـەڵکی چـاك دەکـات وەکو (عومەری کوری خەطاب -خوای لێ رازی بێت)دەڵێت: هەرکەس نهێنـی خـۆی چاك بکات، خوای گەورە ئاشکراکانی چاك دەکات[1].

کەواتە ئەو گومانە ڕاسـت نیـە کەهەنـدێ کـەس وای بـۆ دەچـن کەئـەو دومەڵـە ڕەشەی بەناوچەوانەوەیە هـەتا زۆر لەدەجاڵـەکانیش ئەوشـوێنەیان داخ دەکـەن بـۆ ئەوەی چاکی خۆیـان بـۆ خـەڵکی دەربخـەن و بیدەنـە پـاڵ ئـەو ئایەتـەو تەفسـیری

١- تفسير القرآن العظيم ٢٠٤/٤.

هەڵـەی بـۆ دەکـەن کەئـەوەش لێکدانەوەیـەکی هەڵەیـە،(مەنصـور لەمجاهـد)ەوە دەربارە ﴿سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾، وتی: لەخواترسـان و ملکەچـی، وتم: هەرکەسێکم بینیوە لەبڕواداران ئەو شوێنەوارە بەناوچاویەوە بووە، وتی: بەڵام ئـەو (پەڵە)یەم بەناوچەوانی کەسی واوە بینیوە کەدڵی لەفیرعەون ڕەقتربووە[1].

ئەو گێڕانەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەو تێگەیشتنە هەڵەی بۆ ئـەو ئایەتـە دەکرێـت کـەتازە نییـەو بـەڵکو لەسـەردەمی شوێنکەوتوانیشـدا ئەوتەفسـیرە هەڵـە هـەبووە، لەبەرئەوە دەبینیت کەلەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر لەخراپەکارو ڕەوشت نالەبارەکان ئەونیشـانە ڕەشــە لەناوچــەوانیاندا هەیــە .ســەید قــوطـب لەســەر ئــەو ئایەتــە ﴿سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم﴾[2]، دەڵێـت: ئـەو نیشـانە لەڕواڵەتـدا لـەپاکیو ڕۆشـناییو تیشك و ڕوونیو صافییەوەیەو لەووشکهەڵاتن لەبەندایەتیداو پەرستشـێکی زینـدوو گەش و ڕوون و جوان و چاکەوەیە. ئەوە مانای ئەو خاڵە ڕەشـە ناسـراوەی ڕواڵـەت نیە کەبەهەڵە لێی تێدەگـەن لـەکاتی گوێبیسـتی ئـەو ئایەتـەدا﴿مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ﴾[3]، مەبەسـت لەشـوێنەواری سـوژدەو کاریگـەریو شـوێنەواری بەندایەتییـە، وتـەی سوژدەی هەڵبژاردووە چونکە پیشاندان و نمونە هێنانەوەی حاڵەتی ملکـەچ بـوون و لەخواترسان و پەرستشە بۆ خوای گەورە لەتەواوترین شێوەدا. ئەوە کاریگەری ئەو لەخواترسانەیە، شوێنەواری ئەو لەخوا ترسانەش لەشێوەو ڕوخساردا هەیـە، کاتێـك خەیاڵ و لەخۆبایی بوون و خۆپەسەندییەکەی بـەخاك سپاردو خۆبەکـەم گرتنێکـی جوامێرانـەو پـاکیو ڕوونـیو صـافی بـوونی هێمنانـەی لەشـوێن دانـا، ئەوتوانـەوەو خۆبـەکزو کـەم گرتنەیـە کەڕۆشـناییو ڕاسـتیو ڕووخۆشـیو جـوامێریو مەردایـەتی لەسەر ڕوخساری بڕوادار زیاد دەکات و دەری دەخات[4].

١- تفسير القرآن العظيم ٤/٢٠٤.

٢- الفتح: ٢٩.

٣- الفتح: ٢٩.

٤- الظلال ٦/ ٣٣٣٢.

٢- بەرزبوونەوەی پلەوپایەو سڕینەوەی گوناهەکان:

لەبەرئەوەی نزیکترین کاتی بەندە لەپەروەردگاری ئەوکاتەیە لە (سوژدە) دایە، هەربۆیە تا (سوژدە)کان زیاتربن لەخوا نزیکتر دەبێتەوە ئەو زیاتر نزیک بوونەوەیە لەخوای پەروەردگار دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەڵەوگوناهەکانیو، بەرزبوونەوەی پلەوپایەی. هەرکەس بۆ خوا خۆی بەکەم بگرێت ئەوا خوا بەرز دەکاتەوەو، هیچ شتێك نیە وەکو (سوژدە) خۆبەکەمگرتنی تێدابێت، ئیمام(موسلم)لەخانەی (گەورەیی سوژدەو هاندان لەسەری) وتەیەکی (معدان کوڕی ئەبی طەلحەی یەعمەری) هێناوە کە دەڵێت: (لقيت ثوبان مولى رسول اللهﷺ فقلت: أخبرْني بعمل اعمله يدخلني الله به الجنة، أو قال قلت: بأحب الأعمال الى الله، فسكت، ثم سألته فسكت، ثم سألته الثالثة فقال: سألت عن ذلك رسول اللهﷺ فقال: عليك بكثرة السجود لله، فإنك لاتسجد لله سجدة: إلا رفعك الله بها درجة، وحط عنك بها خطيئة). واتە: (معدان)کوڕی (طەلحەی اليعمری)دەڵێت: گەیشتم بەثەوبانی کارگوزاری پێغەمبەری خواﷺوتم: کارێکم پێ بڵێ کەبیکەم و بەهۆیەوە خوا بمخاتە بەهەشتەوە، یاوتی خۆشەویسترین کار لەلای خوا، (ثەوبان)بێدەنگ بوو، ئینجا لێم پرسییەوە هەربێدەنگ بوو، ئینجا بۆجاری سێیەم لێم پرسی وتی: سوژدە زۆرببە بۆخوای گەورە، تۆهەرسوژدەیەك کەدەیبەیت بۆ خوا ئەوا پلەیەك بەرزت دەکاتەوەو، گوناهێکیشت لێ کەم دەکاتەوە[١].

٣- لابردنی غەم وپەژارە:

ویست وهەم وخەمەکانی بانگەوازی وەك ویست و هەمم و خەمەکانی دنیایی نین کەپەیوەستن بەخواردن و بەرگ و پۆشاك و خانوبەرەو هاوسەرگیرییەوەو، کە ئەوانە دابین بوون ئەوا خەم و خەفەتەکانیشی دەڕۆن، بەڵام مەبەست و خەم وخەفەتەکانی بانگەوازی کاتێ دێنەکایەوە کەخەڵکی دەستبەرداری هەق و ڕاستییەکان دەبن، هەوڵی سەرکەشان و ستەمکاران و شوێنکەوتوانیان بۆ

١- موسلیم ٤٨٨.

لەمپەردانان لەسەر ڕێگای بانگخوازان بۆلای خوا، کەوتنی هەندێ بانگخواز لەوریزەداو نەگەیشتنیان بەهەندێ ئامانجەکانی بانگەوازیو ئەوهەلآنەی هەندێ بانگخواز تێی دەکەوێت، چەند هۆیەکن بۆ بەلآو نەهامەتی‌یەکانی بانگەوازی، ئەو کارو بارانەو شتی تریش خەم و خەفەتی بانگەوازی پێکدەهێنن، هەروەکو دەهاتە ڕێگای پێغەمبەری خواﷺ ئەویش پەنای بۆ نوێژکردن دەبرد، بەتایبەتی (سوژدەکان)، بۆ سووك کردنی ئەم خەم وخەفەتەی بەهۆی وتەوگوفتاری دوژمنانی بانگەوازی‌یەوە بۆی دەهاتە پێش لەبێباوەڕیو هاوەڵ دانان بۆ خواو گومان پەیداکردن و دانانی کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێگای ئیسلام و گەڕانەوە بۆلای خوا. خوای پەروەردگار دەبینێت و دەزانێت کەپێغەمبەری خواﷺ چ ڕەنجێك دەدات و چ خەفەت و ماندوویی‌یەك دەچێژێت و بەهەمان شێوە خوای گەورە ئاگادارو زانایە کەهەربانگەوازێکیش دێتە ژێر ئالآی بانگەوازی ئەو نەهامەتی‌و ناڕەحەتی‌یە دەچێژن.

خوای گەورە نێردراوە خۆشەویستەکەی ڕادەسپێرێت، وە ئەوانەی دوای ئەویش دێن بەپەنا بردن بۆ نوێژکردن بۆ سووك کردنی باری ئەو خەم وپەژارانەو دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ ﴾[١]، واتە: سوێند بەخوا ئێمە چاك دەزانین کەبەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی کەخوانەناسان دەیڵێن (جا لەهەموو کاتێکدا بەتایبەتی لەکاتی دڵ تەنگی‌دا) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی پەروەردگارت بکەو لەڕیزی سوژدەبەراندابە).

(شێخ الآلوسي)دەڵێت: (وکن من الساجدين)مەبەست لێرەدا نوێژکەرانن واتە لەڕیزی نوێژ خوێنان بە، بەلآم لێرەدا کە وشەی (ساجدين)ی بەکارهێناوە ئەوە تەعبیرە لەهەمووی بەهۆی بەشێکەوە (التعبير عن الكل بالجزء)ئەو بەشەش ئەولاترو گەورەترە لەباقی بەشەکانی تر، ڕاستی ئەوەش لەفەرموودەدا

١- الحجر: ٩٨-٩٧.

دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (أقرب مايكون العبد من ربه وهو ساجد)[1]، نزیکترین کاتی بەندە لەپەروەردگاریەوە کاتی سوژدەبردنیەتی، پاشان دەڵێت: لەمیانەی ئەوفەرمانەی خوای گەورە بەپێغەمبەریﷺ دەکات بەوشتانەی باسکران، ڕێنمایی دەکات بۆئەوکارەی کەئەو خەم و ناسۆرانە لادەبات کەدێنە ڕێگای. وەکو ئەوەی وتراوە: ئەوکارە بکەن خوای گەورە هەموو ئەو غەم و دڵتەنگی‌یەی هەتەلای دەبات، بۆ زیاتر گرنگی دان و ئاگاداری لەنوێژەکان فەرمانی پێکراوە، وەك دەبینی بەشێوەیەکی جیا لەفەرمانی پێشوو چونکە ئەمە لەسەر شێوەیەکی تایبەتە کە دەفەرموێت: ﴿وَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾[2]،بێگومان ئەمەش هاندانە بۆنوێژکردن وە پێغەمبەری خواﷺ کاتێك کارێك دڵی تەنگ دەکرد پەنای بۆنوێژکردن دەبرد[3]، هانی شوێنکەوتوانی دەدات پەنا بەرنە بەرنوێژ ئەوەتا بەبیلال دەفەرموێت (يابلال أقم الصلاة، أرحنا بها)[4] واتە: ئەی بیلال بانگی نوێژ بدە بابەهۆیەوە بحەوێینەوەو ئاسودەبین. پێغەمبەری خواﷺ هەستی بەئاسودەیی‌یەکی تەواودەکرد لەنوێژداو لەخەم و ناسۆرەکانی دنیا لای دەداو دووری دەخستەوە لەو شتانەی بێبڕواکان پێیەوە گیرۆدە بوون و دەناڵێنن.

(المناوي) باسی کاریگەری نوێژ دەکات لەسەر مرۆڤ و دەڵێت: (شیفایە بۆ نەخۆشی‌یەکانی دڵ و جەستە و خەم وخەفەت. ﴿ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾[5]. واتە: (داوای کۆمەك و یارمەتی لەخوا بکەن بەهۆی ئارامگرتن ونوێژکردنەوە). لەبەرئەوەیە پێغەمبەری خواﷺ کەشوێنکەوتوانی کارێکیان دەبوو پەنای دەبردە بەرنوێژ. نوێژ: (هێنەری ڕزق و ڕۆزیو پارێزەری تەندروستیو لابەری ئازارەو لادەری نەخۆشی‌یەو چالاکی بەخشی دڵ و مایەی گەشی و کرانەوەو سینە

١- روح المعاني ١٤-٨٧ط، إحياء التراث.

٢- الحجر: ٩٨.

٣- روح المعاني ١٤-٨٧ط، إحياء التراث.

٤- أحمد في المسند ٥/٣٦٤، وصححه الألباني ص ج ص ٧٧٦٩.

٥- البقرة: ١٥٣.

فراوانییـەو لابـەری تەمبـەڵیو سسـتیـیەو چـالاکی دەبەخشـێ بەئەندامـەکان و وزە بەخشـەو خـۆراکی ڕۆحـەو ڕوونـاك کـەرەوەی دڵ ودەروون و ڕۆشـن کـەرەوەی ڕوخسـارەو پـارێزەری بـەهرەو نیعمەتەکانـەو لادەری خەشـم و تووڕەبـوونی خـوای گەورەیـەو هێنـەری بەرەکـەت و لادەری ناخۆشـیو نەهامەتیـیەکانـەو نوێـژ هـۆی دوورکەوتنەوەیە لەشەیتان ودەبێتە هۆی نزیك بوونەوە لەخوای بەخشندە، بەگشتی کاریگەرییەکی زۆر سەرسوڕهێنەری هەیە لەپاراستنی تەندروستی دڵ و جەسـتەداو بەهێزیان دەکات و، لابەری هەموو مـاددە خراپەکانـە لەسـەریان، بەتایبـەتی ئەگـەر هەقی تەواوی پێبدەن و نوێژەکان بەباشـی ئـەنجام بـدەن ئـەوا لابـەری ئازارەکـانی هەردوو دونیایەو هێنەری چاکەو بەرژەوەندیەکانە بەهەمان شێوە)[1].

٤- ئارام گرتن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِعۡ مِنۡهُمۡ ءَاثِمًا أَوۡ كَفُورٗا ٢٤ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ٢٥ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ﴾[2]. واتە: خۆڕاگربە بۆ فەرمانی پەروەرگارت. نەکەیت ملکەچ و فەرمانبەرداری تاوانباران و بێبـاوەڕان بیـت لەوان. ئینجا بەردەوام یادی پەروەردگارت بکەو ناوی پیرۆزی با ویـردی سـەرزمانت بێت، لەبەرەبەیان و دەمەوئێوارانـدا، لەشەوگاریشدا سوژدەی بۆ ببـەو تەسـبیحات و ستایشی لەهەندێك شەودا زۆربکە.

ئـارام گـرتن گـەورەترین بەرگرییـە کـەبانگخوازەکان پێویسـتییان پێیـەتی لەکاروانی بانگەوازیدا، ئەگەر نا بـەهیچ جۆرێـك نـاتوانن لـەو کاروانـە بـەردەوام بـن. ئارام گرتن کاریگەرییو دەرەنجامێکـە بـۆ ئـەو تۆێشـووەی خـوای پـەروەردگار لـەو ئایەتەدا باسی لێـوە دەفـەرموێت ئـەوەش بـەپاك ڕاگـرتن و سـوژدە بـۆ بردنیـەتی، هەرکەس لەسەر پەرستش و بەندایەتی ئارام بگرێت دەتوانێت لەسەرهەموو شـتێکی تر باشتر ئارام بگرێت، هەرکەس پەرستشەکان بەپەلە پەل ئەنجام بدات و دەروونـی

١- فیض القدیر ٤/٥٢٧.
٢- الإنسان: ٢٤،٢٥،٢٦.

بۆ ئامادە نەكات و بەهیمەتەوە بەجێیان نەگەیەنێت ئەوا لەكاروبارەكانی جگەلە پەرستشیش بێ ئارامترەو زووتر لەكیسی دەچێت، لەبەرئەوەیە خوای گەورە فەرمانی كردووە بەپاك ڕاگرتنیو سوژدە بردن بۆی. بۆ ڕاهێنانیان لەسەری تابتوانن سەبرو ئارامیان هەبێت لەسەر هەموو ئەوشتانەی لەكاروانی بانگەوازیدا دێتە ڕێیان.

سەید قوطب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئارام بگرە لەسەر ئازارو بەڵاكان، ئارام گرتن لەسەر شتە بەتاڵ و پووچەكان سەركەوتنە بەسەریدا ئارام گرتن لەسەر شەڕ دەپەڕاندنیەتی، پاشان ئارامی زیاترت هەبێ لەسەر هەموو ئەو ڕاستی‌یانەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون و دابەزیوەتە سەرت، ئارام بگرەوگوێ مەدە بەهەموو ئەو بەرژەوەندی و بەڵاونەهامەتی‌یانەی لەنیوەی ڕێگادا لەسەرحیسابی بیروباوەڕت دێنە ڕێگات و تووش دەبن. ئارام بگرە هەرچەند ماوەكەی زۆر بێت و بەڵاكان توندبن، وەسیلەكانی لەخۆبایی بوون بەهێزبن و ڕێگاكە درێژبێ، ئاگاداریە، بەڵام ئارامگرتن قورس و ناخۆشە، گومانی تێدا نیە توێشوی دەوێ، كاتی دەوێ ﴿ وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ۝٢٥ وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَٱسۡجُدۡ لَهُۥ وَسَبِّحۡهُ لَيۡلٗا طَوِيلًا ﴾[1]، ئائەوەیە توێشوو! . یادی پەروەردگارت بكە بەیانیان و ئێواران، لەشەواندا سوژدەی بۆببە، سوژدەكانت درێژبكەوەو تەسبیحی زۆری بكە،... ئەوە پەیوەندی كردنە بەو سەرچاوەیەی كەقورئانی پیرۆزی ناردۆتە خوارەوە بۆ سەرت و بانگەوازی پێ سپاردوویت، ئەو كارێزی هێزو تواناو سەرچاوەی توێشوو بەهاناوە هاتنە...، پەیوەندی پێوەكردنی زیكرو پەرستش و نزاو پاڕانەوەو ستایش كردنیەتی بەدرێژایی شەو.

ڕێگاكە دوورو درێژە، بارەكە قورس و گرانە، ئەمەش پێویستی بەتوێشووی زۆرو هاوكارێكی گەورەیە، ئەو لەوێیە كاتێ بەندە خەڵوەت و ڕازو نیازی لەگەڵ پەروەردگاریدا دەكات بۆگفت وگۆو گوێڕایەڵیو هۆگربوون لەگەڵیدا، ئەوكاتە لافاوی حەوانەوە هیلاكیو كەفتەیی لادەبات و هێزو توانای زاڵ دەبێت بەسەر

١- الإنسان: ٢٥،٢٦.

بچـووکی‌و لاوازیـداو، لەودەمـەدا ڕۆح و گیـانی کارویـارو هەسـت وهـەمم و خەمـە بچووکەکان دەوەرێنێت و، ئەو ڕاسپاردەو ئەمانەتە قورسە دەبینێت و، هـەر درك و داڵ و نەهامەتی‌یـەك لـەو ڕێگایـەدا تووشـی دێـت لـەلای بچـووك دەبێتـەوەو گـوێی پێنادات[1].

لێرەدایە بانگخواز هەتا ئارامی زیـاتر بێـت و خـۆڕاگرتر بێـت ئـەوا دەبـێ هـەوڵ بدات توێشووی زیاترو گەورەتر کۆبکاتەوە تابتوانێ زیاتر ئارام بگرێت.

٥- ملکەچی:

ملکەچی بەرهەم و دەرەنجامی بەندایەتی‌و پەرستشی زۆرە، لەقورئان خوێندن و زیکرو دوعاو پاڕانەوەو بیرکردنەوەو... هتد. بـەڵام ئـەوەی ملکەچـی‌و تەقوایـەکی زۆر دروسـتدەکات (سـوژدە)بردنـە بـۆ خـوای پـەروەردگار، بەڕاسـتی سـوژدە لەخواترسی زیاتر دەکات چونکە زیـاتر نزیـك بوونەوەیـە لـەخوا، ئـەوەتا خـوا (جـل جلالە) دەفەرموێت: ﴿...إِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهِۦٓ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبْحَـٰنَ رَبِّنَآ إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴿١٠٨﴾ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا﴾[2].

واتە: (پێیان بڵێ ئەی خوانەناسان باوەڕ بەقورئان بهێنن یا باوەڕی پێ نەهێنن (بەدەسـت خۆتانـەو ئـەمڕۆ سەریەسـتن بـەڵام بـزانن بەڕاسـتی ئەوانـەی پێشـتر زانیارییان پێدراوە دەربارەی تـەورات و ئینجیلـی دەسـتکاری نـەکراو، چـاك دەزانـن کەئەم قورئانە لەهەمان سەرچاوەوەیە، هەربۆیە کاتێـك بەسـەریاندا دەخوێنرێتـەوە وەخۆیان پێناگیرێ خێرا سەری ڕێزو نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و سوژدە (بۆ نێـرەری قورئان دەبەن). دەشڵێن: پاکی‌و بێگـەردی بـۆ پەروەردگارمانـە، بەڕاسـتی بـەڵێنی پـەروەردگارمان هەردێتـەدی (بەسەرخسـتنی ئیمانـداران لـەدنیاداو سـەرفرازیان لەقیامەتدا).

١- الظلال ٦/٣٧٨٥.

٢- الإسراء: ١٠٧-١٠٩.

ئەوانە سوژدەو کڕنووش دەبەن و دەگرین و ئەسرینی خۆشەویستی پەروەردگار لەچاوانیان دەبارێت. فرمێسکی ئیمان و شادی هەڵدەوەرێنن و تادێت زیاتر ملکەچ و فەرمانبەردارو دڵ پڕ لەئیمان دەبن.

(الزمخشري) لە (الكشاف) دا دەڵێت: بەسەر چەناگەیاندا دەکەون و دەگرین و ملکەچیو لەخواترسانیان زیاتر دەبێت. دەڵێت: قورئان خوێندن دڵ نەرم دەکات و چاوەکان شێدار دەکات[1]. ئەو کاریگەرییە بەهۆی بیرکردنەوە لەگەورەیی خوادا دروست دەبێت و توندی ئەوکاریگەرییە وایان لێدەکات بەسەر ڕوودا بکەون و بگرین و(سوژدە)ببەن بۆ خوای پەروەردگار، هیچ شتێ نیە ئەوەندە بەهۆیەوە نزیک ببنەوە خۆیانی پێ کەم بگرن و زەلیلیو زەبوونی خۆیانی پێ نیشان بدەن جگە لەسوژدەیەکی ملکەچانە کەشەرم و لەخواترسانی زیاتر دەخاتە سەر ئەو هەموو پارێزکاریو لەخواترسانەی هەیانەوخۆشکاندنی زیاتر دەچێتە سەر ئەو هەموو خۆشکاندنەی هەیانەو، شیرینی باوەڕ دەچێژن و ئیمانیان زیادو پتەو دەکات و تامی ئەو لەخواترسیو تەقواو گفت وگۆو موناجاتەیان لەگەڵ خوای خۆیاندا زیاترو زیاتربێت.

٦- درەوشانەوەی شوێنی سوژدە:

کاتێک قیامەت دێت و خوای پەروەردگار هەمووان زیندوودەکاتەوەو هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی بەملیۆنان کەس لەسەریەک زەوی کۆدەکاتەوە، بەرزو کورت و ڕەش و سپی بەیەکەوە، خەڵکی واتێکەڵ دەبن مرۆڤ ناتوانێ کەس بناسێتەوەو لەوکەش و هەوایەدا جیاکردنەوەیان زۆرگرانە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (مامِن أمتي مِن أحدٍ إلا وأنا أعرفه يوم القيامة: قالوا: وكيف تعرفهم يارسول الله في كثرة الخلائق، قال: أرأيت لو دخلت صبرة فيها خيل دهم بهم، وفيها فرس أغر محجل أمَا كنت تعرفه منها؟ قال: بلى. قال: فإن أمتي يومئذٍ غرّ من السجود محجلون من الوضوء)[2].

١- الكشاف: ٢/ ٤٦٩.

٢- رواه أحمد في المسند ٤/١٨٩ بإسناد صحيح.

واته: هیچ کەسێ نیە لەئوممەتی من نەیناسمەوە لەڕۆژی قیامەتدا، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو ئەوهەموو دروستکراوانەدا چۆن دەیانناسیتەوە؟ فەرمووی ئەگەر ڕەوگە ماینێکی مارۆنی چوارپەل سپی هەبێت و لەناو ڕەوگە ماینێکی ڕەشی پەتیدا بێ ئایا ڕەوگەکە لەناویاندا ناناسیتەوە؟ وتیان: بەڵێ، فەرموی: بەڕاستی ئومەتی من لەو ڕۆژەدا بەهۆی چاکی سوژدەکانیانەوە شوێنی دەستنوێژیان سپیوگەش وجوانە چەند پلەیکی بەرزو پیرۆزە!.. نەتەوەی (موحەمەد ﷺ) لەباقی نەتەوەکانی تر جیادەکرێنەوە بەونیشانەی شوێنەواری سوژدەیە.

ئەو زەرەرو زیانەش کەنوێژ نەکەر دەیکات چەند گەورەیە!.... ئەوکەسەی ناوچەوانی خۆی لەوە بەگەورەتر دەزانێ کەبیخاتە سەرزەوی‌و هەروەکو ئەوانەی لێدێت کەبێباوەڕن و هیچ نیشانەیەکیان نییە جیایان بکاتەوە لەوانی تر... لەوچارە ڕەشییەی تێی دەکەون، زۆر دەگرین و پەشیمانن ...بەڵام ئەوپەشیمانییە هیچ سوودیان پێناگەیەنێت لەو ڕۆژەدا کەزۆر گەرم و برسیکەرو پڕ مەترسییە ... بەڕاستی جێگەی هەڵوێست و شانازییە بۆ هەموو ئەوانەی دەست و پێیان سپی دەچێتەوەو بەهۆی شوێنەواری سوژدەکانیانەوە، چونکە لەدنیادا سەریان نزم دەکەن بۆ خوای گەورە، ئەوەتا خوای گەورەش لەڕۆژی قیامەتدا لەناو ئەو هەموو دروستکراوانەدا بەرزیان دەکاتەوە بەسەر هەموو بەدیهێنراوەکانیدا – دروستکراوەکانیدا– .

٧- گریانی شەیتان:

هەرجارێك مرۆڤ سوژدەی قورئان خوێندن دەبات، ئەوا شەیتان تووڕەو جاڕس دەکات و چیرۆکی خۆی لەگەڵ حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) بیردەکەوێتەوە، کەخوای گەورە فەرمانی پێدەکات سوژدە بۆحەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) ببات، ئەو لووت بەرزی نواندو سوژدەی نەبرد، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە بەتوندترین پەشیمانی گریەنەر، بەڵام پەشیمانییەکەی بۆش و بەتاڵە لەوازهێنان لەو سەرپێچییە، ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (إذا قرأ ابن آدم السجدة فسجد اعتزل الشيطان يبكي،

يقول ياويله (وفي رواية أبي كريب: ياويلى، أُمِر ابن آدم بالسجود فسَجَدَ فَلَهُ الجنةَ. وأُمِرْتُ بالسجود فأبيت فلِيَ النار)[1]. واتـه: (كاتێ ئادەمیزاد کەئایەتی سەجدە دەخوێنێو سوجدەی تیلاوەت دەبا بۆ خوا، شەیتان لەتاوان کەنار دەگرێو دەگریاو دەڵێ: ئەی هاوار لەخۆی، لەگێڕانەوەی (أبی کریب)دا دەڵێ: ئەی هاوار لەخۆم! فەرمان کرا بەئادەمیزاد کەکوڕنوش ببات و کوڕنوشی بردو بەهەشتی بۆ بوو، وەفەرمان کرا بەمن کەکوڕنوش ببەم، بەلاّم من کوڕنوشم نەبردو ئاگری دۆزەخم بۆمایەوە.

ئەوە ئەو شەیتانەیە کەتوانای ئەوەی وەرگرتووە بتوانێت ئادەمیزاد لەخشتە ببات و وێڵ و سەرگەردانیان بکات و ببێتە هۆی چوونی خەڵکانێکی زۆری تر بۆ ناو ئاگر، دەبینیت چەندە بچووك و لاوازو نزم و بێ نرخەو دەگریەت، گریانێکی توند، کاتێك موسڵمانێك دەبینێت قورئان دەخوێنێو سوژدە دەبات بەڕاستی شیاوو جوانە کەموسوڵمان سوژدەی زیاتر ببات لەڕقی شەیتان وگریاندنی.

٨- ڕزگاریو سەرفرازی ڕۆژی قیامەت:

بوخاری (ڕەزای خوای لێبێ) فەرموودەیەکی هێناوە لەبابی (قول الله تعالی)دا ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ﴾[2]، کە پێغەمبەری خواﷺ قسەی لەسەر کردووە لە ـ ڕووداوەکانی قیامەت ـ فەرموویەتی: (حتى إذا فرغ الله من القضاء بين العباد، وأراد أن يخرج برحمته من أراد من أهل النار أمر الملائكة أنْ يخرجوا مِن النار مَن كان لايشرك بالله شيئا ممن أراد الله أن يرحمه ممن يشهد أن لا إله إلا الله فيعرفونهم في النار بأثر السجود، تأكل النار ابن آدم إلا أثر السجود، حرم الله على النار أنْ تاكل أثر السجود، فيخرجون من النار قد امتحشوا فيصب عليهم ماء الحياة فينبتون تحته، كما تنبت الحبة في حميل السيل...)[3]، بەواتای: کاتێ خوای گەورە دادوەری نێوان بەندەکانی تەواوکرد، بەڕەحم و بەزەیی خۆی دەیەوێت دەستەیەك لەئەهلی ئاگر

١- مسلم: ٨١.

٢- القيامة: ٢٢.

٣- البخاري- الفتح/٧٤٣٧، وە تەواوکەریشی هەیە.

دەربهێنێت، فەرمان بەفریشتەکان دەکات: هەرکەسێ هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەدابێت دەری بهێنن، ئەوانەی خوای گەورە ڕزگاریان دەکات لەوانەن: شایەتیان داوە کەتەنها یەك خودا هەیەو بەشوێنەواری سوژدەکانیاندا دەناسرێنەوە، چونکە ئاگر هەموو شوێنێکی ئادەمیزاد دەسووتێنێ تەنها جێگای سوژدە نەبێت، کەخوای گەورە ئاگری لەسەر سووتاندنی شوێنی سوژدە حەرام کردووە، پاشان دەردەهێنرێت لەئاگر کە بەتەواوی وشك بوونەوەتەوەو بوون بەخەڵوز، ئینجا ئاوی ژیانیان بەسەردا دەبارێنێت و دەیانژێنێتەوەو دەڕوێنەوە هەروەکو چۆن تۆوێك لەناو لیتەی لافاودا سەوز دەبێتەوە. ئەوانە خەڵکی خراپەکاربوون بەڵام نوێژیان کردووەو لەکاتی گوناهو تاوانەکانیشیان وازیان لە نوێژ نەهێناوە، لەسەر سەرپێچی یەکانیان سزادەدرێن، بەڵام خوای پەروەردگار ئاگری حەرام کردووە لەسەر ئەو شوێنانەی شوێنەواری (سوژدە)ن و نایانسوتێنێت. بەم شێوەیە جیایان دەکاتەوە لەباقی ئەهلی ناو ئاگرو هێنانە دەریان بۆ فریشتەکان ئاسان دەکات.

٩- چوونە ناو بەهەشت:

موسلم لە (صحيح)ەکەیدا فەرمودەیەك لە (ئەبی سەلەمە)وە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: (حدثني ربيعة بن كعب الأسلمي، قال: كنت أبيت مع رسول اللهﷺ فأتيته بوضوئه وحاجته، فقال لي (سل)فقلت: أسألك مرافقتك في الجنة قال (أوغير ذلك) قلت: هو ذاك، قال: (فأعني على نفسك بكثرة السجود)[1]، واتە: ڕەبیعەی کوری کەعبی ئەسلەمی وتی: لەگەڵ پێغەمبەری خواداﷺ بووم ئاوی دەستنوێژم بۆ هێنا، دەستنوێژی گرت و پێویستی خۆی بەجێهێنا، ئینجا فەرمووی: (داوابکە) وتم: داوات لێدەکەم هاوەڵت بم لەبەهەشتدا، فەرمووی (جگەلەوە)، وتم: هەرئەوە، فەرمووی (بە سووژدە بردنی زۆر یارمەتیم بدە). ئەو هاوەڵە بەڕێزە کە لەخزمەتی پێغەمبەرداﷺ بووەو ئەو هەلە گەورەی بۆ ڕەخساوە کەهەرچی بیەوێت داوابکات، دەشزانێن کەداوای پێغەمبەرﷺ وەڵام دراوەیە، ئەگەر داوای کرد باچەند چیایەکی

١- مسلم: ٤٨٩.

بۆ بکاتە ئاڵتون، ئەوا خوای پەروەردگار داواکەی وەردەگرت و بۆی گیرا دەکرد، بەڕاستی دەرگای داخوازی بۆ کراوەتەوە هەرشتێ دەیەوێت داوای بکات، وەکو وەفایەك بۆ ئەو خزمەتەی بەپێغەمبەری خوای کردبووﷺ، ئەوەتا پێی دەفەرموێت:

(داوابکە)هەرچی دەتەوێت بێ ئەوەی هیچ برێك یاجۆری داواکەی بۆ دیاری بکات، بەڵام ئەو هاوەڵە پایە بەرزە بەهیمەتی بەرزی خۆی سنووری زەویو ڕابواردنی ژیانی دنیای بڕیو وەلای ناو بەرزبووەوە بۆ چوونە بەهەشت، بۆ هاوەڵی کردنی پێغەمبەرﷺ تیایدا، بێگومان ئەوە هیمەتێکی بەرزە، بەڵام ئەو هەوارگە بەرزەی کەفیردەوسی بەرزو بڵندەو جێگای پێغەمبەران و(سەلامی خوایان لێ بێ) شەهیدانە، دەست ناکەوێت، مەگەر بەکرداری گەورەنەبێت، پێغەمبەرﷺبۆی ڕوون کردەوە چۆن دەچێتە بەهەشتەوەو لەوێدا دەبێتە هاوەڵی ئەو، کەئەوەیش بەسوژدە بردن، ئەوەتا پێی دەفەرموێ: نەفست والێ بکە کەیارمەتیم بدەی، چونکە نەفس فەرمان بەخراپە دەکات و حەزی لەپابەند بوون و بەندایەتی کردن نییە، نەفس دەبێت بەردەوام پاك ڕابگیرێت و تێکۆشانێکی زۆری لەگەڵدا بکرێت تاسارد نەبێتەوەو بەسەریدا زاڵ بێت و ئەوەی خوای گەورە دەیەوێت بیکات و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداربێت.

وە (سوژدە)ی زۆر ببرێت، ئەوەش بەنوێژکردنی زۆر دەبێت، دوای بەجێ گەیاندنی ئەو فەرزانەی خودا فەرمانی پێکردوون، سوننەتەکان بکەن وەکو نوێژی چێشتەنگاو نوێژی گەڕانەوەو شەونوێژ جا چ لە سەرەتای شەو یاناوەڕاستی یاکۆتایی شەوداو سوونەتی ڕەواتب و نێوان هەرنوێژو نوێژێکی ترداو سوننەتەکانی تر.

مێرگی (٣٦)
سوژدەکانی ڕۆژی دوایی

١- سوژدەی پێغەمبەرﷺ:

سوژدەکانی پێغەمبەرﷺ لە ڕۆژی قیامەتدا زۆرگرنگن و بایەخێکی گەورەیان هەیە، ئەو لەدنیادا سوژدەکانی زۆردرێژ دەکردەوە تائامادە بێت بۆ ئەو سوژدانەی دوای ئەوان دێن، بۆ ئەو ڕووداوە گەورەی کەئوممەتەکەی چاوەڕوانی دەکەن دوای چەشتنی تاڵاوی وەستانی سەرزەمینی حەشرو تووش بوونیان بەو هەموو بێ هێزیو تەنگانەی بەرگەرمای تیشکی خۆری ڕۆژی قیامەت، لەڕاستیدا ئەوە شەفاعەتی گەورەیە، ئەوشەفاعەتەی کەموسوڵمانان لەهەموو کات و سەردەمێکدا دوای هەموو بانگێك دوعا دەکەن کە ئەوە ببەخشێت بەپێغەمبەرەکەیانﷺ تا بەڵکو لەڕۆژی قیامەتدا ڕەحمیان پێ بکات، لە(صحیح)ی بوخاریدا فەرموودەیەك لەسەر ڕۆژی حەشر هاتووە: (وتدنو منهم الشمس، فيقول بعض الناس، ألاترون الى ما أنتم فيه، إلى مابلغكم؟ ألا تنظرون الى من يشفع لكم الى ربكم؟ فيقول بعض الناس: أوكم أدم، فيأتونه فيقولون ياآدم أنت أبو البشر، خلقك الله بيده، ونفخ فيك من روحه، وأمر الملائكة فسجدوا لك، وأسكنك الجنة، ألا تشفع لنا الى ربك؟ ألاترى مانحن فيه وما بلغنا؟ فيقول: ربي غضب غضبا لم يغضب قبله مثله، ولا يغضب بعده مثله. و نهاني عن الشجرة فعصيت، نفسي نفسي، اذهبوا الى غيري، اذهبو الى نوح. فيأتون نوحاً فيقولون: يانوح أنت أول الرسل الى أهل الأرض، وسماك الله عبداً شكوراً، أما ترى إلى مانحن فيه؟ ألاترى الى مابلغنا؟ ألاتشفع لنا إلى ربك؟ فيقول: ربي غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله، ولا يغضب بعده مثله، نفسي نفسي*[1]،

---

* ئەم فەرموودەیە درێژترەو، باس لەوە دەکات کە خەڵکی دوای حەزرەتی نوح دەچنە لای چەند پێغەمبەرێکی تریش (سەلامی خوایان لێ بێ)، بەڵام نووسەر لێرەدا ئاماژەی پێ نەکردووە، بۆیە منیش نەمویست دەسکاری بکەم و هەروەکو خۆی نووسیمەوە. وەرگێڕ.

أئتوا النبيﷺ فيأتوني. فأسجد تحت العرش، فيقال يامحمد ارفع رأسك، واشفع تشفع، وسل تعطه)[1].

وفي رواية (أحمد) يتبين أنه يسجد أكثر من سجود، وأنه يطيل في سجوده مقدار أسبوع فعندما يأتون الناس عيسى (عليه السلام) يقول لهم (انطلقوا الى سيد ولد آدم فإنه أول من تنشق عنه الأرض يوم القيامة، انطلقوا الى (محمدﷺ) فيشفع لكم إلى ربكم عزوجل، قال: فينطلق فيأتي جبريل (عليه السلام) ربه فيقول الله عزوجل ائذن له وبشره بالجنة، قال فينطلق به جبريل فيخر ساجداً قدر جمعة ويقول الله عزوجل إرفع رأسك يا محمدﷺ وقل يسمع واشفع تشفع، قال فيرفع رأسه فإذا نظر الى ربه (عزوجل)خرَّ ساجدا قدر جمعة أخرى، فيقول الله (عزوجل)إرفع رأسك وقل يسمع واشفع تشفع قال فيذهب ليقع ساجدا فيأخذ جبريل (عليه السلام) بضبعيه فيفتح الله (عزوجل)عليه من الدعاء شيئاً لم يفتحه على بَشَر قط فيقول أي ربي خلقتني سيد ولد آدم ولا فخر....)[2]. واته: (... خۆر لێیان نزیك دەبێتەوەو هەتاو تینیان بۆ دێنێ و دەكەونە تەنگانەوە، لەناو خۆیاندا بەیەكتری دەڵێن: ئایا خۆدەبینن لە چ تەنگانەیەكداین؟ ئادەی باكەسێك بدۆزینەوە بەڵكو لەلای خوای پەروەردگار تكامان بۆ بكات لەم خەم و پەژارەو سەختڵەتییە ڕزگارمان بكات، هەندێكیان دەڵێن: بابچین بۆخزمەت باوكە- ئادەم- (سەلامی خوای لێبێ)، دەچنە خزمەتی پێی دەڵێن: ئەی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) تۆ باوكی هەموو بەرەی ئادەمیزادی، خوا بەدەستی خۆی دروستی كردووی، لەگیانی خۆی كردووە بەبەرتا، فەرمانی كرد بەفریشتەكان كڕنووشیان بۆ بردیت، لەبەهەشتدا نیشتەجێی كردیت، كەواتە لای خوا خاترت هەیە، ئایا لەخزمەتی خوادا تكامان بۆ ناكەیت؟ ئایا نابینیت كەچیمان بەسەرهاتووەو تووشی چ ڕۆژێكی ڕەش بووین؟ حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوایان لێ بێ) دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم ڕقێكی ئەوتۆی گرتووە، نەلەمەوبەر ڕقی وا

١- البخاري- الفتح- ٣٣٤٠.

٢- أورده الهيثمي في مجمع الزوائد قال: رواه أحمد وأبو يعلي بنحوه والبزار ورجالهم ثقات.

هەڵساوەو نەلەمەودوا ڕقی وا هەڵدەستی، کاتێ خۆی خودا قەدەغەی کرد لێم لەو درەختە بخۆم ...

بەڵام من سەرپێچیم کردو بێفەرمانی ئەوم کرد، من خەمی خۆمەو بەس (نەفسی، نەفسی، خۆم، خۆم، هەقم بەسەر کەسی ترەوە نیە)، بچنە لای کەسێکی تر بڕۆنە خزمەتی نوح. ئەوجا دەچن بۆلای حەزرەتی نوح (سەلامی خوای لێ بێ) و دەڵێن: ئەی نوح! تۆ یەکەم ڕەوانەکراوی بۆ سەر خەڵکی سەرزەمین خودا لەقورئانی پیرۆزدا ناوی ناویت بەندەی سوپاسگوزار تۆدەبینیت لەچ حاڵێکداین و چەند پەرێشان و پەشێوین و چیمان بەسەردا هاتووە؟ دەی لەخزمەت پەروەردگاردا تکامان بۆ بکە، نوحیش پێیان دەفەرموێت: پەروەردگارم ئەمڕۆ بەشێوەیەك تووڕەیەو ڕقی هەڵساوە هەرگیز لەمەوبەر وا تووڕە نەبووەو لەمەودوایش ئاوا تووڕە نابێت و ڕقی هەڵناستێ، خوای گەورە کاتی خۆی نزایەکی گیرابووی پێ خەڵات کردووم، ئەم نزایەشم لەجیهاندا لەگەڵ خۆم کردووە (نەفسی، نەفسی، خۆم، خۆم) دەفەرموێ: بچن بۆلای پێغەمبەرﷺ بۆلای من دێن و منیش لەژێر عەرشا سوژدە دەبەم، پێم دەگوترێت: ئەی (محمدﷺ) سەرت بەرزکەرەوە، داوا بکە لێت وەردەگیرێت، تکا بکە تکاکەت وەردەگیرێت).

لە گێڕانەوەیەکی ئیمام (ئەحمەد)دا ڕوون دەبێتەوە کەزیاتر لە سوژدەیەك دەبات و ئەو کڕنووشێکی دووردرێژی پڕ لەستایشی جوان لەژێر تەختی پەروەردگاردا دەبات کەماوەی یەك هەفتە دەخایەنێت، دوای ئەوەی حەزرەتی (عیسا- سەلامی خوای لێبێ) پێیان دەفەرموێت: بچن بۆلای گەورەمان نەوەکانی ئادەم ئەوکەسەی کەیەکەم کەسە زەوی بۆ شەق دەبێت لەڕۆژی قیامەتدا، بچن بۆلای (محمدﷺ) با ئەو تکاتان بۆ بکات لەخزمەت پەروەردگارتان، فەرمووی دەچن و خوای گەورە حەزرەتی جبرئیل (سەلامی خوای لێ بێ) دەنێرێ خوای گەورە دەفەرموێ: ڕێگای بدەو مژدەی بەهەشتی پێبدە، فەرمووی: لەگەڵ جبریلدا دێت و دەگاتە ژێر تەخت و بارەگای خوداو، لەوێ کڕنووشێکی دوورو درێژو پڕ لەستایش دەبات بۆ خودا کەهەفتەیەك دەخایەنێ، خوای گەورە دەفەرموێ: سەرت بەرزکەوە

ئـەی (محمـدﷺ) داوابکـە تاپێـت بـدەم و قسـەبکە دەبیسـترێت و تکـا بکـە گـەورە یابچووك گیرای دەکەم، ئینجا سـەر بـەرز دەکاتـەوە بـۆ پـەروەردگاری دەڕوانێـت، جارێکی تر دەچێتەوە سوژدە بەم جۆرە سوژدەیەکی درێژی پـڕ لەستایشـی جـوان کەخوا بۆ خۆی خستویەتیەیە دڵیـەوەو هەفتەیـەکی تـر دەخایـەنێ، خـوای گـەورە دەفەرموێ: سەرت بەرزکەرەوەو قسەبکەو داوا بکە وەری دەگرم و تکا بکە تاگیرای بکـەم، دەفـەرموێ: دیسـان دەیـەوێت بچێتەوە سـوژدە بـەڵام حـەزرەتی جبریـل (سەلامی خوای لێ بێ) قۆڵـەکانی دەگرێـت و بـەرزی دەکاتـەوە خـوای پـەروەردگار رووخسەتی دەدات داوا بکات بەجۆرێك هەرگیز دەرگای پاڕانەوەی لەسەر هیچ کەس بـەم جـۆرە نەکردووەتـەوە، دەفـەرموێت: پـەروەردگارم تـۆ بەگـەورەی نـەوەکانی ئادەم (سەلامی خوای لێ بێ) دروستت کردووم و..........).

٢- سوژدەی بڕواداران:

کـاتی پیرۆزتـرین و پایـە بـەرزترین سـوژدە لـەرۆژی قیامەتـدا سـوژدەی پێغەمبـەرﷺ بێـت، کە لـەپێناوی ئـەو تکا کردنـە گەورەیـە بـۆ ئوممـەتی دەبیـات بەرزترین سـوژدە لـەدوای سـوژدەی (پێغەمبـەرمان ﷺ) سـوژدەی بڕوادارانـە، ئـەو کاتـەی خـوای پـەروەردگار پـەردە لەسـەر هـەموو شـتێ لادەدات و لاقـی خـۆی هەڵدەماڵێ (يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ) وەهیچ شتێ هاوشێوەی نیـە ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾[١]، کاتێ دووڕووەکان و خاوەن سوژدە ساختەو ناڕاستەکان لەئوممەتی (موحەمـەدﷺ) هەوڵ دەدەن سوژدە ببەن بەڵام ناتوانن و جیادەکرێنەوە لەوانەی لەدنیادا بەڕاستی سوژدەیان بۆ خوا بـردووەو لەکۆمـەڵی (خـاوەن تـەوێڵی سـوژدەبەر)بـوون، ئـەوەتا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:﴿ يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٤٢﴾ خَٰشِعَةً أَبْصَٰرُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ وَقَدْ كَانُوا۟ يُدْعَوْنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمْ سَٰلِمُونَ ﴾[٢]. واتـە: (ڕۆژێك دێت پەردە لەسەر هەموو شتێك لادەبرێت و لاق دەردەکەوێت، خوانەناسـان

١- الشورى:١١.

٢- القلم: ٤٢،٤٣.

بانگ دەکرێن بۆ سوژدەبردن بەڵام ناتوانن، ئەوانە ئەو ڕۆژە چاویان شۆڕەو زەلیلیو خەجاڵەتی بەتەواوی دایاندەگرێت، چونکە کاتی خۆی بانگ دەکران بۆ نوێژکردن و سوژدەبردن، لە کاتێکدا لەوپەڕی تەندروستیو سەربەستیدا بوون (بەڵام گاڵتەیان پێ دەهات).

(شیخ عبدوڕەحمانی السعدی) دەڵێت: (کەڕۆژی قیامەت هات و پەردە لەسەر هەموو شتێك لادرا پەشێویو لەرزانەوەو مەترسییەکان دێن ودەردەکەون ترس و وەهم دایاندەگرێت، کردگار دێت بۆ جیاکردنەوەو دادوەری لەنێوان بەندەکانیانداو بۆنامە پێدانیان، پەردە لەسەر هەموو شتێك لادەدات و لاقی ڕێزداری دەردەکەوێت، کەهیچ شتێ هاوشێوەی نییە، دروستکراوان گەورەییو شکۆمەندی خوا دەبینن کەبەهیچ جۆرێك لێك نادرێتەوەو تەعبیر ناکرێ، لەوکاتەدا داوا دەکەن سوژدە بۆ خوا ببەن، ئەو بڕوادارانە سوژدە دەبەن کەبەڕەزامەندیو لەخۆبووردوویی خۆیان سوژدەیان بۆ خوا بردووە).

خراپەکارو دووڕووەکان دەڕۆن تا سووژدە ببەن، بەڵام ئەوان ناتوانن سوژدە ببەن و پشتیان ڕەق دەبێ وەکو شاخی مانگای لێ دێ، هەرچەندە هەوڵ دەدەن ناتوانن بچەمێنەوە سوژدە ببەن، ئاوا لەبەرچاوی ئەو عەشاماتە تەریق و چاوشۆرو ڕیسوا دەبن ئەوەش سزای کردەوەکانیانە، ئەوانە کاتێ لەدنیادا بوون داوایان لێکراوە خوا بەتاك بزانن و بەندایەتی بۆ بکەن و سوژدەی بۆ ببەن، لەکاتێکدا لەوپەڕی ساغیو تەندروستیدا بوون، بەڵام بەبێ هۆ لووت بەرزیان نواندوەو خۆیان لەوە بەگەورەتر زانیوە کەسوژدە بۆ خواببەن و بگەڕێنەوە. لەو ڕۆژەدا پرسیار نەلەحاڵیان دەکرێت و نەلە خراپیو نالەباری شوێنەکانیان شایانی سزان و خوای پەروەردگار لێیان تووڕەیەو هەموو هۆکارێکیان لێ دەبڕێت و، پەشیمانییان هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێ و لەڕۆژی قیامەتدا بیانوو هێنانەوە هیچ دادیان نادات.

موسلم فەرمودەیەکی هێناوە کەخوای پەروەردگار دوای ئەوەی (جوولەکەو نەصاریەکان دەخاتە ئاگرەوە هیچ کەس نامێنێتەوە تەنها ئەوانە نەبێت کەبەندایەتییان تەنها بۆ خوا کردووە لەچاکە کارو خراپەکار ئینجا خوای گەورە

لەشێوەیەکدا کەنایناسنەوە خۆیان نیشان دەدات دەفەرموێت: (فما تنتظرون؟ تتبع كل أمة ماكانت تعبد. قالوا: يا ربنا! فارقنا الناس في الدنيا أفقر ماكنا إليهم، ولم نصاحبهم فيقول: أنا ربكم فيقولون: نعوذ بالله منك. لاتشرك بالله شيئا (مرتين أو ثلاثا) حتى أن بعضهم ليكاد أن ينقلب. فيقول: هل بينكم وبينه آية فتعرفونه بها؟ فيقولون: نعم. فيكشف عن ساق فلا يبقى من كان يسجد لله من تلقاء نفسه إلا أذن الله له بالسجود، ولايبقى مَن كان يسجد إتقاء ورياء إلاجعل الله ظهره طبقة واحدة. كلما أراد أن يسجد خر على قفاه، ثم يرفعون رؤوسهم، وقد تحول في صورته التي رأوه فيها أول مرة فقال: أنا ربكم، فيقولون: أنت ربنا ......)[1].

واتە: (ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن؟ هەرکەس شوێنی پەرستراوەکەی دەکەوێت. ئەوانیش دەپاڕێنەوەو دەڵێن: خوایە گیان، پەروەردگارمان ئێمە جیابووینەوە لەخزم وکەس و هاوڕێیانمان لەکاتێکدا پێویستمان پێیان بووە بەڵام چاوەڕێی ئەو ڕۆژەمان دەکرد کەدەگەینەوە بەخوداو وازمان لەوان هێنا لەبەرئەوەی ئەوان بێفەرمانی خوایان دەکردو هاوەڵیمان نەکردن.

دەفەرموێ: من پەروەردگارتانم دەڵێن: پەنادەگرین بەخوا لە تۆ هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار نادەین و ئەمە شوێنمانە تاپەروەردگارمان دێت دەفەرموێت: ئایا نیشانەیەك لەنێوان ئێوەو ئەودا هەیە، بەهۆیەوە بیناسنەوە؟ دەڵێن: بەڵێ پەردە لەسەر هەموو شتێ لادەدات و لاقی هەڵدەماڵێ، هەرکەس سوژدەی بۆ خوا بردبێ بەڕاستی ئیلا روخسەتی دەدا لەکاتی گەیشتنەوەی بەخوا سوژدە بۆ خوا ببات، وەکەسیش نامێنێ لەوانەی کەسوژدەی بۆ ڕوپامایی بۆ خوا بردبێ پشتی دەکاتە یەك پارچەی ڕەق، هەرکەویستیان سوژدەی بۆببەن بەپێوە ڕەق دەبن و ناتوانن. ئینجا خوای گەورە لەو شێوەیەدا کەدەیناسن دێت و دەفەرموێ: من پەروەردگارتانم، دەڵێن، تۆ پەروەردگاری ئێمەی...).

بەڵێ بەڕاستی بڕواداران دەتوانن سوژدە ببەن و سوژدەکانیان بۆ خوای گەورە درێژدەکەنەوە، لەدنیادا تەنها بەهەستکردن بەنزیکی ئەو ئاوا کڕنوشی درێژیان

1- مسلم ٣٠٢ ، كتاب الإيمان.

دەبـردو تیایـدا ستایشـی جـوانی خوایـان دەکـرد، دەی ئێسـتا بەچـاو دەیبیـنن لەبەردەمیاندایە دەبێ چۆن بن؟ لـە کاتێکدا ئـەوان ئـەو خۆشەویستـەیان دەبیـنن کەڕێنمایی کـردوون بـۆ ڕێگای ڕاست، پاڵنـەریان بـووە لـەدنیاداو دڵـەکانی ڕووناک کردوونەتـــەوە، دوای چـــاوەڕوانیو پەرۆشـــیەکی زۆر بـــۆی ئێســـتا دەبیـــنن لەبەردەمیاندایە، دەبێ ئەو سوژدەیە یان چ سـوژدەیەك و چۆن سـوژدەیەك بێت؟ چەند درێژ بێت؟ ئەوە پاداشتە بۆ (سوژدە)کانیان.

مێرگی (٣٧)

دوعاو پاڕانەوەی خەفەت و بێزاری و دڵ توندی

ئەگەر سوژدە ڕەنگیٚ بیٚ لەڕەنگەکانی ئەو ئاسوودەیی‌یەی پێغەمبەرﷺ هەستی پێکردووە کاتیٚ کاری زۆری لەسەر کۆبووەتەوەو خەم و خەفەتی زۆر ڕووی تێکردووە، دەپاڕایەوە بەو دوعاو نزایانەی کەخوای گەورە دەیخستە دڵیەوە بۆ لابردنی ئەو خەفەت و دڵتەنگی‌یەی توشی دەبوو، ئەی (الهم والكرب– خەفەت و دڵ توندیو بێزاری) بەمانای چی دێت؟ (پێغەمبەرمانﷺ) چی فێرکردوین تالە دوعاو پاڕانەوەکانمان بیڵێین لەکاتی خەم و خەفەت و بێزاریدا.

واتای دڵتەنگیو خەفەت (الكرب والهم):

(ئیبنو مەنصور) دەڵێت: الكرب: ئەو خەم وخەفەتەیە کەنەفس دادەگرێو (وكربه الامر، والغم يكربه كربا، أشتد عليه) ماتەمینی دایگرت، بێزاربوو، تەنگاوو بێتاقەت بوو، ئەستەم و مەحاڵە لەسەری.

وأكرب الإناء: قاپەکە پڕبوو: نزیکی لەسەر ڕژانە.

پەست و خەفەت باربوون، هەراسانیو هاتنەوەیەك و تەنگ پیٚ هەڵچنین. (وكرب الأرض يكرُبُها كربا وكربا، قلبَها للحرث وآثارها للزرع. واتە: کێڵان و هەڵگێڕانەوەو ژێرەو ژووركردن، چۆن زەوی دەكێڵدرێت بۆ چاندن وكشتوكاڵ.(ئیبنو مەنظور) دەڵێت: (الهم) واتە: خەفەت، گرنگی دانی زۆرو زیادەڕۆیی لەکاروبار. یا بەواتای زۆر توندو سوتێنەر.

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە (الكرب والهم)– (خەفەت و ماتەم و هەراسان بوون)بەواتا لێك نزیکن هەریەکێکیان بە مانای: (خەفەتێکی توند، هاتنەوەیەك و تەنگ پیٚ هەڵچنین بەجۆرێك کەبیروهۆش پەرش و پەرتەوازە دەکات و هەست و هزر بڵاودەکات و دەیهەژێنیٚ چۆن زەوی بۆ کێڵان ژێرەوژوور دەکرێت و شوێن شوێن

دەکرێت بۆ چاندن ... لەتوندیدا مرۆڤ دەپێچێتەوە لەنێوان لوولـدان و توندکردنـدا، هەروەکو چۆن گوریسێك لـەناو دەستەکانیدا لـوول دەداو دەیپێچێتەوە، بـەجۆرێ تـەنگی پێهەڵدەچـنێ توانـای هـیچ کـارێکی نـامێنێ، هـەروەکو کەوتبێتـە بـەڵاو نەهامەتییەکـەوە کـەزۆری لەخـەڵکی تواندووەتـەوە بـەو هـەموو ڕەقییەیانـەوە هەروەکو تیشکی خۆر بەفر دەتوێنێتەوە).

نزاو پاڕانەوەی خەفەت و دڵ تەنگی:

لەبەردەم ئەو نەهامەتییەی کە لەتوندیدا مرۆڤ دەتوێنێتەوە کەس ناتوانێ خۆی بۆ ڕاگرێت، مەگەر کەسێك پەیوەنـدی بکـات بەوکەسـەوە کەچـارەنووس و نـەمانی بەدەستی ئەوە، بەتواناو دەسەڵاتە، بـەزەلیلیو ملکەچـییەوە داوای لـێ بکـات دان بەتاوانەکانیدا بنێو لەدەرگای بدات و، داوای یارمەتی لێ بکات، دڵنیاو یەقینی بێت کەئەو بەتوانایە بۆلابردنی، جگەلەو کەس ناتوانێت خەم و خەفەت لابەرێت، هەرئـەو بەدەسەڵاتە لەسەر هۆیـەکان و ئامادەیـان دەکـات بـۆ بەنـدەکانی، ئـەو خـەم و دڵ توندییە لاناچێت هەتا ئـەو داوانـەکات لەپـەروەردگار کـەتواناو دەسـەڵاتی لابردنـی هەیەو تەنها داوا لەو بکات بەبێ ئەوەی هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار بدات .

لەبەرئـەوە پێغەمبـەرﷺ فێـری کـردووین چـی بڵـێین لـەکاتی هەرغـەم و دڵ توندییەك کەلەکاروانی ژیانماندا دێتـە ڕێمـان بـۆ ئـەوەی خـوای گـەورە لەسـەرمان لابەرێت و ئەو خەفەتەمان بۆبگێڕێ بە دڵخۆشی، لـە (عەبـدوڵای کـوڕی مەسـعود – ڕەزای خوای لێ بێ) دەگێڕینەوە دەڵێن: پێغەمبەرﷺ فـەرمووی: کـێ خەفـەتی زۆر بوو با بڵێ:

(اللهم إني عبدك وابن عبدك، وابن أُمتك، وفي قبضـتك، ناصيتي بيـدك، مـاضٍ في حكمك، عدل فيَّ قضـاؤك، أسـألك بكـل اسـمٍ هـو لـك سميت بـه نفسـك، أو أنزلتـه في كتابك، أو استأثرت به في مكنون الغيب عندك: أنْ تجعل القـرآن ربيـع قلـبي، وجـلاء همي وغمي، ماقالها عبد قط إلا أذهب الله غمه، وأبدله به فرحا)[1]. واتە: پەروەردگارا

١– رواه أحمد في مسنده.

من بەندەی خۆتم، کوڕی بەندەو کەنیزەکی خۆتم، لەژێر دەستی خۆتدام، ناوچەوانم بەدەستی تۆیە، بڕیاری تۆ بۆمن دراوە، بڕیارت بۆ من داد پەروەرانەو بەجێیە، داوات لێدەکەم بەهەرناوێك لەناوە پیرۆزو جوانەکانت کەلەخۆتت ناوە، یالە کتێبە پیرۆزەکەت ناردوتە یانهێنیو شاراوەیە لای تۆو ئێمە نایزانین و لامان نادیارە، قورئان بکەیتە بەهاری دڵم و لابەری هەمم و غەمەکانم، هەربەندەیەك ئەوە بڵێت خوای پەروەردگار غەمەکەی لەسەر لادەبات و بۆی دەگێڕێت بەخۆشیو دڵکراوەیی).

من بەندەی تۆم:

ئەو کاتێ تووشی غەم و بێزاریەك دەهات دەیفەرموو: (إني عبدك، وابن عبدك، وابن أُمتك): (من بەندەی تۆم، کوڕی بەندەو کەنیزەکی خۆتم) بەو وتەیە مانای بەندایەتی خۆی دەردەبڕی، ئەوەیە کەئیمام (ئیبنو تەیمیە)وەسفی دەکات ودەڵێ: (ناوێکە هەموو ئەو ناوانەی تیا کۆبووەتەوە کەخودا بۆ خۆی پێی خۆشەو ڕەزامەندە لەسەریان لەگوتارو کردارە نهێنیو ئاشکراکاندا لەدیارو نادیارەکان)[1].

لەهەموو ئەوەی کەفەرمانی پێکردووین و لەوەش کەلێی قەدەغە کردووین لەدیندا دەچێتە خانەی بەندایەتیو پەرستشەوە. (دین مانای خۆبەکەم زانین و زەلیلی دەگرێتەخۆ دەڵێ: دینداری بۆ خوا دەکات واتە: خوا دەپەرستێو گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خوایە بۆ خوا خۆی بەکەم دەگرێت: بەندایەتی خوا دەکات و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەکاو خۆبەکەم گرو ملکەچە بۆ خوا).

بەندایەتی واتاکانی ملکەچیو پابەندبوون و خۆبەکەم گرتن هەڵدەگرێ بەهەموو حەزو دڵ پێ خۆشبوونێکەوە. (ئیبنو تەیمیە)دەڵێت: (ڕیشەی مانای بەندایەتی: خۆزەلیل کردن و بەکەم زانینە، دەگوترێت: ڕێگای پەرستراو، کاتێك زۆر پەرسترابێت، بەڵام پەرستش و بەندایەتی فەرمان پێکراو واتاکانی خۆزەلیل کردن وحەزو خۆشەویستی لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەوپەڕی زەلیلی بۆ خوا دەگرێتە

١- العبودية/ ٣٨.

خۆ، بەوپەڕی پێخۆشبوون و حەزکردن لەو زەلیلی‌یە لەو پێناوەدا، ئیمام (الحافظ ئیبنوکثیر) فەرموودەکەی خوای پەروەردگار لێکدەداتەوە (ما أصاب من مصیبةٍ إلا بأذن الله، ومن یؤمن بالله یهدِ قلبه): هیچ بەڵاو نەهامەتیەك تووشی کەس نابێت ئیللا بەئیزنی خودانەبێ و هەرکەس باوەڕی بەخوا هەبێت خوای گەورە ڕێنمایی دەکات و دڵی ڕۆشن دەکاتەوە) دەڵێت: هەرکەس تووشی نەهامەتیەك هات بزانێت کەئەو قەدەری خوایەو بەفەرمانی ئەوە، سەبرو ئارامی لەسەرگرت و تەسلیم بەفەرمانی خودابوو ئەوا خوای گەورە دڵی ڕووناك دەکاتەوەو ڕێنمایی دەکات ... وەئەوەی لەدنیادا لەدەستی چووە خوا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە بەڕێنمایی کردن و دڵدانەوەی‌و، بەبڕواو یەقینی ڕاست و تەواو، وتەی (انی عبدك)ئامادەکردن و بەرجەستەکردنی ئەو واتایانەیە کەبەرزترینیان زانیاری‌یە بەوەی کەچارەنووس و قەدەری بەدەستی خودای پەروەردگارەو، ئەوکە بەندەیە بۆی نییە ڕەخنە لەگەورەکەی بگرێت، باپرسیار لەهۆی ئەو بەسەرهاتەی بکات و، هیچی بۆ نیە جگە لەئارام گرتن و دامەزراوی‌و، خۆدانە دەست بڕیارو فەرمانەکانی خودا، بەبێ سکاڵاکردن و بۆڵە بۆڵ، بەڵکو پێویستە ئەو خۆدانەدەست خودایە بەڕازی بوونێکی تەواوەوە بۆ خواو یەقین و باوەڕێکی وا کەهەرشتێ تووشی بڕوادار دەبێ خێری تێدایە بۆی‌و ئەگەر لەڕواڵەتدا وادەردەکەوێت پێچەوانەی ئەوەیە.

ئەگەر دڵنیایی تەواوی بەوە هەبوو ئەوا دەڵێ (إني عبدك) کە ئەو بەڵاو نەهامەتی‌یەی تووشی هاتووە خوای گەورە بۆی هێناوە بۆ تاقیکردنەوەی ناخ و قوڵایی پەرستش و بەندایەتی‌یەکەی، ئەگەر بینی ئارام گرەو خۆی داوەتە دەست خوا ئەوە هەقی خۆیەتی کەخوای گەورە بیکاتە یەکێك لەو پیاوچاکە خواپەرستانەی کەخۆشی دەوێن، وەئەگەر شپرزەو بێئارام بوو، پەست و ناڕازی بوو خۆڕاگر نەبوو ئەوا لەکۆمەڵی خواپەرستە چاکەکانی دەردەکات و، بەڵاو نەهامەتیەکەی زیاتر دەکا لەسەری‌و وازی لێ دێنێ خۆی‌و نەفسی خۆی.

بوونی بەخۆشەویستی خواو حەزکردنی بەوەی کە لەپۆلی ئەو خواپەرستانەدا بمێنێتەوە کەخوا خۆشی دەوێن و هەڵی بژاردوون ئەو بەوگوتارەی (إني عبدك)

دەری دەخات و ئاشکرای دەکات کەبەردەوام لەسەر پەیمانی خۆیەتی کەدەڵێ: (من بەندەی تۆم)واتە لەسەر ئەو بەڵێنەم لەگەڵ تۆداو باوەڕی تەواوم بەتۆ هەیەو خۆم داوەتە دەست بڕیارەکانت و ڕازیم پێیان. ئیمام (ئیبنو لقەیم)دەڵێت: (ئەگەروا بزانێت کەئەو نەهامەتیەی بۆی هاتووە بۆ ئەوەنییە تا بەهیلاکی بدات و بیکوژێت، بەڵکو بۆی هاتوە تا تاقی بکاتەوە چەندە خۆڕاگرو بەئارامە یاچەندە پێوەی گرفتارو موبتەلایە، ئەوکاتە دەردەکەوێت ئایا بۆ ئەوە دەشێت بەکاربێت تابکرێتە یەکێك لەدۆستانی خواو کۆمەڵی ئەوان یانا؟ ئەگەر خۆڕاگرو دامەزراو بوو ئەوا هەڵیدەبژێرێت و دەیپارێزێت و لەهەموو ئەوشتانەی پاك دەکاتەوە کەڕێزی لادەبەن و بەبەرگی شکۆمەندی دەیپۆشێت و دۆستانی خۆیو کۆمەڵەکەی دەکاتە یاریدەدەرو پشتیوان بۆی، وەئەگەر پشتی تێکردو گەڕایەوە بۆدواوە ئەوا خوای گەورە دەری دەکات لەسۆزی خۆی زلله لەپشتی ملی دەداو، بەلاو بەسەرهاتەکانی چەند بارە دەبێتەوە، ئەو لەوحاڵەدا هەست بەوەناکات لەسەری زیاد بووەو یاگەورە بووە، بەڵام دەزانێت دوای ئەوە کەکارەسات و نەهامەتی لەڕاستیدا بۆتە چەندین بەلاو نەهامەتی تر، هەروەکو ئارام گرو خۆڕاگرێك دەزانێت، بەلاوکارەسات لەڕاستیدا بۆتە چەند بەهرەو نیعمەتێکی زۆر)[1].

خەفەت و دڵتەنگی گەورە دووشتن ئاماژە بەخێردەکەن لەسەر خۆشەویستی خوا بۆ ئەو بەندەیە، لەبەرئەوە پێغەمبەران و ڕەوانە کراوان لەهەموو خەڵکی تر زیاتر تووشی بەلاو کارەسات بوون و پاشان چاکتربوون و بوونەتە نموونەو باشترین لە نموونە. هەروەکو (کعب الاحبار- ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: خوای گەورە ڕێز لەهەر کەسێك بنێت بەلاو نەهامەتی لەسەر زیاد دەکات).

لەبەر هەموو ئەوانەیە هەر لەسەرەتاوە بەندە ڕایدەگەیەنێت کەبەندەیەکی دڵسۆزە بۆ خوا کە دەڵێت: (اللهم اني عبدك، وابن عبدك وابن أمتك).

١- طريق الهجرتين، ص٤٩٤- مطبوعات الشؤون الدينية- قطر.

(في قبضتك): من لەچنگی تۆدام- من لەژێر دەسەڵاتی تۆدام:

(القبض) لە زمانەوانیدا دژە واتای دەست بڵاوکردنەوەو کردنەوەی دەستەو، (القبض) کۆی پەنجەکانەو گرتنی شتە لەناودەستدا بەچنگ و بەهەموو پەنجەکانی دەست. و(القبض): گرتنی شتە لەناو دەستدا بەتوندیو بەهەموو پەنجەکان ئەگەر تەنها بەپەنجەکان بیگری دەوترێ (القبض) واتە بە (ص نەك ض) وە (قبض) لەسەر شتێ واتە لەناو چنگدا گرتن و چەمانەوەی هەموو پەنجەکان بەسەریداو توند گرتنە ناودەست)، بەو واتایە کەئەوەی لەناو دەستدا چنگی لێدراوە نەتوانێت جووڵە بکات بەهۆی زاڵ بوونی تەواو بەسەریداو گرتنی بەشێوەیەکی زۆر توند لەلایەن ئەو کەسەی چنگی بەسەردا گرتووە. ئەوە ناتوانێت تەنانەت تۆزقاڵێ بجولێت ئیللا مەگەر چنگی لەسەر سووك بکات ئەگەر نا نەتوانای هەولدانی هەیەو نەهێزی هەیە.

کاتێ بەندە دەڵێت (في قبضتك) دان بە بەندایەتی کردنێکی ڕاستەقینەدا دەنێت و لەتەواوی واتاکانی تێ دەگات، کەدەڵێت من بەندەی تۆم و دیلی تۆم و لەژێر هێزو دەسەڵاتی تۆدام هەرچیەکت بوێت دەتوانی بەسەرم بهێنێ بەبێ ئەوەی هیچ هێزو توانایەکم هەبێ، خوایە تۆ بەهێزترینی، منیش لاوازو بێ هێزم، تۆ دەوڵەمەندو دەسەلاتداری ئێمە هەژارو بێتواناین هەروەکو چۆن ئەهلی نەخۆش زۆری لەنەخۆشەکەیان دەکەن بۆ بەکارهێنانی دەرمان و نەخۆشیش ڕقی لەو دەرمانەیەو حەزی لێناکات بەڵام ئەوان بەزۆر پێی بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی نەخۆشەکەو سوود لێوەرگرتنی، هەروەهاش خوای گەورە مامەڵە دەکات لەگەڵ بەندەی گرفتار بەتاوان کەسەرپێچی کردبێت یاکەم وکوڕی هەبوبێت، ئەو گیرۆدەی کردووەو لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە بەهیوای ئەوە کەپاداشتی خێری بدات، هەر ئەوەبوو شوێنکەوتووی بەڕێز(عەونی کوڕی عەبدوڵڵا) هەستی پێ کردووە کاتێ دەڵێت:

(بەڕاستی خوای گەورە زۆر لەبەندەکانی دەکات لەسەر بەڵاو نەهامەتی چۆن کەس و کاری نەخۆش زۆر لەنەخۆشەکەیان دەکەن بۆ بەکارهێنانی دەرمان و

چارەسەر چونکە بۆی پەرۆشن و پێی دەڵێن: ئەو دەرمانە بخۆوە بۆ تۆ باشە و پێی چاك دەبیتەوە)[1].

زۆرجار حیکمەتی بەڵاو نەهامەتی‌یەکان لەئێمە ون دەبێت بەڵام هەست کردنمان بەوەی کەلەژێر دەسەڵات و توانای ئەودایین و باوەڕمان بەحیکمەتی ئەو وامان لێدەکات کەواز لەهەرتۆزقاڵێ یاهەرگومان و مەترسییەك لەمەترسی‌یەکانی ڕەخنەو ناڕەزایی دەهێنین لەسەر هەربڕیارێك لەبڕیارەکانی خوداوەند.

ئیمام (ابو الفرج ابن الجوزي)دەڵێت: ئایا دەبینی‌و توانات هەیە لەسەر ڕوون کردنەوەو دەرخستنی کردارەکانی کردگار چ جای لەسەر خوێندنەوەی زاتی خودا؟ وەچۆن دەتوانین فەرمانەکانی لەسەرخۆمان وحاڵمان پێوانە بکەین؟ لە کاتێکدا بینیومانە پێغەمبەر (موحەمەدﷺ) داوای لێکردووە بۆ دایکی‌و بۆ مامی ئەو لێی وەرنەگرتووە، برسی کردووە لەکاتێکا دونیا موڵکی خۆیەتی‌و خاوەنی هەموو بوونەوەرە، هاوەڵان دەکوژرێن و سەرکەوتنیش بەدەست بەدیهێنەرەکەیەتی، ئایا ئەوە بەس نیە بۆ سەراسیمە بوون و واق وڕمان؟ ئێمە چین تاڕەخنە بگرین لەسەر خاوەنی دونیاو بوونەوەر لەکاتێکا حیکمەتی دامەزراوەو بڕیارەکانی جێگیرو دامەزراوە.

لە کاتێکدا دەڵێت: (وفي قبضتك) گومانی تێدانیە دەبێت لەمانای (لاحول ولاقوة إلا بالله) تێبگات.

ئیمام (ئیبنو حەجەر) دەڵێت: (لاحول، واتە: بەندە توانای خۆلادان لەگوناهی نیە بەڵکو خودا بەلوتف و گەورەیی خۆی لای دەدات. وەهیچ هێزو توانای نیە لەسەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا ئیللا مەگەر بەتەوفیقی خودا، (النووي) دەڵێت:

ئەوە وتەی خۆ بەدەستەوەدان و دەسەڵات دانە دەست خودایەو، ئەوە دەگەیەنێت کە بەندە خاوەنی هیچ شتێك لەکاروبارەکانی نیەو، هیچ کارێکی پێناکرێ بۆ لادانی شەڕو هێزو توانای نیە لەهێنانی خێردا ئیللا بەویستی خوایە،

١- صفة الصفوة ٣/١٠١.

ئەوەتا لەفەرموودەدا هاتووە: (إذ قال العبد لاحول ولاقوة إلا بالله، قال الله أسلم عبدي واستسلم)[1]. واتە: کاتێ بەندە دەڵێت: (لاحول ولاقوة إلا بالله)، خوای گەورە دەفەرموێ بەندەکەم خۆی دایە دەستی من و خۆی بەدەستەوەدا. چونکە دڵنیایە کەخۆی هیچ تواناو هێزی نیەو هیچی پێناکرێ، ئیللا لەژێر دەسەڵاتی خوایەو ڕازیە بەچارەنووسیو بەوەی دێتە ڕێگای بەفەرمان و حیکمەتی خودا.

(ناصيتي بيدك): ناوچەوانم بەدەستی تۆیە:

(الناصية) لەزمانەوانیدا: (بەشی پێشەوەی سەرە کەپرچی لێدەڕوێت، نەك ئەوپرچەی خەڵکی عەوام پێی دەڵێن پێشەسەر، ئەو وردە پرچەش هەر بەپێشەسەر (الناصية) ناودەبرێ بەهۆی ڕوانی لەو شوێنە).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآ﴾[2]. واتە: هیچ گیانلەبەرێك نیە جڵەوی بەدەست خوای گەورە نەبێت).

(سيد قوطب– ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێت: (ئەو وێنا هەستەوەرەیەکە زاڵ بوون و توانای بیرکردنەوە لەتوانای گرتن بەپێشە سەرو جڵەوی هەموو گیانلەبەرانی سەرزەمین، کەلەو زیندەوەرانەدا مرۆڤیش دەگرێتەوەو پێشە سەر بەرزترین جێگەی سەرو ڕوویە، کە زاڵ و پێشەواو سەرکردەیە، لەوێنەیەکی هەست پێکراوکە، دەگونجێو پەیوەستە بەو هەڵوێستە و پەیوەندی هەیە بەتووڕەیی قەوم و توندیان و پەیوەندی بەڕەقی جەستەو هەڵکەوتەییانەوە هەیە و، پەیوەندی بەتوندیو زبری هەست و بیرکردنەوەیانەوە هەیە)[3]. گرتن لەپێشە سەرەوە زاڵ بوون و سەرکەوتن دیاردەخات هەورەکو زەلیل بوونیش پیشان دەدات، خۆ زەلیل کردن بۆ خودا عیززەت و سەربەرزیەو، چێژ بەدەروونی بروادار دەبەخشێت و وای لێدەکات بڵێت: (ناصيتي بيدك) کە ئەوەدان نانە بەبوونی تەواوی تواناو دەسەڵاتی خوا

١– فتح الباري ١١/٥٠١ السلفية– والحديث أخرجه الحاكم من حديث أبي هريرة قال الحافظ ابن حجر، سنده قوي– الفتح ١١/٥٠١.

٢– هود: ٥٦.

٣– الظلال ٤/٨٩٩.

لەسەرییو، خۆزەلیل کردن و بەکەم گرتن بۆ خواو قبولّ کردنی ئەوە کەتەواو کاروبارەکانی دەداتە دەست خوداو کەهەرچی بێتە ڕێگای ڕازیە بەبێ ڕەخنە گرتن باشپرزە بوون و ناڕەزایی دەربڕین و بۆڵە بۆڵ کردن.

(ماض في حكمك): بڕیارەکانت لەسەر من دراوە:

ئەوەش هەستکردن و دڵنیایی تەواوە بەوەی کەبڕیارو کاروبارو چارەنووسی لای خوا دراوەو جێبەجێ بووەو هیچ ڕەخنەی لێناگرێت و ناڕازی نیە پێیان و لەبەردەمیاندا هیچ ناوەستێ و کەسێ نابینێ ئەو بڕیارانەی بووەستێنێ ، ئەگەر بەدیهێنراوان هەرچەندە خاوەن دەسەڵات و ماڵ و سامان و چەك و هەرچی‌یەك بن ئەوا ناتوانن ئەوەی خوا دیاری کردووە بۆی بیگۆڕن بابیوەستێنن، مەگەر خوا حەزبکات، ئەو هەست پێکردنە وای لێ دەکات پەنا بۆکەس نەبات جگەلە خوای پەروەردگار، لەبەرئەوەی خەڵکی خاوەنی هیچ شتێك نین لەکاروباری نەفسی خۆیان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾[1]. واتە: (هەرکاتێك خودا دەروازەی ڕەحمەت و بەخششی خۆی لەخەڵکی بکاتەوە، ئەوە هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت بەری بگرێت، هەرکاتێکیش دەروازەی ڕەحمەتی بگرێتەوەو دای بخات، کەس ناتوانێت لەدوای گرتنەوەکەی خودا بێجگەلە خۆی بیکاتەوە، ئەو زاتە هەرخۆیشی باڵادەست و دانایە). (سەید قوطب– ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێت: (کاتێ ئەوجۆرە تێگەیشتنە جێگیربوو لەدڵی بەشەردا ئەوا گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت لەڕوانگەی بیرو بۆچوونەکانیو هەست کردنەکانیو ئاراستەو هاوسەنگی بوون و کێشانە کردن و بەهاکان لەو ژیانەدا بەگشتی).

ئەو جۆرە تێگەیشتنە دای دەبڕێت لەهەموو گومانێك و، هەموو هێزو توانایەك لەزەویو ئاسمانەکاندا دەیگەیەنێتەوە بەدەسەڵات و توانای خوای گەورە، بێ

١– الفاطر: ٢.

ئومێدو بێنازی دەکات لەهەموو گومـان لێکـردن و دڵ کرمـێ بـوون و قەبڵانـدنێك و، هەموو ڕەحمەت و بەخششەکانی زەویو ئاسمانـەکان دەگەیەنێتـەوە بەڕەحمـەت و بەخششی خودا، لەبەردەمیدا هـەموو دەرگاکـانی زەویو ئاسمانـەکان دادەخـرێن و دەرگای خوای گەورە لەبەردەمیدا دەکرێتەوە، ڕێبازو ڕێگاکانی زەویو ئاسمانـەکان دادەخرێت و بەرنامەو ڕێبازی بەرەو خودا دەگرێتە بەر.

ڕەحمـەتی خـودا لـەزۆر جـۆردا بەرجەسـتە دەبێـت و لەژمێرنایـەت و مـرۆڤ دەستەوسـان دەکـات و تەنانـەت لەلێکۆڵینـەوەو پشـکنین و نووسـین و تۆمـاری لەنەفسی خۆیدا، لەچۆنێتی دروست بوون و پێکهاتەی خۆی، لەو ڕێزەی لێـی نـاوە، لەوەی کەخودا هەمووی بۆ خزمەتی ئەو داناوە ئـەوەی لەدەوروبەریـەتی یـا لەسـەر سەریا یا لەژێریدایە لەو هەموو بەهرەو نیعمەتەی خوا بەسـەریدا بارانـدووەو لـەوەی کەفێری کردووەو زانستی پێ بەخشیوەو ئەوەی نەیدەزانی فێری کردووەو لای ئـەو زۆرە.

وەڕەحمـــەتی خـــوا دەردەکـــەوێ لەقەدەغـــەکانی هـــەروەکو لەخـــەڵات و بەخششـەکانیدا دەردەکـەوێت، مـرۆڤ هەسـت بـەبوونی دەکـات لەهەرشـتێ خـودا دەرگای ڕەحمەت و بەخششی لەسـەر دەکاتـەوە، لەهـەموو باردۆخێکـدا، لەهـەموو شوێن و جێگایەکدا بـوونی هەیـە لـەخودی خۆیـدا، لەهەسـت و نەسـتەکانیدا بـوونی هەیـە لەهـەموو دەوروبەریـدا، جالەهـەر جێگایەکدا بێـت و هەرچـۆنێ بێـت، ئەگـەر هەمووشتێ لەدەست بدات لەوەی کەخەڵکی لەدەست دانی ئەو شتانە بەلێ بێبـەش بـوون دەزانـن و دەگـەڕێ بـەدوای ئـەوەی خـودا لێـی گرتوتـەوە دەروازەی لـێ داخستووە لەهەموو شت، لەهەموو بارودۆخێکدا، لەهەموو جێگەیەکدا ئەگەر هـەموو بەدەست بێنێ لەوەی خەڵکی دایدەنێن بەنیشانەی ویژدان و لێڕازی بوون .

هیچ نیعمەتێ نیە خوای گەورە ڕەحمەتی لێبگیرێتەوە هەتا بۆ خۆی بەدەسـتی خۆی نەیگۆڕێت بۆ بێزاریو تاڵی ژیان. وەهیچ کارەسات و بـەڵاو نەهامەتیـەك نیـە بەڕەحمەتی خوا دانەپۆشـرابێ هـەتا بۆخـۆی دەبێتـە نیعمـەت و بەخششـێك، مـرۆڤ لەسەر درك دەنوێ– لەگەڵ ڕەحمەتی خوادا– ئەگـەر نـەرم ونیـان بـوو، وە لەسـەر

حەریرو ئاوریشم دەنوێ– ئەگەر لەسەری گرتەوە، ئەوە بریتییە لە درك ودالّ، گرنگترین کاروبارەکانی چارەسەر دەکات– بەڕەحمەتی خودا– ئەگەر ئەوە لە سەرخۆو ئاسان بێت، ئاسانترین کاروباری چارەسەر دەکات– ئەگەر رەحمەتی خوای لەگەڵدا نەبوو– ئەوا ماندوو کەنەفت و هیلاکی دەکات، ترس و مەترسییەکانی لەسەر لادەچێ ئەگەر ئەو سەلیم و ئارام بێت، رێ دەکات بەبێ پەیرەوو ڕێبازێك ئەگەر ئەو هیلاککەرو بێکەڵك وفەوتاوبێ)[1].

ئەو بیروباوەڕو بۆچوونە باوەڕیە بۆ هەموو موسڵمانێك پێویستە، کەبەردەوام پێغەمبەرﷺ لەدەروونی هاوەڵە بەڕێزەکانیدا دەیچاند، لەڕێگای ئەو هەموو ئایەتانەی کەتەئکید لەسەر ئەم بۆ چوون و بیروباوەڕە دەکەونەوە لەڕێگەی ئەو پێکەوە ژیانەی ڕۆژانەیان هەتا لەگەڵ هەمواندا، ئەوە ئیبنو عەباس بۆمان دەگێڕێتەوە کەچۆن پێغەمبەرﷺ ئەو مانایەی فێرکردووە ئەوەتا دەڵێت: (كنت خلف النبيﷺ يوماً– فقال لي ياغلام إني علمك كلمات: إحفظ الله يحفظك، إحفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله، واعلم أنَّ الأُمَّة لو اجتمعتْ على أنْ ينفعوك بشيءٍ، لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله (تعالى) لك، وإنْ اجتمعوا على أنْ يضروك بشيءٍ، لم يضروك إلابشيءٍ قد كتبه الله (تعالى)عليك، رفعتْ الأقلام وجفتْ الصحف)[2].

واتە: کاتێ منداڵ بووم لەدوای پێغەمبەرەوەﷺ سواربووم، فەرمووی: ئەی منداڵ باچەند وتەیەکت فێرکەم: ئاستی خوا بپارێزە خوا دەتپارێزێ، کەسنوری ئاینی خوات پاراست، ڕێگات نیشان دەداو دەکەویتە بەردەمی ئەو، کەداوات کرد لەو داوابکە ، ئەگەر یارمەتیو کۆمەکت ویست داوای کۆمەك و یارمەتی لەوبکە، پشت بەو ببەستە، بزانە ئەگەر هەموو خەڵك کۆبێتەوە لەسەر ئەوەی سودێکت پێ بگەبەنن ، پێت ناگات مەگەر خوا بۆی نوسیبیت، وەئەگەر هەرهەموویان کۆببنەوە زیانێکت لێبدەن ئەوا بزانە ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن مەگەر خوا بۆی

١– الظلال /٢٩٢١،٢٩٢٢.

٢– رواه أحمد في مسنده ٢٩٣/١،٣٠٧ وصححه الألباني ص ج ص ٧٨٣٤.

نوسیبیت، قەڵەمەکان بەرزبوونەوە، مەرەکەبەکە وشك بۆتەوە، واتە هەموو شتت بۆ دیاری کراوە).لێرەدا پێغەمبەرﷺ بۆ ئیبنو (عەباس)ی ڕوون کردۆتـەوە کەئوممـەت هەر هەمووی نەك هەریەکێك خاوەنی دەسەڵاتە تەنها، بەڵکو هەموو ئوممەت ئەوەی تیایەتی لەستەمکارو دەسەڵاتدارو ئـەوەی هەیـە لـەزۆردارو لـەژێرو داناو بلیمـەت و فیڵبـازو جـەورو سـتەم، هەرهـەمووی کۆببنـەوەو ڕێـك بکـەون، کەلەڕاسـتیدا شـتی وانابێ، بەڵام پێغەمبەرﷺ وای داناوە ئەگەر وایش بکرێـت، هـەتا ئەگـەر کۆببنـەوە لەسەر گۆڕینی حوکمی خوا ئەوا ناتوانن لەو ڕێگایەوە بیگۆڕن و هـیچ توانایـەکیان نییە جا ئەگەر بیانەوێ بیگۆڕن بۆ خێر یا بۆ شەر، وتەکەی (مـاضٍ فِي حكمـك) ئـەو مانایـە هـەموو هەڵـدەگرێت، هەسـت و نەسـتی خـۆ بەدەسـتەوەدان و پابەنـدبوون بەقەدەری خودا زیاتردەکات و ڕازی بوون بەوەی کە ڕوو دەدات.

(عدل فـيَّ قضاؤك): بەجێهێنانی بڕیارەکانت دادپەروەرانەیە بۆ من

پاك و بێگەردی بـۆ ئـەو خودایـە کـەزوڵم و سـتەم لەبەنـدەکانی ناکـات، بـەڵکو ئـەو دادپەروەرە لەهەمووشتێکداو حیکمەت و داد لـەبڕیارو بەجێگەیانـدنی بڕیارەکـانیدا هەیە، وەکو لەچوارچێوەی ئەو چیرۆکەی لەنێوان حەزرەتی موساو(سـەلامی خـوای لێ بێ) حـەزرەتی (خـدر)دا ڕوی دا، موسـا(سـەلامی خـوای لێبـێ) نێـردراوی خوایـە ڕەخنە لەکرداری حـەزرەتی خـدر دەگرێـت بـەخراپ کردنـی کەشـتییەکە، لـەکاتێکا ئەوانی بەبێ کرێ هەڵگرتووەو، کوشتنی ئەو منداڵە هەرزەیە بەبێ تاوان و، دروست کردنەوەی دیواری دوو منداڵەکانی تر لەو شارەدا کە خەڵکەکەی هـیچ خواردنێکیـان پێنـەدان، دواتـر خـدر ئـەو کردەوانـەی کـەکردوونی ڕوون دەکاتـەوە بـۆ (موسـا – سەلامی خوای لێ بێ) کە ئـەو لەخۆیـەوە ئەوانـەی نـەکرد بـەڵکو بەفـەرمانی خـوای پـەروەردگار جێبـەجێی کـردوون ﴿وَمَا فَعَلۡتُهُۥ عَنۡ أَمۡرِيۚ﴾[1]، (ئـەو کارانـەم لـەخۆوە نەکردووە) ئینجا دادپەروەری خوای گەورەی بـۆ ڕوون دەکاتـەوە لەجێبـەجێکردنی ئەو کاروبارانە کەلەڕواڵەتدا دادپەروەرانە نین هـەروەکو حـەزرەتی موسـا– سـەلامی

١– الکهف: ٨٢.

خوای لێ بێ- وای دەزانیو قسەی لەسەردەکرد﴿ أَمَّا ٱلسَّفِينَةُ فَكَانَتۡ لِمَسَٰكِينَ يَعۡمَلُونَ فِي ٱلۡبَحۡرِ فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَآءَهُم مَّلِكٞ يَأۡخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصۡبٗا ﴾[1]. واتە: (ئەو کەشتییەی عەیبدارم کرد چەند هەژارێك خاوەنی بوون لەدەریادا کاریان دەکرد جامنیش ویستم عەیبداری بکەم، لەکاتێکدا لەو ناوەدا پاشایەك هەبوو کەهەموو کەشتیەکی (چاك و رێکوپێکی داگیر دەکرد). کەواتە ئەو کەشتیەکەی کون کردو عەیبداری کرد بۆ ئەوەبوو تائەو پاشا ستەمکارەو دەست و پێوەندەکانی ئەو عەیبەیان تیابینی داگیری نەکەن لێیان.

لەسەرمنداڵەکەش پێی دەڵێت: ﴿ وَأَمَّا ٱلۡغُلَٰمُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤۡمِنَيۡنِ فَخَشِينَآ أَن يُرۡهِقَهُمَا طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗا ٨٠ فَأَرَدۡنَآ أَن يُبۡدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيۡرٗا مِّنۡهُ زَكَوٰةٗ وَأَقۡرَبَ رُحۡمٗا ﴾[2]. واتە: منداڵەکەش کەکوشتم دایك و باوکێکی ئیمانداری هەبوو، ترساین لەوەی کە بە سەرکەشیو بێ دینیو خوانەناسی هیلاك و ماندویان بکات (چونکە هەر لەئێستاوە سەرکەشیو لاساریی پێوە دیاربووە). بەوکارەمان ویستمان کەپەروەردگاریان (لەجیاتی ئەو) پاکترو چاکتریان پێ ببەخشێت و بەمنداڵێکی خاوەن بەزەییو میهرەبان تر بەهرەوەریان بکات (منداڵەکەش بەهەشتی بێت). ئەگەر گەورەبایە دەبوو بەئازارو ئاکامی خراپ دەبوو لەسەر ئەو دایك و باوکە چاکەکارە، خوای گەورە ڕەحمی پێکردن و ئەو منداڵەی لێوەگرتنەوە تالەجیاتی ئەو باشترو چاکتر لەویان پێبدات، لەسەر دیوارەکەش کەدروستی کردووە وتی:

﴿ وَأَمَّا ٱلۡجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَٰمَيۡنِ يَتِيمَيۡنِ فِي ٱلۡمَدِينَةِ وَكَانَ تَحۡتَهُۥ كَنزٞ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَٰلِحٗا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبۡلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسۡتَخۡرِجَا كَنزَهُمَا رَحۡمَةٗ مِّن رَّبِّكَ ﴾[3].

واتە: (دیوارەکەش کەچاکم کردەوە، خاوەنەکەی دوومنداڵی هەتیوی شارۆچکەکە بوون لەژێریدا گەنجینەیەکی (زێڕو زیویان) هەبوو (کە باوکیان بۆی

١- الكهف:٧٩.

٢- الكهف: ٨٠-٨١.

٣- الكهف: ٨٢.

شاردبوونەوە ئەگەر گوێمان پێ نەدایە، باران و لافاو دەری دەخست و ئەو خەڵکە ڕەزیلەی کەمیوانداریان لێ نەکردین، دەستیان دەکەوت). باوکی ئەو دوو منداڵەش خواناس و چاك بوو، جا پەروەردگارت ویستی کاتێك گەنجینەکەیان دەست بکەوێت کەگەورەو بەهێزبن، ئەوسا دەری بهێنن، ئەمەش وەکو ڕەحمەتێکی تایبەتی لەلایەن پەروەردگارتەوەو لەبەرخاتری باوکیان).

خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە ئەو دیوارە دروست بکاتەوەو چاکی بکاتەوە کەببوە کەلاوەو خەریکی ڕووخان بوو، چونکە تاکە نیشانەیەك بوو بۆ ئەو گەنجینەیەی کە باوکیان لە ژێریدا بۆی شاردبوونەوە لەپێش وەفات کردنیدا.

حیکمەت و عەدالەتی فەرمانی خوا لێرەدا بۆ موسا (سەلامی خوای لێبێ) دەرکەوت وانەیەك لەسەردەستی حەزرەتی خدر (ڕەزای خوای لێبێ) فێربوو، بەم جۆرە بەردەوام و هەمیشە یاساو فەرمانی خوا دادوەرانەیەو ستەمی تێدا نییە، بەڵام ئەوە مرۆڤە کەلە کارەکانیدا پەلە پەل دەکات و تووڕەو بێزار دەبێ لەو فەرمانە، بەتایبەتی ئەگەر کارەکە تاڵ بێ.

ستەم دەکاو واحساب دەکا ئەو مستەحەقی خێروچاکەیەو ئەوە خوای گەورە بەخێرو خۆشی بەسەری نەکردۆتەوە، واگومان دەبات کەخوا ڕقی لێیەتیو ئەوە بەسەرکردنەوەی نیە بەڵکو ناخۆشی دەوێت خوا (جل جلالە) دەفەرموێت:

﴿ فَأَمَّا ٱلۡإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكۡرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَكۡرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبۡتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيۡهِ رِزۡقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّيٓ أَهَٰنَنِ ﴾[1]. واتە: کاتێك ئادەمیزاد لەلایەن پەروەردگاریەوە تاقی دەکرێتەوە، ڕێزی لێدەنێت و نازو نیعمەتی بەسەردا دەڕێژێت، دەڵێت: (بە خوا دیارە) پەروەردگارم خۆشی دەوێم و ڕێزم هەیە لەلای، بەڵام کاتێك تاقی دەکاتەوەو ڕزق و ڕۆزی کەمی پێدەبەخشێت و لێی دەگرێتەوە دەڵێت: وادیارە پەروەردگارم منی خۆش ناوێت و ڕقی لێمەو ڕیسوای کردوم) .(سەید قوطب – ڕەحمەتی خوای لێ بێ)لە (الظلال)دا دەڵێت: ئەوە بۆچونی مرۆڤە کاتێ خوای

١– الفجر: ١٦–١٥.

گەورە مرۆڤ تـاقی دەکاتـەوە لـەو حاڵەتانـە، لەخۆشـیو ناخۆشـی تـاقی دەکاتـەوە بەڕێزو بەهرەو بەخشش پێدان لـەماڵ یاپلەوپایـە، هەسـت ناکـات کەئـەوەش تـاقی کردنەوەیـە، ڕێ خـۆش کـردن و ئامادەکردنـە بـۆ پاداشـت وسـزا، بـەڵکو واحسـاب دەکات کەئەو ڕزق و ڕۆزیو پایەو شوێنە بەڵگەیە لەسەر ئـەوە کەشـایەنی ئـەو ڕێـز لێگرتنەیە لەلایەن خوداوە، نیشانەی ئەوەیە خوا هەڵیبـژاردووەو جیـای کردۆتـەوە، بـەڵاو نەهامەتیـەکانیش بەتاقیکردنـەوەو سـزا دەزانێـت و بەکـەم و کـورتی ڕێـزی لەلایـەن خـوداوە لـەو ژیانـەدا کـەوا بـەڕۆزی لێگرتنـەوە تـاقی کرۆتـەوە بـەڵاو ناخۆشییەکان بەم جۆرە لێك دەداتەوە وای بـۆ دەچـێ ئـەوە سـزادانەو خـوا ڕێـزی ناگرێ کەئاوا ڕزقی کـەم پێـدەدات و ئەگـەر خۆشـی بویسـتایە ئـاوا ڕۆزی کـەم پـێ نەدەدا.

دیارە کە ئەو لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەڵەیە لەبیروبۆچونیدا وە هەڵەیـە لـەدیاری کـردن و هەڵسـەنگاندنەکەیدا، پێـدانی ڕزق یاگرتنـەوەی تاقیکردنـەوەی خوایـە بـۆ بەندەکەی، بۆ ئەوەی شوکرو سوپاسی لێدەردەکەوێت یالەخۆی بایی دەبێـت، یـان ئایا ئارام و خۆڕاگری لەسەرئەو نەهامەتییە دەگرێت یا ناڕازیو بۆڵە بـۆڵ دەکـات و بێ ئارام دەبێت، وەپاداشتەکەی لەدوای ئەوە وەردەگرێت، پێدانی دنیاو واڵاکردن و خستنە بەردەمی دنیا بۆی یا گرتنەوەی لێی ئەوە پاداشت پێدان یاسزادان نییە.

کەواتە دادپـەروەری لەجێبەجێکردنی بڕیارو فەرمانەکانی خودا هەست پێنـاکرێ و نازانرێت، مەگەر یەکێك دڵنیایی لە حیکمـەت لەبـەڵاو تاقیکردنـەوەکانی دەروونـی ئاسوودەکردبێت لەوەی کە ئەوە چارەنووس و دیاریکردنی گەورەکەیەتی، وەپـاك و بێخەوش بێ لەپەشێوی و ڕەخنەگرتن یاتەنگ بەخۆهەڵچنین و نـاڕەزایی دەربـڕین، هەمم و غـەم دەڕوات و نـامێنێ کـاتێ دەروون لـەومانا گەورەیـە دەخواتـەوەو تێـی دەگات (ئیمام جوزی) لەدەوری ئەو مانـا پرشـکۆیە بیردەکاتـەوەو خولیـای دەبـێو سەری سوڕدەمێنێ لەبڕیارو فەرمانی خوداو حیکمەتەکانیو دەڵێت:

پـاك و بێگـەردی بـۆ ڕاپەڕێنـەرو ڕێکخسـتنی بـەدیهێنراوانی بـەئاوارەکردنیو بەسـەرکردنەوەی بـۆ زانـین و تـاقی کردنـەوەی سـەبرو ئارامیـان و، دەرخسـتنی

جوامێریـان لەتاقیکردنەوەکانـدا، ئـەوە حـەزرەتی ئادەمـە (سـەلامی خـوای لێ بـێ) فریشتەکان هەموو سوژدەی بـۆ دەبـەن پاشان دوای ماوەیـەکی کـەم لـە بەهەشـت دەردەکرێت، ئەوە حەزرەتی نوحە (سەلامی خوای لێ بێ) لێی دەدرێـت تـا لـەهۆش خـۆی دەچـێت، ئینجـا دوای ماوەیـەکی کـەم لەکەشـتیەکەدا ڕزگـاری دەبێـت و دوژمنەکانی دەفەوتێن، ئەوە ئیبراهیم خەلیلە (سەلامی خوای لێ بێ) فڕێ دەدرێتـە نـاو ئـاگرەوە پاشـان دوای کـەمێك بەسـەلامەتی لێـی دێتـەدەر، ئـەوە حـەزرەتی ئیسماعیلە (سەلامی خوای لێ بـێ) دەبـێ بکرێتـە قوربـانیو خۆبەدەستەوە دەدات دواتر سەلامەت دەبێت و مەدح و چاکی بۆ دەمێنێتـەوە، ئـەوە حـەزرەتی یەعقوبـە (سەلامی خوای لێ بـێ) بـەهۆی دوری کوڕەکـەی بینـایی لەدەست دەدات و پاشـان چاك دەبێتەوەو پێی شاد دەبێتەوە، ئەوە حەزرەتی موسایە (سەلامی خوای لێ بێ) دەبێتـە شـوان و پاشـان بەرزدەبێتـەوەو خـودا قسـەی لەگـەڵ دەکـات، ئـەوە پێغەمبـەری خۆمـان (موحەمـەدﷺ) دوێـنێ منـداڵێکی بـێ بـاوك بـوو، چـەند شـتی سەرسوڕهێنەر (ئاوەژوو دەبێتەوە جارێك تووشـی پیلانـی دوژمنـان دەبـێ و جـارێ تووشی هەژاری دەبێ، بەڵام لەکێوی (حیراء) دامەزراوترە، کاتێکیش مەککەی فەتح کردو مەلیکەکانی سەرزەوی کەوتنە ژێر دەسـتی و فـەتحی وڵاتـانی کـرد، دواتـریش فریشتەی مەرگ دەبێتە میوان و دەیگوازێتەوە بۆ ئەو دنیا...).

هەرکـەس چـاو بـەدەریای دنیـادا بخشـێنێ بزانێـت چـۆن شـەپۆلەکانی بەیـەك دەگەن و لەیەك دەدەن، دەزانێ چۆن ئارام دەگرێت لەسەر بەرگری ڕۆژەکـانی ئـەوا مەترسی لەهاتنی بەڵاو تاقیکاری نییە، دڵخۆش نابێ بەهاتنە پێشی خۆشییەکان)[1].

پێویستمان نییە بەزانینی بەیەکگەیشتنی شەپۆلەکانی دەریای دنیاو چۆنیەتی ئارام گـرتن لەسـەر ئـەو بـەرگری ڕۆژانەیـەی کـە(ئیمـام ئیبنـو ئـەلجوزی) ئامـاژەی پێکردووە، بـەڵکو مەلـەکردن لەودەریایـەدا پێویسـتی بەناسـینی شـەپۆلەکانی ئـەو دەریایە هەیە، بەرزبوونـەوەو نـزم بوونـەوەیان، کـەی بەرزدەبنـەوەو هەڵدەسـتن و

١- صيد الخاطر/ ١٦٣- الطنطاويان.

کەی دەنیشنەوەو هێمن دەبنەوە، کەی وەکو کێویان لێ دێت، ئەوەش هونەرو زیرەکی‌یە، چاك نابێت مەگەر کەسێك حیکمەتی بەلاو تاقیکردنەوە بزانێت و بناسێت، کاتێ هەر مەترسیەکی خراپ دابەزێتە سەری یاخەم و هەمم و ڕەخنە گرتنێك، دوای ئەوە هەست بەخۆشی دەکات، وە بەدڵتەنگی‌و هەممەکان دووردەکەونەوە لەسینەو دڵیداو خوای گەورە بۆی دەگۆڕێت و لەجێگای ئەوە خۆشی و ڕازی بوون و دڵنیابوون دەخاتە دڵ و سینەیەوە.

"أسألك بكل إسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك أو استأثرت به في مكنون الغيب عندك":

ئەودوعا دەکات و دەپارێتەوە بەهەموو ناوەکانی خودا، ئەوەی دەیانزانێت وەئەوەش کەنایزانێت، ئەوەی نووسراوەو ئەوەش کە شاراوەو نادیارە، ئەو دوعا تەنها بەناوێکیەوە ناکات یا تەنها بەسیفەتێك، بەڵکو ئەو دەپارێتەوە بەهەموو ناوو سیفەتەکانی.

لەدوای ئەو پێشەکی‌یەکی پاك و سەناو خۆزەلیل کردن و ملکەچی‌و داننان بەخۆبەدەستەوەدانەوە دوعا دەکات بەوەی کە هەمم و غەمەکانی لەسەر لابات و دەڵێت: ((أن تجعل القرآن ربيع قلبي، وجلاء همي وغمي)) ئەگەر بەغەم دەرووني داگیرابێت، ئەوا هەست کردن بەخۆشی‌ودڵنیایی‌و ڕازی بوون بەقەدەری خوای پەروەردگار واحیساب دەکات کە پاداشتی هەیە لەسەر ئەو بەلایە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:

((ماقالها عبد قط إلا أذهب الله غمه، وأبدله به فرحا)) بەندە هەرئەوەندە ئەوەی وت ئیللا خودای گەورە غەمەکەی لادەبات و لەشوێنی ئەوە خۆشی دەخاتە دڵیەوە.

مێرگی (٣٨)

ژنانی عەزیز لەئەمریکا

لەگەڵ سورەتی (یوسف)دا..

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی چیرۆکی حەزرەتی (یوسف – سەلامی خوای لێ بێ)مان بۆدەکات لەگەڵ ژنی عەزیزی میسردا بەو چیرۆکە نمونەی لاوێکی دامەزراو دێنێتەوە لەهەرەتی گەنجێتیدا لەبەردەم گەورەترین فیتنەو بەڵایەکدا کەپیاوان تووشی دەبن، بەتایبەتی لەسەرەتای تەمەن و تافی لاویاندا، ئەوبەڵایەی کە دەستپێکی فریودان و لەخشتە بردنی بەنی ئیسرائیلییەکان بوو، ئەوفیتنەیە لەترسناکترین و دۆڕێنەرترین فیتنەیە لەسەر پیاوان کە پێغەمبەرﷺ لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە، ئەوەتا لەفەرمودەیەکدا ئەوە باس دەکات کەئیمام ئەحمەد دەری هێناوە:

(ماترکت بعدی فتنة أضر علی الرجال من النساء)[1]. واتە: مەترسیدارترین فیتنە بۆ سەر پیاوان کەلەدوای خۆم بەجێی دەهێڵم ژنانن).

خوای گەورە لە سورەتی (یوسف – سەلامی خوای لێبێ)دا لەسەر ئەو چیرۆکە دەفەرموێت:

﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ

١– رواه أحمد، وصححه الألباني (صحيح الجامع الصغير ٥٤٧٣).

مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ
﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴾[1].

واته: ئەو ئافرەتەی کەیوسف لە ماڵیدا بوو هەوڵیدا یوسف لەخشتە ببات و دڵی ڕابکێشێت بۆلای خۆی، هەموو دەرگاکانیشی داخست و وتی: وەرە پێشەوەو خۆت ئامادەبکە، یوسف وتی: پەنا دەگرم بەخوا کاری واناکەم، چونکە پەروەردگارم دەرووی لێ کردوومەتەوە، هەروەها مێردەکەشت چاك ڕەفتار بووە لەگەڵمدا (چۆن خیانەتی لێدەکەم)و چونکە من دڵنیام ستەمکاران سەرفراز نابن، سوێند بەخوا. بێگومان ژنەکە پەلاماری یوسفیدا ویستی لێی بدات، یوسفیش نیازی لێدانی هەبوو ئەگەر بەڵگەی خوایی نەزانیایە (کەسەرەنجامی لێدانەکەی بەخراپی بەسەریدا دەشکێتەوە) و ئابەو شێوەیەمان کرد (بۆ ئەوەی هەرچی گوناهو تاوان و خراپەیە لێی دوور دەخەینەوە) و بە ڕاستی ئەو لەبەندە هەڵبژاردەو پاکەکانی ئێمەیە، سەرەنجام هەردووکیان پێشبڕکێیان کرد بۆ دەرگاکە(یوسف بۆکردنەوەو ئەویش بۆ داخستن) ژنەکە توانی دەستی لەکراسەکەی گیربکات و لەپشتەوە دڕاندی، ئەوسا هەردووکیان لەبەردەمی دەرگاکەدا تووشی مێردەکەی هاتن، خێرا هاتە قسەو ویستی یوسف تاوانباربکات بۆیە وتی: باشە ئاخۆ سزای ئەوکەسە چیە کەویستبێتی خراپە لەگەڵ خێزانەکەتدا بکات، جگە لەوەی بەند بکرێت یان سزایەکی بەئێش بدرێت، یوسف وتی: (نەخێر وانییە)ئەو ویستی لەخشتەم بەرێت، یەکێك لەخزمانی ژنەکە شایەتیداو وتی: ئەگەر کراسەکەی یوسف لە پێشەوە دڕابێت ئەوە ژنەکە ڕاست دەکات و ئەوکاتە یوسف یەکێکە لە درۆزنان، خۆئەگەر کراسەکەی لە پشتەوە دڕابێت ئەوە ژنەکە درۆ دەکات و یوسف یەکێکە لەڕاستگۆیان کاتێك مێردەکەی بینی کراسەکەی یوسف لەپشتەوە دڕاوە، بەژنەکەی وت: بەڕاستی ئەمە پیلان و نەخشەی خۆتانە، بێگومان فێڵ و تەڵەکە و نەخشە و پیلانی ئێوە زۆر گەورەیە (لەم جۆرەشتانەدا).

١- یوسف: ٢٣،٢٨.

وروژاندنی ڕەگەزی:

سەید – ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ لە (الظلال)دا دەڵێت: (کەواتە ویست و داواو مەبەستی ژنەکە لەو کاتەدا بیٚ پەردە بووەو لەڕاستیدا کۆتا کرداری لیٚ داواکردووە....) داخستنی دەرگاکان بۆ ئەنجامدانی دوایین کارە، کاتیٚ ئەو ژنە گەیشتووەتە چرکەی کۆتایی کە پاڵنەرە جەستەییە سەرکێشەکەی پێویستی بووە وەڵامی دوا بانگەوازی جەستەیی داوەتەوە. ((بانگی دەکات و هاواری لێدەکات و دەڵێت: هاوار لەخۆت!)) ئەوە داواکاری ڕوو بەڕەڵایەکی ئامادە باشی سەرکێشەو داوایەکی کەم و سەرەتایی نیە، بە ڵکو دوایین داواو مەبەستە، بەڕاستی ناکرێت ژن بۆ خۆی ئەو داوایە بکات مەگەر لەوپەڕی ناچاریو زۆر بۆ هاتن و پێویستی دابیٚ، لە کاتێکدا ئەو گەنجەش لەگەڵ خۆیدا بژیت و تواناو لاوێتی تێرو تەواو بێت و مێینەیی ئەو ژنەش تەواوو پێگەیشتووبیٚ، بێگومان لەپێش ئەو داوا کتوپڕو سەرکێش و توندە لەوێدا فریودەرو وروژێنەری هەمە جۆری شیرین و جوان هەبووە[1].

کاتێک (یوسف – سەلامی خوای لیٚ بیٚ) بەهێزەو پاڵی پێوە دەنێت و دەیگێڕێتە دواوە، کەئەوەش هەڵقوڵاوی باوەڕێکی قوڵ و هەستکردنە بەچاودێری بەردەوامی خودایی﴿ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ إِنَّهُۥ رَبِّىٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَاىَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾[2].

ژنی عەزیز بەوەندە وازی نەهێنا، بەڵکو کاتێک (یوسف – سەلامی خوای لیٚ بیٚ) لەدەستی ڕایکردو ویستی خۆی لەو فیتنەیە ڕزگار بکات، تا دین و ڕێبازەکەی بەوکارە پڕ شەرم و ئێشکاوە لەپیس بوون و لەکەداربوون بپارێزێت، بەڵام ئەو شوێنی کەوت و کراسەکەی لەپشتەوە توند گرت تادڕاندی، چونکە دەیویست ڕێگای لێبگیرێت و نەهێڵێت ڕابکات، وەدەیویست ئەو تاوانە ناشیرینەی بەزۆر لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئەو هەڵچوونە جنسییە لەلایەن ژنی عەزیز ڕاناوەستێت، تەنانەت بەزانینی مێردەکەی بە ڕووداوەکە، بەڵکو بەردەوام هەڕەشەی لە (یوسف –

١– الظلال ٤/١٩٨٠.

٢– یوسف:٢٣.

سەلامی خوای لێ بێ) دەکردو زیادەڕەوییو هاش و هوشی پێوە دەکرد، تاوای لێ هات کۆمەڵێك لەژنانی بەناوبانگی لەخێزانە بەرزو شکۆدارەکانی ئەوکاتەی میسری بانگ کردو هەموویانی بەشدار کرد لەو فیتەیەی (یوسف – سەلامی خوای لێ بێ) لەبەردەم ئەواندا هەڕەشەی لێکرد، کە ئەگەر ئەو هەڵەو تاوانە نەکات ئەوا زیندانی دەکات، بەڵام هاواری کرد، دوا هاواری یەکلایی کەرەوە بۆ هەموو ئەو هەوڵە پڕتاوانانەی، کە ئەوەندە زیاد ڕۆیشت و درێژە کێشا.

خۆڕاگری یوسف:

﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ ﴾[1]، واتە: (یوسف کەئەمەی بیست وتی: پەروەردگارا من زیندانم لەلا خۆشەویستترە لەوەی کە ئەوان بانگم دەکەن بۆی) نەیگووت: (ماتدعوني اليه) چونکە ئەو ژنانە هەموویان لەو داواکاریە بەشداربوون، جا قسەکردن بێت یا بەجووڵەو حەرەکات یابەئاماژەو چاوگێڕان و لالێکردنەوە. کاتێك ئەو داوای فریاکەوتنی پەروەردگاری کرد تارزگاری بکات لەهەوڵی ئەو ژنانە کەدەیانەوێت بیخەنە تەڵەو داوی خۆیان، ترسی ئەوەی هەبوو لەچرکە ساتێکدا لەبەردەم ئەو هەموو وروژێنەرو هەڵچوونە بەردەوامەیاندا تووشی لاوازی بێت، وای لێهات لەنەفسی خۆی بترسێت، داوای لەخواکرد ڕزگاری بکات لەوفیتنەو بەلایە، ﴿ وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾[2]، واتە: ئەگەر لەفێڵ و تەڵەکەی ئەوانە ڕزگارم نەکەیت و لەپیلان و نەخشەکانیان دەربازم نەکەیت و لام نەدەیت، لەوانەیە منیش مەیلم بۆ دروست ببێت و ئارەزوویان بکەم و پاشان بچمە ڕیزی نەفام و گوناهبارانەوە. کەئەوەش داوای مرۆڤێکی تێگەیشتوو بەئارامەو زانایە بەمرۆڤایەتی خۆی لەخۆبایی‌و بێئاگا نییەو خۆی بەپاك و بێ هەڵە و پەڵە نازانێت و دەیەوێت زیاتر لەژێر چاودێریو ئاگا لێبوون و پەرژینی خودایی دابێت و پارێزاوبێت.

١– یوسف: ٣٣.

٢– یوسف:٣٣.

﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾[1]. واتـــــــــــه: پەوەردگاری بە هانایەوە چوو نزاکەی گیرا کردو لەتەڵەکەو فێڵی ژنان پاراستیو لایدا، چونکە بەڕاستی هەر ئەوزاتە بیسەری نزاکانەو زانایە(بە دڵ و دەروونەکان). ئەو(الصرف)ە بۆ ئەوە دەبێت تائەو ژنانە دوای ئەو هەوڵانەش لەدڵەوە نائومێدبن و بزانن کەیوسف (سەلامی خوای لێ بێ) وەڵامیان ناداتەوەو زۆر بەتەواوی وازی لەو فریودەرانە هێناوە تا واهەست نەکات کەهیچ شوێنەوارێکی لەدڵدا ماوە یا لەلای ئەوان)[2].

ژنان لە ئەمریکا:

ئەمە وێنەی ژنی عەزیزی میسربوو، کە (یوسف – سەلامی خوای لێ بێ)ی ماندوو کرد، ئەم وێنەیە لەئەمریکاو وڵاتانی ئەورووپا چەند جار دووبارە دەبێتەوە ئەو ڕاستییەش ئەوانە دەیزانن کەلەوێدا دەژین.

ژنی عەزیز خۆشەویستی خۆی بە (یوسف – سەلامی خوای لێ بێ) لە مێردەکەیو ئەوانەی لەکۆشکدا لەگەڵیدا دەژیان دەشاردەوە، بەڵام ژن لەئەمریکاودەوڵەتە ئەورووپاییەکان ئەو حەزە ناشیرینە لای باوکی باس دەکات، بەڵکو خۆشەویستەکەی دەهێنێ و بەباوکیو هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەناسێنێ، زۆرجاریش لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەسەرەتای هاوسەریاندا وارێك دەکەوێت کەئەو بۆی نیە خۆی لەکاروباریدا هەڵبقورتێنێ، تەنانەت کەپەیوەندیەکی خراپی لەگەڵ پیاواندا دەبێت، هەروەها ئەویش مافی ئەوەی نەبێت کەمێردەکەی پەیوەندی لەوجۆرەی لەگەڵ ژنانی تردا هەبوو، پێویست ناکات ئەو پەیوەندییانە لەکۆمەڵگەی سەردەمدا بشاردرێتەوە ! !...

ژنی عەزیز کاتێ پەردەی لەسەر شێتیو شەیداییەکەی خۆی لاداو جوانی خۆی دەرخست، لەشوێنێکی داخراوی دوور لەچاوی خەڵکی بوو، بەڵام ژنان لەئەمریکاو

١– یوسف:٣٤.

٢– الظلال ١٩٨٥/٤.

دەوڵەتەکانی تری ئەورووپا پەردە لەسەرهەموو جوانیو شەیدایی خۆیان لادەدەن، زۆرجار هەموو شوێنێکیان دەردەخەن، لەبەردەم هەموو خەڵك و بەڕۆژی ڕووناك و بەبێ داخستنی دەرگاکان و بەبێ خۆشاردنەوە لەپشت پەردەکان، بەڵکو لەهەموو شوێنێك، لەشەقامەکان و بازاڕو شوێنەگشتیەکان و زانکۆو باخچەکان و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و لەسەر شۆستەو ڕێگاکان، بەتایبەتی لەمانگەکانی هاویندا.

ژنی عەزیز، خۆی ئامادەکردو جلەکانی کردەوەو جوانی خۆی دەرخست و بۆنی خۆشی لەخۆیدا، لەکاتێکی دیاریکراوو لەشوێنێکی دیاریکراودا بوو، دوای داخستنی دەرگاکان و دڵنیا بوو لەوەی کەس نایبینێ و ئامادەبوو بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی قێزەون، خۆی ڕازاندبووەوە بەجوانییەکی واکە پیاو فریو دەداو دەیوروژێنی بەوحاڵەتە کەپیاوێك دەگاتە ژنێك، بەڵام ژنان لەئەمریکاو ڕۆژئاوا بەردەوام و لەهەموو کاتێك و لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە قژێکی ئاڵتوونی بژوبڵاوکردۆتەوەو شانەی دەکات و بەرەڵای دەکات و دەڕژێتە سەرشانی هەروەکو ئاوێك لەبەرزاییەوە دێتە خوار، خاڵ لەسەر ڕوومەتی دادەنێ و سووریان دەکات و بەبێ سنور چاوی ڕەش دەکات، ڕەنگ لەسەر برۆکانی دادەنێت بەگوێرەی ڕەنگی کراسی یاهەر بەرگێك لەبەری دەکات، برژانگەکانی درێژو ڕەنگ دەکات، لێوەکانی بەجۆرێك ڕێك و ڕەنگ دەکات، هەتا بۆخۆی بانگی گەنجان دەکات و دەڵێت (وەرە ئامادەم)، بۆنی واله خۆی دەدات زۆری پێ خۆشەو بۆنی دەڕوات بۆ دووری چەندین مەتر، ڕۆیشتنێکی بەلەنجەو عیشوەو فریودەرانە دەڕوات بەڕێوە.

ژنی عەزیز، لەژوورێکی دەرگا داخراودا بانگی خۆشەویستەکەی کرد بۆ کردنی کاری ناڕەوا لەگەڵید، بەڵام ژن لەڕۆژئاوا سەرسامە بەگەنج و بانگی دەکات بۆ کاری ناشیرین لەبەردەم هەمواندا، بەبێ شەرم و بەڵکو جارهەیە پێکەوە ئەوکارە قێزەون و ناڕەوایە لەبەردەم خەڵکیدا ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی لەو کۆمەڵگەدا ئەو ڕەفتارە ناڕەوایە جێی سەرسوڕمان بێت یاکەسێك ڕێگایان لێبگرێت و ئینکاریان بکات.

لاوان لەبەردەم خۆڕاگریو ڕووخانیاندا:

ئەگەر هاوشێوەی ژنی عەزیزی میسر لەو کۆمەڵگایەدا هەیە، ئەی بۆ لەوێنەی (یوسف – سەلامی خوای لێ بێ) نابینین، ئەوەی لەوێدا بوونی هەیە ژنانی لەوشێوەیەن، بەڵام ئەوەی خەریکە ون دەبێت ئەوە (یوسف)ە، چەندە زوو گەنجەکان تووشی فیتنەو بەڵادێن و شەیدا دەبن لەوێ، ئەوەی لەوڵاتی خۆیدا دامەزراوو خۆڕاگرە، لەوێ چەندە خێرا دەڕوخێت، چەند بەخێرایی لاوان لەبەردەم ژنانی هاوشێوەی ژنی عەزیز دەتوێنەوە، بەڵام هی واش هەیە وێنەی یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) دووبارەدەکاتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو هۆکاری فریودان و وروژێنەرانەی بانگی دەکەن بۆکاری خراپەو تاوانی قێزەون دەڵێن: ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾[1].

لەوێش کەسی واهەیە بیر لەچاودێری خودایی بەسەریەوە دەکاتەوە، بیر لەخەسارەتمەندی دنیاو قیامەتی خۆی دەکاتەوە، ئەگەر بێتو خۆبەدەستەوە بدات بۆ ئەو گێژاوە فریودەرانە، لەوێدا تەنها یەك جار ژنی عەزیز لەژیانیاندا ڕوونادات، بەڵکو لەیەك ڕۆژدا چەندان جار دووبارە دەبێتەوە.

لەوێ هەرکەس خۆڕاگربێت و وەکو کێوێکی چەسپاوو لەو بەڵایە ڕاکات وەکو ڕاکردنی یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) ئەو ڕاکردنە دوبارەبکاتەوە بەدامەزراویو دەست هەڵگرتن لەوەی جەستەی خاوێنی خۆی بتلێنێتەوەو ناموسی خۆی بشکێنێت بەو ڕەفتارە پیس و بۆگەنە.

لەوێ تووش بوون بەگەورەتر لەفیتنە هەیە، یەکسەر دەڕوخێت لەبەردەم ژنە ڕووخاوەکان و دەبنە بەندەی ئەوان، هەروەکو هاوشێوەکانی ئەو لەو کۆمەڵگایەدا هەن وەچەو هاوچەرخیی ئەوان بن.

بەڵام ئەوەی چاوی خۆی دەپارێزێت، خۆی بەرزو بڵند دەگرێت لەو ژنانە شوێنی دەکەون و شەیداو بەئاواتن بۆی، بەڵام ئەو هیچ بایەخیان پێنادات و بەهیچ

١– یوسف:٢٣.

شێوەیەك بیری بەلایاندا نابات، بەردەوام ڕووەو ئەو دەرگایانە دەڕوات كەلەو بەڵاو كێچەڵە لای دەدەن، هەروەكو پێشەنگەكەی یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) كردوویەتی، بەرپەرچی نەفسی دەداتەوە هەروەكو یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) پێشتر هاواری كردووە ﴿رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ﴾[1]، ئەو پەنا دەباتە بەر پەروەردگاری تا بەهێزو دامەزراوی بكات و دەڵێت: ﴿وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾[2]. بەڵام هەموو ئەو كەسە خۆڕاگرو دامەزراوانە زۆركەمن بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی دەڕووخێن و دەكەونە داوی ژنان لەو وڵاتانە.

هۆیەكانی ڕووخان و خۆڕاگری:

ڕووخانی ئەولاوە غەریبانە بەرامبەر فریودانی ئەو ژنانە بەهۆی بەكارنەهێنانی هۆیەكانی دامەزراوی‌و خۆڕاگری‌یە، دامەزراوی‌و خۆڕاگری ئەو لاوانەش بەهۆی كۆشانیانە بۆ ئەو هۆیانەی خۆڕاگریان دەكات لەوانە:

١- هەست كردن بە چاودێری بەردەوامی خودایی.

٢- بیركردنەوە لەلێپرسینەوەی قیامەت و تۆماركردنی كردەوەكان لەلایەن دوو فریشتەكانەوە.

٣- چوونیان بۆماڵی خوداو سوژدەبردن لەوێ.

٤- سووربوون لەسەر هاوڕێیەتی كەسانی چاك.

٥- خوێندنی قورئان.

٦- چاوپاراستن لەسەر هەموو ئەوانەی ژنانی میسری بیردەخەنەوە لەڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و هەرشتێكی تر لەو بابەتە.

٧- هانا بردنی بەردەوام بۆ خودای خۆیان، تا بەڵكو ڕزگاریان بكات لەفرۆفێڵی ژنان و دامەزراوو خۆڕاگریان بكات لەبەردەم لێشاوی فریودەران و وروژێنەران كەبێ بڕانەوەن.

١- یوسف: ٣٣.

٢- یوسف: ٣٣.

٨- خۆپشت ئەستووركردن لەسەرئەوەی بەهۆی بەجێهێنانی هەندێ لەسوننەتەکان کەتوێشوویەکی بەهێزیان دەداتێ لەو بیابانە بۆش و بەتاڵە لەهۆیەکانی ژیان.

ئەوە وێنەی ژنانی عەزیزن لەئەمریکاو دەوڵەتە ئەوروپیەکان و رۆژئاوا بەگشتی و زۆر لەولآتانی رۆژهەلآتیش، ئەوەش وێنەی ئەوانە کە یوسف (سەلامی خوای لێ بێ) دەکەنە پێشەوایان و هەڵوێستی ئەو لەگەڵ ژنی عەزیز دووبارە دەکەنەوە.

مێرگی (٣٩)
تاریکییەکان و چراکانیان

دژیەکەکان:

لە ئەبوبەکری (صدیق)ەوە دەگێڕنەوە فەرمویەتی:

تاریکیـــــــــەکان پێـــــــــنجن و، چـــــــــراکانیش پێـــــــــنجن...

خۆشەویســـــتنی دنیـــــا تاریکایی‌یـــــەو، چـــــراکەی‌تەقوا لەخواترســـــانە...

گوناهو تاوان تاریکایی‌یەو، چراکەی تەوبەو پەشیمانییە...

ناوگۆڕ تاریکایی‌یەو، چراکەی (لاإله إلا الله محمد رسول الله)یە...

ڕۆژی دوایی تاریکایی‌یەو، چراکەی کرداری چاکەیە...

پـــــــردی ســـــــیراط تاریکایی‌یـــــــەو، چـــــــراکەی (یـــــــەقین)[1] ە...

لە نهێنیەکانی خوای پەروەردگار لـەم ژیانـەدا ئەوەیـە دژەکـانی دروسـتکردووە کەلە گرنگترین هۆیەکانی بەردەوامی ژیان و دەرخسـتنی نـاوە پیرۆزەکـانی خـوداو، بەندایـەتی کردنیـەتی بەشـێوەیەك کـەخودا پێـی خۆشـە، شـەوی دروسـتکردووەو لەگەڵیـدا ڕۆژی دروسـتکردووە، وشـکانی دروسـتکردووە لەگەڵیـدا دەریاکـانی دروسـتکردووە، ژیـان و مردنـی دروسـتکردووە، بـەهێزو لاوازی دروسـتکردووە، تـووڕەیی و نـەرم ونیـانی دروسـتکردووە، درێـژو کـورتی دروسـتکردووە، ڕاسـت و ناڕاسـتی دروسـتکردووە، بینـاو نابینـای دروسـتکردووە، هـەوەها هـەموو دژ بەیەکەکانی ترو هیچ دروستکراوێك نیە دژێکی بۆ دروست نەکردبێت.

ئیمـام (ئیبنولقـەیم) باسـی حیکمـەت لەدروسـتکردنی (ابلـیس)دەکـات کەسەرچاوەی هـەموو شـەڕێکە، لـەو حیکمەتانـەی کەلەخـەڵکی شـاراوەو نادیـارن وەکو: (کاریگەری دەرخستنی ئەو ناوو سیفەتە پیرۆزانەی خودا کەلەلایەنی نـەرم و

١- الإستعداد ليوم المعاد ص٥٥.

نیانیو لێبوردەیی نیشان دەدات و لێخۆشبون و داپۆشەریو زیادپێدانی مافی خەڵك و ڕزگـارکردنی بەنـدەکانی کەپەرسـتش و بەندایـەتی دەکـەن ،....، ئەگـەر دروستکراوێکی لەو جۆرە نەبوایە کەڕقی لـەو هۆکارە زۆرفراوانانەیـە دەرخسـتن و پیشاندانی کاریگـەریی ئـەو نـاوو سـیفەتە پیرۆزانـە ئـەوا حیکمـەت و سـوودەکانیان دەوەستان)[1].

وە دەڵێـت: (هـەروەها بـۆ دەرخسـتنی کاریگـەریی نـاوو سـیفەتە پیرۆزەکـانی دەسەڵات و تواناو زاڵ بوون و خەشمیی وەکو: (تووڕەییو خـەشمگیریو سـزادانیو سەخت و لێپرسینەوەی خێراو، تۆڵـە سـتاندنی تونـدو بـەزەبرو دادپـەروەری و ...) بەڕاستی ئەو ناوو سیفەت و کردارە تـەواو کـەماڵن، هـیچ شـك و گومـانێ لەپێکـەوە پابەندبوونیان نیە، ئەگەر هاتبایەو خەڵکی هەموو لەسەر سروشتی فریشتە بوونایە: کاریگەری ئەم ناوو سیفات و کارانە دەرنەدەکەوتن). هەروەها خوای گەورە لـە نـاو هـەموو ئـەو دژ بەیەکانـەدا تاریکـایی و ڕوونـاکی دروسـت کـردووە، تاریکیـیـەکان دەکـرێن بـە دووبەشـەوە: تـاریکی ڕاسـتەقینە و تـاریکی مەعنـەوی -واتـا- وەبـۆ هەریەکێك لەم دووجۆرە چرا هەیە تاریکییەکە دەڕەوێنێتەوەو ڕووناکی شوێنەکەی دەگرێتەوە.لەوتـەی پێشـوی ئـەبوبکری صـدیق (ڕەزای خـوای لێبـێ)دا دووتـاریکی واتایی- مەعنەوی- هەن کەتاریکی خۆشویستنی دنیاو تاریکی هەڵەو تاوانن و باس لەسـێ تـاریکی حـەقیقی دەکـات کـەتاریکایی (نـاو گـۆڕو تاریکـایی ڕۆژی دوایـیو تاریکـایی پـردی سـیراط)ن، لەگـەڵ ئـەوەش کەتاریکیـیـە واتاییـیـەکان دەگـۆڕێن بەڕاسـتیو حـەقیقی کـاتێ کاریگـەرییو شـوێنەواری تاریکیەکـە لەسـەرتاوانکارەکە دەردەکەوێت.

تاریکایی یەکەم: خۆشویستنی دنیا:

خوای پەروەردگار لەوەسفی حەقیقەتی دنیادا دەفەرموێت: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ

١- مدارج السالكين ٢/١٩٥.

ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا ۖ وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴾[١].

واتە: (چاك بزانن ژيانی دنيا تـەنها بريتييـە لـەياریو گەمـەو ڕازاندنـەوەو خـۆ هەڵكێشان لەنێوان يەكتريدا، هەروەها زۆركردنی سامان و ماڵ و منـداڵ، جـا ئەوانـە هەرهەمووی وەك بارانێكی بەپیت وايە كەببێتە هۆی بەرهـەمێكی زۆر، كشـتيارەكان سەرسام بكات، لەوەو دوا وشك ببێت و زەرد هەڵگەڕێت، پاشان وردو خاش ببێـت و بكـەوێت، بێگومـان لەقيامەتيشـدا سـزای زۆر سـەخت بۆدنيـا پـەرسـتان ئامادەيـە، لەولاشەوە لێخۆشبوون و ڕەزامەنـدی لەلايـەن خـواوە ئيمانـدارانی چاكەخوازی لـێ بەهرەوەر دەكرێت، ژيانی دنياش دوور لەخواناسیو دينداری جگەلەوەی كەبريتييـە لەڕابواردنێكی كەم شتێكی تر نيە، زۆر كەسيش پێ غەڕاو دەستخەڕۆ دەبێت).

پێكهاتەكانی ژيانی دنيا:

خوای گەورە لەو ئايەتە پيرۆزانەدا باسی پێكهاتەكانی ژيانی ئەم دنيايـەمان بـۆ دەكات، كەهەمووی تەڵەو داوە لەسەر ڕۆژی دوايی، هەرئەوەندە بەيەكێكيانەوە بوو و تێوەی گلا ئـەوە بـۆی دەبێتـە ڕێگـر بـۆ ئاوڕدانـەوەو بايـەخ دان بـەڕۆژی دوايـی، لەكاتێكدا ئەوەی لەم دنيايەدا داوای لێكراوە بەندايـەتی كردنـە. ئيمـام (الشـوكانی) دەڵێـت: ((خـوای پـەروەردگار باسـی دەسـتەی دووەم و ئـەوەی تێـی دەكـەون لـەدرۆزنیو بێبـاوەڕی ڕوون دەكاتـەوە، ئـەوەش بـەهۆی لاكردنـەوەو حـەزكردنيان بەدنياو كاريگەريەكانیو، بێ بايەخی دنيايان بۆ ڕوون دەكاتـەوە كەلـە وەبێنـرخترە بەم جۆرە بكەونە ژێر كاريگەريەوەو قيامەتيان لەبيرباتەوە)):

١- يـاری و گەمـە: بـۆ خۆخلافانـدن و ڕابـواردنێكی بـۆش و بەتاڵـە، ياریوگەمـە بەهەرشتێك دەگوترێ كەخۆی پێوە خەريك بكرێت و پاشـان تێدەپـەڕێت و دەڕوات (مجاهد) دەڵێت: هەموو يارييەكی خۆخلافاندن و كات بەسەربردنە، وەدەڵێـت: ئـەو

١- الحديد: ٢٠.

یاریانەی زوو ڕەغبەتی دنیا زیاد دەکەن خەریکت بکەن و دواڕۆژت لەبیر ببەنەوەو لە پەرستش و بەندایەتی دوات بخەن.

٢- ڕازانەوە: ڕازاندنەوەو جوانکردن بەخۆشی‌یەکانی دنیا بەبێ هیچ کردەوەو کارێك بۆ قیامەت.

٣- خۆهەڵکێشان لەنێوان یەکتریدا: واتە هەندێکتان خۆ هەڵدەکێشن بەسەر هەندێکدا بەهۆی هێزو ڕەفتارو بنەماڵەو نەژادو وەجاغ زادەیی‌و ئەوانەی عەرەب لەسەر یەکتر کردوویانە.

٤- زۆرکردنی ماڵ و سامان و منداڵ: واتە ماڵ و سامان زۆر دەکەن و بەماڵ و منداڵی زۆرەوە خۆیان بەبەرزو بالاتر دەزانن لە هەژاران. خوای پەروەردگار هاوێنەو لێك چونێك بۆ ئەم دنیایە ڕوون دەکاتەوەو نمونەیەك دەهێنێتەوەو دەفەرموێت ﴿كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ﴾[١]، واتاکەی: وەك بارانێکی بەپیت کەببێتە هۆی بەرهەمی زۆرو کشتیاران پێی سەرسام دەبن، مانای وایە ژیانی دنیا وەك کشتوکاڵ و چێنراوێکە بینەرانی بەو هەموو سەوزاییو گەشاوەیی‌یەی سەرسام دەبن و پاشان هەروا نامێنێتەوە، زەرد هەڵدەگەڕێت و وشك دەبێت و دەبێتە پووش و پەلاش هەروەکو نەشبوبێت)[٢].

ژیان وگوزەران تیایدا بەخششێکە خودا بۆمرۆڤی دروستکردووەو نەحەرامەو نەمەکروهە، بەڵام کاتێك بووە هۆی ڕاوکردنی‌و تێوە گلاو قیامەتی لەبیرکرد ئەوا چووەتە بەشی مەکروهو حەرام، ژیرو هۆشمەند کەسێکە ئەو هەموو بەهرەو بەخششە خودایی‌یە بەکاردەهێنێت و خۆشی‌و ئاسوودەیی لێ وەردەگرێت بەبێ ئەوەی بەهۆیەوە بخافڵێت و لەو مەبەستە دووركەوێتەوە کەخوا لەپێناویدا دروستی کردووە کە (عیبادەت و بەندایەتی‌یە) یەڵکو دەیکاتە هۆیەك بۆ پاڵشت و یارمەتی دەری لەسەر بەندایەتی کردنی پەروەردگاری‌و بەرزبوونەوەی پلەوپایەی لەقیامەتدا.

١- الحديد:٢٠.

٢- فتح القدير ١٧٥/٥.

هاوەڵان چۆن لەدنیا گەیشتبوون:

هاوەڵان(خوا لێیان ڕازی بێ) بەوجۆرەی پێغەمبەرﷺ فێری کردبوون واتای ژیانی دنیایان جوان دەزانیو هەستی ئەوەیان هەبوو کە هیچی تیادا نیە، تەنها ڕاڕەوێکە بۆ قیامەت، بەگوێرەی تێگەیشنیان لێی هەڵس وکەوت و ڕەفتاریان تیایدا دەکرد، ڕۆژێك لەڕۆژان نەبووەتە هۆیەك بۆ دوورخستنەوەیان لە قیامەت.

دنیا زۆر زوو دەچێتە ناودڵ و بەسەریدا زاڵ دەبێت، کوێری دەکات لەئاستی قیامەت، هەر لەبەرئەوەش پێغەمبەرﷺ خۆیو هاوەڵانی بایەخیان پێنەدەداو لەدڵی خۆیان دەریان کردبوو و ئاوڕیان لێ نەدەدایەوەو وازیان لێ هێنابوو، مەیلیان بەلایەوە نەبوو، بەزیندانێکیان دەزانیو نەیاندەویست بەنەویستنێکی ڕاستەقینە، خۆئەگەر ویستبایان ئەوا بەهەموو خۆشەویستی‌یەکەوە لێیان دەخواردەوەو دەگەیشتن بەهەموو ئەو شتانەی حەزیان لێ با، ئەوەتا کلیلی خەزنەکانی خرایە بەردەستی پاڵی پێوەناو بەسەرهاوەڵاندا کرایەوە گێڕایانەوە دواوەو، خۆشبەختی قیامەتیان بە دنیا نەگۆڕیەوەو، وە هاوکاریان تێدا دەکرد کەدنیا تەنها گوزەرو ڕاڕەوێکەو جێگەی مانەوەی هەتا هەتاییو نیشتەجێ بوون نییە، بەڵکو خانەی پێدا ڕۆشتنە نەك خانەی دڵ پێ خۆشکردن، ئەو تەنها وەك هەوروهەڵایەکی هاوینەیە کەبەسەر هەندێ شوێندا بڵاودەبێتەوە، ئەندێشەو خەوو خەیاڵێکە هەتا ڕوخسەتی ڕۆیشتنی نەدرێت نابڕێتەوەو کۆتایی نایەت.

بەڵام کەسێك واتێی بگات کەخانەی تیادا دانیشتن و مانەوەی بەردەوامەو شوێنی حەوانەوەو خۆشی‌یەو ڕاڕەوێك نییە بۆ قیامەت و هەورو هەڵایەکی زستانەیە نەك هەورو هەڵایەکی پەرش و بڵاوی هاوینە، وەلەگەمەو یاریو ڕازانەوەو خۆ هەڵکێشان و زیادکردنی ماڵ و سامان و منداڵدا هەتا بنا گوێی نقووم بوو، قیامەت و خۆئامادەکردنی بۆی لەبیر بردەوە ئەوا دەکەوێتە تاریکایی‌یەکی شەوە زەنگی نووتەك ئەوەش لەبەرئەوەی تاریکی دژی ڕووناکی‌یە، هەرکەس لەتاریکایدا بوو حەقیقەتی کارەکان نابینێت و لەو ژیانەدا وەکو کوێری لێ دێت و ڕێگای قیامەت نابینێت تاخوای گەورە لەڕۆژی قیامەت بەکوێری زیندووی دەکاتەوە، بەردەمی

خـۆی نابینێـت و دەڵێـت: ﴿ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴾[1]، واتـە: ئـەو جـۆرە کەسە دەڵێـت: ئـەی پـەروەردگار بـۆ بـەکوێری حەشـرت کـردم خـۆمن کـاتی خـۆی چاوساغ و بینابووم).

خوای گەورە وەڵامی دەداتەوەو بـیری دەخاتـەوە کەئـەو تاریکی‌یـەی لـەدنیادا تیایـدابووەو کـوێری کـردووە لەئاسـتی بینینـی ڕێگـای ڕاسـت، پێـی دەفـەرموێت: ﴿ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ﴾[2]، واتە: لە وەڵامدا خوا دەفەرموێت: تـۆ ئابەو شێوەیە بویت (کوێربوویت لە ئاستی ئایەت و بەڵگەکانی ئێمەدا کاتێك پێت ڕادەگەیـەنرا، ئێمـەش ئـەمڕۆ ئـاوا مامەڵـەی کەسـێکی لـەبیرکراوت لەگەڵـدا دەکەین(لەسزاو ئازاردا دەهێڵرێتەوە). وەخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعْمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلْـَٔاخِرَةِ أَعْمَىٰ وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴾[3]. واتـە: ئـەوەی لەم دنیایەدا دڵ و دەروون و بیروهۆشی کوێربێت ئەوە لـە قیامەتـدا چـاوی کـوێرەو زۆر سـەرگەردانترو سـەر لێشـێواوترە چـونکە چـاوی سـەری بـۆ بینـایی‌و تێفکـران بەکارنەهێناوە لەدنیادا).

چرای یەکەم: پارێزکاری (تەقوا):

ئەو تاریکی‌یەی واتایی‌یە (مەعنەوی)ی لە (خۆشویستنی دنیا)وە پەیدا دەبێـت بەسەرقیامەتدا هەڵیدەبژێرێت، لەقیامەتـدا دەگـۆڕێـت بـۆ تاریکی‌یـەکی ڕاسـتەقینەو خاوەنەکەی تیایدا دەژی‌و لەڕۆژێکدا کەماوەی (٥٠)هەزار ساڵەو لەوێ زۆر پێویسـتی بەنوورو ڕۆشنایی هەیـە کـەڕێگای پـێ ببینـێ لـەڕۆژی حەشـردا، لـەکاتێکا بـەملیۆن ملیۆنان خەڵکی پێشینەکان و کۆتایی‌یەکان کۆبوونەوەو لەو تاریکایی‌یـەدا دەکەونـە ویسـتگەیەکەوە کەبەڕاسـتی تـەنها چـرای تـەقواو لەخواترسـان ئـەو تاریکایی‌یـە بڵاودەکـاو دەیڕەوێنێتـەوە. تـەقوا لەزمانەوانیـدا بـەواتای (وریـایی‌و چـاودێری‌و

١- طه: ١٢٥.

٢- طه: ١٢٦.

٣- الإسراء: ٧٢.

پارێزگاریو پاراستن)دێت، لەزارەوەی شەرعدا واتای: (دەستەواژەیە کەلەسەر تەواوی سلامینەوەو خۆپاراستنی مرۆڤ لەوەی لەڕۆژی قیامەتدا زیانی لێدەدا، یاکردنی ئەوکارو کردەوانەی کەخودا واجبی کردووەو پێیان ڕازیەو پاداشتی دەداتەوەو، دوورکەوتنەوە لەوانەی نەهیان لێکراوەو دەبنە هۆی تووڕەبوونی خوداو سزای خودا)[1].

پایەکانی تەقوا:

عەلی کوری ئەبو طالب (ڕەزای خوای لێبێ) لەباسی تەقوادا تەقوا دەکاتە چوار بەشەوەو ئەو کۆمەڵە ڕووناکیانە دەردەخات کەتاریکی خۆشویستنی دنیا لەدڵدا دەردەکات، وەهەرکام لەو چوارانەی تیادا نەمێنێت ئەوا تاریکی خۆشویستنی دنیا شوێنەکەی دەگرێتەوە، دەفەرموێت: (تەقوا ترسانە لەخوداو، کارکردنە بەوەی دابەزیوەتە سەریو قایل بوون و ڕازی بوونە بەکەم، خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕۆژی ڕۆیشتنی- بەجێ هێشتنی دنیا).

ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ترس بێ لەخوا، ترس لەلێپرسینەوە، ترس لەسزادانی لەسەر تاوانەکانی لەدنیادا لەسەرپێچیو کەم وکورتییەکانی، ترس لەسزای ناوگۆڕ، لەسزای ڕۆژی دوایی، بەڕاستی ئەو ترسە وای لێدەکات:

أ- لەهەموو حەرام و گومان لێکراوەکان دووردەکەوێتەوە .

ب- وای لێدەکات بایەخی زۆر بەکاتەکانی بدات کەلەیاریو گەمەو ڕازاندنەوەدا ونی نەکات لەسەر حیسابی نزیك بوونەوەی لەخودا، ئەوترسەیە کەپاڵی پێوەدەنێت کار بەفەرمانەکانی خوا بکات و دووربکەوێتەوە لەوشتانەی نەهی لێکردووە، ڕازی بوون بەکەم وای لێدەکات کەنەفسی خۆی بەهیلاك نەبات و کاتی بەفیڕۆ نەدات لەپێناوی درهەمی زیاتردا، یاستایشی خەڵکانی تر نەکات بۆ گەیشتنی بەپلەوپایە، ئەگەر ڕازی بێت بەوەندە ڕۆزیەی پێداویستی ژیانی جێبەجێ دەکات و دەست و دەرون

١- التقوى- لماردينى، ص٤٦.

پاك بێت لەسەر نیازو داواكاری خەڵك و كاتەكانی بۆ نزیك بوونەوەی لەخودا بەكاربهێنێت.

هەركەس ترس لەخودا بەسەریدا زاڵ بێت و لەچركەساتی مردن بترسێت ئەوا هەرچی هەموو كەس كردی ئەو نایكات و ئەوترسە وای لێدەكات بەردەوام ئامادەبێت بۆ ڕۆژی دوایی، نابینی كاتی خۆی جگە لەوە بۆ هیچی تر بەكاربهێنێ و، ئەگەر هەندێ كات بەكاری شیاوو ڕێگە پێدراو خەریك بوو بەڕاستی ئەوە بۆ دەرچوونیەتی لە ئاڵۆزیەكی گەورەتری ڕۆژی دوایی، بەوهۆیەوە تاریكی خۆشویستی دنیا بەتەقواو ترسان لەخوا لادەبات و پەرش و بڵاوی دەكات.

مەرجی لێپرسینەوە:

ئەو پایانەی تەقوا لە (لێپرسینەوەی مرۆڤ لەنەفسی خۆی)ەوە سەرچاوە دەگرن و پەیدا دەبن، چونكە نەفس فەرمانكارە بەخراپەو (لە خۆپرسینەوە) چاودێری لەسەر كاروكردەوەی ڕۆژانەی خۆی یەك بەیەك پاكی دەكاتەوە، هەتا نەفس فەرمانی بۆ تەمبەڵیوكەمتەرخەمی پێ بكات، ئەو زیاتر لەخۆی دەپرسێتەوە، هەر لەبەرئەوەیە شوێن كەوتوی بەشكۆ(مەیمون كوڕی مەهران) هیچ پیاوێك بەپارێزكارو لەخواترس نازانێت، ئەگەر لەخۆ پرسینەوەی نەبێت، دەفەرموێت:

(هیچ كەسێك نابێتە كەسێكی بەتەقواو لەخواترس هەتا بەتوندترین شێوە لەنەفسی خۆی نەپرسێتەوە، هەتا دەزانێت لەكوێ دەخوات؟ لەكوێ خۆی پۆشتە دەكات؟ ئاو خۆرگەی لە كوێیە؟ ئایا ئەوە حەڵاڵە یاحەرام؟)[1]. هەركات تاریكاییەك خزایە دڵیەوە بە لەخۆ پرسینەوەی بەردەوام دەری دەكات و بڵاوی دەكات و بەردەوام بە تەقواو لەخواترسان ڕووناكی دەكاتەوە).

١- صفة الصفوة ١٩٤/٤.

تاریکایی دووەم: تاریکی گوناهەکان:

هەڵەو تاوان لە دیاردەو ڕواڵەتی دەستکەوت و خۆشی ڕابواردن و سەرکەوتن وزاڵ بوونەوە دەست پێدەکات، بەڵام لەڕاستی‌دا تاریکی‌یەکە لەخودی تاوانەکەدایە، بەردەوام هەستی پێدەکرێت چونکە دەزانێت کەئەو هەڵەیە کەپێچەوانەی شەرع و بەرنامەی خوایە کردوویەتی ئەوا لەدەروونی‌دا جێگیرەو هەمیشە هەست بەتاوانەکەی دەکات.

وەکو ئەوەی تاریکی‌یەك لەهەردوولاوە بیگوشێت و تەنگی پێ هەڵدەچنێت و لەبەختەوەری‌و حەقیقەتەکەی بێ بەشی دەکات، لەبەردەم خەڵکدا بەختیارەو پێدەکەنێت، بەڵام کاریگەریی ئەو تاریکی‌یە لەناوەوە دەیسوتێنێت، بەشێوەیەك هەتا شوێنەواری ئەو تاوانە لەسەر ڕواڵەتیشی دەردەکەوێت، هەرکەسێك ڕواڵەت ناس بێت، پێوەی دەبینێت و هەستی پێدەکات، ئیمام (ئینولقەیم) لەکتێبەکەی (الجواب الكافي)دا شوێنەوارەکانی سەرپێچی‌و تاوانەکان ڕوون دەکاتەوەو تیایدا باس دەکات، لەوانە: (هەست بەهەبوونی تاریکی‌یەك لەدڵی‌دا دەکات هەروەك چۆن هەست بەتاریکی شەوێکی ڕەشی نوتەك دەکات، کاتێ دەوروبەر دادەگرێت.

ئەو تاریکییە سەرپێچی‌یە لەدڵدا دەبێتە تاریکی‌یەکی لەناوبەر بۆ هەستی بینین، لەبەرئەوەی گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەرداری نوورو ڕووناکی‌یەو، سەرپێچی‌و تاوانیش تاریکی‌یە، هەتا ئەو تاریکی‌یە زیاتر بێت ئەویش شپرزەترو چەواشەتر دەبێت، تاوای لێدێت دەکەوێتە کاروباری فەوتێنەرو بیدعە- داهێنراو- لادان لەڕێگای ڕاست بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات، هەروەکو کوێرێك لەتاریکی شەودا بچێتە دەرو بەتەنیا بەڕێگادا بڕوات، هێزی ئەو تاریکی‌یە لەچاوەکانیشدا دەردەکەوێت پاشان ئەو هێزەو ڕوخساری دادەگرێت و ڕەش دادەگەڕێت و هەموو کەس ئەوەی تێدا بەدی دەکات (ئینو عەباس- ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێت:

(بەڕاستی چاکەکاری ڕۆشنایی‌یە بۆ ڕوخسارو، نورو ڕوناکی‌یە بۆ دڵ، فراوانییە بۆ ڕۆزی، هێزە بۆ جەستەو لاشە، خۆشەویستی‌یە لەدڵی خەڵکی‌داو بەڕاستی خراپەکاریش: ڕەشی‌و لێڵی‌یە بۆ ڕوخسار، تاریکایی‌یە بۆ دڵ، بێ ورەیی‌و لاوازی‌یە

بۆ جەستەو لاشە، کەم و کورتی‌یە بۆ رزق و ڕۆزی، ڕق وقینە لەدڵی خەڵکی‌دا دروست دەکات)[1].

ئەو شوێنەوارانە کەلێرەدا (ئینو عەباس- ڕەحمەتی خوای لێبێ) باسی کردوون تەنها بە نموو نەهێناویە، ئەگەرنا بەس نیەو بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەوەتا هاوەڵی بەڕێز (ئیبنو مەسعود- ڕەحمەتی خوای لێبێ) کاریگەریی‌و شوێنەواری خراپە باس دەکات کەبەو تاریکی‌یە پەیدا دەبن لەوانە: (لەبیرچوونەوەی زانست و زانیاریە کە دەڵێت: (من وادەزانم پیاو کە زانست و زانیاری لەبیردەکات دەزانێت بەهۆی ئەو هەڵەو تاوانەوەیە کە دەیانکات)[2].

ئەو تاریکی‌یە ڕەش داگیرسانی دڵی خاوەنەکەی زیاتر دەکات، تاسەر ڕێژ دەکات و دەگاتە ڕواڵەتی، هەروەکو پێشتر لەقسەکەی (ئیبنولقەیم)باس کرا. ئەوەتا شوێنکەوتووی زاهدو دونیا نەویست (سلێمان بن طرخان التیمی)باسی لێوە کردووەو بەهەمان شێوە ڕوونی دەکاتەوە کاتێ دەڵێت: (کەپیاوێك تاوانێك ئەنجام دەدات، کەڕۆژی لێبووەوە کەنەفتی‌و نەنگی‌یەکەی دەکێشێت و دەکەوێتە سەری)[3].

ئەو کەنەفتی‌و ڕیسوابوونە لەڕواڵەتیدا دەردەکەوێت و لەڕاستیدا ئەوەش شوێنەواری ئەو تاریکی‌یەیەو هیچ شتێك لەدڵی خاوەنەکەیدا لای نابات و پەرشی ناکات تەنها چرای تەوبەو پەشیمانی نەبێت.

چرای دووەم: تەوبەو پەشیمانی:

ئەوە چرایەکە خودا فەرمانی داگیرساندنی بەهەمووان دەکات، هەتا بڕوادارە دڵسۆزەکانیش، لەبەرئەوەی هۆکاری ڕزگاربوونەو ناکوژێتەوە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾[4].. واتە: (هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو

١- الجواب الكافي ص ٦٢،٦١ ط، دار الكتب العلمية.
٢- الزهد- لأحمد ١٥٦.
٣- صفة الصفوة ٣.
٤- النور: ٣١.

بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن). ئەو ڕزگاربوونە گرانبەهاو بەنرخەو سەرکەوتنێکە لەڕۆژی دوایی‌و بەتەوبەو پەشیمانی‌و گەڕانەوە بۆلای خوا دەستدەکەوێت، خوای گەورە تەوبەی وەرگیراو ڕوون دەکاتەوە، ئەو تەوبەیەیە:

مەرجەکانی تەوبەی ڕاستەقینەی تیادا هەبێت لە:

١- پەشیمانی‌و وازهێنان لەسەرپێچی‌و بێ فەرمانی بەونیازو مەبەستەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەری.

٢- هەق و مافی خەڵکی بگێڕێتەوە بۆخاوەنەکانیان .

٣- کردنی هەرکارێکی چاك کەپێویستی پێیەتی بۆ پاك کردنەوەی لەو نەنگی‌و کەم و کوڕی‌و ناتەواویەی پەست و بێزاری کردووە.

٤- ترسێکی بەردەوامی وا کەنەهێڵێ‌و مەنعی بکات لەگەڕانەوەی بۆ سەر تاوان و سەرپێچی.

خوای گەورە (سبحانه)دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ تُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا﴾[1]، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە ئێوە بەتەوبەو پەشیمانییەکی پوخت و دڵسۆزانەوە ڕووبکەنەوە خوا). هەتا پێغەمبەرﷺ کەپاك و بێتاوانە دەفەرموێت:

(والله إني لأستغفرالله وأتوب إليه في اليوم أكثر من سبعين مرة)[2]. واتە: (وەڵڵاهی من داوای لێخۆشبون لەخوا دەکەم و دەگەڕێمەوە لای لەڕۆژێکدا زیاتر لەحەفتا جار).

لە گێڕانەوەی (موسلم)دا: (فإني أتوب في اليوم مائة مرة)[3]. واتە: (من خۆم لەڕۆژێکدا سەدجار تۆبەدەکەم لەخزمەت خوادا). ئەگەر گەورەو پێشەواو سەروەری خەڵکی بەم شێوەبێت و شاوا بکات و، ئەوەش فەرمانی خوابێت کە بەبڕوادارانی

١- التحريم: ٨.

٢- رواه البخاري ٨٥/١١.

٣- مسلم ٢٧٠٢.

کردووە، کەواتە خاوەن هەڵەو سەرپێچیو تاوانباران ئەولاترو پێویستترن بەو چرایە، تا ئەو تاریکاییەی پێ برەوێننەوەو دڵیان ئامادەبکەن بۆ پێشێوازیو وەرگرتنی وتەکانی (سروش) تا دڵەکانیانی پێ زیندوو بکەنەوەو کرداری چاکە ئەنجام بدەن، هەڵبەتە ڕوناکی ئەم چرایە دەکەوێتە بەر هەرەشە ئەگەر بێتوو تووشبوو بەردەوامی داگیرساندنی پێ نەدرێت بە:

١- وەرگرتنی زانست ئەوەی نەیزانیوە فێری دەبێت و دەزانێ چی دەوێت بۆمانەوەی ئەو داگیرسان و ڕوناکییەو ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەو تاوانانەی بەهۆی نەزانیەوە تووشیان بووە.

٢- بەئارام گرتنیش پشت ئەستوورو بەهێز دەبێت و خۆڕاگردەبێت بەرامبەر ماندوێتی ئەو داواکاریو بەرگریانەی کەتاوان و سەرپێچی لەبەرچاو جوان دەکەن و سەرپێچی بۆلای ڕادەکێشن.

شێخ (جمالەدین ئەلقاسمی)دەڵێت: (بزانە نابێ نەخۆش واز لەدەرمان بهێنێ تا نەخۆشیەکەی مابێ، دەرمان هیچ واتایەکی نیە تەنها بۆ دژی نەخۆشیەکەی بەکاردێت و هۆی تووش بوون بەنەخۆشیەکەی لادەبات و نایهێڵێت).

هۆی بەردەوامی لەسەرپێچیو تاوان بێئاگاییو هەواو هەوەس و ئارەزوویە تەنها (عیلم وزانست) دژی بێئاگاییو نەزانینەو (ئارام وسەبرو خۆڕاگریش) دژی هەواو هەوەس و ئارەزووەکانە.

بێئاگایی سەری هەڵەوتاوانەو دەرمانی نییە، کەواتە (تەوبە) هەوێرێکە تەنها دەبێ بە شیرینی زانست و تاڵیەتی سەبر و خۆڕاگری بشێلرێت.

تاریکایی سێیەم: ناوگۆڕ:

بەتەنیا دەخرێتە ناو ئەو چاڵەوە بێ هاوڕێ و هاوەڵ و بێ منداڵ و ئەوکاتە لەهەموان جیادەبێتەوەو بەجێیان دەهێڵێت، لەسەری دەگرین و ماوەیەك خەفەتبار دەبن و پاشان لەیادی خۆشەویستان و خزم و دۆستانیدا لاپەڕەی ژیانی دەپێچرێتەوە، خواردن و هاتن و چوون و پێکەنین و قسەکانی جارێکی تر ناگەڕێنەوە، هەمووی لە بیردەچنەوە، مەگەر شوێنەواری خێرو چاکەیەك کەلەدوای

خۆی بەجیّی هیّشتبیّ بەلاّم ئەگەر لەوجۆرە چاکەو شوێنەوارانەی لەدوا بەجیّ نەمابیّ زۆر زوو لەبیر هەموان دەچێتەوە هەتا نزیکترین کەسی خۆشی.

مرۆڤ لەو چاڵەدا بەتەنها دەژی، هەروەکو چۆن بەتەنها هاتە دنیاوە لە دووتاریکی ڕاستەقینەدا دەژی: تاریکایی ئەو چاڵەو تاریکایی تەنهایی ناوگۆڕ، ئەگەر بێتو سەرپێچیو بێفەرمانی خوای کردبێت، ئەواتاریکی سێیەمیشی بۆ دروست دەبێت، ئەویش تاریکایی هەڵەو تاوانەکانیەتی، لەناو ئەو تاریکیيانەدا پرسیاری (نەکیرو مونکەر)یشی بۆ زیاد دەبێت، تینی بۆ دەهێنن و ترسی زیاتر دەکەن، لەوێدا جێگای خۆی لەبەهەشتدا نیشان دەدەن و ئینجا پێی دەڵێن: ئەوە جێگای تۆ بوو لەبەهەشتدا بەلاّم خوا بۆی گۆڕیوی بەجێگایەکی تر لەئاگردا، ئەوتاریکاییيانە ترسی ئەوەندە بۆ زیاد دەکەن بەهیچ شتێ ناڕەوێتەوە جگەلە چرایەك کە ئەویش:

چرای سێیەم: لاإله إلا الله محمد رسول الله:

براوە ئەو کەسەیە بەهۆی (لا إله إلا الله محمد رسول الله) وە دێتە ناو ئیسلام و دوا وتەشی هەر ئەوە دەبێت کەلەم دنیایە دەچێتەدەر، بەلاّم هەرکەس لەکاتی چوونە دەری لەم دنیایەدا ئەم وتەیە دوا وتەی نەبوو شتێکی تری دژی ئەمەی وت ئەوا لەخەتەرێکی گەورەدایەو ئەو نورە ون دەکات کەتاریکیيە کەڵەکە بووەکانی سەریەکی ناوگۆڕ لادەبات و دەیڕەوێنیّ، کاتێك (نەکیرو مونکەر)دێن و لێی دەپرسن کیّ پەروەردگارتانە؟ دەشڵەژیّ و خاوە خاو دەکات و زمانی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت و دەڵێت: (هاه، هاه، لاأدري، فيقولان له: مادينك؟ فيقول: هاه هاه لاأدري، فيقولان: فما تقول في هذا الرجل الذى بعث فيكم؟ فلايهتدى الى اسمه، فيقال: محمد! فيقول: هاه هاه لاأدري. سمعت الناس يقولون ذاك! قال: فيقال: لادريت ولا تلوت، فينادي مناد من السماءأ كذب فافرشوا له من النار، وافتحوا له بابا الى النار، فيأتيه من حرها وسمومها، ويضيق عليه قبره حتى تختلف فيه أضلاعه...)[1].

١- بەشێکە لەفەرموودەیەکی درێژ کە أبوداود دەری هێناوە ٢٨٢/٢، وەحاکم (٣٧/١، ٤٠)و وصححه الألباني- سەیری (أحکام الجنائز ص١٥٩) بکە.

واتە دەڵێت: (ها ها نازانم، پێی دەڵێن، ئاینەکەت کامەیە؟ دەڵێن: ها ها نازانم، پێی دەڵێن: چی دەڵێیت دەربارەی ئەو پیاوەی لەخۆتان بۆتان نێردرابوو؟ ئەویش هیچی لێنازانێت و نازانێت بڵێ چیو هەردەڵێ: ها ها نازانم، ئاگام لە هیچ نییە، ئەوەندە هەیە سەیری دەمی خەڵکم کردووە، ئەوان چیان وتووە ئەوەم وتووە، نەم دیوەو نەم ناسیوە، لە ئاسمانەوە دەنگێك دێت بانگ دەکات: ئەو درۆ دەکات، جێگایەکی لەئاگر بۆ ڕادەخەن و دەرگایەکی بۆ دەکەنەوە لەئاگر کەلەوێوە گڕوگەرماو تینی ئاگری بۆ دێت و گۆڕەکەی لەسەر تەنگ دەبێتەوەو وێك دێتەوە بەجۆرێك پەراسووەکانی بەسەریەکدا تێك دەپەڕێنێت).

بەم شێوەیەو بەم وەڵامە ناخۆش و شپرزەیی‌یەوە تاریکایی دایدەپۆشێت بەڕەنگێك هیچ نابینرێ (چاو چاو نابینێ) لەگەڵ سزای (نەکیرو مونکەر)و بینینی جێگای خۆی لەئاگرداو لەوهەمووە هاواروناڵەیەی کەهەموو دروستکراوێك دەیبیستن جگەلە (مرۆڤ و جنۆکە)، ئەمە هەمووی لەفەرموودەکەدا هاتووە.

ئەوەی ئەم تاریکایی‌یەی ڕووناك دەکاتەوە هەرئەوەیە کەبەهۆیەوە هاتووەتە ناو ئیسلامەوەو دواوتەی بووە کە لەدنیا ڕۆیشتووەو هەرئەویشە کۆتایی‌یەکەی چاك دەکات و بەخێری دەگێڕێت.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (مَن كان آخر كلامه لاإله إلا الله دخل الجنة)[1]. واتە: هەرکەس دوا وتەی لااله إلا الله بێت دەچێتە بەهەشتەوە).

کەسیش لەدواچرکەدا لەوتنی ئەو وتەیەدا سەرکەوتوو نییە مەگەر کەسێك بەدرێژایی ژیانی بەهۆیەوە ژیابێت، کاری لەپێناودا کردبێت، ئامانجی بووبێت و شوێنی کەوتبێت، شەڕو ئاشتیو بەخشین و وەرگرتنی لەپێناوی ئەودا بووبێت، بەڵام کەسێك خۆی لێ لادابێت و دوورەپەرێزی کردبێت و بەجوانیو ڕازانەوەکانی دنیاوە خەریك بووبێت و، دنیا بنەمای پەیوەندیەکانی بووبێت لەگەڵ خەڵکی، لەکاتی لە دنیا دەرچوونیدا لەسەری دەوەستن تا بەڵکو لەو چرکانەی کۆتایی

١- أخرجه الحاكم- وحسنه الألباني- أحكام الجنائز ص ٣٤.

تەمەنی‌دا(ئەوە بڵێت) بەڵام هەر ئەوەی لەبیرە کە بەدرێژایی تەمەنی پێوەی خەریك بووە لەجوانی‌و ڕابواردنەکانی دنیا.

وەکو (ئیمام ئیبنولقەیم) ژمارەیەك چیرۆکی لەسەر عاقیبەت خراپی کەسانێك هێناوە کەنایانتوانیوە ئەوە بڵێن و لەڕێگەی: (لاإله إلا الله محمد رسول الله) دوورکەوتوونەوە، دەڵێت: (بەهەندێکیان وتراوە بڵێ (لاإله إلا الله) وتویەتی ئاه، ئاه، ناتوانم بیڵێم، بەیەکێکی تر وتراوە: بڵێ (لاإله إلا الله) وتویەتی: ئەوەی ئێوە دەیڵێن سودی بۆمن نیەو واز لەسەرپێچی ناهێنم تا تەواوبووە نەیگوتوە)[1].

پاشان ئیمام (ئیبنو لقەیم)لەسەر ئەو ڕووداوانە دەڵێت: کەسێك کەدڵی بێئاگابووە لەزیکرو یادی خوای پەروەردگار بەدوای هەواو ئارەزووکانی کەوتووە چۆن لەکۆتایی تەمەنیدا سەرکەوتوو دەبیت لەکاتێکا هەرچی کاروباری هەیە بێ سەرو بنەو لەسنور دەرچووە، دووربووە لەخوای گەورەو دڵی لێی بێ ئاگا بووە، بەندایەتی بۆ هەواو هەوەس بووە، دیلی ویست و خواستەکانی بووە، زمانی وشك بووە لەیادی خواوە دڵی بێ کارو لاری بووە لەخودا، بەسەرپێچی‌یەکانیەوە خەریك بووە، چۆن کۆتایی ژیانی چاك دەبێ و چۆن لەدوا چرکەکانی تەمەنی‌دا سەرکەوتوو دەبێت)[2].

لە ڕاستیدا ئەوە نورێکە تاریکایی ناو گۆڕ پەرش و بڵاو دەکات و لای دەدات، کاری کەسێك بوبێت پێوەی خەریك بوبێت بۆ داواکردنی خانەی ڕۆژی دوایی، لەسەرووی هەموویانەوە گەورەی دروستکراوان و پێشەوای چاکەکان و پارێزکاران پێغەمبەرمان (موحەمەدﷺ) هەتا ئەو زۆرینەی دوعاو نزاکانی: (یامقلب القلوب ثبت قلبي على دینك)[3]. واتە: (ئەی هەڵسوڕێنەری دڵەکان دڵم جێگیر بکە لەسەر ئاینەکەت). هیچ کەسێك ناتوانێت پشتیوانی کەس بکات لەو کۆتایی‌یەی تێی کەوتووەو لەو شوێنەی لەڕۆژی دوایی‌دا پێی دەدرێت، لەبەرئەوە ترس زۆریان بۆ

١- الجواب الكافي ص ١٠٥،١٠٦- ط- دار الكتب العلمية.

٢- الجواب الكافي.

٣- رواه الترمذي والحاكم في (المستدرك) وصححه الألباني، ص ج ص ٧٨٦٤.

دێنێت تـارۆری واهـەن خۆزگـە دەخـوازن کەهـەر دروست نـەبوویان، یاگـەڵا دارێـك بوونایەو ئاژەڵێك هەڵی پاچیبان و دواییان هاتبا.

تاریکایی چوارەم: ڕۆژی دوایی:

لـە ڕۆژی دوایـیدا تاریکاییـەکان زۆرن، بـەتاریکی نـاوگۆڕ دەسـتپێدەکات و بـەتاریکی مەحشـەردا ڕەت دەبێـت و ئینجـا تـاریکی (صـیراط). بـەتاریکایی ئـاگر کۆتایی دێت، لەچەندین سورەتی قورئـانی پـیرۆزدا ئامـاژە بـەو تاریکییانـە کـراوە لەوانە سورەتی (الحدید): ﴿ يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ ﴾[1]. واتە: (لەو ڕۆژەدا کەئیمانداران بەرەو بەهەشت بـەڕێ دەکـرێن) پیـاوان و ژنـانی دووڕوو دەهێنرێنـە سـەر ڕێیـان، بەغەمبارییـەوە بـۆ ئیمانـداران دەڕوانن، ئیمانداران‌یش هیچ لایان لێ ناکەنەوە، بۆیە بەغەم و پەژارەیـەکی زۆرەوەو پێیان دەڵێن: دەتەماشایەکمان بکەن با لەنووری ڕوخسـارتان بـەهرەوەربین، بـەڵام پێیـان دەگوترێـت بگەڕێنـەوە دواوە خۆتـان بەشـوێن نـورو ڕونـاکیدا بگـەڕێن، دەسـتبەجێ دیوارێـك دروسـتدەکرێت لـەنێوان ئیمانـداران و دووڕووەکانـدا، دەروازەیەکیشی تێدایـە، دیـوی نـاوەوەی ڕووی لەئیماندارانـەو ڕووی لەڕەحمـەت و بەهەشتەو دیوی دەرەوە کەڕووی لەدوو ڕووەکانە لەسزاو دۆزەخـە). لـە تەفسـیری (القرطبي)دا قسـەیەکی (ئیبنـو عـەباس و ئـەبی ئومامـە)هـاتووە دەڵێـت: (لـەڕۆژی دواییدا تاریکی خەڵك دادەپۆشێت— (مەوروودی)دەڵێت: من وا گومان دەبەم لـەدوای جیاکردنـەوەو دادوەری بێـت پاشـان ڕووناکییـەکیان پێدەدرێت بەهۆیـەوە بـڕۆن، موفەسـیران دەڵـێن: خـوای گـەورە لـەڕۆژی قیامەتـدا ڕوونـاکی دەدات بـەبڕواداران بەگوێرەی کردەوەکانیان تابەهۆیەوە بەسەر پردی (صیراط)دا بڕۆن بەهەمان شێوە دووڕووەکانیش ڕووناکییەك وەردەگرن بـۆ خەڵـەتانیان. بەڵگەکـەش ئـەو ئایەتـەی

---

[1]– الحدید: ١٣.

خوایه ﴿وَهُوَ خَـٰدِعُهُمۡ﴾[1]. (الكلبي) دەڵێت: بەڵكو دووڕووەكان لەڕووناكی بڕواداران سوود وەردەگرن و ڕووناكی‌یان پێنادرێت، لەو نێوانەدا ئەوان بەهۆیەوە دەڕۆن، تاخوای گەورە ڕەشەباو تاریكی‌یەك دەنێرێت و ئەو ڕووناكی‌یە لەدووڕووەكان دەكوژێنێتەوە ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَآ أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا﴾[2]، واتە: (پەروەردگارا ئەم نورو ڕوناكی‌یەمان بۆ زیاد بكە و لێمان خۆشبە) ئەوە نزای بڕوادارەكانەو ئەوان دەیڵێن لەترسی ئەوەی نەكا خودای گەورە لێیان وەرگرێتەوەو ڕەشی داگیرێت هەروەكو چۆن لەدووڕووەكانی ستاندەوە، كاتێ تاریكایی بۆ دووڕووەكان مایەوە ئەوا شوێن پێی خۆیان نابینن و بەبڕوادارەكان دەڵێن:

﴿ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ﴾[3]، واتە: (تەماشایەكمان بكەن با لەنوری ڕوخسارتان بەهرەوەربین).

چرای چوارەم: كردەوەی چاك:

لە سورەتی (التحريم)دا خوای گەورە لەسەر بڕواداران دەفەرموێت:

﴿يَوۡمَ لَا يُخۡزِى ٱللَّهُ ٱلنَّبِىَّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥۖ نُورُهُمۡ يَسۡعَىٰ بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَبِأَيۡمَـٰنِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ قَدِيرٌ﴾[4].واتە: (ڕۆژێك دێت كەخوا پێغەمبەرﷺ ئەوانەی لەخزمەتیدان خەجاڵەت و شەرمەزار ناكات، نورو ڕووناكیان دەدرەوشێتەوەو دێت و دەچێت لەبەردەم و لای ڕاستیانەوەو دەڵێن پەروەردگارا ئەم نورو ڕوناكیەمان بۆزیاد بكەو لێمان خۆش ببە، چونكە بەڕاستی تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەمووشتێكدا هەیە).

ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كردەوەی چاك تاریكی ڕۆژی قیامەت پەرش و بڵاو دەكاو دەیڕەوێنێتەوە، (علامة القصيم الشيخ عبدالرحمان السعدي) دەڵێت:

١- النساء: ١٤٢.

٢- التحريم: ٨.

٣- تفسير القرطبي، ٩/ ٦٤١٥،٦٤١٦.

٤- التحريم: ٨.

(کاتێ لەڕۆژی قیامەتدا بڕواداران هەوڵ دەدەن بەنورو ڕۆشنایی باوەڕەکەیان ڕێگا بکەن و بەهۆیەوە پشوویدەن و خۆشی وەرگرن و بسرەون، بەڵام کەدەبینن ئەو ڕوناکی‌یەی دووڕووەکان وەریانگرتبوو دەکوژێتەوە، ئەوان تەنگەتاو دەبن و دڵیان دەسووتێ و داوا لەخوا دەکەن کەڕووناکی‌یەکەیان بۆ زیادبکات و لێیان خۆش بێت، خوای گەورە وەڵامی داواکەیان دەداتەوەو بەو یەقین و ڕووناکی‌یەی لەگەڵیانەو پێی داون دەیانگەیەنێتە بەهەشتی پڕ لەنازو نیعمەت و دراوسێ‌یەتی پەروەردگاری بەرزوباڵا، ئەوە هەمووی لەکاریگەریی‌و شوێنەواری تەوبەیەکی ڕاست و پاك ودڵسۆزانەیە)[1].

بڕواداران نورو ڕووناکی بەگوێرەی چاکەکانیان وەردەگرن کەپێشتر ئەنجامیان داوە.

تاریکی پێنجەم: پردی صیراط:

لەپێش (صیراط)و لەسەر(صیراط) تاریکی‌یەکی زۆرتوندو نوتەك هەیە کەهیچ کەس توانای بینینی نیە مەگەر ئەوکەسەی خوای گەورە بەهۆی یەقینی ڕاست و کردەوە چاکەکانی خۆی سەرکەوتوو ڕزگاری بکات.

شارح و لێکدەرەوەی (العقیدة الطحاویة) دەڵێت:

(بڕوامان بە پردی صیراط هەیە، کەپردێکە لەسەر دۆزەخ، کاتێ خەڵکی ئەو وێستگە تاریکی‌یە تەواو دەکەن کەلەبەردەم پردەکەیە وەکو عائیشە (ڕەزای خوای لێبێ) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ان رسول اللهﷺ سئل: أين الناس يوم تبدل الأرض غير الأرض والسموات؟ فقال: ((هم في الظلمة دون الجسر))[2]. واتە: پرسیاریان کرد لە خۆشەویستﷺ ئەو ڕۆژەی زەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕێن بە زەویەکی تر خەڵکی لەکوێ دەبن؟ فەرمووی: ئەوان لە تاریکییەکدان لەبەردەم پردەکە). وەکو لە گێڕانەوەکەی (الحاكم)دا هاتووە لەو فەرموودەیەدا ئەو تاریکی‌یە

١- تيسير الكريم الرحمن ٧/ ٤٢٣،٤٢٤.

٢- شرح العقيدة الطحاوية ص٤٦٩- والحديث أخرجه مسلم ١٧٣/١.

باس دەكات كەلەسەر(صیراط) پەیدا دەبێت و، خەڵكی بەگوێرەی كردەوەكانیان ڕووناكی بۆ وەردەگرن، فەرموودەكەی پێغەمبەرﷺ بەم جۆرەیە:

(فيعطون نورهم على قدر أعمالهم، وقال: فمنهم من يعطى نوره مثل الجبل بين يديه، ومنهم من يعطى نوره فوق ذلك، ومنهم من يعطى نوره مثل النخلة بيمينه منهم من يعطي دون ذلك بيمينه، حتى يكون آخر من يعطى نوره على إبهام قدمه، يضيء مرة ويطفأ مرة، إذا أضاء قدم قدمه، إذا طفيء قام: قال: فيمر، ويمرون على الصراط كحد السيف دحض، مزلة، فيقال لهم، امضوا على قدر نوركم...)[1].

واتە: (ڕووناكیان بەگوێرەی كردەوەكانیان پێدەدرێت، لەناویاندا كەسی وا هەیە ڕوناكی بەقەد چیایەك لەبەردەمیدا دەبێ هی واهەیە لەوەزیاتریشی پێدەدرێت و هەیانە وەك دارخورمایەك لەڕاستیەوەو هەیە لەوە كەمترو، هەتاوای لێدێت لە كۆتاییدا هەرئەوەندە ڕووناكی وەردەگرێت كەتەنها سەرپەنجەی پێیەكانی خۆی دەبینێ و جارجار ڕووناكی دەبێ و جارجار لێی دەكوژێتەوە، ئەوەیش كەڕووناك دەبێتەوە دەڕوات كەكوژایەوە دەوەستێت، بەم جۆرە بەردەوام دەبێت و بەسەر(صیراط)دا دەڕوات، كەپردی صیراط وەك شمشێری تیژ وایە لەسەری هەڵدەخلسكێت، پێیان دەگوترێت: (بەگوێرەی ڕووناكییەكەتان تێپەڕن).

چرای پێنجەم: یەقین:

یەقین دژو پێچەوانەی شك وگومانە، بەرزترین پلەی باوەڕ پێبوون و بەڕاست زانینە، بەرزترین پلەی باوەڕهێنان وەك ئەوەیە:

مرۆڤ بەچاوی خۆی ببینێ و بەگوێیەكانی ببیستێ و دوای ئەوە كەمترین گومانی لە لادا نەبێت بەرامبەر ئەو ڕاستییە، ئەوكاروبارە شاراوەو نهێنییانەی خوای گەورە هەواڵی پێداون لەسوننەتە پاك و پیرۆزەكانی بەڕاستیان بزانێت و باوەڕی پێ هێنابن بەپلەی یەقین، ئەوكاتە خاوەنی ئەو یەقینە واكار دەكات هەروەكو بینەرێك بەچاوی خۆیو بیسەرێك بەگوێیەكانی دیمەنەكانی ڕۆژی دوایی

١- أخرجه الحاكم، وهو جزء من حديث ٣٧٣/٢، وصححه الألباني، شرح الطحاوية ص ٤١٥..

ببینیٚ و ببیستیٚ و بەجۆرێك سەیریان دەكات و وەكو بەتەواوی لەبەرچاوی بن، كەئەوەش وای لێدەكات زیاتر هەوڵی بۆ بدات و كاری لەپێناودا بكات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەونورو ڕووناكیيەی لەكاتی تێپەڕبوونی بەسەر (صیراط)دا وەری دەگرێت.

ئەو ڕووناكیيە هەڵەوكارە خراپەكانی دەسووتێنێت و لەسەرسیراط نایانهێڵێت و شوێن پێی خاوەنەكەی ڕووناك دەكاتەوەو هەتا لەچاو تروكانێكدا تێدەپەڕێت هەروەكو لەڕۆژی ڕووناكدا بڕوات بەهۆی ئەو هەموو نورو ڕووناكیيەی پێی دراوە، ئەوەتا لەمانای ئەوەدا خواناسی زاهید (یەحیا كوڕی معاذ) دەڵێت: (بۆ یەكتاپەرستی نورو ڕووناكی هەیەو بۆ هاوەڵگەرو هاوبەش پەیداكەران ئاگر).

نوری یەكتاپەرستی بۆ خراپییەكانی یەكتاپەرستان سوتێنەرەترە لەئاگری هاوبەش پەیدا كردن بۆ سووتانی چاكیەكانی هاوبەش پەیداكەران[1].

پێغەمبەرﷺ بەدەگمەن لەمەجلیسێك هەڵدەستا هەتا ئەو دوعایانەی نەخوێندبا: (اللهم اقسم لنا من خشيتك مايحول بيننا وبين معاصيك، ومن طاعتك ماتبلغنا به جنتك، ومن اليقين مايهون علينا مصيبات الدنيا، ومتعنا بأسماعِنا وأبصارنا وقوتنا ما أحييتنا، واجعله الوارث منا، واجعل ثأرنا على من ظلمنا، وانصرنا على من عادانا، ولاتجعل مصيبتنا في ديننا، ولاتجعل الدنيا أكبر همنا، ولامبلغ علمنا، ولا تسلط علينا من لايرحمنا)[2]. واتە: (ئەی خودایە! داوات لێ دەكەم ئەوەندەمان ترس لەخۆت پێ ببەخشە كەببێتە ڕێگرێك لەنێوان ئێمەو سەرپێچی لەفەرمانەكانت، ئەوەندە گوێڕایەڵیتمان پێ ببەخشە كە بەبەهەشتمان بگەیەنیٚ و، دڵنیاییەكمان بدەیە كە ناڕەحەتیيەكانی دنیامان لەسەر سووك بكات و، گویٚ و چاوو هێزو وزەمان بۆ بكەی بەمایەی چێژوخۆشیو، تا لەژیاندا بین ئەو چێژەمان بۆ بەردەوام بكەیو، لەدوای خۆمان بەمیرات بەجێی بهێڵە بۆ كەسوكارو نەوەكانمان، وە ڕق و تووڕەییمان ڕوو پێ بكەرە ئەو كەسەی ستەمی لیٚ كردوین و

١- كتاب اليقين- ابن أبي الدنيا، ص٢٠.

٢- أخرجه الترمذي (٣٥٠٢) وقال حديث حسن والحاكم في المستدرك ٥٢٨/١ وصَحّحَه ووافقه الذهبي.

سەرمان بخە بەسەر هەرکەسێکدا کە دوژمنایەتیمان دەکات و دەست درێژی دەکاتە سەرمان ئاشوب و نەهامەتی نەخەیتە ئاینمانەوەو دونیاش نەکەیتە گەورەترین خەممان و کۆتا زانستمان و هەرکەسیێ بەزەیی پێماندا نەیەتەوە زاڵی نەکەیت بەسەرماندا).

بەڵاو نەهامەتیەکان دەبنە کۆسپی سەر ڕێگای ئەوانەی کاروکردەوەکانیان بۆ قیامەت ئەنجام دەدەن، پەکیان دەخەن و دوایان دەخەن لەوکاروکردەوانە، لەبەرئەوە ئەو دوعاوپاڕانەوە بەیەقینەوە بەڵاو نەهامەتیەکان سووک و ئاسان دەکەن و وایان لێ دەکەن نەبنە کۆسپ و تەڵەو داو لەسەر ڕێگاو کارکردنیان بۆ ڕۆژی دوایی تابەردەوام بن بۆ گەیشتن بەونووره لەدنیاداو ببێتە هۆی لابردن و ڕەواندنەوەی تاریکایی صیراط لەقیامەتدا.

مێرگی (٤٠)

وتەکانی سەرەمەرگ

کاتی سەرەمەرگ...

چرکە ساتەکانی سەرەمەرگ دوایین کاتی تەمەنی مرۆڤـە، کەخوای گـەورە بـۆ هەموو خەڵکی دیاری کردووە، بریتییە:

لەتوندترین و سەختترین کاتـەکانی ژیانی، ئـەو چـرکە سـاتانە کـاتێکن کـەهیچ کەس دوای مردنی نەگەڕاوەتـەوە، درێـژەی باسـی ئـەو ئـازارو ناڕەحەتی‌یـەمان بـۆ بگێڕێتەوەو باسی بکـات، تـابزانین چۆنە! بـەڵام ئـەوەتا چـاکترین کـەس و دوایـین پێغەمبـەرﷺ لـەکاتی سـەرەمەرگدا ئـارەقی موبـارەکی ناوچـەوانی دەسـڕێت و دەفەرموێت: (ان للموت سكرات)[١]. واتە: (بەڕاستی مـردن بەحەسـرەت و ئـازارە). ئەگەر لەسەر چاکترینی دروستکراوان وابێت، ئەی بۆکەسانی تردەبێ چۆن بێت؟!!

ئـەوە چـرکە سـاتێکن کەترسـی ئـەو کەسـەی لەسـەرەمەرگدایە لـەهیچ شـتێ ناهێڵێت و لایدەبات، ترس لەنەفس، ترس لـەرزق و ڕۆزی، تـرس لەئاینـدەی، تـرس لەمرۆڤـەکان، تـرس بەهـەموو جـۆرە فریودانەکانیـەوە، وە ئـەو ترسـەی قەدەغـەی دەکـات لـەگوتنی ئـەو ڕاسـتی‌یەی بـڕوای پێـی هەیـەو، لـەو وتەیـەی بیروبـاوەڕی لەسەریەتی‌و، لەوکردەوەیەی پاداشتەکەی دەزانێت.

بەڵێ هـەموو ئـەو ترسـانە لادەبـات و تـەنها یـەك ترسـی دەمێنێتـەوەو پێـوەی گیرۆدە دەبێت کەترسێکی ڕاستەقینەیەو فەرمانی پێکراوە ئەویش ترسان لەخوایە.

کاتێ ئەوکەسە لەسەرەمەرگدایەو تەسلیمی مەرگ دەبێت، ئەو مەرگەی هێواش هێواش جەستەی دەخوات، کە خۆیو خۆشەویستانی بەچاوی خۆیان دەیبینن چۆن جەستەی هەڵدەلووشێت، بەڵام بێدەنگ دەبن و ناتوانن ڕەوتی مردنەکـەی ڕابگـرن، ﴿ فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾

١- أخرجه البخاري (فتح الباري ١٤/ ١٤٩-حلبي).

﴿ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾[1]. واتـە: (ئێـوە بـۆ بیرناکەنـەوە، ڕۆژێـك دێـت کـەڕوحتان دەگاتـە گـەروتان، ئێـوەش بـەدەوری ئـەو کەسـەدا بـێ دەسەڵاتانە تەماشا دەکەن و سەرنج دەدەن، لەکاتێکدا کەئێمـە لـە ئێـوە نـزیکترین لێـی، بـەڵام ئێـوە نامـان بیـنن، خـۆ ئەگـەر ئێـوە زیندووناکرێنـەوەو پاداشـتتان نادرێتەوە.. ئەو ڕۆحەتان دەگێڕایەوە ئەگەر ڕاست دەکەن و دەسەڵاتتان هەیە).

دڵنیـا دەبـن کـە هـاتنی مـردن گومـانی تێـدا نیـەو هـەردەبێ بێـت. ﴿ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴾[2]. واتە: (بەڵام لـەو کاتـەدا، ئەوکەسـەی لەسـەرەمەرگدایەو دڵنیایـە کـەئیتر هیچ شتێك فریای ناکەوێت و کاتی ماڵئاواییە).

باوەڕی تەواو دەهێنن بەوەی کە هۆیەك نیە لێی بترسن جگەلە مردن، ئـەو لـەو چرکە ساتانەدایە کەبەوتەکانی کۆتـایی وەگۆدێـت و، هـەموو ئـەو جـۆرە بەرگریانـە لادەبات کەڕوونییەکەی لـێ لێـڵ دەکـەن، بەتایبـەتی ئـەو وتانـە کەسـانێك بیانڵێـت کەهەموو تەمەنیان لەخزمەتی پەروەردگارو شوێنکەوتنی سوونەتی (پێغەمبـەرﷺ) بەسەربردووە، وتەکانیان دەبنە چرایەك بۆ ڕۆشن کردنەوەی ڕێگای ئەوانەی بەدوای ئەواندا دێن، تا بەهەمان ڕێبازدا بە خۆڕاگریو دامەزراوی ڕێگا ببڕن.

وتەکانی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ):

کاتێك ئەبوبەکری صدیق لەسەرەمەرگدا بـوو چـەند ڕاسـپاردەیەکی بەعومـەری کوڕی خەطاب گەیاندو تیایدا وتی:

(بزانە کەخوای گەورە ئەو مافەی لەڕۆژدا بەسەرتەوەیەو دەبێ ئەنجامی بدەیت بەشەو لێت وەرناگرێت، ئەوەش کەبەشـەو بەسـەرتەوەیە لـەڕۆژدا لێـت وەرناگرێـت وەبزانە تافەرزەکان بەجێ نەگەیەنی سوننەتت لێ وەرناگرێت، بزانـە خـوای گـەورە یـادی ئـەهلی بەهەشـت دەکاتـەوە بەچـاکی کردەوەکانیـان، ڕەنگـە کەسـی واهەیـە دەڵێت: کردەوەی من لەکوێ و هی ئەوانە لـەکوێ؟ ئـەوەی خـوای گـەورە کردەوە خراپەکانیان لەسـەر لادەبـات و کاریگـەرییـان نـابێ لەسـەری، وەبزانـە خـوا یـادی

[1] الواقعة: ٨٣،٨٧.
[2] القیامة: ٢٨.

ئـەهلی ئـاگر دەکاتـەوە بـەهۆی خـراپترین کارەکانیانـەوە، لەوێـدا یـەکێك دەڵـێ: خۆکردەوەی من چاکترە لەکردەوەی ئەوانە، ئەوا خوای گەورە چاکترینی کردەوەی بەسەریدا دەداتەوەو لێی وەرناگرێت، بزانە کەخوای گـەورە هەرئایـەتێکی خۆشـیو ئاسودەیی‌و نەرمی لەگـەڵ ئایـەتێکی تونـدو تـووڕەیی‌دا ناردۆتـە خـوارەوە، لەگـەڵ هەرئایەتێکی توندیشدا نەرم ونیان و خۆشگوزەرانی ناردووە، بۆ ئەوەی بڕوادار هەم ئارەزوومەندو هیواداربکات و هەم بیترسێنێت تـاکو بەدەسـتی خـۆی خـۆی تووشـی هیلاکـی‌و فـەوتان نـەکات و، هـیچ خواسـت و خۆزگەیـەکی لـەخودا نـەوێت جگـە لەڕاسـتی، بزانـە کـە هەرکـەس لـەدنیادا شـوێن کەوتـەی هـەق و ڕاسـتی بێـت ئـەوا تەرازووی قیامەتی قورس دەبێت، وەبزانە شوێن کـەوتنی بـەتاڵ و بـۆش تـەرازووی قیامەت سووك دەکات، ئەگەر تۆ ئەم ڕاسپاردەیەم وەربگریـت ئـەوا هـیچ شـتێ نیـە لــەمردن خۆشەویســتربێ لــەلات، کــە بەدڵنیاییـەوە پێــی دەگــەیت، ئەگــەر ڕاسپاردەکەم لەدەست بدەیت ئەوا هیچ شتێ نیە لەلای تـۆ بەقـەد مـردن ڕقـت لێـی بێت)[1]. ئەو وتانـەی پێشـکەش بەجێنشـینەکەی کـرد کـەوەکو پـەیڕەوو پرۆگرامێـك پێویسـتی پێـی بـوو تاجێبـەجێی بکـات، بـۆ ئـەوەی لەوسـەرکردایەتی کردنـەی نەتـەوەدا دەرچـێت و سـەرکەوتووبێت. دەرچـون و سـەرکەوتنی نەتـەوە بـەهۆی دەرچـوونی سـەرکردایەتی‌یەوەیە کەئـەم ڕاسـپاردەیە لەشـەش سـتوونی ئیمـانی‌دا کۆدەبێتەوە:

ستوونی یەکەم: کاتەکانی پەرستش و بەندایەتی:

لـەم سـتونەدا یـادی دەخاتـەوە کـەگرنگی بـدات بەکاتـەکانی عیبـادەت و دوای نەخات بۆ کاتەکانی ناچاری‌و بێـزاری، یـان تێکـەڵ بەکاتـەکانی غـەیری عیبـادەتی نەکات، هەرکەسێك گرنگـی نـەدات بەکاتـەکانی بەندایـەتی‌و دوای بخـات بـۆ غـەیری کاتی خۆی، ئەوا مافەکانی خەڵکانی تر زیاتر دوادەخات و ونی دەکات و لەدەستیان دەدات.

١- وصايا العلماء للربعي ص٣٥.

ستونی دووەم: گرنگی دان بەفەرزەکان:

دوای ئەوەی لەکۆڵەکەی یەکەمدا ئەوە دەخاتەڕوو کەگرنگترین کاتی بەندایەتی بەجێهێنانی فەرزەکانە، بەهیچ جۆرێك ڕێگە نەدراوە بەدواخستنیان لەکاتی خۆی، هەتا ئەگەر هۆی دواخستنەکەی خەریك بوون بەسووننەتەوە بێت، لێرەدا مەبەستی لەفەرزەکان تەنها فەرزی نوێژو ڕۆژووەکان نیە، بەڵکو واتاو مەبەستی هەموو فەرزێکە کە خوا فەرزی کردووەو سزای داناوە بۆ وازلێهێنانی، ئەوەش ڕاست نیە کەگرنگی بدرێت بەسوننەت و فەرزەکانیش تەرك بکات، وەکو ئەوکەسەی شەوانە هەڵدەستێ بۆشەونوێژ و بۆنوێژی بەیانیش خەبەری نابێتەوەو هەڵناستێت، یاوەکو ئەوکەسەی زۆر خۆ خەریك دەکات بەزیکرو ویردەکان، لەباتی داواکردن و بەدوا داچوونی زانست و زانیاریەو، زۆرتر لەم بابەتانە.

ستونی سێیەم: وازهێنان لە بێهیوایی‌و نائومێدی:

لەم ستوونەدا ئاوڕدانەوەیەك هەیە دەڕوانێتە کێشەیەکی گرنگی ئیمانی، ئەویش بەسووك ڕوانینی بڕواداره بۆ ئەو کردارە چاکەی دەیکات و ئەنجامی دەدات، هەرشتێ لەبارەی کردارە باشە تەواوەکانەوە دەبیستێ دەڵێت: (کاری من لەکوێ‌ی کاری ئەوانەدایە). (خەتەری ئەو کارە لەوەدایە وای لێبکات بەتەواوەتی دەست لەکاری چاك هەڵبگرێت و وازی لێ بهێنێت، یا بوەستێ لەو پێشبڕکێ‌یەو نەیکات کە قورئان لەچەندین شوێندا باسی لێوە دەکات)[1]. گومانی تێدا نیەو دەزانین بەرپرسیارو ڕاسپێردراوین بەئەنجامدانی ئەوکارەی خوا فەرمانی پێکردوین و دوورکەوتنەوە لەوەی کەنەهی لێکردووین و، نزیك بوونەوە لەخوا بەهۆی سووننەتەکانەوە، دوای ئەوە بەهیوای ڕەحمەتی خوابین تا بەڵکو ئەو کردەوانەمان هۆیەك بن بۆچوونە بەهەشت، هەروەکو لە پێغەمبەرەوەﷺ دەگێڕنەوە کەدەفەرموێت: (لایدخل احد الجنه بعمله)[2]. واتە: (کەس بەکردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە). ئەوەش بێ ئومێدمان نەکات و بەسووکی سەیری هیچ کارێکی چاکە

١- مەگەر ئەو قسەو بیرکردنەوە ببێتە پاڵنەرێك بۆ زیاتر ئەنجامدانی کردەوەی چاك.

٢- مسلم.

نەکەین هەتا ئەگەر کەمیش بێت، هەروەکو یەکێك لەبەنی ئیسرائیلی بەهۆی ئاوپێدانی سەگێکەوە چووەتە بەهەشتەوە)[1]. و(ژنێکیش چووەتە ئاگرەوە بەهۆی ئەوەی پیشیلەیەکی لەخواردن گرتۆتەوە)[2].

ستونی چوارەم: فریوخواردن و بەکەم زانینی گوناهوتاوان:

ئەوە دەردێکی خەتەرناکەو وەکو مێروولە دەخشێت بەبێ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی هەستی پێبکەن، کەیەکێك سەرپێچی فەرمانی خوا دەکات و، هەندێك لەفەرزەکان دوادەخات و، تەمبەڵی لەهەندێکیاندا دەکات، کاتێك کەگوێبیستی حاڵی ئەهلی ئاگرو کردەوەکانیان دەبێت کەبەهۆیەوەو خراونەتە ئاگرەوە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت: (من لەوانە باشترم وکردەوەم لەوان باشترە) بەم جۆرە بەراورد لەنێوان خراپەکاری خۆیو ئەواندا دەکات و ئەوەی لەبیردەچێتەوە کەخوای پەروەردگار باسی کردەوەچاکەکانیانی نەکردووە کەپێشکەشیان کردووەو لەچاکەی ئەویش زیاترن، بەڵام خوای گەورە لێی کردون بەتەپ و تۆزو بەفیڕۆچوون، بڕوادار نابێ هیچ سەرپێچییەك لەفەرمانی خوا بەکەم بزانێت هەتا ئەگەر زۆرزۆر کەمیش بێت کەڕەنگە لە تەرازووی خودا گەورەبێت، هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: (إیاکم ومحقرات الذنوب...) واتە: (خۆتان بپارێزن لەگوناهە بچوکەکان..) بڕوادار بەوە نەخەڵەتی کەکارێکی چاك دەکات لەکاتێکدا نازانێ لێی وەرگیراوە یان نا..؟

ستونی پێنجەم: ترس و هیوا:

بڕوادار کاتێ هاوسەنگی نێوان ترس و ئومێدی تێك دەچێت ئەوا هاوسەنگی ڕەفتارو ڕێڕەویشی دانامەزرێت و لەنگەر ناگرێت، کە ترس بەسەریدا زاڵ دەبێ ئەوابێ هیواو ڕەنجەڕۆ دەبێت، کاتێکیش هیواو ئومێد بەسەریدا زاڵ دەبێت، ئەوا پاڵی لێدەداتەوە، ئەو لێشێوان و تێك چوونەیە ئەبوبەکر بۆ عومەری (خوا لێی ڕازی بێ) ڕوون دەکاتەوە کە بەرەوفەوتان و بەهیلاك چوونی دەبات، یەکێك لەزانایان

١- لەگێڕانەوەیەکی موسلیمدا هاتووە (٢٢٤٥).

٢- لەگێڕانەوەیەکی بوخاریدا هاتووە الفتح (٣٣١٨).

دەڵێن: تەواوترین بارودۆخ هاوسانیو لەنگەرگرتنی ترس و ئومێدو زاڵ بوونی خۆشەویستی‌یە، (خۆشەویستی کەشتی‌یە، ئومێد لێوارەو، ترس لێخورە، خوداش بەگەورەیی‌و بەخشندەیی خۆی گەیەنەریەتی)[1].

ئیبنولقەیم ئەو هاوسەنگی‌یە وەسف دەکات بەدوو باڵی باڵندە کەفرینەکەی ڕاستاڵ و هاموارنابێ بەشێوان یاتێکچوونی باڵەکانی دەڵێت: (دڵ لە ڕەوتایە بەرەو خودا بەشێوەی باڵندەیەك، خۆشەویستی سەریەتی، ترس و ئومێد باڵەکانییەتی، هەرکاتێ سەروباڵەکانی تەندروست بوون باڵندەکە بەباشی دەفرێت، کەی سەری بڕا باڵندەکە دەمرێت، وە ئەگەر باڵەکانی لەدەست بدات ئەوا ئامادەیە بۆ هەموو تێشکانێك و کەوتنە دەستی هەموو ڕاوچی‌یەك).

ستونی شەشەم: هەستکردن بەتەرازووی ڕۆژی دوایی:

لەڕاسپاردەی کۆتاییدا نهێنیەکی بۆ ئاشکرا دەکات و دەخاتە ڕوو لەقورسایی تەرازووی ڕۆژی دوایی‌دا کەتەنها بەشوێن کەوتنی هەق و ڕاستی ناکرێت، بەڵکو بەهەستکردن بەقورسی ئەو سپاردەیەی کەوتووەتە ئەستۆیان، ئەو قورسایی‌یە ترسانە لەقبوڵ نەکردنی چاکەکانیو، ترسانە لەکۆتاییو سەرئەنجامیان و، ترسانە لەسزای ناوگۆڕ، ترسانە لەمەترسیەکانی قیامەت و ئەوەی تیایدایە لەپرسیارو زیندووبوونەوەو صیراط و لێپرسینەوەو تەرازوو ئاگرو هەروەها ...، ئەوهەستە بەقورسی ئاکامەکەی لەگەڵ شوێن کەوتنیشیان بۆ هەق، ئەوەیە کەتەرازووەکەیان قورس دەکات لەڕۆژی قیامەتدا، لەگەڵ ئەوەش ئەو نهێنییە دەردەخات لەسووك بوونی تەرازووی خەڵکانێك کەشوێن کەوتەی بەتاڵ و تاوانەکانیان بەبچووك دەزانن و دەیشارنەوە، ئەوەش وایان لێدەکات کەزۆر بەنەترسی کاری وابکەن خوا زیاتر لێیان تووڕە دەبێت، ئەوەش تەرازوویان سووك دەکات لەڕۆژی قیامەتدا دوای ئەوە دەچنە ناو ئاگرەوە.

١- تهذيب مدارج السالكين ص٢٧٢.

خۆشویستنی مردن:

هەرکەس بەهەموو بەشەکانی ئەو ڕاسپاردەیە کاریکات و بەهەموو ئەو هێزوتوانایەی هەیەتی خۆی بۆ قیامەت ئامادەبکات، ئەوا حەزی لەژیانی زیاتری دنیا نیە، بەڵکو زۆر پەرۆش و ئارەزوومەندە بۆ گەیشتنەوەی بەخوای خۆیو ئەوەندەی بتوانێ لەپێناویدا دەیکات، چێژوخۆشی‌یەکانی دنیا لەبەرچاوی زۆر کەم و بچوك دەبێتەوە لەچاو ئەوچێژوخۆشییەی کەخوای گەورە لەقیامەتدا بۆی ئامادەکردووە، ئەوهەستە بوو پێغەمبەریﷺ والێکردبوو لەوچەند ڕۆژانەی کۆتایی تەمەنیدا دەیفەرموو:

(إن عبداً خيره الله بين أن يؤتيه من زهرة الدنيا ماشاء وبين ماعنده فأختار ماعنده)[1]، (واتە: بەڕاستی بەندەیەك خوا سەرپشکی کرد لەنێوان هەڵبژاردنی خۆشی‌یەکانی دنیاو ئەوەی لای خودا خۆیەتی ئەوا ئەوەی لای خوایە هەڵی بژارد.

(خۆشویستنی مردن)مانای ئەوەنییە حەزی لەئازارو نەهامەتی‌یەکانی ڕۆح کێشان بێت، بەڵکو مەبەست لەخۆشویستن و حەزکردن لەمردن دوای ئەوەیە(واتە دوای مردنە)، ئەوەتا ئیمام (ئەبو عەبید لقاسم بن سلام) لەنوسینێکیدا باس لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ دەکات کە دەفەرموێت: (من أحب لقاء الله أحب الله لقاءه، ومن كره لقاء الله كره الله لقاءه). واتە: (هەرکەس حەزبکات بەگەیشتنەوە بەخوا ئەوا خواش حەز بەگەیشتنەوەی ئەو دەکات، هەرکەس حەز نەکات بگاتەوە بەخوا، خوداش حەز بەگەیشتنەوەی ئەو ناکات).

عائیشەو هەندێ لەخێزانەکانی دەڵێن: ئێمە حەز بەمردن ناکەین، دەفەرموێت: ئەم شێوەیە نا، بەڵام بڕوادار کاتێ دەگاتە کاتی مردن مژدەی پێدەدەن بەڕازی بوونی خودا لێی و ڕێزلێنانی، ئەوا هیچ شتێ لەلای لەوە خۆشەویستتر نیە کە لەبەردەمیدایەو حەزدەکات بگاتەوە بەخوداو خوایش حەز بەگەیشتنەوە بەودەکات، بێ بڕواش کاتێ لەسەرەمەرگدایەو مژدەی سزاو تۆڵەی خودایی پێدەدەن، ئەوا هیچ

١- البخاري ٧/١٨ في المناقب.

شتێکی لەوە پێناخۆشتر نابێت کە لەبەردەمیدایەو حەز ناکات بگاتەوە بەخوداو خودایش حەز بەگەیشتنەوە بەو ناکات)[1].

ئیمام (ئەبو عبید) دەڵێت: بەڕای من ئەم فەرموودەیە مەبەستی ئەوە نیە هەرکەس حەزی لەگەیشتنەوە بەخودابێت حەزی لەناخۆشیو نەهامەتییەکانی سەرەمەرگ بێت، چونکە کەس حەزی لەئازارو ناخۆشییەکانی سەرەمەرگ نیە، بەڵام ئەوەی سەرزەنشت دەکرێو باش نیە هەڵبژاردن و پەسەندکردنیو پشت پێ بەستنی دنیایە، حەز نەکردنە بەگەڕانەوە بۆلای خواو ڕۆژی دوایی)[2].

(خەطابي) دەڵێت: (واتای حەزکردنی بەندە بەگەیشتنەوە بەخوا پەسەندکردنی قیامەتە بەسەر دنیاداو حەزناکات بەردەوام تیایدا بمێنێتەوە، بەڵکو خۆی ئامادە دەکات بۆ بەجێهێشتنی)[3]، ئەوەش جیاوازە لە بێ ئومێد بوون لەژیان، یا ڕووخان بەرامبەر گێچەڵ و فیتنەکانیو لەقورسایی باری گرانی ئەوان ڕابکات و پەنابەرێتە بەر خۆکوشتن لەپێناوی ڕزگاربوون لەو نائومێدیو تەنگەتاویەی تێی کەوتووەو لەڕەحمەتی خوا بێ ئومێد بووبێت، بەڵکو پەرۆش و تامەزرۆیە بۆ بینینی خوداو، ئەوەی خوا بۆی ئامادەکردووە لەبەخشش و خۆشیە نەبڕاوەکان، لەبەرئەوە (خالید کوڕی وەلید)لە هەندێ لەشەڕەکان لەگەڵ فارس دا دەڵێت: (بەسوپایەکەوە هاتووم بۆتان کەحەز بەمردن دەکەن چۆن ئێوە حەز لە ژیان دەکەن) مەبەستی پێ حەزکردنە لەشەهیدبوون و ئاکامە خێرەکەیەتی لەپێناویدا).

گفتوگۆی حوزەیفە لەگەڵ مردن:

حوزەیفە کوڕی یەمان هاوەڵی نهێنییەکانی پێغەمبەرﷺ بوو ڕاستگۆییەکەی لەخۆشویستنی بۆ مردن ئەوەی کردوویەتی بۆ دوای مردن دەسەلمێنیو لەدواچرکەکانی تەمەنیداو لەسەرەمەرگدا دەڵێت: (وەرە ئەی مردن لرخەکەت بێنە، ئەی مردن ئازارو توندیەکەت زیاتر کە، دڵم لەهەموو شت خۆی دووروبەرز دەگرێت

١- البخاري ١١/٣٠٨،٣١١ في الرقاق.

٢- فتح الباري ١١/٣٦٠.

٣- فتح الباري ١١/٣٦٠

جگەلەحەزکردن بەتۆ، خۆشیو ئاسوودەیی ژیـان و گـوزەرانی دوای تـۆ بەڕێوەیـەو دەگاتەجیّ، خۆشەویست لەکاتی پێویـستدا دێـت، لەپەشـیمانی ڕزگارنـابم، لـەدوای خۆم نازانم چی دەبێت، سوپاس بۆ ئەو خوایـەی لـەپێش فیتنـەو گێچـەڵەکاندا دەم باتەوە)[1].

وەکو دەیخاتە ڕوو بەم جۆرە حەزی بەمردن کردووە، ئەودەزانێت چی کردووە، ئەو کردەوە چاکانەی پێش خـۆی بـەڕێی کـردوون و، لـە وە دڵنیایەکـە دۆسـتایەتی دنیا هەرهەمووی ناکاتە یەك چێژ لەخۆشی چێژەکانی قیامەت، لەبەرئەوەیە دەڵێت: (خۆشگوزەرانی لەدوای تۆدێت) حـەز لـەمردن دەکـات چـونکە خـوا دەیباتـەوە لای خۆی پێش ئەوەی بگاتە ئەو ڕۆژانەی فیتنەی تیادا دێت و هیچ کـەس لەشـەڕوزیانی ئەو فیتنەیە ئەمین نابێت.

بۆچی ڕقمان لەمردن دەبێت؟

ئەم ڕاستییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە لەئامۆژگاری زانـای پایـە بـەرز ئیمـام (ئـەبو حازم بۆ سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیك) کاتیّ پرسیاری لێدەکات دەڵێت: (ئەبو حازم ئێمە بۆچی ڕقمان لەمردنە؟)

ئەبو حازم دەڵێت: (دنیای خۆتان ئاوەدان کردۆتـەوەو قیامـەتی خۆتـان وێـران کردووەو حەزناکەن لەو ئاوەدانییەوە بچنە کاولگەو وێرانە)[2]. هەرکەس هەڵپەی دنیا بکـات لـەباتی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ قیامـەت و گوێڕایـەڵی فـەرمانی خـواو وازهێنـان لەوەی خودا نەهی لیّ کردووەو، واڵە دنیا نەڕوانیّ کەخانـەی نـەمان و لـەناو چـوونە بەڵکو وابۆی بڕوانیّ و کاری تێدا بکـات کەخانـەی مانـەوەو نەمرییـە، ئـەوا زۆر ڕوو لەڕێگە پێدراوەکان دەکات، جوانی دنیا بەجۆرێك سەرسامی دەکات بۆ گەیشتن بەو جوانیو ڕازاوەییەی دنیاو، هیچ کاتی بۆ نامێنێتـەوە تابیـدات بـەجوانی قیامـەت و کاری تێدا بکات بۆی.

١- وصايا العلماء- للربيعي ص٥٤.

٢- المصباح المضيء ٢/٤٨.

بەڕاستی گومانی تێدانیە ئەو چینەی خەڵك لەمردن دەترسن لەبەرئەوەی خۆیان بۆ دوای مردن ئامادەنەکردووە، وە خۆ ئامادەکردن بۆ هەرکام لەم دووخانەیە ئەوەیە کەئەبو حازم بە (ئاوەدانکردنەوە) ناوی بردوەو خۆ ئامادەنەکردن بۆیان (وێران کردن و تێکدانە)ئەوەیە هۆی ڕق لێبوونەوەی هەندێ کەس لەمردن، لەبەرئەوەیە حەز ناکەن و دەترسن کەبگوازنەوە بۆ خانەو لانەیەك کەهیچ شتێکیان تێدا بنیات نەناوە، هیچ جێگەو مەئوایان نییە لەوێ کەحۆریەکان تیایدا چاوەڕێیان بکەن و خزمەتکارو باڵندەو ڕووباری شیروهەنگوین و شەراب و ئاویان نیەو شتێ کەچاو نەیدیوەو گوێ نەیبیستووە نیانە، جێگاو مەئوایان تەنها لەئاگردایە بۆ سزاو تۆڵە لێستاندنیان.

ئاوەدانکاری قیامەت ناترسێت:

لەسەر ئەو ڕاستی‌یەی هەرکەس قیامەتی خۆی ئاوەدان بکاتەوە ناترسێ لەمردن، لەبەرئەوەی بەهیواو ئومێدی ئەوەیە کەخوا لەدوای مردن بۆی ئامادە کردووە لەخۆشگوزەرانیو بەهرەو بەخششەکانی، ئەوەیە کە (سەید قوطب – رەحمەتی خوای لێبێ) لەڕۆژەکانی دوایی ژیانی‌دا، کەتیایدا چاوەڕێی لەسێدارەدانی دەکرد کەلەهەر چرکەیەکدا بیکەن ئەو ڕاستی‌یە دەسەلمێنێت و بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێت: (هیچ نیە لەمردن زیاتر ئاهاواری بۆ ببەم هەتا بەڵکو لەچرکە ساتێکدا بێت و بەڕاستی لەم ژیانەدا زۆرم وەرگرتوە، واتە، بەخشیوە ! !).

هەندێ جار دەمارگیریەکی تەواو لەسەر جیاوازی ئەم دوو وشەیە(الاخذ والعطاء، وەرگرتن و بەخشین)هەیە لەبەرئەوەی یەك ناوەڕۆکیان هەیە لەجیهانی ڕۆحدا ! لەگشت جارێکدا (بەخشیم بەڕاستی واتە: وەرم گرت). واتای ئەوە نیە یەکێك شتێکی پێداوم بەڵکو واتە من هەرهەمان ئەوەم وەرگرتووە کەبەخشیومە، چونکە دڵخۆش بووم بەوەی بەخشیومە کەئەوەش کەمتر نیە لەخۆشی ئەوەیان کەشتەکەی وەرگرتووەو پێی دڵخۆش بووە، (هیچم نیە جگە لەپەنای مرن بەڵکو لەکاتێکدا بێت بەڕاستی ئەوەندە کارم کردووە بەقەدەری ئەوەی ئاتوانیومە بیکەم ! لەوێدا شتی زۆر هەیە کەڕەنجی بۆ بدەم و تێبکۆشم و بیکەم ئەگەر بێتوو

ژیانم درێژتربێتەوە، بەڵام ئاهو حەسرەتی ئەوەش دڵم ناخوات ئەگەر ژیانم درێژ نەبێ و نەتوانم، بەڵکو کەسانی تر بتوانن بیکەن، ئەگەر بۆمانەوە چاك بێت لەناوچێت، بەڕاستی من دڵنیام بۆ ئەوەی ئەو بایەخ و چاودێرییەی تێبینی ئەو هەبوونە دەکات نایەوێ بیروبۆچوونی چاك بمرێت)[1].

١- أفراح الروح ص٢٦-ط- ابن القيم.

مێرگی (٤١)

کاتی سەرەمەرگ و بیرکردنەوە لەو کردەوانەی کردوویەتی

وتەکانی ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت):

(عەبدوڵای کوڕی ئیمامی عومەر) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەوکاتەی عومەر پێکرابوو، واتە بریندار کرابوو سەری لەکۆشمدا بوو گووتی: سەرم بخەرە سەرزەوی، دەڵێت واگومانم دەبرد کەبێزارو بێتاقەت بووە، دڵم نەهات و بەقسەم نەکرد دیسان وتی: ڕوومەتم بخەرە سەرزەوی هاوار لەخۆم، ئەگەر خوالێم خۆش نەبێت)[1].

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە (سالم کوڕی عەبدوڵای کوڕی عومەر) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: سەری لەسەر ڕانم بوو لەو زامداریەی کەبەهۆیەوە شەهیدبوو، پێی وتم: سەرم بخەرە سەرزەوی، پێم وت چیتە؟ سەرت لەسەر ڕانم بێت یا لەسەر زەوی جیاوازی چیە؟ وتی: پێت دەڵێم سەرم بخەرە سەر زەوی، وازی نەهێنا تا کەوتە سەرزەویو وتی: هاوار بۆخۆم و دایکم، هاوار لەخۆت عومەر، ڕەنجەڕۆ دەبم ئەگەر خوا ڕەحمم پێنەکات)، لەگێڕانەوەکەی (ئیبنو عەباس)دا کە دەچێتە ژوورەوە بۆلایو ئەویش لەسەرەمەرگدایە، پێی دەڵێت: (ئەی ئەمیری ئیمانداران! تۆ موسوڵمان بوویت کاتێ خەڵکی بێباوەڕ بوون، لەگەڵ پێغەمبەرﷺ خوادا جیهادت کردووە کاتێ خەڵکی نەیان دەکرد، بەشەهیدی ڕۆیشتی، پێغەمبەریﷺوەفاتی کردو لێت ڕازی بوو، عومەر وتی: وتەکانت دوبارە بکەوە، ئەویش بۆی دووبارە کردەوە فەرمووی: بێئاگاو خەڵەتاو کەسێکە بە بیرکەوتنەوەکانی لەخۆبایی دەبێت، وەڵڵاهی ئەگەر ئەوەی ڕۆژی بەسەردا هەڵدێت

١- وصايا العلماء- للربعي ص٣٧،٣٨.

و ئاوادەبێت هەمووی هی من با دەمبەخشی لە ترس و لەرزی سزای ڕۆژی قیامەت!).

داوای ڕەحمەت و لێخۆشبوون:

دەبێ چ گوناه و تاوانێك فاروقی مژدە پێدراوی بەهەشتی هەراسان کردبێت، تابەم جۆرە ترسە بترسێت کاتێ لەسەرەمەرگدایە؟!! ئەوە هەستەوەری ئیمان و باوەڕە وای لێ دەکات دوعا بکات و هاواری ڕەنجە ڕۆیی بۆ خۆیو دایکی بکات، ئەگەر خوا لێی خۆش نەبێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە دەزانێت کە ڕەحمەت و لێ خۆشبوونی خوا بەکردەوە بەراورد ناکرێت وەکو وادەزانرێت، ئەو دەترسا لەوەی کە سیمای پێغەمبەرﷺ لەگەڵ دووڕووەکاندا چۆن بوو، بۆیە کاتێك (حوزەیفەی کوڕی یەمان) هات کە (پارێزەری نهێنیەکان)ی پێغەمبەرﷺبوو، پێی گووت: کەهەواڵی بداتێ لەوەی ناوی ئەو لەناو ئەوانەدا نەبوو، بەڵام هەرفەرقی نەکرد لەو هەموو ترسەی هەیبوو تادوا چرکەکانی ژیانیو دواهەناسەی.

نەیدەویست مەدح و ستایشی بکرێت:

فارووق لەو کەسانە نەبوو لەکاتی (مدح)ی دا خۆی هەڵنێتەوەو حەزی پێ بکات و ڕاستیەکانی نەفس و چەواشە بوونەکانی لە بیربچێتەوە، کاتێك (ئیبنو عەباس) چووە ژوورەوە بۆلایو دڵنیای کردەوە لەسەرەنجام خێریو مژدەی چاکەکاری پێدا، کەچەندین کاری چاك و گەورەی ئەنجام داوەو پێشکەشی کردووە بەڵام ئەو بەهۆیەوە بەرزبووەوەو نەیدەویست بەم جۆرە تەزکیەی بکات، بەڵکو پێی فەرموو: (بێئاگا ئەوکەسەیە کە بەگێڕانەوەو بیرهێنانەوە دەخەڵەتێ و مەغرور دەبێت) ئەو لەچرکەیەکدا بوو هەستی بەقیامەت دەکرد زیاتر لەهەرچرکەیەك لەچرکە ساتەکانی ڕابردووی تەمەنیدا، ئەو دەیوت: ئەگەر دنیاو ئەوەی تیایدا بەماڵی ئەو بوایە دەیبەخشی لەپێناوی ڕزگاربوون لەمەترسیو سزای کاتەکانی سەرەتای ژیانی بەرزەخ، کە نازانێت تیایدا تووشی چی دەبێت و چ مژدەیەکی پێ دەدرێت.

سێ کاروبار:

خوێندنەوەی زۆر کراوە بۆ وتەکانی ئەوکەسانەی لەسەرەمەرگدا بوون، لە لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانەکانی پیاوچاکانی پێشین، گرنگترینیان لە سێ خاڵی گرنگدا کورت کراونەتەوە کە ئەمانەن:

١- بیرکردنەوە لەوکارانەی پێشتر کردوویانەو پێشکەشیان کردووە.

٢- هەست کردن بە قەبارەی دنیا[1].

٣- بیرکردنەوە لەوەی کەدێتە پێشیان لەژیانی بەرزەخ و ڕۆژی دوایی[2].

یەکەم: بیرکردنەوە لەو کارانەی پێشکەشیان کردووە:

ئەوەش بە خستنە ڕووی هەموو ئەو کردەوانەی پێشتر کردوویانە، بەتایبەتی کەهەستی کرد بەهۆیەوە خوا لێی تووڕە دەبێت، یابۆ خودایان نەکردووە، لەوانەی کەناکۆکی دروست دەکەن لەگەڵ کەسانی تردا، جا ئەو لەوێدا ستەمکاربێت یاستەم لێکراو، یاتاوانەکانی زمانی لەشایەتی فێڵبازیو ساختەییو درۆکردن و غەیبەت و باسی پاشملەو زۆر قسەکردن و، بەرزکردنەوەی دەنگ بەسەردایك و باوك و کەسانی تردا، یان تاوانەکانی دەست، یاهەنگاوەکانی پێی کەهەنگاوی پێناوەو هەڵهێناوەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەبۆیان چوبێت بۆ بینینیان لەبەرچاوی لەو شوێنانەبوون کەخەشمی خوای پەروەردگار زیاد دەکات و پێی خۆش نیە بۆی دەچێت، لەوەی بینیویەتی کەستەم کاربووەو ئەویش بێدەنگ بووەو پشتیوانی لێنەکردون، یاعەیب و عاری نامەحرەمی بەچاو دیبێ‌و چاوی کەوتبێ بەشوێنە پڕلە تاوان و سەرپێچی کارەکان، یاهەواو هەوەس دڵ و عەقڵی داگیرکردبێت و هۆش و دەروونی پێوە خەریك و گیرۆدە بوبێت، یالە بەزاندنی سنووری فەرمانەکانی خوا، بەم جۆرە بەردەوام بیردەکاتەوە لەهێنانەوە بیروخستنەڕووی کردەوە چاکەکانیوخراپەکانی، هەرجارێك ئاوڕ لەکردەوە چاکەکانی دەداتەوە دەترسێ کەم بن و بەشی ڕزگاربوونی نەبن، هەرچەندە ئاوڕیش لە خراپەکانی دەداتەوە

١- ئەم خاڵە لەمێرگی (چل و دوو)دا باس و ڕوونکردنەوەی لەسەر کراوە.

٢- ئەم خاڵە لەمێرگی (چل و دوو)دا باس و ڕوونکردنەوەی لەسەر کراوە.

دەترسێت بەهۆیانەوە خوای گەورە بیخاتە ئاگرەوەو، فرمێسکەکانی بەخوڕ دەبارن لەترسی ئەو کارانەی کردوونیو بەم شێوەیە ترسی زیاتر دەبێت و هیچ کارێك ناکات و دەرگای تەوبە دادەخات[1].

عەمری کوڕی عاص:

وەکـو دەگێڕنــەوە هــاوەڵی بـەڕێز(عــەمروکوڕی عــاص)لــەکاتی ســەرەمەرگدا فرمێسکی لەچاوان دەبارىو دەگریا، عەبدوڵای کوڕی پێی وت: بابەگیان من ناترسم لەبەرئەوەی هەرشتێ خوای گەورە فەرمانی لەسەربووبێ و بۆی ناردبیت تۆ ئارامت لەسەر گرتووە، فـەرمووی: کـوڕی خـۆم خـوای گـەورە سـێ جیاکـاری بـۆ باوکـت ناردووە، یەکەمیان: ڕاگرتنی کردەوە، دووەمیان: دەرکردنێکی ترسێنەرو سامناکە، سێیەم: جیابوونەوە لەخۆشەویستان و بەجێ هێشتنیان کەئەمە ئاسانترینیانە).

ئینجا فەرمووی: خوایە تۆ فەرمانت کردو یاخی بووم، نـەهیت کـردو سەرپێچیم کرد، خوایە نەریت و سروشتی تۆ لێخۆشبون و عەفوکردن و ڕوخسەتدانە)[2].

لـە گێڕانەوەیـەکی تــردا دەڵێـت: کـاتێ زۆر گریـاو گریانەکـەی درێـژە کێشـا، کوڕەکەی وتی: باوکی خۆم ئەی (پێغەمبەری خوا ﷺ) مژدەی فلانە شتی نـەدایتێ؟ لەسەر جێگای دانیشتنەکەیەوە ڕووی تێکردو وتی: گەورەترین شت ئامادەی بکـەین شایەتیدانە(أشهد أن لاإله إلا الله وأن محمد رسـول الله)، بەڕاسـتی مـن لەسـەر سـێ حاڵ ژیاوم، کاتێ هەبوو کەس بەقەدەر من ڕقی لە پێغەمبەری خوا ﷺ نەبوو، هیچم لەوە پێ خۆشتر نەبوو کەبیگرم و بیکوژم، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە مردبـام لەئـەهلی ئاگر دەبووم، بەڵام کاتێك خوای گەورە ئیسلامی خستە دڵمـەوە چـووم بـۆ خزمـەت (پێغەمبەری خوا ﷺ) پێم وت: دەستی ڕاستت بهێنـە تـا پـەیمانت بـدەمێ، دەسـتی هێناو من دەستم گێڕایەوە فەرمووی: چیتە ئـەی عـەمرو؟ وتم: ویسـتم مـەرج بکـەم، فـەرمووی: (مـەرجی چـی؟) وتم: بمبـوورەو لـێم خۆشـبە لـەوەی بـووەو ڕووی داوە،

١- تەوبە لەدوو حاڵەتدا وەرناگیرێت، یەکەم: لەکاتی سـەرەمەرگ، دووەم: لـەکاتی دەرکـەوتنی نیشـانە گەورەکانی قیامەت.

٢- وصايا العلماء ص٦٨،٦٩،٧٠.

فـەرموی: خـۆدەزانی ئیسـلام بـوون ئـەوەی پێشـتر بـووە هـەمووی لادەبـاو ڕەشدەکاتەوەو کۆچکردن هەموو ئەوەی پێشتر ڕووی داوە نایهێڵێ، وەحەج کـردن ئەوانەی پێشتر بوون دەیڕمێنێ و لایدەبات و هـەڵی دەوەشـێنێتەوە، عـەمر دەڵـێ: بـەم جـۆرە بەیعـەتم دا بەپێغەمبـەرﷺ وەکـەس نـەبوو لـەلام لـە پێغەمبـەرﷺ خۆشەویستتربێت و هیچ شتێ وەکو بینینـی ئـەو چاوی ڕوون نەدەکردمـەوەو نـەم دەتوانی پڕبەچاوی خۆم سەیری کەم ئەوەندە بەڕێزوشکۆدار بـوو، ئەگـەر ویسـتبام وەسـفی بکـەم نەمـدەتوانی چـونکە نەمـدەتوانی پـڕ بەچاوی خـۆم سـەیری کـەم ئەوەندە لە چاومدا گەورەو بەشکۆبوو، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە مردبام ئومێدم وابوو لەئەهلی بەهەشت بم، پاشان چەند شتی پیداین و هەنـدێ فـەرمانمان گرتـە دەسـت نـازانم حـاڵم تیایـدا چـۆن بـووە، جـا ئەگـەر لەسـەر ئـەم حاڵـە مـردم لـەدەورم مەلاوێننەوەو شین وگریان و مەشخەڵی ئـاگر یـاوەرم نـەبێت و ئەگـەر شـاردتانمەوە خـۆڵی زۆرم بەسـەردا بکـەن، ئینجـا ئەوەنـدەی دەتـوانن بـەدەوری گۆڕەکەمـدا بووەستن بەقەدەر ئەوەی وشترێك سەرببڕێت و گۆشتەکەی دابەش بکرێت، بادڵتـان پێ خۆش بکەم و بزانم چۆن وەڵامی فریشتەکانی پەروەردگارم بدەمەوە.

بەڕاسـتی هەسـت بـەو هـەموو ترسـەی ئـەو دەکـەیت (خـوا لێـی ڕازی بێـت)، کەدەڵێت: پاشان هەندێ شتمان گرتە دەست کەنازانم حاڵ و بارم بە هۆیـەوە چـۆن دەبێت) وەکو دیمەنەکانی تاقیکـاریو گێچـەڵەکان لەخەیاڵیـدا هاواربکـەن، قیامـەت لەبەرچاویدا لەجووڵەدایەو نزیکی هاتنە، ئەو بەراوردی ڕووداوەکـانی تیـادا دەکـات، لەخیلافی نێوان هاوەڵانـدا(خوایـان لـێ ڕازی بێـت) بەتایبـەتی ئـەوەی کردوویـەتیو لەڕۆژەکانی سەردەمی پێغەمبەرداﷺچی ڕوویداوە، ئەوەتا خۆزگـە دەخـوازێـت لـەو ڕۆژانەدا بمردایە بـەڵکو بـەهیوای ئـەوە بوایـە لەئـەهلی بەهەشـت بێـت، بـەڵێ، ئـەو لەسەر ئەو حاڵە بووەو بەو جۆرەش ترساوەو بیری لێ کردووەتەوە.

عوبادەی کوڕی صامت:

لـە ڕاسـپاردەکانی ئـەو هاوەڵـە بـەڕێزە ((گێـڕەرەوەی فـەرمودەی (البیعـة–پەیماننامـە) لـەکاتی وەفـاتیدا کردەوەیـەك ناهێنێتـەوە بەرچـاوی خـۆیو بـیری

دەخاتــەوە، بــەڵکو بــۆ قــوڵتر دەڕوانێــت و داوا لەهەریــەکێك لەوانــەی دەوری خــۆی دەکـات، ئەگــەر خراپەیــەکی لەگــەڵ کــردبن یامــافێکی هەریــەکێکیانی خــواردبێ و هەسـتی پــێ نــەکردبێ ، بامــافی خۆیــانی لــێ وەربگرنــەوەو هەرلەوێــدا لەگــەڵیدا ببڕنــەوە، نــەکا لــەڕۆژی قیامــەت یــەکێکیان داوای لێبکاتــەوەو شـکاتی لێبکـات، هەروەکو(موحەمەدی کوڕی) دەگێڕێتەوە کە باوکی لەسەرەمەرگدا دەڵێت: جێگەکەم بۆببە حەوشەی ماڵ، پاشان وتی: دۆسـت و هـاوەڵان و خزمـەتگوزارو دراوسـێیان و هەرکەسێکی تر کە دەیەوێت بێتەلام کۆیان بکەنەوە، کاتێ هەموویان هاتن، عوبادە وتی: ئەمڕۆ ئاخر ڕۆژە سەردانم دەکەن و لەمڕۆ بەدواوە ناتـانبینم، ئەمشـەو یەکـەم شـەوی دوا ڕۆژمـە– هەرچـەند نەشـی دەزانـی ئـەو ڕۆژە وەفـات دەکـات– وەوتــی: هەرکەس لەئێوە بەدەستم یا بەزمانم زیادە ڕەویم لەگەڵدا کردبێ یاشتێکم لـە کـیس دابێت، ئەوکەسەو نەفسی عوبادە، لەڕۆژی قیامەت تۆڵەم لێ دەستێننەوە، داواتـان لێدەکەم کێ شتێکی لەدڵدایە لەناخ و دەروونیدایە بەرامبەر من، پێش ئەوەی گیـانم دەرچێت بالەگەڵم دا بیبڕێتەوەو تۆڵەی خۆیم لێ بکاتــەوە، ئـەوانیش وتیـان: بـەڵکو تۆ باوکمان بووی، لەوپەڕی باشیدابووی، پەروەر شیارمان بووی، هـەرگیز شـتێکی خراپت بەخزمەتکار نەگووتوە، وتی: ئایا لێم خۆشدەبن؟ وتیـان: بـەڵێ، وتــی: خـوا لەوە ئاگادارە، پاشان وتی: کەواتە ئێستا ئەم ڕاسپاردەو وەسیەتەم بپارێزن: نەهی لـە هەریــەکی لــەئێوە دەکــەم کــەبگریت، کــاتێ گیــانم دەرچــوو دەســتنوێژ بگــرن بەجوانترین شێوە، ئینجا هەریەکێك لەئێوە لەمزگەوت نوێـژم لەسـەربکات و پاشـان داوای لێخۆشبوون بۆ عوبادەو نەفسەکەی بکەن، ئەوەتا خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾[١]، واتــــــە: داوای کۆمـەك و یارمـەتی لەخوابکـەن بـەهۆی ئـارامگرتن و نوێژکردنـەوە) پاشـان زۆر زوو بەرەو چاڵەکەم ببەن، ئاگرم شوێن نەخەن و ئەم لاو لاو دەورو پشتم مەڕازێننەوە).

١– البقرة: ١٥٣.

یونس کوڕی عەبید:

ئـەو تابیعیـە[1] بـەڕێزە بەخزمـەت(ئەنـەس- ڕەزای خـوای لێبـێ)گەیشـتووەو لەڕەوشـت و هەسـت و نەسـتی ئـەوی خواردووەتـەوەو پـاراو بـووە، یـونس کـاری بازرگانی دەکرد، لەکاتی سەرەمەرگدا بیری لەسەرپێچییەك نەکردۆتەوە کەئەنجامی دابـێ یابـەڵاو فیتنەیـەك تێـوەی گلابـێ و خسـتبێتیە مەترسـییەوەو نـەیزانیبێ بەهۆیەوە بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات.

بەڵکو بیرکردنەوەی کورت هەڵهێنا بوو لەخێرێك نەیکردبێ یاکاری بۆ نـەکردبێ، بەتونـدترین شـێوە پەشـیمانی دەردەبـڕی لەسـەر نـەکردن و وازهێنـانی لـەو کـارە گـەورە، سـەیری پێیـەکانی خـۆی دەکـردو دەگریـا، ئەوانـەی لـەدەوری بـوون نەیاندەزانی هۆی گریانەکەی چییەو، چی لەناخیدایەو لێکی دەداتـەوەو شـپرزەی کردوە، لێیان پرسی: (باوکی عەبدوڵا چی وادەتگریـەنێ؟)وتـی: پێیـەکانم لـەڕێگای خـوادا تـەپ و تـۆزاوی نـەبوون) دەگریـاو پەشـیمانی دەردەبـڕی لـەوەی کـە بەبازرگانییەوە خەریك بووەو ماوەی بۆ نەماوەتەوە، چونکە وانەبووایە بەپێیـەکانی دەچووە مەیدانی جیهاد، لوتکـەی بـاڵای ئیسـلام و خۆشەویسـترین پەرسـتش و بەندایەتیکردن بەلای خوای پەروەردگارەوە، ئەودەگریا، چونکە دەیزانی موجاهید لەلای خوای گەورە چ هەوارگەو پلەو پاداشتێکی هەیـە لـەڕۆژی قیامـەت، خۆزگـەی دەخواست کەلێی بەهرەوەرو بەهرەمەند بوایە.

ئەو لەبەرئەوە دەگریاو پەشیمانییەکەی زیاتر دەبوو، چـونکە قوتـابی هـاوەڵی بـەڕێز(ئەنەسـی کـوڕی مالـك)بـووە وەفـەرموودەکانی جیهـادی بـۆ گێڕابـووەوە، ئەوکەسە بـوو بەشـداری لەغـەزای بـەدردا کردبـوو کـاتێ لاوبـوو، ئەوچـۆن لەپیریـدا کاریگەری لەسەر نابێت، ئەوکاتێ گوێبیستی ئەو باسانەبوو بەبازرگانییەوە خەریك بوو؟!! هەڵبەتە ئەو هەستە لـەکاتی خۆشـیو ئاسـوودەییدا لەپەراوێزدایـە، بـەڵام کاتێ لەسەرەمەرگدا خۆشیو ئاسـوودەیی نـامێنێ و کـاتی گواسـتنەوەیە لەخانـەی

---

[1]- شوێنکەوتوو.

دنیاوه بۆ خانەی قیامەت، هەرئەو کاتەش دەست پێکردنی قیامەتی ئەو مرۆڤەیە، ئەو هەستە دەجوولێ زۆر شت دەخاتەوە بیری مرۆڤ کەزووتر ئەوەندە گرنگی پێنەداوە.

یوسف کوڕی حسین الرازی:

ئەو پرسیارەی کەجەماوەر لەدەرونی خۆیاندا دەیهێنن و دەیبەن و لەسەری سوورن بۆمتمانە پێکردنی ئەوانەی ڕاسپاردەو ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن لەکاتی لێپرسینەوەدا ئەوەیە: (ئایا ئەوەی بەگوفتار دەیڵێن بەکردەوە ئەنجامی دەدەن؟) وەڵامی ئەم پرسیارگەلە هەروا سووك و ئاسان نیە، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵی ئەو بانگخوازانەی ڕاسپاردەی خەڵکی دەکەن، ئەوە بۆ ئێوە چەندە کاتی دەوێت بۆ بەدواداچوونی ئەو مەوعیزانە؟ دەبێ پلەو بڕی جێبەجێ کردنی ئەوانە تاکوێ بێت؟ ئایا بەردەوام کاریەو ڕاسپاردەو ئامۆژگاریانە دەکرێت؟ پرسیارگەلێك کەهەر چینێکی بانگخواز تووشی دەبن و لەهەموو شوێنێك تێی دەکەون ئەو پرسیارگەلە دەیانگەزێ و دەیانسوتێنێ، ئەویش ئەوەیە هەرکاتێ هەست بە کەم وکوڕیەك دەکەن، یاهەرکاتێ کاریگەریی مەوعیزەو ئامۆژگاریەکانیان لەسەر کەسانی تردەبینن، لە گەیاندن و تەوبەو پەشیمانیو چاککردنی حاڵ وکاروباریان، ئەوکاتە هەست بەوە دەکەن کەسوودیان بەکەسانی ترگەیاندووە بەڵام بۆخۆیان لێی سوودمەند نەبوون، ئەو هەستە لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا دروست نیە، بەڵام ناتوانن دەستبەرداری بن، چونکە دەزانن گەورەترین نەویستراوی خوای پەروەردگار قسەیەکە بەکردەوە ئەنجام نەدرێت، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴾[1]. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن و ئەنجامی نادەن؟ بۆچی گوفتارتان دژی کردارتانە؟ خەشم و ڕقێکی گەورەیە لای خوا ئەوەی دەیڵێن و نایکەن).

١- الصف: ٢-٣.

هەروەها فەرموودەكانی (پێغەمبەرﷺ) روونی دەكەنەوە سەختترین سزای ڕۆژی قیامەت سزایەکە ئەو ئامۆژگارو بانگخوازانە دەیچێژن کەکردەوە بەگوفتارەكانیان ناكەن، ئەو ئایات و فەرموودانە سووربون لەسەر ئەو پرسیارگەل و بیرکردنەوەیە زیاتر دەكەن و دەچنە قولایی نەفسی ئەو بانگخوازانەو بەدوایاندا دەچن و لێیان دەكۆڵنەوە. (یوسف كوڕی حسین ڕازی) نمونەیەك بوو لەناو ئەو هەزاران بانگخوازانەی ئاگاداری ئەو هەست پێكردنەبوو زۆری لێوەدیاربوو، لەكاتی سەرەمەرگدا براو دۆست و هاوەڵانی لەدەوری كۆببونەوەو لێیان دەپرسی، ئەویش لەوهەستەدا ڕۆچووبوو ترس دایگرتبوو و بەسەریدا زاڵ بووبوو، وتیان: باوكی یەعقوب شتێك بڵێ، ئەویش وتی: یارەبی خودایە من لەڕواڵەتدا ئامۆژگاری خەڵكم دەكردو لەپەنهانیشدا فێڵم لەخۆم دەكرد، لەوفێڵەی لەنەفسی خۆم كردووە بم بەخشە بەهۆی ئەو ئامۆژگاریانەی بۆ دروستكراوانی تۆكردوومە)[1]. دوای ئەوەی دوعاو نزاكەی كۆتایی هات گیانی دەرچوو، (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

ئیبنو سەماك:

ناوی (موحەمەدی كوڕی صەبیح كوڕی سەماك)ە ئامۆژگاریكاری ڕەشید بووە، ئەو لەكاتی ئامۆژگاری كردندا بەجۆرێك دەگریا، خەریك بوو بمرێت، لەجوانترینی وتەو ڕاسپاردەكانی: (ئەی نەوەی ئادەم، بەڕاستی ڕۆژ دەكەیەوە بۆ پەیداكردنی دەستكەوت و بردنەوەی قازانجێكی باش، دەی دەروونی خۆت والێ بكە كارێك بكات بەرهەم و دەستكەوتێكی ئەوەندە باشی ببێت كەنموونەی نەبێت[2].

ئەو لەڕاستیدا لەسەردەستی شوێنكەوتووان (ڕەزای خوایان لێبێ) پەروەردە ببوو، باوكی لەسەردنیا نەویستیو باوەڕی ڕاستەقینە فێری كردبوو، ڕایهێنابوو، لەباوكییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: (گوێم لەباوكم بوو دەیوت: ئەگەر دەتوانی ببە بەپیاوێك چێژ لەمردن وەربگریت و بژی بۆدوای ئەو، داوای گەڕانەوە بكەو داواكارییەكانی جێبەجێ بكە، پێداویستی خۆی بدەیە، چونكە ئەو پێش وەخت و

1- صفة الصفوة ٤/١٠٣.
2- صفة الصفوة ٣/١٧٤.

زۆر زوو ئامادەیە، کاری بۆبکە، ئەو کەسەی هیچ لەماڵ و سامانەکەی ناداتێ و دەروونی بۆ ئامادە ناکات ئەوا بێئاگاو خەڵەتاوە[1]. بەم جۆرە بوو بەناوبانگترین ئامۆژگاریکاری پایتەختی خەلافەت و (رەشید) بە ئامۆژگارو راوێژکاری تایبەتی خۆی هەڵی بژارد، لەکاتی سەرەمەرگدا دەیوت: (یارەبی خوایە هەرچەندە من لەفەرمانی تۆ سەرپێچیم کردووە، بەڕاستی خۆشەویستترین کەس لای من ئەوکەسە بووە کەگوێرایەڵی فەرمانەکانی تۆبووە[2].

ئەو زۆر بیری لەو کردەوانە دەکردەوە کەپێشکەشی کردوون و لەپێش خۆیدا بەڕێی کردوون، هەستی بەگوناهە بچووکەکانیو شەرمەزاری نەفسی خۆی دەکرد، هەستێکی جێگیرو زۆر قورس بوو لەسەری هەروەکو ئەو هەستەی بەسەر (یوسفی کوڕی حسەیندا)هاتبوو، بەڵام ئومێدی بەکردەوەیەکی تری خۆی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کەفەرمانبەرداران و گوێرایەڵانی خوای خۆش ویستووە، هەروەها کردەوەکانی ئەوەندە لەلا بچوك و تەنگ هەڵاتووبوو هەروەکو خەونێکی لێهاتبوو لەو چرکە ساتەدا، بەبچووك و کەمی دەزانێت و ترس دایگرتبوو لەبەرکەمی توێشوو بۆ دوای ڕۆیشتنیو گرفتی چوونە ناو بەهەشت یا ئاگر، هەروەکو ئەوەی ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێ) لەسەرەمەرگدا دەیوت.

١- صفة الصفوة ٣/١٧٦.

٢- صفة الصفوة ٣/١٧٧.

مێرگی (٤٢)

کاتی سەرەمەرگ و بیرکردنەوە لەوەی توشی دێت

بیرکردنەوەو هەست کردن بەقەبارەی دنیا:

لێرەدا چینێکی تر لەوانەی لەسەرەمەرگدان لەکاتی وەفاتیدا، هەست بەڕاستی قەبارەی دنیادەکەن و، دەزانن وەکو باڵە مێشوولەیەکیش نابێت، هەروەکو پێغەمبەرﷺفەرموویەتی. ئەو هەست و پێزانینە وای لێدەکات زۆر پەشیمان بێت لەوەی کاتەکانی لەتاعەت و گوێڕایەڵیدا بەکارنەبردووەو پەشیمانە لەسەر بێئاگایی و دەرك نەکردنی بەحەقیقەتی قەبارەی بچووکی دونیاو، ئەو ڕاستی‌یەی کەخوای گەورە لەچەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە، پەشیمانە لەوەی زۆربەی کاتی خۆی لەغەیری گوێڕایەڵیدا لەدەست داوەو ئەمڕۆو سبەی بەکرداری چاکەکاری کردووەو دوای خستووە تا نەخۆشی دەیخاتە سەرجێگای مردن.

عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان:

خەلیفە عەبدومەلیك یەکێکە لەو نموونانە، وەکو دەگێڕنەوە ئەو کاتەی هەستی کرد دەمرێت وتی: (جوان بەرزم کەنەوە، ئینجا وەکو دەیوت: بەم شێوەیە بەرزیان کردەوە، هەناسەیەکی وەرگرت و پاشان وتی: ئەی دنیا چاکی‌یەکەت چی‌یە؟ درێژخایەنیت کەم و کورتە، زۆری‌و زەوەندیت کەم وبێ نرخە، ئێمە بەتۆوە بێئاگا بووین).

بیرکردنەوە لەوەی دێتەڕێگای لەبەرزەخ و ژیانی ڕۆژی دوایی

بەڕاستی زۆر دەخوێنرێتەوەو دەبیسترێت لەسەر بەهرەو بەخشش و سزاو ئازارەکانی ناوگۆڕو، فووکردن بەکەڕەناداو، زیندووبوونەوەو حەشرو لێپرسینەوەو تەرازوو سیرات و حەوزی کەوثەرو بەهەشت و ئاگر، بەڵام لەوچرکە ساتەدا کەهەست

دەكات ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵێت، ﴿ وَظَنَّ أَنَّهُ ٱلْفِرَاقُ ﴾[1]، واتە: (بەڵام لەو كاتەدا ئەو كەسەی لەسەرەمەرگدایە دڵنیایە كەئیتر هیچ شتێك فریای ناكەوێت و كاتی ماڵئاواییيە).بەڕاستی وێنەی ژیانی بەرزەخ و ڕۆژی دوایی لەبەرچاوی جمەی دێت و تەنگی پێ هەڵدەچنێ، جارێك وێنەی (نەكیرو مونكەر) لەبەردەمیدا دەبینێ كەبەتووڕەییيەوە پرسیاری لێ دەكەن. دەكەوێتە خەیاڵەوە ئایا لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە چۆن دەبێت ئایا سەری لێ تێك ناچێ و دۆش دانامێنێ، یا دەتوانێ بەخێراییو بەباشی وەڵام بداتەوە؟! كاتێك بیرلەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ دەكاتەوە كەدەفەرموێت: (إن للقبر لضغطة لو نجا منها أحد لَنَجا سعد بن معاذ)[2]. واتە: (لەناو گۆڕا پەستانێك هەیە كەهەردوولای گۆڕەكە وێك دێنەوە ئەگەر كەسێك لەو وێك هاتنەوەی گۆڕە ڕزگار بووایە ئەوا سەعدی كوڕی مەعاذ ڕزگاری دەبوو). لەدڵی خۆیدا دەڵێت: جامن كێم تالەو پەستانەی ناو گۆڕ ڕزگار ببم؟ كاتێ بیردەكاتەوە لەوردەكاری لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت كە لەسەر(سەنگی گەردیلەیەك لەچاكەو شەڕو خراپە دەپرسێتەوە كاتێ بیردەكاتەوە لەكەم وكوڕیو سەرپێچییەكانی كەتاوانی پێ ئەنجام داون لەژیانیدا لەلێپرسینەوەی پەروەردگار دەترسێت لەسەر ئەو تاوانانە، بیر لەچیرۆكی ئەو پیاوە دەكاتەوە كە (پێغەمبەرﷺ)لەسەری دەگێڕێتەوە: (یەكێك دەهێنن بەقەد كێوی (توهامەی سپی)كردەوەی چاكی هەیە بەڵام خوای گەورە پەرش و وێرانی دەكات، وەكو تەپ وتۆز بڵاودەبێت، لەبەرئەوەی بەكاری نەشیاوو ناڕەواو حەرام تێكی داوە).هەناسە هەڵدەكێشێ و ترس دایدەگرێت نەكا ئەو، ئەو كەسەبێت كاتێ بیردەكاتەوە لەو كەسانە بێت كە بەكاگۆڵكێ و سنگە خشێ بەسەپردی (صیراط)دا ڕەت دەبن، یالەو كەسەبێت كەقولاپە هەڵواسراوەكانی سەر پردی (صیراط) پڕی دەداتێ و دەیفڕێنێ، بەم جۆرە ئەم دیمەنانە بە بەرچاویدا دێن و دەچن و بیر لەهیچ شتێك ناكاتەوە جگە

١- القیامة: ٢٨.

٢- بوخاری گێڕاویەتیەوە.

لەوانە، هەتا وتەکانی کۆتایی بەشێك دەبن لەو بیرکردنەوانەی لەوچرکە ساتانەدا بەسەری دا زاڵ دەبن.

ئەبو موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێ):

هاوەڵی بەڕێز، خاوەنی ئەو دەنگە نەرم و شیدارەی کەپێغەمبەرﷺ حەزی بەگوێ لێگرتنی دەکرد، ئەو ئەو کەسە بوو شەوێك لەشەوەکاندا پێغەمبەرﷺ دوای ئەوەی گوێی لەدەنگی گرتبوو پێی فەرموو: (لقد أوتيت مزمارا من مزامير آل داود)[1]. واتە: (بەڕاستی سازێك لەسازەکانی بنەماڵەی (داود)ت پێدراوە.کاتێك گەیشتە کاتی سەرەمەرگ، کوڕەکانی بانگ کردو پێی وتن: بڕۆن چاڵەکەم بۆ هەڵکەنن و قوڵی بکەن، حەزی دەکرد قووڵ بێت، دوای ئەوەی هاتنەوە پرسیاری کردو وتی: چاڵەکە تەواو؟ وتیان: بەڵێ، چاڵەکەمان لێدا، فەرموی: لەتەنیشتم دانیشن، سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە دەچمە یەکێك لەم دووهەوارە، یاگۆڕەکەم ئەوەندە فراوان دەبێت هەتا هەر لایەکی دەگاتە (چل-٤٠) باڵ و دەرگایەك لەدەرگاکانی بەهەشتم بۆ دەکەنەوەو لەوێوە دەڕوانم بۆ جێگەو مەنزڵی خۆم و خێزانەکانم و ئەوەی خوا بۆی ئامادە کردووم لەبەهرەو بەخششەکانیو هەر لەئێستاوە بۆ ئەو جێگەیە دەچم و بۆن و بەرامەی ڕەیحانەکانی هەڵدەمژم تازیندو دەبمەوە، یا ئەوەتا هەردوولای گۆڕەکەم لەسەر تەسك دەبێتەوە تاپەراسووەکانم بەسەریەکدا دەڕۆن، تا ئەوەندەو ئەوەندە لەوێوە دەڕوانم بۆ جێگەکەم و ئەوەی لەوێدا خوا بۆی ئامادەکردووم لە(زنجیرو ئاگری هەڵگیرساو) پاشان بزانن من لەمڕۆوە بۆ ئەو جێگە یەم دەچم کە لەجەهەنەمدایەو ئاگرێکی سووتێنەرو ئاوی لەکوڵی زۆرگەرم وەردەگرم تازیندوو دەبمەوە).

ئەلنەخعیو ئیبنولحەواری:

زۆر لەو کەسانەی لەسەرەمەرگدا ئەوەندە بیردەکەنەوە لەژیانی دوای مردنیان بیرکردنەوەکە بەسەریاندا زاڵ دەبێ و ترسیان لێ دەنیشێ و دەگرین نازانن

١- متفق عليه.

پێشهاتیان چۆن دەبێ و دواڕۆژیان چۆنە؟ سەرەنجام و چارەنووسیان چی دەبێت، ئایا لەریزی ئەوانەیە بەرەو بەهەشت دەبرێن، یا لەریزی ئەوانەدایە کەبەرەو ئاگردەبرێن، لەناو ئەوانەدا:

أ- ئیمام ئیبراهیمی نەخعی:

شەرعزانی عیراق و، یەکێك لەناودارانی سەردەمی خۆیو موفتی ئەهلی کوفە بوو، بەڕاستی پیاوێکی چاك بوو، پارێزکارو زاناو لەخواترس و شەرع زان و کەم مەسرەف بوو، ئیمام ئەحمەد کوڕی حەنبەل دەربارەی دەفەرموێت: (بەڕاستی ئیبراهیم زیرەك و پارێزکارو خاوەن سوننەت بوو).(عیمران الخیاط) لەباسی چرکەساتەکانی سەرەمەرگیدا دەڵێت: (کاتێ چووینە ژوورەوە بۆلای ئیبراهیم نەخعی تاسەردانی بکەین بینیمان ئەو دەگریا، پێمان وت: چی دەتگریەنێ باوکی عمران؟ وتی: چاوەڕێی فریشتەی گیانکێشانم، نازانم مژدەی بەهەشتم دەداتێ یان ئاگر)[1].

ب- ئەحمەد کوڕی ئەبی حەواری:

باوکی لەئەهلی وەرع و دنیا نەویستان بوو، هەروەها براکەیو کوڕەکەیشی هەروا بوون، یەحیا کوڕی مەعین لەبارەیدا دەڵێت: ئەهلی شام واگومان دەبەن خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە بەهانای ئەهلی شامەوە دێت و پاراویان دەکات)[2]. لەکاتی سەرەمەرگدا (دەستی لەژێر داپۆشەرەکە دەرهێناو بەرەوئاسمان بەرزی کردەوەو دەگریاو دەیوت: (ئەی هاوار چەند مەترسیدارە، وای چەند جێگای ترس و خەتەرە[3]). ئەو، ئەو وتانەی لەخۆوە نەدەگوت، بەڵکو بێگومان دوای بیرکردنەوەیەکی قوڵ و ورد لەچارەنووسی دوای مردنیو هاتن و چوونی دیمەنەکانی ڕۆژی دوایی لەبەر چاویداو بیرکردنەوە لەوەی کەدوای مردنیو دەرچوونی لەدنیا ڕاستەوخۆ بۆ ئەوێی دەبەن .

١- صفة الصفوة ٣/٨٩.

٢- صفة الصفوة ٤/٢٣٧.

٣- وصايا العلماء للربيعي ص٩٧.

مێرگی (٤٣)

ئەوانەی بەسەر (صیراط)دا ڕەت دەبن

سیفەتی (صیراط):

(صیراط): ئەو پردەیە کەبەسەر جەهەنەمدا درێژبووەتەوە، هیچ کەس ناتوانێ بچێتە بەهەشتەوە تابەسەر ئەو پردەدا نەپەڕێتەوە، خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا ﴾[1]، واتە: (ئێوە (خەڵکینە)کەستان نیە تێپەڕنەکات بەسەر دۆزەخدا، (ئیمانداران بۆ ئەوەی زیاتر قەدری بەهەشت و ڕەحمەتی خوا بزانن، کافران بۆ ئەوەی بکەونە ناوی) ئەم پێشهاتە شتێکی بڕیاردراوە هەرجێبەجێ دەکرێت).

(والصراط مدحضة مزلة)[2] واتە صیراط خلیسك و لووسەو، (وهي الموضع الذي تزل فيه الأقدام ولا تستقر)[3] واتە: پێیەکان لەسەری جێگیرنابن و ناوەستن و بەردەبنەوە، صیراط دولێواری هەیە (موسلم لەفەرموودەیەکدا گێڕاویەتیەوە: (وترسل الأمانة والرحم فتقومان جنبتي الصراط يمينا وشمالا)[4]. واتە: (سپاردەو ڕەحم دەنێرێت لە هەردوولای ڕاست و چەپی پردی (صیراط) دەوەستن).

ئیمام ئیبنوحەجەر دەڵێت: (لەهەردوو تەنیشتی پردی (صیراط) دەوەستن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەسپاردەو ڕەحم زۆرگەورەو ڕێزلێنراون کەبەندەکان پێوەی پابەندبووبن و هەقی خۆیان پێدابن لەوێ دەوەستن بۆ دەست پاك و خیانەتکارو بۆ ئەوانەی صیلەی ڕەحمیان بەجێ گەیاندووە یاپچڕاندوویانە، پێداویستن بۆ ئەوانەی جێبەجێیان کردوون و شاهیدیش دەدەن لەسەر ئەوانەی

١- مریم: ٧١.

٢- البخاري (فتح الباري) ٤٢١/١٣، كتاب التوحيد.

٣- شرح مسلم للنووي ٢٩/٣، ط: دار الكتب العلمية.

٤- مسلم ٣٢٩، الإيمان.

گوێی پێ نەداون و وازی لێ هێناون[1]، هەروەها لەسەر لێوارەکانی قولاپی زۆر هەیە، ئەوەتا (موسلم) فەرموودەیەکی هێناوە: (وفي حافتي الصراط كلاليب معلقة مأمورة بأخذ من أمرت به)[2]. واتە: (لەسەر لێوارەکانی پردی صیراط قولاپی هەڵواسراو هەیە فەرمانبەرداره بۆ گرتنی ئەوانەی فرمانی پێدەکرێت).((الكلاليب): قولاپەکان کۆی (کلوب)ە قولاپ، کە بریتییە لەئاسنێك کە سەرێکی نوشتاوەی هەیە و گۆشتی پێدا هەڵدەواسرێ و ئامادە دەکرێ بۆناو تەنور)[3]. ئەو قولاپانە هەردەڵێی درکی سەعدانن، (تایبەتن بەخێرایی پڕ پێدا دەکەن و زۆر زوو تێدەئاڵێن و پێوە هەڵدەواسرێن و کۆدەکەنەوەو دەڕفێنن). هەروەکو(موسلم) هێناویەتی: (وبه كلاليب مثل شوك السعدان هل رأيتم شوك السعدان؟ قالو: بلى يارسول الله قال: فانها مثل شوك السعدان غير انها لايعلم قدر عظمها الا الله): (قولاپی هەیە هەردەڵێی درکی سەعدانە، ئایا درکی سەعدانتان دیوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لەڕاستیدا وەکو درکی سەعدان وایە، بەڵام کەس ڕادەی هێزو زلیەکەی نازانێ خوا نەبێ). پردی صیراط لە شیر تیژترو تەنکترو باریکترە، هەروەکو لە فەرموودەکەی حاکمدا هاتووە(والصراط كحد السيف، دحض مزلة)[4]، واتە: (پردی صیراط وەکو شیری تیژ وایە، لووس و خلیسکە). لەگێڕانەوەیەکی تری حاکمدا: (يوضع الصراط مثل حد الموس، فتقول الملائكة: من يجيز على هذا؟ فيقول: من شئت من خلقي، فيقولون: ماعبدناك حق عبادتك)[5]. واتە: (پردی صیراط وەك گوێزانی تیژ وایەو دانراوە، فریشتەکان وتیان: کێ لێی دەرباز دەبێ و دەپەڕێتەوە، فەرمووی: هەرکەس خۆم بمەوێت لەدروستکراوانم، ئەوانیش وتیان: ئێمە پەرستش و بەندایەتیمان بەوجۆرە نەکردوویت کەشیاوو پەسەندبێ بۆ بەندایەتیت). لەگەڵ

١- فتح الباري ٣٨٣/١١، ط: دار إحياء التراث.

٢- مسلم ١٩٥ الإيمان.

٣- شرح المسلم للنووي ٢١/٣.

٤- الحاكم ٣٧٦/٢ وصححه الألباني- شرح الطحاوية ص٤٥.

٥- الحاكم ٥٨٦/٤- الأهوال- بإسناد صحيح.

ئەو هەموو ترس و بەڵاو کۆسپانەی لەسەر پردی صیراط هەیەو دانراوە، کۆمەڵێك لەخەڵکی هەن بەجۆرێکی وا بەسەریدا تێدەپەڕن و دەڕۆن هەر بەچاو تروکاندنێك یاوەکو هەورە بروسکە، بەڵام ئەوانەی بەسەر پردی صیراط دا دەڕۆن جیاوازن و دەکرێنە (هەشت بەش).

ئەوانەی بەسەر پردی (صیراط)دا دەڕۆن و تێدەپەڕن

١- **هەروەك و چاو تروکاندنێك:** بریتییە لەسەریەك دانانی پێڵووەکان و جووڵەی پێڵوی چاوەکان لەسەیرکردن و ڕوانیندا کەدەتروکێنرێن، وەکو دەڵێن چاوداگرتن، یاچاو تروکان، ئەوەندە بەخێرایی بەسەر پردی (صیراط)دا ڕەت دەبن و دەپەڕنەوە، ئەو کۆمەڵە خێراترین خەڵکن لەڕۆیشتنیان بەسەر (صیراط)دا لەناو ئەوانەدا (٧٠,٠٠٠) حەفتا هەزار کەس هەن بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، هەروەکو لەصەحیحی (موسلیم)دا هاتووە: (... وعلى جسر جهنم كلاليب وحسك. تأخذ من شاء الله، ثم يطفأ نور المنافقين، ثم ينجو المؤمنون، فتنجو أول زمرة وجوههم كالقمر ليلة البدر، سبعون ألفا لايحاسبون)[١]. واتە: لەسەر پردی دۆزەخ قولاپ و درك هەیەو هەرچی خوای گەورە بیەوێت دەیگرێت، ئینجا ڕووناکی مونافیقەکان– دووڕووەکان– دەکوژێتەوە، پاشان ئیمانداران ڕزگاریان دەبێت، یەکەم کۆمەڵ کەڕزگاریان دەبێ دەم و چاویان وەکو مانگی چواردە وایە، حەفتا هەزاریان لێپرسینەوەیان نیە).

٢- **وەك هەورە بروسکە:** ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەم کۆمەڵە خێراییەکەیان وەکو خێرایی تێپەڕینی تیشك وایە کەئەوە دەگەیەنێت ئەوانە خێراییەکەیان لەو کۆمەڵەی پێشتر کەمترە.

٣- **وەك ڕەشەبا:** هێزو خێرایی با کەشتی تێکدەشکێنێ و درەختەکان لەڕەگەوە دەردێنێ بیناو ماڵەکان تێکدەڕووخێنێ و تەپ و تۆز هەڵدەستێنێ و ئاوی دەریاو ئۆقیانوسەکان پاڵدەنێ بۆ نقووم کردنی هەرشتێ خوا حەزکات نقومی کات،

١– مسلم ١٩١/ كتاب الإيمان.

بەڵام ئـەم خێرایـی لـەخێرایی گواسـتنەوەیان ڕۆیشـتنی تیشـك كـەمترە، كـەدەنگی دەبیستی لەپێش گەیشتنی ڕووناكیيەكەی ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات كەئەمانـەش خێراييیەكەیان كەمترە لەوانەی پێش خۆیان .

٤- **وەك باڵدار:** باڵـدار بـەبڕی لێكدانی باڵـەكانی دەفڕێـت و دەچێتە پـێش، ڕەشەبا دەتوانێ خێراييیەكـەی زیـاتر بكـات و هـەڵی بگرێـت و بـەرزتری بكاتـەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم كۆمەڵە لەوانەی پێش خۆیان خێراييیەكەیان كەمترە.

٥- **وەك ئەسپ سوار یا وشترسوار:** كـەگومانی تێدانیـە ئەسـپ سـوار یـا وشترسوار خێراییەكەی لەباڵندە كەمترە، كەواتـە ئەوانـەش خێراییەكـەیان لەوانـەی پێش خۆیان كەمترە.

٦- **وەك پیـاوانی تونـدوتۆڵ و زەبربەدەسـت:** واتـە ڕاكردنێكـی خێـراو توند، بەڵام مرۆڤ هەرچەندە ڕادەی خێرایی ڕاكـردن و هێـزو توانـای چـەند زۆربێـت، هەرناگاتە خێرایی ئەسپ سوار یا وشتر سوارێك، ئەمەش گومانی تێدا نیـە خێرایـی ئەم كۆمەڵە كەمترە لەوانەی پێشـتر لەسـەر پـردی (صـیراط)دەپەڕنـەوەو ڕزگاریـان دەبێت.

٧- **ڕۆیشتنێكی هێواش و بێ ڕاكردن.**

٨- **گـاگۆڵكێ و سنگەخشـێ:** پـەنا بـەخوا ئـەوە كـەمترین پلەیـە، لاوازتـرین كۆمەڵن لەوانەی لەسەر پردی (صـیراط) ڕزگاریـان دەبێـت، ئەوانـە بەهەرشـێوەیەك گاگۆلكێ دەكەن بەسەر پردەكەو لێوارەكانیدا، لەسەر ڕوو، لەسەر سك دەڕۆن بـەم لاولای پردەكـەدا دەڕۆن و زۆر بەسـەختی ڕزگاریـان دەبێـت . ئـەم كۆمەڵانـە لـەزۆر لەفەرموودەكانــدا باســیان لێــوەكراوەو لــە(صــحیح)ەكانــدا هێنــراون، لەوانــە فەرموودەیەك كە(ئەبی سەعیدی خدری)دەیگێڕنـەوەو لـە(مسـلم)دا هـاتووە: (فیمـر المؤمنون كطرف العین وكالبرق، وكالریح وكالطیر وكأجاوید الخیل والركـاب)[1]. واتـە:

١- مسلم/ ١٨٣ كتاب الإیمان.

(بڕواداران تێدەپەڕن هەروەکو چاوتروکاندنێك یا هەورە بروسکەیەك یا ڕەشەبا یابالّندەیەك یا ئەسپ سوارو .....)، فەرمودەیەکی تر (حوزەیفە) دەیگێڕێتەوە (فیمر أولکم کالبرق)، دەڵێ: وتم، بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم چ شتێك وەکو هەورە بروسکە؟ فەرموی (ألم تروا إلى البرق کیف یمر ویرجع في طرفة عین؟ ثم کمر الطیر وشد الرجال)[1]، نەتاندیوە کەهەورە بروسکە دێ و دەڕوا لەچاوتروکاندنێکا، پاشان وەکو باڵندەو پیاوی ئازاو توندوتۆڵ).

فەرموودەیەکی تر ئیبنو مەسعود دەیگێڕێتەوە: (یرد الناس کلهم النار ثم یصدرون منها بأعمالهم، فأولهم کلمع البرق ثم کمر الریح، ثم کحضر الفرس، ثم کالراکب، ثم کشد الرجال، ثم کمشیهم)[2]. واتە: (خەڵکی هەموو بەسەر ئاگردا تێدەپەڕن و پاشان بەهۆی کردەوەکانیان دەردەچن، یەکەم کۆمەڵیان وەکو بروسکەو چەخماخەی هەورە تریشقە، پاشان وەك ڕەوتی ڕەشەبا پاشان وەك ئەسپ سوارێکی چاك و تیژ ڕەوو، وەکو وشتر سوار، پاشان وەك ڕاکردنی پیاوی توندوتۆڵ، پاشان وەکو ڕۆیشتنی خۆیان بەپێ).

بۆچی ئەوانە کراونەتە کۆمەڵ کۆمەڵ:

ئەو فەرموودانەی دەگێڕدرێنەوە لەباسی پردی (صیراط)دا کێشەی جیاوازی نێوان ڕزگاربووانی پردی (صیراط) لەخێراییدا دەبەستنەوە بەکردەوەکانیان لەدنیادا، ئەبی هورەیرە فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە دەڵێت: (هل رأیتم السعدان؟ قالوا: نعم یارسول الله، قال: فأنها مثل شوك السعدان غیر أنه لایعلم ماقدر عظمها إلا الله تخطف الناس بأعمالهم فمنهم المؤمن بقي بعمله، ومنهم المجازی حتی ینجی)[3]. واتە: (ئایا سەعدانتان دیوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خواﷺ، فەرمووی: لە ڕاستیدا وەکو درکی سەعدان وایە، بەڵام کەس ڕادەی زلیەکەی نازانێ خوا نەبێ،

١- مسلم/ ١٩٥ کتاب الإیمان.

٢- الترمذي- وصححه الألباني ص ج ص ٧٩٣٧.

٣- مسلم/ ١٨٢ کتاب الایمان.

خەڵكی بەپێی كردەوەكانیان دەڕفێنێ (بۆناو دۆزەخ) هەتا تیادەچێت بەكردەوەكانی، هەشیانە سزا دەدرێت تاڕزگار دەكرێت).

ئیمام (النووی) دەڵێت: (دەگونجێ مانای (رفاندن-تخطفهم) ئەوە بێ بەهۆی كردەوەكانیان دەیان رفێنێ دەشگونجێ بەمانای ئەوەبێ كە بەقەدەری كردەوەكانیان دەیانرفێنێ، خوایش زاناترە).

لە فەرموودەكەی حوزەیفەدا (ألم تروا الى البرق كيف يمر ويرجع في طرفة عين؟ ثم كمر الريح. ثم كمر الطير وشد الرجال. تجري بهم أعمالهم، ونبيكم قائم على الصراط يقول: رب! سلم سلم، حتى تعجز أعمال العباد. حتى يجيء الرجل فلا يستطيع السير إلا زحفا)[1]. واتە: (ئایا هەورە بروسكەتان دیوە چۆن لەچاوتروكانێك دا دێت و دەڕوات؟ پاشان وەكو ڕەوتی ڕەشەبا، پاشان وەكو فرینی باڵندەو ڕاكردنی پیاوێكی توندوتۆڵ، بەپێی كردەوەكانیان دەڕۆن و، پێغەمبەرەكەتان لەسەر (صیراط) وەستاوەو دوعا دەكات و دەفەرموێت: پەروەردگارا: سەلامەتیان كە، سەلامەتیان كە، هەتا كردەوەی بەندە تەواو بێ توانا دەبن و هی وا هەیە دێت ناتوانێ بڕوات بەگاگۆڵكێ نەبێ). ڕۆیشتنی ئەم كۆمەڵانە بەردەوام دەبێت و ڕزگار دەبن هەتا كردەوەی بەندەی واهەیە ئەوەندە لاوازو بێ توانا دەبێت بۆ یارمەتیدانی هەریەكێكیان و بۆ ڕزگاربوونیان لەسەر پردی (صیراط) توانای نابێت، وەبە قەدەری ئەو كردەوانەی لەدنیادا ئەنجامی داون ڕووناكی دەدەنێ وەكو لەفەرموودەیەكدا هاتووە كەحاكم هێناویەتی: (فيعطون نورهم على قدر أعمالهم وقال: فمنهم من يعطى نوره مثل الجبل بين يديه، ومنهم من يعطى نوره فوق ذلك، ومنهم من يعطى النخلة بيمينه، ومنهم من يعطى دون ذلك بيمينه، حتى يكون آخر من يعطى نوره على إبهام قدمه، يضيء مرة ويطفأ مرة، إذا أضاء قدم قدمه، وإذا طفيء قام، قال: فيمر، ويمرون على الصراط، والصراط كحد السيف، دحض، مزلة، فيقال لهم: امضوا على قدر نوركم، فمنهم مَن يمر كانْقضاض الكوكب، ومنهم من يمر

١- مسلم/ ١٩٥.

كالريح، ومنهم من يمر كالطرف ومنهم كشد الرجل، يرمل رملا، فيمرون على قدر أعمالهم حتى يمر الذي نوره على إبهام قدمه، تخر يد، وتعلق يد، وتخر رجل، وتعلق رجل، وتصيب جوانبه النار، فيخلصون، فإذا خلصوا قالوا: الحمدلله الذي نجانا منك بعد أن أراناك، لقد أعطانا الله مالم يعط أحد)[1]. واته: (بەگوێرەی کردەوەکانیان ڕوناکیان پێدەدرێت، لەناویاندا هەیە، ڕووناکی بەقەد کێوێك پێدەدرێت لەبەردەمیدا، هەیانە لەوە زیاتریشی دەدرێتێ، هی وایان هەیە ئەوەندەی دارخورمایەك ڕووناکی لەلای ڕاستییەوە پێدەدرێت، هەیانە لەوە کەمترو، هەتاوای لێدێت دواکەس لەسەر پەنجەکانی لەپێشەوە ڕووناکی پێدەدرێت جارێك هەڵدەبێت و جارێك دەکوژێتەوە، کەڕوناکیەکە هەڵبوو هەنگاوێك دەڕوات و ئەگەر کوژایەوە ڕادەوەستێت، دەفەرموێت: بەم جۆرە بەردەوام دەبێت و بەسەر پردی (صیراط)دا دەڕوات، کە پردی (صیراط)وەکو شیری تیژ وایە لووس و خلیسکە، پێیان دەوترێت: بڕۆن بەگوێرەی ڕووناکیەکەتان، لەناویاندا هەیە وەکو ڕاکشانی ئەستێرەیەك تێدەپەڕێت و هەیانە وەکو ڕەوتی ڕەشەباو هەیانە لەچاوترکاندنێکدا تێدەپەڕێت، هەیانە وەکو ڕاکردنی پیاوێکی توندوتۆڵ و بەهێز دەڕۆن و تێدەپەڕن بەگوێرەی کردەوەکانی خۆیان، هەتا ئەوکەسەی کەڕووناکی لەسەر پەنجەی پێیەوە هەیەو، بەردەبێتەوە بەدەستی خۆی دەگرێتەوەو خۆی بەلایەکیەوە هەڵدەواسێت و لاقی بەردەبێتەوە لاقەکەی تری پێوە هەڵدەواسێت و لەولاو لایەوە ئاگروبڵێسەی ئاگری بۆ دێت، بەم جۆرە تاتەواوی دەکات و ڕزگاری دەبێت بەسنگە خشکێ و بەگاگۆڵکێ، کاتێ ڕزگاری بوو، دەڵێت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەڕزگاری کردین لە تۆ بەڕاستی بە زەحمەت لێت دەرچووین، بەڕاستی خوای گەورە خەڵات و بەخششێکی وای پێداوین کە بەکەسی نەداوە). وەکو لەفەرموودەکەدا هاتووە بەگوێرەی ئەو کردارانەی هەیانبووەو کردوویانە نورو ڕووناکییەکەیان پێدەدرێت، وە بەقەدەری ئەوە کەلەڕێگای دنیادا خۆڕاگربووە لەوەی کەخوا فەرمانی پێکردووە

١- أخرجه الحاكم ٢/٣٧٦ وصححه الألباني- شرح الطحاوية ص٤١٥.

دامەزراوو بەردەوام بووە، هەروایش لەسەر پردی (صیراط) تەواو خۆی ڕادەگرێت و ئاوڕ بەلای ڕاست و چەپدا ناداتـەوە، کەسـی واهەیـە کـەمێك لادەدات بـەرەو لایـەك لـەلێوارەکانی پـردی (صـیراط)و هەشـیانە زۆر لادەداو لـەنێوان ئـەو دوو کۆمەڵـەدا جۆری زۆر هەیە لەڕۆژی قیامەتدا، بەم جـۆرە پـردی (صـیراط) دەبـڕن و بەسـەریدا تێدەپەڕن، ڕێگاو(صـیراط)ی دنیـاو بـەردەوام بـوون و دامـەزراوی لەسـەری شـوێنی ڕاهێنانە بۆ تێپەڕبوون بەسەر پردی (صیراط) لـەڕۆژی قیامەتـدا، هەرکـەس لەسـەر (صیراط)ی زەوی دامەزراوو بەردەوام بێ و ئارامە بوویێو کاری تیایدا کردبـێ، ئـەوا تێپەڕبوونی بەسەر (صیراط)ی قیامەتدا ئاسان دەبێت، وەهەرکەس لەڕێگای ڕاستی سەرزەمین چووبێتەدەر، یان جووڵەو لەرە لەری بوویێ لەسـەریو لاڕێ بـوویێ ئـەوا تێپەڕبوونی قیامەتیشی لەسەر ناخۆش و قورس دەبێت و ماندووی دەکات و، نـاوی لەپەراوێزی ئەو لیستەدا دەبێت کەبەسەر پردی (صـیراط)دا تێدەپـەڕن و ڕزگاریـان دەبێت.

ڕێگای ڕاستی سەرزەمین (صیراط)ی زەوی:

ئیمـام (ئیبنولجـەوزی) دەڵێـت: (لەوقسـەیەی ئـەبی دردا (ڕەزای خـوای لێبـێ) وردبوومەوەو سەرنجم دا: (شتێك نابینم ئەمڕۆ لەسەری کۆك بـین جگەلـە (ڕووگـە– قیبلـە) وتم: چـەند سـەیرە چـۆن ئەگـەر ئـەمڕۆ ئێمـەی دیتبـا کـەهیچ بەرنامـەو شەریعەتمان لەگەڵدانییە جگـە لـە وێناکـەی). ئێمـەش دەڵـێین: ئـای چـەند سـەیرو سەمەرەیە چۆن ئەگەر(ئیبنولجەوزی) ئەمڕۆی ئێمەی دیتبا کەچـۆن وێنـاو ڕەسمـی شەریعەتەکەشمان لەگەڵدا نەماوەو زۆریـەی خـەڵکی نایەنـەوێت بچنە بەهەشـتەوەو حەزدەکـەن فـڕێ بدرێنـە نـاو ئـاگرەوە بـەهۆی دوورکەوتنـەوەیان و لاڕێ بوونیـان لەڕێگـەی ڕاسـتی سـەرزەویو لادان لەفـەرمانی ئەوکەسـەی فـەرمانی پێکـردوین لەسەری جێگیرو دامەزراوو بەردەوام بین .

ڕێگای سەرزەویو دیوارەکانی:

پێغەمبەرﷺ ڕێگای ڕاستی زەویمان لەفەرموودەیەکدا بۆ لێکدەداتەوە کـەئیمام (ئەحمـــەد)دەری هێنـــاوەو لـــە(نـــەواس کـــوڕی ســـەمعان)ەوە دەگێڕێتـــەوە کـــە

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (ضرب الله تعالى مثلا صراطا مستقيما، وعلى جنبتي الصراط سوران، فيهما أبواب مفتحة، وعلى الأبواب ستور مرخاة، وعلى باب الصراط داع يقول: يأيها الناس ادخلوا الصراط جميعا ولاتتعوجوا، وداع يدعو من فوق الصراط، فإذا أراد الإنسان إن يفتح شيئا من تلك الأبواب قال: ويحك لاتفتحه، فإنك إن تفتحه تلجه، فالصراط الإسلام، والسوران حدود الله تعالى، والأبواب المفتحة محارم الله تعالى، وذلك الداعي على رأس الصراط كتاب الله، والداعي من فوق واعظ الله في قلب كل مسلم)[1]. واتە: (خوای گەورە نموونەیەکی هێناوە بەم جۆرە: ڕێگایەکی ڕاست و لەهەردوو لاکانی دیواری هەیە، لەهەردوو دیوارەکاندا چەند دەرگای کراوە هەن و پەردەیەکی نەرم و شل بەشوێنی دەرگاکاندا دراوە، بانگ کارێك لەبەردەرگاکاندا بانگ دەکات و دەڵێ: ئەی خەڵکینە بچنە ناوڕێگاکەو لارولەوێر مەبن و بۆ پێچ و پەنا مەچن و لەڕێگاکە لامەدەن، بانگ کارێکیش لەسەر ڕێگاکە ڕاوەستاوە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتێك لەدەرگاکان بکاتەوە یاپەردەکان هەڵداتەوەو لایان بەلادا بکاتەوە، ئەوا بانگ کارەکە هاواردەکات و دەڵێت: هاوار بەماڵت مەیکەوەو ئاوڕیان لێ مەدەرەوە، ئەگەر بیکەیتەوە تووشی سەرپێچیو لاساریی دەبیت، بەم جۆرە ڕێگاکە ئیسلامەو، دیوارەکانی سنوورەکانی خوای پەروەردگارن و، دەرگاکراوەکان حەرامکراوەکانن و، ئەو بانگ کارە لەسەری ڕێگاکە بانگ دەکات کتێبی خودایە-قورئانی پیرۆزە- ئەو بانگارەی تریش ئامۆژگاری خودایە لەدڵی هەموو مسوڵمانێکدا) بەڕاستی ئەو فەرموودەیە جوانترین وەسفە بۆ ڕێگای سەرزەمین).

ئەو وێنەی کەڕێگای ڕاست و دیوارو دەرگای بۆ بەنموونە هێناوەتەوەو دەرگاکانی کراوەن و نافەرمویێ داخراون، ئەوەش لەبەرئەوەی دەرگای کراوە زیاتر سەرنج و نەفسەکان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و تووشی لادانی دەکات، پەردەی نەرم و ناسك و شلی پێوەیە، ئەوەش سەخت و گرانە بۆ ئەوانەی بەسەر ڕێگاکەدا دەڕۆن

١- قال ابن كثير (وهو إسناد حسن صحيح)، تفسير القرآن العظيم ١/٢٧ط دار المعرفة.

و دەبـێ بـەردەوام بـن و لانەکەنـەوە بـەلای ئـەو پـەردە ناسـك وجوانانـەو دیـوی ناوەوەیان، لەکاتێکا دەبینێ دەرگاکان کراوەن و تەنها پەردەیەك جوان دایپۆشیون و لەناویانـدا حەرامـەکان بـەجوانی ڕازێنراونـەوەو سـەرنج ڕاکێشـن و نـەفس لارێ دەکەن، شـەیتانەکانی زەوی زۆرن و لەبـەردەم دەرگاکانـدا حـەز دەکـەن لادەیـت و بەرەو پەردە نەرم و شلەکان بچیت، قورئانی پیرۆزیش بانگ دەکـات و دەفـەرموێت لەسەر ڕێگای ڕاست بەردەوام بن و لانەدەن بەم لاولاداو ئامۆژگـاریو ڕاسـپاردەکانی خودا لەدڵدا ئاگادارت دەکەنـەوە دەتترسـێنن لـەو لارێ بـوون و پـێچ و پەنابوونـە، بەڵێ مرۆڤ لەوێدا کەوتوەتە نێـوان بـانگ کـردن و ڕاکێشـانی شـەیتانەکان و نەفسـی فەرمان کار بەخراپەو حـەزەکانی بـەلادان لـەڕێگاو لادانـی پـەردەکان لەلایەکـەوەو، بانگ کردن و ڕاکێشانی قورئان و ئامۆژگاری‌یەکانی خوداو جێگیربوون لەسەر ڕێگای ڕاست لەلایەکی ترەوە، ململانێ لەگەڵ بانگی نەفس و شەیتان و جـوانیو ڕازاوەیـی کەحـەزی لـەلادان و لارێ بوونـە، ئـەوە تێکۆشـانەو هەوڵدانێکـە بـڕوادار پێویسـتی بەدامـەزراویو بـەردەوامی هەیـە لەسـەر ڕێگـای ڕاسـتی سـەر زەوی، ڕێگـای زەوی پردێکـی دروسـتکراو نیـە لەسـەر ئـەم هەسـارەیە، بـەڵکو ئـەو وەکـو لەئایـەت و فەرموودەکانـدا هـاتووە ئـەو ئیسـلامەیەو هـەموو ئـەوەی کەلـە قورئـانی پـیرۆزو سوننەتی پاك و پوختەدا هەیە لەسەری، لەفـەرمان پێکـردن و قەدەغـەکردنی، لـەم بارەوە ئیمام (ئیبنولقـەیم) لەلێکدانـەوەی ئـەو ئایەتـە پـیرۆزەی سـورەتی الفاتحـە ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾[1]دا دەڵێت: ڕێگای ڕاسـت زانـین و دەرك پێکردنـی هـەق و ڕاستی‌یەو ئەو هەق و ڕاستی‌یانە دەسـتەبەر دەکـات و دەیانهـەژێنێت و پێشکەشـی غەیری خـۆی دەکـات و خۆشەویسـتی دەکـاو مـرۆڤ پابەنـد دەکـات بەڕاسـتی‌یەوەو بانگی دەکات بۆیو جیهاد لەگەڵ دوژمنانی خوادا بەقەدەری توانای خۆی).

پاشـــان دەڵێـــت: (هـــەموو زانســـتێك یـــان کردەوەیـــەك لەچـــراو لالـــەی پێغەمبەرایەتی‌یەتیو لەسەر ڕێگەی موحەمەدیە، لەبەرئـەوە بـوو تـوانی کـۆچ بکـات

١- الفاتحة: ٦.

بۆمەدینە، ئەوە لەڕێگەی ڕاستەوەیە، هەروەها لەوکەسانە نیەو ناچێتە سەر ڕێگای ئەوانەی ئەهلی خەشم و تووڕەییو تاریکین).

پاشان وتی: (عەبدوڵای کوڕی عەباس و جابری کوڕی عەبدوڵا (ڕەزای خوایان لێبێ) دەڵێن: ڕێگای ڕاست واتە: (ئیسلام). عەبدوڵای کوڕی مەسعودو علی کوڕی ئەبو طالب (ڕەزای خوایان لێبێ) دەڵێن: ڕێگای ڕاست واتە: (قورئان). سەهلی کوڕی عەبدوڵا دەڵێ: (واتە ڕێگای سوننەو جەماعە). بەکر کوڕی عەبدوڵای مەزنی دەڵێ: واتە: (ڕێگای پێغەمبەری خواﷺ).

ئەو لێکدانەوەو ڕوون کردنەوە جیاوازانە هەموویان بۆ یەك(بنەما – اصل) دەگەڕێنەوە کەئەویش ئەو ئیسلامەیە کەهەوو ئەمانە دەگرێتە خۆی هەروەکو لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە (نواس کوڕی سەمعان)دەیگێڕێتەوە.

مێرگی (٤٤)

بەردەوام بوون لەسەر (صیراط)

مانای بەردەوامی:

هەرکەس لەڕێگای ڕاستی سەرزەمین پابەندو بەردەوام نەبێت، ناتوانێت لەسەر (صیراط)ی قیامەتیش خۆڕاگرو بەردەوام بێت، جۆراوجۆرێتی خەڵکی لەچۆنیەتی بەردەوام بوون لەسەر (صیراط)ی سەرزەمینەکە ئەو جۆراوجۆریو جیاوازیە لەتێپەڕبون لەسەر پردی (صیراط) دروست دەکات، بەڵام بەر لەوە پێویستە واتای پابەندیوبەردەوامی لە(صیراط)ی سەرزەمین بزانین تابتوانین خۆڕاگرو بەردەوام بین لەسەری .

(سوفیانی کوڕی عەبدوڵلای ثەقەفی) دەڵێت: (قلت یارسول الله قل لي في الإسلام قولاً، لاأسال عنه أحداً بعدك قال: (قل آمنت بالله ثم استقم)[1]. واتە: وتم ئەی پێغەمبەری خواﷺ شتێکم پێ بڵێ لەبارەی ئیسلامەوە کەدوای تۆ لەکەس نەپرسم، فەرموی: ((بڵێ باوەڕم بەخودای تاك و تەنیا هێناوە ئینجا ڕێگاو ڕێبازی ڕاست بگرەو بەردەوام بە لەسەری)).

(مەناوی)دەڵێت: (ئەوە مانای ئەوەیە ئیمانت بەخودا تازەبکەوەو لەدڵەوە زیکرو یادی بکە، بەزمانیشت بیڵێ و ڕایگەیەنە کەئامادەی بۆ بەجێهێنانی هەموو واتایەکی ئیمانیو پەیڕەوی شەرع و بەرنامەی خوداو پاشان (پابەندو بەردەوام بە) واتە پابەندی هەموو فرمانەکانی خودابەو گوێڕایەڵی بکەو دەست هەڵگرەو وازبهێنە لەهەموو بێ فەرمانیو سەرپێچییەك و هەرشتێك کەتووشی لەڕێ لادانت دەکات و لەو ئایەتانەی خودا بێئاگات دەکات، کەدەفەرموێت:

١- مسلم ٣٨ كتاب الإيمان.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟﴾[1]، واتە: (ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله)یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستەبوون). ئەوە لەجوانترین کۆمەڵە گوفتارێکن بەڕاستی هەموو واتایەکی ئیمانی و ئیسلامی بەعەقیدەو گوفتارو کردار کۆکردۆتەوەو لەخۆگرتووە ئەگەر ئیسلام یەکتاپەرستییە، ئەوە لەڕستەی یەکەمدا ﴿قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ﴾[2]دیارەو دەرکەوتووە، گوێڕایەڵیش بەهەموو جۆرەکانییەوە لەدووەمدا ﴿ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟﴾[3]جێگەی دەبێتەوە. کەواتە بەردەوام بوون واتای بەردەوام بوون واتای ڕام بوون و پەیڕەوی کردنی هەموو فەرمان پێکراوو دوورکەوتنەوە لەهەموو نەهی لێکراوێکە، هەندێك بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: (بەردەوامیو پابەند بوون واتە: شوێنێکەوتنی سوننەتی موحەمەدیﷺ لەگەڵ خۆ ڕازاندنەوە بەهەموو ئەو ڕەوشت و ڕەفتارانەی ڕەزامەندی خودایان لەسەرە). هەندێك دەڵێن: (شوێنی بکەویو لەگەڵیدا تەرکی هەموو(داهێنراوێك)بکەیت)، واتە: (ڕاهێنانی دەروون لەسەر ڕەوشت و ڕەفتارو کارکردن بەقورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرﷺ[4].

فێڵ و فروتی ڕێویانە:

لەجوانترین ئەو وتانەی لەپێناسەی (بەردەوامی- الإستقامة)دا هاتوون و وتراون وتەکەی (عومەری کوڕی خطابە- خوالێی ڕازی بێ) کەدەڵێت: الاستقامە: واتە: بەردەوام بوون لەسەر گوێڕایەڵی فەرمانی خواو وازهێنان لەنەهی لێکراوو سەرپێچییەکان، بە فاك و فیك و پێچ و پەناو فێڵاوی نەبن وەکو ڕێوییە فێڵبازەکان).

ئەو لەسەر چینێکی خەڵکی قسەی کردووە کەڕێویانە پەرستش و بەندایەتی دەکەن، دەمێك لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆن و دەمێکیش ئاوڕدەدەنەوە بەلای ئەو

١- فصلت: ٣٠.

٢- فصلت:٣٠.

٣- فصلت:٣٠.

٤- فيض القدير ٤/٥٢٣.

دەرگایانەی لەناو دیوارەکانی سەرلێواری ڕێگا هەن و، پەردەکانیان لادەدەن و کەشفیان دەکەن و بینیان بەحەرامەکانەوە دەنێن لەڕێبازو زیناو شەراب خواردنەوەو ستەم و غەیبەت و دووزمانی و خۆڕازاندنەوەو فێڵ و تەڵەکەو خواردنی ماڵی خەڵك و ڕیایی‌و خۆبەزل زانی‌و خود پەسەندی‌و حەز بەمەدح و ستایش کردن و ..... هتد، جاریش هەیە دەگەڕێنەوە سەر ڕێگاکەو کەمێك لەسەری دەڕۆن و، پاشان چاودەبڕنەوە جوانی و ڕازاوەیی و نەفس و دەرونیان ڕادەکێشرێتەوە بەرەو بۆنی سەرپێچی‌و بێفەرمانی خوداو لەڕێگا لادەدەنەوە بۆ خواردنەوەو ڕووکردنە حەرام کراوەکانی خوا، لەگەڵ هەموو ئەو ئاوڕدانەوەو لادان لەڕێگای ڕاست وکەوتنە ناو حەرام و قەدەغەکراوەکانەوەو، لەگەڵ هەموو ئەو لادان و لاڕێ گرتنەو سنور بەزاندنەشیاندا ئنجا ئەوان سورن لەسەر ئەوە کەلەبەردەم خەڵکدا خۆیان وا دەردەخەن کەلە ئەهلی سەر ڕێگای ڕاستن و ئەوەتا پابەندن بەکارو فرمانی پەرستش و بەندایەتی کردن، ئەوانەن لەسەر ئەو ڕێگە ڕێویانەیەن لە ڕۆیشتن و ڕێکردنیان لەسەر ڕێگای سەر زەوی‌و زۆر لادەکەنەوەو ئاوڕدەدەنەوەو لەڕێی ڕاست دێنە خوارو لادەدەن تەواو وەك ئەوەی ڕێوی لەکاتی ڕۆیشتندا دەیکات.

(خۆشویستن)ڕیشەو بنەمای بەردەوام بوونە:

لەبەر ئەوەیە (ئیبنو تەیمیە) کاتێ پێناسەی (بەردەوامی) دەکات ئەوەشی لێ زیاد دەکات کە دەڵێت: (پابەندو بەردەوامی لەسەر خۆشویستنی و بەندایەتی کردنی، لانەکردنەوەو ئاوڕنەدانەوە بەلای ڕاست و چەپدا)[١].

ئەوەش لەبەرئەوەی کاتی لادان دەردەکەوێت، کە دەست دەکات بەخۆشویستنی شتی ترو بەربەرەکانی خۆشەویستی خودای لەگەڵدا دەکات و تەنگی پێهەڵدەچنێ، یاوەکو یەکی خۆشدەوێن، هەتا وای لێدێت، (بەردەوامی دەکاتە دوویەش لەنێوان ڕێگە ڕاستەکەی بەرەو خوا چوون لەسەر زەوی‌و ڕێگەی خۆشەویستی بۆ ئەو شتە بۆش و بەتاڵ و پووچانە، کاتێ خۆشویستنی بەتاڵ و

١- تهذيب مدارج السالكين.

لاوەکیو نامۆیەکانی زاڵ بوو بەسەر خۆشەویستی خوادا ئەوا بەردەوامی لەسەر ڕێگای ڕاستەکە کەم دەبێتەوەو تەنها بەقەدەر ئەو برە خۆشەویستی‌یە کەمەی کە بۆ خودا هەیەتی لەسەر ئەو ڕێگەیە دەمێنێتەوە، کاتێکیش خۆشەویستی بۆ خوا ئەوەندە هاتە خوارو لاواز بوو، لە دڵیدا نەماو گۆڕیەوە بەخۆشەویستی بۆ غەیری خوا ئەوا بەهیچ شێوەیەك بەردوامی‌یەکەی نامێنێت و دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە ناتوانن لەسەر پردی (صیراط)ی ڕۆژی دوایی خۆڕاگرو جێگیربن، بەڵکو دەبنە خۆراکی قولاپە هەڵواسراوەکانی ئەم لاو ئەو لای صیراط .

بەڕاستی ئەو خۆشویستنە (بەردەوامی) هەر کەسێك دیاری دەکات لەڕێگای سەر زەوییو بەو هۆیەوە کە تیایدا یەکتریمان خۆشدەوێت یان ڕقمان لەوانەیە کە لەگەڵیدا نابین، لەسەر ئەو پێناسەیە بەڕاستی (بەردەوامی) کارێکی گەورەیەو تیایدا سەرکەوتوو نابن جگە لەوانەی کە زۆر بەخەمیەوەن وخاوەنی هیمەتێکی بەرزن و نەفس و دەروونیان ڕادەهێنن بۆ هەڵگرتنی، ئەوانەی سەرکەوتوو دەبن بەهۆی ئەو بەندایەتیو گوێڕایەڵی بوونەیانەوە مارەیی ئەو حۆریانە دەدەن کەلە ڕۆژی دوایی پێیان دەدرێت و هەموو ئەو ماڵ و خۆشگوزەرانییەی وەری دەگرێت.[١]

(ئەوەش وتەیەکی بەهێزو پتەوەو ناچێتە ڕیزی ئەوانەوە جگە لەو کەسانەی کەدڵیان ڕۆشن بووەتەوە بەو نورو روناکی‌یە پیرۆزەو ڕزگاری بووە لەلێڵیو بێزاری مرۆیی‌یانەو تاریکی‌یە ڕەوشتی‌یەکانی خەڵکیو خوای گەورە دەستی داوەو شەیتانەکەی پابەندی دەستی کردووە، کە ئەوانەش کەمن)[٢].

ئەوەی خوا بۆ پابەندو بەردەوام بووانی ئامادە کردووە:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ٣٠ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا

١- فيض القدير.

٢- فيض القدير ١\٤٩٦.

وَفِي ٱلْآخِرَةِۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِيٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾[١].

واتە: (ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان (الله)یە، لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستە بوون، ئەوە لە سەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆ لایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوو، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کەکاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا، (خوای گەورە و فریشتەکانیش دەفەرموون): ئێمە یارویاوەرو هاوکارو پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دونیاو قیامەتیشدا مژدەتان لێ بێت لە بەهەشتدا هەرچی ئارەزووی دەکەن و داوای دەکەن بۆتان ئامادەیە. ئەو بەهرەیەش لەلایەن پەروەردگارێکەوە پێشکەشتان دەکرێت کە لێبووردەو میهرەبانە).

ئەوانەی بەرنامەی حەق و ڕێگای ڕاست هەڵدەبژێرن، بە دڵ و دەروون تێدەکۆشن تا لەسەری جێگیرو خۆڕاگرین، هەتا ئەو دەمەی ئەم سەرزەوییە بەجێدەهێڵن، ئەوە خوای گەورە چەند مژدەیەکیان پێ خەڵات دەکات لەکاتی سەرەمەرگدا، لەوانە:

١- **ترستان نەبێت:** موجاهید دەڵێت: (مەبەست بەو کارو کردەوانەی پێشکەشیان کردووە بۆ قیامەت)[٢] .

لەڕاستیدا مرۆڤ بەتایبەتی بڕواداری خۆڕاگرو بەردەوام لەکاتی سەرەمەرگدا هەست بە ترس دەکات، ترس لە سزای گۆڕ، ترس لەپرسیاری نەکیرو مونکەر، ترس لەو ژیانە بزرو نادیارەی کە نازانێت چارەنووسی تیایدا چۆن دەبێت، ترس لەوەی کە لەدونیادا کردەوەی چاکی کەمی پێشکەش کردبێ بۆ قیامەت و ئەو کارانەیشی کردوویەتی ئایا چەندی بە دڵسۆزی بووەو لێی وەرگیراوە یا بۆ ویستێکی تر بوون و

١- فصلت:٣٠ ، ٣٢ .

٢- تفسير (القرآن العظيم) ٤ \ ٩٩.

خوا لێی وەرنەگرتووە ئا لەو ساتە ناسك و لەو شوێنەدا ئەو مژدەیەی پێدەدرێت بۆ دڵنیابوونی ئەو بڕوادارە تا نەترسێت لەوەی لە ژیانی بەرزەخدا دێتە ڕێی و تووشی دەبێت .

٢- **خەفەتبار مەبن**: (لەوەی کە بەجێی دەهێڵن لە کاروباری دونیایی‌دا لە منداڵ و کەس و کارو سامان یان قەرزو قۆڵە، ئێمە نائومێدتان ناکەین لەسەری و پاداشتتان دەدەینەوە)، مرۆڤ دوو دڵ و نیگەرانە بە تایبەتی لە چرکە ساتەکانی کۆتایی‌دا لەسەر چارەنووسی منداڵەکانی و خێزانی دوای ڕۆشتنی بە هەژاریو، تووشبوونی بە وەسوەسەو داوو تەڵەکەی شەیتان و شت بۆ دروست بوون و هۆنینەوەی کە وای لێدەکات پرسیار بکات لەو ساتە وەختەدا، کێ چاودێریان دەکات؟ کێ دڵسۆزیانە؟ کێ کاروباریان دەگرێتە دەست؟ کێ فێریان دەکات؟ کێ خەرجیان پێدەدات؟ کێ کارو بازرگانییەکەی جێبەجێ دەکات و ماڵ و سامانیان بۆ بەڕێوە دەبات؟ پرسیاری زۆری بۆ دروست دەبێت؟ ئەو ماڵئاوایی لەم دونیایە دەکات، ئا لێرەداو لەو چرکە ساتەدا ئەو مژدەیەی دووەمی پێدەدرێت تا دڵنیا بێت و پیلان و وەسوەسەکانی شەیتان کۆتایی پێدەهێنێت، بەوەی کە دڵتەنگ نەبێ لەسەر جیابوونەوەی لە کەس و کاروماڵەکەی، بەڕاستی ئەوان دوای خۆیان جێگەیان بۆ دەگرنەوەو پاداشتیان دەدەنەوە .

٣- **مژدەدان بەچوونە بەهەشت**: ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ﴾[1] .

واتە: (مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێدەدرا). (زەیدی کوڕی ئەسلەم) دەڵێت: (ئەو مژدەیەی پێدەدرێت لەکاتی سەرەمەرگدا، لەناو گۆڕدا، لەوکاتەی زیندوو دەکرێتەوە)[2]. ئەو بەهەشتەی کاری بۆ کردووەو لەسەر ڕێگاکەی خۆڕاگرو بەردەوام بووە تا بەدەستی بهێنێ و پێی بگات، ئەوەتا

١- فصلت: ٣٠ .

٢- تفسیر القرآن العظیم / ٤ / ٩٩ .

لەو کاتەی کە دوا هەناسەکانی دەدات مژدەی پێدەدرێت. تا کاتێ قیامەت هەڵدەستێ ئەوەندە رووناکی پێ بدرێت بەبڕی ئەو کردەوانەی پێشکەشی کردوون و خۆڕاگرو بەردەوام بووە لەسەریان تا ڕەت بوون و ڕزگاربوونی بەسەر پردی (صیراط)دا ئاسان بێت .

٤- لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵتانین: ﴿ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ﴾[1]. واتە: (خوای گەورەو فریشتەکانیش دەفەرموون: ئێمە یارو یاوەرو هاوکارو پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دونیاو قیامەتیشدا).

فریشتەکان بەو بڕوادارانە دەڵێن کەلە سەرەمەرگدان: ئێمە دەبینە هاوڕێو هاوەڵتان و دۆستی ئێوەین لە ژیانی دونیاداو ڕێگاتان پیشان دەدەین و سەرتان دەخەین و بەفەرمانی خوا دەتانپارێزین، هەروەها لە قیامەتیشدا لەگەڵتان دەبین، هاوڕێیەتیتان دەکەین لە تەنیایی ناو گۆڕداو لەکاتی فووکردن بە کەڕەناداو دڵنیاتان دەکەین لە ڕۆژی زیندووبوونەوەو گەڕانەوەتانداو لە پردی (صیراط) دەتانپەڕێنینەوەو دەتانگەیەنینە بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت و نەبڕاوە)[2].

بەڕاستی ئەوەیە لەگەڵدا بوونی چاك و تەواو، کە فریشتەکان لەگەڵ بڕوادارە بەردەوام و خۆڕاگرەکانی ڕێگای ڕاستی سەرزەویدا دەبن هەر لەکاتی چوونە ناو گۆڕەوە هەتا دەچنە بەهەشتەوە، لە ڕۆیشتن و تێپەڕبوونی بەمەیدان و مەترسیەکانی قیامەتداو، دڵنیاو ئارامیان دەکاتەوەو لەگەڵیان دەبن لە هەموو وێستگەکاندا، هەروەك چۆن لە دنیادا دۆستیان بوون هەروایش لە قیامەتدا هۆکاری بەردەوامی و خۆڕاگریان دەبن .

١- فصلت: ٣١ .

٢- تفسیر (القرآن العظیم) ٤ / ٩٩ .

٥- مـژدەدان بـەوەی هـەر شـتێ دڵ حـەزی پێـدەکات لـە بەهەشـتدا هەیـە:

﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِيٓ أَنفُسُكُمْ ﴾[١]. واتە: (مژدەتان لێ بێت لە بەهەشـتدا هەرچـی ئارەزووی دەکەن و داوای دەکەن بۆتان ئامادەیە ...) .

بەڵێ لە بەهەشتدا هەموو ئەوانەی دڵ و دەروون هـەڵی دەبـژێرێ و حـەزی پـێ دەکات و چاو پێی ڕوون دەبێتـەوە هەیـەو ﴿ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾[٢]، هەرشـتێ کـە داوای دەکەن و دەتانـەوێت پەیدا دەبێـت و لەبەردەسـتتان ئامادەیـە بـەو جـۆرەی هەڵی دەبژێرن)[٣].

ئـەو پاداشـتە بـۆ ئەوانەیـە کـە لـەڕێگای ڕاسـتی سـەر زەوی خـۆڕاگرو پابەنـدو بەردەوام دەبن و ئاوڕ بەم لاولاو لاڕێدا نادەنەوە.

١- فصلت: ٣١ .

٢- فصلت: ٣١ .

٣- تفسیر القرآن العظیم ٤ / ٩٩ .

مێرگی (٤٥)

بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە

بەشەکانی خەڵك لە لێپرسینەوەدا:

(عائشە– ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (من نوقش الحساب عُذِّب)، قالت: قلت أليس يقول الله تعالى: (فسوف يحاسب حسابا يسيرا) قال: ذلك العرض)[1]. واتە: (هەرکەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت سزا دەدرێت)، عائشە دەڵێت: وتم: ئەی ئەوە نییە خوای گەورە فەرموویەتی: (ئەوە لەمەودوا لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت). فەرمووی: (بەڵکو ئەوە تەنها خستنە ڕوویەکەو لێپرسینەوە نییە). هەر لە عائشەوە(ڕەزای خوای لێبێ) لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (ليس أحد يحاسب يوم القيامة إلا هلك، فقلت يا رسول الله أليس قد قال تعالى: (فأما من أوتي كتابه بيمينه فسوف يُحاسب حساباً يسيراً) فقال رسول الله ﷺ: إنما ذلك العرض، وليس أحدٌ يُناقش الحسابَ يومَ القيامة إلا عُذِّب)[2]. واتە: عائشە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هەرکەس لەڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت بە هیلاك دەچێت، وتم: ئەی ئەوە نییە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (ئەوەی نامەی کردەوەکانی درایە دەستی ڕاستی لەمەودوا لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت، فەرمووی: (بەڵکو ئەوە تەنها خستنە ڕوویەکەو لێپرسینەوە نییە، هەرکەس لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی وردی لەگەڵدا بکرێت ئیلا سزا دەدرێت). لە ئەبی هورەیرەوە(ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (يدخل من

١– البخاري / فتح الباري / ٦٥٣٦ .

٢– البخاري / فتح الباري / ٦٥٣٧ .

أمتي الجنة سبعون ألفاً بغير حساب)[1]. واتە: حەفتا هەزار(٧٠,٠٠٠) کەس لە ئوممەتم بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە).

لەو فەرموودانەوە دەردەکەوێت کە خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لێپرسینەوە دابەش دەبن بەسەر (٣-سێ) بەشدا:

١- ئەوانەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.

٢- ئەوانەی کردەوە خراپەکانیان پیشان دەدرێت و سزا نادرێن.

٣- ئەوانەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت.

کۆمەڵی یەکەم: ئەوانەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت:

ئەو کۆمەڵە ئەوانەن کە لێپرسینەوەیەکی وردی کردەوەکانیان لەگەڵدا دەکرێت، هەروەکو پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ئیبنو حەجەر دەڵێت: (مەبەست پێی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی وردە، لە گەورەو بچووك و کەم و بێ نرخەوەو نەبوونی چاوپۆشی و لێبووردن). لەڕاستیدا ئەوانە لێیان دەپرسێتەوە هەتا لەسەر گەردیلەیەك لە کردەوەکانیان، لە ئەنجامی ئەو لێپرسینەوەو گفتوگۆکردنە لەگەڵیاندا دووچاری گرفتاری دێن، هەروەکو (قاضی عیاض) ڕوونی دەکاتەوەو دەربارەی دەڵێت: (یەکێك لەو گرفتاریانە: پیشاندانی تاوانەکانی و هەڵوێستەکردن لەسەر ئەو کردەوە ناشرین و قێزەونانەی کردوویانەو هەڕەشەو ئاگادارکردنەوەیان بەسزاو تۆڵە لێستاندنیان، دووەم گرفتاریشیان: کاتێ سزای خۆیان بۆ تەرخان دەکرێت ئەگەر بەندە چاکەیەکی نەبێت مەگەر خودا بۆی دیاری کردبێت و لە چارەی نووسیبێت و ڕێنمایی کردبێت، چونکە ئەو ئەوەی کردووشیەتی بە دڵسۆزی بۆ خوای نەکردووە).

کۆمەڵی دووەم: لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانیان لەگەڵدا دەکرێت:

ئەوەتا پێغەمبەرﷺ مانای ئەو ئایەتە لێکدەداتەوەو جیاوازی پێدەکات لەنێوان ئەمان و جۆری یەکەم لە لێپرسینەوەدا، لەبەرئەوەی ئەم لێپرسینەوەیە زۆر

١- مسلم: ٢١٦، کتاب الإیمان، تەواوکەریشی هەیە.

ئاسانه، هەروەکو پێغەمبەرﷺ باسی دەکات و دەفەرموێت: (إنما ذلك العرض) (قورطبي) دەڵێت: (ئەوە مانای وایە: ئەمە تەنها پیشاندان و خستنەڕوویەو ئەو لێپرسینەوەی لە ئایەتەکەدا باسی لێکراوە ئەوە پیشاندانی کردەوەکانی بڕوادارە پێی تا بزانێ خودا چۆن لە دونیادا بۆی پۆشیوە ئەوەتا لە قیامەتیشدا لێی خۆش دەبێت، تا هەست بە منەت و لێبوردەیی خودایی بکەن)[1]. ئەو فەرموودەیە ئیبن و عومەر لە هەردوو (صحيح)ەکاندا ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: (سمعت رسول اللهﷺ يقول: يدني المؤمن من ربه، وقال هشام: يدنو المؤمن حتى يضع عليه كنفه فيقرره بذنوبه: تعرف ذنب كذا؟ يقول: أعرف، يقول رب أعرف(مرتين) فيقول: سترتها في الدنيا، و أغفرها لك اليوم، ثم تطوى صحيفة حسناته، وأما الآخرون –أو الكفار– فينادي على رؤوس الأشهاد: هؤلاء الذين كذبوا على ربهم)[2] . واتە: (گوێم لە پێغەمبەری خوا بووﷺ فەرمووی: بڕوادار لە پەروەردگاری نزیك دەبێتەوە، وە هیشام دەڵێ: بڕوادار نزیك دەبێتەوە بەجۆرێك هەتا پەروەردگاری لەو نزیکیەیە تاوانەکانی هەموو پیشان دەداتەوەو پێی دەفەرموێت: ئایا دەزانی ئەم تاوانەت کرد؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ دەزانم، پەروەردگارا دەزانم (دووجار) لەسەریەك، بەم شێوەیە تاوانەکانی دەخاتە بەردەم ئینجا پێی دەفەرموێت: لە دونیادا بۆم پۆشیوی‌و بە هۆیانەوە حەیاو ڕێزت نەچوو، وا ئەمڕۆش لێت خۆشدەبم، پاشان نامەی چاکەکانی بۆ هەڵدەداتەوەو پیشانی دەدات. بەڵام بۆ خەڵکانی تر– ئەوانەی بێباوەڕن– لەسەروویانەوە بانگێك دێت دەڵێ: (ئەوانە ئەو کەسانەن کە درۆزنن بەرامبەر پەروەردگاریان) .

کۆمەڵی سێیەم: ئەوانەی لێپرسنەوەیان لەگەڵدا ناکرێت:

ئەوانە لەباشترین و چاکترینی دروستکراوانی خودای پەروەردگارن، وە پیرۆزترین و جوانترین شوێنیان هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا، لەوێ تووشی ئەوەش نابن کە کۆمەڵی یەکەم و دووەم تووشیان دێت، بەڵکو بەبێ لێپرسینەوە دەچنە

١– فتح الباري ١ / ٢٣٩ ط – دار التراث .

٢– رواه البخاري، (الفتح: ٤٦٨٥).

بەهەشـتـەوە نـەكردەوەكانیان دەخرێتـەوە بـەردەم و نـە گفتوگـۆو لێكۆڵینـەوەی وردیان لەگەڵ ئەنجام دەدرێت، هەموو كەس خۆزگەو ئاوات دەخوازن كە یەكێك بـن لەو كۆمەڵە كەسانەو خۆزگە دەخوازن وەكو عەكاشـە (ڕەزای خـوای لێبێ) بـن كـە ئەو كەسە بوو مژدەی پێدرا یەكێكە لەو كەسانە، بەڵام شەیتان بێئومێدی دەخاتـە دڵی هەندێكەوە كاتێ دەبینن ژمارەیـان سـنووردارە، وا گومـان دەبـەن كـە ئـەمان بەڕاستی دوورن لەوانەو ناگەنە ئاستی ئەوان لەبەرئـەوەی لـەو سـەردەمە پـیرۆزەی پێغەمبەرو ﷺ هاوەڵانی‌و سەردەمی شوێنكەوتووان و شـوێنكەوتووی شـوێنكەوتوان هەیەو ئەوانیش خەڵكی باش و بڕواداری بەهێزبوون، بەڵام لەڕاستی‌دا ئەمـە وانییـە، ئەم گومان و ڕەشبینییە دروست نییە، چونكە پێغەمبەر ﷺ هیچ كات و سـەردەمی دیاری نەكردووە، تا ئەو بەش و ژمارەیە تیایدا كۆتایی پێ بێت و هیچ كۆمەڵێكیشی بەڕوونی‌و ئاشكرایی تیادا باس نـەكردووە، بـەڵكو مـژدەی تـەنها بەیـەك كـەس داوە ئەویش(عەكاشـە)یـە كـاتێ یـەكێكی تـر هەڵدەسـتاو پرسـیاری لێدەكـرد دەربـارەی ئەوە، لەوەڵامی‌دا دەیفەموو(عەكاشە) پێشتكەوت[1] .

ئەگەر وای پێ نەفەرموویان ئەوا هەموو ئەوانەی لەوێ بوون دەیانویسـت بگـەن بەو وەڵامەی(عەكاشە) دەستی كەوت و پێی گەیشت و ئیتر ئەو ژمارە دیاری كراوە هەر لەسەردەمی ئەوانـدا كۆتـایی دەهـات، بـەڵام پێغەمبـەرﷺ بـەكراوەیی بـەجێی هێشتووە، بۆ ئەوەی خاوەن هیممەتەكان قۆڵی لێهـەڵماڵن و زۆر بەتەنگـەوە بـێن و سووربن وبڕیاری ئەوە بدەن كـە چـاكەخوازبن و سوارچـاكی مەیـدان بـن، تـا بگـەن بەوان، كەواتە ئەو خێرە بەردەوامەو بۆ ئوممـەتی (محەمـەدﷺ)ە تـا خـوای گـەورە ئەوەی لەسەر زەوی هەیە لەناوی دەبات و نایهێڵێت.

١- عەكاشە: ئەو هاوەڵە بەڕێزە بووە كە یەكەم كەس پرسیاری كردووە لە پێغەمبەری خوا كە ئایا ئـەو یەكێكە لەو (٧٠٠٠٠ حەفتا هەزارە) لە وەڵامیدا دەفەرموێ: بەڵێ تۆ لەوانی)

سیفەت و ئاكاری ئەم هەڵبژێردراوانە:

قەومێك بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، كەواتە گومانی تێدا نییە دەبێ خاوەنی سیفات و ئاكارێك بن كە بەهۆیەوە ئەهلی ئەو شەرەفە گەورەیە بن، چ لە سیفەتی دونیایی كە بە هۆیەوە دەگەنە هیممەتێكی بەرزو خاوەن چاكەیەكی زۆر بە پشتیوانیو تەوفیقی خودایییەوە، وە سیفەتی ڕۆژی دوایی كە جیایان دەكاتەوە لە چینەكانی تری خەڵكی .

یەكەم: ژمارەیان وە سیفەتی دونیاییيان:

(ئیبنو عەباس – ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێ: (عرضت علي الأمم، فأجد النبي يمرّ معه الأمة، والنبي يمرّ معه النفر، والنبي يمرّ معه العشر، والنبي يمرّ معه الخمسة، والنبي يمرّ وحده، فنظرت فإذا سواد كثير، قلت يا جبريل هؤلاء أمتي؟ قال: لا ولكن انظر إلى الأفق، فنظرت فإذا سواد كثير، قال هؤلاء أمتك، و هؤلاء سبعون ألفا قدامهم، لاحساب عليهم ولا عذاب، قلت ولم، قال: كانوا لايكتوون، ولايسترقون، ولا يتطيرون، وعلى ربهم يتوكلون. فقام إليه عكاشة بن محصن، فقال: ادع الله أن يجعلني منهم، قال: اللهم اجعله منهم، ثم قام إليه رجل آخر قال: ادع الله أن يجعلني منهم. قال ((سبقك بها عكاشة))[1]. واتە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئوممەتەكان خرانە بەرچاوم، هەر پێغەمبەرێك لەگەڵ ئوممەتی خۆیدا دەڕۆیشت، بینیم پێغەمبەر هەیە یەك كەسی لەگەڵدایە، پێغەمبەر هەیە (١٠)كەسی لەگەڵدایە، پێغەمبەر هەیە (٥)كەسی لەگەڵدایە، پێغەمبەر هەیە كەسی لەگەڵدا نییە، ئینجا خەڵكێكی زۆرم دیت بە جوبرەئیلم وت: ئەوانە ئوممەتی منن، وتی: نا بەڵام بڕوانە ئاسۆیەكی تر (سەیرم كرد)خەڵكێكی زۆرترم دیت، وتی: ئەوە ئوممەتەكەی تۆیە، حەفتا هەزار لە پێشیانەوە دەڕۆن بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، نە لێپرسینەوەیان هەیەو نەسزا. وتم: چۆن؟ فەرمووی: ئەوانە داخیان بەكارنەهێناوە، داوای نوشتەیان لەكەس نەكردووەو ڕەشبینی ناكەن، پشت بە

١- البخاري (فتح الباري: ٦٥٤١).

پەروەردگاریان دەبەستن، (عەکاشەی کوڕی محصن) هەستا وتی: لە خودا داوا بکە بمخاتە ناو ئەوانە، پێغەمبەرﷺ فەرموی: خوایە عەکاشە لەوان بێت. ئینجا پیاوێکی تر هەستاو وتی: داوا بکە لەخوا منیش لەوان بم، فەرمووی: (عەکاشە پێشت کەوت).

١- ژمارەیان:

لەوفەرمودەیەی پێشوودا باس کراوە کە ژمارەیان حەفتا هەزارە بەڵام لە فەرمودەیەکی تردا کە (سەهلی کوڕی سەعد) هێناویەتی دەڵێت:

١- (سبعون ألفاً أو سبعمائە ألف)[١] گێڕەرەوەی فەرموودەکە گومانی لەو دوو ژمارەیەدا هەیە کە واتاکەی (حەفتا هەزار یان حەوت سەد هەزار)ە.

(ئیمام أحمد) لە (ثەوبان)ەوە فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: (لیدخلن الجنة من أمتي سبعون ألفاً لاحساب عليهم ولا عذاب، مع كل ألف سبعون ألفاً..)[٢]. واتە: (حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتم دەچنە بەهەشتەوە نە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و نە سزا دەدرێن). لەگەڵ هەر هەزار کەسیش لەوانە حەفتا هەزاری تر هەیە).

٢- (ئەبی ئومامە) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (وعدني ربي أن يدخل الجنة من أمتي سبعين ألفاً بلا حساب عليهم ولا عذاب، مع كل ألف سبعون ألفاً، وثلاث حثيات من حثيات ربي)[٣]. واتە: (پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم کە حەفتا هەزار لە ئوممەتم دەچنە بەهەشتەوە نە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و نە سزا دەدرێن، لەگەڵ هەر هەزار کەسیشدا حەفتا هەزاری تر هەیەو سێ مشت بە مشتی پەروەردگارم لەگەڵیاندا دەبن).

٤- (طەبەرانی) فەرموودەیەکی دەرهێناو لەگێڕانەوەی (عوتبەی کوڕی عەبدولسەلمی) کە دەڵێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی: (إن ربي عزوجل وعدني أن

١- البخاري (الفتح: ٦٥٤٤).

٢- رواه الإمام أحمد وصححه الألباني (ص ج ص) ٥٤٢.

٣- رواه أحمد، وصححه الألباني (ص ج ص) ٦٩٨٨ .

يدخل الجنة من أمتي سبعين ألفاً بغير حساب، ثم يشفع كل ألف لسبعين ألفاً، ثم يحثي ربي تبارك وتعالى بكفيه ثلاث حثيات. فكبر عمر، وقال: إن السبعين الأول يشفعهم الله في آبائهم وأبنائهم وعشائرهم، وأرجو أن يجعلني الله في إحدى الحثيات الأواخر)[1]. واته: (پەروەردگارم بەڵێنی داومێ كه حەفتا هەزار لە ئوممەتم دەخاتە بەهەشتەوه بەبێ لێپرسینەوه و بەبێ سزادان، ئینجا هەر هەزار كەس لەو حەفتا هەزاره تكا دەكەن بۆ حەفتا هەزاری تر، ئینجا پەروەردگارم مشت دەدات لە ئوممەتم به مشتی موبارەكی و سێ مشتی تریان بەم جۆره دەخاتە بەهەشتەوه، عومەر تەكبیری كردو وتی: حەفتای یەكەم تكاو داوا له خوا دەكەن بۆ باوكیان و كوڕیان و هۆزو تایەفەیان، ئومێدەوارم خوای گەوره بمخاته ناو یەكێ لەو مشتانەی دوایی كه دەیان خاته بەهەشتەوه).

لەو فەرمووده پیرۆزانەی پێشووەوه ڕوون دەبێتەوه كه:

أ- ئەو كۆمەڵەی دەچنە بەهەشتەوه بەبێ لێپرسینەوه ژمارەیان (چوارهەزارو نۆسەد ملیۆن كەسه) .

ب- ئەو كۆمەڵه جیان لەوه كه خوای پەروەردگار مشتیان لێدەداو بەسێ مشت دەیانبات ڕەنگه ئەو سێ مشته ژمارەیان زیاتریش بێت لەو ژمارەیەی سەرەوه، ئەوەش ئەوەیە: (وسعت رحمته السماوات والأرض) بەڕاستی ڕەحمەت و سۆزو بەخشندەیی خوا لەئاسمانەكان و زەوی فراوانترەو هەرهەمووی دەگرێتەوه .

ج- ئەو حەفتاهەزارەی یەكەمجار دەچن لەپلەوپایەو جێگەوڕێگەدا جیاوازو تایبەتترن لەوانەی كەدواتر بۆیان زیاد دەكرێت و بەهۆی تكاوشەفاعەتی ئەوانەوه دەچن .

(ئیمام ئیبنوحەجەر) دەڵێت: (مانای لەگەڵدابوون لەو وتەو گێڕانەوانەی ڕابردوودا كەدەڵێت لەگەڵ هەر هەزار كەس حەفتاهەزار، یان لەگەڵ هەر یەكێك

---

[1]- قال الحافظ محمد بن عبدالواحد: لاأعلم لهذا الإسناد علة (حادي الأرواح ص ٩١-ط دار الكتب) وذكره ابن حجر في الفتح أنه (بسند جيد) الفتح ٣٤٦/١١، دار إحياء.

لەوان حەفتاهەزار هەیە دەچنە بەهەشتەوە لەوانەیە دوابەدوای ئەوان بچن واتە حەفتاهەزار کەسی یەکەم جار پێشتر دەچن ئینجا ئەوانی تر، ئەگەر کردەوەیان وەکویەك نەبێت، هەروەکو لەفەرموودەیەکدا هاتووە (المرء مع من أحب): (هەرکەس لەگەڵ ئەوەدایە کە خۆشی ویستووە) یا ئیحتیمالی ئەوەی هەیە مەبەست لەو لەگەڵدا بوونە تەنها چوونە بەهەشت بێت بەبێ لێپرسینەوە، وە لەکۆمەڵی دووەم بن کە دەچنە بەهەشت یا دوای ئەوان، ئەوە ئەولاترە، لە (جەعفەری کوڕی موحەممەد صادق) ئەویش لە (باوکی‌یەوە)و ئەویش لە (جابر)ەوە دەیگێڕێتەوە:(هەرکەس چاکەکانی زیاتر بوو لەخراپەکانی و لەتاوانەکانی ئەوانەن کەبەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، وەئەوەش کە چاکەوخراپەی وەکویەك هاتەوەو یەکسان بوون ئەوە لەوکەسانەیە کە لێپرسینەوەیەکی زۆر ئاسانی لەگەڵدا دەکرێت، هەرکەسیش بەگوناهو تاوان نەفسی خۆی وێران کردبێت ئەوا دوای ئەوەی تۆڵەو سزای خۆی وەرگرت بەر شەفاعەت دەکەوێت).

ئەو فەرموودەیە حاکم و بەیهەقی دەریانهێناوە لە(البحث)دا هاتووەو بەم شێوەیەیە: (من زادت حسناته على سيئاته فذاك الذي يدخل الجنة بغير حساب ومن استوت حسناته وسيئاته فذاك الذى يحاسب حسابا يسيرا، ومن أوبق نفسه فهو الذي يشفع فيه بعد أن يعذب)[1].

د- ئەو ژمارەیەی لە فەرموودەکاندا هاتووەو باس کراوە تایبەتە بە ئوممەتی (موحەممەدﷺ) ئەوەتا لەفەرموودەکەدا دەفەرموێت (من أمتي) واتە: لە(ئوممەتی من) ئەوەش مانای ئەوەیە کە لە ئوممەتەکانی تر کەس لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا ناچن، (ئیمام ئیبنو حەجەر) دەڵێت: (لەوێدا کە دەڵێ لە ئوممەتی من ئەوا ئوممەتانی تر لەم ژمارەیەدا نین کە باسیان کراوە، واتە ئەو ژمارە تەنها لە ئوممەتی (موحەممەدنﷺ)، بەڵام نەفی‌کردنی چوونە ژووری کەسانی تر نییە کە لەغەیری ئوممەتی (موحەممەدنﷺ)و لەسەر سیفات و ئاکاری ئەوانەن کە باسیان کراوە،

١- فتح الباري / ١١ / ٣٤٨، ط: دار إحياء التراث .

لەشێوەی مانگی چواردە لە یەکەمینەکان، جگە لەوە لە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) وەهەرکەس کە خودا بیەوێت لە شەهیدان و ڕاستگۆیان و پیاوچاکان)[1].

٢- سیفات و ئاکاری دنیاییان:

ئەو ژمارەیەی کەخوای پەروەردگار لەڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکات، سیفەتی دیاریکراویان باس نەکراوە، جگە لەوەی لە فەرموودەکەدا هاتووە، بۆ کەس نییە کە ئەمە تایبەت کات بەشەهیدان، یا تایبەتی کات بەکەسێك بەموسڵمانی و لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامدا لەدایك بووبێ یا تایبەت بکرێت بەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەرﷺ، هەروەکو زۆرکەس واگومان دەبەن کە ئەوانە تەنها لەسەردەمی پێغەمبەری خواﷺ هەبوون..[2] و ئەو ژمارەیە تایبەتە بەوان، بەڵکو پێغەمبەرﷺ ڕەهای کردووە بۆ دروستکردن و هەڵگیرساندنی پێشبڕکێ لەنێوان خاوەن تواناو لێهاتووەکان لەهەر سەردەمێك لەهەر نەوەیەك لەنەوەکان و لە سەردەمەکان، وە فەرموودەی (حثیات-مشتەکان) ئەو ژمارەیەی بەفراوانی بەجێهێشتووەو سنووورداری نەکردووە، ئەوەش بانگمان دەکات و داوامان لێدەکات بۆئەوەی ئەو سیفاتانە بزانین کە بەهۆیانەوە بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، کە ئەوانەن: (لایکتوون ولایسترقون ولایتطیرون وعلی ربهم یتوکلون). واتە: (داخیان بەکارنەهێناوەو داوایان لەکەس نەکردووە نوشتەیان بۆبکات ڕەشبینی ناکەن و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن). (ئیبنو حەجەر) دەڵێت: زۆرینەی گێڕانەوەو ڕیوایەتەکان لەسەر ئەم چوار سیفەتە یەکدەنگن و هاوڕان، لە گێڕانەوەکەی (سەعیدی کوڕی مەنصور) کە موسلم هێناویەتی (ولایرقون)ی کەوتووەتەناو لەشوێنی (ولایکتوون) کە(شێخ تەقی الدین ئیبنو تەیمیە) ئینکاری ئەو گێڕانەوەیە دەکات)[3].

١- فتح الباري(١١/ ٣٤٨) ط- دار إحياء التراث .

٢- لە گێڕاوەوەیەکی موسلیمدا (٢٢٠).

٣- فتح الباري /٣٤٤/١١ ط - دار إحياء التراث.

ئیمام(ئیبنـو القیم) دەڵێت: لـە بوخـاریدا (لایرقـون) نـەهاتووەو شـێخ ئیبنـو تەیمیە ڕاستی پێکاوە، ئەو وتەیـە کـە کەوتۆتـە نـاو فەرمودەکـەوە هەڵـەی هەنـدێ لەوانەیـە کـە گێڕاویانەتـەوە، پێغەمبـەرﷺ وەسـفی ئەوانـەی کـردووە کـە بـەبێ لێپرسـینەوە دەچـنە بەهەشـتەوە، ئـەوەش: دەسـتەبەرکردن و ڕاسـتی‌یەتی یەکتاپەرستی بەتـەواوی‌و بـەبێ خـەوش، داوا لـە خـەڵکی ناکـەن سـەریان خـەن و نوشتەیان بۆ بکەن تەطەیورو ڕەشبینی ناکەن، پشت بە پەروەردگاریان دەبەسـتن، تەطەیـورو ڕەشـبینی: جۆرێکە لـە هاوەڵگـەرایی‌و شـەریك بـۆ خـوا دانـان، بەتـەنیا پشتیوان بەخوا دەبەستن داوای پشتیوانی لەغەیری خـوا ناکـەن، وازیـان لەنوشـتەو ڕەشبینی هێناوە کەئەوەش لـە تێـری‌و تـەواوی تەوەککولـە بـەخودا، هـەروەکو لـە فەرمودەی: (الطیرة شرك)[1]دا هاتووە.

ئیبنو مەسعود دەڵێت: (کەس نییە لە ئێمە ڕەشـبینییەك نـەکات[2]، بـەڵام خـودا بـەهۆی تەوەککولـەوە لای دەبـات). چـونکە تـەوەککول و پشـت بـەخودا بەسـتن ڕەشبینی لادەبات، بەڵام نوشتە کردن لە چاوی پیس لە نوشـتە باشـەکانە، ئـەوەتا جبریل (سەلامی خوای لێ بێ) نوشتەی بـۆ پێغەمبـەرﷺ خوێنـدووەو ڕوخسەتیشـی داوە نوشتە بخوێنێ، وە فەرمویەتی: نوشتە ئەگەر شیرکی هاوەڵگەرایی تێدا نەبێت ئەوا ڕێگە پێدراوەو هیچی لەسەر نییە، وە فەرمویەتی: (من استطاع مـنکم أن ینفـع أخاه فلیفعل)[3]. واتە: (هەر کەسێ لە ئێوە دەتوانێ سودێك بە براکەی بگەیەنێت بـا سـودی پـێ بگەیـەنێ). ئـەوەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە چـاکەو چـاکەکاریەو سودبەخشـە، لەبـەر ئـەوە ڕێگـە پێـدراوو خۆشەویسـتە لـەلای پێغەمبەرەکـەیﷺ ئەوەی نوشتە دەکات چاکەکارە، ئەوەش کە داوای نوشتە دەکات دەیـەوێت سـوود لە غەیری خۆی وەربگرێت، تەوەککول ئەوە ناهێڵێت. کـاتێ وتـراوە بـە عائشـە کـە

١- رواه أحمد والبخاري في الأدب المفرد، وصححه الألباني(ص ج ص) ٣٨٥٥.

٢- ڕەشبینی: دروست بوونی گومان و ڕەشبینی بـەهۆی چـاوفڕین و پشـمین و فـڕین و یـا نیشـتنەوەی باڵندەیەك دەنگ و جوڵەو داباڕینی باڵندەو.....هتد.

٣- رواه مسلم في صحیحه ٢١٩٩، کتاب السلام.

ئایا پێغەمبەرﷺ نوشتەی بۆ کراوە، جبریل نوشتەی بۆ کردووە؟ وتی: بەڵێ بەڵام ئەو داوای نوشتەی نەکردووەو نەیفەرموە نووشتەیان بۆ ناکرێت یان نەکراوە بەڵکو فەرمویەتی: داوا لە کەس ناکەن نوشتەیان بۆ بکات.[1] ئەوەش کە زیاتر بۆچونەکەی (ئیبنو تەیمیە) دڵنیا دەکاتەوە هاتنی فەرمودەی ترە لە ڕیوایەتەکانی تر کە لە(مسلم)دا هاتووەو تیایدا(ولایرقون) باس نەکراوە، لەوانە فەرمودەکەی(موحەمەد بن سیرین) کە لە(عمران بن حصین)ەوە[2] دەگێڕێتەوەو فەرمودەکەی (حەکەم بن ئەلئەعرەج) کە هەر لە(عمران بن حصین)ەوە دەیگێڕێتەوە[3]، ئەگەر بۆچونی هەڵەی ڕاویەکەی لێ بەدوور بگرین. بەتایبەتی ئەوەی کە بوخاریو موسلیم ئیعتیمادی پێ دەکەن ئەوەیە کە تەرکی ئەو(الرقی)یەی بەیەکێك لە سیفاتەکانی حەفتا هەزارەکە باسی کراوە، تەنها لەیەك گێڕانەوەدا دیارو ڕوونە کە موسلیم هێناویەتی لە فەرمودەکەی (سەعید کوڕی منصور). گومانی تێدا نییە کە لێك دەدرێتەوەو ڕاڤە دەکرێت بۆ ئەوەی کە واز هێنانە لێیو ناچێتە خانەی حەرامەوە، لەبەرئەوەی نوشتەکردن وەکو(ئیبنو حەجەر) دەڵێت: قەدەغەکراو نییە بەڵکو تەنها ئەوە تیایدا قەدەغەو نەهی لێکراوە کە هاوەڵ بڕیاردان و شەریك بۆ خوا دانان و چوون بەرەو ئەو هاوەڵگەراییەی تێدا بێت یا بۆنی هاوەڵگەرایی لێبێت، پاشان ئەوەتا پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (اعرضوا علي رقاكم، لابأس بالرقي مالم يكن فيه شرك)[4]. واتە: (نوشتەکانتانم پیشاندەن هیچی خراپی تیا نابینم مادام شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی تێدا نەبێت).

ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو هۆیەی کە نەهی دەکات. دوابەدوای ئەوە(ئیبنو حەجەر) ڕای جیاوازە لە (ئیمام ئیبنو تەیمیە) لە هەڵەی گێڕەرەوەی فەرمودەکەو بەڵکو ئەو بڕیاری بوونی(ولا يرقون) دەدات کەلە فەرمودەکە هەبێت و هاتبێت، وا

١- حادي الأرواح ص:٨٩، ط: دار الكتب العلمية.

٢- مسلم ٢١٨.

٣- مسلم كتاب الإيمان ٣٧٢.

٤- مسلم(٢٢٠٠) كتاب السلام.

دەبینێ کە ئەو حەفتا هەزارە دەبێ بەتەواوی تەرکی کەن و نەیکەن. (ئەوەش بەکلایی کردنەوەی ماددەیەو کۆتایی پێهێنانییەتی لەلایەن ئەو حەفتا هەزارە، چونکە هەرکەسێ ئەو نوشتەیە بکات ئەوە بەتەواوی دڵنیایییەوە خۆی نەداوەتە دەست خودا، ئەگەرنا نوشتەکردن لە خودی خۆیدا قەدەغە نەکراوە)[١].

ئێستا لەو لێکدانەوەیەی (ئیبنو حەجەر) دوور دەکەوینەوەو دەچینەوە بۆ لای رای(ئیبنو تەیمیە)و قوتابیەکەی(ئیبنو القیم)دا ئەوەش لەبەر ئەوەی ئیبنو حەجەر (ڕەزای خوای لێ بێ) وەکو دەڵێ: هەموو هاوەڵان بەگشتی ئەو نوشتەیان واز لێهێناوەو نەیانکردووە چونکە زۆر سووربوون تا بەڵکو ناویان بچێتە ناو ئەو حەفتا هەزارەوە، ئەوەش پێچەوانەی ئەو دەقە جێگیرەیەکە هاوەڵان مامەڵەیان لەگەڵ نوشتەی ڕێگە پێدراودا کردووە.

سیفەتی یەکەم: داخ کردن بەچارەسەر بەکارناهێنن (لایکتوون):

بریتییە لە بەکارهێنانی(داخ) بۆ چارەسەرو سوتاندنی پێستە بەهۆی توندوتیژی گەرمیەك، ئەوەش بەشێکە لە(دەرمانکردن– التداوی))، وەلەم سەردەمەی ئێستا بەکاردێت، ئەوە بەو مانایە نەهاتووە کە وازهێنان لە تەداویو چارەسەر لە سیفەتی ئەو حەفتا هەزارە بێت، چونکە چارەسەرو تەداوی پێغەمبەرﷺ کردویەتیو هاوەڵانیشی لەسەر هانداوە(ئیمام النووی) دەڵێت: هەندێ لە خەڵکی وای بۆ دەچن کە بەهۆی ئەم فەرمودەوە دەرمان و چارەسەر شتێکی ناپەسەندە، زۆرینەی زانایانیش ڕایان جیاوازەو هەڵوێستەیان کردووە لەسەری کە دەبینن فەرمودەی زۆر هەیە کە پێغەمبەرﷺ باس لە سوودی دەرمانکردن و چارەسەر دەکات، باس لە زۆر خواردن دەکات وەکو ڕەشکەو ژەمی خۆراك و دان بەخۆدا گرتن و زۆری تر، بۆ دەرمان باسی کردوون، ئەوەتا عائشە(ڕەزای خوای لێ بێ) باسی دەکات کە دەرمان و چارەسەری زۆر بەکارهێناوە لەوانەدا باس لە نوشتە دەکات کە بۆ شیفا بەکارهاتووە. ئینجا(نەوەوی) دەڵێت: مانای فەرمودەکە مەبەستی پێ ئەو کەسانە

١– فتح الباري ٣٤٤/١١ ط– دار إحياء التراث .

دێت کەدەرمان بەچاك و سوود بەخش دەزانن و توانای کارەکە ناگێڕنەوە بۆ دەستەڵاتی خوای پەروەردگار[1].

نمونەی ئەوانە لەو سەردەمەی ئێمەدا زۆرن و زۆر لە خەڵکی شیفاو چاك بوونەوە دەدەنەپاڵ دەرمان و پزیشك و نایگێڕنەوە بۆ دەستەڵاتی خودا، تەداوی‌و دەرمان قەدەغە نەکراوە هەروەکو کاریگەری لەگەڵ خۆماندا دەبینین، ئەو سیفەتە دژی دەرمانکردن نییە بەڵکو دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە شیفاو هۆی چاك بوونەوە دەدەنەپاڵ دەرمان و دکتۆر ئەوەیان لەبیرکردووە کەشیفا بەخش تەنها خودای پەروەردگارە.

سیفەتی دووەم: داوای نوشتە لەکەس ناکەن (ولایسترقون):

وتەکەی (ئیبنو تەیمیە)مان باس کرد، کە ئەوان داوای نوشتەکردن ناکەن لە هیچ کەس کاتێ توشی نەخۆشی‌یەك دەبن، بەڵام نوشتە بۆ کەسانی تر دەکەن، لەوەشیاندا بەشوێن پێغەمبەری خوادا ﷺ کەوتوون و ئەو دەکەنە پێشەنگ لەگەڵ زۆر لە هاوەڵە بەڕێزەکانی(ڕەزای خوایان لێ بێ) کەواتە ئەوەیان پێچەوانەو دژ نییە بەسیفەتی ئەو حەفتا هەزارە، بەڵام ئەگەر ئەو وتەیەی(ولایرقون) دابمەزرێ‌و بەڕاست بزانرێت بۆچوونی ئەوان ئەوەیە بەتەواوی تەرکی نوشتەناکەن و وازی لێناهێنن بەڵکو واز لەو نوشتانە دەهێنن و نایکەن و لەلایان قەدەغەیە کە هاوەڵدانانی بۆخوا تێدابێت یا بۆنی شیرك و هاوەڵگەرایی لێبێت و نەفی یەکتاپەرستی تێدابێت، یا هاوشێوەی وتەیەکی(عەرەب) بێت کە دەڵێن(تەلیسم)ە.

(قورطبی) دەڵێت:(پشتگیری پێغەمبەرﷺ لەنوشتە تایبەت و تەرخانکراوە، بەبەڵگەی ئەو وتەیەی پێغەمبەرﷺ کە بەبنەماڵەی (عەمرو کوڕی حازم)ی فەرموو: (نوشتەکانتان بخەنەڕووم تابزانم چین، نوشتە خراپ نییە بەمەرجێك هاوەڵ بۆ خوادانانی تیانەبێت)[2]. هەروەها داخکردنیش ئەگەر شوێنەواری خراپی نەبێت و

١- شرح مسلم للنووي (٣/٩٠)، ط: دار إحياء التراث.

٢- مسلم(٢٢٠٠) كتاب السلام.

هەرکەس لەشوێنی خۆیدا بیکات و مافێکی نەویستراوو ناپەسەندی تێدانەبێت و لەشکۆمەندی کەم نەکاتەوە ئەوە ڕێگەپێدراوەو ئەگەر کەسێکی بەم جۆرە بیشیکات دەتوانێ لەو حەفتا هەزارە بێت. ئینجا فەرمووی: (سەعدی کوڕی زورارە داخی بەکارهێناوە).(سەعدی کوڕی مەعاذ) کە بۆ مردنەکەی عەرشی پەروەردگار لەرزی داخی بەکارهێناوە کاتێ تیرێك دەگیرێتە (سەعدی کوڕی مەعاذ)و بەر ڕەگی ژیانیکەوت پێغەمبەرﷺ بەتیرێکی نوکپان داخی کردو ئاوسا دووبارە بۆی داخ کردووەتەوە، (ئوبەی بن کەعب) داخی بەکاربردووە- جابر دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەری خواﷺ پزیشکێکی نارد بۆلای (ئوبەی) کوڕی (کەعب) دەمارێکی لێبڕی و پاشان برینەکەی داخ کرد، وە (عمران کوڕی حصین) داخی بەکارهێناوە وە قاچی (عوروەی کوڕی زوبەیر) بڕایەوەو داخ کرا، ئەگەر کەسێك بڕوای وابێ کە ئەوانە پیاوچاك نەبوون و ناتوانن لەو حەفتا هەزارە بن ئەوا قسەکەی ئەوەندە ناڕەوایە شاردنەوەی ناکرێت.(خطابی) دەڵێت: (نوشتە ئەگەر بەقورئان و ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەردگار بکرێت ئەوە ڕێگەپێدراوە، بەڵام کاتێ ناپەسەندو نەویستراوە بەوتەیەکی جگە لەزمانی عەرەب بکرێت و سەربکێشێت بۆ کوفرو هاوەڵ دانان بۆخوا بەهۆی وتەیەك یا قسەیەکی وا کە هاوەڵ بڕیاردان یا بۆنی هاوەڵ بڕیاردان بدات، وەوتی: هەر وەکو ئەوەی کە لەنوشتەدا هەبوو کە جاران لەسەردەمی نەزانی و نەفامیدا دەکرا بۆ پشت وپەنا پێبەستن و، بۆ لادانی بەڵاوئافات لەسەریان و زۆر بەگەورە بۆیان دەڕوانی و بیروباوەڕیان وابوو ئەوە لەلایەن جنۆکەوەیەو هاوکارو پشتیوانیان دەکات.[1]

سیفەتی سێیەم: ڕەشبینی ناکەن (ولایتطیرون):

(الطیرة) بەکاردێت کە بەمانای ڕەشبینی دێت، (الطیرة) لەوەوە هاتووە: کەکاتی خۆی باڵندەیەکیان هەڵداوە ئەگەر بەرەولای ڕاست فڕیبا ئەوا ئەوکارەی دەیانویست ئەنجامی بدەن دەیانکرد، بەڵام ئەگەر ئاڕاستەکەی بەرەو چەپ بوایە

١- شرح مسلم للنووي (٣/٩٠)، ط: دار إحياء التراث.

ئەوا وازیان لەوکارە دەهێنا کە دەیانویست بیکەن و نەیاندەکرد، ئیمام (ئیبنو مەنظور) دەڵێت: (الطیرة دژە واتای الفأل)ە، (الطیرة والفأل) بەواتای (ڕەشبینی و گەشبینی) دێت. عەرەب بەیەك واتا بۆی دەڕوانن. ئەوەتا (ئەبی هورەیرە) دەڵێت لە پێغەمبەرمﷺ بیستووە دەیفەرموو: (لاطیرة، وخیرها الفأل) قیل: یارسول الله، وما الفأل؟ قال: (الکلمە الصالحه یسمعها أحدکم)[1].واتە: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (گەشبینی و ڕەشبینی لەباڵندەدا نییە باشترینی گەشبینی (الفأل)ە وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (الفأل) چییە؟ فەرمووی: وتەیەکی جوانە کە یەکێکتان دەیبیستێت)، وەنەهی لێکردووە، ئیمام (ئیبنو مەنظور) هەروەها دەڵێت: (ئیبنولئەثیر) وتویەتی: ئەوەیە لەسەرچاوەدا شوومیو ڕەشبینی ڕەشبین بوونە و سەرچاوەی بەخێر ڕوانین خێربینییە. وە دەڵێت: لە سەرچاوەکاندا جگە لەو دووانە شتی تر نەهاتووەو ئەصڵەکەی ئەوەیە کە وتراوە: (شوومیو ڕەشبینی بەڕۆیشتوو هاتوویەوەو بە تەنگەلانی و دەردەسەریو بەرفراوانیو فەرەحیەوە بەهۆی هەر گیاندار یا باڵندەو شتی ترەوە بکرێت و ئەوە ڕێ لەمەبەستیان بگرێت و کۆسپ و تەگەرە لەسەرەڕێیو ویست و نیازەکانیان دروست بکات ئەوە لە شەرعدا پوچ و بەتاڵ و نەهی لێکراوەو لە بەرنامەی ئیسلامدا جوان ڕوون کراوەتەوەو ڕایگەیاندووە کە ئەو شتانە هیچ کاریگەریان نییە نەلەهاتنی سوودو قازانج و نەبۆ لابردنی زەرەرو زیان و ناخۆشی.

(المناوی) لە وتەکانیدا لەسەر ئەو فەرموودەیە دەڵێت: (الطیر شرك)[2] واتە: (ڕەشبینی هاوەڵ دانانە بۆ خوا)و دەچێتە خانەی شەریك بۆ خوا دانان، لەبەرئەوەی عەرەب بیروباوەڕیان وابوو کە ئەوەی (ڕەشبینی)یان پێدەکرد هۆی کاریگەری لەسەر هێنانی ئەو شتانە هەیە کە ئەوان نایانەوێت و حەزی پێناکەن، سەرنجدان لە هۆیەکانیش لە خانەی شیرکی شاراوەیە چۆن ئەوە هاوەڵ دانان نییە بۆ خوا؟! کاتێ نەزانی و نەفامیو تێڕوانینی ناشیرین و نابەجێ و چەپەڵ هاتە

١- البخاري-الطب-٥٤٢٣ .

٢- رواه أحمد، وصححه الألباني،ص ج ص ٣٨٥٥.

ناوەوەو بیرو باوەڕ خراپ بوو، کەسیّ وابیربکاتەوە کە جگە لە خواکەسێك یا شتێکی تر دەتوانێت سوودی پیّ بگەیەنێت یا زیانی لیّبدات، بەڕاستی ئەوە هاوەڵ بڕیاردانە[1].

جیاوازیش لەنێوان(الطيرة والتطير) ئەوەیە: (التطير): واتە: گومان بردنی خراپی ناو دڵ و دەروون.

الطيرە: واتە: کردنی کارەکە بەتەواوی‌و بڕوابوون لەسەر ئەو گومانە. زۆربەی ئەو شتانەی ڕەشبینی لەسەردەکەن و پێی دروست دەکەن (ژن و گیاندارو ماڵ و جێگەیە) هەروەکو لە گێڕانەوەیەکی بوخاری‌دا هاتووە، هەروەها ڕەشبینی لەسەر مانگەکانیش دەکەن وەکو مانگی(سەفەر)، یا دەنگی باڵندەی وەکو(کوندە پەپوو یا قەلەڕەشە)، یان(دیتنی دیمەنێکی ناشیرین و ناقۆڵا)، ئەو حەفتا هەزارە ئەو سیفەتەیان نییەو بەتەواوی وازیان لیّهێناوە، بڕوای تەواویان هەیە کە تەنها خوای پەروەردگار بەتاك و تەنیا توانای سوود گەیاندن و زیان لێدانی هەیە، ئەوە لە توانای دروستکراوەکاندا نییە، هیچ بونەوەرێك ناتوانیّ کاریگەری سوودو زیان پێگەیاندنی هەبێت، مەگەر بە فەرمانی خوا، لەناودارترین سیفەتی ئەو حەوت هەزارە کە بەهۆیەوە جیادەکرێنەوە لە کەسانی تر خۆیان بۆ هۆیەکان نادەن بە دەستەوەو خۆی پێوە نابەستنەوە بەڵکو خۆیان داوەتە دەست هۆکار، لەبەرئەوەی هیچ هۆیەك لەخودی خۆی‌دا هیچ کاریگەریەکی نییەو نابێت مەگەر بەفەرمانی خودا کە بەدیهێنەرو دروستکاریەتی، ئەوەش ئەوپەڕی یەکتاپەرستی‌یە بەدڵسۆزی، کە بەهۆیەوە مافی چوونە بەهەشت بەدەست دەهێنن.

سیفەتی چوارەم: پشت بە خودای خۆیان دەبەستن:

(ئیبنو مەنظور)دەڵێت: (التوكل: دەرخستنی بێتوانایی‌و پشت بەستنە بەغەیری خۆت). زانایان لە تێگەیشتنی(التوكل) ڕایان جیاوازە لەسەر ئەو دوو وتەیەی(ئیمام نەوەوی) باسیان دەکات کەلە ئیمام(ئەبی جەعفەری الطبري)و هی تریش

---

[1]- فيض القدير٤/٢٩٤- ط- دارالفكر .

دەگێڕێتەوە لەکەسانی پێشوو، ئەوان دەڵێن: التوكل: پشت بەستن بە خودا مافی خۆی نەدراوەتێ مەگەر کەسێك هیچ ترسێکی غەیری خودای نەچوبێتە دڵەوە، چ ترس لە دوژمن یان هەر شتی تر، هەتا واز دێنێ لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی بەهۆی بوونی متمانەی تەواوی بەوەی کە خودا ڕزقی ئەو دەستەبەر دەکات.

کۆمەڵێکی تر دەڵێن: سنووری متمانەو یەقینیان بە خوای پەروەردگار تا ئەو ڕادەیەیە بڕیاری خوا دراوەو جێبەجێبووە، شوێنکەوتووی سونەتی پێغەمبەرن ﷺ وە گومانیان نییەو هەوڵدان و تێکۆشانیان بۆ خواردن و خواردنەوەو خۆپاراستن لە دوژمن، هەروەکو پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێ بێ) کردوویانە بەگشتی، (قاضی عیاض) دەڵێت: ئەو بۆچوونە هەڵبژاردەی(الطبری)و شەرعزانەکانە بەگشتی، بەڵام بۆچوونەکەی پێشتر هی هەندێ لە صۆفیو خاوەن زانستی دەروونیو ڕابەرانن[1].

تێگەیشتنێکی هەڵە:

ئیمام (احمد بن قدامە) وتەیەکی لەسەر خاوەنانی ڕای یەکەم هەیە کە: (وادەبینن، حەقیقەتی تەوەککول: تەرکی هۆیەکانە) وە دەڵێت: (هەندێ کەس وا گومان دەبەن کە مانای (تەوەککول- خۆدانە دەست خودا): وازهێنانە لە کاروکاسپی بەجەستەو تەرکی وردبوونەوەیە بەدڵ و کەوتنە سەر زەوییە هەروەکو سیپاڵ یا کۆتەرە دارێك). کە ئەوە گومانی نەزان و نەفامانەیە، لەڕاستیدا ئەوە لە شەرعدا حەرامە، شەرع ئەوانە لە(متوکلین) حساب ناکات. بەڵکو کاریگەری تەوەککول لەسەر ئەو کەسانە دەردەکەوێت کە هەوڵ دەدەن و دەجوڵێن و بۆ مەبەستەکەیان تێدەکۆشن، هەوڵدانی بەندەش یا بۆ وەدەستهێنانی سوودو کەڵکێکی ون و نادیارە وەکو کاسپیکردن یا بۆ دورخستنەوەی زەرەرێك دانەبەزیوەو نەهاتووە، وەکو خۆپاراستن لە نەخۆشی، یان بۆ لابردنی زیانێك کە دابەزیوە، وەکو چارەسەرو دەرمان کردنی نەخۆش، جووڵەو هەوڵی بەندە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو سیفەتەی چوارەمدا نییە.

١- شرح المسلم للنووي ٣-٩١-ط- دار إحياء التراث.

پلەكانی تەوەككول:

ئیمام (ئیبنو القیم) باس لە حەوت پلەی تەوەككول دەكات كە تەوەككول بەبێ هیچ كام لەمانە تەواو نابێت، ئەوەش بەكەمی لەكەسێكدا كۆدەبنەوە، ڕەنگە ئەوەبێ نهێنی ئەو سیفەتەو جیاوازبوونی لە سیفەتەكانی پێشوو، ئەوەیە وادەكات ببێتە چاوگ و سەرچاوەیەك بۆ هەموو سیفەتەكانی پێشتر، لە گەورەیی ئەو سیفەتە ئەوەیە كە دەوری ئەو سیفەتە ئیمانی‌یانەی داوە كەلێوەی هەڵدەهێنجرێن:

پلەی یەكەم: ناسینی پەروەردگارو سیفەتە پیرۆزەكانی:

لەتواناو دەسەڵات و نەمریو گێڕانەوەی كاروبارەكان بۆ زانست و زانایی ئەوو دەرچوونی لەسەر ویست و فەرمانی پەروەردگارە.

پلەی دووەم: سەلماندن و چەسپاندنی هۆو هۆكارەكان:

كەواتە هەركەس نەفییان بكات ئەوە گەیشتووەتە پلەی تەوەككول، ئەوەش پێچەوانەیە لەگەڵ دەركەوتنی ئەو ڕایانە: كە چەسپانی هۆیەكان لەتەوەككولدا زەم كراوەو نەفی كردنیان لەتەواوی تەوەككولە، بزانە كە نەفی‌كردنی هۆیەكان تەوەككولی یەكلایی‌كەرەوە دەستەبەرناكەن، لەبەرئەوەی تەوەككول لە بەهێزترین هۆیەكانە بۆ وەدەستهێنان و گەیشتن بەتەوەككول تیایدا، ئەوەش وەكو دوعاو پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار بۆ ئەوەی پێی بگات، كەواتە ئەگەر بەندە بیروباوەڕی وابێت كە خوای گەورە تەوەككولی وەكو هۆیەك بۆ دانەمەزراندووەو پاڕانەوەكانی ناكاتە هۆیەك بۆ گەیشتن بە هیچ ویست و مەبەستەكانی، بەڕاستی كەوتووەتە وەهم و خەیاڵێكی پوچ و بەتاڵەوە، كەوابوو خوای پەروەردگار بەندە دەگەیەنێتە تێربوون بەهۆی خواردنەوەو، تێراودەبێ بە ئاو خواردنەوە، كەواتە ئەگەر نەخوات و نەخواتەوە تێرنابێ‌و تینوویەتی ناشكێت.

بەڵام تەوەككولی تەواو ئەوەیە: پاڵ نەداتەوە بۆ هۆیەكان و پەیوەندی دڵیان پێوە بپچڕێنێ، حاڵی دڵ ببەستێتەوە بە خوای گەورە نەك بە هۆیەكان، وەبەجەستە هەستێ بۆ جێبەجێ‌كردن و هەوڵدان بۆیان.

پلەی سێیەم: چەسپانی دڵ لەئاستی تەوەککولی یەکتاپەرستیدا:

بەندە تەوەککولی ڕاست و دامەزراو نابێ هەتا یەکتاپەرستییەکی ڕاستی نەبێت، بەڵکو حەقیقەتی تەوەککول: یەکتاپەرستی دڵە، ئەگەر تەگەرەیەکی هاوەڵ بڕیاردانی تێدا بێ، تەوەککولی دەردەدارە.

بەبڕی پاکیو بێ خەوشی یەکتاپەرستییەکەی، تەوەککولیشی تەندروست دەبێت، کەواتە بەندە هەرکات ئاوڕی دایەوە بەلای غەیری خوادا ئەوا ئەو ئاوڕدانەوەیە هۆیەیەك لە هۆیەکانی دڵ داگیردەکات.

پلەی چوارەم: کردنی دڵ بەخەڵوەتگەی ئاوەدانی باوەڕبوون بە خوداو پشت پێبەستنی:

بە جۆرێك کە هیچ جۆرە پەرێشانیو هەڵچوون و تێچوونی چەواشەکاری هۆیەکانی تێدا جێگیرنەبێو نەمێنێ، وەبەتەواوی لە دڵیدا دایانڕنێو نەیانهێڵێو دڵی بکاتە ئارامگای دروستکاری هۆیەکان و پشت بەو ببەستێت. لەنیشانەکانی ئەوەش: هیچ خەمی ئەوەی نییە توشی دەبێ یان لەدەستی دەچێ، دڵتەنگ نابێو خەفەتیان بۆ ناخوات، دڵە کوتێ ناگرێت بۆ شتێ کە حەزی پێکردووە بەڵام لەدەستی چووە، وە دڵخۆشیش نابێ بەهاتنی شتێ کەئەو نەیویستووەو داوای نەکردووە.

پلەی پێنجەم: گومان بردنی باش بەخوای پەروەردگار:

لە ڕاستیدا گومان بردنی باش بەخودا دەیگەیەنێتە پشت بەخودا بەستن و تەوەککول، کە ماقوڵ نییەو بەبیردا نایەت کە گومانی خراپت لەسەر یەکێك هەبێت و بەڵام پشتی پێببەستیت، وە تەوەککولت بەکەسێك نییە کە هیچ ئومێدو هیوایەکت پێی نەبێت، خوا زاناترە.

پلەی شەشەم: دڵ دانە دەست خوداو، داواکردن و پاڕانەوەکان هەموو بەرەو ئەوبێو دەست هەڵگرتن لە هەموو سەرپێچییەك:

ئەوەش واتای هەندێکیانە: تەوەککول لابردن و نەهێشتنی تەدبیرو وردبونـەوە، واتە: تەسلیمی تەدبیری پەروەردگارت بیت چیت بۆ دەکـات یـان دەیهێنێتـە ڕێـت، ئەوە ناچێتە خانەی فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە، بەڵکو ئـەوەی بـۆت دەکـات، نەك ئەوەی فەرمانت پێدەکات بیکەیت، کەواتە تەوەککولی بەندە ئەو تەوەککولەیە: کەزانستی پێداوە بەوەی کە خاوەنی توانای گوێڕایەڵی نییـە بـەر لەکارەکـەیو وای لێدەکات لە فێڵی خودا ئەمین نەبێت.

پلەی حەوتەم: دەسەڵاتی تەواو دانە پاڵ خودا:

ئـەوەش ڕۆح و کرۆکـی ڕاسـتیـیەکانی تەوەککولـە، کـە هـەموو کاروبارەکـانی دەگێڕێتەوە بۆ خواو وازلێهێنان و داواکردن و هەڵبژاردنیان بـۆ ئـەو بـەجێدەهێڵێت بەبێ نەویستن و بەبێ زۆرلێکردن و ناچارکردن.

ئەوان سیفاتە پیرۆزەکانی خودا چاك دەناسن و دەزانن و بەندایەتی خـوای پـێ دەکـەن، توانـاو دەسـتەڵاتی دەزانـن، گـەورەیـیو نـەمرییو بـەئاگایی لەسـەر دروستکراوەکانیو بینین و بیستنی دەناسن، لەگـەڵ ئـەو بـاوەڕە پتـەوەدا ئـەوان لەسەر ئەنجامدانی هۆیەکان ناوەستن، بەشوێن فەرمانەکانی خوادا دەچن و ئـەوەی پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێ) کردوویانەو لەگـەڵ سـونەتی بوونـەوەردا دەڕۆن، ئەوەی کە خودا کردوویەتیو ئەنجامی داوە بەوە کە هۆ ڕونادات بەبێ هۆکار، بـەڵام پشت بەهۆیەکان نابەستن و دڵیان وابەستە نییـە بـەوەی کـە شـتێکی بـۆ دەکـەن، ئەوەش لەبەرئەوەی دڵیان لەسەر یەکتاپەستی دامەزراوەو یەکتاپەرسـتی لەدڵیانـدا چەسپیوە، ئاوەدانـەو هـیچ خـەوش و ناتەواویـەکی هاوەڵگـەرایی تێکـەڵ نەبووەبـە هۆیـەك لەهۆیـەکان، ئـەوان ئـاوڕ بـەلای هـیچ شـتێکدا نادەنـەوە جگـە لـە خـودای بەدیهێنەری هۆیەکان، دڵیان بەوەوە پابەندەو باوەڕی تـەواویان لەسـەریەتیو گـوێ نادەنـە هـاتن یـا ڕۆیشـتنی هۆیـەکان، لەبەرئـەوەی گومـانی باشـیان بـە خـوای دروسـتکاری هۆیـەکان هەیـە، دڵیـان تەسـلیمی تـەدبیرەکانی خـوای پـەروەردگار کـردووە، هـەموو کاروباریـان داوەتـە دەسـت خـودا، بڕوایـەکی قـایم و پتـەوو

یەکلاییکەرەوەیان بە دەستەڵات و توانای خوا هەیەو قەناعەتیان وایە کەتەنها ئەویان بەسە کە خاوەنی هێزو دەستەڵات و بیستن و بینین و ڕاگریەتیو نەمریو پەروەردگاریەتی تەواوو کامڵە، ئەمانە هەموو لەگەڵ بێباکی نەکردن لە بەکارهێنانی هۆیەکان بۆ وەدەست هێنانی ئەوەی دەیانەوێت بەهۆی تواناو دەستەڵاتی دروستکاری هۆیەکان، ئەو سیفەتە گەورەیە کە دووریانی جیاکەرەوەیە لەنێوان ئەوان و زۆرینەی خەڵکی تردا، کەمێکی زۆر کەمن ئەوانەی خاوەنی ئەو سیفەتە گشتگیرەن کە ئەو هەموو سیفەتانەی گرتۆتە خۆی لەو سیفەتانەی پێشتر، ئەگەر هەیبوبێت.

٣- سیفەتەکانی ڕۆژی دواییان:

لە قیامەتیشدا چەند سیفەتێکیان هەیە کە جیایان دەکاتەوە لە باقی خەڵکی ئومەتی (محەمەدﷺ)کە ئەمانەن:

أ- وێنەیان لەشێوەی مانگی چواردەیە:

ئەبی هورەیرە(ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: (سمعت رسول اللهﷺ يقول: يدخل من أمتي زمرة هم سبعون ألفا، تضيء وجوههم إضاءة القمر ليلة البدر)[١].

واتە:(لە پێغەمبەری خوامﷺ بیستووە کە دەیفەرموو: کۆمەڵێك لە ئومەتم دەچنە بەهەشتەوە، ئەوان حەفتا هەزارن و ڕوویان دەدرەوشێتەوە هەروەکو مانگ لەشەوی چواردەدا). هەر ئەو دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خواﷺفەرمویەتی: (يدخل الجنة من امتى سبعون الفا، زمرة واحدة منهم على صورة القمر)[٢]. واتە: حەفتا هەزار لە ئومەتم دەچنە بەهەشتەوە کۆمەڵێکیان لەسەر شێوەی مانگن.

ب- یەکەم کەسن دەچنە بەهەشتەوە:

ئەبی هورەیرە(ڕەزای خوای لێبێ) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواﷺ کە فەرموویەتی: (أول زمرة تلج الجنة، صورهم على صورة القمر ليلة البدر، لايبصقون

١- مسلم(٣٦٩) كتاب الإيمان.

٢- مسلم(٣٧٠) كتاب الإيمان.

فيها ولايمتخطون ولايتغوطون فيها، آنيتهم وأمشاطهم من الذهب والفضـة، ومجـامرهم من الألوة، ورشحهم المسك، ولكـل واحـد مـنهم زوجتـان. يـرى مـخ سـاقهما مـن وراء اللحم، من الحسن، لا اختلاف بينهم ولاتباغض، قلوبهم قلب واحد، يسبحون الله بكـرة وعشياً)[1]. واته: یەکەمین کۆمەڵ کـە دەچـنە بەهەشـتەوە وێنـەیان لەسـەر شـێوەی مانگی چواردەیە، لەوێدا بەڵغـەمیان نییـەو تـف ناکـەن و چـڵمیان نییـەو نـەمیزیان هەیە نەپیسایی، شانەو قاپیان لەزێڕو زیوەو بخوردانیـان لـەداری عـودەو ئارەقیـان میسکەو هەریەکێك لەوانە دووژنی هەیە، مۆخی لاقیان لەودیوی گۆشـتەکەوە دیـارە لەبەر جوانی‌یان، نەڕقیان لەیەکـەو نـەناکۆکی لەنێوانیانـدا هەیـە، دڵیـان یـەك دڵـەو تەسبیحی خوا دەکەن بەیانیان و ئێواران.

ئیبنو حەجەر(ڕەزای خوای لێبێ) لەسەر ئـەو فەرمودەەیـە دەڵێـت: لـە هـەموو ئەو ڕێگایانـەی باسـی ئـەوە دەکـەن زانـراوە، یەکـەم کـەس کەلـەم ئومەتەدەچێتە بەهەشتەوە ئەو حەفتا هەزارەن کە خاوەنی ئەو سیفاتانەن کە باسکران.

ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو ئەولەویەتە بۆ کۆمەڵانی ترو کەسانی تر نەبێت کە پێغەمبـەرﷺ باسـی کـردوون لـە فـەرمودەکانی تـردا وەکـو(هـەژاران و شـەهیدان و کەسانی تر). بەهەشتین و بەڵام لەوانەیە هەر لەگەڵ ئەواندا بچنە بەهەشتەوەو هـیچ قەدەغەیان ناکات لەوێدا.

ج- بەیەکگرتوویی دەچنە بەهەشتەوە:

(سـەهلی کـوڕی سـەعد) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـواﷺ فەرموویـەتی: (ليدخلن الجنة من أمتي سبعون ألفـا، أو سـبعمائة ألـف ((لايـدري أبـو حـازم أيهمـا قال)) متماسكون، آخذ بعضهم بعضا، لايدخل أولهـم حتـى يـدخل آخـرهم، وجـوههم على صورة القمر ليلة البدر)[2]. واته: حەفتا هەزار لە ئومـەتم دەچـنە بەهەشـتەوە یـا فـەرمووی حـەوت سـەد هـەزار((ئـەبو حـازم نـازانێ کامـە ژمـارەی فـەرمووە))،

١- مسلم(١٧) كتاب الجنة.

٢- مسلم(٢١٩) كتاب الإيمان.

بەیەکگرتوویی‌و یەکرێزی هەندێکیان ئەوانی تریان گرتووە، یەکەمیان ناچێتە ناوەوەو تا دواکەسیان نەچێت، ڕوویان لەشێوەی مانگە لەشەوی چواردەدا.

ئیمام(النووی)دەڵێت: مانای وایە یەکتریان گرتووە، واتە: هەموو دەستی یەکتریان گرتووەو پێکەوە بەیەك ریزو بەتەنیشت یەکەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەرگای بەهەشت چەندە گەورەو فراوانە، داوای ڕەزامەندی لەخودا دەکەین.[1]

هەروەکو بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی برایەتیان بۆخوا چۆن لەدنیاوە دەستیان پێکردبوو، وەکۆتایی پێ نایەت هەتا بەیەکەوە دەچنە بەهەشتەوە، شێوەیان بەو جۆرە یەکرێزی‌و یەکگرتوویی‌یە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی‌یان لەبەر خاتری خوا وە دڵخۆشی‌یەکی زۆر توند کەبەم جۆرە پێشوازی دەکرێن.

ئەوەبوو سیفاتی ئەو حەفتا هەزارەی بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، سیفاتەکانی: دونیایی‌و قیامەتی‌یان، بەڵکو لەوێدا زۆر لە سیفاتی بڕواداران هەیە کەلەشێوەی سیفەتی ئەوانن بەڵام ناگەنە ئەو فەزڵە گەورەیە تەنها بەو سیفەتە دیاری‌کراوانەی ئەوانە نەبێت.

١- شرح مسلم للنووي ٩٢/٣.

مێرگی (٤٦)

گەشتێك بەناو پەڕاوە ئیمانییەکاندا

بەهای ئیمانی:

لەنیشانە سەرەکی‌یە ڕوونەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە تیایدا دەژین، مادەگەرایی‌یە، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و پەروەردەیی‌و سیاسی گرتووەتەوە، مادە ئەو زمانە هاوبەشەیەکە هەموو بەهۆیەوە لەیەکدەگەن، هیچ نەماوەتەوە بۆ بەهاو گرنگی‌یەکی ئیمانی هەڵقوڵاوی دینە پاکەکەمان، کە ڕۆڵێکی گرنگ و گەورەی هەیە لەمامەڵەی ڕۆژانەماندا.

ئەمەریکا بەهۆی مادەو توندوتیژیەکی زۆر دەیەوێت ڕۆژێك لە ڕۆژان خواردنەوەی ئەرەق و مادە هۆشبەرەکان کەم بکاتەوەو چیتر بەکارنەهێنرێت، بۆ ئەوەش ملیۆنەها دۆلاری خەرج کرد بەڵام سەرنەکەوت، ڕوسیاش دوای ئەو هەمان هەوڵی دووبارە کردەوە، خواردنەوە(غان)یەکانی حەڵاڵ کردو بڵاوی کردەوە لە شوێنی مادە هۆشبەرو سەرخۆشکەرەکان، بەڵام بەهەمان شێوە سەرنەکەوت، بەڵام کاتێ یەك ئایەت دادەبەزێتە سەر کۆمەڵگەی موسڵمانان کەتازە پەیدابووبوو بە ئیسلام پەروەردە بووبوو، ئەم ئایەتە ئەو مادەی سەرخۆشکەرانەی قەدەغە کردو فەرمانی پێکردن کە لێی دووربکەونەوە(فاجتنبوه). کۆڵان و ڕێگاکانی شاری مەدینە هەرهەمووی پڕبووبوونەوە بەلێشاوی ئەو ئەرەق و مەیەی کە دروستیان کردبوو، وەلەگەڵ ئاوی کۆڵانەکاندا تێکەڵاودەبوو، لەو ڕۆژەشەوە ئەو کۆمەڵگەیە نەگەڕانەوە سەر خواردنەوە کحولیەکان بە هیچ جۆرێك.

– لەڕاستی‌دا بەهای ئیمانی، بزوێنەرێکی ڕاستەو کارایە بۆ ئەو هێزە گەورەی کە خودا داویەتی بە دروستکراوانی.وەهیچ بەهایەکی تری غەیری ئیمان ناتوانێ بیجوڵێنێ یائەو هێزە شاراوە دەرخات و کارای‌کات وەکو بەهای ئیمانی دەیکات.

هەرئەو بەهایە بوو توانی سوپایەك كەلەپەنجا هەزاری تێپەڕ نەدەكرد بجوڵێنیٚو بەرێیخات بەرامبەر زۆرینەی شەڕەكان بۆ ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی فارس و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم لەو سەردەمەدا كە هەردووكیان دوو هێزی گەورەی گۆڕەپانەكە بوون بەڕای گشتی سەردەم، هەر ئەو بەهایە بوو ئیسلامی والێكرد بگاتە دەورووبەری ئەورووپاو نزیك بوو هەمووی داپۆشێت ئەگەر ئاوڕدانەوە یان(بقدر من الله) بۆ دونیاو دووركەوتنەوە لە بەهای ئیمانی ڕووی تێنەكردبان.

– لێكۆڵەرو پشكنەرەكانی مێژوو لەسەردەم و بەرەی زێڕینی ئەم ئوممەتەوە تا دەگاتە سەردەمی ئێمە هەر هەموو ڕووخان و تێشكانێكمان بەهۆی لاكردنەوە بەلای مادەدا بوو كە یەكێك بوو لە گەورەترین هۆیەكانی ڕووخان، بەڵگە لەسەر ئەوەش هەتا لەشەڕی (ئوحودو حونەین)و شەڕی (بلاط الشهداء)و شەڕەكانی ئەم سەردەمە لەگەڵ نەوەكانی (مەیمون و بەراز–جولەكە–)دا.

– ئەو بەها ئیمانییەیە پاڵ بە منداڵانی فەلەستینەوە دەنێت بەرەو ڕووی مەرگ بڕۆن و سنگیان بكەنەوە بۆ گوللە، وەنەوەكانی مەیمون بەبەرد دەترسێنن نەك بەتۆپ و هاوان.

– ئەو بەها ئیمانییەیە تێكۆشەرانی ئەفغانی والێكرد بكەونە شەڕێكەوە لەگەڵ گەورەترین سوپای جیهان (سوپای ڕوسی) بەگژیاندا چوون و زیان و كارەساتێكی وایان بەسەرهێنان هەتا ئەفغانستانیان كردە گۆڕستانی ڕووسیەكان دوای ئەوەی بووبووە گۆڕستان بۆ ئینگلیزەكانیش، هەتا دەریان پەڕاندن لەبەرئەوە بڕیاری كشانەوەیانداو گەڕانەوە لەژێر فشاری لێدانەكانی تێكۆشەرە ئەفغانییەكان.

– بەهای ئیمانی بوو وای لە زانایانمان كردووە كە هەڵوێستی گەورەو بەرچاویان هەبێت و ڕووبەڕووی سەركەش و سوڵتانەكان لە سەركردەو سوڵتانەكانی سەردەمی دێرین ببنەوە، بەتەنیاش و لەبەردەم خەڵكیش دا ئینكاریان كردوون بەبێ ئەوەی لەكەس بترسن جگە لەخوا.

– بەهای ئیمانی بوو وای لە بانگخوازەكانی پێشینەو دوایینەو سەرەتاو كۆتایی كردووە كە ئازاری زۆر بچێژن لە لێدانی قامچیو جۆرەها سزادان لەپێناوی خوادا،

زەردەخەنەیان دەكرد بۆ مردن لەبەر دامەزراویو خۆڕاگریان و هیچ لەمادەی پـوچ و بەتاڵی تازە نەگەیشتوون و ئاوڕیان بەلادا نەداوەتەوە.

– لەپێناوی ئەوەو ئەودا گومانی تێدا نییەو چارنییە دەبـێ بـانگخوازان ئاوڕێك لەم كەم و كورتی‌یە بدەنەوە لە دروستبوونی كۆمەڵگەی نوێداو هەوڵێكی چاك و كارا بدەن تا ئەو بەهاو نرخـەی ون بـووە لـەناو ئـەم كۆمەڵگایـەدا بیگێڕنـەوە تـا ببێتـە هۆیـەك لەهۆیـەكانی سـەربەرزیو پایـەداری بـۆ ئـەو ئوممەتـە، كەكەسـایەتی خـۆی لەدەست داوە، بەهۆی ون كردن و لەدەستدانی بەهای ئیمانی.

– ئەو گەشتە خێرایە بەناو هەندێ پەڕاوی ئیمانی‌دا شتێ نییـە تـەنها هەوڵێكـە لـە گۆڕەپـانی سوارچـاكی‌دا بـۆ ڕێنمـایی بانگخوازەكـان بـۆ ئـەو پـەڕاوە ئیمانیانـە كەسەرچـاوەن بـۆ بـەهای ئیمـانی، گومـانی تێـدا نییـە بـۆ بـانگخوازان كەگـەڕانی بەردەوامیان بەدوای ئەو پەڕاوانەداو پێداچوونەوەیان دەبێتـە هۆیـەك لـە هۆیـەكانی ژیانەوەو گێڕانەوەی ئەو بەهایە كە سەربەرزی دووبارە دەگێڕێتەوە بۆ موسڵمانان.

کۆتایی:

بەڕاستی قەناعەتێکم بۆ دروست بووە کەبەکەمترینی گومانیش تێکناچێو چەواشە نابێ، ئەویش ئەوەیە لەگەورەترینی هۆیەکانی لاوازی ئەو بەرەیەی ئەمڕۆ تیایدادەژین: لاوازی (ڕۆح –گیان)ە کەشەیدای جوانیو لەزەتی دنیا بووە، بەدوورکەوتنەوە لەو لەزەتەی دنیا ئەو ڕوحە بەجوانی قیامەت بەهێزدەکات، ئەوەش شتێکی نامۆنییەو پێغەمبەری خواﷺ هەواڵی داوە بەولاوازییەی لەم سەردەمەی ئێمەدادێت، کاتێ دەفەرموێت: ((ما الفقر أخشى عليكم ولكني أخشى أن تبسط الدنيا عليكم كما بسطت على من كان قبلكم، فتنافسوها كما تنافسوها فتهلككم كما أهلكتهم))[1]: (لەهەژاری ونەداری بۆسەر ئێوە ترسم نییە بەڵام دەترسم کەئێوە دنیا بەسەرتاندا بکرێتەوەو بەهۆیەوە خۆشگوزەران و بێئاگابن، هەروەکو ئەوانەی پێش ئێوە پێی خۆشحاڵ و بێئاگاو مەغرور بوون و، پێشبڕکێو کێبڕکێی لەسەربکەن، وەکو ئەوان کێبڕکێیان لەسەردەکردو بەهۆیەوە بفەوتێن و لەناوچن هەروەکو ئەوان تیایدا بەهیلاکچوون و فەوتان). بەڕاستی دنیامان بۆ فراوان بووە، ئەو بێئاگاییە نالەبارەی هەناسەی هەندێکمانی گرتووەو والەژێریدا دەمرن و هەندێکیش ماون و لەهەناسەکانی کۆتاییدان، ئەوانەی دەتوانن دەرباز بىن کەمن، دەربازبوون لەو ڕازاوەییو نالەبارییەی دنیا بەو جوانیو نەخشینیو لەزەتەی وەخۆی گرتووە، ئەوکەسەی بتوانێ لەبەری ڕاکات دەبێ لێی دوورکەوێتەوە بەڕوحێکی بەرزو بەشکۆوە بەبێ ئەوەی بەو کوژەرە گرفتار ببێ و تیابچێت، تابگاتە چێژو لەزەتی ڕاستەقینەو خاڵیو بەتاڵ لەنەخشاندنی دەستکرد، ئەوگوتە جوانە بەعیززەت و شانازییەوە بڵێت: (لو يعلم الملوك مانحن عليه من اللذة لجالدونا عليها بالسيوف) واتە: (ئەگەر خاوەن هێزو دەسەڵاتەکان بیانزانیبایە ئێمە لەچ تام و لەززەتێکدا دەژین، ئەوا جەنگیان لەگەڵ دەکردین و بەزەبری تیرو شمشێر لێیان دەستاندین). بەڕاستی باوەڕێکی واپتەوم هێناوە کەهیچ نالەرزێو دژایەتی ناکرێت باوەڕی تەواوم بەوەهەیەکە ئەوەی سەربەرزیو عیززەت بۆ نەتەوە دەگەڕێنێتەوە

١– متفق عليه: ئەوە بەشێکی فەرموودەکەیە.

پەیوەستبوونە بە ڕۆژی دواییەوە، بەجۆریٚ هەرکاریٚ دەیکات لەکارەکانی دنیادا قیامەتی تیادا ببینیٚ، هەربەو جۆرەش نەفس و ڕۆحی پاك دەکاتەوە ئەگەر هەرەشەی لێبکرێت یارێگەی پیٚ بدرێت، هەتا ئەگەر خوێنی برژێت لەپێناوی ڕەزامەندی خوادا، مادام خۆشەویستەکەی ڕزگاری بکات هەر ئەم بیرکردنەوەیەشە خۆراگری دەکات و چەواشە و شەیداو بیربلاّو نابێت لەبەردەم نەفسی سەرکەش و شەیتانەکەیو هەواو ئارەزووە دنیاییەکانیدا تینونابێت و بێنیازە. بەڕاستی یەقینێکم بۆدروستبووە هیچ شك و گومانێکم نییە لەوەی کەکۆتایی ئەم ئوممەتە چاکنابێت تەنها بەوەنەبیٚ کەسەرەتاو دەستپێکەکەی پیٚ چاك بووە، ئەو سەرەتایەی پێغەمبەرﷺ لە(١٠- دە) سالّی یەکەمدا چاودێری کردووە کەساڵەکانی دامەزراندن و جێگیرکردنی بنەماکان بوون، ئەویش بەپاککردنەوەی ڕۆح و پتەوکردنی هەتا هیچ ئەگەرو ئیحتمالێك نەیگێڕێتەوە دوا لەوەی کە تووشی دێت نەلە بەلاّو نەهامەتیو نەلەخۆشیو دلّنیاییەکانی کەخۆیان لەبەردا ڕاناگیرێت مەگەر کەسیٚ بەم جۆرە پەروەردەیە پەرەوەردە بوویٚ.

بەڕاستی هەست بەتینوویەتی تاکەکانی جووڵە ئیسلامی یەکان دەکەم و، تینوێتی هەمووکەس بەگشتی بۆ ئەم مێرگە ئیمانیانە، دوای کاریگەری ئەو هەڕەشە ماددییەی شوێنەوارو کاریگەری لەچاوی ساغ و نەخۆشدا هەیە وەکو یەك، کەس لێی سەلامەت نییە جگە لەو کەسەی لەماڵەکەی خۆیدا خۆی پەناداوە یادیوارێکی بەچواردەوری خۆیدا دروستکردووەو بەهۆیەوە هێزو تینی بەبەرداکردووەو ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هەڕەشە ماددییەوە، بڕیارێکی داوەو پابەندەپێوەی کە خۆی ئامادەبکات بۆ ڕێنمایی خەڵکیو بردنیان بەرەو چاکەو وەبیرهێنانەوەو باسکردنی ئەو کێشە بەبایەخ و گرنگە ماوە بەماوەو بەیناو بەین، بۆبەهێزکردن و پاراستنی نەفسەکان و گێڕانەوەو توندو بەهێزکردنیان تابەرگەی ئەوبەلاّگەورەیە بگرن لەهەرشوێن و هەرسەردەمێکدا کە ئەویش (کرانەوەو خۆشگوزەرانی دنیایە لەسەر هەمووماندا).

سەرنج:

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی بەردەستت دەقە عەرەبییەکەی پێکهاتووە لە دوو بەرگی جیاواز، بەڵام بە مەبەستی لەیەك نەپچڕانی زنجیرەی بابەتەکان بەباشمانزانی دەقە کوردییەکەی لە دوتوێی یەك بەرگدا بخەینە بەردیدی ئێوەی بەڕێز[1].

١- وەرگێڕ.

ئەمەش ئەو پەڕاوانەن کەنووسەر هێناویەتیو باسێکی کورتی لەسەر کردوون بەڵام لێرەدا تەنها ناوەکانیان دەنووسم:

پەڕاوە ئیمانییەکان[1]

ژ	پەڕاو	دانەر
١	التـــــوهم..............................	للحارث المحاسبي
٢	التوبـــــة..............................	للحارث المحاسبي
٣	الـــــورع..............................	للإمام أحمد بن حنبل
٤	الوابل الصيب..............................	لابن القيم
٥	حادي الأرواح..............................	لابن القيم
٦	القيامة رأي العين..............................	للشيخ محمد الصواف
٧	نور الإقتباس..............................	لابـــن رجـــب الحنبلـــي بتحقيق محمد العجمي
٨	عدالـــة الســـماء..............................	لمحمود شيت خطاب
٩	التـذكرة فـي أحـوال المـوت وأمـور الآخـرة......	لشمس الدين القرطبي
١٠	روضـــة العقـــلاء..............................	لابن حبان البستي
١١	اللطـــف في الـــوعظ..............................	لابن الجوزي
١٢	التـــذكرة في الإســتعداد ليــوم الأخــرة...........	لعلي الهزاع
١٣	زهـــرة النـــور..............................	لسعيد النورسي
١٤	بشـرى الكئيـب بلقــاء الحبيــب..............	للسيوطي
١٥	العاقبة في ذكـر المـوت و الآخـرة..............	لعبد الحق الإشبيلي
١٦	عـــدة الصـــابرين..............................	لابن القيم
١٧	مابعـــد المـــوت..............................	للشيخ عبدالحميد كشك
١٨	موســـوعة أخـــلاق القـــرآن..............	للدكتور أحمد الشرباصي

١- نوسەر لە کتێبەکەیدا باسێکی کورتی لەسەر یەك بەیەکی ئەم پەڕاوانە کردووە، بەڵام بەپێویستم نەزانی ئەو باسە بنوسمەوە و تەنها ناونیشانی پەڕاوەکانم نووسی. وەرگێڕ

پێڕست

زۆرسوپاس بۆ:.. ٤

پێشەکی وەرگێڕ.. ٩

پێشەکی نووسەر.. ١١

مێرگی (١)

پیاوانی بەرەبەیان.. ١٣

شنەبای سەحەر.. ١٣

دوو ڕکاتی بەرەبەیان.. ١٤

ناچێتە ئاگرەوە.. ١٤

قورئانی بەرەبەیان.. ١٥

بەرەبەیان پێوەرو تەرازوویە: ١٦

مێرگی(٢)

پشتیوان بە خوا.. ١٨

واتاکەی.... .... ١٨

یوسف (سەلامی خوای لێ بێ)و هاوەڵانی.. ١٩

مریەم دارخورماکە ڕادەوەشێنێت.. ١٩

ئای خۆزگە لەگەڵیاندا باین.. ٢١

مێرگی (٣)

شەیتان ڕاستەقینە دەزانێت.. ٢٣

پێغەمبەرﷺ سوپاسگوزاری بەکردەوە دەکرد.. ٢٤

سوپاسگوزاری گشتیو سوپاسگوزاری تایبەتی.. ٢٦

پایەکانی سوپاسگوزاری...................... ٢٦

میْرگی (٤)

بەئاگاهاتن و بەئاگاهاتووان...................... ٢٨
تەمەن دەرفەتە...................... ٢٩
بەئاگابوونی بەردەوام...................... ٣٠
بەشەکانی بەئاگایان...................... ٣٠

میْرگی (٥)

هۆیەکانی بەهێزکردنی بەئاگابوون...................... ٣٢
حاڵی غافڵ و بێ ئاگایان...................... ٣٢
تەوبەو پەشیمانی: مەرجەکانی تەوبە سیانن...................... ٣٣
بیرکردنەوە لە تێشکێنەری خۆشییەکان...................... ٣٤
بیرکردنەوە لە عاقیبەتی ئەو هەل و ماوە پێدانەی ژیان...................... ٣٤
بیرکردنەوە لە گوناهان...................... ٣٥

میْرگی (٦)

هەستکردن بەتاوان...................... ٣٦
بنەماکانی سەرپێچیو تاوان...................... ٣٦
راهاتن لەسەر خراپەکاری...................... ٣٧
دەترسان هەتا لەسەر چاکەکانیشیان...................... ٣٨
دڵە بێدارەکان...................... ٣٩
خواپەرستترین کەس...................... ٤٠

میْرگی (٧)

لەخۆتان بپرسنەوە بەرلەوەی لێتان بپرسنەوە...................... ٤١

لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت................................ ٤٢
شایەتی ئەندامەکان.................................... ٤٣
لەنەفسی خۆتان بپرسنەوە بەرلەوەی لێتان بپرسرێتەوە............ ٤٤

مێرگی (٨)

نـهـێـنـکاران.. ٤٦
ئەو نهێنکارانە کێن؟ ٤٦
ئیبنولجەوزی وەسفیان دەکات.................................٤٧
چەند وێنە و نموونەیەك لەشاردنەوەی پەرستش و بەندایەتیان.... ٤٨

مێرگی (٩)

خـواپـەرسـتـانی شەو...................................... ٥٠
عاشقانی شەو... ٥١
وادەو بەڵێنی نەوەکان.................................... ٥٢
کۆت و بەندی هەڵە و تاوانەکان...............................٥٣

مێرگی (١٠)

ئەو ملکەچی و لەخوا ترسییەی ونە........................... ٥٤
لەنێوان ملکەچی ڕاستەقینە و خۆ ملکەچ کردندا................ ٥٥
ترس و ملکەچی نەویستراو و ناپەسەند......................... ٥٦
بەردەوامی کۆمەڵی لەخواترس و ملکەچان........................ ٥٦
فرمێسکە بەرزو بەنرخەکان................................... ٥٨

مێرگی (١١)

شتـوانی دەوری پـاوان..٥٩
کۆچی وەرع.. ٥٩

تێڕوانین و بیرکردنەوەیان بۆ تێڕوانینی خودابوو............. ٦٠
فاروق وەرع دەزانێ و فێرمان دەکات........................... ٦١
خوشکەکانی بیشری حافی و ئیمامی ئەحمەد...................... ٦١
ڕۆڵەکانیان فێردەکرد.. ٦٢

مێرگی (١٢)

خۆشەویستی دنیا.. ٦٣
پیری سەربۆز– بەساڵاچوو.. ٦٣
خۆڕاگری لەبەردەم فریوخواردن بەپارەو سامان.................. ٦٤
حەقیقەتی ئەو ماڵەی هەتە.. ٦٥
چێژەکانی دنیا.. ٦٥

مێرگی (١٣)

ئەوە دنیاکەتانە کە بایەخی پێدەدەن.............................٦٧
سرپوان و نوستووانی ناو سوژدە.................................... ٦٨
حەسانەوە نییە جگە لەژێر درەختی (طوبا) ٦٩

مێرگی (١٤)

حەقیقەتی بەختەوەری‌و خێر لەخۆ نەدیوی......................... ٧١
خێر لەخۆنەدیوترین کەس.. ٧١
چۆن دەژین و گوزەران دەکەن؟ ٧٢
بەختەوەرترین کەس.. ٧٣

مێرگی (١٥)

زوهدێکی ناتێگەیشتوانە... ٧٥
زوهد بە فالودە.. ٧٥

لەنێوان زوهدی پێغەمبەر وﷺ زوهدی داهێنراودا.......... ٧٦

میرگی (١٦)

کێشانەی ڕۆژی دوایی.................................. ٧٨
مایە پووچ لە ڕۆژی قیامەتدا........................... ٧٨
قازانج و زیان.. ٧٩
دەوڵەمەندو هەژار..................................... ٨٠
وەرناگرێت جگە لە دەوڵەمەندەکان..................... ٨٠

میرگی (١٧)

شوێنکەوتووان ترازووەکان هەڵدەهێنجن.................. ٨٢
خەمەکانی دنیاو ڕۆژی دوایی........................... ٨٢
لەنێوان مانەوەو مەبەستەکانیدا........................ ٨٣
کامەیە ماڵ و سامان؟ ٨٤
خاوەن و فەرمانڕەوا کێیە؟ ٨٤
بڕوانە سەرپێچی لەفەرمانی کێدا دەکەیت............... ٨٥

میرگی (١٨)

ڕۆژەکانی دنیا لە ڕۆژی دواییدا.......................... ٨٦

میرگی (١٩)

چەند دیمەنێکی پەشیمانی لەڕۆژی دواییدا................ ٩٠
دوو نیعمەت.. ....
٩٠
دیمەنی یەکەم: قیامەتی یەکەم............................٩١
دیمەنی دووەم: گەستنی دەستەکانی....................... ٩٢

دیمەنی سێیەم: کاتی پیشاندانی کردەوەکان........................ ٩٣
دیمەنی چوارەم: کاتی هاتنی ئاگر..٩٥
دیمەنی پێنجەم: کاتێ لە لێواری ئاگر دەوەستێنرێت..................... ٩٦
دیمەنی شەشەم: دوای ئەوەی خرانە ناو ئاگرەوە......................... ٩٧

مێرگی (٢٠)

شاهیدەکانی ڕۆژی قیامەت.. ٩٩
شاهیدەکانی دنیا.. ٩٩
شایەتی لەکاتی سەرەمەرگدا.. ٩٩
شایەتیدانی زەوی.. ١٠٢

مێرگی (٢١)

شایەتی دانی پێغەمبەران و فریشتەکان................................... ١٠٤
شاهێدی پێغەمبەرﷺ... ١٠٤
شاهیدی دانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) ١٠٦
شایەتی شاهیدەکان... ١٠٦
شایەتی مرۆڤ و جنۆکە... ١٠٧
شایەتی دوو فریشتەکان.. ١٠٨

مێرگی (٢٢)

شایەتی دانی ئەندامەکان.. ١١٠
شاهیدی گوێو چاوو پێستەکان.. ١١٠
ناکۆکی لەگەڵ ئەندامەکانی خۆیاندا... ١١٣

مێرگی (٢٣)

پێکهێنانی هەمم و غەمی ڕۆژی دوایی...................................... ١١٦

یەکەم لەو نیعمەتانە.. ١١٧
کۆکردنەوەی پێکهاتە خێرەکان لەدەوری........................ ١١٧
دڵ دەوڵەمەندی ١١٧
هاتنی دنیا... ١١٩
پەرش و بڵاوی پێکهاتەکان...................................... ١١٩
هەژاری لێی جیا نابێتەوە....................................... ١١٩
ڕاکردنی دنیا... ١٢٠

مێرگی (٢٤)

سیفاتی خاوەنانی هەممی ڕۆژی دوایی......................... ١٢١
خەڵکی لەو بارەوە دەکرێنە سێ بەشەوە........................ ١٢١
بەشی یەکەم... ١٢١
بەشی دووەم... ١٢١
بەشی سێیەم... ١٢٢
خەفەت خواردن بۆ قیامەت..................................... ١٢٣
لێپرسینەوەی بەردەوام... ١٢٤
کاری بەردەوام بۆ ڕۆژی قیامەت.............................. ١٢٤
کاریگەری دیمەنی مردن لەسەریان............................. ١٢٥

مێرگی (٢٥)

کۆسپەکانی بەردەم هەمم و ویستەکانی قیامەت.................. ١٢٦
١- دونیا ویستی.. ١٢٦
٣- داواکردنی میرایەتیو سەرۆکایەتی............................ ١٢٨
٤- مەغرور بوون بەلەش ساغیی و تەندروستی..................... ١٢٨

مێرگی (٢٦)

چەند نموونەیەك لە خاوەنانی هەمم و مەبەستی ڕۆژی دوایی..... ١٣٠

چەند نموونەیەك لە هاوەڵان.. ١٣٠

عومەیر كوڕی ئەلحەمام.. ١٣٠

ئەنەس كوڕی ئەلنەضر.. ١٣١

جەعفەری كوڕی ئەبی طالب.. ١٣١

عەبوڵڵای كوڕی مەسعود... ١٣١

حوممەی كوڕی ئەبی حوممە.. ١٣١

حەسەنی بەصری... ١٣٢

سوفیانی ثەوری... ١٣٣

مەنصوری كوڕی زازان... ١٣٥

ڕابیعەی شامی.. ١٣٥

مێرگی (٢٧)

ئامۆژگارێكی بێدەنگی خامۆش.. ١٣٧

بانگ و هاواری (الرافعي)... ١٣٧

پێغەمبەرﷺ دایكی دەی گریەنێ...................................... ١٣٨

ئەوانەی لە مردن ڕادەكەن... ١٣٩

خاك و خۆڵی بێدەنگی خامۆش.. ١٣٩

مێرگی (٢٨)

بیركردنەوە لە تێكدەری خۆشییەكان................................. ١٤١

باشترین دەرمان و چارەسەر.. ١٤١

گفتوگۆیەك لەگەڵ گۆڕ... ١٤٢

هیچی نامێنیَ جگە لەکردەوەکان.......................... ١٤٣

میَرگی (٢٩)

دوای بیرکردنەوە چیە؟.................................... ١٤٥
خەوتنی گەورە.. ١٤٥
ڕێگری لەکردەوەی چاك.. ١٤٦
لافاوی مردن... ١٤٨

میَرگی (٣٠)

كۆسپەكانی تەوبەو پەشیمانی.................................. ١٥٠
نایانەوێ بچنە بەهەشتەوە..................................... ١٥٠
١- تێكشكاندنی بتەكان.. ١٥١
٢- جێگەو زەمینەی سەرپێچیو بیَ فەرمانی...................... ١٥٢
٣- گیرۆدەبوونی دڵ بە گوناهو تاوان............................. ١٥٣
٤- بیَ ئاگایی... ١٥٤
٥- نەگۆڕینی هاوڕێكان... ١٥٥
٦- لەبیرچوونەوەی مردن و كۆتایی تەمەن......................... ١٥٦

میَرگی (٣١)

سەرەنجامێكی خراپ.. ١٥٧
ئەندازەی گەزێك بۆ بەهەشت.................................... ١٥٨
هۆی خراپ بوونی كۆتایی كردەوەكان............................. ١٥٩

میَرگی (٣٢)

چەند دیمەنێك لەكۆتا ئەنجامی ترسێنەر......................... ١٦١
ئەوانەی لە فەوتان و بەهیلاك چوون ئەمینن...................... ١٦١

ترسی پیاوچاکان.. ١٦٢
هێزی شەیتان لەسەر مرۆڤ.. ١٦٢
کۆتا و سەرەنجامە دڵتەزێنەکان.. ١٦٣
دامەزراویو خۆڕاگری لەخوا داوا دەکەین.................................. ١٦٤

مێرگی(٣٣)

تەوێڵی سوژدەبەر.. ١٦٥
واتای سوژدە... ١٦٦
نارەزایی هود هود(پەپوسلێمانە).. ١٦٧
سوژدەی گشتگیر... ١٦٩
نزیکترین کاتی بەندە لە پەروەردگاری.................................. ١٧٢
سوژدە خێری زیاترە لەدنیاو ئەوەی لەدنیادایە........................... ١٧٦
﴿وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا﴾.. ١٧٧

مێرگی (٣٤)

سیفاتی سوژدەبەران... ١٧٩
١- درێژکردنەوەی سووژدە.. ١٧٩
٢- نزاو پاڕانەوە.. ١٨١
٣- کاریگەریو گریان... ١٨٤
٤- بە پاك زانین و ستایش کردنی خوای گەورە............................. ١٨٨
٥- ترس و هیوا.. ١٨٩
٦- شەونوێژ... ١٩٢

٧- خۆزگەو ئاواتیان تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندیو پایە بەرزییە لای خوا.. ١٩٥
٨- پشت بەستن بەخوا.. ١٩٦
٩- خاوەن پەیمان و بەڵێنن.. ١٩٧

مێرگی (٣٥)

کاریگەریی‌یەکانی سوژدە.. ٢٠٠
١- نیشانەی پاکیو چاکی لەناوچەوانیاندا دەدرەوشێتەوە............. ٢٠٠
٢- بەرزبوونەوەی پلەوپایەو سڕینەوەی گوناهەکان.......... ٢٠٣
٣- لابردنی غەم وپەژارە.. ٢٠٣
٤- ئارام گرتن.. ٢٠٦
٥- ملکەچی.. ٢٠٨
٦- درەوشانەوەی شوێنی سوژدە.. ٢٠٩
٧- گریانی شەیتان.. ٢١٠
٨- ڕزگاریو سەرفرازی ڕۆژی قیامەت.. ٢١١
٩- چوونە ناو بەهەشت.. ٢١٢

مێرگی (٣٦)

سوژدەکانی ڕۆژی دوایی.. ٢١٤
١- سوژدەی پێغەمبەرﷺ.. ٢١٤
٢- سوژدەی بڕواداران.. ٢١٧

مێرگی (٣٧)

دوعاو پاڕانەوەی خەفەت و بێزاریو دڵ توندی.......................... ٢٢١
واتای دڵتەنگیو خەفەت (الکرب والهم)............................ ٢٢١

نزاو پاڕانەوەی خەفەت و دڵ تەنگی........................ ٢٢٢
من بەندەی تۆم.. ٢٢٣
(في قبضتك): من لەچنگی تۆدام— من لەژێر دەسەڵاتی تۆدام....... ٢٢٦
(ناصيتى بيدك): ناوچەوانم بەدەستی تۆیە.................... ٢٢٨
(ماض في حكمك): بڕیارەکانت لەسەر من دراوە................ ٢٢٩
(عدل في قضاؤك): بەجێهێنانی بڕیارەکانت داد پەروەرانەیە بۆ من..٢٣٢
"أسألك بكل إسم هو لك سميت به نفسك أو أنزلته في كتابك أو استأثرت به في مكنون الغيب عندك"..٢٣٧

مێرگی (٣٨)

ژنانی عەزیز لەئەمریکا.................................. ٢٣٨
هەڵچوونی ئارەزوو.. ٢٤٠
خۆڕاگری یوسف... ٢٤١
ژنان لە ئەمریکا... ٢٤٢
لاوان لەبەردەم خۆڕاگریو ڕووخانیاندا..................... ٢٤٤
هۆیەکانی ڕووخان و خۆڕاگری............................... ٢٤٥

مێرگی (٣٩)

تاریکییەکان و چراکانیان................................ ٢٤٧
دژە یەکەکان.. ٢٤٧
تاریکایی یەکەم: خۆشویستنی دنیا......................... ٢٤٨
پێکهاتەکانی ژیانی دنیا.................................. ٢٤٩
هاوەڵان چۆن لەدنیا گەیشتبوون........................... ٢٥١
چرای یەکەم: پارێزکاری (تەقوا)........................... ٢٥٢

پایەکانی تەقوا.............................. ٢٥٣
مەرجی لێپرسینەوە.............................. ٢٥٤
تاریکایی دووەم: تاریکی گوناهەکان.............................. ٢٥٥
چرای دووەم: تەوبەو پەشیمانی.............................. ٢٥٦
تاریکایی سێیەم: ناوگۆڕ.............................. ٢٥٨
چرای سێیەم: لاإله إلا الله محمد رسول الله.............................. ٢٥٩
تاریکایی چوارەم: ڕۆژی دوایی.............................. ٢٦٢
چرای چوارەم: کردەوەی چاك.............................. ٢٦٣
تاریکی پێنجەم: پردی صیراط.............................. ٢٦٤
چرای پێنجەم: یەقین.............................. ٢٦٥

مێرگی (٤٠)

وتەکانی سەرەمەرگ.............................. ٢٦٨
کاتی سەرەمەرگ.............................. ٢٦٨
وتەکانی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ).............................. ٢٦٩
ستوونی یەکەم: کاتەکانی پەرستش و بەندایەتی.............................. ٢٧٠
ستونی دووەم: گرنگی دان بەفەرزەکان.............................. ٢٧١
ستونی سێیەم: وازهێنان لە بێهیواییو نائومێدی.............................. ٢٧١
ستونی چوارەم: فریوخواردن و بەکەم زانینی گوناهوتاوان.............................. ٢٧٢
ستونی پێنجەم: ترس و هیوا.............................. ٢٧٢
ستونی شەشەم: هەستکردن بەتەرازووی ڕۆژی دوایی.............................. ٢٧٣
خۆشویستنی مردن.............................. ٢٧٤
گفتوگۆی حوزەیفە لەگەڵ مردن.............................. ٢٧٥

بۆچی ڕقمان لەمردن دەبێت؟ ٢٧٦
ئاوەدانکاری قیامەت ناترسێت........................ ٢٧٧

مێرگی (٤١)

کاتی سەرەمەرگ و بیرکردنەوە لەو کردەوانەی کردوویەتی......... ٢٧٩
وتەکانی ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت)........................ ٢٧٩
داوای ڕەحمەت و لێخۆشبوون........................ ٢٨٠
نەیدەویست مەدح و ستایشی بکرێت........................ ٢٨٠
سێ کاروبار........................ ٢٨١
یەکەم: بیرکردنەوە لەو کارانەی پێشکەشیان کردووە........................ ٢٨١
عەمری کوڕی عاص........................ ٢٨٢
عوبادەی کوڕی صامت........................ ٢٨٣
یونس کوڕی عەبید........................ ٢٨٥
یوسف کوڕی حسین الرازی........................ ٢٨٦
ئیبنو سەماك........................ ٢٨٧

مێرگی (٤٢)

کاتی سەرەمەرگ و بیرکردنەوە لەوەی توشی دێت........................ ٢٨٩
بیرکردنەوەو هەست کردن بەقەبارەی دنیا........................ ٢٨٩
عەبدولەلیکی کوڕی مەڕوان........................ ٢٨٩
بیرکردنەوە لەوەی دێتەڕێگای لەبەرزەخ و ژیانی ڕۆژی دوایی....... ٢٨٩
ئەبو موسای ئەشعەری (ڕەزای خوای لێ بێ)........................ ٢٩١
ئەلنەخعیو ئیبنولحەواری........................ ٢٩١
أ- ئیمام ئیبراهیمی نەخعی........................ ٢٩٢

ب- ئەحمەد کوڕی ئەبی حەواری........................ ٢٩٢

میرگی (٤٣)

ئەوانەی بەسەر (صیراط)دا ڕەت دەبن........................ ٢٩٣
سیفەتی (صیراط)........................ ٢٩٣
ئەوانەی بەسەر پردی (صیراط)دا دەڕۆن و تێدەپەڕن........................ ٢٩٥
بۆچی ئەوانە کراونەتە کۆمەڵ کۆمەڵ........................ ٢٩٧
ڕێگای ڕاستی سەرزەمین (صیراط)ی زەوی........................ ٣٠٠
ڕێگای سەرزەویو دیوارەکانی........................ ٣٠٠

میرگی (٤٤)

بەردەوام بوون لەسەر (صیراط)........................ ٣٠٤
مانای بەردەوامی........................ ٣٠٤
فێڵ و فروتی ڕێویانە........................ ٣٠٥
(خۆشویستن)ڕیشەو بنەمای بەردەوام بوونە........................ ٣٠٦
ئەوەی خوا بۆ پابەندو بەردەوام بووانی ئامادە کردووە........................ ٣٠٧

میرگی (٤٥)

بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە........................ ٣١٢
بەشەکانی خەڵك لە لێپرسینەوەدا........................ ٣١٢
کۆمەڵی یەکەم: ئەوانەی لێپرسینەومیان لەگەڵدا دەکرێت........................ ٣١٣
کۆمەڵی دووەم: لێپرسینەومیەکی زۆر ئاسانیان لەگەڵدا دەکرێت........................ ٣١٣
کۆمەڵی سێیەم: ئەوانەی لێپرسنەومیان لەگەڵدا ناکرێت........................ ٣١٤
سیفەت و ئاکاری ئەم هەڵبژێردراوانە........................ ٣١٦
یەکەم: ژمارمیان وە سیفەتی دونیاییان........................ ٣١٦

١- ژمارەیان.. ٣٢٣
٢- سیفات و ئاکاری دنیاییان................................. ٣٢٦
سیفەتی یەکەم: داخ کردن بەچارەسەر بەکارناهێنن (لایکتوون).... ٣٢٣
سیفەتی دووەم: داوای نوشتە لەکەس ناکەن (ولایسترقون)........... ٣٢٤
سیفەتی سێیەم: ڕەشبینی ناکەن (ولایتطیرون)..................... ٣٢٥
سیفەتی چوارەم: پشت بە خودای خۆیان دەبەستن..................... ٣٢٧
تێگەیشتنێکی هەڵە.. ٣٢٨
پلەکانی تەوەککول.. ٣٢٩
٣- سیفەتەکانی ڕۆژی دوواییان................................... ٣٣٢

مێرگی (٤٦)

گەشتێك بەناو پەڕاوە ئیمانییەکاندا.................................. ٣٣٥
بەهای ئیمانی.. ٣٣٥
کۆتایی.. ٣٣٨
پەڕاوە ئیمانییەکان.. ٣٤١
پێڕست.. ٣٤٢

واحات الإيمان

عبدالحميد البلالي



ARA Media Center

ناوەندی راگەیاندنی ئارا

هەنگاوێک بەرەو راگەیاندنێکی کوردی ئیسلامی هاوچەرخ

نرخی (٧٥٠٠) دینارە

38